**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٦

**١٩٩٧ - بەرگی شانزدەیەم**

---

چاپی یەکەم ١٩٩٨

له بڵاوکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ناوی کتێب: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
پرۆتۆکۆڵەکان - ١٩٩٧/ بەرگی شانزدەیەم

چاپی یەکەم: ١٩٩٨

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان: ٢٠٧

# پێڕست:

وتەیەکی پێویست ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١١/٢٤ ـــــــ ل٩


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١١/٢٥ ـــــــ ل١٠١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٢٨ ـــــــ ل١٤٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٢٩ ـــــــ ل٢٩٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٣٠ ـــــــ ل٣٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٣١ ـــــــ ل٤٦٥



# وتەیەکی پێویست :

بەرهەمی هیچ پەرلەمانێک بەتەنها هەر ئەو یاساو بڕیارو فەرمانانە نین، کە بەڕەسمیی ڕادەگەیەنرێن، بەڵکو هەموو ئەو گفتوگۆو شێوەو شێوازو کەشوهەواو بارودۆخەش دەگرێتەوە کە ئەو یاساو بڕیارانەیان تێدا بەرهەم دەهێنرێن.

لەم ڕوانگەیەوەیە، کە هەموو پەرلەمانەکان ڕووداوەکانی دانیشتنەکان و پرۆتۆکۆلەکانیان لە دەزگا جۆر بە جۆرەکانی ڕاگەیاندنەوە نیشان دەدەن و، بە جۆرەها شێوەو شێوازیش لە ئەرشیفدا هەڵیان دەگرن و لە مەترسییەکانی لەناو چوونیان دەیانپارێزن.

بەڵام بە داخەوە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لەبەر زۆر هۆ نەیتوانیبوو لە سەرەتای دەست بەکار بوونیەوە پرۆتۆکۆلی دانیشتنەکانی خۆی لە کاتی خۆیدا بە چاپ بگەیێنێت و بڵاویان بکاتەوە، ئەگەرچی دەقەکانیشی لەسەر کاسێتی ڤیدیۆو ڕێکۆردەر هەڵدەگیران، بەڵام ئەو ڕووداوە دراماتیکیانەی کە ساڵانی ١٩٩٤ تا ١٩٩٧ بەسەر کوردستان و خودی پەرلەمانیشدا هاتن، دەریانخست، کە کاسێت تەنها ڕێگەیەکی لەبارو گونجاوو تەواو زامن نییە بۆ هەڵگرتن و پاراستن و پارێزگاریی کردنی ئەو پرۆتۆکۆلانە لە لە ناوچوون، کە جگە لە پاراستنی لەو مەترسیانە دەبێ لە شوێنێکیشدا و بە ژمارەیەکیش هەبن، بۆ ئەوەی هەر یەکێک بیەوێت لێیان بکۆڵێتەوە، بتوانێت بە ئاسانی بەسەریان بکاتەوە، لەبەر تێکڕای ئەم هۆیانەش بوو، کە بڕیاری چاپکردن و بڵاوکردنەوەی پرۆتۆکۆلەکانمان دا.

بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پیرۆزو مەزنەش، کە کارێکی ئاسایی و ئاسان نەبوو، هەرچەندە بەشی کاروباری ئەنجوومەن بە لێپرسراوو کارمەندانیەوە هەر لەسەرەتاوە خۆیان پێوە ماندوو کردبوو، کە ناکرێت لێرەدا ڕەنج و بەتەنگەوە هاتنی بەڕێز مامۆستا مەجید ئاسنگەرو مامۆستا کەمال عەبدولقادر لەبیر کەین، چونکە ئەگەر پێش بینی و حیرسی ئەوان نەبوایە لەوەبوو زۆر لەم پرۆتۆکۆلانە ئێستا وەها بە

ئاسانی لەبەردەستی خوێنەرانی بەڕێزدا نەبوایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ کۆششی بەردەوامی ڕۆژنامەنووسی بەڕێز زاهیر ڕۆژبەیانی لەم بارەیەوە لەبەر چاوبگیرێت و ناکرێت کارمەندانی کاروبای ئەنجوومەن؛ کەریم شارەزا، ئازاد دلزار، سروە فەیسەڵ، جانێت سلێوە، گولاڵە حەوێز، فوئاد عوسمان، ڕێبوار سەلاحەدین، دارا حسێن، و یەحیا فایەق مەحمود لێپرسراوی بەشی کۆمپیووتەرو تصمیم، و کارمەندانی ئەم بەشە تارق عومەر، عومەر بەکر وەهاب، ئەڤین عومەر، سنۆبەر سابیر، خالدە فەرید، سوزان خالید، نەجاح نعمە، ڕووپاک عادل. لەم بارەیەوە سوپاسی کۆششی بەڕێز خسرۆ گۆران بەڕێوەبەری گشتی دیوان دەکەین و هەروەها خالید محەمەد محەمەد ئەمین لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی پەرلەمان و، لە فۆتۆکۆپی نەجیبە عوسمان، جاسم ئەحمەدو سەرپەرشتیاری چاپ کوردۆ تاقانە، لەگەڵ گشت پەیوەندارانی ئەم پرۆژەیە هەموویان جێگای ڕێزو تەقدیرن.

سوپاس بۆ کارمەندان و سەرپەرشتیاری چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر بۆ ئەو هەڵمەتەو ئەو هاوکارییە، وسوپاس بۆ هەموو ئەوانەی کە ڕۆڵیان هەبوو لە ئەنجام دانی ئەم ئەرکە پیرۆزەدا، چونکە ڕاپەڕاندنی کارێکی ئاسان نەبوو، لەبەر زۆر هۆ لەوانەش:

أ ـ کەڵەکە بوونی بەسەدان پرۆتۆکۆل بە درێژایی پتر لە (٥) ساڵی کارو کۆبوونەوەو دانیشتنی پەرلەمان بەبێ ئەوەی ڕێک بخرێت و چاپ بکرێت.

ب ـ بەرفراوانیی و زۆریی خودی کارەکە، کە بریتی بوو لە بەسەرکردنەوەی نزیکەی (١٥) هەزار لاپەڕەی دەسنووس و سەدان کاسێتی دەنگ.

ج ـ هەروەها تێکچوونی هەندێک لەو لاپەڕە دەسنووسانە، کە لە ئەنجامی کۆن بوون و کارتێکردنی شێ و، دەسکاریی و هەندێ جار بە هۆی خراپەکاری و تێکدانیشەوە زیانیان پێ گەیشتبوو و، بۆ ساغ کردنەوەشیان دەبوایە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کاسێتە دەنگیەکاندا بەراورد بکرێنەوە.

د ـ جگە لەمانە هۆکاری هونەریی دیکەیش هەبوون، کە کارەکە گرانتر بکەن لەوانەش: پێڕەو نەکردنی بنەماکانی قسەکردن لە هەندێ حاڵەتدا لەلایەن

هەندێک لە ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانەوە، وەک نەهێنانی ناوی خۆیان، یا نەکردنەوەی ئامێری دەنگ پێش ئەوەی دەست بە قسەکردن بکەن، بەتایبەتیش لە سەرەتای دەستبەکاربوونی پەرلەماندا، کە هێشتا شارەزایی و توانای هونەریی تۆمارکردنی دەنگیش کەمترو سەرەتایی تر بوون.

وێڕای ئەمانە لە کاتی گواستنەوەی ناوەڕۆکی کاسێتە دەنگیەکانیشدا بۆ سەر کاغەز، هەندێ هەڵە لە ناوو، لەبابەت و، لە زانیاری و، لە مێژوو و، شتی دیکەیشدا ڕوویان دابوو، کە دەبوایە بۆ ڕاست کردنەوەی یەک بەیەکیان پەنا ببرێتەوە بەر سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکانی دیکە.

بەڵام لە ئەنجامی بە دواداچوون و لە خۆبووردەیی ئەو خوشک و برایانەوە کە پێشتر ناومان بردن، بەسەر هەموو ئەو کۆسپانەدا زاڵ بووین و پاش نزیکەی ساڵ و نیوێک لە کاری بەردەوام و پڕ لە ماندوبوون و پڕ لە وردەکاریی، توانیمان پرۆژەی خەونی بە چاپ گەیاندنی پرۆتۆکۆلەکان بکەینە ڕاستییەک، کە خۆی لە (١٦) بەرگدا بەرجەستە دەکات و، کە کۆی گشتی لاپەڕەکانیان دەگاتە پتر لە (٧٥٠٠) حەوت هەزارو پێنج سەد لاپەڕە.

پرۆتۆکۆلەکان بەرهەمی یەکەم پەرلەمانی هەڵبژاردەی کوردستانە، کە بە خەباتی خوێناوی چەندین ساڵەی گەلەکەمان هاتەدی، بناغەی ئەزموونی کوردیی و، پاشەڕۆژی دیموکراتییەت و ژیانی پەرلەمانیی داهاتووی گەلی کوردستان ڕەنگڕێژ دەکات.

پرۆتۆکۆلەکان، پانۆرامای ئەقڵیەتی سیاسی و یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارستانییەتی گەلی کوردە کە دوژمنان لەبەر بەرژەوەندیی ناڕەوای خۆیان، بەناهەق وایان لە قەڵەم دەدا، کە گوایە گەلێکی ناشایستەیەو ناتوانێت کاروباری دەوڵەتیی و، ئەرکی حوکمی خۆی هەڵسوڕێنێت و بەڕێوەی ببات.

پرۆتۆکۆلەکان، وێنەیەکی زیندوون لە ڕێزگرتنی جیاوازییەکانی بیروڕاو، ئایین و، مەزهەب و، بیروبۆچوونی سیاسیی و کۆمەڵایەتی، کە لە دیاردەکانی فرە نەتەوەیی و، فرە حزبی و، ڕێزگرتنی بنەما بنەڕەتییەکانی جاڕنامەی گەردوونی

مافی مرۆڤ و ، بەجێ هێنانی پرەنسیپە دیموکراتییەکانی وەک هەڵبژاردنی ئازادو ، سەربەستی رادەربڕین و ، رێزگرتنی دەسەڵاتی یاساو ، شەرعییەت و ، حوکمی زۆرینەو ، دیاردە شارستانییەکانی دیکەدا ، خۆی دەنوێنێت .

لە بواری چاپەمەنی و ، لە ڕووی هونەریی و قەوارەیشەوە ، وێڕای قەیرانی کەرەستەی چاپەمەنی ، پرۆتۆکۆلەکان گەورەترین پرۆژەی چاپەمەنی ئەنجامدراوە کە تا ئێستا کتێبخانەی کوردیی بە خۆوەی دیبێت ، بەبۆنەی ئەنجامدانیەوە سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە لە جێبەجێ کردنیدا هاوکارییان کردووە .

هیچ کارێک بێ کەم و کووڕیی نییە ، نەخاسمە کارێکی وەها و لە بارودۆخێکی وەکو بارودۆخی ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستاندا ، بە ئومێدی ئەوەی پرۆتۆکۆلەکانی تری پەرلەمان هێشتا باشتریش بن و سوودمان لە کەم و کووڕییەکانی ئەم شەش ساڵەی کارکردنمان وەرگرتبێت و ئەندامانی بەڕێزی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانیش لە کاتی موداخەلات و گفتوگۆو تاوتوێی پرۆژەکان و مناقەشەکردنیاندا هاوکارییمان بکەن و لە هەموو ڕوویێکەوە ڕەچاوی خاڵە سەرەکییەکانی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن بکەن .

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)

دووشەممە ڕێکەوتی ٢٤/١١/١٩٩٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٢)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١١/٢٤

*کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١١/٢٤ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری، دانیشتنی ژمارە (١٢)ی خولی ئاسایی دووەمی، سالّی (١٩٩٧)ی خۆی بەست.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

**١- تەواوکردنی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی وەستاندنی کارکردن بە یاسای ژمارە «٢»ی سالّی ١٩٩٢و، لە غوکردنی «الغا»ی یاسای ژمارە «١٩»ی سالّی ١٩٩٣ کە بەپێی نووسراوی ژمارە «٥٢٩٣»ی ڕۆژی ١٩٩٧/١١/١ی ئەنجوومەنی وەزیران بۆمان هاتووە.**

**٢- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری جیاکردنەوەو کوژاندنەوەی مافی بەکارهێنانی زەویوزار (الافراز واطفاء الحقوق التصرفیه للاراضی).**

**٣- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بەرابەرکردنی بڕوانامەی قوتابخانە ئایینیەکان بۆ قۆناخەکانی ناوەندیی و ئامادەیی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بە بڕوانامەی خوێندنی ناوەندیی و ئامادەیی سەر بە وەزارەتی پەروەردە.**

**٤- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری (گەیاندنی تەمەنی خانەنشینی زۆرە ملێ سەبارەت بە نۆژداران و پزیشکانی ددان و دەرمانسازان «صیدلی»یەکان لە «٦٣»ەوە بۆ «٦٨» سالّی).**

**٥- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای کۆڕی زانیاری کورد کە بەپێی نووسراوی ژمارە «٥٣٠٥»ی ڕۆژی ١٩٩٧/١١/٢ لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دانیشتنی ١٢ لە ١٩٩٧/١١/٢٤ بریتییە لە پێنج خالّ، خالّی یەکەم تەواو کردنی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی وەستاندنی کارکردن بەیاسای ژمارە (٢)ی سالّی ١٩٩٢، وهەلّوشاندنەوەی واتا (الغاء)کردنی یاسای ژمارە (١٩)ی سالّی ١٩٩٣، کە بەپێی نووسراوی

ژماره (٥٢٩٣) لەرۆژی ١/١١/١٩٩٧ی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە. خاڵی دووەم گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بریاری جیاکردنەوە و کوژاندنەوەی مافی بەکار هێنانی زەوی و زار (الافراز واطفاء الحقوق التصرفیه للأراضی). خاڵی سێ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بەرابەر کردنی بروانامەی قوتابخانە ئایینیەکان بۆ قۆناخەکانی ناوەندی وئامادەیی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بەبروانامەی خوێندنی ناوەندی وئامادەیی سەر بە وەزارەتی پەروەردە، ئەویش پرۆژەیەکە وەکو ئاگادارن لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە. خاڵی چوار گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بریاری راگەیاندنی تەمەنی خانەنشینی زۆرە ملێ سەبارەت بە نۆژداران وبزیشکانی ددان و دەرمانسازکاران واتا (صیدلی)یەکان لە (٦٣) وە بۆ (٦٨) ساڵی ئەویش پرۆژەیەکە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە. خاڵی پێنج گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای کۆری زانیاری کورد کە بەپێی نووسراوی ژمارە (٥٣٠٥) لە رۆژی ٢/١١/١٩٩٧لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە، بەرنامەی کار بریتییە لەم پێنج خاڵە. خاڵی یەکەم دەست پێ ئەکەین ئەگەر برایانی لیژنەی یاسا تەشریف بێننە ئێرە، جارەکەی تریش ئاگادارن ئێمە لەدانیشتنی پێش ئێستاکەدا باسی ئەم خاڵەمان ئەکرد، پاش گفتوگۆیەکی باش داواکرا لەلایەن لیژنەی یاساوە دوای بخەین بۆ دانیشتنی ئایندە، واتە بۆ ئەم دانیشتنە بەئومێدی ئەوەی لەگەڵ نوێنەرانی ئەنجوومەنی وەزیراندا وەکو یاسا ناسەکان قسەیەکی لێ بکەن بەتایبەتی دەربارەی دوو سێ خاڵ بوو. خاڵێک لەوانە جیاکردنەوەی (فەرزی)ئەو پرۆژە بۆ دوو پرۆژە، دوو مادەی سەرەکی تێدا بوو کە جێگای گفتوگۆکردن بوو، دیارە پاش دانیشتنیان هەندێ شتیان هەیە خۆیان باسی بکەن با برادەران لێرە لە لیژنەی یاسا بزانن چیان کردووە، ئێستا با راپۆرتەکە بخوێنینەوە فەرموو کاک محەمەد.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

السید رئیس البرلمان المحترم

رأي اللجنة

بتأریخ ١٧/١١/١٩٩٧ عقدت لجنتنا أجتماعاً مع السید رئیس دیوان مجلس الوزراء للتباحث حول مشروع ایقاف العمل بالقانون رقم «٢» لسنة ١٩٩٢ وقد تم الاتفاق على فرز المشروع المقترح الى مشروعین أولهما مشروع قانون الغاء قانون هیئة رئاسة الاقلیم والثاني مشروع ایقاف العمل بالقانون رقم «٢» لسنة ١٩٩٢ وتوزیع الصلاحیات الواردة فیه، علیه فقد تم صیاغة المشروعین بالاتفاق مع ممثل مجلس الوزراء وفق الصیغة المرفقة راجین عرضه على المجلس وفق الصیغة المقررة للمناقشة علماً بأن رأي اللجنة القانونیة قد ارسل الیكم بموجب كتابنا المرقم (٢٠/٦٦) والمؤرخ ٣/١١/١٩٩٧ مع التقدیر.

ئەوە دوا رای لیژنەکە بوو گفتوگۆمان کرد لەگەڵ بەرێز سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران دارشتنێکی تازەمان دانا نەگەیشتینە چ ئەنجامێک لەگەڵ ئەوەش پێشکەشی ئەنجوومەن دەکرێت

و ئەوان ڕای لەسەر ئەدەن. ئەو دارشتنە تازەیەش بۆ دەستەی سەرۆکایەتی چووە با بیخەینە روو، بەڵام جەنابی سەرۆک ئێمە یەک لەراکانی خۆمان ڕاستکردەوە، ئەوی نیشانماننداوە، سەبارەت بە بڕگە (٣) و بڕگە (٥) لە دەقە(صیغەی) تازە کە لە (اصدار القرارات لها قوة القانون) و(اصدار القرار في الحالات التي تتطلب اصدار مراسيم جمهورية) ئەوە ئێمە کە لیژنەی یاساییینە ڕاستمان کردەوە ئێمە نە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی، نە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەدەین، با ئەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی خۆی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک فازڵ فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئومێدەوارم ئەم خاڵەی کە گفتوگۆیەکی دوورودرێژی لەسەر کرا ئەمڕۆ کۆتایی پێ بێنین، لە دانیشتنی پێشوو لیژنەی یاسا لەگەڵ نوێنەری حکومەتدا دانیشتن پاش ئەوەی گوێمان لەرای لیژنەی یاسا بوو بە پێویست دەزانم گوێمان لەرای نوێنەری حکومەت بێ کە لەگەڵیان دانیشتبوو، ئەگەر نا لەسەر ڕۆشنیایی تێبینی هەردوولا بکەونە گتفوگۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فازڵ، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندیی/ کارمەند لە ئەنجوومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەر بڕیاری بەڕێزتان وئەندامانی پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی هاوبەش کرا لەگەڵ لیژنەی یاسادا، سەرەتا دانیشتنی یەکەم لەگەڵ (٣) برای لیژنەی یاسا دوویان ئامادە نەبوون لەگەڵ (٣) هەر سێکیان گەیشتینە رێکە وتنێک بۆ ئەوەی بە دوو قۆڵی پێشکەشی پەرلەمانی بکەین. دوای ماوەیەکی تر ئەو دوو ئەندامەی تریش ئامادە بوون داوایان لێ کردم کە وا ئامادە بم دووبارە لە لیژنەی یاسایی دیسان ئامادە بوومەوە لەگەڵ بەڕێزان، ئەو جارە پێنج کەس بوون. وا دەرکەوت کە ئەو برادەرانەی تر ڕایان جیاواز بوو نەگەیشتنە دارشتنێک و دەقێکی دیاریکراو لەگەڵ ئێمەدا، بۆیە بڕیاردرا پرۆژەکە هەر وەکو خۆی هاتووە ئاوەها پێشکەشی کەن، با پەرلەمان ڕای کۆتایی بدا ئەگەر بە پەسەندی زانی پەسەندی بکات، ئەگەر پەسەندیشی نەکرد بارەتی بکاتەوە. بەڵام نەک پرۆژەکە بەگشتی بەڵکو خاڵ بە خاڵ پێشکەش بکرێ وخاڵ بە خاڵ گفتوگۆ بکرێ وەخاڵ بە خاڵ بخرێتەڕوو، ئەوەی پەرلەمان لەسەری ڕازی بوو بکرێت و ئەوەی لەسەری ڕازی نەبوو ڕەت بکرێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاکەڕەش، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە ئەوی جەنابی کاکەڕەش فەرمووی سێ قۆلی لیژنەی یاسا لەگەڵی دانیشتن ئێمە دوو کەس ئامادە نەبووین دوایی ئەوە داڕشتنەکەی تر کە دوا جار باس کرا ئەوە ڕاستە ڕێکەوتن لەگەڵ جەنابی کاکەڕەش، لەگەڵ جەنابی سەرۆکی دیوان. ئینجا ئێستا ئەو داڕشتنەی دوایی ئێمە پێشکەشی بکەین بۆ ئەنجومەن یان داڕشتنی یەکەم کە لە ئەنجوومەنی وەزیران هاتووە؟ پرسیارم ئەوەیە، ئەوە داڕشتنی کۆتاییە کە ئێمە ڕێکەوتنمان کردووە لەگەڵ سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیوان لەسەر هەندێ خاڵ. دوو خاڵ جیاوازیمان هەبووە ئەو دوو خاڵە دەخرێتە ڕوو. ئێمەش دوا داڕشتنی پرۆژەکە خاڵ بە خاڵ دەیخەینەڕوو بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ڕای کاکەڕەش هەر ئەو داڕشتنە بوو کە لەسەری ڕێککەوتوون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

بەڵێ، باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فازڵ فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا لەدانیشتنی پێشوو گفتوگۆیەکی تێروتەسەلەمان کرد لەسەر ئەم بابەتە. بۆ ئەوەی ئەمەش وا لێک نەدرێتەوە کە ململانێیەکی توندوتیژ هەیە لەنێوان دەستەڵاتی یاسادانان کە ئەنجوومەنی نیشتمانیەو دەستەڵاتی ڕاپەراندن کە ئەنجوومەنی وەزیرانە چونکە لە دوا ئەنجامدا لەڕووی ڕامیاری هەردووک لەیەک چوار چێوە یەکتر ئەگرنەوە. وەهەردووکیش لەسەر ڕۆشنایی ئەو پرۆژە و ئەو بۆچوونەڕامیاریانەی کەلێی هەڵقووڵاونەتەوە و لەسەری دامەزراون و لێ پێکهاتوون. ئەم گفتوگۆ دیموکراسیە ئەزموونەکەمان دەوڵەمەند تر ئەکات، و ڕێز لەبیروڕای پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی ئێمەش دەگیرێ بەدیدی ئێمە لیژنەی یاسا و نوێنەری حکومەت قۆناغێکی باشیان بریوە وخاڵەکانی کە بیروڕای جیاوازیان لەسەر هەیە کورتیان کردووە ئەویش لە خاڵی (٣) ولەخاڵی (٥)دا. لەخاڵی (٣) دیسان من دەڵێم ئەنجوومەنی وەزیران زۆر بەڕێزەوە بۆ پەرلەمان ودوایی لێک دانەوەیەکی بابەتیانە ئەمەی (تەحریر)کردووە. کە ئەڵێ بڕیارەکان یان ڕێنمایی کە هێزی یاسایی هەبێ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، ئەویش تا ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەڕێز یەکەمین دانیشتن دەبەستێ، وەئەو ڕێنمایانەی ئەخەنە بن تیراژەی گفتوگۆ ئەگەر پەسەندی کرد ئەوا

ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر ئیشێکی باش رۆیشتووەو ئەگەر هەمواری کرد یان رێکی خست ئەوە مەرجەعیەتی یاسادانانی رێنمایی دەستەلاتی راپەراندن دەکات. نالێ هەر بریارێ درا یان هەر رێنمایی درا هێزی یاسایی رەهای هەیە، مەرجی کردووە بە بەستنی یەکەم دانیشتنی ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە بۆ ئەوەی یان پشتگیری لێ بکات بیێتە یاسا یان رەتی بکاتەوە چی تر لەسەری نەروات وەدووبارەش نابێتەوە چونکە نابێتە پێشەکیەکی یاسایی ئەمە ئەو لایەنە. کاک محەمەد حەسەن باڵەتە ئەڵێ هەندێ دەستەلات هەیە نەبە ئەنجوومەنی نیشتمانی ئەدەین، نەبە ئەنجوومەنی وەزیران ئەدەین یان سەرۆکایەتەکە. خۆ لە بارێکی ئەم ولاتە ئەم گەلە تووشی بارێکی نائاسایی بوو کە ئەنجوومەنی نیشتمانی کۆنابێتەوە (لسبب أو لاکثر من سبب) دوایی ئێمە چاوەرێی چی بکەین؟ کە ئەو دەستەلاتی نەبێ و ئەنجوومەنی نیشتمانی کۆبونەوە نەکاتەوە، ئەم کێشەیە تاکەی بمێنێتەوە؟ کێ چارەسەری بکات؟ کێ بریارێکی لێ بدات؟ ئەمەش بەبۆچوونی من رەنگە گەشەسەندنێکی لۆجیکی وەکو پێویستی تیادا نەبێ، بۆیەش ئێمە دەڵێین بریارەکان یان رێنمایەکان بەشێوەیەک هێزی یاسایی دەبێ تاکەی؟ تا ئەنجوومەنی نیشتمانی کۆبونەوە دەکاتەوە. لەیەکەم دانیشتن وئەم رێنمایانە و بریارانە رەت دەکاتەوە یان پەسەندی دەکات ودەبێ بەیاسا کە ئەوەی دەقێکی ئەڵێ کار کردنێکی ئەوتۆی لەسەر ئەبێ چونکە ئەڵێ ئەمەی کردوویەتیش لەسەر رۆشنایی ئەمە دەبێت.
بەرای من ئەمە بەم شێوەیە لێک بدەنەو بەرامبەر بە ئەمە ئێمە ئەتوانین خاڵی پێنجەم لە پرۆژەکە دەر بێنین. بە بۆچوونی من ئێمە وەکو ئەنجوومەن ئەمرۆ کۆبووینەوە لەسەر ئەم دوو خاڵە دەکەین خاڵی سێیەم پەسەندی بکەین، خاڵی پێنجەم لابەرین لەبەرنامەکە بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە کۆتایی پێ بێ، ولەسەر ئەو لێکدانەوەی کەمن داومە ئەگەر نا با ئێمە واقیعی تر بین جارێکی تریش باسم کرد وا هەست نەکرێ ئێمە دەمانەوێ دەستەلات بدەین بە خۆمان یان لە ئەنجوومەنی نیشتمانی وەربگرین، نەخێر، دەستەلاتی ئێمە لە ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە بۆمان هاتووە، ئەگەر خوانەخواستە لێکدانەوەیەکی واش هەبێ ئێمە ئەتوانین بەردەوام بین لەسەر کۆمەڵێک بۆچوونەوەی خۆمان، ئەنجوومەنی نیشتمانی تا دوو تەقسیم سێ ئامادە نەبێت ناتوانێ «موحاسەبەی» ئێمە بکات بۆیە من دووپاتی ئەکەم بۆ بەرێزان بۆ خوشک و برایانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کە ئەو بۆچوونە لای حکومەتی هەرێم نییە. چونکە حکومەتی هەرێم و ئەنجوومەنی نیشتمانیی یەک پێکهاتەن و هەر دوو پێکهاتەش لەیەک سەروچاوە دروست بووەو وپێکەوە ئەچنەوە یەک رێژگە. هەتا ئەگەر بۆچوونی جیاوازیش هەبێ من ئەڵێم ئەمەی خاڵی (٣)یەم پاساوی ئەنجوومەنی وەزیران، پاساوێکی راستیانەیە بۆ چارەسەکردنی بارێکی نائاساییە تا ئەنجوومەنی نیشتمانیی یەکەمین دانیشتن دەکات. با یەکەم خاڵ بکەنە ئەو ئەگەر کرا ئەنجوومەنی نیشتمانیی کۆبونەوەیەکی نائاسایی بۆ ئەمە بکات، پاش ئەوەی بارودۆخەکە هێور بێت یەکەم کۆبوونەوە با یەکەم خاڵ ئەو رێنمایانە بێ کە حکومەتی هەرێم دەری کردووە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکات. خاڵی پێنجەم با ئێمە وازی لێ بێنین بۆ کاتێکی تر، ولە پرۆژەکە دەری بهێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە زۆر قسە لەسەر ئەوە کرا، کۆبوونەوەی پێشتریش هەر بە قسەی گشتی بەسەر چووە من پێم وایە خاڵ بە خاڵ ئێستا با دەست پێ بکەین، باکات دیسان نەڕوات، خاڵ بەخاڵ گفتوگۆ بکەین و ئەندامانی پەرلەمان ڕای خۆیان بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، بۆ ئەو چەند تێبینییەی جەنابی وەزیری ناوخۆ سوپاسیان ئەکەم بۆ ئەم گرنگی پێدانە. ئێمە لەدانیشتنی تریش وتمان ئەمە یەکەم ڕووداوە لەم جۆرە«سابیقەیە» ئێمە کێشەی دەستەلاتی دوو دەستە(هیئـة) باس ئەکەین، من دیسان هەر بەهەمان شێوە داوا لە ئەندامانی پەرلەمان ئەکەم ڕەچاوی دوو شت بکەن: بەهەموو ئازادیەکەوە وەکو هەمیشە لەو هۆڵەدا ڕەچاوکراوە بیر لەم بابەتە بکەنەوە و گفتوگۆی تێروتەسلی لەسەر بکرێت، چونکە دەرئەنجام ئەبێت بەرژەوەندی ئەم ئەزموونە وئەم بارودۆخەی کە تێیدایین لەبەر چاو بگیرێت وپەنابەخوا ئەمە شەشەمین ساڵە ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان لەم هۆڵەدا بەهەمان نەفەس ئیشمان کردووە وپەناپەخوا بەهەمان نەفەسیش بەردەوام ئەبین لەسەر ئەو پرۆژانەی کە دێت، چی بە پەسەند کردنی، چی بەهەموار کردنی، چی بەرەت دانەوەی، وچی بە پەسەند نەکردنی، ئەمە ڕێبازی ئێمە بووەو لەسەری ڕۆیشتووین وهیوادارم لەسەر ئەم ڕێگایە بەردەوام بین زۆرمان بڕیوە لەم قۆناغە، کەمی ماوەتەوە وداهات وسامانێکە بۆ میللەتی ئێمەو هەمیشە بەئیجابی لەقەڵەم ئەدرێت. ئەو دوو سێ خاڵەی کە جەنابی وەزیری ناوخۆ باسی کرد حەز ئەکەم ڕوونکردنەوەیەکی بخەمە سەر ئەمەش، لیژنەی یاسا نەیوت کە ئەو دەستەلاتە نەدرێ بەپەرلەمان و نەدرێ بە ئەنجوومەنی وەزیران، وتی ئەم دەستەلاتە نەدرێ بە سەرۆکی پەرلەمان وسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، چونکە لە بنەڕەتە یاسادانەری کورد کاتی خۆی کە یاسای ژمارە (٢)ی داناوە ئەو دەستەلاتەی داوە بەپەرلەمان بەپێی بڕگە (١٤) لەدەستەلاتی ڕابەر، کە بەپێی یاسای ژمارە (٢) لەوێ جیا کراوەتەوە، پەیوەندی نێوان ڕابەر ودەستەلاتی یاسادانان وەپەیوەندی نێوان ڕابەرو دەستەلاتی ڕاپەڕاندن. ئەم خاڵەی کە جەنابت باست کرد ئەکەوێتە ژێر دورشمی پەیوەندی نێوان ڕابەر ودەستەلاتی یاسادانان. لێرەدا دوو تێبینی ڕوون هەیە کە مرۆڤ پەنجەی بۆ ڕاکێشی. یەک: لەبنەڕەتی پرۆژەکەدا ئەو دەستەلاتانە نەدراوە بە ئەنجوومەنی وەزیران، دراوە بە پەرلەمان. دوو: لەم پرۆژەی کە هاتووە وەکو جارەکەی تریش باسمان کرد ئەنجوومەنی وەزیران داوای ئەمە ئەکات ئەو دەستەلاتە بدرێت بەخۆی کە نییەتی و لەبنەڕەتی یاساکەدا پێی نەدراوە، خۆی لەخۆیدا ئەمە

جێگای گفتوگۆیە. دوای ئەوەی کە لەبڕگە (٣) ئەنجوومەنی وەزیران داوای ئەوە ئەکات، ئەمە لایەنی دووهەمەو بابەتێکە شایەنی گفتوگۆیە. بۆ ئەوەی روون بێت، بەمانایەکی تر لیژنەی یاسا یان یاسادانەر لەبنەڕەتدا ئەم بابەتەی روونکردۆتەوە کە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو مافە بە خۆی ئەدات و داوای ئەو دەستەڵاتە دەکات کە لەپەرلەمانی وەر بگرێت، یان بەشێکی بۆ خۆی ببات. کەچی ئەم دەستەڵاتە لەکاتی خۆیدا لەیاساکە نەدراوە بەئەو، بەپێی مادە (١٠) و (١١) دابەش کراوە ودیاری کراوە چۆن ئەو دەستەڵاتە بەکار بهێندرێت. لێرە لیژنەی یاسا کە ئەو روونکردنەوەیەی پێشکەش کرد بەحوکمی ئەو بەندانە بوو وەبەپێی حوکمی ئەو پێشنیارە بوو کە کاتی خۆی لەسەر ئەو پرۆژەیە گفتوگۆ کرا. خاڵێکی تر هەیە پێم باشە ئاماژەی بۆ بکەم ئەویش ئەوەیە، کە جەنابی وەزیری ناوخۆ وەکو نوێنەری حکومەت لە قسەکانیدا فەرمووی؛ ئەنجوومەنی نیشتمانیی تا دوو تەقسیم سێ ئامادە نەبێت ناتوانێ موحاسەبەی ئێمە بکات، مەبەستی کاک فازڵ ئەنجوومەنی وەزیرانە بە کۆمەڵ و بە تاک ئەم بۆچوونە ناگونجێت لەگەڵ یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش جارێ «محاسبە» پێویستی بەهیچ رێژەیەک نییە، ئەگەر مەبەست لە «محاسبە» پرسین و پرسینەوە بێت، ئەگەر مەبەستیش لە «محاسبە» «إستجواب» بێت ئەنجامی مناقەشەکەی پێویست بە دەنگ دان بێت ئەوە بەپێی مادە (٦٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێویستی بە دوو لەسەر سێی ئامادەبووانی پەرلەمانە نەک دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر مەبەست لە «محاسبە» سەحبی سیقە بێت لەئەنجوومەنی وەزیران ئەوە یەک لەسەر چواری ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە ئەو داوایە بکەن و چ رێژەیەکیش دیاری نەکراوە بۆ ئەنجام دانی، واتە تەنها زۆرینەی ئامادەبووانی پێویستە.
خاڵی (٥) کە داوا ئەکرێت رەت بکرێتەوە یاخود دوابخرێ یان رابگیرێ ئەوە کە هاتینە سەری بەتێروتەسەلی گفتوگۆی لەسەر ئەکەین، ئێستاش وەکو هەموو جار ئێمە برگە بەبرگە دەرگای گفتوگۆ کردن ئەکەینەوە، وگوێمان لە لیژنەی پسپۆڕ ئەبێت بەرامبەر بەو برگەیە وئەوەی بەرامبەری، دوایی دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان .دوا بەدوای ئەمەش وەکو هەموو جار ئەیخەینە دەنگدانەوە. ئێستاش لیژنەی یاسا ئەگەر چ تێبینیەکی هەیە با بفەرموێت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ ئەو دارشتنەی کە تازە هاتووە با برگە بەبرگە بخرێتە بەردەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە، ئەو برگەی گفتوگۆی لەسەر هەبێ دوایی هەر کەس رای خۆی ئاشکرا ئەکات، رای کۆتایش بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یەکجار هەمووی بخوێنەوە و پاشان مادە بەمادە گفتوگۆی لەسەر ئەکەین فەرموو.

**بەڕێز حـــــسێن عـــەلی کــــەمـــــال:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تأريخ القرار

**قرار**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكودستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ //١٩٩٧ اصدار القانون الاتي :ـ

قانون رقم

قانون إيقاف العمل بالقانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢

المادة الاولى :ـ يوقف العمل بالقانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ (قانون انتخاب قائد الحركة التحررية الكوردية) لحين اجراء الانتخابات وتوزع الصلاحيات الواردة فيها كالأتي :ـ

اولاً :ـ يمارس رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المهام التالية اضافة الى مهامه الواردة في القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل.

١ـ اصدار أمر التكليف لمن يسميه المجلس الوطني لكوردستان العراق بتشكيل السلطة التنفيذية.

٢ـ اصدار أمر بتشكيل السلطة التنفيذية بعد نيلها ثقة المجلس الوطني لكوردستان العراق.

٣ـ اصدار القوانين والقرارات والانظمة التي وافق عليها المجلس الوطني.

ثانياً :ـ يمارس رئيس مجلس الوزراء المهام التالية :ـ

١ـ تعيين الموظفين وتعيين واعفاء الدرجات الخاصة ورؤساء الوحدات الادارية واعضاء هيئة الادعاء العام بناءاً على اقتراح من الوزير المختص.

٢ـ اصدار أمر تعيين القضاة والحكام ممن يتقرر تعيينهم من قبل مجلس القضاء.

٣ـ اصدار قرارات لها قوة القانون في الظروف الاستثنائية والحالات التي تحول دون انعقاد المجلس الوطني على ان يعرض على المجلس حال انعقاده للبت فيه.

٤ـ الدعوة الى اجراء الانتخابات العامة للمجلس الوطني وفق القانون خلال مدة خمسة عشر يوماً من تأريخ انتهاء مدة المجلس أو صدور قرار منه بحل نفسه.

٥ـ اصدار أمر لمعالجة الحالات التي تتطلب اصدار مرسوم جمهوري.

بەڕێز ئەمە لەسەر داوای بەڕێز وەزیری ناوخۆ کەبرگە (٥) دەربهێنرێت.

٦- يؤدي المعنيون بموجب هذا القانون اليمين القانونية ممن تتطلب وظائفهم اداء اليمين امام رئيس مجلس الوزراء عدا الذين تكون مراسيم ادائهم اليمين امام الوزير المختص وفق القوانين النافذة.

المادة الثانية: - يؤدي القضاة والحكام واعضاء الادعاء اليمين القانونية امام مجلس القضاء.

المادة الثالثة:- تتكون هيئة رئاسة مجلس الوزراء لاقليم كوردستان من رئيس المجلس ونائبه وتختص بالمصادقة على قرارات الحكم بالاعدام أو تخفيفها وتتخذ قراراتها بالاجماع.

المادة الرابعة:- لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة الخامسة:- تتولى الجهات المختصة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة السادسة:- ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک حسێن، ئێمە دێینەوە سەر بنەڕەتی پرۆژەکە مادە بەمادە دەیخوێنینەوە ولەهەر مادەیەکدا دەرگای گفتوگۆ ئەکرێتەوە پاشان ئەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر پێویست بوو، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:-

يوقف العمل بالقانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ قانون انتخاب قائد الحركة التحريرية الكوردية لحين اجراء الانتخابات وتوزع الصلاحيات الواردة فيها كالأتي:

اولاً: يمارس رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المهام التالية اضافة الى مهامه الواردة في القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل.

١- اصدار أمر التكليف لمن يسميه المجلس الوطني لكوردستان العراق تشكيل السلطة التنفيذية.

٢- اصدار أمر بتشكيل السلطة التنفيذية بعد نيلها ثقة المجلس الوطني لكوردستان العراق.

٣- اصدار القوانين والقرارات والانظمة التي وافق عليها المجلس الوطني.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو المادة الاولى (يوقف العمل بالقانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ قانون انتخاب قائد الحركة) ئەوە بخرێتەبەردەم ئەنجومەن با رای لەسەر بدەن ئینجا ئەوانی تر یەک. دوو ئەویش خاڵەکان یەکە یەکە بخرێتەروو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێمە وا ئەکەین ماددەی(١)ـە کە خوێندرایەوەو ئەڵێ (یوقف العمل بالقانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ قانون انتخاب قائد الحركة التحررية الكوردية لحين اجراء الانتخابات وتوزع الصلاحيات الواردة فيها كالأتي: ئەمە مادە (١)کێ ئەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەم مادەیە؟ ناوەکان بنووسن تکایە، ئەوانەی ناونووس کراون کاک جەمیل، کاک عەبدولخالق، د.ئیدریس، کاک ئیبراهیم، د.رزگار، کاک سەعید یەعقوبی، مامۆستا مەلا مەحمود دێرشەوی، مامۆستا مەلا تاهیر، د.ناسح، کاک فرەنسۆ، کاک ئیبراهیم سەعید، هەر ئەمانە ناونووس کراون بۆیە هەر ئەمانە مافی قسە کردنیان هەیە، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مافی رەوای هەر میللەتێکە بۆ خۆی سەرۆک یان رێبەر هەڵبژێرێ، ئەمەش پێویستیەکی زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتن وسەرفرازی هەر میللەتێک، لەو روانگەوە بەرەی کوردستانی بڕیاری ژمارە (٢) ساڵی ١٩٩٢ دا بۆ هەڵبژاردنی رێبەری بزاڤی رزگاری خوازی کورد وکوردستان. پەرلەمانیش دووبارە لەم یاسایەی کۆڵیەوە و دەنگی لەسەر دا. دوژمنانی گەلی کورد هەردەم هەوڵ دەدەن وحەز دەکەن کورد بێ سەرۆک و رابەر بێ، تاکو سەرفراز وسەرکەوتن بەدەست نەهێنێ. ئێستا جێگای داخە کە پرۆژەیەکی ئەوها لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت بۆ راوەستاندنی کارکردن بە یاسای ژمارە (٢)، بۆیە ئەم داوایە بەدەست درێژی سەر مافی میللەت و زیادڕۆیی سەر مافی جەنابی سەرۆک بارزانی دەزانم. هەر بەڕێزێک بڵێ جەنابی بارزانی پەیوەندار نییە بەیاسای ژمارە (٢) ئەو ووتە، ئەو قسە غەدرە وجۆرە مغدوریەتێکە بۆ جەنابی سەرۆک بارزانی. ئەگەر جەنابی سەرۆک بارزانی پەیوەندار نەبێ بە رێبەری وسەرۆکایەتی و سەرفرازی میللەتی کورد وکوردستان ئەی کێ پەیوەنداره؟ بۆچی ئەو یاسایە رابگیرێ؟ لەبەر ئەوە من بەباشی دەبینم کەئەم یاسایە رانەگیرێ هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ هەندێ هەموار کردن بکرێ، یان هەندێ گرفت هەیەبە بڕیارێکی تایبەت چارە بکرێ، وهەندێ دەسەڵات دابەش بکرێ لەیاسای ژمارە (٢)دا بەڵام یاساکە هەروەکوخۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەزم نەئەکرد هەر وەکو جاران (كالعادە) ئەم بابەتە وەها بە پێداگرتنەوە (الحاح)ەوە گفتوگۆ بکرێت، ئەم بابەتە وەکو گفتوگۆی (موداخەلە) دانیشتنی رابردوو بابەتێکی گرنگەو ناچارین گفتوگۆی بکەین، سەبارەت بە (یوقف العمل بالقانون رقم ٢) سەبارەت بەمنەوە ئەوە دووەمین

جاره گفتوگۆی لەسەردەکەم، یەکەم جار کاتێک کە دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم پێک هات، کە خۆم لەکاتی خۆی رام دژی دا ئەو پێک هاتە کە کرا هەشت کەس، چوار لەم لایە وچوار لەو لاوە بە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە (مجلس قیادة الثورة) لێکدایەوە. ئێستاش دەڵێم ئەگەر بارودۆخی کوردستان رێگای نەدا، توانامان نەبوو رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی هەڵبژێردرێ هەر ئەم دەقەش کاتی خۆی گرفتێکی زۆری بۆ ئێمە دروست کرد، لەبەر ئەوە من رام وایە لەحاڵەتێکدا ئەگەر بۆچوونمان هەبێ بۆ (ایقاف العمل بالقانون رقم (٢)) ئەبێ بیدەینە دەستەیەک نەک دابەش بکرێ لەنێوان سەرۆک وەزیران وسەرۆکی پەرلەماندا، بەراستی دەستەیەک پێک بهێندرێ لەسەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی وەزیران و لەسەرۆکی ئەنجوومەنی دادگا (رئیس مجلس العدل) کە سەرۆکی دادگای (تمییز)ە و کەسایەتییەکی سەربەخۆشە، ئەگەر بمانەوێ بەرژەوەندی وولاتەکەمان و بەرژەوەندی یاسا بپارێزین بەڕای من ئەو دەستەیە (هیئە)یە بەدیدێکی کاتییە، تاکو هەڵبژاردن دەکرێ، لەو لایەنەوە من داوا دەکەم ئەم بابەتە زۆر بەقوولی باس بکرێ، وبۆئەوەی هێواش هێواش بەرەو تاکە کەسی ودکتاتۆریەت نەچین. من لەگەڵ ڕای لیژنەی یاسادام کە ئەو دەسەڵاتە نە بدرێ بەکەسی سەرۆکی وەزیران وسەرۆکی پەرلەمان، بدرێ بەپەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێمە پێک هاتووە لە(١٧) وەزیر و چەند وەزیرێکی لەلایەنی جیا جیان، واتە حکومەتەکە ئیئتلافییە وفراوانە. پێنج شەش حزبی تێدا بەشدارە، واتە ئەگەر بمانەوێ هەندێک لەدەسەڵاتی خۆشمان بدەین بە ئەنجوومەنی راپەڕاندن کە من لەگەڵدا نیم، باشترە مرۆڤ بیداتە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی زیاتر حەقی بدرێتێ، زیاتر رێگە لە تاکڕەویی بگرین لە ئیش وکارەکانماندا، لەبەر ئەوەی ماددەکە نازانم بڕگەی (یوقف العمل)ەکە یان گشتی ماددەی ژمارە (١) باس دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر تەنها بڕگەی (یوقف العمل) واتە رابگرین یان رانەگرین.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوە من وەکو خۆم (شخصیا) دەنگ نادەم جگە لەسەر پێکهێنانی دەستەیەکی بەدیل وەکو گوتم لەو سێ کەسایەتییە، سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی وەزیران، سەرۆکی دادگای تەمییز ئەویش بەحوکمی سەرۆکی دادگایی تەمییزە (رئیس محكمة التمييز) وە کەسایەتیەکی سەربەخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، فەرموو کاک د.ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەماددە یەک، پێشنیار دەکەم بکرێتە دوو بڕگە (أ،ب):

أ- يوقف العمل بالقانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ قانون انتخاب قائد الحركة التحررية الكوردية لحين اجراء الانتخابات.
ب- توزع الصلاحيات.
چونکە ئێمە دەنگدان ئەدەین لەسەر بڕگەی (أ) و (ب) واتە بەجیا دەنگدانی لەسەر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیدریس، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دوغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(يوقف العمل بالقانون رقم ٢) ناگونجێت لەگەڵ (لحين اجراء الانتخابات)، ئەو دووە هاودژن لەگەڵ یەکتردا، چونکە ئەو یاسایە رادەگرێ واتە لەکار رادەگیرێ هەر کاتێک ویستمان ئیشی پێ بکەین ئیشی پێ دەکەین، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم (لحين اجراء الانتخابات) لابرێ (شطب) بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم، فەرموو کاک د.رزگار.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەم وەکو دارشتن (لحين اجراء الانتخابات) وشەی(العامة) زیاد بکرێ، دووەم (الواردة فيها) نەک (الواردة فيها)، ئەوە لەلایەک لەلایەکی تر وەکو بۆچوون من رێزو احترامم بۆ برادەرانی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، بەڵام من بەبەرژەوەندی نازانم ئەو یاسایە رابگیرێ، بێگومان لەوانەیە ساڵی ١٩٩٧ وەکو ساڵەکانی(٩٢،٩٣،٩٤) نییە، بارودۆخ گۆڕاوە، گۆڕانکاری بووە، جەنابی سەرۆک رێژەیەکی زۆری دەنگ بەدەست هێنا بۆیە دەکرێ دەسەڵاتی وەکو رێبەری بزاڤی رزگاری خوازی بەکاربهێنێت «ممارسە» بکات، لەبەر ئەوە من داوائەکەم ئەم یاسایە کاری پێ بکرێ وجەنابی سەرۆک بارزانی بەپێی ئەو دەنگانەی هێناویەتی دەسەڵاتی ئەم یاسایەی پێ بسپێردرێ وئەرکی خۆی وەکو رێبەری بزاڤی رزگاری خوازی گەلی کورد ببینێ ودەست بەکار بێ. بێگومان ئەوە خاڵێکی چاکە وبارودۆخی خۆشمان بەرەو باشی دەبا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.رزگار، فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێک بۆچوون هەیە ئەڵێت ئەو کارە کارێکی گران و ئاڵۆزە، ئاڵۆز نییە، بەڵکو دەسەڵاتەکانی

رابەر دابەش ئەکرێ لەنێوان سەرۆکی پەرلەمان وسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیراندا. کاتی خۆی بەرەی نیشتمانیی ئەو دەسەلاتەی داونەتێ و پەرلەمان کردوویەتی بە یاسا. براینە ئەو دەسەلاتە دراوەتە کەسایەتی سەرۆک کە بەڕێز کاک مەسعود بارزانییە کەراستەوخۆ هاونیشتمانیانی کوردستان بەرادەی گشتی ونهێنی و راستەوخۆ وەکو سەرکردەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەڵبژێردراوە، ئەمە لەدەقی ماددە (١)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢دا هاتووە، ئەو دەسەلاتە ئەندامانی پەرلەمان نەیان داوەتێ، واتە بە یارمەتی ئەوان نەکراوە بەسەرۆکی بزووتنەوەی رزگاریخواز، بەڵکو هاونیشتمانیانی کوردستان راستەوخۆ بۆ ئەم پۆستە هەڵیان بژاردووە نەک بەهۆی نوێنەرانیان لەپەرلەماندا، تاکو ئێستا داوا لە پەرلەمان بکرێت ئەو دەسەلاتە دابەش بکرێت لەنێوان ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان، راستە پەرلەمان ئەمرۆ گەورەترین دەسەلاتی یاسادانانە لەکوردستان بەلام ئەو مافەی نییە (فاقد الشئ لا يعطيه) مافی راگرتنی یاسا، یان یاسای رابەر هەڵبوەشێنێتەوە، بۆیە من لەگەڵ هەڵوەشاندن و راگرتنی ئەم یاسایەدا نیم، چونکە بەهیچ جۆرێک ئێمە رازی نین بەبێ رابەر بمێنینەوە بۆ ئێستاو بۆ دوا رۆژیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک سەعید، فەرموو مامۆستا مەلا مەحمود.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوڵڵا دێرەشەوی:**

بسم الله الرحمن الرحيم «ربنا لاتزغ قلوبنا بعد اذ هديتنا وهب لنا من لدُنك رحمة انكَ انت الوهاب» صدق الله العظيم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

برای خۆشەویست کاک د. رزگار هەندێ لەقسەکانی منی کرد، دەنگم دەخەمە سەر دەنگی ئەو، رێبەر بەرێگایەکی شەرعی وسروشتی مافی خۆی بە هەلبژاردنی راست و دروست وەرگرتووە، ئەبوایە (سەرۆک بارزانی) رابەر بێ چونکە میللەتی کورد بە هەلبژاردن دەنگی خۆیان داوەتێ، چونکە ئەگەر بێینە سەر راستی ولایەنی کارامەی میللەتی کورد دوای هەلبژاردن رابەری بۆ خۆی دەست نیشان کردووە و نەرۆتینەو نە داستانە و نە منەتێکە، میللەتی کورد بە ئارەزووی خۆی هەلبژاردنی رێبەری کوردی کرد، لەبەر ئەوە داوائەکەم یاسای ژمارە (٢) رانەگیرێ، بە«حسابی» ئێمە وەک برادەرێک ئاماژەی بۆ کرد پەرلەمان مافی ئەوەی نییە ئەو یاسایە رەت بکات. بۆچێ رەت بکرێ؟ لەجیاتی ئەوەی رەت بکرێت بۆچی مافی خۆی نادەنێ، بۆچی رووی تێ ناکەین بۆ بەرێوەبردنی ئەم دەسەلاتە، کە بۆی هەلبژێردراوە؟ ئەرکی سەرشانی ئەوە، ئەم دەسەلاتە لەئەستۆی ئەوە، میللەت بڕوای بەو داوە، نابێ ئەو(تنازلات) لە مافی خۆی بکات و ئەم ئەرکە بداتە کەسانێکی تر. من دەپرسمەوە، ئەرێ بۆچی ئەم یاسایە راوەستێندرێ؟ ئەرێ مەبەست چییە بۆ راوەستاندنی ئەم یاسایە؟ من تێناگەم داخوزای چییە بۆ راوەستاندنی کارپێکردن بەم یاسایە، بەراستی من داوائەکەم ئەو یاسایە کاری پێ بکرێ، بۆیە من دووبارە دووپات دەکەمەوە سەرۆک

بارزانی مافی ڕێبەری هەیە، لەبەر ئەوەی میللەت ڕاستەوخۆ بە هەڵبژاردنی گشتی هەڵیبژاردووە، بەپێی ئەم هەڵبژاردنە بۆتە ڕێبەری بزافی ئازادیخوازی کورد، بۆیە من دووپاتی دەکەمەوە کەوا جەنابی رووی لێبندرێ بۆ وەرگرتنی ئەم دەسەڵاتە وئەرکەکانی پێ بسپێردرێ،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا مەحمود، فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو میللەتی کورد پێویستیمان بەپابەندبوون یاساوە هەیە. بەڕاستی ئێمە لە بێ یاسایی لێمان نەشێواوە، لەیاساوە هەموو شتێکمان تەواوە، ئەوەی لە ئێمە شێواوە پابەندبوونمان بە یاسا نییە. برادەران قسەکانی منیان زۆربەی کرد، بۆیە مەبەستەکەم کورت دەکەمەوە، من پێم وایە پەرلەمانی کوردستان ئەگەر بتوانێ ماددەی (٥٦) لەیاسای ژمارە (١) هەموار بکا، دەروازەی پێنجەم (مهام وصلاحيات المجلس) یانزە بڕگەیە ئەگەر بڕگەیەکی تریش زیادبکاتە سەری بکرێ بە بڕگە دوانزە، ئەو دوانزەیەش بریتی بێ لە (نصب قائدٍ لاقليم كوردستان له أن يقوم بالمهام التي يحددها القانون) ئەگەر شتێکی وابکا ئەو کێشەیە چارە دەبێ و وابزانم مافی رابەریش نافەوتێ، ئەو مافە شەرعییەی میللەت نافەوتێ و ئەو گیروگرفتە نامێنێت. من لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەو یاسایە هەڵبوەشێتەوە، ڕاش ئازادە، سەربەرزی لەم پەرلەمانە بۆ مرۆڤ هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا مەلا تاهیر. فەرموو د. ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموومان ئەزانین پەرلەمان بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانانە لە کوردستاندا. من بڕوام نییە کە پەرلەمان ناتوانێ بڕیار بدات. هەر کێشەیەک ئەمڕۆ لەکوردستاندا بێتە کایەوە، بەتایبەتی ئەو کێشەیەی کە هەست بکرێت کێشەیەکی گرنگە یان پەیوەندی بە پەرژەوەندی باڵای میللەتەوە هەیە، یان پەیوەندی بە چارەنووسی ئەزموونەکەمانەوە هەیە پەرلەمان ئەتوانێ ئەمڕۆ بڕیاری لەسەر بدا. بەڕای من بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان لەئەوە نائاسایی تر نابێ کە ئێمە ئێستا تیایداین، ئێمە لەباری شەڕو نەهامەتی داین، ڕێزم بۆ ئەو برایانەی کە ئێستا لەم پەرلەمانە کۆبوونەتەوە ئەگەر بێتە بیرتان کە تەمەنی پەرلەمانمان درێژە پێدایەوە، لەدوا جار لە هەر کۆبوونەوەیەک نزیکەی (٦٦)،(٦٥)،(٦٧) کەس ئامادەی کۆبوونەوە ئەبووین، بەڵام بەداخەوە دوای مۆڵەت دان بە هەندێک لەئەندامانی پەرلەمان، ئێستا ئێمە بەحاڵ (٥٤) یان (٥٥) کەس کۆئەبینەوە، تەنانەت بارودۆخی ناو پەرلەمانیش گەیشتۆتە بارێکی وای نائاسایی ئەگەر خوانەخواستە چوار کەس لەئێمە نەخۆشێکی کاریگەری گرت پەرلەمان ناتوانێ کۆببێتەوە. ئەگەر خوانەخواستە چوار کەس لەئێمە

بکوژرێن پەرلەمـان ناتوانێ لەژیانی خـۆی کـۆببێـتـەوە. ئەگـەر خـوانەخـواسـتـە چوار کـەس لەئێـمـە لەشـوێـنێکدا بزربوون پەرلەمـان بەتەواوەتی کـۆتایی پێ دێت و رائەوەسـتـێت، بۆیە ئەمـڕۆ ئێـمـە لەبەرامـبـەر چارەنووسـێکی زۆر کـاریگەر داین، ئەبێ بڕیار بدەین، لەبڕیار دانا ئەبێ بیـر لەو بەرژەوەندیە بکەینەوە، بیر لەبەرژەوەندی میللەتەکەمان بکەینەوە، بۆیە من گومانم لە دڵسۆزی ئەوانە نییە کە ئەم پرۆژەیان بەرزکردۆتەوە وباوەڕیش ناکەم ئەوە کەم کردنەوە بێت لە ئەرکەکانی دەسەڵاتی بەڕێز رابەری گەلی کورد کە بەداخەوە ئەو ژمارە دەنگە یاساییەی بەدەست نەهێنا کە دەسەڵات بگرێتە دەست. ئەوە بوو ئێـمـە کاتی خۆی ناچاربووین ئەو دەسەڵاتە دابەش بکەین، ئێـسـتـاش هەمان پرۆژە هاتووە بەڵام بەشێوەیەکی تر، بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم ئەو پێشنیارەی کە کراوە بە پەسەندی ئەزانم وداوا لەبرایان ئەندامـانی پەرلەمـان ئەکـەم بیـر لەبەرژەوەندی باڵای مـیللەتەکـەمـان وئەم ئەزمـوونە بکەنەوە، هەر یەکە بەویژدانی خۆی بڕیار بۆ ئەم پرۆژەیە بدات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. ناسح. فەرموو کاک ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی راگرتنی ئەم یاسایەوە لەراستیدا پشتگیری رای مەلا مەحمود و د. رزگار دەکەم لەبەر ئەوەی چونکە هەندێ یاسامان هەیە جێگای شانازی ئێمەن، بەراستی ئەوانە کۆڵەگەی ئەزموونە دیموکراتیەکەمانن، دەتوانین بەپێی یاسا پێیان بڵێین (قوانین دستورية) ئەوانەش یاسای ژمارە (١) ویاسای ژمارە (٢) و یاسای دەسەڵاتی دادگەری، ئەمانە وەک بنەمایی دەستور جێی خۆیان دەگرن، پاراستنی پێڕەوی دیموکراتیان پێ دەکرێت، وەکو ئەندازیارێک دەیشبهێنم بە باڵاخانەیەک کە بنکەو کۆڵەگەی کۆنکریتیە ئەو باڵاخانەیە پشتیان بێ دەبەستێ، ئەو یاسایە بۆ ئەو سیستەمە وەکو ئەو کۆڵەگەو بنکەوایە دەتوانی بێی هەندێ لەبەشەکانی ناوخۆی باڵاخانەکە بگۆڕی، بەڵام هەر دەست دانێک لە بنکەو کۆڵەگە سەرەکیەکانی رەنگە کەلێنێک یان داتەپینێک بخاتە ئەو باڵاخانەیە، لەبەر گرنگی ئەم بابەتە بەراستی گۆڕانی ئەم یاسایانە بەبۆچوونی من، هەموار کردنی یان راگرتنی ئەبێ پشت بەلێکۆڵینەوەی یاسایی دستوری باش ببەسترێ، وە رای کەسانی پسپۆڕ زیاتر وەربگیرێ تاکو بەئامانجی خۆمان بگەین. بە بۆچوونی من گۆڕانی ئەم یاسایە وئەزموونە دیموکراتیەکەی خۆمان نەشێوێنین (مشوه) یان لەنرخەکەی کەم نەکەینەوە، نارێکی نەکەین لەگەڵ پێوانەی سیستەمی سیاسی دیموکراتی لەجیهاندا، پشت نەبەستین بە «احتیمالات» بۆ دوا رۆژی خۆمان، سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من بەر لەوەی بێمە سەر ئەو خاڵە، خاڵێکی «نیزامیم» هەیە، ئەنجوومەنی وەزیران پێشتر داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (١٩)نۆزدەیان کردووە ئەبوایە گفتوگۆی ئەوە یەکەم خاڵ بێ، واتە هەڵوەشاندنی یاسای دەستەی سەرۆکایەتی، ئینجا بێینە سەر ئەوە. ئەبوایە باسی ئەوە بکرێ و جەنابیشت نووسیوتە و، بەئیمزای جەنابتە (قرر مجلس) حەز دەکەم تەماشا بکەی ئەبوایە سەرەتا بێینە سەر نەهێشتنی(إلغائی)دەستەی سەرۆکایەتی کە لە جیاتی ڕابەر دانرابوون، ئینجا بێینە سەر ئەو یاسایە، ئەوە یەک. دووەم: من نازانم، ڕێزم هەیە بۆ رای گشت ئەندامانی پەرلەمان، ڕێزێکی تایبەتیم بۆیان هەیە، ئەندامانی پەرلەمان حەقە رای خۆیان لەبیر نەکەن کە لەپێشتر داویانە. پێشتر بەچەپڵە ڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی پێک هاتووە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە، لەبەر ئەوەی رابەر نەبووە بۆ جێبەجێ کردنی دەسەلاتی رابەر، نازانم کاک عەبدولخالق دژ بوو یان دژ نەبوو، تەنها ئەو دژ بوو، ئەگەر نا بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا، واتە بەم یاسایە دەسەلاتی سەرۆکی پەرلەمان یان دەسەلاتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نەمابوو، هەڵوەشێندرابوو، کە بەپێی یاسای ژمارە (٢) بەشێک درابوو بەسەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی، ئامادە نەبوون و چۆڵ بوون (خلو) دابەش کرابوون، کە دەستەی سەرۆکایەتی دانرا، نە دەسەلاتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نە دەسەلاتی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی نەمان. لەبەر ئەوە یاسای ژمارە (٢) راگیرا، ئەو برادەرانەی باسی کاک مەسعود دەکەن بەرابەر، هەموولایەک دەزانن کاک مەسعود (٥، ٦) ساڵە نە هەوڵی داوە ئەو دەسەلاتە وەربگرێ ونە ئامادەیە ئەم دەسەلاتە وەربگرێ، چونکە ئەگەر پێویستبایە یەکەم ڕۆژ دەهات و سوێندیشی دەخوارد دەبوو بەرابەر، رابەر نییە، ئەوگفتوگۆیەی دەکرێ ئەو شتە کە دەکرێت، چونکە رابەر نییە، ئێستا برادەرەک هەڵبستێ بڵێ رابەرە، بەڵێ کاک مەسعود رابەری منە و سەروەری منە و هەموو شتی منە بەلام کاک مەسعود تائێستا دەستی بەکار نەکردوە کە ئەو رابەرە ئێمە دەسەلات لە کاک مەسعود وەربگرین، هی ئەو نییە، من لەگەڵ ئەوەم کە ئەم بڕیارە هەڵبوەشێتەوە چونکە کاری پێ نەکراوە تائێستا. تائێستاش ڕێک نەکەوتووین «خالیة» یان «غائبة»، تائێستا ئەو دەسەلاتە بەکار نەهاتووە، ئەبێ پەرلەمان هەوڵ بدا دارشتنێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەم دەسەلاتە بەکار بێ، کێیە ئەو دەسەلاتە بەکار دێنێ؟ ئەم یاسایە هەڵبوەشێنرێ و دابەش بکرێ، گفتوگۆ لەسەر دابەش کردنی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە بکرێ. ئەو کاتە پەرلەمان پێی هەڵدەستێ یان ئەنجوومەنی وەزیران پێی هەڵدەستێ؟ ئەبێ هەوڵ بدەین قسە لەسەر ئەوە بکەین ئەم یاسایە یەکێک هەبێ جێبەجێی بکا، لەبەر ئەوە کە ڕادەگیرێ و دابەش دەکرێ ئەمە باشترین چارەیە. ئەو کاتە هەموو کەسێک حەقی هەیە گفتوگۆ بکاوبزانێ دەسەلات بەکێ بدرێ بۆ ئەوەی ئەم ئیشە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

من یەک تێبینی بچووکم لەسەر قسەکانی کاک فرەنسۆ هەیە. با ڕێچکەی گفتوگۆیەکە بزر نەکەین

پاشـان ئێـوه وەڵامی خـۆتان بەگـشـتی بدەنەوه، یەکەم: ئەم دەسـەڵاتە بەکـار هێنراوه نەک بەکـار نەهێنراوه و چەندەها بڕیارمان هەیە چەندەها (ئیجرائاتمان)هەیە کە کاتی خۆی کراوەو لیژنەی یاسا ئامـاژەی بۆ کـرد لەراپۆتەکـەیاندا کـە لەمـاوەی کـابینەی یەکـەم ونیـوەی کـابینەی دووەمـیـشـدا تەگەرەیەک لەبەرامبەر جێبەجێ کردنی ئەو مـاددەیەدا نەبووه، مـاده (١٤)ی یاسای ژمـاره (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، جگە لەسەرۆکی پەرلەمان کەسی تر ئەومافەی نەبووه و بەکاریشی نەهێناوه. دوای ئەوه ئەگـەر کرابێت لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومـەنی وەزیرانەوه بە نـایاسایی بووه، ئەمە دیسـان لە راپۆرتی لیـژنەی یاسـائامـاژەی پێکراوه. ئەوەی کـە پەیوەنداره تەنهـا بۆ مـەسـائلی تەواو کـردنی (اجراءات)ی یاساییان ئەو کێشـەیە روویدا، ئەو کـاتە گرفت دروست بـوو لەم بارەیەوه کە ململانێ لەنێـوان پارتی و یەکێتی دروست بوولەسەر دەسەڵات و، پەنجا بە پەنجا گەیشـتە بنبەست ولایەنی تر، یەکێـتی دا ئـەو خـاڵەیان کرد بە مـەهانەیەک لـەسەر ئەو بنچینەی کە لایەنی پارتی باڵادەسـتە بـۆ؟ چونکە لـەیاسـای ژمـاره (٢)دا ئـەو دەسـەڵاتە دراوه بە سـەرۆکی پەرلـەمـان، سـەرۆکی پەرلەمـانیش لەبەر ئـەوەی لە لیسـتـەی پارتیـە، کەواتە مـەسـەلەی پەنجا بە پەنجا لاسەنگەو بەلای ئەوانەوەیە. ئەوان لەو روانگەیەوە تەماشای شتەکەیان دەکرد لە روانگەیەکی حزبایەتی تەسک و سیاسیەوه و ئەوەیان کرد بە بیانوویەک. دووەم کۆک نین «خلوه »یان «غیابه»، وای بۆ دەچم کاتی خۆی ئێـمە زۆر گفـتوگۆمـان لەسەر ئەوه کرد ولە دانیشـتنەکەی رابردوودا ئاماژەم بۆ کرد. وکاتی خۆی لەگەڵ یەکێتی نیشـتمانیی چ لە لایەنی نوێنەری ئەوانەوه لەحکومەت، واتا سەرۆکی وەزیران لەهەردوو کـابینەو چ لە کـۆبوونەوەکـان، لەگەڵ مـەکـتـەبی سـیـاسـیـان ئەم بابەتە بـاس کـرا، هیچ پاساوێکیان بەدەستەوه نەبوو، کە ئەمە (غائبة) وباوەڕ ناکەم یەک ئەندامی ناو ئەم هۆڵەش بڕوای بەوە نەبێ کـە ئەوه «خلو»ە، ئەم بابەتە وابزانم یەک لا کراوەتەوەو کـاتی خۆی باس کـراوه، وهیچ کاتێک ئەم دەسەڵاتە بەپێی یاسا دابەش نەکراوه لەنێوان سەرۆکی وەزیران وسەرۆکی پەرلەماندا.

ئەوەی کـە لەمـاوەیەکی دیـاریکراو کۆسـرەت رەسول هەندێ (اجـراءات)ی دەکرد ئەوه بوو لەمـاوەی ململانێیەکەدا بوو، وزۆربەی زۆریش لەو کاتەدا بوو کە بارودۆخی ئەم دوو دەزگایە ئیفلیج کرابوو، و ئێستاش ئەگەر هەندێ «اجرائاتیش» لەکابینەی سێیەم کراوه، ئەمیش هەر لەم روانگەیە بووه، هێماش بەیاسای ژماره (٢) نەکراوه هەتا بڵێی بەم یاسایە کراوه، لەبەر ئەوه کاتی خۆشی وەڵامی سـەرۆکـایەتی ئەنجـوومـەنی وەزیران درایەوه، وتمان ئەو «اجـرائاتانەی»کـە دەیکەن لەناوەرۆکی (صلبی) یاسـای ژمـاره (٢)ـەوه، یاسـای ژمـاره (٢)یش بەپێی یاسـای ژمـاره (١٩) راگـیـرا وهەڵوەشـێنرا وئەوه «اجتـهـادی » لەسەره، بەڵام دوایی ئەوه بەکـار نەهێنراوه، ئەگـەر لەسـەر ئەو بنەمایەیە (باطلە)، ئەو حوکمە، ئەو بڕیاره، بڕیارێکی «باطل»ـە(وما بني على الباطل باطل) بۆیە بۆ ئەوەی روون بێت ، وابزانم کاک فرەنسۆ جەنابیشت دەزانی زۆر جار لەم هۆڵەدا کاتی خۆی کە گفتوگۆمان کردووه لەو بڕوایەدا بووینە کە «خلوه» نەک «غیابة»، وەلەکاتی «خلو»یش دیاره ئەو دەسەڵاتە لەکوێ ڕاوەستـاوه و، یاسادانەرەکەی بە کێی داوه، وبێگومـان بە پەرلەمـان یان بە

سەرۆکی پەرلەمان (نيابةً عن البرلمان)ی داوە بەپێی ئەو ماددانەیە. بۆیە ئەم بابەتە حەز ئەکەم تێکەڵی ئەوە نەبێت راگرتنی ئیش بەم یاسایە، و ئەوەی جەنابت یاسای ژمارە (١٩)ت کرد کە لە پرۆژەکەدا هاتووە، ئەوە با برادەرانی لیژنەی یاسا وەڵامت بۆ بدەنەوە، من تەنها ئەو یەک دوو تێبینیەم هەبوو، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ لەبرادەران فەرموویان (عدم ايقاف بالعمل القانون رقم «٢» لسنة ١٩٩٢) بەگوێرەی یاسا ئەم یاسایە راگیراوە، بوونی نەماوە، منیش ئەگەر رایەکی یاسای نەدەم، رایەکی خۆم بدەم، دەتوانم بڵێم (عدم ايقاف) بەڵام ئەوە بەپێی یاسا راگیراوە، ئیشی پێ ناکرێت، بەپێی یاسا رابەرمان نییە، من لەگەڵ ئەوە دام بەڕێز کاک مەسعود رابەر بێت، بەڵام بەگوێرەی یاسا رابەر نییە، لەبەر ئەوە ئەو دەسەڵاتەی لەیاسای ژمارە (٢) هاتووە ماوەیەکە ئیشی پێ نەکراوە، وەکو جەنابی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن فەرمووی، باری «خلو» یان «غیاب» لەبنەڕەتدا ئێمە رابەرمان نەبووە تا باری ««غیاب»مان هەبێت، حاڵەتی (خلو)، لەماددە چواردەی ئەم یاسایە درایە بە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، بەڵام لەو ماددە بۆشایەکی (فراغەکی) یاسایی پەیدا بووە، ئەو بۆشاییە یاساییە چییە؟ هەندێ شت دەرئەچێت لەئەنجوومەنی وەزیران، لەوانەیە راڤەی(تفسیری) ماددە چواردە بەهەڵە بەشیوەیەکی یاسایی دەکرێت، بۆ ئەو بۆشایی یاساییەو بۆ دابەش کردنی ئەو دەسەڵاتانە دەمانەوێ بەبڕیارێکی پەرلەمان سیفەتێکی یاسایی بدەینێ، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە، بەڕێز کاک ئیبراهیم دوغرەمەچی فەرمووی(لحين اجراء الانتخابات) لاببرێت، کاک ئیبراهیم دوغرەمەچی لەگەڵ ئێمە ئیمزای پرۆژەکەی کردووە (لحين اجراء الانتخابات) بەڵام وەکو را، رایەکی راستە(صواب)، منیش ئەڵێم ئەوە رەش بکرێتەوە(شطب) ئەوە رای خۆمە نەک رای لیژنەی یاسای، لاببردرێ بۆ؟ لەبەر ئەوەی پابەست دەبین، ئەگەر بەیانی پێویستمان بەو یاسایە بوو ناتوانین دووبارە کاری پێبکەین، هەتا هەڵبژاردن نەکرێت، ئەو دەربڕینەیەم (تەعبیرەم) دەقی یاسا دەبیەستێتەوە، بەڵام ئەوە رای لیژنەی یاسایمان داوە و، لەوانەیە رای کاک ئیبراهیمیشە رایەکی خۆی بێت، چونکە لەلیژنەی یاسا لەگەڵ ئێمە ئەو رایەی وایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو تێبینیانەی کە وترا، با جەنابی وەزیری ناوخۆش بەدواداچوونی خۆی بکات، ئەگەر کاک د.رزگار بەدواداچوونی نییە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رێزم بۆ لیژنەی یاسا کە دەڵێن ئەو یاسایە نەماوە، بۆ لێرە گفتوگۆی لەسەر بکەین، بۆ (ايقاف العمل)؟ بۆیە هەر پێویست ناکا ئەمە راگرین، ئەمە یەک، دووەم ئەگەر دەڵێت دەسەڵات نەدراوە

یان جێ بەجێ نەکراوە مانای وایە یاسا ڕەت بووە، لەبەر ئەوە نییە، بێگومان ئێمە ئێستا لێرە داوای لێ دەکەین بێت «ممارەسە»ی دەسەڵاتی خۆی بکات، بەشێوەیەکی یاسایی بۆ خۆی دەوری رابەری وەرگرت ومافێکی شەرعی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،کاک شێروان روونکردنەوەیەکی هەیە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەڕاستیدا دەمەوێ تەنها رای برادەرانی لیژنەی یاسا راست بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە ئەو یاسایە نەراگیراوە ونە رەتیش کراوە، بەڵکو کەس نەبووە ئەو دەسەڵاتانەی کە لەو یاسایەدا هاتووە بەکاری بێنێ، چونکە رابەر نەبووە، هەروەکو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و لیژنەی یاساڕوونیان کردەوە، بۆیە ئێمە یاسای دەستەی سەرۆکایەتی (هیئة الرئاسة) ژمارە (١٩) ساڵی ١٩٩٣ لێرە دەرکرد بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتانە بەکار بێت، لەبەر ئەوەی یاسای دەستەی سەرۆکایەتی شێوەی یاسایی تەواو نەبوو نەتوانرا دەسەڵاتەکان کاری پێ بکردرێ، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە ئەو یاسایە نە تەجمید کراوە ونە راگیراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نەم گوتووە لیژنەی یاسا ناڵێت یاسا رەت بووە، چونکە یاسا بەیاسا رەت دەبێت ولەرێگای پەرلەمانەوە، یاساکە هەیە، بەڵام ئیشی پێ نەکراوە، پاش ئەوەی ئێمە راینەگرین (ایقافی)نەکەین بەو یاسایە دەبێت پرۆژەی ئەنجومەنی وەزیران لەبنەڕەتەوە لابچێت، دابەش کردنی دەسەڵات ئێستا ببێت، بەڵام ئەو یاسایە ئەگەر رابگیرێت ئەو کات دابەش کردنی دەسەڵات لەنێوان ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نیشتمانیی دا دەکرێت، ئەگەر رانەگیرێت دەبێ پرۆژەکە هەمووی نەمێنێت، واتا ئێمە لەگەڵ راگرتنین بەڵام رای کاک ئیبراهیم رایەکی دروستە (صوابە)، هەرچەندە من لەلیژنەی یاسا دام ئەو پابەندییە لەدەقەکەی نەکرێت هەر کاتێک پێویستیمان پێی بوو ئێمە دەتوانین بەکاری بێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ بەدواداچوونی هەیە، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناڵێم راگرتن(تجمید) کراوە وناڵێم ڕەت(الغاء) کراوە، بەس دەڵێم پێنج ساڵە هیچ کەسێک

کاری بەم یاسایە نەکردووە، لە (١٩٩٣، ١٩٩٤، ١٩٩٥، ١٩٩٦، ١٩٩٧)دا کەداوا کراوە دابەش بکرێ، بۆ ئەوەیە خەڵکێک هەبێ ئەو دەسەڵاتە بەکار بێنێ، ئێمە ئەبێ قسە لەسەر ئەوە بکەین کێ موستەحەقە، تەئکید دەکەم دەبێ قسە لەسەر ئەوە بکرێ کێ «موستەحەقە» کە هەندێ لەو دەسەڵاتانە کە لەناو ئەو یاسایە هاتووە جێ بەجێی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، ئێستا من ناچارم چونکە ئەمە گفتوگۆی پرۆتۆکۆلییە ڕاستکردنەوەیەکی بچووک بخەمە سەر قسەی کاک فرەنسۆ، لە ١٩٩٢ـ ١٩٩٣ ئەم یاسایە بەکار هێنراوە، وکۆمەڵێک بڕیاری پێ دەرچووە، ئەگەر جەنابت بگەڕێیتەوە بۆ لاپەرە (٢٩٦) لە کۆمەڵە یاسای پەرلەمان ئەو ماددانەی تێدا چەسپاوە، تەنها بۆهەموارکردنی زانیاری جەنابت، من لەگەڵ ڕای جەنابتم دوای بڕیاری یاسای ژمارە (١٩) من بەش بەحاڵی خۆم وەکو نوێنەرایەتی پەرلەمان ئەکەم بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارە، زۆر شت هەیەکە لەوانەیە من ڕەتم (ڕەفز)م کرد بێ، کە کاک فرەنسۆ «شاهیدە» لەو مەسەلەیە وابزانم برادەرانی لیژنەی یاساش لەوانەیە بەشێکیان ئاگادارن بۆ؟ چونکە ئێمە بەپێی یاسای ژمارە (١٩) ئەو بابەتەمان بەهەڵواسراوی بە(موعەلەق) هێشتەوە دووپاتمان لەسەری نەکرد، زۆر جار داوا لەمن کرا بەرەسمی کە هەندێ «اجرائات» بکەین من ئەو مافەم بەخۆم نەدا، چونکە پەرلەمان کاتی خۆی یاسای ژمارە (١٩)ی بە هەڵواسراوی هێشتبووەوە، ئەگەرچی بۆچوونی یاساناسەکان هەبوو کەوا مادام ئەو یاسایە کاری تەواوکاری (اجرائاتی تکاملی) پێ نەکردراوە، بۆی هەیە مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە لەیاسای ژمارە (٢)دایە، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم ئەو «ئیجرائاتانەمان» نەکرد و، زۆر لەبرایانی یاساناس لەگەڵ ئەو ڕایە بوون کە نەیکەین ومن گوێڕایەڵی ئەو ڕایە بووم. جەنابی وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی گفتوگۆکان خەریکە هەندێ جار ئەچێتە ژێر باری سۆزەوە(عاطفە) کەبەداخەوە ناکرێ ئێمە پەرلەمانتاری وولاتێک یان میللەتێک یاساکان لەژێر باڵی سۆزایەتی(عاطفە) دابڕێژین (صیاغە)ی بکەین یان بڕیارەکان لەبن باڵی سۆزەوە (عاطفە) بدەین،ئەمە کارێکی خراپە. دووەم هەڵوەشاندنەوەی یاسایێک یان وەستاندنی کار پێکردنی یاسایێک، ئێمە بنەمای یاسایی و ڕامیاری هەڵناوەشێنین، لەجیهانی پێشوو، و لەم جیهانەو لەجیهانی ئایندەشدا یاساکان لە دەسکردی (صنعی) ئادەمیزادە ،ئەم یاسایانە واهاتینە (قوانینە وەزعیانە)، هۆی گۆڕانکاری یان ڕاگرتن بە یاسایەک هۆیەکانی خۆی هەیە. هۆیەکانی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی (نضوجی اجتماعی) وتێ گەیشتنی (فقهی) کە ئەم یاسایە پێویستی بە گۆڕان و پێشکەوتن(تطویر) هەیە هۆی وا (عوامل) هەیە کە ئەم یاسایە کاری (تەئسیری) سەلبی هەیە لە جێ بەجێکردنیدا بۆیە لەدەستوورەکانی جیهاندا بەپێی پێشکەوتن (تطور)و بەپێی هۆیەکانی(عوامل) (ذاتـــي

وموضوعي )یاساکان پێش دەخرێن (تطویر) دەکرێن یان هەڵدەوەشێندرێن یان جێ گۆڕی دەکرێ. لەبەر ئەوە ناکرێ ئێمە لەوە بترسین، چونکە ئێمە یاسای ژمارە (٢)مان راگرتووە یان کارمان پێ نەکردووە، ئیتر بنایەی پەرلەمانی ئێمە هەمووی دەرووخێتەوە، نەخێر ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین، ئێمە دەتوانین یاسا دابنێین(تشریع بکەین) ودەتوانین یاسا هەڵوەشێنینەوە، یاساش بەیاسا (لەغو) دەکرێ. رایەکی (فقهی) هەیە لەوەی کە لیژنەی یاسا دەیلێ من رێزم بۆ مامۆستا هەیە من دەڵێم چونکە رایەکانی یاسایی جاری وا هەیە جیاوازی هەیە وهەردووکیش راستە لە(باب المجاز) ئەڵێ هەتاکو دەست دەکرێ بە هەڵبژاردن (حتی اجراء الانتخابات) چونکە بەبۆچوونی ئەو لیژنە یاساییە هێزێکی تر نییە رابەر دابنێ، تەنها هەڵبژاردن (انتخابات) نەبێ بۆیە ئەمەش هەیە، ئەمە رایەکی (فقهیی)یە، ئەگەر پەرلەمان دەتوانێ رابەر دابنێ. ویەکێک لەو هۆیانەش ئەم (تەفسیرەی) ئەڵێ وەک ئەوەی کاک مەسعود رابەرە وئێمە ئەو دەسەڵاتەی لێ دەستێنینەوە چ لەرێگای پەرلەمان وچ لەرێگای ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، ئەمە راست نییە، کاک مەسعود رابەری سیاسی پارتی وئەوانەی دۆستی کاک مەسعودن، بەلاّم رابەرێکی یاسایی کورد نییە، چونکە دەنگی پێویستی رابەرێکی یاسایی لەهەرێمی کوردستان نەهێناوە، بۆیە کردەوەی رابەری ناکات ومارەسەی رابەریش بە راسپاردەی پەرلەمان یان بە ئارەزووی چەند پەرلەمانتارێک نایکات. ئەمەش ئەبێ ئێمە بەروونی بەپشت ئەستووری بەدیموکراتیەت وبیروباوەڕ بەخۆمان وکاک مەسعودیش هەمان شت دەڵێ من هەڵنەبژێردراوم (انتخاب) نەکراوم بە زۆرینەیەکی (موطلەقیش) واتە (نیوە + یەک)، بۆیە من رێبەری هەڵبژاردن نیم یاسایی نیم، وئەو دەسەلاّتە ئی کاک مەسعود نییە کە لێی وەردەگرینەوە.

من لەسەر بۆشایی(خلو) رازیم، لەم بوارەدا بنەمای خلوە چونکە لەسەرەتاوە رێبەر نەبووە تاوەکو «غیاب» هەبێت، لەبەر ئەوە وا بۆی نەچن کە ئەمە دەسەلاّتی کاک مەسعودە ولێی دەسێنرێتەوە نەخێر بەدیدی من وتۆ کاک مەسعود رێبەرە بەدیدی زەید وعەمر رێبەر نییە، من و تۆ لە بیرو بۆچونێکی حزبی یان سیاسی یان (تەبەعی)، ئەوی تر لە بیرو بۆچونی یاسایی و رای ئەویش راستە ورای من وتۆش راستە بەلاّم رای من وتۆ سۆزە (عاطفیيە) یان« تەبەعییە» رای ئەوی تر یاساییە ویاسا دەخوات لەم ساغ کردنەوانەدا وئێمە کە بەرگری دەکەین ئەبێ بەرگریەکەمان بە بەڵگەی دیاری کراو(دفاعی موستەدلل) بێ، بەرگری سۆزی (دفاعی عاطفی) نەبێ، ئێمە ئەبێ بە بەڵگەیەکی یاساییەوە (استدلالێکی قانونیە) بەرگری بکەین چونکە ئێمە دەمانەوێ سەرکردایەتی کۆمەڵی خۆمان بکەین، (کۆمەڵێکی یاسایی) بەیاسا حوکم بکەین، و بەیاسا بەرگری لەخۆمان بکەین. کەواتە ئەبێ رێبەری ئێمەش رێبەرێکی یاسایی بێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی یاسایی گوێ رایەڵی(اطاعە)ی فەرمایشەکانی بکەین، یاسا ژمارە (١٩) (ربنا لاتؤاخذنا إذ نسینا أو أخطئنا)یان (اتأمرون الناس بالبر وتنسون أنفسكم) تێروانینەک (توجهە)ک هەیە ئەڵێ ئێمە کە یاسای ژمارە (٢)مان راگرتووە یاسای ژمارە (١٩) یانی

(مـجلس قـيـادة الثـورة) پێشنياری ئێستـاش سەرۆكی ئەنجوومەنی نيشتـمانی وسـەرۆكی ئەنجوومەنی راپەڕاندن و وەزيران وسەرۆكی دەسەلاتی دادوەری ئەمەش ئەنجوومەنی سەركردايەتی شـۆڕشـە (مـجلس قـيـادة الثـورة)يە بەلاَم سێـيـانيـە (ثلاثی)يە لەجيـاتی ئەوەی كە هەشت كەسی(ثمانی) بێت يان نۆكەسی(تساعی) بێت. ئەمە بەديدێكی بچكۆلانەيە (مـصغـرە) بـۆ ئەنجـوومـەنی سـەركـردايەتی شـۆڕش(مـجلس قـيـادة الثـورة) تۆ ناكـرێ دژی پێكهـاتەكـەی (تەركـيـبـەيەك) بی بەهەمـان دەسـەلات بەديلێكت هەبێ بۆ هەمـان كـردەوە، بەلاَم ژمـارەی ئەندامەكانی كەمترە من ئەلێم لەڕووی «مەنتيق»ەوە ئەمەش راست نييە، (مجلس قيادة الثورة) چ (٥) ئەندامی هەبێت يان (٩) كەس بێ يان (١١) كەس بێ بەلاَم هەمان دەسەلاَتە، دەسەلاَت گرنگە نەک ژمارەی ئەندامانی ئەو دەستەيە. بۆيە ئەگەر ئەنجوومەنی سەكردايەتی شۆڕش (مجلس قيادة الثورة)(٢١) كەس بێت (٣) كەس بێت ئەگەر دەسەلاَتەكانی هەرێمەكە بەخۆی درا ژمارەی ئەندامانی راپەڕاندن(تنفيذی) ئەو دەسەلاَتە گرينگ نييە، لەبەر ئەوە بەڕای من ئەوەش بەديلێكی راست نيـيـە، يانی ناكـرێ ئێـمـە پێـشنيـارێک يان بوارێـک ئێـمـە رەت بكـەين وبەديلێكی لەيەک چووی هەبێ لەوانەيە قەدو بالاَی جياوازی هەبێت.

ئەبێ ئێمە تۆزێک مـەنتقی تر (طرح)ەكانی پەرلەمان بكەينەوە، سەرۆكايەتی دەسەلاَتی راپەڕاندن (رئاسة سلطة التنفيذي)يان سەرۆكايەتی هەرێم (رئاسه الاقليم) يان سەرۆكێک لەهەمووجيهاندا كەسێكە(فـرد)ێكە هەتا لە پێڕەوی كۆمەنيستەكان (الانظمـة الشـيـوعيـة)يش، لە پێـڕەوی مـوسـلـمـانانيش(الانظمـة الأسـلامـيـة) وولاتێكم بۆ بێنن كە دەستەی سەرۆكايەتی هەبێ تەنها لەبارودۆخێكی نالەباری(استثنائی) دياری كراو (محدد) ئەگەر نا، ئەوە لە ئێران سەرۆک كۆمار هەيە، لەسۆڤيەتيش سەرۆک كۆمار هەيە، لەئەمەريكاش.

لەدانيشتنی پێشوودا باسم كرد كەوا پەيوەندی سەركردە (عـلاقـة القـائد) بەپێی ياسـا زياتر پەيوەندی بە دەسەلاَتی راپەڕاندنەوە هەيە، ئەبێ ئەمـەش لەبەر چاو بگرين كە ئەلێن سـەرۆک يان رابەر خۆتانيش وەكو ئەنجوومەنی نيشتـمانيی كە داوای دەسەلاَتتان كردووە ئەلێن ئەمانە بدرێت بە بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی نيشـتـمانيی، نەتانگوتووە بە دەسـتەی سەرۆكايەتی ئەنجوومەنی نيشتـمانيی كە پێک دێت لە سەرۆک و جێگرو سكرتێرەكەی، بۆيە من دەلێم ( اتأمـرون الناس بالبـر وتنسـون أنفـسكم) بەرای من ئەمـە بەم شێوەيە ناكرێ، چونكە سروشـتی حوكمڕانی شێـوازێكی تاكەكەسـيـە(فـەردييـە) و ئەگەر فـەرديش نەبێ سـەرۆكی كـۆمـاری ئەمەريكا بڕياری كۆنگرس ڤيـتـۆ دەكات، مافی هەيە بەياسا ئەتوانێ بڕياری كۆنگرس ڤيـتـۆ بكات وەكـو سەرۆک كـۆمـار، بۆيە سـروشـتی دەسـەلاَتەكـە تاكـە كـەسـيـە(فـرد)يە وبۆ دەسـەلاَتی راپەڕاندن ئەوەش سـەركـەوتووترە، چونكە ئێـوە ئەلێن ئێسـتـا دەسـتـەی سـەرۆكايەتی لەسێ كـەس پێک بێ ئەبێ دووبارە بچين گفتوگۆی بكەينەوە ئايا بڕيارەكانی ئەمە بەتێكڕا دەبێ يان بەزۆرينە؟ خۆمان تووشی گرفتێكی تری ياسايی كرد ئەگەر بەتێكڕا بێت يەكێک مافی ڤيتۆی هەيە لەوانەيە هيچ بڕيارێكی

ئەم وڵاتە بەڕێوە نەچێ، چونکە یان سەرۆکی وەزیران رازی نابێ ڤیتۆی دەکات یان سەرۆکی پەرلەمان رازی نابێ ڤیتوی دەکات یان سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری رازی نابێ ڤیتۆی دەکات. لەو حاڵەتەدا بڕیارەکە بەڕێوە ناچێ، هیچ ئیشێک بەڕێوە ناچێ، ئەگەر کردمان بە زۆرینەیش ئەو دەستەی سەرۆکایەتیە یەکێکی «ممارسەی» مافی خۆی ناکات دەوری نابێ لە سەرۆکایەتیدا، هەمــوو جـار بڕیارەکـان بە زۆرینە بێت دووکەس رازی دەبن کابرای تر (محلی لە اعراب) لەسەرکردەی هەرێم (قیادەی اقلیم)دا نابێت چونکە فەرزی دوو رایە لەسەر رایەک لە یەک دەزگای سەرۆکایەتی ئەمەش بەرای من (اجحاف)ە بەمافی کابرایەک شوێنێکی سەرکردایەتی لە هەرێم(قیادی لەاقلیم) پێ دەدرێ کە موعتەرز بێ هەتا (أقلیة صائبة)ش بێت ناخوات. پاش ئەم هەموو لێدوانە وبەڕای من ئەمە باشە بۆ ئەوەی(اشباع) بکرێت وهەر برادەرێک گفتوگۆی دەکات وئێمە سوود لەیەکتروەرگرین بۆ گفتوگۆکردنی ئایندەی پەرلەمان. پاش ئەم رۆشنایانە دووبارە من ئەڵێم ئەم پرۆژەیە پاش ئەم تێروتەسەلییە کار کردن بە یاسای ژمارە (٢)رابوەستێ ویاسای ژمارە (١٩) هەڵبوەشێتەوە چونکە راستە ئەگەر ساڵی ١٩٩٣ش کاری پێ کرابێ کارەکی تەواوی نەبووە ئەوە یەک، دووەم ئەوە چوار پێنج ساڵە کار پێ نەکراوەتەوە. من زیاتر «مداخەلاتم» لەسەر ئەوەیە کە ئێمە بەرگریەکی سۆزییانە (دفاعێکی عاطفی) لەکاک مەسعود نەکەین و واهەست نەکرێ کەئێمە ئەم دەسەڵاتە لەکاک مەسعود وەردەگرینەوە، نەخێر، ئێمە لە بۆشایی یەک(خلو) وەردەگرین وبەڕاستی ئێمە رازی نین کە کاک مەسعود بەبڕیاری پەرلەمان ببێت بەرابەر. ئێمە وەکو پارتی قسە دەکەین رازی نین کاک مەسعود رێبەر بێت بەبڕیاری پەرلەمان. چەند کەس لەپەرلەمان بڕیار دەدات ئەگەر ئەمڕۆ رێزم بۆ رای برادەران هەیە، لەکۆی (١٠٥) ئەندامی پەرلەمان بە (٥٥) ئەندام کاک مەسعود بکەینە رێبەر، کاک مەسعود ئەو رێبەرییەی ناوێت، چونکە ئەبێ بە زۆرینەیەکی موتلەق و هەڵبژاردنێکی راستەوخۆ دەربچێت. باشە ئێمە یاسای هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆمان دانەناوە، ئێمە یاسای هەڵبژاردنی راستەوخۆمان پەیڕەوی کردووە، ئەمەش ئەبێ ڕەچاو بکرێ، لەبەر ئەوە من ئەڵێم ئێمە:

١- ئەگەر کەم وکوڕیەکان، بڵێین بۆ ئەدرێ بەسەرۆک وەزیران نادرێتە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی وەزیران یاسای خۆی هەیە وپەرلەمان رازی بووە لەسەری، تۆ دووبارە متوربەی (تطعیمی) یاسای ئەنجوومەنی وەزیران ناکەیەوە.

٢- ئەگەر بڵێن ئێوە بەرەو تاکەکەسی (فردیەت) و ئەنجوومەنی سەکردایەتی شۆڕش (مجلس قیادة الثورة)ی دەبەن ئەبێ بەدیدێکی باشترتان هەبێ بۆ پەرلەمانتاری ئێمە چونکە هەم پێشنیاری کاک عەبدولخالق (مجلس قیادەی ثورەیە) وهەم پێشنیاری لیژنەی یاساش کە شتەکان ئەدرێتەوە خودی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەحکومەتیش دا هاتووە دراوەتەوە بە سەرۆکی حکومەت یان دەستەی سەرۆکایەتی حکومەت کە پێک هاتووە لەسەرۆکی حکومەت وجێگرەکەی. ناکرێ ئێمە ئەوەی پەرلەمان بیەوێ یاسا بێ وئەوەی حکومەت بیەوێ تاکەکەس

بیَ، یانی من ئەڵێم گفتوگۆکان لەسەر بنکەیەکی پێ گەیشتن و لە چوارچێوەیەکی یاسایی دابێت بۆ هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەراندن ومن ئەڵێم پاش ئەو تێربیە بیدەینە دەنگدان، ئەوەی پەرلەمان پەسەندی کرد پەسەندی دەکاتەوە وئەوەی «رەفزی» کرد «رەفزی» ئەکاتەوە، چونکە بێگومان مادام هەموومان لەسەری ڕێک نەکەوتووین ئەبێ پەنا بۆ دەنگدان ببەینەوە، مادام رای جیاواز هەیە چارەسەر کردنی بۆچوونە جیاوازەکان لەدەنگدان دا دەکرێتەوە، بەڵام ئێمە بنەمای یاساکان کە دەنگی لەسەر دەدرێت دیاری بکەین پچڕ پچڕی نەکەین بۆ نموونە مادده یەک بەڕای من دوو برگە بێت یەکێک راگرتن دوو (الغائی )یاسای ژمارە(١٩) ئینجا بێینەوە دابەش کردنی دەسەڵاتەکان مادده مادده بەسەری دابێن گفتوگۆی بکەین ودەنگی لەسەر بدرێت ئەگەر ئەمڕۆش تەواومان نەکرد دانیشتنی دوو تەواوی دەکەین من تەنها ئەم (موداخەلاتانەم) هەبوو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ بۆ ئەم روونکردنەوانە،یەک تێبینی بچووک بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ ئەوە تەنها بۆ روونکردنەوەیە کرایەوە، پەرلەمان دوو شتی نەویستووە، یەک پەرلەمان دەسەڵاتی نەویستووە بۆ سەرۆکی پەرلەمان یانی ئەبێ روون بێ لاتان یاسای ژمارە (٢) ئەو دەسەڵاتەی داوە بەسەرۆکی پەرلەمان، دوو شتی زۆر لێک جیاوازن، یانی ئەگەر وەری بگێڕین (قەڵبی کەینەوە) قسەکە بەپێچەوانەی (نەقیزی) ئەوەی جەنابی وەزیری ناوخۆوە دەبێت، لەبەر ئەوە حەز دەکەم ئەوە روون بێ کە نەلیژنەی یاسا ئەو دەسەڵاتەیان داوا کردووە نەپەرلەمانیش داوای ئەو دەسەڵاتەی کردووە بۆ سەرۆکی پەرلەمان، یاسای ژمارە (٢) داویەتی وبەڕای جەنابی وەزیریش ئەوە بۆشاییە (خلو)ە نەک بزربیە (غیابە) بابەتەکە روونە:

خاڵی دوو: حەزم دەکرد لەسەرەتاوە قسەمان بکردایە بەڵام لەبەر ئەوەی (الشیء بالشیء) لەجێگای خۆی باشترە، بمانەوێ ونەمانەوێ ئێمە گرفتێکی پرۆتۆکۆلیمان هەیە لە (ئیجرائاتی) یاساییمان و لەوانەیە یەکەم کەس من وەکو سەرۆکی پەرلەمان ئەویش پەرلەمان ئەو مافەی بەمن داوە و بەخۆم زۆر پەرۆشی ئەم مەسەلەیە بووم و، لەچەند بۆنەیەکی دەرەوەی پەرلەمان ولەناو پەرلەمانیشدا من ئەم بابەتەم خستۆتە روو، ودیسان دەگەڕێمەوە کە یەکەم هەڵمان بۆ هات لەمانگی (٩)من دوو نامەم ئاراستەی لیژنەی یاسا کردووە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو بارە بکەین ومن لەوبڕوایەدام ئەگەر کاتی خۆی ئێمە بەسەرێکی ساردەوە چارەسەری ئەم بابەتەمان بکردایە ئێستا تووشی ئەم گرفتە نەدەبووین کە ئێستا تووشی بووینە و(الخیر فیما حصل) شتێکی خۆشە ئێمە گفتوگۆی دەکەین وەکو ووتم لەسەرەتاوە ئەمە دەبێتە گەنجینەیەک بۆ پەرلەمانی ئێمە وبۆ میللەتی ئێمە، ئەوەی پەیوەندی هەبێ بە رابەرو دەسەڵاتی جەنابی سەرۆک بارزانی منیش لەگەڵ رای جەنابی وەزیری ناوخۆم وهەندێ برادەرانی تریش کەباسیان کرد با لەم بابەتە لادەین،جەنابی کاک مەسعود خۆی قەبووڵ ناکات بەشێوەیەکی نا یاسایی (مومارەسەی) شتێکی یاسایی بکات وابزانم بۆنەکان (مناسبات) زۆر هاتە پێشەوە تێکڕای دەنگی خەڵکیش هەبوو لەسەر ئەوە،بەڵام

خۆی ڕازی نەبوو چونکە ناکرێت. دیسان من ڕوونکردنەوە دەخەمە سەر قسەکانی کاک فازل، پەرلەمان ئەو مافە بەخۆی نادات کەکاک مەسعود هەڵبژێرێ بەرابەر، چونکە یاسایەکی وەها نییە ئەگەر هەبێت ئەوە هەموومان مل کەچی ئەوە دەبین بە کاک فازڵ و پارتیشەوە. بەڵام پەرلەمان ئەو مافەی پێ نەدراوە رابەر هەڵبژێری، بۆیە ناکرێ لێرە ئەندامانی پەرلەمان ئاماژە بۆ شتێک بکەن کە لەیاسای پەرلەماندا نییە یاخود بۆ بابەتێک پەلکیشمان بکەن کە لەجێگای خۆی نییە وئەگەر نا ئەو مافە درابا بەپەرلەمان گومانم لەوەدانییە ئەوکات جەنابی سەرۆک بارزانی و پارتی وهەمووومان ملکەچی ئەو بڕیارەی پەرلەمان ئەبین وئێمە ئەو بابەتەمان چارە دەکرد لەکاتی خۆیدا، ئێستاش وابزانم ڕوونکردنەوە تەواو بوو لیژنەی یاساو کاک عەبدولخالق ماون کاک فرەنسۆش ماوە، بابزانین لیژنەی یاساو کاک عەبدولخالق وکاک فرەنسۆ باسی تێبینیەکانی خۆیان بکەن، پاشان جەنابتان هەموو تێبینیەکانتان ڕوون بکەنەوە، کاک عەبدولخالق بابفەرمێ.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی قسەکانی کاک فازڵ زۆر پاڵی پێوەنام کە ئێمە (اشباعی) ئەم بابەتە بکەین لەوخاڵەوە پێم خۆشە نەختێک بە ئاشکراوە قسە بکەین، ئەمە پەرلەمانەو ئێمە بۆ باشترین داڕشتن (صیغە) دەگەڕێین وباشترین چارە بۆ گرفتەکانمان. بەتایبەتی ئێش و ئەشکەنجەمان هەیە ئەویش کەم وکوری لە کەلێنەکانی جێ بەجێ کردنی یاسای ژمارە (٢) وئەوەش تازە نییە خۆمان دەزانین، دوو یاسامان هەیە، لەبەر ئەوەی هەرێمەکەمان نەدەستووری هەیە نە یاسای بنەڕەتی (قانونی ئەساسی) هەیە لەکاتی خۆی کۆمەڵێک یاساناسان ودادوەرەکان(مشرعین وقضاة) وچەند کەسایەتیەک توانیان ئەم دوو یاسایەمان بۆ دابنێن وئەبێ شانازی پێ بکەین ولە بارودۆخێکی مێژووی داندراوە.

ئەو کاتەش زیاتر سەکردایەتی هەرێم بەدەست بەرەی کوردستانی بوو،لەبەر ئەوە من بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوە نیم نە هەڵبوەشێتەوە (الغاء) نە رابگیردرێت(ایقاف) نەیاسای ژمارە (١) نەیاسای ژمارە (٢). لەوانەیە لەحاڵاتی نائاسایی کە کەلەنێک (ئەغەرەیەک) هەیە هەندێ یاسا جێ بەجێ ناکرێ لەبەرئەوەی بۆ نموونە رابەر هەڵنەبژێراوە لەوانەیە دارشتنەک بدۆزرێتەوە هەندێ دەسەڵاتی پێ بدرێ لەو بوارەی کە کرا سەبارەت بە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کە کاک فرەنسۆ زۆر بۆی چوو بەڕاستی ئێمە ئەگەر یاسای ژمارە (١٩) هەڵنەوەشێنینەوە ناتوانین ئێمە بڕۆین دەسەڵات بدەینە ئەو دوو دەستەیە، هەر لەبەر ئەوە بوو ئەوانەی کە ئەو دوو یاسایەیان دانا (١٥) پسپۆر بوون لەساڵی ١٩٩٢ بوو لە بارودۆخێک بووکەشێکی دیموکراتی هەبوو گرفتمان کەمتر بوو، ناڵێم گرفتمان نەبوو، کاک فازڵ دەڵێ سەرۆکی کۆماری ئەمەریکا مافی ڤیتۆی هەیە ئەمە زۆر جیاوازی هەیە لەنێوان مافی ڤیتۆ ونێوان دانی دەسەڵات (منح الصلاحیات) هەفتەیەک لەمەوپێش سەرۆک کلینتۆن داوای هەندێ دەسەڵاتی نائاسایی «استثنائي» کرد، کۆنگریسی

ئەمەریکی ڕەتی (ڕەفزی) کرد نەیدا پێی، لەبەر ئەوەی بەپێویستی نەزانی دەسەڵاتی خۆی بداتە کەسێکی تر،ئینجا لەبەر ئەوە سەبارەت بەمن ئەو بارودۆخەی کە کوردستان تیایەتی و لەکوردستاندا هەیە ئەو بەشکردنەی کە لەکوردستان هەیە پێویست نییە ئێمە لەحاڵاتێکی وا ئێمە بێین دەستکاری یاسای ژمارە (١)و(٢) بکەین لەبوارێک ئەگەر گەرەکمانە زۆر بەئاشکرا (صراحەت) هەندێ دەسەڵات بۆ ڕۆیشتنی ئیش بدەینە دەستەیەک کەمن پێشنیارم کرد بوو، یان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی وئەنجومەنی وەزیران. بەڕای من دەبێ برگە (١) زۆر ڕوون بێ ڕاگرتنی (ایقافی) تیا نەبێ برگەیەکی تر دابنێ ومن ئەوجارە کە پێشنیارم کرد سێ ئەرکەکانی (مهامی) ڕابەر وەربگرێ لەهەر سێ دەسەڵات، دەسەڵاتەکانی: یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەری، لەبەر ئەوەی ئەوانە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی هەرێمیان بەدەستەوەیە، ئەویش بەناچاری چونکە من لەگەڵ ئەوەش نیم، من لەگەڵ ئەوەم کە هەڵبژاردن بێ بۆ سەرۆکی هەرێم ناڵێم سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز (قائد الحركة التحررية) لەبەر ئەوە سەبارەت بەخۆمەوە وای بۆ دەچم کە ئێمە ئەبێ برگەی (١) ئەگەر لەحاڵەتێک گەرەکمان بێ دەسەڵات بدەین بەدوو لایەن ئەبێ بڵێین ئەدرێ(يمنح) نەک ڕاگرتنی (إيقاف العمل) لەبەر ئەوەی دیاردەی ڕاگرتنی ئیش پێکردن بەتێکڕا نابێ بەکاربێنین و، ئەتوانم بڵێم دەست درێژیە(تجاوزيشە) لەسەر هەق (يمنح صلاحيات التالية الواردة في القانون رقم (٢) الخاص بانتخاب قائد الحركة التحررية الكوردية الى المجلس الوطني الكوردستاني او مجلس الوزراء او الهيئتين) کەمن پێشنیارم کرد نەک هەڵوەشانەوەی (الغائى) تیا بێت و نەڕاگرتنیشی (ایقافیشی) تیا بێت بۆ ئەوەی بۆشاییەکانی داپۆشین، وەکو کاک فازڵ ووتی بۆ ئەوەی ئیشەکان ببێ وبە سۆزانە (عاطفی) نەچین بۆی. چونکە هەندێ مەسەلە هەیە وەک هەرێم پێویستمان هەیە هەندێ دەسەڵات بدەین بەو برادەرانە بێجگە لەدەسەڵاتی ژمارە (٣) کە بەتێکڕا من دژیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، تەماشای ئەم دەسەڵاتانە بکەن کە دابەش کراوە، بەتەنیا برگە(٣و٥) نەبێ ئەوەی تر بابەتێکی (ئیجرائییە)، پرۆتۆکۆڵییە، تەواوکەرەو، لێتانیش ناشارینەوە گرنگیشە بۆسیستەمی ئێمە. جگەلە برگە سێ و، پێنج ئەوەی تر بابەتێکی (ئیجرائییە)و، تەواوکەرەو، دەبێ بکرێ، ئەگەر برادەرانی ئەنجومەنی وەزیران ڕێگام پێ بدەن، چونکە ئێرە پەرلەمانە مافی خۆمانە هەموو شتێک ڕوون بکەینەوە، یانی تا ئێستاکە کۆمەڵێک (ئیجرائات) لە کابینەی سێهەمدا کراوە، بەڕاستی (ئیجرائاتی) تەواوکەری نەکراوە، بۆیە شەرعیەتی خۆی وەرنەگرتووە، بۆیە من وەکو سەرۆکی پەرلەمان لە جیاتی ئێوە کاتی خۆی بە پەرۆشەوە لە مانگی (٩)ەوە داوام کرد زوو ئێمە ئەم کەلێنانە پڕ بکەینەوە، ئەگەر ئێستا ئێمە ئەم بابەتانە دوا بخەین بەڕای من دیسان ئەو کەلێنانە دەمێنێتەوە، ئەگەر تەماشای ماددەکان بکەن لەو دوو برگەیە زیاتر، ئەگەر یاساییەکان قسەی تریان نەبێ لەسەر قسەکەی من، من وا هەست دەکەم جگە لەو دوو برگەیە(٣و٥) ئەوانی تر بابەتی( ئیجرائی) گرنگن، ئەگینا ئەو تەشریعاتانەی کە ئێمە هەمانەو،

ئەو (ئیجرائاتانەی )کە ئێمە دەیکەین روخساری خۆی وەرناگرێ، بۆیە با گفتوگۆکانمان تۆزێک (حصر) بکەین، یانی دەبێ شتێک بکەین لەم یاسایە، بەلام داڕشتنەکەی چۆن دەبێت ئەوە بابەتێکی ترە، بەلام دەبێ ئەم بابەتانە بە زووترین کات چارەسەر بکرێت، کاک فرەنسۆ فەرمووو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من ڕێزم هەیە بۆ کاک عەبدولخالق، بەلام لە قسەکانیدا لێک نەچوون هەیە، یەکەم دەڵێ: لەگەڵ ئەوە نیم رابگیرێ، بەلام لەگەڵ ئەوەشە بدرێتە کۆمەڵێک، یانی لەگەڵ ئەوەیە راشبگیرێ و، بەشێوەیەک دابەش بکرێ لەگەڵ ئەوە حەقە ساغ بکرێتەوە. من دەمەوێ شتێک بۆ ئەندامانی پەرلەمان روونی بکەمەوە، ئەگەر ئەم خاڵە رەت کرا، ئەگەر دژی ئەم خاڵە راوەستا، واتا پرۆژەی حکومەت بەتەواوی رەت کرا (إعادە کرا) ئەندامانی پەرلەمان تەنیا ئەوە بزانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن بالتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینییەکم هەیە لەسەر قسەکانی بەڕێز کاک فازڵ، منیش لەگەڵی مە، ئەمە (مبدأ)ە نەدرێتە دەستەیەک یان کەسێک جیاوازی نییە، ئەوە (مبدأ) ئایا ئێمە ئەو دەسەلاتانە بدەینە ئەنجوومەنی وەزیران یان نەیدەین من لەگەڵ کاک فازلم دەستەیەک بێت، یان تاکەکسێک بێت ئەوە (من حیث المبدأ) دەدرێت، یان نادرێت؟.

قسەکانی بەڕێز کاک عەبدولخالق، من پێش ئێستا گوتم بۆشاییەکی یاسایی هەیە یاسای ژمارە (٢) بەکار نەهاتووە، ئەگەر بەشێکی کەمیش ئێستا نییە، من نموونەیەکی بچوک دەینم مادده (٨) لە یاسای ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٢ کە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانە، برگە (١٢) لە مادده (٨) دەڵێت سەرۆک وەزیران دەتوانێت ئەم فەرمانبەرە دابمەزرێنێت (یستثنی من ذلك أصحاب الدرجات الخاصة) واتا ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆک وەزیران دەسەلاتی نییە (أصحاب الدرجات الخاصة) دابمەزرێنێ، ئایا کێ دادەمەزرێنێ، بریکاری وەزارەت (درجە خاصەیە) داشمەزراوە بەرای من ئەو دامەزراندنە هەڵەیە، چونکە سەرۆک وەزیران ئەم دەسەلاتەی نییە بە گوێرەی مادده (٨) لە یاسای ژمارە (٣)، باشە ئێمە ئەو بۆشاییە بۆ پڕ نەکەینەوە، بۆ ئەو دەسەلاتە نەدەینە لایەنێک هەتا ئەو (ئیجرائاتە) شەرعیەتی هەبێت، (مصادقة علی حکم الإعدام أو تخفيفها)، هەتا ئێستا لایەنەکمان نییە حوکمی لەسێدارەدان پەسند بکات کە پلەی کۆتایی بەدەست هێناوە، یان سوک بیی نییە باشە بۆ ئێمە لایەنێک نەینین ئەو دەسەلاتەی بدەینێ، لەو بۆشاییە یاساییە رزگارمان بێت. سەرۆکی دادگای تەمییز سێ جار بەمنی گوتووە ئێوە بۆ ئەو بۆشاییە پڕ ناکەنەوە، بۆ لایەنەک نایێنن کە بڕیارەکانی لەسێدارەدان پەسند بکات، جا لێرە ئێمە یاسای ژمار (٢) ئەو

دەسەڵاتانە دابەش دەکەین تاوەکو ئەو بۆشاییە یاساییە پڕ ببێتەوە، ئەوە تەنیا ڕوونە بوو زۆر شتی تریش هەیەو، لەوانەیە ئەنجوومەنی وەزیران زۆر شتی بەکار هێناوە بەرای ئێمە ئەوە لە یاسا لادانە، چونکە دەسەڵاتی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. ئەم بابەتە بەتێری باس کرا، ئەگەر چ پێشنیارێکی دیاری کراو نییە، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارێک لە د. ئیدرس هاتووە، ببورە من لەبیرم چوو د. ئیدریس پێشنیاری هەیە دەڵێت مادده (١) بکرێتە (أ)و (ب).

المادة الاولى: یوقف العمل بالقانون رقم (   ) ئینجا دەڵێت واحد ئەو أثنین، بەڵام د. ئیدریس پێشنیار دەکات ببێتە (أوب) واتا لە جیاتی (١و٢) ببێتە (أوب).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە پێشنیاری د. ئیدریسە مادده یەک ببێ بە (أوب)، هیچ پێشنیارێکی تر نییە؟.

فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داوا دەکەم (إیقاف) نەبێ بەڵکو ببێ بە (یمنح).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاکە دوو پێشنیارمان هەیە، ئەگەر برادەران سوورن لەسەر پێشنیاری خۆیان دەیخەینە دەنگدانەوە.

پێشنیاری یەکەم، کێ دەیەوێ قسەی لەسەر بکات. د. ناسح، کاک فرەنسۆ، کاک جەمیل، سێ کەس قسە دەکەن لەسەر پێشنیاری د. ئیدریس. د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من پێشنیارەکەی د. ئیدریس باشە، بەڵام نەک بە (أوب) بێت هەر ماددەی یەک لە (ئیجراء الانتخابات) کۆتایی بێت، برگە (٢)کە دەڵێ: (توزع الصلاحیات الواردة فیها کالآتي) بگۆردرێ ببێتە ماددەی (٢)، یانی زنجیرەی ماددەکان بەو شێوەیە بێت، ئەو کاتە عەمەلی تر دەبێت و، یاسایی تر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با بزانین برایانی لیژنەی یاسا چ رایەکیان هەیە بەرامبەر ئەو پێشنیارە؟ چونکە ئەو کاتە ئەوەی دکتۆریش چارەسەر دەکات.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی من بەباشی تێنەگەیشتووم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من روونی دەكەمەوە، دەڵێت: (المادة الاولى: يوقف العمل بالقانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ قانون انتخاب قائد الحركة التحريرية الكوردية لحين إجراء الانتخابات)، پێشنیاری زیادەیەكیش هەیە كە دەڵێ «العامة» زیاد بكەن. ئەمە ئەبێ بە المادة الأولى.

المادة الثانية: توزع الصلاحيات الواردة فيها، يان الواردة في القانون رقم (٢)و، یەک دوو بێنە خوارەوە، مەبەستی ئەوەیە، ئینجا نازانم داڕشتنەكەی چۆن دەبێت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پرۆژەی د. ناسحم، واتا لێرە (المادة الاولى) بوەستێت هەتا (الانتخابات العامة)، ئینجا دەبێتە مادده یەک (توزع الصلاحيات كالآتي): دەبێتە (أوب) وەكو رای د. ئیدریس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاک دكتۆر لیژنەی یاسا لارییان نییە، لەوانەیە ئەگەر تۆزێكی تریش پوخت بكرایەوە، باشتریش دەبوو، سوپاس بۆ د. ئیدریس، سوپاس بۆ دكتۆر ناسح، دیارە پێشنیارەكەی دكتۆر ئیدریس كێشرایەوە، ئێستا بائەوەی كاک د. ناسح بخەینە دەنگدانەوە. كاک جەمیل فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

داوا دەكەم پێشنیاری بەڕێز عەبدولخالق زەنگەنە پێش هەمووان بخرێتە دەنگدانەوەو، بەو شێوەیە بێت: المادة الاولى: توزع الصلاحيات الواردة في القانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ كالاتي، ئەو كاتەش یاساكە هەر لە جێگای خۆی دەمێنێتەوە، چونكە ئەگەر لە كۆتاییدا پێشنیاری كاک عەبدولخالق زەنگەنە بخرێتە دەنگدانەوە قازانجی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من مەسەلەی «تجميد »كردن و، كاركردن بەیاساكان بۆ برادەرانی یاسا بەجێ دەهێڵم، بۆیە ئەو (إيقاف العمل)ەكەی كە یاسا دیاری كردووە دەبێ تەنها بەو دەسەڵاتانە بەكار بێت، ئەوەی جەنابت دەڵێت لێرە پێكاوێتی، كاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو گوتم جارێ خەریكن بازدەدەن لەسەر مەسەلەكە، بۆ نموونە ئەوەی كاک جەمیل گوتی كاتێ كە

هاتینە سەر دابەش کردنی دەسەڵات ئەو کاتە دەتوانێ ئەو پێشنیارە بکات ئێستا ئێمە باسی ئەوە دەکەین رابگیرێ، یان رانەگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام ئەو لەگەڵ راگرتنەکە نییە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هی ئەو پاش راگرتنە، ئێستا دەنگ بدەن رابگیرێ یان نا؟ پاش ئەوە ئەگەر بڕیار درا رانەگیرێ یانی تەواو ئەو پرۆژەیە رەت دەکرێتەوە، ئەگەر بڕیار درا رابگیرێ، ئەو کاتە کاک جەمیل دەتوانێ خۆی پێشکەشی بکات لە کاتی دابەش کردنی دەسەڵات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر دەرفەت بدەی کاک فرەنسۆ ئێستا دوو پێشنیار هەیە، با بۆتی دووبارە بکەمەوە، ئەوەی د. ناسح ئێستا گرفتمان لەسەری نەماوە دوایی دەیخەینە دەنگدانەوە.

ئەوەی کاک عەبدولخالق، ماوە بەڵام کاک جەمیل هەموارکردنێکی هەیە لەسەر پێشنیارەکەی کاک عەبدولخالق ئەبێ پێشەکی ئێمە چارەسەری پێشنیارەکەی کاک عەبدولخالق بکەین، بۆیە ئێمە هەمیشە پێشنیار دەخەینە دەنگدانەوە، جا پێشنیارەکە بە هەموارکردنەکەی کاک جەمیلەوە بیخەینە دەنگدانەوە، یان ئەگەر رازیە بە هەموارکردنەکەی کاک جەمیلەوە بیخەینە سەری بۆ ئەوەی ئەوە بخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر رازینە وەکو خۆی ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، ئەو کاتەی ئەوەی کاک جەمیل پێشنیاری کرد ئەوەش دەخەینە دەنگدانەوە، چونکە زنجیرەکەی وا دێت.

فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باوەڕ ناکەم ناکۆکیەک هەبێ لە نێوان قسەکانی من و کاک جەمیل، گرنگ ئەوەیە (إيقاف) نەبێ (منحى صلاحياتە)،(توزيعى صلاحياتە) ئەوەبابەتێکە سەبارەت بە منەوە هیچ گرفتێک نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە دەخەینە دەنگدانەوە پێش هەموو شت.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لە دژی وشەی (ئیقاف)م، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە روونکردنەوەمان کرد کاک عەبدولخالق ئێمە روونمان کردەوە کە ئەگەر ئەمە (إيقاف) نەبێت هەندێ ئیجرائات ناتوانین بکەین و، ناتوانین هەندێ دەسەڵات بدەین، کاک عەبدولخالق

پێشنیارەکە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە. تکایە گوێتان لە پێشنیارەکەی کاک عەبدولخالق بێت.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی کاک عەبدولخالق دەڵێت: يمنح الصلاحيات الواردة في القانون رقم (٢) كالآتي:
أو توزع الصلاحيات الواردة في القانون رقم (٢) لسنة (١٩٩٢) كالآتي:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە دەبێ بە مادده یەک لە جیاتی (إيقاف العمل)، ئەمە پێشنیارەکەیە. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئێمە (إيقاف) نەکەین ناتوانین (صلاحيات) دابەش بکەین، ئەوە لەلایەنی یاساییە، یاسای ژمارە (٢) (إيقاف) نەکەین ئەو دەسەڵاتانە ئێمە ناتوانین دابەشی بکەین، چونکە ئەو دەسەڵاتە دراوە بە ڕێبەر، ئەگەر بە ڕێبەر نەبێت (خلو) بێت ئەو «منصب»ـە مادده (١٤) دەدرێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، یانی دەبێت ئێمە کار بەم یاسایە بکەین، ئەگەر ئیقافی نەکەین بەڕای من ئەو دەسلاتانە دابەش ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەگەڵ ڕێزم بۆ قسەکانی سەرۆکی لیژنەی یاسا، بەڕاستی ئەتوانین و بەڵگەشم هەیە کە ئێمە لەکاتی خۆی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیمان پێک هێنا، دەسەڵاتمان دانا، یاساکەشمان ڕەت نەکرد، ئەوە بەڵگەیەکی دیاری کراوە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم وشەی (إيقاف)، لەبەر ئەوەی ئێمە دوو یاسامان هەیە مافی ئەوەمان نییەدەستکاریان بکەین، هەندێک دەسەڵاتی هەیە،هەموودەسەڵاتی هەیە، گرفتی من نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو یاسا دروستی کرد، ولێرە تۆ یاسات نییە، بەڵام کاتی خۆی کە تۆ یاسای ژمارە (١٩)ت دەرکرد، کاری نەکردە سەر یاسای ژمار (٢) یاسایەکە (جوازی) بوو، بەڵام ئێستا تۆ دابەش

کردنی دەسەڵاتەکان بە یاسایەک هاتووە دەکەیت، ئەو هێشتا کاری پێ دەکرێ، من لەگەڵ رای کاک عەبدولخالق نیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک فازڵ فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میران/ وەزیر ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من لەسەر ئەمە پرسیار دەکرێتەوە، میرات پێش مردن دابەش دەکرێت یان دوای مردن لەرووی یاساییەوە؟ دوای مردن، ئەوە دەبێت (إیقاف) بکرێت ئینجا دابەش کردنی دەسەڵاتەکان بکرێتەوە، ناکرێت میرات پێش مردن دابەش بکرێت، ئەمە یەک.

دوو، من حەز دەکەم ماوە بدەن بە کاکەڕەش لە جیاتی حکومەت با «مداخلەک» بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم مرۆڤیش بۆی هەیە پێش مردنی وەسیەت بکات چۆن میراتەکەی دابەش بکرێت!! فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندیی/ کارمەند لە ئەنجوومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای ژمارە (٢) کۆمەڵێک دەسەڵاتی تیادایە، ئێمە نامانەوێت هەموو دەسەڵاتەکان دابەش بکرێن لە نێوان سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، دەمانەوێت بەشێک لەو دەسەڵاتانە بە (مجمدی) بمێنێتەوە، بۆ نموونە یەکێک لە دەسەڵاتەکان سەرۆکی هەموو فەسائیلەکانی ناوچەی کوردیە نامانەوێت ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتی کەس بێت، ئەگەر ئەو یاسایە (إیقاف عمل)ی پێ نەکرێ مانای ئەوەیە ئەو دەسەڵاتانە کاری پێ دەکرێتن «مومارەسة» دەکرێن، کە کاری پێکرا (مومارەسە) کرا لەسەر بنەڕەتی مادده (١٣و١٤) لەسەر بنەمای (خلو ــ غیاب) مومارەسە دەکرا، گریمان سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەیانی پشت بەو ماددەیە بڕیارێکی دا هێزەکانی جوڵاندەوە بۆ لایەک، جەنابی کاک عەبدولخالق چ دەڵێت؟، چونکە ئەو دەسەڵاتی هەیە یاسای ژمارە (٢) رانەگیراوەمافی خۆیەتی بە گوێرەی یاساکە دەبێتە سەرۆکی هەمووهێزە چەکدارەکان لە ناوچەی کوردی، بەڵام ئێمە کە دەڵێین (إیقاف العمل) مانای ئەوەیە یاساکە وەستا، بەشێک لەو دەسەڵاتانە دابەش دەکرێت وئەوەی دابەش نەکرایە رادەوەستێ مومارەسە ناکرێ.

دوو: برادەران هەموویان بۆ (مبدء الخلو والغیاب) چوون هیچیان یاساکەی رەچاو نەکرد (خلو) لەسەر ئەو شتە دانراوە یان (خلو) لەسەر ئەو بنەمایە دانەنراوە کە هەڵبژاردن نەکرێ، کە قۆناغی دووەم نەکرێ، ئەو (خلوە) لەسەر ئەو بنەمایە دانراوە ماوەی رابەر چوار ساڵە، لەوانەیە چوار ساڵەکە تەواو دەبێت ماوەک هەڵبژاردن ناکرێ، دوایی یاساکە (خلو)ەکەی داناوە دیاری کردووە بە

مانگێک، دەبێت لە ماوەی مانگێک چارەسەر بکرێت، ئەویش بە هەڵبژاردن دەڵێ: (علی أن یجري الانتخابات خلال شهر) ئەویش مانای ئەوەیە هەڵبژاردنەکە دیسان ناتوانرێ بکرێت، ئەگەر (مفهوم المخالفة) وەربگرێ، مانای ئەوەیە مومارەسەی ئەویاسایە بەشێوەیەکی رێکوپێک زەحمەتە، لەبەر ئەوە ئێستا بابەت بنەمای چەند دەسەلاتێکە بۆ رۆیشتنی ئیشوکار، ئەوەی برادەران بە پەسندی دەزانن بدرێتە سەرۆکی پەرلەمان «مومارەسەی» بکات، ئەوەی برادەران بە پەسندی دەزانن بدرێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و مومارەسەی بکات، مەبەست لە یاساکە ئەوەیە، نازانم ئەگەر گوتتان (یوقف العمل)، یانی یاسا بۆ قودسیەتی نامێنێ دوایی (لحین الانتخابات) مانای ئەوەیە ئەو کاتە پێویستت بە یاساش نابێت، هەر (مجرد مباشرە الانتخابات) یاساکە دێتەکایەوە، یانی پێویست ناکات ئەو یاسایە جارێکی تر بێتەوە ناو پەرلەمان، پرۆژەیەکی تر لە پەرلەمان دەربچێ بلێ ئێمە ئەو یاسایەمان (ئیطلاق) کرد، بە راگەیاندنی هەڵبژاردن کرا یاساکە دێتەوە کارکردن، چونکە دەڵێ (لحین إجراء الانتخابات)، دەست پێ بکەین یاساکە دێتەوە ئیش، برادەران دەڵێن هاودژ دەبێت (لحین إجراء الانتخابات)، هەرگیز وا نییە، بەڵکو زۆر رێکوپێک و جوانە، بۆ ئەوەی ئێمە جارێکی تر پێویستمان بەوە نەبێ ئەوە پارێزگاری قودسیەتی یاساکە دەکات، هەر کە هەڵبژاردن کرا مانای ئەوەیە یاساکە دێتەوە گۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاکەڕەش. بەراستی یەک دوو (موداخەلەی) بچوک هەیە لەسەر قسەکانی کاکەڕەش، چونکە، لێرە وەکو راوێژکاری حکومەت قسە دەکات، بەداخەوە من کاتی خۆی زۆر جار چ لەگەڵ برادەرانی یاسا، چ تاک تاکیش، زۆر جار لەگەڵ خۆشی دەمگوت ئەندامی پەرلەمان کە شتی یاسایی هەڵدەسەنگێنێ یاسادانەرە، پارێزەر نییە، جیاوازی نێوان یاسادانەر لەگەڵ پارێزەرێک زۆر زۆرە، لەوانەیە زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان گوێیان لەو قسەیە بووە کە من کردوومە و تەنها بۆ ئەوە بووە، بۆ ئەوەی بەراستی ئێمە وەکو پەرلەمانتارێک، وەکو دەسەلاتێکی یاسادانان بیر لە شت بکەینەوە شت بخەینە روو، لەسەر ئەو بنەمایە بڕیاری لێ بدەین. کاکەڕەش ئێستا وەکو پارێزەرێک قسەی کرد لەسەر دوو خاڵ، یەک بابەتی (خلو) خۆی لەم پەرلەمانەدا بووەو لەوانەیە چەند جارێک سوور بووە لەسەر (خلو)، ئەگەر دیاری کراوە بە مانگێک هەڵبژاردن بکرێت یان نەکرێت، بەڵام بنەماکە لێرە کە لە برگەکە هاتووە روونە هەر کاتێک ئەو جێگایە پڕ نەکرێتەوە ئەوەی بڕوای بە (خلو) هەیە (خلوە) ئەوەی بڕوای بە (غیاب) هەیە (غائبە)، کە نەکراوە ئەوە نەهەڵەی(خلوەکە) بووەو، نەهەڵەی (غیابەکە) بووە، لە کاتێکدا ئێمە کە ماوەی پەرلەمانمان دوو سێ جار درێژ کردووە کە ماوەکەی بە ئەوەندە ساڵ دیاری کراوە، نەدەبوایە وا بۆی بچووبایە، بەلانی کەمەوە خۆی لەم پەرلەمانەدا چەند جار بەرگری لەو بیروبۆچوونە کردووە لەسەر ئەو بابەتە، ئەمە خاڵی یەک.

خاڵی دوو: ئەوەیە ئێمەش گوتمان کۆمەڵێک شت هەیە لەم یاسایەداو لەسەرەتاوە ئاماژەم بۆ کرد،

ئەگەر ئێمە چارەیەک لەم یاسایە نەکەین وەکو خۆی ئەمێنێ و، هەندێکی جێبەجێش ناکرێت، بۆیە باشتر وابوو کاکەڕەش ئەو بابەتەی بەو شێوەیە باس نەکردبایە ئەمە پەیوەندیی نییە بە (خلو)و، پەیوەندیی نییە بە ماوەکەوەو، و جێگای پرسیارە، ئەگەر (إيقاف العمل)کرا بەیاسای ژمارە (٢)باشە چون هەڵبژاردنی ڕابەر دەکرێت؟بەکام یاسا؟ وابزانم ئەوەی مافی (إيقاف)ی هەبێت هەر ئەوە مافی جارێکی تر کارپێکردنەوە بەو یاسایەوە هەیە، دیارە کاکە ڕەش هەر دەیەوێت ئەو ڕێگایە بن بەست بکات. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تێبینیەکی بچوکم هەیە لە قسەکانی جەنابی کاکەڕەش کە ئەڵێت مانگێک درایە ماددە (١٤) لە یاسای ژمارە ٢ (تناط الصلاحيات الى رئيس المجلس الوطني لمدة شهر) ڕاستە ئەوە هاتووە، بەڵام لێکدانەوەی کاکەڕەش بەڕای من ئەو وەکو پارێزەر قسەی کرد منیش وەکو پارێزەر قسە دەکەم، لەگەڵ ڕێزم بۆ کاکەڕەش ڕایەکەی هەڵەیە، چونکە ئەو هەڵبژاردنە نەکرا ئەوە پێنج ساڵە نەکرا ئایا یاسا ڕادەگیرێت مەبدەئێکی (فقهي) ویاسایی هەیە دەڵێت (العمل بالقانون احسن أو اولى من إهمال القانون)، واتە ئەگەر هەڵبژاردن نەکرا ئێمە ئەو یاسایە پشتگوێ دەخەین، بەڕای من ئەو (مدة شهر)ە کاریگەریتی هەیە، چونکە ڕێبەرمان نییە ئایا ئێمە ئەم یاسایە فڕێ بدەین؟ یانی نەک تەنیا ئەو ماددەیە پشتگوێ دەخەین دەبێت ئێمە هەموو یاساکە پشتگوێ بخەین ئەوە یەک.

ددوەم: کاکەڕەش فەرمووی (حال أجراء الانتخابات)، ئەوە دێتە گۆڕەپان و کاری پێ دەکرێ؟ نەخێر ، چونکە پەرلەمان ئەوەی بە بڕیارێک ڕاگرتووە، جارێکی تر دەبێت بە بڕیارێک بێتە کایەو وبڕیارێکی پەرلەمان دەربچێت ئەو (إيقافە) هەڵبوەشێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک فازڵ.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشک و برایان، من نامەوێ بکەومە گفتوگۆ لە نێوان پارێزەرەکان، بەڵام من پشتگیری لە ڕای کاکەڕەش دەکەم، بۆ؟ چەند بەڵگەیەکم هەیە:

١ـ کاک جوهر گوتی یاسادانەر(مشرع) جیاوازە لەگەڵ پارێزەر من دەڵێم یەکێک لە سەرچاوەکانی یاسا (تەشریعە). (المشرع يفضل أن يكون قانونيا)، بەڵام هەردووکی سەرچاوەکن لەسەرچاوەکانی یاسا، یانیش ئەو یاسادانەرانە.

٢ـ إيقاف بالقانون، (لايعني)، چونکە یاساکە هەڵەیە و، کەموکوڕی هەیە، بۆیە (إيقاف) کراوەتەوە یاساکە ئەنجام نەدراوە بارودۆخی جێبەجێ کردنی یاساکە هاتووە، نەک یاساکە

دروست نییە یاسا سەلامەتی خۆی دەپارێزێ، لەبەر ئەوە کە ئەڵێی هەڵبژاردن بوو هەمان یاسا ئەگەڕێتەوە، تەنها ئەگەر ئەنجوومەنی نیشتمانیی ویستی لابردن یان زیاد کردنی لەسەر بکات، یانی بەپێی گۆڕنکارییەکانی کە بووە بۆیە إیقاف بەو یاسایە نەک لەبەر خراپی دەقەکانیەتی، یان مەوادەکانیەتی، نەخێر لەبەر ئەوەی کە بارودۆخەکە هەڵنەکەوتووە جێبەجێکردنەکەی نەکراوە، ئەگەر نا یاسا خۆی دەپارێزێ تەنیا ئەگەر ئەنجوومەنی نیشتمانیی، یان ئەوەی یاسای داناوە بیانەوێ زیادەکاری لەسەر بکەن بەپێی رابردووەکەی، بۆیە کاکەڕەش دەڵێ لە هەڵبژاردن ئەو یاسایە ئەگەڕێتەوە و، کاری پێ دەکرێ، ئەگەر یاسایەکی ترمان نەبێت ئەو یاسایە دەمێنێ و، کاری پێ دەکرێتەوە، بۆیە (أیقافی) پێ دەکەین یانی (إیقاف) نەک لەبەر خراپی یاسایە چ بە مەواد (إیقاف) لەبەر ئەوەی کە جێبەجێ نەکراوە، ئەگەر لەبەر خراپیە مرۆڤ دەیگۆڕێتەوە، پەرەی پێ دەدەات، بۆیە یاسا خۆی دەپارێزێ، تەنها ئەگەر گۆڕانکاری تیادا بکرێت، کە گۆڕانکاری تیادا نەکەیت، بەراستی پەرلەمان دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردن ولەسەر هەمان یاسا دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک فازڵ. بۆ ئەو روونکردنەوەیە کاک فازڵ، من نەمگوت جیاوازی لە نێوان یاسادانەر و پارێزەر نییە من گوتم یاسادانەر وەکو پارێزەر نییە بەتایبەتی بۆ ئەندامی پەرلەمان ئەو قسەم کرد بۆ ئەندام پەرلەمانێکی یاسایی بەتایبەتی گوتم وەکو پارێزەرێک بیر نەکاتەوە، چونکە پارێزەر ئەتوانێ (دەعوایەک) بگرێت و بەرگری لە تاوانبار بکات و ئەزانێ تاوانباریشە، بەڵام دەیەوێ تەبریەی بکات بێگومان دەشزانێ ئەمە تاوانبارە، ئیشەکەی وایە، بەڵام ئەو لە مەسەلەیەکی یاسایی کە خۆی وتوویەتی ئەمە (خلوە) وخۆی بەرگری لێ کردووە لێرە، سەرۆکی پەرلەمان راوێژی پێکردووە لەم کارەداو لە (مەسائیلی) یاساییدا ئەو بە منی گوتووە، کە چی ئێستا دێیت دەڵێیت هەر باسی (خلو) مەکەن و باسی (غیاب) مەکەن، من مەبەستم تەنیا ئەو خاڵە بوو پارێزەر یاسا مافی پێ داوە بەرگری لە تاوانبار بکات ... بەڵام (مشرع) فقهیەو بۆی نییە بەرگری لە تاوانبار بکات و پاساو بۆ هەڵە بدۆزرێتەوە بە تایبەتی لە بواری (تشریع)یاسادانادا، جەنابت دەڵێیت ئێمە لەگەڵ (ئیقافین) ئەوە بابەتێکی ترە، تەنها من ویستم ئەو رونکردنەوەیە بخەمە بیری، کە دوای مانگێک دێیت ودەڵێی خلو نابێت دەبێت دەسەڵات دابەش بکەیت. فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندیی/ کارمەند لە ئەنجوومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەڵێم لەو بنەمایەی کە مادە (١٤)ی دانا، بایەخی بە هەڵبژاردن دایە، چونکە بنەڕەتی بابەتەکە هەڵبژاردنە کە داینایە دەڵێ دەبێ لەماوەی مانگێک هەڵبژاردن بکرێت، ئەوە مانای ئەوە نییە ئەگەر هەڵبژاردنەکە نەکرا یاساکە دەڕوا، نەخێر ئەوەمان نەگوتووە دەڵێم هەڵبژاردن پێویستە،

لەبەر ئەوەی ئەو برادەرانەی کە دەڵێن نابی ببەسترێتەوە بە هەڵبژاردن دەبێت ببەسترێت بە هەڵبژاردن، چونکە مەبەست لە راگرتنی یاساکە، لەبەر ئەوەیە کە هەڵبژاردن ناکرێت، لەبەر ئەوەی کاک فازڵ روونی کردەوە فەرمووی لەبەر خراپی و ئەوە نییە تەنیا لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن ناکرێت مەبەستم ئەوەیە (خلو)ەکەشی بەستۆتەوە بە هەڵبژاردن هەر کرداری هەڵبژاردنە، چونکە دووپاتی هەڵبژاردن دەکات، دووپات لەسەر دانان دەکات، جا لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە پێویستە رابگیرێ تاکو هەڵبژاردن دەکرێت کە هەڵبژاردن کراوە، لەگەڵ رێزم بۆ سەرۆکی لیژنەی یاسایی کە دیاریت کرد بە شتەک مانای ئەوەیە هەر بەراگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە یاساکە رادەوەستێ و سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەبێت ناتوانن (مومارەسەی)ئەو دەسەڵاتە یاسایە بکەن لەکاتی راگەیاندنی ئەنجامەکان، چونکە دەڵێت (لحین إجراء الانتخابات)، ئەوە دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جارێ من شەرەفی ئەوەم هەبوو بە نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی لەگەڵ ئەو دەستەیە دابم کە ئەم یاسایە دانرا، من دەوریشم دیوەو، لەوێش نەختێک فێری یاسا بووم بۆ خۆم دوو مانگ خەریک بووم (کاک بەختیار حەیدەرو، کاک فەرسەت ئەندام بوون) پێموایە ئەو ئەندامانی ئێرە کەسی تر ئەندام نەبوو، د. قیس تێدا بوو بەڵام قسەی نەدەکرد، من پشتگری کاکەڕەش دەکەم هەروەها پشتگیری کاک محەمەد حەسەنیش دەکەم لەوەی کە ئەگەر هەڵبژاردن کرا وەکو پێشنیارەکەی حکومەت کە کردیەتی تا هەڵبژاردن ئەگەر وا جێگیرکرا وەکو ئەو دەڵێ راستە کە هەڵبژاردن کرا، یاساکە ئامادەیەو دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر پێشنیارەکەی کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی سەری گرت هەر بە جارەک راگیرا دوای هەڵبژاردن ناگەڕێتەوە جارێکی تر دەبێ یاسایەکی بۆ دابنرێ، لەبەر ئەوە دەبێ روون بکرێتەوە کاک محەمەد دیارە هەر لە ئێستاوە لەگەڵ رایەکەی کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو خۆی دەمێنێتەوە، چونکە ئێمە باسمان کرد، ئێستا تەنها پێشنیارەکەی کاک عەبدولخالق ماوە کە گوتم چ پێشنیاری هەیە؟، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کە من ئەو پێشنیارەم کرد سبەی دوو سبەی ئەگەر پەرلەمان ویستی یان بە پرۆژەیەک، ئەگەر کار بە یاسای ژمارە (٢) بکرێت (معلق على شرط) ئەگەر مەرجەکە جێبەجێ نەکرێت لە هەڵبژاردنەکە

یانی یاساکە بەکار نایەت.

دووەمین، بەخۆی یاسای هەڵبژاردنە، هەڵبژاردن دەبێت یاسای هەبێت کە هەڵبژاردن بکرێت مەرجی بۆ دادەنرێت بە خۆی یاسای هەڵبژاردن، ئەگەر دیتمان بارودۆخەکە گونجاوە بۆ هەڵبژاردن دەتوانین ئەو یاسایەی کە رامان گرتییە دیسانیش کاری پێ بکەین کە یاسای هەڵبژاردنە، لەبەر ئەوە من ئەو پێشنیارەم کرد و سوورم لەسەر پێشنیاری خۆم ئەو شەرتە نەمێنێ، چونکە ئەگەر ویستت کاری پێ بکەیت هەڵبژاردنت نەکرد دەڵێی کاری پێ ناکرێت، چونکە ڕاگیراوە لەسەر مەرجێک(معلق على شرط) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دووبارەم کردەوەو گوتم کێ پێشنیار دەکات؟ جەنابت دەستت بەرز نەکردەوە.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

من خەبەری کاک محەمەدم دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام مەرج ئەوەیە کە ئێمە ئاگادار کەن، ئێستا جەنابت سووری لەسەر پێشنیارەکە کە وشەی (إجراء الانتخابات) هەڵبگیێری.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

بەخۆی یاسای هەڵبژاردنە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە جەنابت ئەو پێشنیارەت هەر دەمێنێتەوە؟ باشە (لحین إجراء الانتخابات).
کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من تێبینییەکەم لەسەر بنەڕەتێک هاتووە، و لە دەقیکی یاسایی هاتووە. دەقێکی یاساییتان بۆ دەخوێنمەوە کە خۆمان دامانناوە، (قانون رقم (١٩) استثناءاً عن أحكام القانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ تشكل هيئة الرئاسة تمارس الصلاحيات التالية). ئەوەی من داوا ئەکەم (استثناءاً عن أحكام القانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ توزع الصلاحيات التالية:

یەک، دوو، سێ، ئەم بابەتە ئێمە خۆمان دامانناوە ورابردوێکی هەیە و وابزانم هیچ گرفتمان نییە وقسەکانیشمان گشتی یەک ئەگرێتەوە، لەبەر ئەوە من ئەو (قانون رقم «١٩») لەگەڵ ئەوەی کە کاک فرەنسۆش خستیەروو کە بەراستی ئێمە ئەبێ رەتی بکەین و ئینجاش ئەو ئیشە بکەین، وە ئەمە بەبڕگەیەکی تایبەت ئەکرێ لەهەمان ماددەکە کە ئەکرێ ئەوە شتێکی ترە بەس من دووپاتی دەکەم کە ئێمە وشەی (ایقاف) بۆ ئێمە مافێکی زیاد رۆییە زیاتر لەوەی کە ئێمە وشەی (استثناء) بکەینە سەر ئەحکام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم هەموو لایەک رازین کە ئەبێت ئێمە ئەم دەستەڵاتە چارەسەر بکەین، جیاوازی ناکۆکی لەو بابەتەدا نییە تەنها لەداڕشتنەکەیەتی کە(ایقاف) بێت یان (استثناء) بێت لەیاسای ژمارە (٢)؟! وابزانم زیاتر ناوەڕۆکی گفتوگۆکە لەسەر ئەوەیە، با ئەوە لیژنەی یاسا بەتەواوی بۆمانی یەک لا بکاتەوە، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا لەگەڵ (ایقاف)ـە وەحەز ئەکەم وتکا ئەکەم بخرێتەروو بۆ ئەنجوومەن بادەنگدانی لەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کاک عەبدولخالق لەسەر رای خۆیەتی ئەو پێشنیارەکەی ئەخەینە دەنگدانەوە، ئەگینا ئەوەی وەکو ماددەکە ئەخەینە دەنگدانەوە کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سوورم لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق لەگەڵ ئەوەیە کە لە ماددە یەک دیباجەکەی بەو شێوەیە بێت (استثناءا من قانون ژمارە «٢» کذا کذا توزع الصلاحیات کذا کذا) نەک (ایقاف العمل) بەڵکو (استثناء)، ئەمە رای کاک عەبدولخالقە حەز ئەکا بیخاتە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەو رایەیە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ ئەو رایە پەسند نەکرا ئێستاش دێینەوە سەر (المادة الاولی)، (المادة الاولی) ودوو پێشنیاری تریش هەیە، یەک پێشنیار ئەوەیە کە کاک ئیبراهیم کردوویەتی ئەڵێ ئەو رستەی (لحین اجراء الانتخابات) هەڵگرین واتە (یوقف العمل بالقانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ قانون انتخاب قائد الحرکة التحرریة الکوردیة وتوزع الصلاحیات الواردة فیها کالأتي) وانییە کاک ئیبراهیم؟ ئەو رستەیە (لحین اجراء الانتخابات) وابزانم کاک فرەنسۆ ئەمە روون کراوە وئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوە پێشنیارەکەیە، ئەگەر روونکردنەوەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە هەقە کاک برایم ئەو پێشنیارە بکێشێتەوە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی کە کردویەتی ئەو باشتر و رێکوپێک ترە من پشتگیری لە پێشنیاری سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک ئیبراهیم ئەندامە لەلیژنەی یاسا وئەو لەگەڵ ئێمەیە بۆ (لحین اجراء الانتخابات) وبەو دارشتنەش لەگەڵ ئێمەیە ئەو ئێستا پێشنیارێکی تر ئەخاتەروو ئەوە پەیوەندی بەخۆبەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەبێ هەر هەڵبژاردن بکرێت و ئەگەر نا رابەر دەستنیشان ناکرێت کاک ئیبراهیم، سوپاس. دیارە کاک ئیبراهیم پێشنیارەکەی خۆی کێشایەوە، ئێیستا ئەو پێشنیارەی کە کاک د. ئیدریس کردی و دوایی پوخەت کرا بەپێشنیارەکەی کاک د. ناسح ئێستا ئەوە ئەخەینە دەنگدانەوە چونکە کاک ئیدریس لەگەڵ رای (د. ناسح)ـەکە ئەوە بکرێت. کاک شێروان المادە الاولی بخوێنەرەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الاولى: يوقف العمل بالقانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ قانون انتخاب قائد الحركة التحررية الكوردية لحين اجراء الانتخابات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا بگوترێ: الانتخابات العامة.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

بەڵێ« الانتخابات العامة ».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(العامة) کەی زیاد ئەکرێ لەپێشنیارەکەی، وانییە؟!

بەس (الانتخابات العامة) نووسراوە (قانون قائد الحركة التحررية الكوردية) وابزانم گرفتێک دروست نابێ کاک فازڵ فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو روونکردنەوەم هەیە (ایقاف) خۆی (ئیجرائێکی) کاتیە ئەبێ کاتێکی دیاری کراوی بۆ دابنێن ئەگەر نا ڕەت دەکرێتن وبۆیە ئەڵێ (لحين اجراء الانتخابات) ئەمە بۆ ئیجراء کاتیبیەکەیە، دووەم کە گووتی (الانتخابات) زانراوە (انتخاب قائد الحركة) کە گووتی (الانتخابات العامة) باسی ئەوانی تر ئەکات باسی پەرلەمان ئەکات لەبەر ئەوە گشتیەکە لەگەڵی بێت باش نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ، د. ناسح ئەگەر پێشنیارەکەی خۆی بکێشێنەوە بۆ ئەوەی ئەمیتر بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گرفتێک نییە (عامە) کەی تێدا نەبێ، چونکە (الانتخابات) هەمان بابەت ئەگەیەنێت، وابزانم هیچ گرفتێک نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ باشە سوپاس، مادام وایە ئەو پێشنیارەی د. ناسح کە هاوبەشە لەگەڵ د. ئیدریس ئەخەینە دەنگدانەوە، واتا مادده دوویش ئەبێ بەدوو مادده، یەکەمی (ایقاف العمل بالقانون). مادده دوو (توزع الصلاحیات) کەی لەجیاتی ئەوەی بەیەک مادده بێت، ئەو پێشنیار ئەکات کە بەدوو مادده بێت گۆڕینەکە تەنها ئەوەیە وابزانم ئێستا ڕوون بووەوە بۆ برادەران، باشە کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کراو ئەبێ بە المادة الأولى: (یوقف العمل بالقانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ قانون انتخاب قائد الحرکة التحرریة الکوردیة لحین اجراء الانتخابات).

دوو: لەگەڵ مادده یەکە وەکو خوێندمانەوە ئێستاکە کێ لەگەڵ مادده یەکە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا سوپاس، بەڵێ ئەوە دوایی لیژنەی یاسا دووبارە داڕشتنەکەیان بۆ بکاتەوە وەکو ئەو پێشنیارەی کە هاتووە. مادده دوو، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

توزع الصلاحیات الواردة فیها کالأتي:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

«فیها» ئەبێتە «فیه» بیخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اولاً: یمارس رئیس المجلس الوطني لکوردستان العراق المهام التالیة اضافة الی مهامه الواردة في القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل:

١ـ اصدار أمر التکلیف لمن یسمیه المجلس الوطني لکوردستان العراق بتشکیل السلطة التنفیذیة.

٢ـ اصدار أمر بتشکیل السلطة التنفیذیة بعد نیلها ثقة المجلس الوطني لکوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە بدەن کاک محەمەد برگە برگە گفتوگۆی بکەین، واتە ئێستاکە المادة الثانیة(أ) مادەی ژمارە دوو برگەی (أ) وای لێ دێت: أـ اصدار أمر التکلیف لمن یسمیه المجلس الوطني

لكوردستان العراق بتشكيل السلطة التنفيذية. بۆ ئەم بڕگەی (أ)ـە، کێ حەز دەکا قسە بکات با ناونووسی بکەین تەنیا کاک عەبدولخالق، فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

درێژە پێدان بەقسەکانی رابوردووم من لەگەڵ ئەوەم «یمارس هیئه رئاسه المجلس الوطنی» لەجیاتی «رئیس المجلس الوطنی» هەروەهاش بۆ بڕگەی تر بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەوە پێشنیارێکی کاک عەبدولخالقە، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم هاتووە (توزع الصلاحیات الاتیة الواردة فیه) چونکە دەسەلات وەکو جەنابی کاکەرەش خستیەروو دەسەلات زۆرە، بێگومان لەو یاسایە (توزع الصلاحیات الاتیة والواردة فیها) ئەوە یاسایەکە، ئەوە یەک، دوومیشیان سەبارەت بە(اصدار أمر التکلیف) ئەوەی کە جەنابی کاک عەبدولخالق ووتی بێگومان سەرۆکی پەرلەمان تەنها ئەوەی کە بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانی بێت جێبەجێی دەکات، واتا شتێکی نییە لەخۆیەوە بۆ نموونە بیکات چ دەستەکە بیکات چ خۆی بیکات بێگومان هەموو ئەنجوومەنی نیشتمانیە دەیکات واتا کە ئەڵێ (اصدار أمر التکلیف لمن یسمیه المجلس الوطني) بۆیە ئەوە مۆر لەسەر داوایی ئەنجوومەنی نیشتمانی ئەدات ئەوە گرفتێکی تێدا نییە لەگەڵ رێزم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەو تێبینیە ئەگەر لیژنەی یاسا لای خۆی رەچاوی بکات، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری کاک مەلا تاهیر ئەکەم (اصدار أمر التکلیف لمن یسمیه المجلس الوطني لکوردستان) ئەنجوومەنی نیشتمانی ناوی سەرۆکی ئەنجوومەنی دەسەڵاتی راپەراندن دائەنێ (کل ما فی الامر) ئیمزای وەکو ئاگادار کردنەوەیەکی دادگا سەرۆکی دادگا ئیمزای ئەکات بۆ نموونە دادگای تەمیز پێک دێت لەسەرۆک لەگەڵ حەوت ئەندام کەمتر نەبێت . بەڵام کە بڕیارێک دەربچێت ئەو بڕیارە هەموویان ئیمزای ئەکەن، بەڵام ئاگادار کردنەوەی ئەو بڕیارە سەرۆکی دادگای تەمیز بەتەنیا ئیمزای ئەیکات ئەوەش ئەنجوومەنی نیشتمانی تەسمیەی سەرۆکی دەسەلاتی راپەڕاندن کردووە، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی ئاگاداری ئەکاتەوە ئەڵێ بفەرموو ئەنجوومەنی نیشتمانی تۆی پالاوت بۆ پێکهێنانی دەسەلاتی راپەراندن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق وەڵامەکە روونە،ئەگەر جەنابتان لەسەر ڕای خۆت بیت پێشنیارەکەتان دەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

روونە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا پێویست ناکات بیخەینە دەنگدانەوە سوپاس. بڕگە (أ) لە مادده دوو ئەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا سوپاس، دوو ئەبێتە(ب) چونکە ووتمان المادة الثانية: (أ) المادة الثانية: (ب) تکایە لای خۆتانیش وەکو تێبینی بنووسن فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ب: (اصدار أمر بتشكيل السلطه التنفيذيه بعد نيلها ثقه المجلس الوطنى لكوردستان العراق).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەیان خاڵی بۆ دانەنراوە بڕگە (ب) لە مادده (٢) خوێنرایەوە، کێ تێبینی لەسەر ئەو مادده هەیە قسە بکات؟ کەس نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە؟ ... سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس. ئێستاش دەچینە سەر بڕگە(٣) کە کرا بە (ج).

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ج ـ (اصدار القوانين والقرارات والانظمة التي وافق عليها المجلس الوطني).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(ج) کێ تێبینی هەیە لەسەری؟ کاک د. رزگار کەسی تر نییە؟ تەنیا کاک د. رزگار هەیە، فەرموو کاک د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاوەکو ئێستا لە ١٩٩٢/٦/٤ گشت بڕیارەکان و یاساکان بەناوی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەری دەکات نازانم ئەمە کارێکی تازەیە حەز ئەکەم روونی بکەن ئەگەر زەحمەت نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەرانی لیژنە دایانناوە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«اصدار أمر بتشكيل السلطة التنفيذية» ئەوە ڕای د. ڕزگار لەسەر ئەمەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەء (٣)، واتا (ج) اصدار القوانين والقرارات.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

(٣) ج - ( اصدار القوانين والقرارات والانظمة التي وافق عليها المجلس الوطني). ئەگەر جەنابی د. ڕزگار ڕۆژنامەی پەرلەمان بخوێنێ بڕیار ئەنجوومەنی نیشتمانی دەدات، بەڵام لەخوارەوە کێیە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی بەڵام ئەنجوومەنی نیشتمانیی بڕیارەکەی دایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەء ئەو ئەڵێ تائێستاکە ئەو شتانە دەرچووە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

يمارس رئيس المجلس اصدار القوانين والقرارات والانظمه التى وافق عليها المجلس. یاساو بڕیار ئەنجوومەنی نیشتمانی ڕازی بووە پێشتر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک د. ڕزگار با تۆزێک زیاتر بەتەرکیز بێ، فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئەمە بە دەسەڵاتێکی تازە نابینم چونکە لە ١٩٩٢/٦/٤ دامەزراندنی پەرلەمان ودەست پێ کردنی کاروباری خۆی ئەگەر ڕۆژنامەی پەرلەمان تەماشاکەن بڕیارەکان ویاساکان دەرچووبێت هەمووی بەئیمزای جەنابی سەرۆکی پەرلەمانە لەدوایشدا بڕیار جوهر نامق سالم. ئینجا نازانم ئەمە چ کارێکی تازەیە ئەمە هەمووی لەلایەک هەتا ئێستا یان ئەو کارەی تاوەکو ئێستا کاری تۆ نەبووە یان ئەمە کارێکی تازەیە حەز ئەکەم ڕوونکردنەوەیەک هەبێت ئەگەر زەحمەت نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک محەمەد، ڕوونە وانییە؟ فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

بەڵێ ڕوونە ئەمن ویستم تەواو ببێت ئەمە ڕوونکردنەوەیەکم هەیە یان زیادەیەکم هەیە ماددەیەکی تر یان برگەیەکی تر دابنێین(مع مراعاة الصلاحيات الواردة للرئيس المجلس الوطني في القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ والنظام الداخلي للمجلس) ئەوە نووسیمە لای خۆم دەیکەمە برگەیەک واتا

ئەو دەسـتـەڵاتی لەیاسـا ژمـارە (١) هاتووە ولە پەیرەوی ناوخـۆ هاتووە سـەرۆكی ئەنجـوومـەنی نیشتمانی ئەوەی هەر كاری پێ دەكات بەڵام چاوەڕێم دەكرد ئەم بڕگەیە تەواو بێت (مع مـراعاة)، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

بەڵێ ڕێگەبدەن كـاك دكـتـۆر، بابرادەرانی تریش تۆزێك هاوكـاریمان بكەن لەم بابەتەدا، كـاك فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێـز فـرەنسـۆ تـۆمـا هـەریری:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

كاك د. رزگار راست دەكات هەر وابووە جەنابت ئەو شتانەت ئیمزا كردووە ئێمە دابەش كردنی ئیش وكارەكان دەكەین. ئەوە هەر بۆ تۆمان بەجێ هێشتووە نازانم كاك د. رزگار ئەیەوێ ئەویش لێت وەربگیرێ، دەڵێ بۆ وامـایە یان دەیەوێ لێت وەربگرین ئەو نەمـینێ ئێـمـە دابەش كـردنی كارەكان دەكەین كاتی تۆ ئەوەت كردووە ئێستا هەر بەجێ مایە وەكو خۆی دەبێ تۆ بیكەی ئینجا ئەگەر كاك دكتۆر پێشنیار دەكات ئەوەش وەربگرینەوە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

لیژنەی یاسا پێشنیارێكی هەیە كاك د. رزگار، فەرموو.

**بەڕێـز د. قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

ببوورە نەزانم تێ نەگیشتنەك (سوء فـهم) هەیە واتە ئەمـە ئەگـەر چاوپێ خشـاندنێك بكەین رۆژنامەی پەرلەمـان هەتا ئێستا دەرچووە بەئیمزای جەنابتان بووە لێرەدا ئەمـە ئەركێكی نوێ نییە لە (توزع المهام اضافة الى مهامه) ئەگەر نەء بۆ هەتا ئێستا جەنابتان پێی هەڵساون؟ من داوای روونكردنەوەیەكم كردووە كـاك فـرەنسۆ دەڵێتن دەسەڵاتی بكێـشرێتـەوە من داوای شـتی وەهام نەكردووە، بەڵام حەز دەكەم تێ نەگیشتنەك روون بكەمەوە من داوای روونكردنەوەم كردیە چونكە من نابینم ببوورە بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن كە ئەمە ئەركێكی تازەیە بەجەنابتـانی دەسپێرن ئەمـە ئەركی جەنابتان بوە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس، ئیجازە بدەن فەرموو نوێنەری حكومەت.

**بەڕێز كاكەڕەش نەقشبەندیی/ كارمەند لە ئەنجوومەنی وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

ئەگـەر برادەران دەسەڵاتی سـەرۆكی پەرلەمـانیـان تەمـاشا كردبێ لە یاسای ژمارە(١) (اصدار)ی تێدا نییـە(اصدار القوانين)،(اصدار القوانين) لە رابەری هاتیە تا ئێستا لەلایەن سـەرۆكەوە كاری پێ كرایە بە مـاددە (١٤) لەبەر ئەوەی ئەمـە ئێسـتا كـاری پێ كرایە بە مـاددە (١٤) لەبەر ئەوەی

ئەمە ئێستا بێگومان یاسایەکەی لادەبین دەمانەوێ ئەوەی جێگیر بکەین راستەوخۆ بۆ سەرۆک، چونکە لەسەرەتا کاری پێ کرایە بەکام یاسا کاری پێ کرایە بەیاسای ژمارە (١) کاری پێ نەکرایە، چونکە لەراستیدا دەستەلاتی سەرۆک لەوێ نەهاتیە (اصدار القوانین)، (اصدار القوانین) هی رابەرە بڕیاردان لەسەر یاساکان هی پەرلەمانە (اصدار) هی رابەر بووە بەلام سەرۆکی پەرلەمان لەیاسای ژمارە (٢) کاری پێ کردووە تائێستا دەمانەوێ بۆی جێگیر کەین لەسەر بنچینەی یاسای ژمارە (٢)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاکەڕەش، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورە بەدواچوونێک لەسەر ئاخاوتنی برامان کاکەڕەش ئەڵێن تاوەکو ئێستا رابەر نەبوو بەو مانایەی یاسای ژمارە (١٤) جەنابی سەرۆکی پەرلەمان کاری پێ کردیە لێرەدا پرسیار ئایا لەکاتی دەستەی سەرۆکایەتی، سەرۆکایەتی هەرێم هەر هەمان کاری سەرۆکی پەرلەمان دەکات یان نەء؟ ئەگەر بێن رووبکەنە یاساو بڕیارەکان بەئیمزای سەرۆکی پەرلەمانێ دەرچووە بەراستی کاری پێ کراوە لەگەڵ بوونی دەستەی سەرۆکایەتی کە ئەوانەی ئەوە نەفی ناکرێ ئەمە بەبڕوای من کارێکی نوێ نییە ئەوە کارێکی کۆنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش لەگەڵ ئەوەی دام کە هیچ ناگۆڕێ لە بارودۆخەکەو، شتەکە بەردەوام ئەبێت. بەلام ئەو بڕگەیەی کە لەوێ هاتووە ئەگوازرێتەوە بۆ ئێرە، هەروەکو کاکە ڕەش روونی کردەوە، ئەگەر چ پێشنیارێکی ترت نییە وابزانم ئەو خاڵە تەواو روون بووەوە، ئەگەر چ تێبینیەکی تر نییە، ئەوا ئەیخەینە دەنگدانەوە ئەوە(ج) بوو بڕگە(ج) لە مادە (٢) ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟... سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیارەکمان هەیە کە لیژنەی یاسایە کە لیژنەی یاسا بڕگەیەکی تر زیاد بکرێت. وابزانم ئەوەی د. رزگاریش دەیڵێ دەبێت بڕگە (د) (مع مراعاة الصلاحیات الواردة لرئیس المجلس الوطني في القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢ والنظام الداخلي للمجلس) ئەوە زیاد بکرێت، ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاساییە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

سوپاس، ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاسایە چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەو پێشنیارە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، چ تێبینی نییە؟ ئەگەر نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاک فازڵ.

**بەڕێز فـــازڵ مــــیـــرانی/ وەزیری ناوخـــۆ:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

پێشنیارەکەی مامۆستا محەمەد حەسەن زۆر لەجێگای خۆیەتی چارەسەر کراوە ئەڵێ «یمـــارس رئيس المجلس الوطني لكودرستان العراق المهام التالية اضافة الى مهامه الواردة في القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢ المعدل» لە پەیڕەوی ناوخۆ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

زیادی ئەکەن باشە سوپاس. مانای ئەوەیە ئەو بابەتە تەواو ئەگەر باشە سوپاس، دێینەوە سەر ئەوە بوو بە («أ، ب،ج» المادة الثانية) ئێستا ئەمەی تر بکەین بەچی؟ (المادة الثانية) ببێت بە(المادة الثالثة)؟

**بەڕێز مـــحـــەمــــەد حــــەســـــەن باڵـتـــــە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

«الثانية» هەر وەکو خۆی دەبێت «الثانية».

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

باشە ئەگەر بیکەین بە«الثالثة» چی ئەبێت؟ لیژنەی یاسا ئایا ئەمە هیچ ئەگۆڕێ لە ناوەڕۆکی یاسایی بابەتەکە؟.. وابزانم لاریتان نییە.

**بەڕێز مـــحـــەمــــەد حــــەســـــەن باڵـەتە:**

نەخێر.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

لاریتان نییە تۆزێک رێک وپێک تر دێت، اولا: (أ، ب ، ج) بۆ ئەوەی لێمان تێکنەچێت مادده مادده باشترە، وا نییە کاک محەمەد؟

**بەڕێز حـــســـــێـن عـــــەلـێ کــــەمــــال:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

المادة الثالثة: (يمارس رئيس مجلس الوزراء المهام التالية).

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

ئەمە لەجیاتی«الثانية» یەکەلای ئێوەیە، تکایە بیکەنە«المادة الثالثة» ، واتا«المادة الثالثة» لەجیاتی«ثانياً» فەرموو.

**بەڕێز حـــســـــێـن عـــــەلـی کــــەمــــال:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

المادة الثالثة: (يمارس رئيس مجلس الوزراء).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ببێت بە« ثالثة » چونکە سێ، چوار بڕگەیە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەیکەینە مەوادد مەوادديش دەکەینە (أ، ب، ج).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەبێت (أ، ب، ج) بێت یان (١، ٢،٣) بێت با بە (١، ٢، ٣) بچێتە خوارەوە باشترە وابزانم هەر ژمارە (ثانياً) ئەبێت بە المادة الثالثة: يمارس رئيس مجلس الوزراء المهام التالية: اولاً: وئيتر دێنە خوارەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: (يمارس رئيس مجلس الوزراء المهام التالية):

١- تعيين الموظفين وتعيين واعفاء شاغلي الدرجات الخاصة ورؤساء الوحدات الادارية واعضاء هيئة الادعاء العام بناءاً على اقتراح من الوزير المختص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە یەک لە ماددە «٣» چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە ماددە، ماددە ژمارە (١).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(١، ٢، ٣) پێیدا دێینە خوارێ، چونکە بڕگە بڕگەیە هەر بڕگەیەک سەربەخۆیە لەگەڵ ئەوەی تر ئێستا ئی یەکەمە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەبینم « يمارس هيئة رئاسة مجلس الوزراء المهام التالية » زۆر چاکترە ئەگینا « يمارس رئيس مجلس الوزراء » ئەمە تێبینیەک. دووەم ژمارەیەک نووسرایە (تعيين الموظفين)، (تعيين الموظفين) ئی ئەنجوومەنی وەزیرانە ویاسای پێ هەیە ولە یاسای رابەردا نییە لێرەمان گوتووە دەستەڵاتی رابەر بەپێی هەندێک مەوادد دابەش ئەکرێت (تعيين الموظفين) دەبێت لێرە لابردرێ تەنیا (تعيين واعفاء شاغلي الدرجات الخاصة) ئەوان هاتووە بۆ رابەر (تعيين الموظفين) ئەوەی گشتیە ئی ئەنجوومەنی وەزیرانە پێویست ناکات لێرە دەری بخەین بەخۆی دەستەڵاتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە، دەستەڵاتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە ئەو دەستەڵاتانە لێرە زیادی ئەبینم

ویاساش لەلای جەنابتان وتەماشا بکەن وەلەگەڵ ئەو پێشنیارەش بۆ دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. جارێ بابێینەوە سەر ناوەڕۆکەکە خۆی لەیاسای ژمارە (٢) ناوەڕۆکەکە یاخود دەقەکە بەو شێوەیە لە «المادة الحادية عشر» بڕگە (٣) ئەڵێ:«اصدار أوامر تعيين واعفاء اصحاب الدرجات الخاصة وكبار الموظفين وقبول استقالاتهم بناءاً على مقترحات الجهات المعنية»، بەڵام لێرە کراوە بە (الوزير المختص) خۆی لەراستیدا ئێمە لە سەرەتاوە وتمان دەستەڵاتی یاسای ژمارە (٢) دابەش ئەکەین و ئەبوایە برادەران لە داڕشتنەکەیدا تۆزێک وردبن و، دەقی ماددەکان بگوێزرێتەوە بۆ ئەوەی چ گرفتێک نەبێت وزیادی نەکەن چونکە لە دەقی ماددەی ژمارە (٢)دا ئەو بڕگەیە ئەم زیادانەی تیادا نییە. ئەمە زیادکراوە بەسەریا باشتر وابوو وەکو خۆی یاسای ژمارە (٢) مادام ئێمە پێشتر دیاریمان کردو وتمان دابەش کردنی ئەو دەستەڵاتانە ئەکرێ کە لە ماددە ژمارە (٢)دا هاتوون، و لە ماددە ژمارە (٢) دەقەکەی بەو شێوەیە هاتووە، بۆ نموونە(تعيين الموظفين) راستە لەیاسای ژمارە (٣)دا ئەوە دراوە بە ئەنجوومەنی وەزیران و بەسەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران، کە ئەو شتانە بکات. بەڵام لێرەدا لەیاسای ژمارە (٢)دا (كبار الموظفين)ـەو لێرە (رؤساء الوحدات الادارية)ش زیادکراوە بەسەریا.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە وای لێدێت (تعيين كبار الموظفين وشاغلي الدرجات الخاصة ورؤساء الوحدات الادارية.. الخ) واتە (تعيين كبار الموظفين) وابزانم لەدەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نییە بەگوێرەی یاسای ژمارە (٣) ئەوە دەقەکە وا هاتووە لێرە هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەقی ماددەکە بخوێننەوە، بەرای من دەقی ماددەکە خۆی جێگیر بکەین لێرە، وئەگەر هیچ هەموار کردنی ترمان ویست پاشان پێشنیاری بکەن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سێ:(اصدار أوامر تعيين واعفاء اصحاب الدرجات الخاصة وكبار الموظفين) تیایە دەقی ماددەکە دابەزێنین (اصدار أوامر تعيين واعفاء اصحاب الدرجات الخاصة وكبار الموظفين) واتە (قبول استقالتهم بناءاً على مقترحات) دەقی ماددە بابهێنینە خوارێ، لاریمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئەگەر لاریتان نییە، ئەو پێشنیاری کاک جەمیل بابیکێشتەوەو دوایی چارەی دەکەین.
فەرموو کاک د. ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە چۆن لەماددە (٢) چارەسەری ئەو ئەركانە كرا، كەوا كاتی خۆی هی سەرۆكی پەرلەمانە وئێستاش ئەركی رابەر درا بە سەرۆكی پەرلەمان، ئەوە زیاد كرا (اضافة الى المهام الواردة في القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢ المعدل) لێرەش ئەوە زیاد بكرێ (يمارس رئيس الوزراء مجلس الوزراء المهام التالية اضافة الى مهامه الواردة في رقم «٣») ئەو كێشەیە چارە دەكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر دەقەكەی یاسای ژمارە (٢) لێرە جێگیر بكەین و، ئەوە زیاد بكرێ (اضافة الى مهامه في القانون رقم «٣») ئەو كێشەیە چارە دەكرێ ئەگەر لیژنەی یاسا رەخنەیان نەبێ. باشە ئەوە زیاد بكرێ (تعيين الموظفين الوحدات..هتد) هەڵبگیرێت (ويثبت نص الواردة في القانون رقم «٢» فقرة «٣» المادة «١١») لەسەر ئەوە ئێمە ئەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو كاك جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیاری سەرەكی بەرای من پێش ئەو ئەوە بێ (يمارس هيئة رئاسة المجلس الوزراء).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو پێشنیارە، بەڵام با قسەیەكیش بۆ ئەوە بكەین، وابزانم زۆر جار ئەم بابەتە باس كراوە ، كە دەستەی سەرۆكایەتی لێرە دیاری نەكراوە، بەراستی ئەم دەسەڵاتە لەماددەیەكی تردا هەیە، ئەمە یەك، دووەم: حەز دەكەم كە دێینە سەر ئەو ماددەیە، ئەو ماددەیە باس بكەن، كە دەستەی سەرۆكایەتی چییە؟ بەڵام هەر دەم (شەخصی) سەرۆكی وەزیران (مومارەسەی) هەندێ بابەت دەكا، خۆ چوار پێنج كەس فەرمانێک ئیمزا ناكەن، بێگومان ئەو شتانە گفتوگۆ ئەكرێ و وەزیرەكانمان گفتوگۆی ئەكەن و لەئەنجوومەنی وەزیران باس ئەكرێت، ئینجا ئەبێ بەبڕیارێک، وەكو یاساناسەكان ئەڵێن (تحصيل حاصل فى بعض المسائل) نازانم ئەگەر هاتینە سەر دەستەی سەرۆكایەتی، لەوانەیە تێبینیمان لەسەر ئەم بابەتەش هەبێت، فەرموو كاك جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر لێرە دەنگمان لەسەردا دوای ئەوە ماددەی تر سوودی نابێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا وەكو پێشنیارێک دەبێ، فەرموو كاك فازڵ.

**بەڕێز فـــــازڵ مـــــیـــــرانی/ وەزیری نـاوخـــــۆ:**

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

لەراستیدا ئەم بابەتە باشترە لیژنەی یاسایی ونوێنەری یاسایی حکومەت گفتوگۆی بکەنەوە، بەڵام یەک شت هەیە، جیـاوازیەک هەیە لەنێـوان دەسـتـەی سـەرۆکایەتی ئەنجوومـەنی نیشـتمـانی کە دەسەڵاتێکی یاسادانانە، ودەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کە دەسەڵاتێکی راپەڕاندنە، سـەرۆکی وەزیران دەسەڵاتی جـێگری خۆی دیاری دەکـات، سکرتێریشی نییـە، ئەمـە ناکرێ لێـرە بەسەر ئەنجوومەنی وەزیـران بسەپێنین. چونکە سەرۆکی وەزیران سـەرۆکی ئەنجوومـەنی وەزیرانە، سەرۆکایەتی حکومەت دەکات بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە لەیاسای ژمارە (٣) پێی دراوە. بەدوای راپەڕاندنی ئەو بڕیارانە کـە لەئەنجـوومـەنی وەزیران دەردەچێ بکات، و بەرپرسـیـارە بەرامـبـەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ جێبەجێ کردنی بڕیـارەکـانی ئەنجوومـەنی وەزیران. نووسـینەوەی ئەم دەقـە سەرۆکـایەتی حکومـەت دەگـۆڕێ لەئیشی رۆژانە بۆ سەرۆکـایەتیەکی گشـتی (جمـاعی)، کە واتە ئەبێ هەموو شـتـەک سەرۆک وەزیران وجێگرەکەی پێکەوە ئیمزای بـکـەن یان پێش وەخت ئاگاداربن چونکە لەراسـتـیدا ئەمە لەئیشی حکومـەتدا نییـە، وسـەریش ناگرێ ولەهیچ حکومـەتێک نەچۆتە سەر، ولـە حکومەتەکەی ئێمەش ناچێتە سەر، بۆیە دەسـتـەی سـەرۆکایەتی پێناسـەی تایبەتی خۆی هەیە، لە دەقێکی تردا هاتووە، بەڵام هەموو ئیشـەکان ئەبێ دەسـتـەی سـەرۆکایەتی بیکاتەوە، ئەمە لە (مەسائلی پراکتیکی) مەحالە، ئەگەر جێگری سەرۆک وەزیر لێرە نەبێ، ئەبێ سەرۆکی وەزیران چاوەڕوان بێ هەتا جێگرەکەی ئەگەڕێتەوە، یان ئەگەر سەرۆکی وەزیران لێرە نەبوو ئەبێ جێگرەکەی چاوەڕوان بێ هەتا سـەرۆکی وەزیران ئەگـەڕێتـەوە، لەئەنجـامـدا (المحـصلە النهـائیـە) هیچ ئیش بەڕێوەناچێ وناکرێ، لەبەر ئەوە دەقەکە لەشوێنی تر هاتووە کە مـەبەست لەدەسـتـەی سـەرۆکایەتی وەزیران چیە؟ بەڵام حکومەتەکانی جیهـان سەرۆکی وەزیران، سەرۆکی وەزیرانە، وجێگری سەرۆکی وەزیران، جێگری سەرۆکی وەزیرانە. تایبەتمەندیەک هەیە بۆ ئەوەی ئەمەش وەکو مەسەلەی رابەری پشـتگیری بکەم با لەزاری منەوە بێ، لەرووی (منطوق) جێگری سەرۆکی وەزیرانی ئێمە بەهێزە، بەخۆشی دەڵێم دوو جێگر بەهێز بووینە لەجیهـاندا، دەسـەڵاتی جێگری سـەرۆکی وەزیران هەمـوو دیاری کراوە. ئەزانم باسی ئەو باسێکی تریش ئەکەم، ئەوە مەسەلەیەکە، بەڵام تۆ ناکرێ مـەسائلی یاسایی بهێنی بە مـەسائلی عـورفی وکارپێکراوەکـان ببەسـتیـتـەوە، سـەرۆکی وەزیران، سـەرۆکی وەزیرانە، وەزیر وەزیرە، بریکاری وەزیر، بریکاری وەزیرە، دیـتـمـان کە بریکاری وەزیر ڕێگر بوو لە وەزیر حکومـەتـەکە چۆن پەکی کەوت، بەڵام ئێـسـتـا بریکاری وەزیر فـەرمـانبـەرە دەسـەڵاتی لەوەزیر وەردەگرێ، وە وەزیر وەزیرە، ئەگـەر بمانەوێ بیر بکەینەوە حکومـەتی ئێـمە پێش بکەوێ وبریکاری وەزیر ڕێگر نەبێ لەوەزیر وبەڕێوەبەرایەتـیەکان پێش بکـەوێتەوە، ئەبێ ئێـمە سود لە تاقیکردنەوەی حکومەتەکانی جیهان وەربگرین لە بەڕێوەبردنی کاری ناوخۆیی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ كاك فازڵ بۆ ئەو روونكردنەوەیە، وابزانم ئەم بابەتە پاش ئەو گۆڕانەی لەسەری كرا ئێستا پێشنیارەكە بەم شێوەیەیە، بەڵام هەندێ زیاتر روونی دەكەمەوە، دەبێ لێرە هەموو شتێك روون بێ، دەستەی سەرۆكایەتی كاتی خۆی كە پێشنیار كرا بەو شێوەیەی كە(متعارف)ـە لای ئێمە ناسراوە لەم ئەزموونەیە لەكاتی ففتی ففتی بووو، ناچار بووین لەناولێنانی، ناچار بووین لە دەسەڵات بەخشین، ناچار بووین لەزۆر مەسائلی تریش، بەڵام ئێستا نە پێك هاتەی (تشكیلە)ی كابینەی ئێمە ئەو پێك هاتەیەیە نە بارودۆخەكەی ئێستامان ئەو بارودۆخەیە، بۆیە بەڕاستی ئەو پرۆتۆكۆلانەی كاتی خۆی هەڵگیراوە (انشــاء اللــە)رۆژێك دێ ئەو بۆچوونە هەڵ ئەگرین لەم ئەزموونەی خۆماندا، چونكە بە كردەوە سەڵماندی كە بۆچوونێكی سەركەوتوو نییە، ئێستاش لەم بارودۆخەدا حكومەتی هەرێمی كوردستان خۆیان پێشنیاریان كردووە، كە هاتینە سەر ئەو ماددەیەش، ئەوە قسەمان هەیە، بەهەر حاڵ مرۆڤ لە بەشێكی تاقیكردنەوەیەكی سەرنەكەوتوو بوو، حەق نییە بەیاسا جێگیری بكەین، تەنها ئەو روونكردنەوەیەم بوو، ئێستا كاك جەمیل حەز ئەكا پێشنیارەكەی بخەینە دەنگدانەوە یان سەحبی ئەكاتەوە؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

زۆر سروشتیە ئەندامێكی پەرلەمان رایەكی هەبێت بیداتە دەنگدانەوە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس. ئەیخەینە دەنگدانەوە، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەم داڕشتنەی كە هاتووە لە «ثانیاً» (أ) من بەباشی دەزانم، چونكە ئەوە چارەی بڕگەی (١١) و(١٢) كردووە لەماددە (٨)ی یاسای ژمارە (٣) ئەنجوومەنی وەزیران، واتە سەرۆكی ئەنجوومەن ئەیكا جا ئەوەی فەرمانبەران تیایەتی و ئەوانی تر (اعفاء شاغل الدرجات الخاصة) ودامەزراندنیان پێم وایە ئەو هەردوو بڕگەكەی بەیەك بڕگە جێبەجێی كردووە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

مامۆستا ئێمە وتمان ئەم بڕگەیە نامێنێ، وەك بڕگەی سەرەكی یاساكە لێرە جێگیر ئەكرێ، لەپرۆژەی ئەنجوومەنی وەزیراندا ئەو ماددەیە نییە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەگەر دەرفەتم بدەن، یاسای ژمارە (٣) ئەنجوومەنی وەزیران ئەڵێ:المادة الثانیة(یمارس المجلس الصلاحیات التالیة «١، ٢، ٣» هەتا دێتە «١١»)، ماددە (١١) ئەڵێ:(تعیین الموظفین والمدراء

العـامين)، وله (١٢) ئەڵێ:(يستثنى من الفقرة اعلاه شاغلي درجات الخاصة) هەردوو برگەی (١١) و(١٢)ی مادده (٨)ی لەیاسای ژماره (٣) چارەی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــــەن:**

سوپاس، ئەم ماددەیە جێگیر بوو وەکو ئەوەی کە خۆی لەیاسای ژمارە (٢)دا هاتووە، ئەوە رێک کەوتووین لەسەری، ئەو گرفتە لەمادده (٨)ی یاسای ژمارە (٣)ش ناهێڵێ، چونکە دامەزراندنی فەرمانبەران(تعيين الموظفين) ئەمە (درجات الخاصة)یە، ئەوە نەدراوە بە ئەنجوومەنی وەزیران، (درجات الخاصة) کاتی خۆی دراوە بە رابەر، کە ئێستا پرۆژەکە پێشنیار ئەکا بدرێ بە سەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیران، لەبەر ئەوە ناکۆک نین لەگەڵ مـادده (٨)ی یاسـایی ژمـاره (٣)، وابزانم خاڵەکە روونە، سوپاس. فەرموو کاک جەمیل، لەسەر رای خۆتی؟ بەڵێ، ئەیخەینە دەنگدانەوە.
کاک جەمیل پێشنیارێکی هەیە ئەڵێ: پێش وەخت کە ئەنووسرێ «المادة ثالثا» لەجیاتی (يمارس رئيس المجلس الوزراء) بکرێ بە (يمارس هيئة رئاسة المجلس الوزراء) واتا وشەی(هيئە) زیاد بکرێ، کاک یونادم دیارە قسەی هەیە، ببوورن پێش دەنگدان بابزانین تێبینیەکەی چییە.

**بەڕێز یونـادم یـوسف کنـا/ وەزیـری ئـەشـــغـــــال:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

تکایە دووبارە ئەو ماددەیە بخوێندرێتەوە، چونکە فەرمانبەران وئەوانە لەدەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانە، کەواتە ئەمڕۆ ئێمە وەها دەنگدان ئەکەین کە لەفەرمانبەران وبەرزتر دەسەلاتی ئەنجوومەن بێ تەنها دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بێ ماددەکە بخوێندرێتەوە زەحمەت نەبێ.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــــەن:**

لەیاسای ژمـاره (٢) مـادده (١١) برگەی(٣)دا ئەڵێ: (اصدار أوامر تعيين واعفاء اصحاب الدرجات الخاصة وكبار الموظفين، وقبول استقالتهم بناءاً على اقتراحات الجهات المختصة) واتـە وەزارەتی تایبەتمەند، ئەوە لەیاسای ژمارە (٣)دا نییە، هەڵاویردراوە(استـثـنـاء) کراوە ئەوەی کە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانە لەیاسای ژمارە (٣) بەتایبەتی برگە(٨)، کە وەکو خۆی ماوەتەوە. هیـچی لێ ناگـۆڕدرێ، ئەمـە دەسـەڵاتی رابەرە، کـە داوا کـراوە سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیران ممارەسەی بکات.

**بەڕێـز یونـادم یـوسف کنـا/ وەزیر ئـەشـــغـــــال:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

ببوورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من حەزم کرد، ئەو ماددەیە بخوێندرێ کە لەیاسای ژمارە (٣) هاتووە، لەوێ فـەرمـانبـەرانی ئاسـایی کـە پلەی نزمن (ادنى)ن، نەک پلەی تایبـەت دەسـەڵاتی دامـەزراندیان دراوەتەوە ئەنجـوومـەنی وەزیران، چۆن دامـەزرانی تایبـەت وسـەرەکی یەکـە ئیداریەکان(الوحدات الأدارية) بدرێتە کەسێک؟ تەنها مەبەستم ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الثامنة: بڕگەی(١١) (تعيين الموظفين) یەکێک لەدەسەڵاتی (يمارس المجلس الصلاحيات التالية) بڕگە (١١) لەگەڵ ئەوانە لەو چوارچێوەی کە ئێستا بابەتی باسی ئێمەیە(تعيين الموظفين والمدراء العاميين وعزلهم وفصلهم واحالتهم على التقاعد طبقاً للقانون) لێرە ئەبینین نە (درجات خاصة)ی تێدایە نە (رؤساء الوحدات الادارية) تیادایە، ئەمە (كبار الموظفين)یشی تێدا نییە ئەوە ئەمێنێت کە بڕگە(١٢) دیاری کردووە (تحديد) ئەڵێ:(يستثنى من الفقرة اعلاه) واتە لەبڕگە(١١)دا (شاغلي الدرجات الخاصة ورؤساء الوحدات الادارية والقضاة واعضاء هيئة الادعاء العام الذين يتم تعينهم باقتراح من قبل الوزير المختص وموافقة المجلس) واتە مەبەست ئەنجوومەنی وەزیرانە، و(قرار الجهة المختصة حسب القوانين المرعية)کە بێگومان (المختصة) لێرە رابەرە، بۆ ئەوەی لەلاتان روون بێ، ئەم نائاساییە ئەبێ بە ماددەیەک کە ئێستا ئێمە گفتوگۆی لەسەر ئەکەین، ئەو دەسەڵاتە ئەدرێ بە سەرۆکی وەزیران، چونکە بەشێکە لەدەسەڵاتی رابەر وابزانم روونە کاک یونادم، بەڵێ بەرزترە، بۆیە دراوە بە رابەر، و ئێستا پێشنیار وایە دەسەڵاتی رابەر بەش بکەین، بۆ ئەوەی روون بێت، فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیرمحەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت کە دەڵێی دابەش کردنی ئەرکەکانی(مهام) رابەر بێت من لەگەڵ رای جەنابتم، بەڵام ئەگەر بۆ چارەسەری بابەتەکە بێ، ئەوەی بەو بڕگە(أ) مەسەلەی بڕگەی(١١) لەگەڵ بڕگە (١٢) ماددە (٨) هەردووکیان چارە کردووە، چونکە (معقول) نییە مرۆڤ بتوانێ (١٠) کیلۆ هەڵگرێ تەنیا بۆ (٥)کیلۆ دابمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بۆ ئێوە بەجێماوە، فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مرۆڤ ئەگەر بتوانێ(١٠) کیلۆ هەڵبگرێ دوای بۆ پێنج دابمێنێت، ئەگەر ئەوە بتوانێ بەڕێوەبەرەکان(مدراء) واتە پلە تایبەتەکان دابمەزرێنێت، بۆ چی بۆ فەرمانبەری پلە نزم (ادنی) پەنا ببا بۆ ئەنجومەن؟ ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر دانەنیشێ دائەمەزرێ، واتە هەمووی بەو سپاردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە مادده(١١) ومادده‌ی(١٢) بخوێنین لەیاسای ژمارە(٣) مادده (١١) دیسان ئەڵێ(بأقتراح من الوزير المختص، وموافقة مجلس الوزراء) سەرۆکی وەزیران فەرمانی دامەزراندنی دەرئەکات، ئەگەر بێینە سەر ئەم مادده کە ئێستا هاوپێچە، مادده(١٢) لە یاسای ژمارە(٣) چ دەڵێ:(يستثنى من احكام الفقرة« ١١ » التالية يستثنى من الفقرة اعلاه) واتە لە برگە« ١١ »( شاغلي الدرجات الخاصة ورؤساء الوحدات الادارية والقضاة واعضاء) ئەگەر ئێمە ئەوەش ببەستین (ربط) بە مادده‌ی(١١) واتە سەرۆکی وەزیران نابێت یەکسەر فەرمانەک دەربکات من فلانم کرد بە بریکاری وەزیر، نەء، دیسان وەزیری تایبەتمەند پێشنیار دەکات ئەنجوومەنی وەزیران رازی دەبێت ئینجا جەنابی سەرۆکی وەزیران فەرمانی دامەزراندنی دەرئەکا، دەبێ ماددەکان بەیەکەوە ببەسترێن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روون بوو کاک یونادم، فەرموو د. ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوەی بەڕێز کاک محەمەد حەسەن روونی کردەوە، وایە، بەڵام ئەوەی جەنابت ئێستا وتت حەقی ئەبوایە لەپێشەوە بنووسرێت (اصدار أمر تعيين واعفاء شاغلي الدرجات) ئەوە کێشەکە چارە ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو خۆی بمێنێتەوە لەدەقەکەدا، چونکە ئێمە ڕێک کەوتین کە دەقەکانی یاسای ژمارە (٢) وەکو خۆی جێگیر بکرێت،ئەگەر تێبینی تر نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کاک جەمیل پێشنیارەکەت ئەکێشیتەوە؟ باشە سوپاس، لیژنەی یاسا ئەمەتان چاک کردۆتەوە؟

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ،کردوومانە بە(١) یەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

«ثالثاً»، یەکەم، ئەو دەقە جێگیر دەبێ کە لەیاسای ژمارە (٢) هاتووە ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە..

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا. زۆر سوپاس.

٢ـ اصدار أمر تعيين القضاه والحكام من يتقرر تعيينهم من قبل مجلس القضاء.

ئەمە لەیاسای ژمارە (٢)دا نەهاتووە، بەڵام لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیراندا هەڵاوێردراوە، و

دامــەزراندنی ئەمــانەی بەشــێــوەیەکی ئۆتۆمــاتیکی دراوە بەلایەنی پەیوەندیدار و، لایەنی پەیوەنداریش لێرانە بەراستی دیسان رابەرە، بەلاّم لەیاسای ژمارە (٢)دا هەلاّوێردراوە، برادەرانی یاسادانەری ئێمە لێرە بە پەسەندیان زانی ئەمە جێگیر بکەن لەبەر ئەوەی لەیاسای ژمارە (٢)دا ئەم پلانە هەلاّوێردراون خۆ ئەوانەی کە بڕیار دەدرێت دابمەزرێن لایەنێک هەیە فەرمانەکەیان بۆ دەرکات کە بەپێی یاسای ژمارە (٢) رابەر بوو، بەلاّم ئێستا پێشنیار کراوە کە بدرێت بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەگەر چ تێبینیەک نییە لەسەر ئەم برگەیە؟ نییە... دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەم برگەیە روونە.«ثالثـاً» (٢) ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ ... سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حـــســـیـن عــــەلی کـــەمــــال:**

٣ـــ اصدار قرارات لها قوة القانون في الظروف الاستثنائية والحالات التي تحول دون انعقاد المجلس الوطني على ان يعرض على المجلس حال انعقاده للبت فيه).

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

برگەی(أ) وەکو خوێندرایەوە، دەرگای گفتوگۆی بۆ ئەکەینەوە، کێ ئەیەوێ قسە بکا لەسەر ئەم ماددەیە؟ تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە، کاک عەبدولخالق، کاک یونادم، کاک جەمیل سندی، د. رزگار، کانەبی ئاغا، کاک ئەحمەد سالار، مامۆستا مەلا محسن، کاک سەعید یەعقوبی، مامۆستا مەلا تاهیر، کاک د. ناسح، مامۆستا مەلا طلحە، کاک شێخ یەحیا، کاک ئیبراهیم سەعید، کاک د. ئیدریس، کاک فازڵ، کاک فرەنسۆ. یەک تکامان هەیە بۆ ئەم بابەتە چونکە لەوانەیە زۆر قسەی لەسەر بکرێت ، بۆیە دەڵێم تکایە بەبێ هەڵچوون وبەبێ هیچ درێژ کردنەوە ولادانێک لەسەری بدوێین، چونکە ماددەکە شایەنی گفتوگۆیە، روونکردنەوەیەک لەلایەن لیژنەی یاسایشەوە هەیە سەبارەت بەم بابەتە.

**بەڕێز مــــحــــمـــــەد حـــســـــەن بالـــەتە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

ئەو دەقەی کە لەبرگە(٣) هاتووە(من حيث المبدأ) لیژنەی یاسا لەگەڵ ئەم برگەیە نییە، ئەم برگەیە هاتووە، ماددە (٤٣)ی دەستووری عێراقی، هاتووە هەتا دەستووری کاتی عێراقی ئەو دەسەلاّتەی بە سەرۆکی ئەنجوومەنی شۆڕش(رئيس مجلس قيادة الثورة) نەداوە، وەبەجێگرەکەشی نەداوە، لەبرگە(ز)ی ماددە (٤٣)ی دستوری کاتی زۆرلەو دەسەلاّتی زۆربەی برگەکان دراوە بەسەرۆکی ئەنجوومەنی شۆڕش(رئيس مجلس قيادة الثورة) بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە واتە ئەم ئەنجوومەنە ئەو دەسەلاّتەی دەداتە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش(مجلس قيادة الثورة) برگە(ز) چ ئەڵێ:(تخويل رئيسه أو نائبه) واتە (مجلس قيادة الثورة)(بعض اختصاصاته المثبتة في هذا الدستور عدا الاختصاصات التشريعية). هەتا ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش(مجلس قياده الثوره) تایبەتمەندێتی یاسادانانی بەسەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی

شـۆڕش نەداوە(رئیس مجلس قیادة الثورة) ئەوە بۆ سەرجەمی ئەنجوومەن هاتووە، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کاتێ ئەم دەستووورە دانرا(١٢) ئەندام بوون، ئێستا نزیکەی (٢٠) ئەندامن، وەکو گوتم ئەم دەسەڵاتە دراوە بەسەرۆکی سەرکردایەتی شۆڕش دراوە بە ئەنجوومەنی نیشتمانی (مجلس الوطني) بەکۆبوونەوەی هاوبەش ئەوە درایە.
لەپاش ئەوە ئەم برگەیە کە (اصدار القرارات لها قوة القانون) دوو برگەی دەبێت لەدەسەڵاتی یاسادانان، کە پەرلەمانەو ئەم دەسەڵاتەشی بدرێ بە سەرۆکی وەزیران وئەویش بریار دەربکات، ئەوە دوو برگەی دەبێ لەیاسادانان، پاشان ئەم بنەمایە لەگەڵ (مبدأ فصل السلطات) ناگونجێ کە دەسەڵاتی یاسادانانە ودەسەڵاتی راپەراندنە ودەسەڵاتی دادگەرییە، ئەوە سێ دەسەڵاتە سەربەخۆن، ئەوەش دژی ئەو بنەمایەیە، ئەگەر ئێمە ئەو دەسەڵاتەمان دا بە سەرۆکی وەزیران ئەو دەسەڵاتە بەپێی یاسالەجیهان هەمووی ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانییە، مانای وایە ئەنجوومەنی نیشتمانی بووە بە پەراوێز، بووە بە سفری پاش فاریزە، ئەوە رای ئێمەیە، تەنها لەمیسر نەبێ دەستووری میسر ئەو دەسەڵاتەی لەباری نائاسایی بەسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نەداوە، بەڵکو بە سەرۆکی کۆمار داوە، سەرۆکی کۆماریش وەکو ئەنجوومەنی نیشتمانی هەڵبژێردراوە، وەکو ئێمە دەسەڵاتی پێدراوە، بەڵام چۆن دەدرێت؟
یەکەم: (تحديد موضوع الذي يخول بموجبه رئيس جمهورية منحه هذه الصلاحيات) لەپاش ئەوە ماوە دائەنرێتن لەوانەیە حاڵەتێک دروست بێت سەرۆک کۆمار داوای ئەوە دەسەڵاتە دەکات بۆ ماوەیەکی کاتی، مانگێک(٢) مانگ یان (٣) مانگ، وەبۆ بابەتێکی دیاریکراو دەی درێتێ، وابزانم لەدەستووری فەرەنساش شتێکی وا هەیە، زانیاریم لەسەر نییە، چونکە ئەو دەستوورە بە دەستم نەکەوتووە، پاشان لەهەمووی گرنگتر، ئێمە دوو یاسامان هەیە کە ئەتوانین بڵێین دەستووری ئێمەیە، لەجیاتی دەستووورە، یاسای ژمارە (١) کە بەرەی کوردستانی دایناوە، وەیاسای ژمارە (٢)، لەو دوو یاسایە هیچ دەسەڵاتێکی لەم جۆرە نەدراوە بەئەنجوومەنی نیشتمانی تاکو ئەو دەسەڵاتانە بداتەوە سەرۆکی وەزیران، یان لایەنێکی تر لەیاسای ژمارە(٢) ئەو دەسەڵاتە دراوە بە رێبەر، ئەوە یاسایەکی سەربەخۆیە. وەک لەسەرەتا وتم: ئێمە کە لیژنەی یاسای باسمان کرد و بریارمان دا ئەڵێین ئەو دەسەڵاتە (اصدار قرارات لها قوة القانون) بدرێتە ئەنجوومەنی نیشتمانی، نە بدرێتە ئەنجوومەنی وەزیران ونە سەرۆکی پەرلەمان، ئەنجوومەنی نیشتمانی بریار لەسەر ئەو یاسایە بدات، بیانووی دەسەڵاتی راپەراندن (ئەنجوومەنی وەزیران) ئەوەیە کە لەوانەیە لەکاتی پشوودان، داوا لەئەندامانی پەرلەمان کراوە ئامادەبن بۆ دانیشتنی نائاسایی لەهەمان رۆژیان دوای چەند کاتژمێرێک ئامادە نەبووینە لەئەنجوومەن تا ئەو بریارە بدەن، پاش ئەوە کاک فازڵ لەکۆبوونەوەی رابردوو باری نائاسایی دیاریکرا کە ئاگر بەربوونە یان گوومە لەرزەیە یان نەخۆشیە رووبدا، من جاری تریش ووتم یاسایەکی تایبەت هەیە، یاسای ژمارە (٣٧) لەساڵی (٩٦)، من ئەو یاسایەم لە پارێزگاری دهۆک دیوە کە دەسەڵات دراوە بە پارێزگار

بۆ نەهێشتنی گومەلەرزە یان ئاگر بەربوونەک یان بارێکی نائاساى، ئەوە ژمارەی یاساکەیە دەسەلاتی راپەڕاندن ئەتوانێ بگەڕێ بۆ ئەو یاسایە تەماشای بکات کە دەسەلاتی داوە بۆ حالاتی دیاریکرا و، نەک ئێمە لە ئێستاوە دەسەلاتی رەها بدەینە سەرۆکی ئەنجوومەنی راپەڕاندن لەباری نائاسای ئەوان ئەو بارە نائاساییە دیاری بکەن (حصرا)، لەبەر ئەم هۆیانە لیژنەی یاسای دژی ئەم برگەیەیە، لیژنەی یاسا تاکۆتایی سوورە لەسەر رای خۆی، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک محەمەد، دێینەوە سەر ئەو برادەرانەی کە ناونووس کراون، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەرێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەم بابەتە لەدانیشتنی رابردوو بەتێروتەسەلی باس کرا، ومن لەسەر دوو سێ خاڵ دووپاتم کرد، کە ئەمە پێش دوو سێ هەفتە، ئەنجوومەنی وەزیران داوای کردبوو بەیاسایەکی تر دەسەلاتی بدرێتێ، ئێمە بەتێکڕای دەنگ پەسندمان نەکرد، لەبەر ئەوە بەراستی من سەرم سوڕماوە پەرلەمان بۆ دەسەلاتی خۆی بدا بە کەسێک، لەکاتێکدا هەتا لە دەستەواژەکانیشدا جیاوازی هەیە، لەگەڵ ئەسڵی یاسایەکە یاسای ژمارە (٢) هەڵبژاردنی سەرۆکی بزاڤی رزگاری ئەڵێ (اصدار قرارات لها قوةالقانون خلال عطلة المجلس الوطني) لێرانە ئەڵێ (الحالات التي تحول دون انعقاد المجلس الوطنی) واتە دووشتی جیاوازی تەواوە، ئینجاش یاسای ژمارە (٢) دەڵێ (وفي الظروف الطارئة) لێرانە ئەڵێ (في الظروف الاستثنائية) من ئەو دوو مەسەلەیە ئەخەمە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، کە ئەوە هەتا یاری پێکردنیشە (تلاعبە)، بەشێوەیەک لەشێوەکان بە برگەی (٤) لەماددەی (١٠)ی یاسای ژمارە (٢) هەڵبژاردنی سەرۆکی بزاڤی رزگاریخوازی کورد، بەراستی جارێکی تر دەڵێم من نازانم پەرلەمان کە هەیە، ولە حالاتێک ئەتوانێ هەتا لەماوەی پشووش کۆبوونەوەی نائاسایی بکات بۆ پەرلەمان (تنازل) لەو مافە بکات کە بەراستی ئەو کاتە پەرلەمان ئەبێتە پەرلەمانێکی شکلی، وابزانم ئەوەش نە ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەی دەوێ ونە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەی دەوێ، لەبەر ئەوە بەراستی حەق نییە ئەم برگەیە هەر گفتوگۆ بکرێت لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان لەبەر ئەوەی پێشی ماوەیەک رەتمان کردووە، دووەمیش بەراستی زیاد رۆییە لەسەر دەسەلات بەتایبەتی دەسەلاتی یاسادانان کە ئێمە لەیاساکانمان دووپاتمان لەسەر جوداکردنەوەی دەسەلات کردووە، لەبەر ئەوە من ئەوەی بە (لایجوز)ەکە دەزانم وزۆر زۆر بەهەڵەی دەزانم چونکە دژی دیموکراتیەتە، ئەوە دەسەلاتێکی ئاسایی نییە، بەداخەوە ئێمە لەو بارودۆخە کەپێویستمان زیاتر بە(ممارساتی) دیموکراتی هەیە ئێمە بێین(جمعی سلطات) و(ترکیزی سلطات) بکەین بۆ کەسێک، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەم برگەیە هەڵبگیرێ، بەهەمووییەوە ئەو دەسەلاتانەی تر کە دراوە مەسەلەیەکی ئاساییە و داواش

دەکەم ئەمە بدرێتە دەنگدان لەکاتێک ئەگەر ڕێژەی(نصابی) ژمارەی تەواو هەبوو، ئەگەر ڕێژەی(نصابی) تەواو نەبوو بەڕای من ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە بەمافی خۆمان دەیکەین ومن خۆم لە کۆبوونەوەی رابردووش ووتم ئەگەر ئەم خاڵە وای لێهات من خۆ دەکێشمەوە لە دانیشتن بۆ ئەو برگەیەی کە پەیوەندی بەوە هەیە، لەبەرئەوە داوا دەکەم ڕێژەی(نصابی) یاساییەکە ئەبێ حساب بکرێت لەبەر ئەوەی ئێمە (٥٤) کەسین وئەگەر بە (٢٦) دەنگ بێت ئەوە نابێتە یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک عەبدولخالق، گفتوگۆ دەکرێت کاک عەبدولخالق بوار دەدەین بەبرادەرانی تریش رای خۆیان بدەن، بەڵام یەک روونکردنەوەی بچووک بۆ ئەو تێکەڵ بوونە، کاتی خۆی ئەنجوومەنی وەزیران داوایان لەئێمە نەکردووە کە ئێمە ئەو شتەیان پێ بدەین، داوای رێگەپێدانێکیان کرد بۆ بابەتێکی دیاری کراوو ئەوە بوو ئەو بابەتە ڕەت کرایەوەو پەسەند نەکرا ئەمە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە ئەوان ئەم جارە داوایان کردووە، کاک کانەبی ئاغا فەرموو.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی زانیاری خۆم وەکو دیاردەیەکی دەیان ساڵی سەردەمی پاشایەتی وکۆماری بەتایبەتی سەردەمی پاشایەتی پێویستە لەبارودۆخی نائاسایی دیاری کراوە لە ماوەی پشووی پەرلەمان یاخود ئەگەر گۆشەگیر بوو پەرلەمان کۆبێتەوە لەکاتی پێویست نابێت حکومەت واتا ئەنجوومەنی وەزیران لەو بارودۆخە دەست بەستراو بێت نەتوانێ کاری کتووپڕ بۆ پاراستنی ئاسایش ونیزام و دەستووری بکات یان نەهێشتنی ترسناکیەک لەسەر گشتی وڵات و هاووڵاتیان. وەیان بەدەم و دەستی برە پارەیەک سەرف بکات کە لەبودجەدا نییە و بە یاسایەکی تایبەت مۆڵەتی نەدراوە بەسەرف بۆیە بەپێویستی دەزانم حکومەتی هەرێم واتە ئەنجوومەنی وەزیران نەک دەستەی سەرۆکایەتی ڕێگەی پێ بدرێ لەپەرلەمان کە بتوانێ بڕیاری پێویست دەربکا بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ئەو بارودۆخە نائاساییانەو کارەساتانە وچارەسەر کردنی ئەو گرفتانەی کە روودەدات بەمەرجێ هەر بڕیارێک کە ئەنجوومەنی وەزیران دەری دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە بێت، ولەچوارچێوەی کارەساتەکە کە روودەدات، وبڕیارەکانی هێزی یاسایی ئەبێت تاوەکو پەرلەمان کۆئەبێتەوە ئەو کاتە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان لەیەکەم کۆبوونەوەیدا، ئەگەر پەرلەمان رەزامەندی لەسەر بڕیارەکان نەدا، بەرەت کردنەوە (لەغو) دەکرێ هەر لەڕۆژی بڕیاردانی پەرلەمان وئەو حاڵەتە لەیاسای بنەڕەتی (مەلغی)یە، ئێستا بێگومان ئەوە کارپێکراو نییە، بەڵام ئەوە زیاتر لەگەڵ بارودۆخی ئێمە ڕێک دەکەوێ (تطبیق) دەبێ نەک یاسای کاتی حاڵی حازر کە هەموو دەسەڵات بۆ (مجلس قیادة الثورة)یە یان بۆ کەسی سەرۆکی کۆمارە، ئەوەش مادده (٢٦) برگە (٣) یاسای بنەڕەتی

عێراقییە ئەوە لێکۆڵینەوە پرسیارە ئەوە کارپێکراو نییە، ئەوە (مەرسومی) پاشایەتی بۆ دەردەچێ بە رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەو حاڵەتانەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرەش (مەرسومی) کۆماری دەردەچێت بە رەزامەندی (مجلسی قیادەی ثورە).

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵام (مجلس قيادة الثورة) من بەدیکتاتۆریەتی ئەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ وایە، سوپاس بۆ کاک کانەبی، کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا / وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی جێگای خۆشحاڵییە کەزیاتر لەسێ کاتژمێرێ پەرلەمانمان دەتوانم بڵێم بە (جدیە)ئەوە گفتوگۆی بابەتێک دەکەن. بەڕای من یاسایەکە زۆر پێویست بوو بەشێوەیەکی گشتی هەندێ بابەت چارەسەر بکات، کە ماوەیەکی زۆرە بەخراپی کەوتنە سەر یەکتری لەبەر نەبوونی ڕابەر و لەبەر نەبوونی بنەمایەکی یاسایی و شەرعی بۆ چارەسەر کردن. من ئەوە بوو لەدانیشتنی پێشووش باسم کرد، وداوام لەکەسایەتی کاک «مەسعود بارزانی» کردووە کە دەستەیەک (هیئە)پێک بهێنرێت بۆ پەرچ دانەوەی هەندێ داوا دژ بە حاڵاتی تاوان(جرائم) ودزی و ئەوشتانە، کاک مەسعود ووتی: ئەمە لەپرۆسەی دیموکراتیەتە ناتوانین ئەو شتە بکەین، منیش دوو سێ ساڵ لەدوای یەک باسم کردیە هەر کاک مەسعود ئاوا دووپاتی دەکردەوە ودەیگوت ناکرێ پرۆسەی دیموکراسی لەکەدار بێ ئەوە هەڵەیە بنەمایەکی یاسایە نابێ، قەبووڵ ناکەین، و ئەو هەڵوێستەی کاک مەسعود جێگای خۆشحاڵی وشانازییە، ئێستاش هەڵوێستی برادەران ودوا کەوتنی بڕیار دان لەسەر ئەم یاسایە ئەوەش جێگای شانازییە، کە دوواکەوتنی گفتوگۆ لەسەر ئەم برگەیە بوو، بەڵام برگەکانی تر وچارەسەرکردنیان هەموو شتێک لە جێگای خۆیەتی، بەڕێز کاک فازڵ باسی کلینتۆنی کرد، ئەمەریکا کاتی پێشوو بەر لە (١٥) رۆژ کەلێرە باسمان کرد، هەواڵی بەیانیم بیست بەر لەهاتنم بۆ ئێرە ئەڵێ کلینتۆن داوای لەکۆنگریس کرد کەرێگەی پێ بدرێ دانوستاند لەگەڵ کۆمپانیاکان بکات ومەبەستم کۆمپانیا بازرگانیەکان کۆنگریس ڕێی پێ نەدا، وەکو سەرۆکی کۆماری ئەمەریکا کە ئەمڕۆ سەرکردایەتی پرۆسەی دیموکراتیەت لەجیهاندا دەکات (٣٠٠)ملیۆن دەنگی بۆ دراوە، ڕێیان نەدا بە کلینتۆن کە ئەو دەسەڵاتەی هەبێت دانوستاند لەگەڵ کۆمپانیا بازرگانیەکان بکات، وسوپاسی کاکەرەش دەکەم کە بەهانامەوە هات لەساڵی ١٩٢٣ (مجلس الامة العراقية) پێک هێنراوە تا ئەمڕۆ ئەوە (٧٤) ساڵ سەنگی یاساو دەستوورەکان و

هەموو شتێک کراوە، ئێمە هەڵوێستمان هەیە لەو پەرلەمانە، بڕیارمان هەیە، تەنها یاساکانی (ترحیل وتەعریب) کەدوای ١٩٩١ دەرچووە ئێمە ئەبێ ئیشی پێ بکەین ئەتوانین (العمل بالقوانین النافذە) وبەردەوام بین لەسەری. هەموو حاڵات چارە کراوە لەیاساو دەستوورەکانی عێراقی، تا ئەم چرکەش بەشێکین لەو عێراقە، عێراقیش هەموو بنەمایەکی یاسایی بۆ هەموو حاڵات داناوە دەتوانین وابڵێین، بەڕێز کاک د.ناسح باسی ئەوەی کرد کە لەوانەیە رادەی یاسایی نەبێ پەرلەمان نەتوانێ کۆبێتەوە ئەوەی کاتی پێشووش باسم کرد لە (١٩٧٥ ـ ١٩٩١) هەموو شتێک لە لوبنان زۆر ئاسایی بەڕێوە چوو عێراقیش وەکو ئەوێ نییە ئێرەش وەکو ئەوێ نییە، ئێمە زۆر لەوێ باشترین هەموو بنەمایەکی یاساییمان بۆ هەموو حاڵاتێک هەیە. لەوانەیە ئەنجوومەنی وەزیران یان سەرۆک وەزیران دەسەڵاتی پێبدرێ (في الكوارث الطبيعية) ئەو دەسەڵاتە بۆ لافاوە، ئاگر بەربوونە، شتێکی ترە چارەیان بکات بەشێوەیەکی یاسایی، ئێمە ئەو دەسەڵاتەی پێبدەین ئەگەر لێرە نەبێ لەشوێنی تر بێ، بەڵام ئەم برگەیە بەرای من لێدانێکی خراپە لەبنەماکانی دیموکراسیەت کە جێگای شانازی هەموومانە، هەر بۆیە ئێمە پشتگیری کراوین لەلایەن وولاتانی جیهاندا چونکە ئێمە لەڕاستیدا پرۆسەی دیموکراتیمان هەیە ئەگەر ئەم بریارە پەسەند بکرێ وکاری پێبکرێ بەرای من رەنگ دانەوەیەکی خراپی ئەبێت لەسەر هەرێم ولەسەر پرۆسە دیموکراسیەتەکەمان، یانی پاشگەزبوونەوەیەکە لەدیموکراسیەت، بەبۆچوونی من باشترین چارەسەر ئەوەیە کە برادەران کۆک بن لەگەڵ ئێمە بۆ ئەوەی ئەم برگەیە بەر لەوەی گفتوگۆیەکی درێژتر بکرێ سەعاتونیوێکی تر تەواو نەبین هەر بکێشرێتەوە وبەرای من ئەم برگەیە وپرۆسەی ئێمە لەکەدار دەکات، بۆیە دیسان دووپاتی دەکەم، تکا دەکەین ئەوە (سحب) بکرێ لەلایەن برادەران وکۆتایی بەگفتوگۆکردنەکە بێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک یۆنادم، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز کانەبی ئاغا باسی بودجەی کرد کە بۆ کاتی نائاسایی وکارەسات بەکار دێت لەگەڵ ڕێزم بۆی لەیاسای بودجەدا پاش (١٩٩٢) تا (١٩٩٤) بە بەردەوامی ماددەیەک هەیە بۆ ئەم بارە وەکو بارودۆخێکی نائاسایی، بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری دەسەڵاتی هەیە ١٪ بودجە زیاد بکات جگە لەمەش بودجەیەکی پەسەند کراوە بۆی لەهەموو بارێکی نائاساییدا. وهەروەها یەدەگێکی گشتی پەسەند کراو (مصدق) داندراوە واتە هیچ گرفتێک نییە لەسەر بودجە، ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ نەیتوانیوە دەوام بکات لەزۆر کاتدا جا لەبەر هەرچی هۆیەک بێت بەڵام پەرلەمان توانیوەتی دەوام بکات وبۆ راگرتنی جەپۆکی شەڕ وزۆر شتی تر ئامادە بوو وهەموو لایەک ریزیان لەئەندامەکانی پەرلەمان گرتووە، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ئەو شتەی کە سەرنج

راکێشه له پرۆژەی ئەنجوومەنی وەزیرانه کەداوای (اصدار قرارات لها قوة القانون) دەکەن ئەمەش لەزووەوە ئێمە گوێمان لێ نەبووە کەوا پەرلەمانێک مافی خۆی بدات بە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ دەرکردنی بریار ویاساکان تەنها ئەمە مافی پەرلەمانە، کاتی پەرلەمانتارانی هەر سێ فراکسیۆن چاوپێکەوتنمان کرد لەگەڵ بەڕێز سەرۆک بارزانی لە ١٩٩٦/٩/١٥ لەهاوینەهەواری سەلاحەدین فەرمووی: ئەگەر بەر لەئێستا بەدوای فراکسیۆن کەوتوون ئەبێ ئێستا ئەندامانی پەرلەمان بن وەکو یەک بن بۆ دروست کردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ میللەت لەم هۆڵە پیرۆزەدا. لە ١٩٩٧/٣/٩ یەکەم کۆبوونەوە بوو بۆ ساڵی نوێی پەرلەمان، سەرۆک بارزانی فەرمووی هەندێک کەس هەنە بەهاو شەرعیەتی پەرلەمان دێننە خوارەوە، بەڵام شەرعیەت وپەرلەمان هەر ماوە، وپەرلەمان قودسیەتی خۆی هەیە. بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر کارێک کرابێ بۆ پاراستنی قودسیەتی پەرلەمان بۆ نموونە پێش ئێستا بەتێکڕای دەنگ پرۆژەی حکومەتی هەرێم پەسەند نەکرا، من لەو باوەڕەدام وئومێدم بەهەڵوێستی ئەندامە بەڕێزەکان هەیە لەو برگەیە ژمارە (٣) لەم ماددەیەی کە پرۆژەی حکومەتی هەرێمە لەگەڵ رێزم بۆ پەسەند کردنی تاوەکو قودسیەتی پەرلەمان هەر بمێنێت چونکە ئاشکرایە کاری یاسادانان چییە وکاری راپەڕاندن چییە ومن هیوادارم کەوا پەسەند نەکرێت یاخود ئەنجوومەنی وەزیران خۆی ئەم برگەیە بکێشێتەوە وزۆر سوپاسی لیژنەی یاسا دەکەم لەسەر بۆچوون وکارکردنییان لەسەر ئەم برگەیە و نارەزاییان لەسەر ئەم برگەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک جەمیل، کاک د.رزگار فەرمووی.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر تێبینی کە لەبەر دەستی من بوو دەمویست بیکەم برادەران بەتایبەتی کانەبی ئاغا زۆر روون کردنەوەیان لەسەر بابەتەکە کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیاری هەڵگرتنی رستەی بارودۆخی بەدەریانە (نائاسایی) دەکەم (الظروف الاستثنائية) لەبەر ئەوەی بەزمانی یاسا نامۆیە وتەم ومژاویە، جگە لەوەی ئەگەر مەبەستمان لەبارودۆخی نائاسایی بێت پەرلەمان گەلێک بارودۆخی نائاسایی بینیو لە رابردوو و بەردەوام و بەکاریش بوو لەگەڵ رێزو سوپاسدا.

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــوومـــــــەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد، مامۆستا مەلا محسن فەرموو.

**بەڕێز مــەلا مــوحــسین خــالیــد مــســتــەفــا:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــوومـــــــەن.**

لەکاتی باری پەنجا بەپەنجا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبوو پەرلەمان هەبوو، ئەگەر ئەم جۆرە گفتوگۆیانە بکرابایە لەوانە بوو لێکدانەوەیەکی تر بکرابایە، بوترایە ئەمە مایەی دڵناخۆشیەو بۆ ئەو خەڵکانە. بەڵام ئێستا سێ چوار کاتژمێر وڕۆژێکی تریش بەتەواوی تەرخان کرا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بکرێ من وا ئەزانم مایەی بەختەوەریەو دڵخۆشیە بۆ ئەوەی بزاندرێ هەموو کەسێک سوورە لەسەر ئەوەی ویژدانی خۆی، چی ئەیزانێ چی زانیاریەکی هەیە، بیهێنێتە کایەوە رایەکی روون بێتە مەیدانەوە لەو بارەیەوە، لەوانەیە لە چوارچێوەی ئەم روونکردنەوانە گەلێک ڕا گۆڕا بێت لەوانەیە گەلێک سوود کرابێ. کاتی پێشوو باسی ئەوە کرا کە حالاتی نائاسایی دێتە پێشەوە بۆیە حەق وایە لەم حاڵەتە نائاساییە(محدد)ی کەدیاری کراو بەوبیبانگەی ئەو دەسەلاتەی کە بدرێ بەئەنجوومەنی وەزیران یان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو بارە نائاساییە بوو،بەڵام ئێستا دوای ئەوەی لیژنەی یاسا بەبریاری پەرلەمان لەگەڵ نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیراندا کۆبوونەوەیان کرد هیچ شتێک لەم بابەتە گۆڕانکاری بەسەردا نەهات ئەوەی کە پەرلەمان وئەندامانی پەرلەمان داوایان کردو ووتیان بەڵکو چارەسەرێکی ئەم بابەتانە بکرێ هەتا دیاری بکرێ لەم حاڵەتە تایبەتیانە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە بریاری کۆتایی خۆی بدا ئەم دیاری کردنەکە نەکرا، وەکو خۆی مایەوە وەکو رەهایی خۆی مایەوە (شمولی) خۆی ئێستاش شمولیەتی هەر وەرگرتۆتەوە، لەبەر ئەوە وادەزانم ئەو دانیشتنەی کە لەنێوان لیژنەی یاساو ئەوانا کرا نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک، وەکو برایان باسیان کرد بنەمای گواستنەوە لەحالاتی کتوپڕ لەوەزارەتی دارایی لەیاسای رەسمی ئێمەدا هەیە کە (مەبدەئی مناقەلە) هەبێ مانای ئەوەتانێ هەر پێویست ناکا بەوەی کە تۆ باسی ئەوە بکەیت ئێستا لەم حاڵەتە کتوپڕانە رووی دا مادام بتوانێ دەسەڵاتی هەبێ ١٪ی بودجە دیاری کرابێ بۆ ئەو کارەساتە سروشتیانەی کە هەیە، مانای وایە پێویستی بەیاسا نییە، لە دەسەڵاتی رابەریشدا پێشتر باسی ئەوەمان کرد (توزع الصلاحيات) کە تایبەت بێ بەرابەرەوە ئەمە باس نەکراوە لەدەسەڵاتی رابەردا، باسی ئەوە کراوە لەحالاتی پشووی رەسمی پەرلەماندا بۆی هەیە کە ئەو ئیشانە بکات لەبەر ئەوەی باسی ئەوە نەکراوە لەحالاتی پشووی رەسمیدا مانای ئەوەیە ئەو بنەما یاساییەی کە ئێستا ئێمە دەمانەوێ جێگیری بکەین لەبنەمای رێگەپێدانی رابەر کراوە تیای نییە، لەبەر ئەوە من وائەزانم بوونی ئەم برگەیە وبەو رەهاییە (مطلق)ییە زیانێکی زیاتر دەگەیەنێ لەوەی کە قازانج بگەیەنێ توانا هەیە بەوەی کە داوا بکرێت هەر بابەتێک کە پێویست بە چارەسەرکردن بکات ئەگەر دواکەوتنی لە ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە بوو ئەو کاتە وەکو مەسەلەی چارەنووسی میللەتی کورد با تاوانەکە

بەرەو ئەنجوومەنی نیشتمانیی بگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر چارەسەر کردنەکەش لە شێوە یاسادانانەکە خۆی جێگای خۆی بگرێتەوە هەر وەکو خۆی بێنێتەوە ئەو برگەیە هەڵبگیرێت بە بەرژەوەندی زیاتری دەزانم لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا مەلامحسن، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم: ئەم برگەی پرۆژەکە دژی بنەماکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە ودژی ناوی پارتیمانە کە پارتێکی دیموکراتییە کە پەنجاو یەک ساڵە خەبات دەکات لەژێر سێبەری ئەم دروشمە کە دیموکراتییەتە، ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن ویاسادانانی هەبێت ئەدی کێ بەرگری لەمافی هاوولاتیان دەکات؟ کێ چاودێری کردەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات؟ لەکاتێکدا کە ئەمە پێچەوانەیە گونجاو نییە لەگەڵ برگە یەکی مادده (٥٦) کە لەئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەرچووەو دەڵێن یاسادانان ودەرکردنی بڕیارەکان دەسەڵاتی پەرلەمانە، هەروەها ناگونجێ لەگەڵ برگە (٦)ی هەمان مادده کەدەڵێت: پەرلەمان مافی چاودێری هەیە لەسەر دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، ئەم دوو برگەیە بەزەقی وبرگەکانی تریش بەگشتی هەمووی ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە من لێرە نامەوێت کاتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەفیرۆ ببەم بە درێژەپێدانی.

دووەم: ئەم ماددەیە دژی سیستەمی سیاسی حوکمە کە بنەماکەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتە کە پارتیمان لەمێژە باوەڕی پێیەتی وخەباتی لەژێردا دەکات.

سێ یەم: دژی بنەماکانی جاری گەردوونییە هەروەک لەدیباجەکەی هاتووە لەمادده (٢١) برگە (٣) کەدەڵێن (ان ارادة الشعب هي مصدر سلطة الحكومة) کە پەرلەمان نوێنەرایەتی دەکات.

چوارەم: کاتی خۆی پەرلەمان ڕازی نەبوو سیستەمی بەخشینی دەرماڵە بدرێت بە ئەنجوومەنی وەزیران، چۆن ئێستاکە داوا دەکرێن مافی بڕیار دانی هەبێن کە ئەو بڕیارە هێزی یاسای هەبێن؟ باشە ئەگەر ئەو دەسەڵاتە درا بەئەنجوومەنی وەزیران کە دیاری کراوە بۆ سەرۆک وەزیران کە یەکێکیشە لەدەسەڵاتەکانی ڕابەر هەروەک لەبرگە (٦) مادده (١٠) لەیاسای ژمارە (٢) ساڵی ١٩٩٢یاسای هەڵبژاردنی ڕابەردا هاتووە ئەویش ئەوەیە (الدعوى الى اجراء الانتخابات العامة للمجلس الوطني وفقاً للقانون خلال مدة (١٥) خمسة عشرة يوما مِن تاريخ الانتهاء مدة المجلس او اصدار قرار منه بحل نفسة). بەڕێزان ئەگەر ئێمە ئەو دەسەڵاتەمان دا بەسەرۆکی وەزیران تکاتان لێ دەکەم سەیری برگە (٢) لەمادده (١١) لەیاسای ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٣ بکەن کە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانە کە تێیدا هاتووە دەڵێت (يستمر اعضاء مجلس الوزراء في تأدية مهام واجباتهم الرسمية لحين تشيكل مجلس جديد) باشە لێرەدا ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتانە لەدەست خۆی بێنێ داوای هەڵبژاردنی نەکرد بەبیانووی ئەوەی

که بارودۆخی گۆڕەپانی سیاسی وهەرێمایەتی لەبار نییە کە هەڵبژاردن دوا دەخات بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو ئایا لێرەدا هەڵوێستی پەرلەمانتاران کە نوێنەری گەلن چی دەبێ؟ بۆیە من لەگەڵ ئەو نیم کە ئەم دەسەلاتە بەئەنجوومەنی وەزیران بدرێ، چونکە الغائی دەوری پەرلەمانە، بەڵکو دەسەلاتەکە با بۆ خودی پەرلەمان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک سەعید، مامۆستا مەلاتاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی برادەران کە من گوێم لێ بووە کۆی قسەکانی ئێمەیان کردووە شتێک نەماوە بیلێم، ئەوەی جێگای شانازیە، ئەم پەرلەمانە دووپاتی کردەوە بۆ ئێمە کە ئەوناوەی کاتی خۆی لە خۆی ناوە لە دیموکراتیەت ئیستا دووپاتی ئەم ڕاستیەمان بۆ بەدەردەکەوێ کە زۆر دیموکراتیە زۆر ئازادییە بۆ ئەوەی دەسەلاتەکان تێکەلاو نەبێ ومنیش لەگەڵ ئەوەم کەوا بڕگە (٣) کە هاتووە لە بنەڕەتی یاساکە نەبێ، لەهەمان کاتدا ئەگەر پەرلەمان بە هەڵبژاردنی میللەت بێ ئەوا زۆر ئاساییە دەتوانێ ئەو دەسەلاتەی کە هەیەتی بیبەخشێ چونکە بە ویستی(ئیرادەی) میللەت پەیدای دەکات و مافی خۆیەتی. بەلام من لەگەڵ ئەوەم ئێستا حاڵی حازر بۆئەوەی بۆ مێژوو، بۆ ئێمە هەر بەسەر بەرزی ڕۆژان بیەینە سەر بائەم دەسەلاتە بەدەست پەرلەمانەوە بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس مامۆستا مەلاتاهیر، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کە بووینەتە ئەندامی پەرلەمان وهەر یەکە لەئێمە لەرێی حزبێکەوە گەیشتە ئێرە، بۆ ئەوە بووینەتە ئەندامی پەرلەمان کە چالاکانە ودڵسۆزانە وکورد پەروەرانە ونیشتمان پەروەرانە بیر بکەینەوە وبەشداری لەدەرکردنی ئەو یاساو بڕیارانە بکەین کە بەویژدانی ئێمە لەخزمەتی بەرژەوەندی گەل و وولات وئەزموونەکەماندایە، من لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو برایانەی کە لەپێشمدا قسەیان کرد چونکە قسەکانی من بەپێچەوانەی قسەکانی ئەوانە، ئەو برایانە باسی (میثالیات) ئەکەن، باسی ئەو کاتە دەکەن کە ئێمە پەرلەمانمان هێنایە کایەوە وپەرلەمانمان هەڵبژارد، لەسەرەتاوە ڕۆژانە ئەگەر (١٠٥) ئەندامی پەرلەمان لەکۆبوونەوەکان بەشداریان نەکردایە بەلانی کەمەوە زیاتر لە (١٠٠)ئەندام بەشداریان دەکرد یانی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی پەرلەمان لەکۆبوونەوەکاندا بەشداریان دەکرد ،وەکو پێشتریش باسم کرد داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر هەندێ ووشەکانم دووبارە بێتەوە کە تەمەنی پەرلەمانمان درێژ کردەوە ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لەدانیشتنەکانی یەکەمدا (٦٥ ـ ٦٦ـ ٦٧)تەنانەت (٦٨) کەسیش بەشداریان دەکرد لەهەر

کۆبوونەوەیەکی کە ئێمە جارمان بۆ ئەدا. بەڵام بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان من بەش بەحاڵی خۆم بە بارودۆخێکی ناسک ودژوار ونائاسایشی دادەنێم کە کاک ئەحمەد سالار لەگەڵ ڕێزمدا بەپێچەوانەوە باسی کرد، بۆچی نائاساییە؟ جارێ ئێمە تەماشای ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان کە لەهەر دانیشتنێکدا بەشداری دەکات با تەماشابکەین ئێمە هیچ دانیشتنێکمان نەتوانیوە (٥٦) یان (٥٧) کەس ئامادە بکەین هیچ دانیشتنێک ئێستا تەماشای هەر دانیشتنێکی ئێمە بکە (٥٤ ـ ٥٥) ئەگەر بگاتە (٥٦) ئینجا ئەگەر ئێمەبتوانین کۆی بکەینەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا بارێکی نائاساییە.

ئەگەر ئەو بارودۆخەی کە پێشوو تر هەبوو (١٠٥) ئەندام یا تەنانەت لەو ژمارەی کە ئێستا هەمانە زیاتر بەشداری بکردایە لایەنەکەی تری کە ئەندامی پەرلەمانی هەیە لێرە ئەوانیش بەشداریان بکردایە زۆر سروشتی بوو کە ئەو داوایەی کە ئێستا ئەنجوومەنی وەزیران بەرزی کردۆتەوە یان داوا لەئێمە دەکات بەزۆر ئێمە ڕەتی بکەینەوە، بۆ؟ چونکە نایاسایی دەردەچوو، ناسروشتی دەردەچوو، لەبەر ئەوە دەمانتوانی چونکە بواری گفتوگۆ کردن هەبوو ودەمانتوانی گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەڵام ئێستا ئەو بارودۆخە تایبەتیە من داوای لێبوردن دەکەم لێرە بەرگری لەحکومەت ناکەم بەرگری لەو حزبە دەکەم، لەو بیروباوەڕە دەکەم کە من نوێنەرایەتی دەکەم لە پەرلەمان و ئەمڕۆش ئەو حکومەتەی کە هەیە زۆربەی هەڵگری ئەو بیروباوەڕەن کە من یەکێکم لەوان من بەرگری لەوە دەکەم کە بۆشاییەکی یاسایی وبۆشاییەکی (ئیداری) پەیدا نەبێ لەئەنجامی ئەگەر خوانەخواستە وەکو ووتم چوار ئەندامی ئێمە مردن چوار ئەندامی ئێمە دەستگیر کران چوار ئەندامی ئێمە نەیانتوانی بەهۆی نەخۆشیەکی کوشندەوە لێرە ئامادە بن مانای وایە پەرلەمان ڕادەوستێ، باواقعی قسە بکەین بەخەیاڵ نەڕۆین کەس نایەوێ دەسەڵاتی خۆی بدات بەکەسێکی تر. بەڵام ئەگەر بەرژەوەندی گشتی هاتە پێشەوە تۆ ناچاری لەپێناوی مانەوێ خۆت دەسەڵاتی خۆت بدەی بەیەکێکی تر، ئێمە ئەبێ بیر لەوە بکەینەوە، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە نەدرێ بە ئەنجوومەنی وەزیران لەباری نائاسایی کە داوایان کردووە ئەوان ناڵێن لە کاتی پشوو، ئەوان ئەڵێن لەباری نائاسایی لەگەڵ ڕێزم بۆ کاک عەبدولخالق پشوو جیایە وباری نائاسایی جودایە ئەوان داوای باری نائاسایی دەکەن کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی نەتوانێ کۆبوونەوە بکات. لەحاڵەتێک وەکو وتم چوار کەس، چوار ئەندامی ئێمە نەخۆش کەوتن نەمانتوانی ڕادەی یاسایی پەیدا بکەین مانای وایە ئەو یاسایەی یان ئەو بڕیارەی ئەوان ئەیانەوێ جێ بەجێی بکەن سەر ناگرێ، مانای ئەوەیە ئەبێت ئیشی حکومەت ڕابوەستێ، ئەو بڕگانەی کە بەڕێز کاک کانەبی ئاغا خوێندیەوە هەمووی پڕ بەدڵ لەگەڵیم و شتێکی زۆر سروشتییە با ئێستا (ئیجراء) نەکرێ بەڵام ئەوە هی کاتی پادشایەتییە. بێگومان بارودۆخی وایان لەبەر چاو گرتووە بۆیە من دەڵێم ئەوەی کە ئەوان داوایان کردووە داوایێکی ڕەوایە. بەڵام ئەگەرێکی تێدا هەیە، ئەبێ بەڕاستی لەبارودۆخێکی نائاسایی بێت. لەکاتێک دا بێت کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی نەتوانێ ئەو کۆبوونەوانە بکات

وئەگەر بکرێ بڕگەیەکی لێ زیاد بکرێت دوای ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بەنووسراوێکی (رسمی) داوا لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەکات لەماوەی (پێنج ڕۆژ تا هەفتەیەک) کۆ ببێتەوە بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە وەربگیرێ، ئەگەر ئەنجوومەنی نیشتمانیی نەیتوانێ ئەم کۆبوونەوە جێ بەجێ بکات حەقێکی یاسایان پێ بدرێ کە بتوانن وەربیگرن، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو قسەکەی برادەران کردیان منیش پشتگیری قسەی مامۆستا مەلا تاهیر و ئەوانە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا تەڵحە، فەرموو شێخ یەحیا.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ڕێزی تەواوم بۆ هەوڵەکانی کابینەی سێیەم جێی ڕێزە، بەراستی لەوانەیە بڵێم مافی خۆشیانە داوای دەسەلاتی تەواو یان (ئیمکانیاتی) تەواو بکەن بۆ ئەوەی کەوا زیاتر دەستیان کراوە بێت بۆ خزمەت کردن و هەنگاونانەکانیان بۆ خۆپیشاندانی باشتر. بەڵام لەهەمان کاتدا بەراستی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانیش ئەبێ هەمان هەوڵ وکۆششیان هەبێت بۆ خزمەت کردنی پەرلەمان، و بۆ بە هێز کردنی دەسەلاتەکانی پەرلەمان، وبۆ بەدواچوونی حکومەت لە ئیشەکانیدا. بۆیە من لەگەڵ ئەم خاڵەیا نیم بە هیچ جۆرێک وداوای کێشانەوەی دەکەم کە بەڕێزیان خۆیان بیکێشنەوە، چونکە ئێمە ئەگەر نەتوانین بەرگری لە دەسەلاتەکانی پەرلەمان بکەین ، بەراستی ڕەنگە ناتوانین بەدوای ئیشوکارەکانی حکومەت دابچین. ڕەنگە نەتوانین ئەو نوێنەرایەتیەی کە پێمان بەخشراوە کە نوێنەرایەتی میللەتە ڕەنگە نەتوانین بەرێکوپێکی بەجێی بگەیەنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس شێخ یەحیا، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی خستنە ڕووی گفتوگۆ لەسەر بودجەی ساڵی ١٩٩٧ لە تەلەفزیۆن بووە جێگای بایەخی میللەت وبێگومان خستنە ڕووی ئەم گفتوگۆیە دیموکراسیە و هێمنانە لە تەلە فزیۆن جێگای خۆشحاڵی میللەتە. بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم بابەتە لەم ڕۆژانە گەڕاینەوە سەر هەندێ سیستەمی دەستوری چەند دەوڵەتێک تاکو سوودی لێ وەربگرین بۆ ئەزموونی خۆمان پەرلەمان (تەفویض)

کرایە لەلایەن میللەت، لە هەندێ سیستەمی دەستوری وەکو کاک محەمەد حەسەن باڵەتە گوتی لەوانە فرەنسا پەرلەمان (تفویض) سەرۆکی کۆماری کردووە نەک سەرۆک وەزیران. لێرە دەڵێم سەرۆک کۆمار بە لیستی ڕێ پێدان پێی دەڵێن و، هەندێ دەسەڵاتی خۆی داوەتە سەرۆک کۆمار تەنیا لە بارودخۆی زۆر تەنگ ئەو بارە لە لە باری نائاسایی، بەڵام بەمەرجێک دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر بکەن و، دوای ئەوە بخرێتە روو لە ئەنجوومەنی دەوڵەت بەو گرنگییەیان وەرگرتووە ئەو دەسەڵاتانەی کە لە باری نائاسایی دایانە بە سەرۆکی کۆمار بەم شێوەیە هاتووە یەک دەبێ ئەو بارە نائاساییە هەبێت و، پەسند بکرێت لەلایەن پەرلەمان کە ئەو بارە نائاساییە هەیە.

دوو: باری گرنگتر هەبێت لەبارودۆخی نائاسایی لەوانەیە هەیە چارەسەر کرا بێت بە یاسایەکی تر پێویست ناکات بڕیارێکی تایبەتی بۆ دەربهێنین لە باری نائاسایی.

سێ: بابەتەکە دیاری بکرێت بە وردی چ بابەتێکیان دەوێ لەسەری دەسەڵات وەربگرن.

چوارەم: ماوە دیاری بکرێت بۆ بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە.

پێنجەم: وەرگرتنی ڕەزامەندی پەرلەمانی پێویستە لەیەکەم دانیشتن، لەبەر ئەوە داوا لە برادەران دەکەم کەوا پێشنیارەکەی خۆیان بکێشنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم، کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم ئەو برگەیە زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا، بەراستی من دەمەوێ هەندێ قسە لەسەر ئەو برگەیە بکەم، بەڵام پێشتر پێشنیارەکەم هەیە سەبارەت بەو برگەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام باری نائاسایی لێ دەربهێندرێ تەنیا(إصدار قرارات لها قوة القانون في الحالات التي تحول دون إنعقاد المجلس الوطني) یانی مەبەستم ئەوە ئەو حالەتانە بێت کە پەرلەمان ناتوانێ کۆببێتەوە ئەوەش دیارە لە بارودۆخێکی وەها کە ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان ئێستا کە کۆدەبینەوە بە حاڵ ڕێژە تەواو دەبێت هەندێک جار وەکو کاک د. ناسحیش ئاماژەی بۆ کرد چاوەڕوان دەکەین ئەندامێک بێت هەتاکو ڕێژەکە تەواو بێت بە خۆی ئەو برگەیە دانراوە بۆ ئەوەی کە ڕێگا چارەیەک بدۆزرێتەوە لەو کاتانەی کە پەرلەمان ناتوانێ کۆبوونەوە بکات. گرفتێکی گرنگ و گەورەش هەیە لەوانەیە بەو دەسەڵاتانەی وەزیری داراییش پێک نەیەت کە باسیان لێ کرد کە لە (١٪) دەسەڵاتی هەیە لە باری نائاسایی وەکو لافاو یاخود کارەساتی سروشتی بێت کە گرفتەکە چارەسەر نەکات گرفتی دیکەش بێتە پێشەوە. ئایا نابێت بیر لەوە بکرێتەوە، ئەگەر لە حاڵەتێک پەرلەمان نەیتوانێ کۆبێتەوە گرفتەکی گەورە هاتەپێش پێویستی بە بڕیارێکی کرد بۆ ئەنجوومەنی وەزیران

ئایا چارەکەی چی دەبێت ئەم پرسیارە دەکەم ئایا چۆن چارەسەر دەکرێ و پەرلەمان نەبێ؟ ، یانی دەبی کێشەکە چارەسەر بکرێ ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، بەڵام دەسەڵاتی نییە ئێمە وەکو ئەنجوومەنی وەزیران داوای کردووە ئەو دەسەڵاتە لە پەرلەمان وەرگرێ باوەڕکەم ئێمە هەموو کۆکین لەسەر ئەوە کەس نایەوێت دەسەڵاتی یاسادانان جێگای دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بگرێتەوە، یان بڕیار بدات لێرە لە بڕگەکەش روونە دوایی دەڵێ (علي ان يعرض علي المجلس حال إنعقاد) یانی ئەگەر ئەو بڕیارە لە جیگای خۆی نەبوو بەدڵی ئەنجوومەنی نیشتمانیی نەبوو دەتوانێ رەتی بکاتەوە بڵێ بڕیارەکە لە جێی خۆی نییە، ئینجا حەز دەکەم وا بیر بکرێتەوە کە بۆ بارەگرنگانە کە پێویستە ئەمڕۆ ئێمە تیایدا دەژین بارودۆخی پەرلەمانی ئەمڕۆمان، لەوانەیە خوانەخواستە شتێک بێتە پێش چەند ئەندامێکی پەرلەمان بە کارەساتێک رووداوێکیان لێ بقەومێ ژمارەکە تەواو نەبێت ئەم پەرلەمانە نەتوانێ کۆببێتەوە، یانی بەو جۆرە گفتوگۆ بکرێت ، مەسەلە دەسەڵات نییە، بەرای من مەسەلە ئەوە نییە ئەنجوومەنی وەزیران داوای دەسەڵاتی زیادە دەکات لێرە دابەش کردنی دەسەڵاتی رابەڕ با ئەو بڕگەیە بدرێتە پەرلەمان ئەوە پەرلەمان نەیتوانی کۆببێتەوە چارە چییە؟ مەسەلە ئەوە نییە دەدرێتە پەرلەمان یان دەدرێتە ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ رێگا چارەیەکی بۆ ببیندرێتەوە کە ریگا چارەیەک بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان کە دێتە بەردەم ئەو میللەتە کە حکومەت لێی بەرپرسە چارەسەری بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوانەی قسەیان کرد تەواو، تەنیا کاک فرەنسۆ و کاک فازڵ ماوون.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی ئەو شتەی کە ئەنجوومەنی وەزیران ناردیتی خۆی دەقەکەی نەنووسیوە، دەقەکە لە یاسای ژمارە ٢ هەیە (نصا) (إصدار القرارات) بەندی دەیەمی خاڵی چوارەم لە یاسای رابەڕ یاسای دووەم دەڵێ: (إصدار قرارات لها قوة القانون خلال عطلة المجلس الوطني أو في الظروف الطارئة على أن يتم عرضها على المجلس حال إنعقادة للبت فيه) ئەو دەقە لەوێ هاتووە ئێوەش رەزامەندیتان لەسەر کردیە، حزبەکانی کوردستانیش و کاک (یاقۆش) لەگەڵی ئیمزایان کردووە کاتی خۆی، زۆر جار ئێمە باسی (غیاب) و باسی (خالی) بوونمان کردووە هیچ یەکێک نە کاک عەبدولخالق هەستایە بڵێ ئەمە دکتاتۆریەتە، نەکاک یاقۆش هەستایە بڵێ نابی بدرێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نە لیژنەی یاساکاتی خۆی بەرەنگاری ئەمەی کردووە کە هەبووە ئەبوایە یان سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئەم دەسەڵاتەی هەبی، یان ئەبوایە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو دەسەڵاتەی هەبێ، بەڵام رێککەوتن نە لەسەر (خلو) نەلەسەر (غیاب) نەکرا، ئەگەر رێککەوتن(إتفاق) بکرابایە نارەزایی لە هیچ یەکێکمان دەرنەکەوت وهەمووشمان رازی بووین، ئەوە یەک.

دوو: هەندێ برادەر باسی قودسیەتی پەرلەمان دەکات من نازانم بڕوا ناکەم هیچ کەس وەکو ئێمە لەگەڵ ئەوە بێت قودسیەتی پەرلەمان بپارێزرێ، پەرلەمان دەسەڵاتی خۆی هەیە، پەرلەمان سەرچاوەی یاسایە، خاڵی (أ) لە بەندی (٥٦) ئیشی پەرلەمانە کە یاسادادەنێت. کەس ئەمەی لە پەرلەمان وەرنەگرتییە ئیشی ئەوەو ئەو پێی هەڵدەستی. هەر کاتێک پەرلەمان بتوانێ کۆبوونەوەی خۆی بکات ئەم دەسەڵاتەی کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران داوای کردووە نامێنێ دەسەڵاتی پەرلەمانە ئەو لە کاتێک داوای کردووە کە پەرلەمان ناتوانێ کۆبوونەوەی خۆی بکات، پشووی پەرلەمانە نەیتوانیبیە ئەو بارە نائاساییە کە کاک ئەحمەد سالار باسی دەکات هەیە لەیاسای ژمارە (٢) هاتووە ئەم بارە نائاساییە، ئێستا داخل نەبووە. کاک یاقۆ دەڵێ ڕەنگدانەوەیەکی سلبی دەبیت بۆ کاتی کە بەرەی کوردستانی ئیمزای دەکرد جەنابت ئیمزات لەسەر ئەوە کردووە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی خراپی نەبوو بۆ ئێستا ڕەنگدانەوەیەکی خراپی لەسەر دەبێت؟ سەرۆک وەزیران یان کاک جەوهەر دەیانتوانی ئەوە جێبەجێ بکەن و، هیچ ڕەنگدانەوەیەکی خراپی نەبوو بۆ ئێستا ڕەنگدانەوەیەکی خراپی لەسەرە، ئەگەر ئەم خاڵە ئێستا زۆربەی زۆری برادەران ئەوانی قسەیان کرد داوایان کرد ئەم خاڵە نەمێنێ من پێمولیە پاشگەز بوونە لەو بڕیارانەی کە کاتی خۆی خۆیان پشتگیرییان لێ کردووە. پەرلەمان بڕیاری لەسەر ئەم خاڵە داوە لەوێ هەیەو پەسند کرایە بۆ ئەو کاتە داوا نەکراوە نەمێنێ بۆ ئێستا داوا دەکەن کە نەمێنێ؟ ئەمە شەش حەوت ساڵە رابەر نییە، ئەبوایە یان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یان سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، ئەمە جێبەجێ بکات. بۆ ئەو کاتە دیکتاتۆریەت نەبوو بۆ ئێستا دیکتاتۆریەتە؟ ئەمەی کاک عەبدولخالق دەیڵێ من خۆم دەکێشمەوە ئەمە دیکتاتۆریەتە، زۆربەی هەرە زۆرمان ڕا بدات و زۆربەی دەنگ بدات ئەمە دیموکراتیەت نییە، ئەمە دیکتاتۆریەتە تۆ لەگەڵ زۆربەی دەنگ نەبی و بچییە دەرێ، ئەمە ئەسڵی دیکتاتۆرەیەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە ڕای خۆیەتی، کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش ڕای خۆمە. من لەگەڵ کاک ئیدریسیش نیم کە دەڵێ باری نائاسایی لابرێ، نەخێر ئەو دەقەی کە هاتووە لە یاسای ژمارە (٢) چۆن لەوێ هاتووە ئەبێ ئەو پەسند بکرێت، ئێمە خەریکین ئیشوکارەکانی ناو یاسا دابەش دەکەین دەبێ وەکو خۆی «طارئ» هاتووە ئەبێ «طارئە»کەش لەگەڵی بێت، چونکە لە یاسای ژمارە (٢) (طارئ) هەیە، (طارئ) بارانی زۆرە، یان نەخۆشیە، یان ئاگرە، یان دوژمنە هاتووە ناوچەی ئێمەی داگیر کردووە، هەریەکو بۆ لایەک چوون، ئەم (طارئە) هەیە، (طارئ) تەنیا ئەوە نییە پەرلەمان نییە بۆیە «طارئە»، ئەگەر پەرلەمان کۆبوونەوەی نەکرد ئامادە نەبوو ئەوە خاڵێکە بەڵام «طارئ» شتێکی ترە، لەوانەیە بارودۆخەک

هەڵدەکەوی ئەنجوومەنی وەزیرانیش ناتوانیٚ کۆبوونەوە بکەن، من دەڵیٚم لە یاسای ژمارە (٢) بەندی دەیەم لە خاڵی چوارەم دەقەکە لەویٚ هەیە حەزدەکەم لەویٚ بیگوازنەوە چۆن ئەوەی تر لەویٚ گواسترایەوە دەبیٚ ئەمەش لەویٚ بگوازریٚتەوە، من پیٚموایە هیچ شتیٚکی تیادا نییەو، هیچ دیکتاتۆریەتی تیادا نییەو، شتەکی زۆر ئاساییە کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەبیٚ لە باریٚکی نائاسایی لە کاتیٚک پەرلەمان نەتوانیٚ کۆبوونەوە بکات زۆر شتیٚکی ئاساییە کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەندیٚ بریار بدات هیٚزی یاسایی هەبیٚ ماوەکەش بۆی دیاری کراوە. تا یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان کە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان کرا ئەو دەسەڵاتەی نامیٚنیٚ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەم بریارەش کە دراوە پیٚشکەش بە پەرلەمان دەکریٚ لەوانەیە پەرلەمان رەتی دەکاتەوە قودسیەتی پەرلەمان پاریٚزراوە، براینە هەر ئیٚوە وا دەزانن ئەندامی پەرلەمانن هەر ئیٚوە قودسیەتی پەرلەمانتان دەویٚ، ئیٚمە شەرە بۆکسانیٚمان کردووە لەسەر قودسیەتی پەرلەمان ئەمرۆ ئیٚوە دیٚن زیٚدە رۆیی(مزایدة)لەسەر ئیٚمە دەکەن لەسەر قودسیەتی پەرلەمان، سوپاس.

**بەریٚز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە لە قسە کردندا با تۆزیٚک رەچاوی یەکتر بکەین، ناوی یەکتر بەریٚزەوە بیٚنین، ئیٚمە ریٚورەسمیٚکمان هەیە لەناو پەرلەماندا بۆ ئەوەی لەگەرمی گفتوگۆ تووشی هەڵە نەبین، لەسەرخۆو بەریٚزەوە قسە بکەین باشە،چونکە بەو شیٚوەیە گفتوگۆ باشتر دەکریٚت،کاک فازڵ فەرموو.

**بەریٚز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەریٚز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم گفتوگۆیانە جیٚگای سەرفرازی پەرلەمانە بەبیٚ ئەوەی مرۆڤ لەیەکتر قەرس بیٚ و بەبیٚ ئەوەی «تەجاوز» لەسەر بیروبۆچوون و مافی یەکتریش بکاتەوە وەکو کورد ئەڵیٚت، هەر سەرەک عەقڵەکی تیادایە و هەر عەقلەک بەجۆریٚک بیر دەکاتەوە ئەبیٚ ئازادی بۆ ئەم خوشک و برایانە هەبیٚت بۆیەش ئیٚمە دەڵیٚین پەرلەمان و دیموکراتییەت، پرسیارەک دیٚتە پیٚش بۆ ئەنجوومەنی وەزیران یان حکومەتی هەریٚمی کوردستان ئیٚستا ئەم داوایەی کردووە، لەبەر ئەوە ئیٚمە وەکو ئەزموون لە باریٚکی نائاسایی داین، ئەوە نییە ئیٚوە پەرلەمانتاری میللەتیٚکن باری نائاسایی تەنیا لافاو نییە. باری نائاسایی گۆرانکاریەکی(سیاسی ئەقلیمی) لەسەر ئەزموونی میللەتەک کە ساڵەها ساڵە گەیشتۆتە ئەم بارە نائاساییە. سەبارەت بە ئەوانیش ئەبیٚ ئیٚمە وا بیر بکەینەوە تەنها لافاو نییە، لافاوی باران نییە، لافاوی دوژمنانی ئەم ئەزموونەیە، یان ناحەزانی ئەم ئەزموونە ئەوسا پەرلەمان کۆنابیٚتەوەو، لەوانەیە ئاسان نەبیٚ حکومەتی هەریٚمیش بە هەموو وەزیرەکانی کۆببیٚتەوە ئەوسا بریارەکی چارەنووسییە. دەمیٚنی یان دەرۆی تەفاعول دەکەی یا نەهەروی دەکەی، مەسەلەکان وا بە خشکەیی و ئاسایی وەرنەگیریٚ مەسەلە پارە نییە مەسەلە (١٪)ی بوودجەش نییە کاک جەمیل بریارەکانیش (إنتقائی) دەنگی لەسەر نادریٚ. کاک عەبدولخالق یاسای دەنگدان یاسایەکی گشتیە. تۆ ناتوانی بڵیٚی ئەبیٚ لەم بریارە ئەوەندە ریٚژە هەبیٚت لەوی تریش

ئەوەندە یان دوو دابەش سێیە یان نیوە زائدی یەکە ئەمە ڕەچاوکراوە لە جیهان، (ئینقائی) نابی دروشمی ئێمە بێت. حکومەتی هەرێم ئەگەر بیەوێت دکتاتۆر بێت داوای دەسەڵات ناکات، ممارەسەی دەسەڵات دەکات.

ئەگەر بیەوێت دکتاتۆر بێت داوای دەسەڵات لە هیچ کەس ناکات ممارەسەی دەکات خۆی ئامادە دەکات بۆ موحاسەبە. لەبەر ئەوە دەبێ ورد بین لە دەستەواژەکانی خۆماندا. پاشان داوای چیمان کردووە لە کوێ داوای دەسەڵاتمان کردووە؟ ئێمە دەسەڵاتی پەرلەمان دابەش ناکەین، ئێمە دەسەڵاتی رابەر دابەش دەکەین، یان بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەدرێ، یان بە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەدرێ، ئەگەر بتانەوێ تەعبیری بکەن من ناڵێم (أشهد أن أهل القدس یقـــــولون) ئێوە دەڵێن دیکتاتۆریەت کەواتە بۆ دوو دیکتاتۆرە بۆ یەکێک نییە لەمەشدا «إنتقائیەت» بەکار نەهێنرێت باشترە، ئێمە دەمانەوێ چارەسەری حاڵەتێک بکەین کە رووبەروو بوونە لە ئەنجامی بارێک، نە لە ئەنجامی ئارەزوو. ئەمە مەسەلەی ئارەزوو چینایەتیش نییە، مەسەلە ئەنجامی حاڵەتێکە پێش بینی دەکرێت روو بەروو بینەوە (أنشـاءالله) نەشـبین، دابەش کردنی تجاوز لەسەر پەرلەمان خوانەخواستە شتێکە کە لە توانای حکومەتی هەرێمدا نییە، تێشیدابێت نایکات. چونکە ئێمە دروستکەری ئەم پەرلەمانەین و، دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی ئەم پەرلەمانەین داوامان نەکردووە چاودێری پەرلەمان لەسەرمان نەبێت هەرگیز لە هیچ پێشنیارێکی ئێمەدا نەهاتووە ئێمە کە وەزیرێک دادەمەزرێنین بڕوا لە پەرلەمان وەردەگرین، لەبەردەمی پەرلەمان سوێندمان خواردووە، لەبەر ئەوە نابێ بە دیکتاتۆر بەرامبەر بە پەرلەمان و لابردنی دەورو قودسیەتی پەرلەمانیش لە ئارادا نییە بەو ئاسانییە، بەڵام بارودۆخێکە. ئەوەی کاک ئیبراهیم سەعید گوتی کە لە هی فرەنسی خوێندویەتی ئیستدلالەکە گفتوگۆی لەسەر ناکرێت دووپاتی ئەوە دەکەم کە ئەمە گرنگیەکە، ئەگەر نا هەتا بە لیستی تەفویزیش ببێ هۆیەک هەیە ئەمە ئیستدلالەکە سوپاسی دەکەم کە ئەمەی هێنا، ئەمە ئیستدلالە کە داواکەی ئێمە داوایەکی رەوایە. رەغبەوی نییە هەڵقوڵاوە لەبیر کردنەوەیەکی قوڵداو ،هەستێکە بەبەرپرسی بەرامبەر بە شتەک کە پێی دەڵێن قەوارەی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی عیراقدا.

خودی ئەم بارودۆخەی کە ئێستا چوار ئەندامی پەرلەمان خوانەخواستە وەفاتیان کرد لە دەرێنە رێژەکە تەواو نابێ، تۆ ئەتوانی رووبەرووی گرفتێک بیت چاوەڕوان بکەیت تا چوار ئەندامی پەرلەمان لە دەرێ دێنەوە نە لە پشووشدابن؟ وادابنێین ئێمە پەنجاو یەکمان پێ کۆ ناکرێتەوە لەبەر هەر هۆیەک بێت (لسبب او للاخر) یان هەندێ ئەندامانی پەرلەمان لەبەر پابەندبوونی سیاسیان بۆ بابەتێکی دیاری کراو ئامادە نابن، هەروەکو بووەش حەز ناکەن خۆیان تووشی بڕیارەک بکەن نە بەدەنگدان نە إمـتناع هەر ئامـادە نابن. ئەو کـاتە تۆ پەرلەمـان ئیـفلیج دەکـەی، یان بە چ رێژەیەک(نصابەک) کۆدەبیتەوەو بەچ رێژەیەک سزایان دەدەیت؟ ئەوی برادەران ئاماژەیان پێ کرد، ئەگەر هاتوو ئەنجوومەنی نیشتمانیی لەدوای حەلی خۆی بەچ دەسەڵاتێک سەرۆکی ئەنجوومەنی

نیشتمانیی داوای هەڵبژاردن بکات بە چ ناوێک، چونکە ئەگەر ئەنجوومەن نەما سەرۆکیش نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فازڵ جارێ ئەو برگەیە گفتوگۆ ناکەین، دوایی دێینە سەری.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوە من دەڵێم بۆ ئەوەی ئیسپات بێ کە ئێمە لە سەرچاوەیەکی دڵسۆزانەوە ئەم تەرحانەمان کردووە و بەبۆچوونی ئێمە ئەمە شتێکی ڕەوایەو دەبێ لە بیرمان بێت ئەوە نییە بڵێ بیکێشنەوە یان هەڵیبوەشێننەوە، بیدەنە دەنگدان مافی خۆتانە. ئێمە دەڵێین بۆ ئەوەی نەڵێن بۆ دیکتاتۆریەتە بۆ تەجاوزە لەسەر پەرلەمان ئێمە دەڵێین دارشتنی بکرێتەوە لە باری سروشتی یان کارەساتی سروشتی بنووسن لەو حالاتانەی کە پەرلەمان ناتوانێ کۆببێتەوە هیچی ترمان رازی نین تەنیا ئەوەمان دەوێ لە (الحالات التي تحول دون عقد المجلس الوطني) هیچی ترمان ناوێت نە نائاسایی نە کارەساتی سروشتی، چونکە ئێوە دەڵێن بە پەرلەمان بدرێ ئەگەر پەرلەمان توانی کۆبوونەوە بکات، حکومەت پەنا بۆ شتەکی نائاسایی ناکاتن، حکومەت پەنا بۆ پەرلەمان ئەباتەوە کە کۆئەبێتەوە، ئێمە داوای شتەک دەکەین کە پەرلەمان ناتوانێ کۆبوونەوە بکات، ئەگەر پەرلەمان توانی کۆبوونەوە بکاتن ئەوە پەرلەمان سەرچاوەی بریاری و یاسادانانە ئەوانەی دەڵێن بابیدەنە ئەنجوومەنی نیشتمانیی، خۆ بە ناوی ئەنجوومەنی نیشتمانییە، ئەنجوومەنی نیشتمانیی خۆی بریاری یاسادانان دەکات و، یاسای لێ دەردەچێ تۆ دەسەڵاتێکی تری دەدیتێ خۆی دەسەڵاتی خۆیەتی، بەڵام ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی نەتوانێ کۆبوونەوە بکات (لسبب أو لاخر) هیچی تر لە ئاراد نییە ئەم برگەیە بخەنە دەنگدان تەنها (في الحالات التي تحول دون أنعقاد المجلس الوطني).

بەڵگەیەکی تر لەیەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دوای ڕووداوەکە ئەتوانێت بیکات بە یاسا ئەگەر هێزی یاسایی پەیدا کرد لە جێبەجێ کردن ئەتوانێ ڕەتی بکاتەوە بۆ ئەوەی میراتی پێشووش نەمێنێتەوە، بۆ ئێمە بەو شێوەیە گفتوگۆی لێ نەکەینەوە؟ بۆ بەدوو بۆچوونی سەلبی و ئیجابی وەربگرینەوە؟ خەڵکەک لایەنگرە و خەڵک دژە، ئەمە حەقە؟ بەڵام من ئەڵێم لە ئەنجام ئاسانی کەینەوە، چونکە هەندێ جار (اراء لا تلقي اذانا مصغية) ئەوە باش نییە ئەبێ گوێ لە هەموو شتێک رابگرین. برادەرێک دەڵێ: بۆ ئەوەی نەڵێن حکومەت بەرپرسە لەم ڕووداوە، یان پەرلەمان بەر پرسە ئەوەی ئێمە باسی دەکەین بەرپرسیەتی هەردوولامانەو، لە هەمووی گەورەتر بەرپرسی بزووتنەوەی سیاسی کوردستانی عێراقە کە لە پەرلەمان و حکومەتیش فراوانترە، چونکە هەیانە لە حکومەت و پەرلەمان دانین، بەڵام لە بزووتنەوەی سیاسی کوردی دان، لەبەر ئەوە حکومەتی هەرێم بۆ ئەو (١٪)ی بوودجە ئەو پێشنیارەی نەکردووە بۆ حالاتەک کە دەرکی دەکاتن

کـە پەیوەندیی بە چارەنووسی هەمـوومـانەوە هەیە چ ئەو حـزبانەی لە پەرلەمـانن چ ئەوانەی لە پەرلەمانیش نین ئێمە تەنها بۆ مەسئەلەی مالی و میزانییە توائیعمان نییە، دانیشتووین لە دەسەلاتەکانی رابەرمان دەرهێناوە وەکو کاک فرەنسۆ گوتی، بەلام لە ئەنجامی شی کردنەوەو بۆچوونی ئەو قۆناغەی کە ئێستا ئەزموونەکەی ئێمەی تیادا تێپەڕ دەبێت مەسەلە نە بوودجەیە نە دیکتاتۆریەتە نە کەم کردنە لە دەسەلاتەکانی ئەنجوومەنی یاسادانان و لە دەسەلاتەکانی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن، نەکەم کردنە لە سەرۆکی پەرلەمان نە زیاد کردنە لە سەرۆک وەزیران. بارودۆخەکە بیرمان لێ کردۆتەوە ترسمان لێی هەیە دەمانەوێ لە کاتی پێویست دەستەیەکی کراوە هەبێت لێی دەربچێ رووبەرووی ببێتەوە ئەمەیە بنەڕەتی مەسەلەکە ئەمانی تر هەمووی روونکردنەوەن هەموو شیکردنەوەن بەشێکی راستە بەشێکیشی بەداخەوە راست دەرناچن لە ئەنجامی ئەزموونەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فازڵ. دوو ئەندام کە ناویان نووسرا بوو داوای قسە کردن دەکەن تکایە بە کورتی قسە بکەن، چونکە بابەتەکە باش گفتوگۆ کرا بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایی هەندێ تیبینی هەیە ئەوانیش کاتیان هەبێ پێشکەشیان بکەن، کاک یۆنادەم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەندێ خاڵم هەبوو تەنیا زیاد کردنە، پێشەکی لە هەموو جیهاندا هەڵبژاردنی رابەر یان سەرۆک کۆمار، یان هەرچی بێت هاوکات نین لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان لەبەر ئەوە ماوەیەکی بۆشایی ئەبێ لەوێندەرێ خەڵکی ئەو دەوڵەتانە ناچارن ئەو دەسەلاتانە بدەن بە سەرۆکی کۆمار، یان بدرێتە کەسێک کە بتوانێ ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە تا هەڵبژاردن دەکرێ، یان حاڵەتێکی کارەسات وەکو لە روسیا رویدا پڕ بکاتەوە سەرۆک کۆماری ئەو ناوچەیە.

دووەم: برادەران باسیان کرد کە بنەڕەتی دەستووری پێ دەوێ کە ئێمە هەمانە یان نیمانە ئەو دەسەلاتە بیدەینە رابەر یان بیدەینە کەسێک، میللەت مافی هەیە ئەو دەسەلاتانە بدات. ئێمە ئێستا مافمان نییە بۆ خۆمان هیچ إ(ختیارمان) نییە بۆ نموونە (٥ـ٦) کەسێک هەڵبژێرین بێینە ئێرە، میللەت ئەوە دەدات، میللەت ئەو مافەی بە ئێمە نەدایە ئەو دەسەلاتانە بدەینە ئەوان، دوایی پرسیارێک هەیە بۆ رابەڕ هەڵنەبژێردرا لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە تا ئەمڕۆ؟ چونکە لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئەم ساتەش بارەکە هەر نائاسایی بوو نەمانتوانی هەڵبژاردنی رابەر بکەین کەواتە ئەم بارودۆخە نا ئاساییە هەر بەردەوامە لەوانەیە زیاتریش لەبیرمە لە ١٩٩٥/١/١٥ بەملاوە (١٠٠) رۆژ لێرە ئەندامانی پەرلەمان مانیان گرت هەبوو دەوری ١٩٩٥/٣/٢٨ کە پەرلەمانتارانی پارتی چوونە سەلاحەدین تا ١٩٩٦/٩/١٦ دەکاتە (١٧) مانگ هەردووکوتلەی

پارتی و یەکێتی ئیشوکاری خۆیان بەڕێوە برد بەبێ پەرلەمان بەبێ یەک دانشتنیش، هەرچەند زۆر فشار لەسەرمان هەبوو لەم هەولێرە کە کۆبوونەوەیەک بکەین نەمانکرد، چونکە ئەو بارە ناخۆش بوو (١٧) مانگ هەردوولا ئیشوکاری خۆی بەڕێوەبردیە لەسەر پشت بەستن بە بنەمای شەرعی و دەستوری و یاسایی هیچ گرتفتێکیشمان نەبووە، یانی ئایا چاوەڕوان دەکەین (١٧) مانگی تر نە هەڵبژاردن بکرێت؟ نە کێشەکە چارەسەر بکرێت، یانی بەرای من دیسان دەڵێم زۆر سروشتییە ئەوە ئەنجوومەنی وەزیران بە بوونی شەرعی لەسەر بنەڕەتی یاسای دەستووری هەیە ئیشوکاری خۆی بەڕێوەبباتەوە بەبێ هیچ پێویستیەک لەو شتانە بۆ نموونە ئێمە دەستکاری بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من ئەو هۆڵە بە هۆڵێکی دیموکراتی دەزانم لەیەکەم رۆژەوە هەتاکو ئێستا، (انشاءالله)ش هەرواش دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەوە یەکەمین بوارە لە لە کوردستان کە ئێمە مافی قسەکردنمان بە تەواوی هەبێت لەبەر ئەوەی(حەصانە)مان هەیە، وابزانم حەریصیشین گشتمان و بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە منەوە مەسەلەیەکی ئاساییە، لەبەر ئەوە قسەکانی کاک فرەنسۆ لەلای من کە مافی خۆیەتی بەرگری دەکات لە بۆچوونەکانی مەسەلەیەکی ئاساییەو، هەروەها بەڕێز کاک فازڵ سەبارەت بە منەوە ئەوان داوای شتێک دەکەن وابزانم کاک فازڵ زۆر سوپاسی دەکەم کە مەسەلەکانی روون کردەوە. لەمەوپێش لە دانیشتنی رابردوو تەنیا باسی مەسەلەی ئاگرو لافاو کرا ئێستا کاک فازڵ زۆر لەوە کە ناسراویشە بە (صراحەت) شتەکانی روون کردەوە، واتە ئەمە دەسەڵاتی «فوق العادە»یە دەسەڵاتێکە لە حالاتێک کە ئێمە نەتوانین پەرلەمانمان نەبێ ئەنجوومەنی وەزیران نەتوانێ لەبەر ئەوە هەتاکو دەسەڵاتەکە دراوە بە سەرۆک وەزیران نە بە ئەنجوومەنی وەزیران کە پێویستە ئەو ئەنجوومەنی وەزیرانە کە پانزە یان حەڤدە یان هەژدە کەسن کە ئیئتلافیشە. سەبارەت بە منەوە مەسەلە ئەوە نییە دیکتاتۆریەت بێ، وا نەخرێتە روو، لەبەر ئەوە لەوانەیە وەکو کاک فازڵ گوتی حزبێک ئەتوانێ چۆن بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە کاتی خۆی درابوو بە رابەر لەبڕگەی (٤)ی ماددەی(١٠) راستیەکەی درابوە رابەرێک کە میللەت هەڵیدەبژێرێ، جا ئەو کاتە پەرلەمانیش مل کەچە بۆ ئەو شتە بەڵام ئێستا لای من وانییە، دوایی من نازانم بۆ شتەکان بەو وێنەیە دیار دەخرین؟ ئێمە بیر ناکەینەوە. کە ئاشتبونەوەیەکی نیشتمانیی ببێ رۆژێک دا بێ گۆڕانکاری ببێ سەرۆک وەزیرانێکی تر بێ، ئێستا ئەو حزبە حوکمرانە گرفت نییە خۆ من رکابەر نیم و بڕوا ناکەم سەرۆک وەزیران وەهەتا حزبی حوکمرانیش ئەو شتەی کە دەیەوێت بەرەو دکتاتۆریەت بڕوا لەبەر ئەوە دەزگای پارتی و دەزگای بارزانی ناوادارە

بەدیموکراتیەت وەک دەستەیەکی تەواو لێهاتوو تادەرچێ نەم بیستووە بمانبا بەرەو دیکتاتۆری، لەبەر ئەوە من ئەتوانم سەربەستانە قسە بکەم. سەبارەت بە منەوە زۆر بە ئاشکرا دەڵێم ئەم مەسەلەیە با بەو وێنەیە لێک نەدرێتەوە وئێمە ئەو جارە داوا دەکەین بەراستی بۆ گوشار لەسەر پەرلەمان لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران وکە دەسەڵات نەدرێتە دەست کەسێکەوە کە سبەی ئەو کەسە بەهەڵە پێی هەڵسا، دوایی باجەکەی بدەین مەرجیش نییە. چونکە ئەوە ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی و تەبایی وئاشتی لەئارادا هەیە، ئەگەر ئەمڕۆ نەبێ ساڵێکی ترە شەش مانگی ترە، سەبارەت بە خۆمەوە ئەوەندە دەزانم من ئەندامی پەرلەمانم دەسەڵاتەکەم نە بەسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و نە بە ئەنجوومەنی وەزیرانی دەدەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، کاک جەمیل تکایە دووبارەی ئەو شتانە نەکرێتەوە کە گوتومانە، تەنها تەرکیز بکرێ لە بەدواداچوون چونکە لەو بابەتە زۆرمان باسکرد.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دووبارە باسی بودجە کرا، کاتی ئێمە گوتمان ئەگەر ساڵێکیش بۆدجە ئیجابی بێ یان سلبی بۆ بەڕێزان وەزیری ناوخۆ و بەڕێز کانەبی ئاغا چ دکتاتۆریەتێک بێت یان ڕەنگێکی زۆرداری بێ زۆر جۆری هەیە مافێکت لێ بستێنێ ئەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی زۆرداری. لەبەر ئەوە ئەو مافە پیرۆزە مافی پەرلەمانە هەرچی کاتێک میللەت بۆ خۆی ڕێبەرێکی هەڵبژارد، یان سەرۆکێکی هەڵبژارد ئەو کاتە یاسای ڕێبەر هەبێتن و ئەو برگەیە دەستەڵاتی ئەوە، چونکە میللەت هەڵی بژاردووە بەڵام لێرە ئێمە بەکەسێکی تری بدەین کە میللەت هەلی نەبژاردووە، هیچ لەجێگای خۆیدا نییە ودەبێت پەرلەمان هەر بمێنێتن و جێگای دەرکردنی یاسا و بڕیارەکان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک سەعید دوا کەسە، دوای ئەویش کاک فرەنسۆ دێت چونکە تەواو بوو.

**بەڕێز سەعید ئەحمەد محەمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لە نوێنەری حکومەت کە کاک فازڵ میرانی پێی دەڵێم ئەنجوومەنی وەزیران کە لەشەقلاوە دانیشتبوون یان ئەو ئەنجوومەنی وەزیرانە کەلە هەولێر بوون؟ لەماوەی ئەو حەڤدە مانگەی زۆر بڕیاریان دەرهێنا گوایە پاشان پێشکەشی پەرلەمانی بکەن جا من پرسیارێکیان لێدەکەم پاش حەڤدە مانگ بەبڕیارێک (مراجعەی) پەرلەمانیان کرد؟ ئەوەیان یەک. دوو ئێمە دوو یاسامان هەیە کە ئێستا کاریان پێ دەکرێ (معمول بە)یە، یەکەم یاسای ژمارە(٣٧) ساڵی ١٩٦١(قانون الاستعانة الاضطرارية)، دووەم یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٦٥)ە (قانون

السلامة الوطنية)يە، کە ئێستاکە هەردووکیان بەکار دێن ئەتوانن ئەو دەسەڵاتەی کە ئەوان داوای دەکەن شی کراونەتەوە لەو دوو یاسایەدان پێی دابچنەوە پێویست ناکات پەرلەمان واز لە مافێکی رەوای خۆی بهێنی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاک فازڵ دوایی کاک فرەنسۆ و با ئەو بابەتە کۆتایی پێبێنین چونکە ئی(خیتامی) تریش هەیە لەلایەن لیژنەی یاساوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جارێ یەکەم پرسیار ئاراستە کردن بۆ وەزیران لەلایەن ئەندامی پەرلەمان ڕێگای تایبەتی خۆی هەیە من پێم وایە ئێستا حەقی ئەوەی نییە پرسیار ئاراستەی وەزیر بکرێ. ئەبێ بەنووسین بۆی بچێ و ببینێ و خۆی حازرکا کە بێ وەڵام بدات بەپێی پەیڕەوی ناوخۆو بەپێی یاسای ژمارە(١) دا چۆنێتی پرسیارکردن دەستنیشان کراوە و دیارکراوە یەک، دوو ئەوەی کە داوا کراوە و بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ (د. رۆژ) نییە بەتەنیا هەر سەرۆکێکی ئەنجوومەنی وەزیران جێگەی (د.رۆژ) بگرێتەوە بۆ ئەویشە ئێمە، کە ئەوە داوا دەکەین وەنەبێ بۆ خۆمان بێ تەنیا کاک عەبدولخالق فەرموی ئەگەر پارەی سەرف کردو ئصولی نەبوو پەرلەمان متمانەی لێ بکێشێتەوە محاسەبەی بکاو بانگی کاو کە یەکەم دانیشتنی پەرلەمان بوو بانگی دەکەی و حسابی لەگەڵ دەکەی وئەگەر پارەکە بەبەلاش خەرجی کردبوو داوای متمانەی لێ وەردەگیردرێتەوە ئەوە شتێکی زۆر بەجێیە خۆ کەس نەیگوتیە پرسیار و ئەوانە نەکەن. کاک یاقۆ باسی ئەوەی کرد کە ئەمە دابەش نەکرێ لە دەسەڵاتی پەرلەمان نییە کاتی خۆی کردومانە داومانەتە دەستەی سەرۆکایەتی، کردومانە ئەوەمان دابەش کردوە. ئێستا بۆ باس دەکرێتن کە ناکرێ؟ بۆ کاتی خۆی کرا بۆ ئێستا ناکرێ؟ ئەوەی کاک فازڵ پێشنیاری کرد ئەو ویستی بیسەلمێنی کە حکومەت نیازی ئەوە نییە لەدەسەڵاتی پەرلەمان کەم بکاتەوە منیش جەخت دەکەمەوە ئەو دەسەڵاتەی بەسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەدرێت یەکەم دانیشتنی پەرلەمان کە حازر بوو دەسەڵاتەکەی نامێنێ، دەسەڵاتەکە دەبێتە دەسەڵاتی پەرلەمان و پەرلەمان بۆی هەیە ئەو بڕیارەی کە دەیدا هەڵیوەشێنێتەوە و بڕیاری لێ بدا کە بڕیارێکی ڕاست نییە واتە ئەمە نادرێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و هەتا هەتایە، ئی ئەوانە دەڵێ تا پەرلەمان کۆبوونەوە دەکات کاک فازڵ بەرچاوی خست کە بەشێوەیەکی وا بنووسرێ کە ڕووداوی کتوپڕ و بواری ئەوەی تیا نەبێ، ئەوە ئارەزووی خۆتانە، بەڵام ئەمە دەقەکەی کە لەیاسای ژمارە (٢)دا هاتووە ئێمە دابەشی دەسەڵاتەکانی ناو یاسا دەکەین تائێستا هیچ کامێکیان دەسەڵاتەکەیانی نەکردیە. نازانم لەگەڵ ئەوەن ئەمە دەسکاری بکرێت یان ئەبێ وەکو خۆی بخرێتە ڕوو؟ سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لیژنەی یاسا ببورن کە قسەکە دەبڕم، ئێمە دەستنیشانمان کردوە (الصلاحیات الواردة في القانون رقـم «٢») مناقشەی وەکو ئەڵێ (المعمول به) ئەو بڕگەیە کەلەیاسای ژمارە (٢)دا هاتووە نازانم ئایا رای یاساناسەکانمان بەو شێوەیەیە؟ وابزانم ئەو بابەتە بەتێروتەسەلی باس کرا کاک فازڵ بەدوا داچوونێکی هەیە.

**بەڕێز فـازڵ مـیـرانی/ وەزیری ناوخـۆ:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لەراستـیـدا دیسان دووپاتی دەکـەمەوە حەقـە ئێـمـە نەفـەسمان دیموکراتی بێ دیموکراتیـەتیش لەممارەسە کردنە. مومارەسە خراپەی نییە تەنها ئەوەی کە نەزانێ بەکاری بێنێ خراپەی هەیە هەقە ئێمە گفتوگۆی بکەین بەڵام توڕەش نەبین، دەستدرێژی لەسەر یەکتر نەکەین ئێمە گوتمان لەو بوارانەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی ناتوانێ کۆببێتەوە مانای ئەگەر ئەنجوومەنی نیشتمانیی توانی کـۆببێـتـەوە ئەو داواکـاریە هەر نییـە، چونکە مـەرجی تێدایە ئەگـەر نەکـرا ئەمـە ئەگـەر ئەنجوومەنی نیشتمانیی نەتوانێ کۆبونەوەکە بکات ئەنجوومەنی وەزیران داوای هیچی نەکردوە ئەمـە یەکێـک، ئی دووەم حەز ناکـەم بەو شێوەیە برادەران لەڕاستی دوورکەونەوە، کـاک جەمـیل ئەڵێ دەسەڵات لەیەکێکی هەڵبژێرا و وەربگرین بیدەینە یەکێکی کە میللەت هەڵینەبژاردووە، لەراستیدا ئەمە شتێکی راست نییە وجیاوازی هەیە لەگەڵ واقع یەکەم کاکە جوهر وکاکە رۆژ یان هەر سەرۆک وەزیرانێکی پارتی ئەبێ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بێ لەناو حزبی خۆیدا هەڵبژێراوە، دووەم ئەگەر باسی ئەندامانی پەرلەمان دەکەن ئەندامانی پەرلەمان هەڵبژێردراوی حزبن، هەڵبژێردراوی میللەت نین، حزب دەنگی پێداوە، هەر حزبیش دەنگی بۆ کۆکردۆتەوە، خۆی دەنگی بۆ خۆی کۆنەکردۆتەوە، بۆیەش حزب ئەتوانێ بیگۆڕێ، ئەتوانێ یەکێک لەجیاتی یەکێک دابنێ، بەڵام ئەگەر نوێنەری میللەت بێ، ئەبێ میللەت یەکێ لەجیاتی دابنێ، لەبەر ئەوە یاری بە وشـە نەکـرێت تکایە، واتە یەکـتـر بریندار نەکـەین من هەڵبـژێردراوم نوێنەری مـیللەت بکەم ونوینەری حزب بکەم من تۆم داناوە بۆیەکـە سبەش حەزم لێبێ زەید لەجیـاتی عـەمـر دادەنێم. لیستەکان لیستی حزبەکانە ئێمە هەڵبژاردنی نیسبیمان کردوە، هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ، ئێوە هەڵبژاردەی ئەحزابن لێرە، هەڵبژێردراوی میللەت نین، حزب دەنگی بۆ کۆکردون ئەمە یەکێک، ئی دووەم بۆ وەڵامی کاک سەعید یەعقوبی، لەڕاستیدا من وەزیر بووم لەکتلەی وزاری شەقڵاوە نەک ئەنجـوومـەنی وەزیرانی شـەقـڵاوە، چونکە پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـان (حـرصا) لەسـەر ئەم ئەزمـوونەی کوردسـتـانی عێـراق ناوی لەخۆی نەنا ئەنجوومـەنی وەزیران، لەشـەقڵاوە ناومـان لێنا کـوتلەی وزاری پارتی بەو مانایەی (تەعـبـیـرەی) کە ئەگـەر (١٠) دینار بکەی بەدوو بەش هیچ کامی پێنج دینار ناکاتەوە ئەبێ ئیلا پێکەوەی بکەینەوە بکاتە (١٠)دینار، بۆیە ناومان لێنابوو کوتلەی وزاری پارتی وحەقیقەت ئەگەر بتانەوێت پرسیار بکەن هەقە پرسیار لەئێوە بکرێ لەلایەن ئەو حزبەی کە ئێوەی کردوە بەئەندامی پەرلەمان بۆ داواتان نەکردوە لەکوتلەی وزاری تائێستا ئەم

حەڤدە مانگە چیتان کردوە و چیتان نەکردوە چ وەکو کۆمەڵەیەک چ وەکو تاکە کەسێک؟ حەقە ئێمە پرسیار لەئێوە بکەین وەکو میللەت وەکو حزب چۆن ئێوە حەڤدە مانگ رازیبوونە کتلەیەکی وزاری هەرچی کردبێ ئێوە دەگەڵی کەوتوونە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. وابزانم ئەم بابەتە بەتێروتەسەلی باس کرا ئێمە لێرە دوسێ تێبینیمان لەسەر ئەم بابەتە هەیە حەز دەکەم روونی بکەینەوە، وابزانم بەرە وکۆتایی ئەڕۆین. بەڵام چەند تێبینیەک هەن حەقی روونکردنەوەیان هەیە، با بەدەوری بابەتا نەخولێتەوە وەکو جارەکەی تر، بەڵکو دەبێ راست بڕۆین بۆ مەسەلەکە، ئەمەی کە داواکراوە دەسەڵاتێکی تەشریعیە بدرێ بەسەرۆکی وەزیران جۆرەکەشی دەستنیشان کراوە من بەش بەحاڵی خۆم و وابزانم سەرۆکایەتی رازین لەسەری، دەقی کارپێکراو دەخوێنینەوە ئەوەی کاری پێکراوە و لێرە هاتووە نە بەو برگەیەی کە تۆزێ دەستکاری کراوە ئەوەی کە لە بارودۆخی کتوپڕ پەرلەمان نەتوانێ کۆبێتەوە یان لەپشوودابێ، ئەو دەقەی کە چەند جار خوێندمانەوە پێویست ناکات دووبارەی بکەمەوە، لەدانیشتنەکەی تریشدا وتمان ئێستاش زۆر لەبرادەران چ ئەوانەی لەگەڵی چ ئەوانەی دژی دڵنیایان دەکەین بارودۆخ لەمە نائاسایی تر نابێ لەگەڵ ئەوەشدا کۆبوونەوەکان دەکەین و دانیشتن دەکرێ وئێمە چەند رابردوویەکمان هەیە هەتاکو لەپشووی پەرلەمانیشدا کۆبونەوەمان کردووە، ئەمە خاڵێک لەو خاڵانەیە کە چەند جار باس کرا و هەندێ جار باسی ئەوە کرا کە بگاتە ئەوەی پەرلەمان نەتوانێ کۆبێتەوە. چواری لێ مرد. بەڵام باشە ئەی ئەگەر سەرۆک وەزیران خوانەخواستە مرد ئەو کاتە چی بکەین کە پەرلەمان نەتوانێ کۆبێتەوە دوا فەرەزیەت، فەرەزیە دێنێ کاک فازڵ، وەکو ئەڵێن قسە قسە رائەکێشێ، تۆ کە ئیحتمال دائەنێی ئیحتمالی تریش بەرامبەری هەیە، حسابی بۆ بکەی، باشە ئەی ئەگەر سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یەکێ لەو حاڵەتانە گرتیەوە ئێمە چ بکەین؟ جا ئەبێ سێ وچوار ئیحتمالی بۆ دابنێین، لەراستیدا باشتر وایە مەسەلەکە وەکو خۆی باس بکەین ئەمە دەسەڵاتێکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانە و دراوە بە رابەر کاتی خۆی ورابەریش بەو مواصەفاتەی کە ئێستا داوا ئەکرێ بدرێ بەخودی سەرۆک وەزیران، من لەدانیشتنەکەی تریشدا وتم یاساناسان کە یاسای ژمارە (٢)یان داناوە نەیداوە بە ئەو بەڵکو، داویە بە پەرلەمان و خودی سەرۆکی پەرلەمان بۆیە بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان سەرۆکی پەرلەمان زەید بی یان عەمر بێ نوێنەراتی پەرلەمان دەکات، بۆیە کاتی خۆی یاساناس کە هەندێ دەسەڵاتی رابەریان پێ داوە لەو (مونطەلقەوە) بۆی رۆیشتون. بەڵێ بارودۆخێکی تایبەتی هاتۆتە پێشەوە ئەبێ ئێمە هەندێ بابەت باس بکەین کە وەک ئێستا کراوە، بەڵام من لەگەڵ رای کاک فازڵ نیم، چونکە دەسەڵاتی رابەر زیاتر پەیوەندی بە تەشریعیەوە هەیە نەک بە راپەڕاندنەوە، بەڵێ هەندێکی هەیە، بەڵام هەندێکی ئەمە بەشێوەیەکی تایبەت پەیوەندی بەدەسەڵاتی یاسادانانەوە هەیە، لە وڵاتی ئێمە دەسەڵاتی بڕیاردانیش پەرلەمانی کوردستانە وئێمە لەهەموو قۆناخەکانی ئەو بارودۆخەی کە

دروست بووە پەرلەمان توانیویەتی کۆبونەوە بکات وئەو بارودۆخە نائاساییەی کە بەو توندوتیژیەی کە باس ئەکرێ هەتا ئێستاکە نەهاتۆتە پێشەوە ئەگەر گەیشتە ئەو رادەیەش کە چوار پێنجێکی لێ بڕێ ئەو فەرەزیەی تر دیسان دەخرێتە روو باشە ئەی ئەگەر سەرۆک وەزیران لەو حاڵەتە شتێکی بەسەر هات کێ جێی دەگرێتەوە؟!. بۆیە ئەبێ ئەم مەسەلەیە لە هەر دوو رووەکەیەوە باس بکەینەوە من رێزم بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ هەیە کە ئەڵێ حزب ئەندامانی پەرلەمان دادەنێ و لەسەر لیستی حزبن، بەڵێ ئەوە هەمووی راستە ئەندامی پەرلەمان بە پێی ئەوە دێتە ناو پەرلەمان، بەڵام دیسان بەپێی ئەو یاسایەی کە ئێمە کاری پێ دەکەین ئەندامی پەرلەمان لێرە نوێنەری خەڵکی کوردستانە، ومن دیسان رێزم هەیە، بەڵام حزب ناتوانێ لەو روانگەیەوە کە باسی دەکات ئەندامی خۆی بگۆڕی مەگەر ئەو کاتەی ئەندامی پەرلەمان مەرجی ئەندامی تێدا نەما، یان دەستی لەکار کێشایەوە، سێ چوار مادده تەرخان کراوە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بەپێی ئەوە خاوەن لیست ئەتوانێ ئەندامی پەرلەمان بگۆڕێ، بەڵام بەپێی یاسا و بە پێی پەیڕەو، واتە مەسەلەکە(مطلق)نییە. ئەمە تەنها زیاتر بۆ زانیاری. یاسا بەو شکلە دەسەڵاتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان و حقوقی پەرلەمانی داناوە، زۆر لەبرادەران و جەنابی وەزیری ناوخۆ لەوانەیە ئاماژەی بابەتێکیان کرد، وتیان ئەگەر هاتوو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بریارێکی دەرکرد نایاسایی بوو، ئایا پەرلەمان ئەتوانێ موحاسەبەی بکات و متمانەی لێ بکێشێتەوە؟ تاکو ئێستا رووی نەداوە، چونکە لەبارودۆخی پەنجا پەنجای ئەوساکە وەکو مەحاڵ بوو. کابینەی سێیەم و پەرلەمان هاوکارو پشتیوانی یەکترن و ئومێدمان وایە پێویست نەکات بە کێشانەوەی متمانە. ئەمە یەکێکە لە کێشەکانمان و، ئەم گرفتە کە هاتوەتە رێگای پەرلەمان، ئەمەیش بە دەستی ئێمە نییە لە پەرلەمان و، پەیوەندی بە بارودۆخی ئەزموونەکەمان و وڵاتەوە هەیە. سەرەرای ئەوەیش لەدانیشتنی رابردوودا باسی ئەو خروقاتە نایاسایەی ئەم کابینەیە کرا کە زەمینە خۆش ناکات بۆ ئەو جۆرە بۆچونەی بەرێز نوێنەری حکومەت و برایانی تر دەریان بڕی. بۆیە ئەندامانی پەرلەمان ئەوەمەترسییەیان هەیە لە دانانی دەسەڵاتی یاسادانان لە پەرلەمانەوە بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران. ئەگەر ئەم بڕگەیە هەڵبگیرێت ئەوە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەچێتەوە بۆ خانەی پەرلەمان، بۆیە پێویست بەو ئاڵ وگۆڕە ناکات. ئەگەر لیژنەی یاسا شتێکی تری نەبێ، ئەم بابەتە کۆتایی پێدێنین بەڵکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەسەر رای خۆمانین هەر وەک لە راپۆرتەکەماندایە وحەز دەکەین بخرێتە دەنگدان. بەڵام یەک بەدواداچوونی بچوکم هەیە لەوانەیە لێرەوە دێت. کاک فرەنسۆ و برادەران دەیانگوت باشە ئەگەر باران باری وئەندامانی پەرلەمان نەیانتوانی بێن ئێ باشە ئەگەر لەسەر ئەم حاڵەتە ئێمە رابوەستین ئەبێ ئەنجوومەنی وەزیران هەموو رۆژ کە باران باری دەبێت ئەنجوومەنی وەزیران لە جیاتی

پەرلەمان بریاری حوکمی یاسا دەرکات، ئەگەر نصابی یاسایی لە کۆبونەوەیەک نەبێ، ئەنجوومەنی وەزیران بریار دەرکات ئەو دەسەڵات بە سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران بدرێت ئەوە ئەگەر نصابمان نەبوایە بەرنامەی کاری ئێمە بە بریاری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یەکسەر بیکردابایە یاسا.
ئەم حاڵەتانە بەراستی زۆر وردە ئەبێ تۆزێ لەسەری راوەبوەستین هەروەکو ئەوەی لیژنەی یاسا ئەیکات ئەدرێتە پەرلەمان نادرێتن بە پەرلەمان ئەوە «تەحصیلی حاصلە» ئەو برگەیە با باس نەکرێ لەم یاسایەی کە ئێستاکە ئێمە لەسەری گفتوگۆ ئەکەین ئۆتۆماتیکیەن ئەگەرێتەوە بۆ پەرلەمان، هەر پێویست ناکات ئاماژەی پێ بکەین چونکە ئەمە بەشێکە لەئیش وکاری پەرلەمان لەسەر قسەکانی برادەران کە چوار ئەندام مردن لەرێگا نەهاتن ئەو تەعلیقە لەسەر ئەندامانی دهۆکە ئەگەر لەکوتلەی زەرد مردن ئێوە دەتوانن چواری تر بێنن ئەما ئێمە ئەگەر چەند کەسێ لەکوتلەی کەسک ماینەوە ولێرە نینە ئەوە دەبێتە گیروگرفت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ١/١ پشووی پەرلەمان دەست پێدەکات ئەندامانی پەرلەمان لەو کاتە ئازادن دەچن سەفەر دەکەن بۆ سوریا بۆ ئەوروپا بۆ تورکیا بۆ کوێ دەچن دوو مانگی رەبەق پەرلەمان پشووی هەیە، لەکاتی پشوودان پەرلەمان ئەو توانایەی نییە بتوانێ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بە پەرلەمان بکات ئەوە شتێکی سروشتییە هەمووومان ئەبێ پێی لێ بنێین(اعترافی پێبکەین) ئەوەی ئەو برادەرانە ک دەڵێن ئەگەر پێنج ئەندام مردن ئەگەر شەش ئەندام مردن حەقە کاک محەمەد حەسەن خۆی نەک من یاسایی نیم کە مردن پارتی ناتوانێ بێنێ چونکە دەبێ کۆبوونەوەیەکی یاسایی بکرێ و بریاری پێ وەربگیردرێ ئنجا ناتوانێ کە سانەکانی خۆی بێنێ، لەبەر ئەوە پەرلەمان بێ دەسەڵات دەمێنێتەوە، من دووپات دەکەمەوە خاڵی(أ)ی لە بەندی(٥٦) ئیش و کاری پەرلەمان کە دانانی یاسایە ئەمەی هەیە پێویستی پێی نییە، چونکە دەسەڵاتی خۆیانە من ئەوەی کە باس دەکەم لەکاتێکدا کە پەرلەمان ئامادە نییە پەرلەمان بزرە ،چۆن بدرێتە پەرلەمان کە ناتوانێ بیکا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس. کاک فازڵ فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من کاتی ئەوە هاتووە ئەم مەسەلەیە بدرێتە دەنگدان، زۆر بەتێروتەسەلی باسکرا وەدستپێشخەریەک ئەوە (سبق الاصرار) نییە، ئێمە لە دواییەکەیدا(ئاخریەکەی) هەر ملکەچی

رای پەرلەمانین، بەلام یەک راستکردنەوەم هەیە دەڵێم من نەم گوتوە ئێوە نوێنەری میللەت نین وتم ئێوە لەرێگای حزبیکەوە نوێنەری میللەتن و ئەگەر تەماشای بکەن لە(٣٠٪)ی لە رووەکانی ئەو پەرلەمانە گۆڕاون لەدامەزراندنیەوە تائێستا هەمووش بەنووسراوی حزبی. خۆشم ئەزانم چ ئەڵێم بەڵێ ئەزانم پەرلەمان یاسای خۆی هەیە ئەحزابیش دەسەلات و توانای خۆیان هەیە ئەگەر بیانەوێ بیگۆڕن ئەتوانن بیگۆڕن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فازڵ من دووپاتی دەکەمەوە بەلام بە گوێرەی ئەوەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دا هاتووە ئەو گۆڕانکاریە بەپێی ئەو مادانەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت. جا یاسا چۆنیەتی ئەو گۆڕانکاریانەی دیاری کردوە چونکە هەر بەپێی یاسا ئەندامی پەرلەمان نوێنەری میللەتن. وابزانم ئەم بابەتە بەتێروتەسەلی باسکراو ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە ئەو دەقەی کە کاری پێ دەکرێ(مەعمولە) لە پرۆژەکەدا هاتووە تۆزێ دەستکاری کراوە. دەقەکەی لەیاسای ژمارە (٢) برگەی (٤)دا دەڵێ: (اصدار قرارات لها قوة القانون خلال عطلة المجلس الوطني أو في الظروف الطارئة على ان يتم عرضها على المجلس حال أنعقاده للبت فيها). ئێمە ئەو دەقە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ ... سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەکی دیار ئەم برگەیە رەت کرا(رفض)کرا. سوپاستان دەکەین.

کاک عەبدولخالق ئەگەر تۆزێ سەیر بکەی ئەو حزبە کە (٥٠) ساڵە خەبات دەکات بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە سوورە لەسەری، پێشنیارێک لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە و ئێمە لەم ئەنجوومەنە بەدەها بریارمان ئالوگۆر کرد و هەموار کردو شتێکی زۆر ساکاریە. خاڵی تر (٤) تەنها ئەم خاڵە تەواو ئەکەین. مەبەستم ئەو هەمواریتی دوایی پشوو وەردەگرین. فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

٤ـ الدعوة الى اجراء انتخابات عامة للمجلس الوطني وفق القانون خلال مدة (٢٥) يوماً من تأريخ أنتهاء مدة المجلس أو صدور قرار منه بحل نفسه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ذەمە برگەی (٤)ە لە مادەی (٣) بۆ ئەوەی یەکسەر بێینە سەر ئەم بابەتە لەدەقی یاسای ژمارە (٢)دا دیاریکراوە، ئەگەر چ زیادەیەک کراوە ئێمە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ دەقە کار پێکراوەکە لەیاسای ژمارە(٢)، سبەینێ ئەگەر پەرلەمان کۆبۆوە، ئێوە ئەزانن بەدوو حاڵەت پەرلەمان نامێنێ: یان ماوەی یاسایی تەواو دەبێ، واتا خۆی (تمديد)ناکاتەوە، یان خۆی حەل کات، ئەو دوو حاڵەتەیە لەیاساکەشدا هاتووە ئەبێ لە ماوەی (٢٥) رۆژدا هەڵبژاردن جاڕ بدات، خۆ ئەبێ لایەنێک هەبێت کە ئەو بانگەوازە بکات. پرۆژەکە بەوشێوەیەیە کە ئەبێ ئەم دەسەلاتە بدرێ بەسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، چونکە هەر ئەویش هەندێ کاروبار ئەنجام دەدا. بەو دەسەلاتە

ئەبێ ئەو جاردانی هەڵبژاردن بکات کە بەپێی ئەم یاسایە هاتووە. هەر وەختێکیش کە ئەنجوومەن خۆی (حەل) کرد سەرۆکی پەرلەمانیش بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکیە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ئەو دەسەڵاتەی نامێنێ کە لە ئێوە وەریگرتووە. بۆیە دەسەڵاتەکە ئەبێ بچێ بۆ جێگەیەک. جێگەکەش سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە کە بۆ ئەم حاڵەتە پێشنیار کراوە.
ئەگەر چ موداخەلەیەک نیە ئەیخەینە دەنگدانەوە. بڕگەکە دوو، وابزانم نیە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟... سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نیە؟.. سوپاستان دەکەین، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. ئەمێنێتەوە بڕگە(٥) با تەواوی کەین.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

٥ـ إصدار أمر بمعالجة الحالات التي تطلب إصدار المرسوم الجمهوري.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕگە(٥) نازانم کاتی خۆی پێشنیارێک هەبوو بۆ کێشانەوەی، ئەگەر نا ئێمە ئەیخەینە دەنگدانەوە، بەڵێ لابردرا، نوێنەری حکومەت بەڕێز کاک فازڵ ئەم بڕگەیەی کێشایەوە، سوپاس، ئەگەر چ تێبینیەیەک نییە لە لیژنەی یاسا وە، کەواتە مادده(٦) ئەبێت بە(٥)، بەڵام پێشنیارێک هەیە لەبرادەرانەوە ئەڵێن (٦) ببێ بە مادەیەکی سەربەخۆ ئەگەر چ ئەشکالێ نییە؟.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

(يؤدي المعنيون بموجب هذا القانون اليمين القانونية ممن يتطلب وظائفهم أداء اليمين أمام رئيس مجلس الوزراء عدا الذين تكون مراسيم أدائهم اليمين أمام الوزير المختص وفق القوانين النافذة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە داوا ئەکرێ ببێ بە ماددەیەکی سەرەکی ئیشکالی تێدا نییە ئەبێتە(رابعا)، واتا ئەبێ بەمادده(٤) ئەگەر چ تێبینیەیەک نییە ئەمە (ئیجرائێکی) پرۆتۆکۆلیە ئەوەی کە دائەمەزرێ ئێمە دەسەڵاتمان داوە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کە پلەکانی تایبەتی و ئەوانی تر دایمەزرێنی کە ئەبێ بەرامبەریشی سوێند بخۆن، ئەبێ بەمادده چوار ئەگەر چ تێبینیەیەک نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە، نییە؟ باشە کێ لەگەڵە؟... سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

مادده(٥) (يؤدي القضاة والحكام وأعضاء الادعاء العام اليمين القانونية أمام مجلس القضاء).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر چ تێبینیەیەک نییە لەسەر ئەم ماددەیە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟... سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاستان دەکەین، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

مادده(٦) : (تتكون هيئة رئاسة مجلس الوزراء لأقليم كوردستان من رئيس المجلس ونائبه وتختص بالمصادقة على قرارات الحكم بالاعدام أو تخفيفها وتتخذ قراراتها بالاجماع).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە مادەیەکی ترە ،کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم بڕگەیە ناوەکان بنووسن ئەگەر لیژنەی یاسا چ تێبینیەیەکی هەیە؟ کاک جەمیل و کاک د. رزگار.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەسەڵات هەمووی بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بێ تەنیا بۆ حوکمی لەسێدارەدان، لەسێدارەدانی خەڵک بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ببێتە هاوبەشی سەرۆکی وەزیران ئەو پرسیارە من ئاراستەی نوێنەرانی حکومەت دەکەم بۆ هەموو شتێ دەسەڵاتی بەڕێز سەرۆکی وەزیران بێت تەنیا لەسێدارەدانی خەڵک بە ئیمزای بەڕێز جێگری سەرۆکی وەزیرانی لەگەڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس ،فەرموو کاک فازڵ.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا ئەم بابەتە دوو پەرەگرافە، یەکێک پێکهاتەی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە کە رستەیەک لێرە هاتووە پێناسەیە«تتكون هيئة رئاسة الوزراء من الرئيس والنائب» ئەمە دەنگدانی ناوێ چونکە دەرئەنجامە. بنەڕەتی پەرەگرافی دووەم گرنگە، واتە ئەوەی یەکەم زیاتر دارشتنە زۆر گرنگ نییە، بەڵام بڕگەی پەرەگرافی(٢) بابەتەکە بڕیاردانە لەسەر حوکمی لەسێدارەدان وکەم کردنەوەی ئەم حوکمەیە، شێوەی دەنگدان لەسەری ئەوها دەبێ؟ ئایا یەکێکیان(سەرۆک، جێگر) دەگرێتەوە یان هەردووکیان؟ یان ئێمە لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەن دەیدەین بەشوێنێکی تر؟ لەبەر ئەوە من پێم وایە ئێمە بە پرۆژەیەکی تەواوتر(متكامل) روونتر بیهێنینەوە و، چونکە بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەلایەنی سەرۆک و جێگرەکەی دەردەچێ نە گفتوگۆی دەوێ نە دەنگدانی دەوێ، گفتوگۆ و دەنگدان لەسەر سزای لەسێدارەدان یان پەسەند کردنی راپەراندنی کارەکانی دەسەڵاتی دادگەری تەنها ئەوە پێویستی بەدەنگدانە لەبەر ئەوە دەبێ ئێمە لەوە بکۆڵینەوە و گفتوگۆی بکەین، چونکە بڕیارەکانی دەسەڵاتی راپەراندن دەبێ لایەنێک هەبی پەسەندی بکات. لێرەدا وشەی بەدەستە ناوی نابەین بەڵکو سەرۆکایەتی ئەنجوومەن ئایە سوورە لەسەر ئەوەی خۆی پەسەندی بکات یان دەیداتە سەرۆکایەتی پەرلەمان؟ ئەگەر بەخۆی بیکات سەرۆک و جێگرەکەی بەیەکەوە دەیکەن بۆ ئەوەی بڕیارە کە راست

و ڕەوان تر بێ، بواری تیغ لێدان و غەدر کردنی تێدا نەبی، یان یەک لە هەردووکیان ئامادەبێ دەیکات.. بۆ پێویستی هەر ئەوەندە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر زۆر سوپاس کاک فازڵ لەراستیدا پرۆژە، پرۆژەی خۆتانە هی حکومەتە و، خۆتان داواتان کردوە ئەو دەسەڵاتە بدرێ بە سەرۆکایەتیەکە. هیچ لارییەکیش لەسەر ئەو بابەتە نییە وەیاساکە تەواو بوە، تەنها ئەو برگەیەی ماوە خۆتان داواتان کردوە ئەو دەسەڵاتە بدرێ بەدەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وەگفتوگۆ کراو یاساکە تەواو بوو ئەمەیش یەکێکە لەدەسەلاتی رابەر کە بڕیار درا دابەش بکرێ. وەکو گوتم ئێمە ئەیخەینە گفتوگۆوە پاشان ئەگەر تێبینیەک یان شتێکتان هەیە ئەتوانن لەسەر ئەم برگەیە ئاگادارمان بکەنەوە. نازانم بۆ دوای بخەین چی گرفتی تێدایە؟

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«ترید ارنب خذ ارنب، ترید غزال خذ ارنب» ئەگەر هەر لەسەر یەک بڕیار پێ دابگیرێ لەراستیدا ئەمە دیموکراسیەت نییە. ئێمە هاتوینە پرۆژەیەکی تەواومان هەیە، لەو پرۆژەیە برگەیەک بەش بەش کرا، ئێستا ئێمە دەمانەوێ ئەم خاڵە ببەینەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران چاوی پێدا بخشێنینەوە و، تازە بابەتی ئەمڕۆ لەبەر چاو بگرین من ئەڵێم ڕەوا نییە بڵێ نەخێر ئێمە گفتوگۆی ناکەین، پاشان ئەگەر گفتوگۆتان کرد یان ئەبێ لەسەر بڕیاری ئێوە هەڵبگەڕێینەوە یان ئەگەر شتێکی تازە بێنین لە دەرەوەی گفتوگۆی ئێوە بێ دیسان شتێکی یاسایی یان مەنطقی نییە لەبەر ئەوە داوا ئەکەم ئەم بابەتە دوابخرێ، لەم دانیشتنەی ئەمڕۆ نا تادانیشتنێکی تری پەرلەمان دەکرێت، ئێمە دیراسەیەکی تێروتەسەلی دەکەین پاشان بۆتان دەهێنینەوە، ئەمڕۆ ئەوە گفتوگۆ بکەین ئێمە شتێکی هاودژی گفتوگۆی ئێوەمان هێناوە دووبارە ئەکەوینە گفتوگۆیەکی دوورو درێژ سەر لەنوێ بۆ هەموو مسائیلەکان، من ئەوە بە بەرژەوەندی نازانم لەسەر ئەو دیموکراتیەتەی کە ئێمە دەنگمان لەسەر کرد، لەسەر ئەو گفتوگۆیەی ئەمڕۆ کە ئەنجامێکی باشی هەبووە بەپێچەوانەی ویستی زەید یان عەمر. بەڵام ئێمە پرۆژەیەکی گرنگمان بەدەست هێنا ئەم حاڵە ماوە ئەم حاڵەش بۆتان شی دەکەینەوە لەهەر کاتێک ئێوە دانیشتن دەکەن، ئێمە نووسراوی پرۆژەکە پێشی دانیشتنی ئایندە دەینێرین بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ ئەوەی لە پەرلەمان گفتوگۆ بکرێت ودێین بەرگریشی لێدەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فازڵ، لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان برگەکانی پێش ئێستا دەنگی لەسەر دراوە ئەوە تەواو بووە، ئەو برگەی کۆتاییە نوێنەری

حکومەت داوا دەکات ئەم برگەیە دوابخرێت بۆ ئەوەی دارشتنێکی تری ئەم برگەیە لەپرۆژەکە بکەن سەبارەت بە لیژنەی یاسا وابزانم هیچ گیروگرفت لەم بارەیەوە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو شێخ یەحیا.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من لەسەر پێشنیارەکەی بەڕێزیان، نوێنەری حکومەت ئەو ماددەیەش هەروەکو ماددەی مەرسوم کۆماریەکە ئەگەر بکێشرێتەوە زۆر شتێکی سروشتییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشانەوەی ئەو برگەیە لەجێی خۆی نییە، چونکە دەبێت لایەنێک هەبێت پەسەند کردن لەسەر حوکمی لەسێدارەدان یان کەم کردنەوەی حوکمی لەسێدارەدان بکات، ئەو لایەنە ئێستا بۆ کەلێنێکی یاساییە لەدادگەری من پێم گوتن پێش ئێستا سەرۆکی دادگای تەمیز سێ جار بەمنی ووتوە لایەنێک دابنێین کە پەسندی جێبەجێ کردنی بڕیاری لەسێدارەدان (تنفیذ حکم الاعدام) بکات، پەسند کردنی بڕیاری دادگەری نا،(مصادقة علی تنفیذ حکم الاعدام أو تخفیفه)، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورە بەڕێزان مەبەستم لەکێشانەوەکە ئەوە بوو، ئەوە بکێشرێتەوە تاوەکو پرۆژەیەکی تەواو پێشکەشی پەرلەمان دەکەن ئەوسا ئەو هەموارەی کە ئەیکەن بینێرن و ئەوسا قسەی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆک ئەنجومەن.**

ڕێزم بۆ بووچوونەکانی نوێنەری حکومەت هەیە. بەڵام لێرەدا بەبڕوای منیش هیچ گرفتێک نییە واتە پێناس کردنی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن کە لەسەروک و جێگرەکەی پێک دێت، ئەگەر ئەم وشەیە نەش بێ دەستەواژەکە هەر ڕێک وپێک و روون دەبێ، واتە دەستەی سەرۆکایەتی لابرێ لەدەقەکە، چونکە هەروەک لەپرۆژەکەی ئەواندا هاتووە ناکۆکی لەنێوان ئێمە وئەواندا لەسەر

ئەوە نییە لەسەر دابەش کردنی دەسەلاتە، واتە ئێمە ئەو دەسەلاتە بدەین بە ئەنجوومەنی وەزیران، پاشان دەستەی سەرۆکایەتی لەوێ پێناس کراوە، واتە ئەگەر وشەی دەستەش(هیئة) نەبێ هیچ گرفتێک دروست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاکە. کاک فازڵ فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا چونکە لەبابەتێک پشتگیری کاک رزگارمان کرد، مەرج نییە هەرچی ئەو بیلێ ئێمە پشتگیری بکەین، ئەمە یەکێ سەردێڕی دووەم: ئێوە دەڵێین دیموکراتینە وپاڵ بەئێمەوە بنێن کە پرۆژەکە بکێشینەوە، ئێمە ناکێشینەوە، ئەگەرکێشامانەوەش ئێوە جێگرەوەیەکتان هەیە، بۆ ئەوەی ئەگەر گفتوگۆ دەکرێ، ئەبێ جێگرەوەتان هەبێ، فەرموو ئێمە ئەوە وازمان لەو ماددەیە هێنا و بۆ پەرلەمان مان بەجێ هێشت، ئایا جێگرەوەتان هەیە؟ خۆتان حازرتان کردوە لەبەر ئەوە ئەبێ، ئێمە بەراستی قسە بکەین مەسەلەی خۆکێشانەوە و سوربوون نییە، مەسەلەی گەشەسەندنە مەسەلەی گفتوگۆیە مەسەلەی گەیشتنە بەبریارێک کە بتوانێ ئیش و کاری ئەم هەرێمە بەرێوەبچێ مەسەلە ئەمە نییە، چونکە من خستمەروو ئەبێ تۆش دژی بی یان تۆ داوات کردوە من خۆم بکێشمەوە نە بابەتەکەی من بۆ تووە نە خۆکێشانەوەکەی من بۆ تۆیە و خۆکێشانەوەکە بۆ تەواو کردنی دەسەلاتێکی یاسادانان و جێبەجێکردنی دادگاییە. سەردێڕ ولەبەر ئەوە ئاسۆی بیرکردنەوە ئاسۆی گفتوگۆ ئەبێ ئاسۆیەکی پێگەیشتوو بێ رێزم هەیە نەک مەسەلەیەکی رەق بێ وەللا خۆبکێشنەوە جێگرەوەکان چییە؟ خۆمان کێشاوە دووبارە دابنیشێت کێ ئەمە پەسەند دەکاتن نەئێوە ئامادەن وەکو پەرلەمان نە ئێمە ئامادەین وەکو حکومەت، جا لەبەر ئەوەی وایە ئەبێ چ بکەین؟ ئەبێ دوای بخەین بۆ خۆ ئامادەکردن هەم خۆمانی بۆ ئامادەدەکەین و هەم بارودۆخەکان بۆ حازر کەن بەتایبەت بۆ یاساییەکان کە ئەمەیان دارشتوە پێیان بڵێین فەرموون چارەیەکی بکەن چونکە ئەمە وای لێهاتوە، چونکە ئەمە ئیش من و تۆ نییە ئەمە ئیشی یاساییە ئەبێ ئەوانەی کەپارێزەربووینە و یاساینە ئەمەیان دارشتوە چۆنی بیگۆڕن؟ ئەم بابەتە پەیوەندی بەچارەنووسی خەڵکێک هەیە وەپەیوەندی بەچارەنووسی مرافەعەیەک هەیە کە چەندەها مانگ دەخایەنێت چەندەها دادوەرو پارێزەری تیدا بەشداردەبن، دووای تۆ ئەتوانێ سەر لەنوێ هەڵی بگێریەوە یان ئەتوانی جێبەجێ بکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس. فەرموو کاک د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە من نەمگوت نوێنەری حکومەت بڕگەیەک پێشنیار دەکەم بکێشنەوە، نەخێرمن وەکو پێشنیارێک پێشکەشی بەڕێزیم کرد من گوتم ئەگەر بەدڵی بێت زۆر باشە تەنها وشەی دەستە لابرێت وەهیچ گۆڕانێکی تێدا روونادات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر جار گفتوگۆمان کردوە لەو هۆڵە بڕگەیەک بووە شێوەیەک یان دارشتنێکی یاسایی کەمووکوری تێدا بووە یان گفتوگۆی لەسەر بووە ئەو بڕگەیە دواخراوە لەگەڵ رێزم بۆ رایەکەی وەزیری ناوخۆ ئەتوانین ئەو بڕگەیە دوابخەین بڕۆین بۆ بڕگەکانی ترو ئەوانە تەواو بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس، پێشنیارێک هەیە ئەیخەینە دەنگدانەوە. باشە ئەگەر پێشنیارێکی هەموارکراو هەبێ کە بەو شێوەیەبێ، یا ئەبێ بیخەینە دەنگدانەوە لەهەر دوو حاڵەتا چی بۆ قەبوڵ کردنی چ بۆ کێشانەوەی. کاک شمائیل فەرموو.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**السید رئیس المجلس.**

المسألة بأعتقادي أن المناقشة تدور حول هذه المفاهيم. والمفهوم واضح ومطروح من قبل مجلس الوزراء، أن هيئة الرئاسة تتكون من رئيس الوزراء ونائبه وهذا يعني انه ليس بحاجة الى المناقشة، وهناك شئ أخر وهو مطروح أيضا أن القرار يكون بألاجماع وأن المفاهيم واضحة وأعتقادي لايوجد أي أشكال ويتم التصويت على ماجاء بالنص مثل ما هو مطروح أو أذا كان المفهوم من كلمة رئاسة مجلس الوزراء هو الرئيس أو نائبه بتعريف واضح فتحذف كلمة (الهيئة) فقط أو تكون المادة بالشكل التالي (تختص رئاسة مجلس الوزراء لأقليم كوردستان بالمصادقة على قرارات الحكم بالاعدام أو تخفيفها وتكون قراراتها بالاجماع)، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەئەنجوومەنی وەزیران داوا کرابوو، نەدرا، ئێستا ئەوە بۆ ئەو دانرایە لەوانەیە رازی نەبن لەبەر ئەوە دوای دەخەین بۆ ئەوان شتێکی زۆر سروشتییە و حەقێکی زۆر سروشتییە وەکو کاک بورهان

گوتی لەزۆر دانیشتنەکانی تر دواخراوە و ئەو گفتوگۆیەشی لەسەر نەکراوە نازانم شتێکی زۆر سروشتییە، نوێنەری حکومەت داوا دەکات ئەو خاڵە دوابخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گرفت لەسەر ئەوە نییە، تەنها بۆ ئاسانکردنی ئیشەکەیە. کاک فازڵ فەرموو زۆر سروشتییە داوای دوا خستنی گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکرێت.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناکۆکی ئێمە لەسەر لێک حاڵی بوون نییە، وەکو کاک شمائیل دەڵێ ئێمە مەبەستەکان دەزانین دەستەی سەرۆکایەتی مانای چییە وسزای لەسێدارەدانیش مانای چی وەدەستەی سەرۆکایەتی لەچی پێک دەیت؟ ئێمە لەسەر بنەڕەتی پرۆژەکە ئێمە ئەو برگانەی کە دەستمان هێناوە تەواوبوە وئەو برگە ئێمە دەکێشینەوە بۆ ئەوەی زیاتر لێکۆڵینەوەی بکەین، بەڵکو ئێمە داوای ئەو دەسەڵاتە نەکەین وەکو حکومەت وەمن بەروونی قسەم کردەوە ئێمە دەمانەوێت ئەو برگەیە بکێشینەوە بۆ زیاتر تێروتەسەلی بکەینەوە لەوانەیە ئەمە هەر وازی لێ بێنین نەهێڵین پسپۆری حکومەت وسەرۆکایەتی حکومەت چ دەستەیەک بێت چ تاکە کەس بێت، بەڵام ئەگەر پێتان باشە ئەبێ پەسندی بکەن وزاراوەی تری بۆ زیاد بکرێ، ئەوە پرۆژەی ئێمەیە، ئێمە مافمان هەیە دەستکاری بکەینەوە پاشان ئێوە دەنگی لەسەر دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ئێمە زۆر جار ماددەیەکمان دواخستوە لەیاسایەک بۆ دانیشتنێکی ترو، لەراستیدا ئەوە زۆر سروشتییە جەنابی نوێنەری حکومەت داوا ئەکات تەنها ئەم برگەیە بکێشتەوە بۆ دانیشتنی ئاینده ئەوان پێشنیاری خۆیان ئەنێرن بۆمان، و ماددەکانی تر وەکو خۆی ئەڕوات بۆیە ئێمە ئەو پێشنیارەی نوێنەری حکومەت ئەخەینە دەنگدانەوە... جەنابی نوێنەری حکومەت داوا ئەکات ئەو برگەیە بکێشتەوە، ئەبێ بخەینە دەنگدانەوە چونکە پێشنیارێکی تازەیە، ئەمە پێشنیارێکە ئەڵێ ئەم ماددەیە دوا دەخەین بۆ دانیشتنی ئاینده، کێ لەگەڵ دواخستنی ئەم ماددەیەیە تەنها بۆ دانیشتنی ئاینده؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئەو ماددەیە دوا دەخرێ. ماددەی چەندە ئێستا لای جەنابتان کاک حسێن با دیاری بکەین. کەواتە مادده(٦) دوا دەخرێ بۆ دانیشتنی ئاینده دوای مادده شەش، مادده (٧) دێت.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة السابعة: (لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەیەک لەسەر ئەم برگەیە نییە؟ ئەم مادده ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟... ، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

المادة الثامنة: (تتولى الجهات المختصة تنفيذ أحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینەیەک هەیە لەسەر ئەمە؟ کاک بورهان تێبینی هەیە، کەسی تر نییە؟

**بەڕێز بورهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من بەشتێکی تازەی ئەزانم لەم پرۆژەیە لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، چونکە وەکو پێشتر لەپەرلەمان هەرچی یاساو بڕیار هەیە ئەڵێ(علی مجلس الوزراء) واتە ئێستا هاتووە ئەڵێ(علی الجهات المختصة تنفیذ أحكام هذا القانون) من پێشنیار دەکەم هەروەکو چۆن لەیاساکانی پێشودا هاتووە(علی مجلس الوزراء تنفیذ أحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەگەر ڕێگەم پێ بدەن کاک بورهان، ئەمە بەشێکی پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە، فەرمو کاک بورهان ڕوونی بکەرەوە.

**بەڕێز بورهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من مەبەستم ئەوە بوو پەیوەندی بەئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە هەمووی؟

**بەڕێز بورهان علی جاف:**

نەخێر ئەو شتە پەیوەندی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە(علی مجلس الوزراء تنفیذ أحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی پەیوەندی بەئێمەوە بێ؟

**بەڕێز بورهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بەئێمەوە بێ وەکو چۆن ڕۆیشتوە لەرابردوودا هەر ئاوا ئەڕوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە گرفت نییە؟ کاکەڕەش ئەڵێ گرفت نییە، زۆر سروشتییە هیچ گرفت نییە.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سێ بەشە، دادگایی و پەرلەمان یاسادانانە هی حکومەت زۆر راست هاتووە(على الجهات المختصة تنفيذ أحكام هذا القانون) زۆر سروشتییە زۆر راستیشە سێ لایەنە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم گرفت دروست نابێ، کێ لەگەڵ ماددەکەیە وەکو خۆی؟...سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ .. سوپاستان دەکەین، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادە التاسعە: (ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددە(٩) چ تێبینیەیەک نییە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاستان دەکەین، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا. ماددە (٦) ئەهێلینەوە بۆ دانیشتنی داهاتوو بەیانی کاتژمێر (١٠) دانیشتنەکەمان دەست پێدەکات زۆر سوپاستان دەکەین، دانیشتنی ئەمڕۆ کۆتایی هات.

**شێروان ناسح عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٣)

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٥/١١/١٩٩٧

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٣)

## سێ شه‌مه‌ رێكه‌وتی ١٩٩٧/١١/٢٥

*كاتژمێر (١٠)ی سه‌رله‌به‌یانی رۆژی سێ شه‌مه‌ رێكه‌وتی ١٩٩٧/١١/٢٥ ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانیی كوردستان به‌سه‌رۆكایه‌تی به‌رێز جوهر نامق سالم سه‌رۆكی ئه‌نجوومه‌ن و، به‌ ئاماده‌بوونی سكرتێری ئه‌نجوومه‌ن به‌رێز شێروان ناسح حه‌یده‌ری، دانیشتنی ژماره (١٣)ی خولی ئاسایی دووه‌می، سالی (١٩٩٧)ی خۆی به‌ست.*

*سه‌ره‌تا له‌لایه‌ن ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تییه‌وه راده‌ی یاسایی دانیشتنه‌كه‌ چه‌سپێنراو، ئه‌وجا به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجوومه‌ن به‌ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان، دانیشتنه‌كه‌ی به‌ناوی گه‌لی كوردستانه‌وه ده‌ست پێكرد.*

*به‌رنامه‌ی كار:*

**١ـ ته‌واوكردنی گفتوگۆ له‌سه‌ر پرۆژه‌ی وه‌ستاندنی كاركردن به‌ یاسای ژماره «٢»ی سالی ١٩٩٢و له‌ غوكردنی «الغا»ی یاسای ژماره «١٩»ی سالی ١٩٩٣ كه‌ به‌پێی نووسراوی ژماره «٥٢٩٣»ی رۆژی ١٩٩٧/١١/١ی ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیرانه‌وه بۆمان هاتووه.**

**٢ـ گفتوگۆكردن له‌سه‌ر پرۆژه‌ی بریاری جیاكردنه‌وه‌و كوژاندنه‌وه‌ی مافی به‌كارهێنانی (الافراز واطفاء الحقوق التصرفیه للاراضی).**

**٣ـ گفتوگۆكردن له‌سه‌ر پرۆژه‌ی به‌رابه‌ركردنی بروانامه‌ی قوتابخانه‌ ئایینیه‌كان بۆ قۆناخه‌كانی ناوه‌ندیی و ئاماده‌یی سه‌ر به‌ وه‌زاره‌تی ئه‌وقاف به‌ بروانامه‌ی خوێندنی ناوه‌ندیی و ئاماده‌یی سه‌ر به‌ وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌.**

**٤ـ گفتوگۆكردن له‌سه‌ر پرۆژه‌ی بریاری (گه‌یاندنی ته‌مه‌نی خانه‌نشینی زۆره ملێ سه‌باره‌ت به‌ نۆژداران و پزیشكانی ددان و ده‌رمانسازكاران «صیدلی»یه‌كان له‌ «٦٣»سالیه‌وه بۆ «٦٨» سالی).**

**٥ـ گفتوگۆكردن له‌سه‌ر پرۆژه‌ی یاسای كۆری زانیاری كورد كه‌ به‌پێی نووسراوی ژماره «٥٣٠٥»ی رۆژی ١٩٩٧/١١/٢ له‌ ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیرانه‌وه بۆمان هاتووه.**

**به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجوومه‌ن:**

به‌ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان، دانیشتنه‌كه‌مان به‌ناوی گه‌لی كوردستانه‌وه ده‌ست پێ ئه‌كا، بۆ دانیشتنی ئه‌مرۆ دانیشتنی ژماره (١٣) ،١٩٩٧/١١/٢٥. به‌رنامه‌ی كارمان، له‌راستیدا به‌رده‌وام بوونه‌ له‌سه‌ر به‌رنامه‌ی كاری دانیشتنی دوێنێمان ،كه‌ به‌خالی یه‌كه‌م ده‌ستی پێ كرد، زۆربه‌ی برگه‌كانمان گفتوگۆ كرد، ته‌نها برگه‌یه‌ك له‌و خاله‌ مابوو، وه‌كو ئاگادارن دوامانخست بۆ

دانیشتنی ئەمڕۆ. خاڵەکانی بەرنامەی کارمان هەر هەمان خاڵەکانی پێویست ناکا بەسەریا بڕۆینەوە.

پێش ئەوەی دەست بکەین بەگفتوگۆی بەرنامەی کار، هەواڵێکی دڵ تەزێنمان پێگەیشتوە ،ئەمڕۆ بروسکەیەکمان بۆ هات، کە دوێنێ ڕێزدار هێژا خێری بەگ میری ئیزیدیان کۆچی دوایی کردووە، وەکو ئاگادارن خوالێخۆش بوو «خێری بەگ» جگە لەوەی کە میری ئیزیدیانە ،کەسایەتیەکی کۆمەلایەتی ناسراوە ودەورێکی نیشتمان پەروەری بەرچاویشی هەبوو. لە بەر ئەوپلەوپایە بەرزە وەکو نوێنەری برا ئیزیدیەکانمان لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان دەستنیشان کرا بوو، ماوەیەکی دوور و درێژ وەکو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بەئەرکی خۆی هەڵسا. بەڵام بەداخەوە لەبەر باری تەندروستی ناچار بوو داوا بکات لە ئەندامێتی پەرلەمان ببەخشرێ، واتا (اعفاء بکرێ). چونکە پێویستی بەچارەسەر کردن بوو، بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ. خوالێخۆش بوو نەخۆش بوو تا دوێنێ کۆچی دوایی کرد، ئەمڕۆ تەرمی پیرۆزی ئەبەنەوە (باعدرا) ،ولەوێ دەی نێژن .بەم بۆنەیەوە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان کە ماوەیەک هاورێمان بوو، لەو پەرلەمانە ئیشی لەگەڵمان کردووە ، وەکو میری ئیزیدیان، وەکو کەسایەتیەکی کۆمەلایەتی وناسراو، وەکو نیشتمان پەروەرێک، ئەگەر دەرەفەتم پێ بدەن، بەناوی ئێوەی بەرێزەوە ، بەناوی پەرلەمانی کوردستان و، بەناوی دەستەی سەرۆکایەتیەوە، سەرخۆشی لە خۆمان ولە کەس وکاروگشت برا ئیزیدیکانمان و لەخەڵکی کوردستان بکەین بەبۆنەی کۆچی دوایی خولێخۆش بوو «خێری بەگ»ەوە. داواش لە یەزدان ئەکەین بیخاتە بەر رەحمەتی خۆی، جێگای (انشاءالله)، بەهەشتی بەرین دەبێت.« إنا لله وانا اليه راجعون » .ئێمە بەناوی پەرلەمانیشەوە بروسکەی سەرخۆشی ئاراستەی بنەماڵەکەی دەکەین.

دێینەوە سەر بەرنامەی کاری خۆمان ،کە خاڵی یەکەمە. با برایانی لیژنەی یاسا تەشریف بێننە ئێرە. وەکو گووتمان ،دوێنێ لەسەر داوایی وەزیری ناوخۆ وەکو نوێنەری حکومەت ،تێبینیەکی بچووکی هەبوو لەسەر یەکێک لەماددەکانمان، حەزیان کرد دارشتنێکی تری بکەن، ئەمڕۆ لەلایەن برادەرانی لیژنەی یاساییەوە وابزانم ئەو بابەتە تەواو کراوە ، دوای ئەوەش دێینەوە سەر ماددەکانی تر، بابفەرموون. کاک محەمەد دەقەکەت لایە؟ جەنابی وەزیری ناوخۆ ئەگەر کەرەم بکا بیخوێنێتەوە.

**بەرێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە گفتوگۆ کردنی دوێنیێماندا ،لەسەر خاڵێک راوەستابووین، ئەمڕۆش داواتان لێ دەکەین کە رەزامەندی بفەرموون ئەم دەقەی بخرێتەوە سەر، ثالثا ،هەیە: (يمارس رئيس مجلس الوزراء المهام التالية، (أ، ب، ج، د).

«هـ» المصادقة على قرارات الحكم بالاعدام أو تخفيفها) ئەو زنجیرەیە بەو شێوەیە بێتەوە روو، بۆ

ئەوەی مـاددەکـە واتە دەسـەڵاتی سـەرۆکی ئەنجـوومـەن تەواو بێت.«د» الدعـوة الي اجـراء الأنتخابات العامة للمجلس الوطني وفقا للقانون خلال مدة ، كذا .... .«هـ» المصادقـة على قرارات الحكم با الاعدام او تخفيفها .

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

زنجیرەکەمان بە ژمارە دانا ،بۆیە ئەم برگەیە دەبێتە ژمارە«٦» .

**بەڕێز فـازڵ مـیرانی/ وەزیری نـاوخـۆ:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

کێشە نییە.لیژنەی یاسایی دارشتنێکی تری بکاتەوە، ئاساییە چ ،بکرێتە (د)یا خوود بکرێتە ژمارەی(٦) ،کێشە نییە(المصادقة على قرارات الحكم بالاعدام أو تخفيفها)، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس کاک فازڵ، لیژنەی یاسا، ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیری ناوخۆ وەکو نوێنەری حکومەت وەربگرن دەربارەی ئەو برگەیە، فەرموو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز مـحـەمـەد حـەسـەن باڵـەتە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

واتە ئەو دارشتنەیە دێتە جێگای برگە(٥) کە ئێوە کێشاتانەوە(اصدار أمر لمعالجة الحالات التي تطلب اصدار مرسوم جمهوري). بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ئێمە چ گرفتمان نییە وەکو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

لێرەدا یەک گرفتی بچووک لەوانەیە هەبێ لەزنجیرەی ماددەکان ، ئەویشمان بۆ رەچاو بکەن، چونکە ماددەیەک کەم ئەبێتەوە، بەڵام دوای ئەوە ماددەی تر هەیە، زنجیرەی ماددەکان تێکدەدات ،چونکە ئەوە هەر وەکو خۆی ماددە نەبووە، برگەیەک بوو هاتە سەر ماددەیەک، زەنجیرەکەش گرفت نییە ،لیژنەی یاسا با دای برێژنەوە، بەڵام زنجیرەی ماددەکان رەچاو بکەن، سوپاس. فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز مـحـەمـەد حـەسـەن باڵـەتە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەڕێز وەزیری ناوخۆ ،لیژنەی یاسایی چ لاری نییە و ئەو دارشتنەیە شیاوە، با ئەوە بێتە جێی برگە(٥) وهەمـان برگـەی سـەرەکی لەوێ لابدرێت، پرۆژەکـە تەواو دەکـات، ئەمـە پێشکەشی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

بەڵێ وەکو ئەو پێشنیارەی کاک فازڵ ئەگەر چ تێبینیەک لەسەری نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان

ئەکەین. چونکە دوا بڕگەیە، ئێستاش وەکو یاسا بەگشتی ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..
سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین. ئەم بڕگەیە تەواو بوو.

دێینەوە سەر یاسای ژمارە(١٩)، لەدرێژەی هەمان بڕگەیە، بڕگەیەکی بەرنامەی کارە، داوای سڕینەوەی یاسای ژمارە(٢) کراوە،پرۆژەیەک ئامادە کراوە بەرێک کەوتنی هەردوو لا نوێنەری یاسایی حکومەت ولیژنەی یاسا، کە یاسای ژمارە(١٩) بسڕێتەوە ، ئەگەر لیژنەی یاسا بۆمان بخوێنێتەوە، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

**قرار**

استناداً الى احكام الفقرة الاولى من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم«١» لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة //١٩٩٧ اصدار القانون الأتي:

قانون الغاء قانون هيئة رئاسة الاقليم رقم«١٩» لسنة ١٩٩٣

١- يلغى القانون رقم«١٩» لسنة ١٩٩٣، قانوون الغاء هيئة رئاسة الاقليم.

٢- على مجلس الوزراء تنفيذ آحكام هذا القانون.

٣- لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

٤- يعمل بهذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەقی ئەو پرۆژەیە بوو، ئێستاش بڕگە بەبڕگە وەکو هەموو جارێ ئەخوێندرێتەوە، پاشان دەرگای گفتوگۆ ئەکرێتەوە، فەرموو کاک حسێن بڕگەی یەکەم بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١- يلغى القانون رقم«١٩» لسنة ١٩٩٣ قانون الغاء هيئة رئاسة الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو «الغاء»ە، کاک حسێن زیادەیە. لەبنەڕەتدا (قانون هيئة رئاسة)یە، ئەو«الغاء»یە

لای خۆتان بکوژێنەوە، چ تێبینیەک هەیە.ئایا کەس لەسەر ئەم ماددەیە قسە ئەکا؟ با ناو نووسیان بکەین .کاک د.رزگار ، کاک فرەنسۆ. ئایاکەسی ترهەیە؟ کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنها تێبینی من ئەوەیە،(من تأريخ اقراره وينشر في الجريدة الرسمية) ،نەوەک لەمێژوی بلاوبوونی کاری پێ بکرێ، واتە(تاريخ المصادقة عليه وينشر في الجريدة الرسمية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر هاتینە سەری پاشان ئەو ماددەیە باس ئەکەین، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من زیاتر قسەکەم ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەم .پێویست بووە بەر لەوەی ئیش وکارەکانی «رابەر»دابەش بکرێ یاسای ژمارە(١٩) بسڕێتەوە(الغاء بکرێت)، چونکە ئەو ئیشانەی کە ئێستا دابەشمان کرد ،درابوو بەو دەستەیە. من دوێنێ دووپاتیشم کردەوە کاتێ کە یاسای، ژمارە(٢) راگیرا ،ئەبوایە ئەمە «الغاء» بکرێ، پاشان ئیش وکارەکان دابەش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ ئەم تێبینیەی کاک فرەنسۆ، خۆی لەراستیدا قسەکانی کاک فرەنسۆ، «مەنتقیە»، واتە بەزنجیرە بوایە، بەلاّم دیارە برادەران و لەلیژنەی یاساو ئەنجوومەنی وەزیران ،وا رێک کەوتوون. مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە ئەبێ(قانون الغاء، قانون هيئة رئاسة الاقليم) نابێ «الغاء»کە بکوژێتەوە، واتە یاسای ژمارە(١٩).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مامۆستا، با برادەرانی یاسایی وەلاّم بدەنەوە .کاک شێروان تێبینیەکی هەیە بابفەرمێت تا برادەرانی لیژنە، راوێژکاری خۆیان ئەکەن.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی ئەو یاسایەی کە ئێمە ئاماژەمان پێداوە(قانون الغاء قانون هيئة رئاسة الاقليم رقم«١٩» لسنة ١٩٩٣ قانون هيئة رئاسة الاقليم) بابەتەکە روونە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مامۆستا وابزانم ئەگەر لەوێ «الغاء»کەی زیاد بکەین مانای ئەوەیە کە ئەوەی ئێستاکە دەیکەین

ئەوە «الغاء» بکەینەوە ئەگەر مۆڵەت بدەیی وابزانم ئاوهایە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پاش(اصدار القانون الاتي) وشەی القانون دابندرێ. کۆی «الغاء»ی یاساکە لابچێت لاری نییە، بەڵام ئەگەر لانەچێ، ئەبێ بڵێین ،(قانون الغاء قانون هیئة رئاسة الاقلیم رقم«١٩»).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا ئەگەر جەنابت تەماشای ناونیشانەکە بکەی ئێستا ئەو پرۆژەیەی کە هەمانە وا نووسراوە :(قانون الغاء قانون هیئة رئاسة الاقلیم رقم«١٩» لسنة ١٩٩٣)، ئەمە ناونیشانی یاسا کەیە. پاش دەنگدان ئەبێ بەیاسا. برگەی(١) ئەڵێ ئێمە ئەبێ یاسای ژمارە(١٩)«الغاء»بکەینەوە ،ئەگەر بنووسین(یلغی القانون رقم«١٩» لسنة ١٩٩٣، قانون الغاء قانوون هیئة رئاسة الاقلیم) ئەو کاتە مانای ئەوەیە، ئەوەی کە ئێستاکە دەنگی لەسەر ئەدەین دەبێتە «الغاء الإلغاء». بۆیە ئەو(إلغاء)یە لەوێ زیادە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی دەهێڵین بۆ بەڕێزان لیژنەی یاسایی بەڕێز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵێ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو برگەیە؟.. سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٢ـ علی مجلس الوزراء تنفیذ أحکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش دەقێکی کارپێکراوەیە(معمولي) ،چ تێبینیەک نییە. دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس. فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٣ـ لایعمل بأي نص یتعارض وأحکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم برگەیە ،نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا . بەڵێ فەرموو ژمارەی چوار بیخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٤- يعمل بهذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ کاک د، رزگار ئێستا فەرموو، ئەگەر تێبینیت هەیە.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار ئەکەم،(تأريخ المصادقة عليه وينشر في الجريدة الرسمية) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

برادەرانی یاسا تێبینیەکیان هەیە لەسەر ئەمە، ئەنووسن،(من تأريخ صدوره)، وابزانم ئەبێ ئێستا وابێت .کاک محەمەد فەرموو، ئەگەر جەنابت روونی بکەیتەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە وایە،(من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية) ،هەروەها ئەتوانین بڵێین(من تأريخ صدوره ونشره في الجريدة الرسمية). کەواتە (من تأريخ صدوره ونشره في الجريدة الرسمية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەندێک باری تێبنیەکەی کاک فرەنسۆ سووک ئەکا، کاک د. رزگار بەدواداچوونی هەیە ،فەرموو کاک د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(يعمل بهذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية) با وا نەبێ، (تأريخ صدوره ونشره في الجريدة الرسمية) باشترە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە کێشە نییە. باشە، ئەوە بۆ داڕشتنەوە بەجێ دێلین، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر برادەران رەزامەندی بفەرموون بۆ چارەسەر کردنی پێشنیارەکەی من ،ژمارەی ئەم پرۆژەیە، بخرێتە پێش ژمارەی ئەوی تر ،واتە وانیشان بدرێت ،بۆ مێژوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە لەگەڵ کاروباری ئەنجوومەن، لیژنەی یاسا، ئەتوانن ژمارەکە پێش و پاشی خەن. کێشە نییە. فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد/ فەرمانبەر لە ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک فرەنسۆ، فەرمووی ڕاست بوو، دەبوایە برادەرانی لیژنەی یاسای هەردوو پرۆژەکەیان ئامادە بکردایە. هەر چەندە بابەتەکە چارەسەر کرا، بەگوێرەی یاساکەی دوێنێ،(لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون). ئەگەر پێویست بکات هەندێ جێگای «لغو» دەکەین(دەسڕینەوە).پاشان ، پێویست ناکات مێژووی بگۆڕین ،وە زنجیرەشی تێک بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاکەڕەش ،لەڕاستیدا کاک فرەنسۆ مەبەستی «مەنتقە»کەیەتی، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەی بەڕێز کاک فرەنسۆ ،لە جێی خۆیەتی وەئێمە دەتوانین ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین وە دەستکاری ژمارەکەی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە سوپاس، ئەوە کێشە نییە مادام وایە تەواو، خاڵی(٤) ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس . ئێستاش بەگشتی وەکو یاسا ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین، فەرموو کاک فازڵ.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پیشەکی پیرۆز بایتان لێ ئەکەم بۆ ئەم دەسکەوتە گرنگە.ئەوە بوو لەدوای گفتوگۆیەکی زۆر دوور ودرێژ ،ئەم دەسکەوتە بەدی هات. لێرەدا تەنها وەکو نوێنەری حکومەت قسە ناکەم، چونکە حکومەتەکە «ئیئتلافیە»، بەڵام پارتی رابەرایەتی دەکات .بەڵام دڵنیاتان دەکەم وەکو پارتیەک، پارتی دیموکراتی کوردستان هەروەک کاک عەبدولخالق، فەرمووی، دابینکەری دیموکراتیەتە و دابینکەری فرە حزبیە. پاشان بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونە جێگیربێ ،ئەبێ بەم روحیەتە کار بکەین کە زۆر ئاساییە ،کەوا ئەنجامی وای لێ بکەوێتەوە .هەروەها دوو لایەنیش ئەبین، بەڵام دوو لایەنی «دیموکراتی» لە ململانی کەدا.

مەسەلەی بڵاوبوونەوکەش ،لەبەر مامۆستایان دەنگم نەکرد منیش قوتابی یاسام، یاسایەکان نابنە یاسا ئەگەر لە یەکێک دەزگاکانی بڵاوکردنەوە، بڵاو نەکرێنەوە، بۆ ئەوەی بگاتە دەستی هاووڵاتییان، ناتوانین بڵێین(تأريخ اقراره ونشره)، ئەبێ بڵێین (تأريخ نشره)، چونکە ئەگەر بلاونەکرێتەوە هاووڵاتی ئاگادار نابێ، کە ئاگادار نەبێ ناتوانێ پابەندی پێوە بکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فازڵ بۆ ئەو وتە، وسوپاست ئەکەین وەکو نوێنەری حکومەت، کە وەکو لەسەرەتاوە گووتمان ئەمە یەکەم ئەزموونمانە لەگفتوگۆکردنی خاڵێکی زۆر گرنگ .لەماوەی ئەو دوو دانیشتنە،لەراستیدا گەیشتین بە ئەنجامێکی باش ئێمە سوپاستان ئەکەین ، وەکو لایەنی حکومەت سوپاسی هەموو برادەران ئەکەین، کە بەو روحیەتە وەڵامیان دایەوە و بەو روحیەتە گفتوگۆ کرا، وانشاءالله، هەر بەهەمان شێوە کاری بۆ دەکەین. زۆر سوپاس، بەخێر بێن.

وەکو ئاگادارن خاڵی دووەم لە بەرنامەکەمان (إفراز واطفاء الحقوق التصرفية للاراضي) بوو. لەبەر ئەوەی وەزیری شارەوانی کاتی خۆی داوایی کرد ئەم بابەتە دوابخرێ. ئەمڕۆش لێرە نییە، نەهاتووە. داواکراوە ئەمە دوا بخرێ تاکو دانیشتنی ئاینده، بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بن و، بیخەینە دەنگدانەوە. بۆیە ئەگەر چ تێبینیەک نەبێ ئەیخەینە دەنگدانەوە بۆ دواخستنی، چ تێبینیەک نییە؟ باشە، پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیە راستەوخۆ پەیوەندی بەوەزارەتی داراییەوە هەیە. چونکە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت واتە،(مملوك للدولة). هەر زەویەکی کشتوکاڵی تایبەت بێ بە حکومەت ،وەزارەتی دارایی وئابووری خاوەنیەتی. وەهەروەها، پەیوەندی بەوەزارەتی کشتوکاڵیشەوە هەیە .من پێشنیار دەکەم، بۆ گفتوگۆکردنی ئەو پرۆژەیە وەزیری کشتوکاڵ و وەزیری دارایی و ئابووری، ئامادەبن. دەرفەتیان بدرێتێ، ئەوانیش با لێی بکۆڵنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بۆچوونەی بەڕێز ئیبراهیم ،بەجێیە، بەڵام ئێمە وەکوو، لیژنەی ئابووری، بەنووسراوێکی رەسمی بۆ بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان ،داوامان کردوە ئەم پرۆژەیە بگەڕێتەوە. ئێستاش بەکورتی بۆتان دەخوێنمەوە .(اجتمعت لجنتنا بكافة اعضاءها ،إضافةالى الاجتماعات السابقة لدراسة مشروع القرار المرقم «٢٠٢٥» في ١٩٩٧/٥/٢٦، المرسل من رئاسة مجلس الوزراء والمحال الينا من قبلكم ،الخاص بأفراز الأراضي وأطفاء الحقوق التصرفية في الأراضي الزراعية، والزراعية الصرفة وثبت لنا بأن مشروع القرار المذكور هو لعام ١٩٩٤ بحذافيره، وهو بحاجة الى اعادة الدراسة نظراً للفرق بين العامين ١٩٩٤ و ١٩٩٧ والمتغيرات المستجدة في الاقليم منذ ذلك التاريخ وتوصي لجنتنا بالاجماع، اعادتها الى رئاسة مجلس الوزراء وتشكيل لجنة خاصة من الوزارات ذات العلاقة وخاصةً وزارة الزراعة والري ووزارة الاوقاف ووزارة المالية والاقتصاد

ووزارة البلديات والسياحة لدراسته ولكم الامر). لەبەرئەوەی ،وەزارەتی دارایی وئابووری ،وەزارەتی کشتوکاڵ ،وەزارەتی ئەوقاف ،لایەنێکی سەرەکیین لە پرۆژەکە،بۆیە ئێمە داوامان کرد بوو ،ئەم پرۆژەیە دووبارە بکرێتەوە ،تا لێی بکۆڵرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاست دەکەین .ئەو داوایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی بکەن .ئایا هیچ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەو بابەتە ؟

لەڕاستیدا دەبێ لە بنەڕەتدا ، وەکو «پرنسیپێک» لە ئەنجوومەنی وەزیراندا گفتوگۆی لە سەر کرا بێ، دەبێ وەزیرەکان لەوێ ئامادەن ، ئەگەر بۆچوونێک ،یان شتێکیان هەبێ ،ئەبێ ئەوان لەوێ چارەسەری بکەن .کاتێ کە دێ بۆ ئێمە، هەروەک برادەرانی یاسا ئەڵێن دەرئەنجام(تحصیل حاصل) پێویستە وەکو گوتم، تەواو بووبێ و گفتوگۆی لەسەر کرابێ .لەگەڵ ئەوەشدا ،ئەگەر لیژنەکانی پەرلەمان بە بەرژەوەندی بزانن ،ئەتووانن پەیوەندی بکەن بە وەزارەتی پەیوەندارەوە، ئەوان ئازادن لەو ڕووەوە، بەهەرحاڵ ،وەزیری تایبەتمەندیش لێرە نییە، خۆی داوایی کردووە ،ئێمە ناچارین دوای بخەین ،تا ئامادە ئەبن و ئاگادارمان ئەکەنەوە، پاشان ئەیخەینە بەرنامەی کاری ئایندەوە. ئەگەر چ تێبینیەکی تر نییە لەسەر ئەم بابەتە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە،بۆ دوواخستنی بۆ دانیشتنەکانی داهاتوو. کێ لەگەڵە؟... سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

دێینەوە سەر خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار، ئەویش گفتوگۆکردنە لەسەر پرۆژەی بەرابەر کردنی بروانامەی قوتابخانە ئاینییەکانی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف بۆ قۆناغەکانی ناوەندیی و ئامادەیی سەر بەوەزارەتی پەروەردە. پرۆژەیەکە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە، پاش ئەوەی کە لیژنەکان لێیان کۆڵیوەتەوە. ئەگەر زەحمەت نەبێ لیژنەکانی ئەوقاف و یاسا و پەروەردە نوێنەریان لێرە بێ خراپ نییە. مامۆستا مەلا محسن فەرموو، کاک شێخ عەفان فەرموو.

ئێستا بنەڕەتی پرۆژەکە، کە بۆمان هاتووە دەخوێندرێتەوە، ئەگەر وەزارەتی ئەوقاف چ تێبینیەکیان هەیە با بخوێندرێتەوە، پاشان لیژنەکانی پەرلەمان ڕاپۆرتی خۆیان دەخەنەروو، دواتر دەرگای گفتوگۆ لەم بابەتە دەکرێتەوە. فەرموو کاک فەلەکەلدین.

**بەڕێز فەلەکەلدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی هاتنم برادەران، ئاگاداریان کردم. لەبەر ئەوەی پەیوەندیدارە بە برگەیەک لەپرۆژەکە. ئێمە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ڕۆژی (٤/٧) ، پرۆژەیەکمان پێشکەش کردوە، کە لەلایەن کۆمەڵێک زانای کوردەوە پێشکەش بەئەنجوومەنی وەزیران کراوە ،بەڵام ئەوەی هاتووە بۆ ئێرە پرۆژەیەکی ترە، پرۆژەیەک لە وەزارەتی دادە،وە هاتووە وابزانم گۆڕانکاریشی تیاکراوە .ئێستا گفتوگۆی گۆڕانکاریەکان ناکەم، بەڵام لەڕووی پرۆتۆڵۆکۆلییەوە ئەبێت وەزارەتی داد یا ئەو جێگایەی کە

پێشکەشی کردووە یا پسپۆڕێکی تایبەت ،بەرگری لێ بکات . بەڵام من وەکو وەزارەتی ڕۆشنبیری ،ئەگەر هاتە کاتی گفتوگۆ ،لاریم نییە دانیشم وبەشداری گفتوگۆکان بکەم ،هەروەها لاریشم نییە لەسەر پێشکەش کردنی ئەو پرۆژەیە.بەڵام ئەو پرۆژەی کە لەلایەنی وەزارەتی دادەوە پێشکەش کراوە،جا چ وەکو وەزارەت یا ئەو پسپۆرەی کە دایناوە یا کەسانێکی تایبەتمەند کە دایان ناوە،لێرە ئامادە بن وگفتگۆی بکەن زۆر باشترە .لەبەر ئەوە بوونم ،تەنها بۆ بەشداری کردنەوە دانیشتنەکەم لەوانەیە بۆ یاساکە سوودی نەبێت ،جا ئەگەر مۆڵەتم بدەن برۆم،زۆر سوپاستان دەکەم .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر جەنابت کەمێک مۆلەتمان بدەی، تادێینە سەر ئەو بڕگەیە .چەند تێبینیەک هەیە حەزمان ئەکرد جەنابت موداخەلەت لەسەر تێبینیەکان هەبێت . ئەگەر چاوەڕێ بکەی باشە.وەزیری دادیش ئاگادار کراوە ،دێت .فەرموو کاک حسێن، پرۆژەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تاريخ القرار:

(قرار)

أستنادا الى احكام الفقرة الأولى من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢ وبناءا على ماعرضه وزير الأوقاف ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ
/ /١٩٩٧ إصدار القانون الآتي:-
قانون معادلة شهادة المدارس الدينية التابعة لوزارة الاوقاف لمرحلتي المتوسطة والاعدادية بشهادة المتوسطة و الاعدادية .

المادة لأولى:
تعادل الشهادة الدراسية للمرحلتين(المتوسطة والاعدادية) للمدارس الدينية التابعة لوزارة الأوقاف والشؤون الاسلامية بشهادة الدراسةللمرحلتين المتوسطة والاعدادية لمدارس الاسلامية (ثانوية الدراسات الاسلامية )التابعة لوزارة التربية لغرض التعيين والقبول في كلية الشريعة وقسم الدراسات الاسلامية في كلية الآداب بجامعات الأقليم وذلك بعد أجتيازهم الأمتحانات الوزارية المقررة قانوناً.

المادة الثانية:
على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.
المادة الثالثة:
ينفذ هذا القرار من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەوە دەقی پرۆژەکەیە ،ئەگەر جەنابی وەزیری ئەوقاف چ تێبینیەکی هەیە، فەرموو کاکە شێخ مەحمود.
**بەڕێز مەحمود کاوە لەتیف حەفید /وەزیری ئەوقاف:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لەڕاستیدا ئەوە بۆ جاری دووەمە پرۆژەی وەزارەتی ئەوقاف لە دیوانی پەرلەماندا قسەو باسی لەسەر ئەکرێت .تەنها بۆ روون کردنەوە ئەڵێم ، وا بزانم ئاشکراش بووە، سەرەتا رەخنە هەبوو لەسەر ئەوەی کە ئەوە سیستەمێکە یاسای تایبەتی خۆی بۆ دەرنەچووە، تاکو بتوانرێت دەستکاری یاخود پرۆژەکە پەسەند بکرێت(مصادقە).پاش لێکۆڵینەوە و پیاچوونەوە بۆمان دەرکەوت لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف ژمارە(٧)ی ساڵی ١٩٩٢لە ماددەی(١٠) هاتووە(تعتبر جميع القوانين والأنظمة والقرارات الخاصة بالأوقاف نافذة المفعول لحين إصدارما يحل محلها او الغاءهاعلي ان لا تتعارض واحكام هذا القانون ).
لەهەمان کاتدا برگەی(ج) لە مادده(١٠)لە پێکهاتنی پەیکەری وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان وەکو بەڕێوەبەرایەتیەکانی تر جێگیر بووە . لەڕاستی دا ئەم پرۆژەیە ئێمە زۆر بەپێویستی ئەزانین کە کۆتایی پێ بێت .چارەنووسی قوتابیانی قوتابخانەکانی ئیسلامی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بەمەوە بەستراوە، بۆیە تکا ئەکەین کە پشتگیریان لێ بکەن و بۆمانی جێبەجێ بکەن، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس بۆ جەنابی وەزیری ئەوقاف، ئێستاش بابزانین رای لیژنەی یاسا چییە.
**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە راپۆرتمان هەیە لەسەر ئەو پرۆژەی کە هاتووە لە وەزارەتی ئەوقافەوە. هەروەها لیژنەکانی، ئەوقاف، رۆشنبیری، پەروەردە، ئەوان راپۆرتی خۆیان هەیە، با بیخوێننەوە ، ئێمەش راپۆرتی خۆمان دەخوێنینەوە .وا بزانم ئەوان گشت خاڵەکانیان لا پەسەندە ،سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
فەرموو بالیژنەی یاسا راپۆرتی خۆی بخوێنێتەوە.

بەڕێز حسین عەلی کەمال:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.

**تقرير اللجنة القانونية**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**كوردستان ـ اربيل**
**اللجنة القانونية**
**العدد ١/ ٣٠**
**التاريخ ١٤/٥/١٩٩٧**

ورد في مشروع قانون معادلة شهادة المدارس الدينية التابعة لوزارة الأوقاف والشؤون الاسلامية عدة مواد متفرقة يمكن معالجتها من قبل جهات أخرى دون الحاجة الى إصدار تشريع بذلك عليه فان:

١ـ طلب تخصيص عشرة مقاعد دراسية لخريجي الدراسة الإعدادية من العشرة الأوائل في كليات الشريعة ـ الآداب. قسم الدراسات الإسلامية غير وارد لأن هذا الموضوع هو من أختصاص القبول المركزي والسياسة التعليمية لمجلس التعليم العالي في الأقليم.

٢ـ إن طلب أعتبار السنتان الدراسيتان في معهد الأئمة والخطباء لوزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية سنتين تقويميتين لغرض التعيين في الوظائف الدينية ومنحهم شهادة دبلوم هو الآخر غير وارد لإصدار تشريع بذلك حيث أن هذا الموضوع يتطلب معالجته بالتنسيق مع وزارة التربية ومجلس التعليم العالي. لأن منح شهادة الدبلوم العالي لايمكن منحها أعتباطاً من قبل الوزارات إلا بعد تقييم المناهج الدراسية من قبل جهات ذات أختصاص.

٣ـ إن طلب إعفاء الأئمة والخطباء من الخدمة الإلزامية غير وارد قانوناً حيث أن قانون الخدمة الإلزامية لم يطبق في الأقليم. ومن الممكن النظر في الموضوع بعد تطبيق ذلك القانون.

| | | | |
|---|---|---|---|
| شيروان حيدري | كاكة رةش محمد | حسين علي كمال | محمد حسن بالطة |
| عضو | عضو | عضو | نائب رئيس اللجنة |

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا. ئەوە راپۆرتی لیژنەی یاسا بوو، ئێستاش لیژنەی ئەوقاف باراپۆرتی خۆیان بخوێننەوە.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە لە قۆناغی یەکەم ،راپۆرتی خۆمان پێشکەش کردووە،رای لیژنەکەمان دیاری کرد، دەربارەی ئەو پرۆژەیەی کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە لەسەر رای وەزارەتی ئەوقاف هاتووە کە لە(١٠)مادده پێک هاتبوو، دوای ئەوەی دانیشتنمان لەگەڵ وەزیری ئەوقاف و لیژنە تایبەتمەندەکان کرد ،بە پێویستمان زانی بابەتەکە بکرێ بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەمیان، بروانامەی شەشی خوێندنی ئیسلامی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف لە قۆناغی یەکەم چارە بکرێت بەرابەر کردنی بە بروانامەی شەشەمی ئامادەیی سەر بەوەزارەتی پەروەردە. دوایی ئەوە ئەگەر پرۆژەی تر هەبێت دەربارەی دبلۆم وخوێندنی باڵاو شتی تر، ئێمەش رامان لەگەڵ لیژنەکانی تر وەکو لیژنەی پەروەردەو لیژنەی یاسایە.

ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان هەبووە بە داواکاریەکانی وەزارەتی ئەوقاف، ئەوەی کە زیاتر گرنگی هەبێت ئەو پرۆژەی لیژنەی یاسایە،کە لەمانگی(٥)دا پێشکەش بە پەرلەمانیان کردووەو ئێستا خوێندرایەوە . ئێمەش لەسەر ئەو پرۆژەیە رای خۆمان دابوو کاتی خۆی، وە بەنووسراوی ژمارە(٢٥)لە ١٩/ ١٠/١٩٩٧دا ئەو روون کردنەوەمان پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمان کردووە.

ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق

کوردستان ـ هەولێر

ژمارە ٢٥

بەروار :١٩/ ١٠/١٩٩٧

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان

بابەت/بەرابەر کردنی بروانامەی خوێندنی ئایینی بە ئامادەیی

نیشانە بە کۆبوونەوەی (١٣)لە رۆژی ١٩/ ١٠/١٩٩٧ لیژنەکەمان وە پەراوێزتان لەسەر نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە(٣٩٨٠)لە ١٩٩٧/٨/٣٠ .

دەربارەی بەرابەر کردنی بروانامەی قوتابخانەی ئایینییەکان سەر بەوەزارەتی ئەوقاف بە ئامادەیی سەر بەوەزارەتی پەروەردە ئێمە رای وەزارەتی پەروەردەمان بەلاوە پەسەندەو پوختەی رای خۆمان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەرئەبڕین:

١ـ داوامان وایە کە بروانامەی دەرچووی شەشەمی قوتابخانەی ئایینی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف بەرابەر بکرێ لەگەڵ شەشی ئامادەیی بۆ دامەزراندن وخوێندن و وەرگرتن لە کۆلێجە

پەیوەندارەکان.

٢ـ بەڕای ئێمەش پێویستە ساڵەکانی وەک یەک بن و بەلامانەوە پەسەندە کە سەرپەرشتی پەروەردەیی لەسەر بێت وە وانە هاوبەشەکانیان لەیەک نزیک بن.

٣ـ ئەوەندەی ئاگاداربین لەم ساڵەوە ئەو وانانەی کە بەلاوازی خوێندراوە یان تیا نەبووە ،گرنگ و بایەخی پێدراوە و ئێستا لە قۆناغەکانی قوتابخانەی ئایینی دا ئەخوێنرێ.

سەبارەت بەهێزی وانەکان ئەوە رای لیژنەی هەڵسەنگاندنی وەزارەتی پەروەردە ئەخەینە بیر ،کە بە نووسراوی ژمارە(٥٢٣٧)لە ٢٣/١٠/١٩٩٧وتوویانە کە خوێندنی قوتابخانەی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف بەهێزترە لە ئامادەیی ئیسلامی سەر بەوەزارەتی پەروەردە، چونکە زۆر وانەی بەهێز هەیە ئەخوێنرێ لە ئامادەیی سەر بەوەزارەتی پەروەردە ناخوێنرێ.

لەگەڵ رێزماندا بە هیوای ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێ .

مەلا موحسین خالید مستەفا
سەرۆکی لیژنە

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، سەرەرای ئەمە رای لیژنەکەمان بوو بەڕێزتان ئاگادارن کە هەندێ کۆسپی تیادا دەرکەوت لەدانیشتنی پێشوو کە دواخرا، دووبارە رای وەزارەتی پەروەردەو رای وەزارەتی ئەوقاف و لیژنەی یاسا ئەمانە هەمووی هاتەوە، دیسان ئێمە دووپاتمان کردووە بە نووسراوێکی تر بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ئەگەر مۆڵەت بدەن دەقی نووسراوەکە ئەخوێنینەوە.
نیشانە بە پەراوێزی بەڕێزتان لەسەر نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە(٥٢٠٤)لە ٢١/١٠/١٩٩٧، ئێمە دووپاتی نووسراومان ژمارە(٢٥) دەکەینەوە کە لە ١٩/١٠/١٩٩٧رای لیژنەکەمان بە بەڕێزتانی راگەیاندووە، و ساڵەکانی خوێندن لە قۆناغی ناوەندی وئامادەیی زۆر بەرێکی ،بەرنامەو پەیڕەوی بۆ دانراوە و هەموو مەرجەکانی وەزارەتی پەروەردەی تیا رەچاو کراوە، ئێستا بە دڵنیاییەوە رادەی خوێندن لە قوتابخانەکانی ئایینی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف زۆر بەهێزترە لە ئامادەیی ئیسلامی سەر بەوەزارەتی پەروەردە، چونکە هەموو وانەکانی ئایینی ئەکادیمی تیا ئەخوێنرێ بەشێوەیەکی پەسەندو شیاو، بۆیە وەک بەڕێزتان نووسیوتانە کە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، ئێمە وەک لیژنەی ئەوقاف داوا ئەکەین، کە بڕوانامەکەیان بەرابەر بکرێ لەگەڵ دەرچووانی ناوەندی وئامادەیی خوێندنی ئیسلامی سەر بەوەزارەتی پەروەردە بۆ خوێندن ودامەزراندن بخرێتە بەرنامەی کارەوە لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
سوپاس بۆ کاک مەلامحسن، ئێستاش گوێ لەڕای لیژنەی پەروەردە ئەگرین، فەرموو کاکە عەفان.

**بەڕێزعەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە بۆ ئەم کارە پێش ماوەیەک زۆر خەریکی گفتوگۆ بووین، لەگەڵ برایانی لیژنەی ئەوقاف و بەتایبەتی لەگەڵ پسپۆرانی وەزارەتی پەروەردە، دوای ئەوەی سەردانمان کردوو داوامان کردن بۆ ئێرە،و لەگەڵیان دانیشتین وگەیشتینە باوەڕێک بەهەر سێ لامان، بەڵام ئێمە پێشتر کۆمەڵێک تێبینیمان هەبوو، وە ئێمە ئێستا زۆر بە گرنگی دەوری ئەو قوتابیانەی کە لە قوتابخانەکانی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف خوێندوویانە هەڵی ئەسەنگێنین ،چونکە شارەزاییەکی باشیان وەرگرتووە. بەڵام بابەتی بەرابەر کردنی بڕوانامە ،بابەتێکی گرنگە، لەبەر ئەوە ئێمە چەند جارێک دانیشتین پاش ئەوە بەهەر دوو سێ لامان بڕیارێکمان دا. بەڵام وەک لیژنە من حەز ئەکەم بۆ بەڕێزانی بخوێنمەوە، دوای ئەوەش رای وەزارەتی پەروەردەمان هەیەو پاشان گفتوگۆی بکەین. لەوانەیە لە هەندێ خاڵەکان جیاوازی بچوکمان هەبێ ،بەڵام زۆر نزیکە لەیەکەوە. ئەمە رای لیژنەکەمانە:

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق

کوردستان ـ هەولیر

لیژنەی کاروباری پەروەردە و فێر کردن

ژمارە :٢٥

بروار :١٩٩٧/١١/٥

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

ب/ بەرابەر کردنی بڕوانامە

نیشانە بە هامشی بەڕیزتان لەسەر نووسراوی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ژمارە (٢٥ لە ١٠/١٩/ ) لە پاش دانیشتن و وتوویژی لیژنەکەمان بە پەسەندمان زانی لە کاتی گفتوگۆی بەرابەرکردنی بڕوانامەی قوتابخانەکانی ئامادەیی سەربە وەزارەتی ئەوقاف بەرابەر بکرێ لەگەڵ قوتابخانەکانی ئامادەیی دیراسەتی ئیسلامی سەربە وەزارەتی پەروەردە و ڕەچاوی ئەم خاڵانای خوارەوە بکرێت :

١ـ تاقی کردنەوەکانی هەردوولا وەک یەک بن (موحد ).
٢ـ نیوەی وانەکانیان بەلایەنی کەمەوە لە یەک بچن .
٣ـ هەردووئامادەیی یەکە سیستەمەکانیان یەک بخرێن .
٤ـ مامۆستاکانیان بڕوانامەی بکالۆرسیان هەبێت .
٥ـ دەرسە ئەکادیمی یەکان لە ژێر چاودێری سەرپەرشتیارە پسپۆرەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەن .

بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەک پێک بێت لە وەزارەتی پەروەردە ،وەزارەتی ئەوقاف بۆ ئەنجام دانی

خاڵەکانی سەرەوە.
ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە پێمان باشە ئەو کادیرو خوێندەوارانەی لە قوتابخانەکانی وەزارەتی ئەوقاف سوودیان لێ وەربگیرێ و بتوانن درێژە بەخوێندنیان بدەن لە کۆلێژو زانکۆکانی کوردستان بە پێی پسپۆری خۆیان .
لەگەڵ رێزو سوپاسمان .

| | | | |
|---|---|---|---|
| شفیقە فقێ عبدالله | اکرم عاشور | وریا دزەیی | عەفان نەقشبەندی |
| ئەندام | ئەندام | مقرر | جێگری سەرۆکی لیژنە |

| | |
|---|---|
| رجب شعب | زهرا حاجی طە |
| ئەندام | ئەندام ،(ناوبراو ام ئیمزا نەکردووە) |

راپۆرتێکی وەزارەتیش هەیە ئێمە دوای ئەوە لەگەڵ وەزارەت رێک کەوتین لەگەڵ پسپۆرانی وەزارەت، ئەوانەی کە بەرپرسیارن لە هەموار کردنی بروانامەکان بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەگەڵیان دانیشتن بەچەند دانیشتنێک، ئەوانیش لەسەر خاڵەکانی ئێمە رازین، لەسەر خاڵەکانی ئێمە ئیمزایان کردووە و رازین لەسەر ئەم داواکاریانەی ئێمە.پاشان ئەگەر ئەو خاڵانە لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دروست بکرێت بۆ ئەوەی ئێستا فەرمان بدرێ بۆ بەرابەر کردنی بروانامەکەو دوای ئەوەش لیژنەیەکی بۆ دروست ئەکرێ بۆ چارەسەر کردنی ئەو خالانەو لەگەڵ رێزماندا.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی پەروەردە، واتە ئەوەی لە راپۆرتی هەرسێ لیژنە بۆ بەرابەر کردنی بروانامەکان هیچ گرفتێکی تیا نییە بۆ تەواو کردنی هەندێ «ئیجرائات» ، بەو شێوەیەی کە باس کرا، لیژنە دروست بکرێت ئەوە ئەمێنێتەوە بۆ دوای ئەم کارە، ئەگەر چ تێبینییەکی تر نییە لە لیژنەکان، دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە بەڵام پێش ئەوەی دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە ئەبێ بێینە سەر ئەو پرۆژەی کە ئێستا هەیە، ئەوە بخوێنرێتەوە .

**بەرێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەقی بەرابەر کردنی بروانامەی خوێندنی ئیسلامی لە وەزارەتی ئەوقاف بەرابەر بە خوێندنی ئیسلامی لە وەزارەتی پەروەردەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
فەرموو کاک حسێن پڕۆژەکە بخوێنەوە، جەنابی وەزیری ئەوقاف ئایا چ تێبینییەکی هەیە لەم ڕووەوە؟ فەرمووکاک حسێن .
**بەڕێز حسێن علی کمال:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بسم اللة الرحمن الرحيم
باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار
تاريخ القرار :

« قرار »

استنادا الي احكام الفقرة الاولى من المادة السادسة و الخمسين من القانون رقم « ١ »لسنة١٩٩٢ و بناءا علي طلب وزارة الاوقاف و الشؤون الاسلامية و وافق علية مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ /١٩٩٧ اصدر القانون الاتي :

قانون رقم « ٩ » لسنة ١٩٩٧
قانون معادلة شهادة المدارس الدينية التابعة لوزارة الاوقاف
بشهادة المدارس الاسلامية التابعة لوزارة التربية

المادة الأولى:
تعادل الشهادة الدراسية للمرحلتين (المتوسطة والإعدادية)للمدارس الدينية التابعة لوزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية بشهادة الدراسة للمرحلتين المتوسطة والإعدادية لمدارس الاسلامية (ثانوية الدراسات الاسلامية )التابعة لوزارة التربية لغرض التعيين والقبول في كلية الشريعة وقسم الدراسات الإسلامية في كلية الآداب بجامعات الأقليم وذلك بعد أجتيازهم الأمتحانات الوزارية المقررة قانونا.
المادة الثانية:
على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.
المادة الثالثة:
ينفذ هذا القرار من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

جوهرنامق سالم
رئيس لمجلس الوطنى لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو کاک حسێن ماددەی یەکەم بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الأولى:

تعادل الشهادة الدراسية للمرحلتين(المتوسطة والإعدادية)للمدارس الدينية التابعة لوزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية بشهادة الدراسة للمرحلتين المتوسطة والإعدادية للمدارس الاسلامية (ثانوية الدراسات الاسلامية )التابعة لوزارة التربية لغرض التعيين والقبول في كلية الشريعة وقسم الدراسات الإسلامية في كلية الآداب بجامعات الأقليم وذلك بعد أجتيازهم الأمتحانات الوزارية المقررة قانونا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حسێن ماددەی دووهەم، سێهەمیش بخوێنەوە .

**بەڕێز حسێن علی کمال :**

المادة الثاني :

علي الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون .

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

سوپاس کاک حسێن، کێ لە بەڕێزان ئەیەوێ قسە بکا لەسەر ماددەی یەکەم. ئەوانەی کە ناونووس کراون، کاک د.ناسح، کاک د.رزگار، کاک جەمیل سندی، مامۆستا مەلا هادی، مامۆستا مەلا تاهیر، د.ئیدریس،کاک ڕەجەب ، مامۆستا مەلا تەلحە. فەرموو کاک د.ناسح.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم من پرسیارم هەیە، بۆ ئەو لیژنەیەی کە ئەم پرۆژەیەی پێشکەش کردووە، یا لیژنەی یاسا، نازانم کێ ئەتوانێ وەڵامی بداتەوە؟ چونکە هەندێ بابەتی تەکنیکی هەیە، کە پەیوەندی بە تاقیکردنەوەی وەزاری هەیە.

ئایا ئەو لیژنەیەی کە تاقیکردنەوەی وەزاری بەڕێوە ئەبات ،تاقیکردنەوەکە لەلایەن لیژنەی باڵای ئەزموونەکانی گشتییەوە دەرئەچێ واتە(اللجنة العليا للأمتحانات العامة) کە سەر بەوەزارەتی پەروەردەیە؟ ئەمە یەک.

دووهەم ،کێ پرسیارەکان دائەنێت؟ ئایا پرسیارەکان لیژنەکە دای ئەنێت؟ چەند خاڵێکی گرنگ هەیە:

١- ئەگەر تاقیکردنەوەی وەزاری بێت ،و ئێمەش دان(أعتراف) بە بڕوانامەکانیان بنێین ،ئەبێ لیژنەیەک هەبێت، پرسیارەکانیان بۆ دابنێت، وە ئەو لیژنەیەش ئێستاکە دانی پیانراوە(معترف بها)، بەپێی یاسا .کاتێ ئەڵێین لەلایەنی یاسایەوە واتە(اللجنة العليا للأمتحانات العامة) ،هەم ئەو ئەبێ پرسیارەکان دابنێ، وە هەم ئەو ئەبێ سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکان بکا.

٢- منیش هەمان رام هەیە، ئەبێ ئەو بەرابەرەی کەوا کراوە، واتە هەموار کردنەکە بێتە سەر پرۆژەی ئەو بڕیارەی کە هاتووە(تعادل الشهادة الدراسية للمرحلتين(المتوسطة والإعدادية) للمدارس الدينية التابعة لوزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية بشهادة الدراسةللمرحلتين المتوسطة والإعدادية لمدارس الإسلامية ... ، .)، چونکە خوێندنی ئیسلامی هەیەو جیاوازە، نەک(الدراسات الإسلامية في وزارة التربية). واتە ئەبێ ئەو هەموار کردنە هەبێ، ئەگەر ئەوە نەبێ تووشی گرفتێکی گەورە ئەبین، چونکە لەوێش جیاوازی هەیە، واتە ئەبێ ئەم خاڵە رەچاو بکرێ .گرنگترین خاڵی تر ئەوەیە ئەبێ، لیژنەی باڵای ئەزموونەکانی گشتی واتە(اللجنة العليا للأمتحانات العامة في وزارة التربية) سەرپەرشتی ئەم تاقیکردنەوەیە بکات ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. ناسح. فەرموو کاک د.رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ماوە هەبێت. لەسەر پەیڕەوی ئەو قوتابخانانەقسە بکەم ، چونکە ئەو بەڵگەنامانەی کە لەبەر دەستی ئێمەیە، ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات ،کاتێ کە ئەو قوتابخانانە دامەزران لە ڕاستیدا بۆ مەبەستی(اغراض)تر دانراون ،نەوەک تەنها بۆ ئایینی ئیسلامی. لێرەدا بەر لەوەی دەست بە قسەکانی خۆم بکەم ، ئەمەوێت سوپاسێک ئاراستەی وەزارەتی ئەوقاف و جەنابی وەزیری ئەوقاف بکەم،کە وا گرنگیەکی زۆری داوەتە ئەم بابەتە .ئەو زانیاریانەی کە ئێمەکەوتە بەر دەستمان لەکاتی سەردانمان بۆ ئەم قوتابخانانە ،دەری دەخەن کە بەڕاستی گۆڕانکاریەکی زۆر باش لە پەیڕەویان هاتۆتە ئاراوە ، وە گەلێک زانستی نوێ هاتۆتە ناو پەیڕەویان، وە وای لێهاتووە مرۆڤ ناتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان قوتابخانەی پەروەردەو قوتابخانەکانی ئەوقاف . بێگومان ئەمە جێگای دڵخۆشی وسوپاسە، چونکە بایەخمان بەم جۆرە قوتابخانانە داوە. هەروەها چەند بابەتێکی نوێ هاتووتە ناو پەیڕەوەکانیان ،وەک زمانی کوردی و، ئینگلیزی،ماتماتیک ، جوگرافیاو مێژوو. ئەم بابەتانە هەمووی زیاد کراون. وئێستا قوتابییەکانی ئەم قوتابخانانە زانستی هاوچەرخ ئەخوێنن وەبێگومان ئەمەش سوودی کۆمەڵگای ئێمەی تیادایە،

هەروەها سوودی بۆ ئایینی ئێمە هەیە لەهەموو روویەکەوە، ئەمە یەکەم.

دووەم ،من لێرەدا زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کە ئەم پەیڕەوانە هەروەک ، ئاماژەم بۆ کرد ، لە کاتی خۆی بۆمەبەست و ئامانجی تر بووە .بە بەڵگەش ئەم ڕاستیە ئەسەلمێنم . ئەگەر ڕێگام پێ بدرێت بۆ ئەوەی ئەم بەڵگەنامانە بخوێنمەوە:

(التعليمات الخاصة بالمدارس الدينية التابعة لوزارة الأوقاف والشؤون الدينية في المنطقة الشمالية).

التأسيس: تؤسس المدارس الإسلامية في كل مكان من المحافظات اربيل، السليمانية، تأميم، دهوك، وقضاء عقرة، ترتبط بوزارة الأوقاف والشؤون الدينية) .

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، لێرەدا جیاوازیەکی زۆر ئاشکرا دیارە، ئەڵێت:(نشر العربية وتوثيق صلة المسلمين الأكراد بالعربية وتخريج علماء عاملين لترسيخ الإسلام بينهم) .بێگومان ئەمە لێرەدا جیاوازی هەیە، دووجار وشەی (العربية) دووپات کراوە لەسەری(نشر العربية وتوثيق صلة المسلمين الأكراد بالعربية). واتە لێرەدا دووپات کراوە کە ئەمە زۆر پێویستە. وە ئەم هەنگاوەی کە وەزارەتی ئەوقافیش ناوێتی زۆر لەجێگای خۆی بوو. داوا دەکەین زیاترگرنگی پێ بدرێت، نەوەکو تەنیا وانەیەکی کوردی بخوێنن ،بەڵکو هەوڵ بدەن وەکو قوتابخانەکانی پەروەردەی لێ بێت ولە قۆناغی یەکەمەوە، دەست پێ بکات . ئەگەر بتوانرێت پەیڕەوەکە بە زمانی خۆی بخوێنرێت ، بێگومان سوودی زیاترە چونکە تاوەکو زمانی خۆمان هەبێت پێویست بە زمانی تر ناکات وە بێگومان سوودی زیاتر ئەبێت و زیاتر ناوەڕۆکی ئایینیەکەش ئەزانرێت وشارەزای لێ پەیدا ئەبێت ئەمە یەک.

دووهەم ،ئەم قوتابخانانە کاتێک کە دامەزران بۆ ئەم مەبەستە نەبوو .هەر وەکو ئێمە گوتمان ودووپاتمان کردەوە کە ئەو قوتابیانەی کە وەرگیراون لەم قوتابخانانەدا، لەسەر بنەمایەک بوو کە ئەویش بنەمای پابەندی بۆ دەسەڵاتی ڕژێم بوو. بۆ ئەوەی کاتێک ئەم قوتابخانانە دامەزران وقوتابیانیش دەرچوون بێن بە«خطيب وإمام» ،لەو قوتابخانەدا.

لێرەدا جارێکی تر دووپاتی دەکەمەوە کە خاڵێک زیاد بکرێ بۆ وەزارەتی ئەوقاف سەرەڕای ئەو هەنگاوانەی کەناویانە ،وجەخت لەسەر گرفتی وەرگرتن بکرێت وە ئەو مەرجانەی کە دایان ناوە ڕەت بکرێتەوە.

لە بڵاوکراوەیەکی(منشور)نهێنیدا ،هەندێک زانیاری نهێنی هەیە(تعليمات سرية) ئەڵێت: (سري وشخصي). لەکۆبوونەوەکەدا بڕگەیەک هەیە ئەڵێت(ويكون التدريس باللغة العربية حصرا)،واتە زمانی عەرەبی سەپاندووە لەسەر ئێمە. بۆیە من دووپاتی دەکەمەوە کە زمانی کوردی وەکو زمانی خۆمان مافێکی ڕەوای خۆمانە، وە ئەمە ساڵی شەش و حەوتەمە کە ئێمە خۆمان بەڕێوە ئەبەین. وە دەبێ زمانی کوردی پەرە پێ بدەین و کاری پی بکەین. ئەوە بوو تێبینیە گرنگەکان کە دووپاتی پەیڕەوەکان دەکات ،ئەو پەیڕەوانە کە قوتابیەکانی ئێمە خوێندوویانە.

وەزارەتی ئەوقـاف گـۆڕانکاریەکی باشی هێنایەکـایەوە، وە هیـواداریـن زیاتر گـرنگی بە پەیڕەوی خـۆمـان بدەین بۆ سـاڵـی داهاتوو. بۆ ئەوەی ئەو قـوتابیـانەی کە دەرئەچن،و ئەڕۆنە زانکۆ یاخـود تەنهـا بە بڕوانامـەی ئـامـادەیی تەواوبن، بەڕاسـتی کـورد پەروەر بن ،کـوڕی ئەم مـیللەتە بن ،و خزمەتی کێشەی ئەم میللە بکەن ، وئەمەش بێگومان خزمەتێکی ڕاستەقینەیە بۆ ئێمە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس بۆ کاک د.رزگار، فەرموو.

**بەڕێـز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

مەبەستی بنەڕتی ئەو قوتابخانانەی کە وەزارەتی ئەوقاف دایناوە ئەوەیە کەهەندێک کەوادر یاخود هەندێک مەلا دەربچن وە لە وەزارەتی ئەوقاف دابمەزرێن. و وەزارەتی ئەوقـاف مـانگانە مـووچەیان پێ دەدا بۆ ئەم مەبەستە(لغرض التعيين)وە ئەبێ(في وزارة الأوقاف والشـؤون الإسلاميـة)بـێ ،چونکە ئەم قوتابخـانانە بنەمـایەکی ئایینی بۆ دانراوە تاوەکـو خەڵـک تیـایدا دەربچن(تخرج)بۆ دامەزراندن لە مزگەوتەکان ،لەوەزارەتی ئەوقاف ،ئەمە یەک.

دووهەم: بۆ راسـتکردنەوەی ئەبێ هەروەکو خۆی بەگـشـتی بمێنێت(الثـانوية الإسـلامـيـة في وزارة التـربيـة)هەروەکو بەڕێزان فـەرمووپان. من تێبینیەکم هەیە لەسەر بەڕێزان لیژنەی ئەوقـاف ،کە فـەرمـوویان وەک یەکن ،ئەمـە وقوتابخـانەکانی ئـامادەیی ئیـسـلامی لەوەزارەتی پەروەردە ،یاخود لەوان چاکـترن. ئەوانەی لەوەزارەتی پەروەردەن هەمـوویان دەرچووی قـوتـابخـانـەی سەرەتایی نەبن وەرناگـیـرێن لە ئـامـادەیی ئیـسـلامی لەوەزارەتی پەروەردە. بەڵام ئەوانەی لەوەزارەتی ئەوقـافن زۆربەیان بڕوانامـەی سـەرەتاییـان نیـیـە ئەمـە لە لایەک ،لە لایەکی ترەوە هەمـوو مـامـۆسـتـایانی ئامادەیی ئیـسلامی سەر بەوەزارەتی پەروەردە هەموویان بەکالۆریۆسیان هەیە، هەموویان دەرچووی کـۆلێـژن وە وانەش ئـەڵێـنیـەوە .بەڵام بەداخەوە لەهەندێک قـوتابخـانەی ئەوقـاف هەیە مـەلایەک نەوەکـو تـەنیـا وانە ئەڵێـیـتـەوە بەڵـکو بەڕێوەبەریشـە وئەگـەر ناونیـشـانیـشی (إمـام)بێ هیچ ، گـرفـتـێک نیـیـە یان هەرناوێکی تر بێ ئاسـاییـە.بەڵام لـەکـاتـی خـۆی دامـەزراوە بـە(١٥)دینار، کـەواتە بڕوانـامـەی «امـام»ەکە، بەرابەرە بە بڕوانامـەی ناوەندی، لـەم کـاتـەدا دەبێـتـە بەڕێوەبەر لە قوتابخـانەی ئەوقـاف. لەبەر ئەوە من لـەگـەڵ هەمـوار کـردنەکـەم، هەمـوار کـردنەکە لەگـەڵ ئامـادەیی خوێندنی ئیسلامی پەروەردە بێت وە دامەزراندنەکەش بۆ وەزارەتی ئەوقاف بێت، بەڵام سیستەمی بنەڕەتی قـوتابخـانەی وەزارەتی ئەوقـاف جـێبـەجـێ دەکرێت. ناکرێ هەر مـەلایەک کە بڕوانامـەی ئامـادەیی نیـیـە ،یاخـوود بڕوانامـەکـەی ناوەندی هەیە ،ئەو ببـێـتـە بەڕێوەبەر یان و ئەو ببـێـتـە مـامـۆسـتـای ئەو قـوتابیـانە، جا ئـەگـەر بوونـە مـامـۆسـتـا ، ئەو قـوتابیـانە سـوود وەر ناگـرن ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵکو بینووسنەوە وبیدەینە لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی لەبەر دەستیان بێ لەوانەیە لە دەنگداندا پێویستیمان پێ هەبێ. سوپاس کاک د. رزگار فەرموو مامۆستا مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پرۆژەی کە وەزارەتی ئەوقاف داوای کردووەوو لیژنەی ئەوقاف پشتگیری کردووە، پرۆژەیەکی زۆر باشە و لە جێی خۆیەتی. لەبەر ئەوەی بەرنامەکانی خوێندنی ئایینی خۆم هەمووی خوێندۆتەوەو زانیاریەکی تەواوم لەسەری هەیەو، ماوەی (٢٥) ساڵیش لە پەروەردەدا مامۆستا بووم ،بۆیە پرۆگرامی پەروەردە لەسەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی ،زانیاریەکی باشم لەسەریان هەیە و، ئەو پەیڕەوی، خوێندن کە ئێستا لە قوتابخانە ئایینیەکان دەخوێندرێ لە سەرەتایی و ناوەندی لە هەندێک لایەنەوە وەک زمانەوانی و ڕێزمانەوە، زۆر بە هێزترە لەوەی کە لە قوتابخانەکانی سەربە پەروەردە دەخوێندرێت. سەبارەت بە بۆچوونەکەی بەڕێز د. ناسح کە دەڵێ: لیژنەی تاقیکردنەوەکانی وەزارەتی پەروەردە دەبێ سەرپەرشتی بکات، نەک لیژنەیەکی تایبەتی، چونکە شێوەی یاسایی وەرناگرێ،ڕاستە و من لە گەڵیم . ئەگەر لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دابندرێ لەو بارەیەوە من پشتگیری تەواو لە پرۆژەکەی وەزارەتی ئەوقاف و رای لیژنەی ئەوقاف دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا مەلا هادی. فەرموو مامۆستا محەمەد تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ بۆچوونەکانی نوێنەری لیژنەکان و لیژنەی یاساو ئەو برادەرانەی کە قسەیان کرد.پێشەکی من حەز دەکەم وەڵامی جەنابی د.رزگار بدەمەوە، هیچ قوتابخانەیەکی عێراقی چ ئەوانەی سەر بەپەروەردە بێ ،چ ئەوانەی سەربە ئەوقاف بێ ،لەم ساڵانەی رابردوو دا لە ژیانی عێراق هیچ هەنگاوێکی نەناوە کەبۆمەبەستێکی تایبەتی نەبووبێ ،تەنانەت لە وەزارەتی پەروەردەش بە هەمان شێوە بووە . ئەوانەی لە بواری پەروەردە دا ئیشیان کردووە دەزانن کە ئامانجەکان لە پەروەردەچ بووە . ئەوە بابەتێکە کە ئێمە پشتگوێی ئەخەین.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، حەز دەکەم ماوەم بدەنێ، کە بە کورتی بگەڕێمەوە بۆ مێژووی کۆنی قوتابخانە ئایینیەکان کە لە ژێر سێبەری مزگەوتەکانی کوردستان دا چالاکیان نوواندووە بۆ ئەوەی بیخەمە پێش چاووی بەڕێزتان .

حەز دەکەم برادەران بە چاوێکی وردوو، دڵێکی فراوان و بە عەقلیەتێکی زۆر زانستیەوە بیر

بکەنەوە و گفتوگۆی بکەن . لەو ڕۆژەوە تیشکی ڕۆژی ئیسلامەتی گۆی زەوی ڕۆناک کردۆتەوە، کوردستان بە هەموو پارچەکانیەوە، سازگارترین و بەپیت ترین پارچەی گۆی زەوی بووە، کە دانیشتووەکانی فەرمانی (إقرأ بأسم ربك الذي خلق) پەروەردگاریان پێڕەو کردووە. گەلی کورد لە کوردستانی گەورەدا گرەوی زانستی لە مەیدانی جێبەجێ کردنی (إقرا) دا بردۆتەوە. زۆر مایەی شانازیمانە کە دەرگای ئاوەدان کردنەوەی گوندو شار و شارۆچکەو شارەکانی کوردستان بە مەلاو مزگەوت و قوتابخانەی ئایینی کراوەتەوە. بەدەگمەن مزگەوت بووە لە کوردستاندا قوتابخانەیەک لەژێر باڵی نەبووبێ. زاناو خوێندەواری وای تیا هەڵکەوتووە کە لەلاپەرەکانی مێژووی ئەم گەلەیان پرشنگ دار کردۆتەوە . و هەموو گەلانی موسڵمان شانازیان پێوە ئەکەن ،وە لەسەر دەستنووسەکانی ئەوان چەندەها «إطروحه»ی، ماجستێر و دکتۆرا پێشکەش کراوەو. تا ئێستاش ڕۆشنبیران و زانایانی ئەم سەردەمە عەودالی دۆزینەوەی لاپەرەیەکی دەسنووسن لە نامەخانەکانی جیهاندا کە بیدۆزنەوەو سوودی لێ وەربگرن.

ئەو خوێندنە لەو قوتابخانانەدا بۆ بڕوانامە نەبووەلە کاتی خۆی.تاساڵی پەنجاکان لە کوردستانی عێراقدا بڕوانامەی پۆلی (١٢) یان داهێنا، پاش پەسند کردنی لە هەردوو دەزگای ئەوقاف و پەروەردەی ئەوکاتە. خاوەنی ئەم بڕوانامەیە واتە پۆلی (١٢) ،بە هۆی ئەم بڕوانامەیە لە سەربازی دەبەخشرا. ئەو کاتە نرخیان بۆ دامەزراندن دانەدەنا ،لەو کاتە خوێندن لەسەر بنەمای بڕوانامە نەبووە. ئەو کاتە کوردستان بنەمای خوێندن و خوێندەواری لە مزگەوت و تەکیەو فەقێیەتی و مەلایەتی بووە.قوتابخانەکانی ئایینی ئەو کاتە ناونران بە (المدارس الملحقة بالمعابد او المدارس الملحقة بالمساجد)، لە پەنجاکاندا ئەم ناونیشانەی پێ دراوە. هەتا شەستەکان، عێراق لەسەر ئەم پەیڕەوە مایەوە، لە شەستەکان هەوڵی ئەوە درا کە فەقێکان ئەو قوتابخانە پاشکۆیانە(الملحقة) لەسەر بنەمایەکی شارستانی ڕێک بخرێن. لەسەر دەمی وەزارەتەکەی (تاهیر یەحیا) هەوڵەکە، سەری گرت. ئەوە بوو پەیمانگا ئیسلامییەکان لەسەرتاسەری عێراق کرایەوە، لە کوردستانیش، لە کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و دهۆک و ئاکرێ و هەڵەبجە کرایەوە، کە ئەوقاف سەرپەرشتی دەکردن ،تا لەم دواییەدا خرانەوە سەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە. ئێستا بە ناونیشانی (ثانوية الدراسات الاسلامية)، بەردەوامن لەسەر کاری خۆیان ئەکەن و سەر بە پەروەدەشن. پاشان خەمخۆرانی ئەم قوتابخانانە و ئەم شێوە خوێندنە، کەوتنەوە هەوڵی ئەوە کە ئەو زانستەو ئەو کەلوپوورەیان نەفەوتێ، تا لە ساڵی ١٩٨٩ هەوڵەکەیان سەری گرت، ڕەزامەندی حکومەتی مەرکەزی دەرچوو بۆ کردنەوەی (٥) قوتابخانەی ئایینی سەر بە ئەوقاف لە کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و دهۆک و ئاکرێ، کە لەساڵی خوێندنی (٩٠ـ ٩١) خراوەتە گەڕ بەو شێوەی کە ئێستا کاک د.ڕزگار ئاماژەی بۆ کرد. ئەم قوتابخانانە قوتابی دەرچووی شەشی سەرەتایی وەردەگرن هەروەکو ئامادەیی قوتابخانە ئایینیەکان، بواریش دراوە ئەو فەقێیەی لەو قوتابخانانە زانیاریەکی هەبێت هەر وەکو دەرچووی شەشی سەرەتایی لە قوتابخانەکە وەربگیرێن، وێنەی ئەم دوو

جۆرەخوێندنە واتە ناوەندی خوێندنی ئیسلامی و قوتابخانەی ئایینی لە حکوومەتی مەرکەزی ئێستا مافی ئەوەیان هەیە لە کۆلێژە تایبەتییەکان درێژە بە خوێندنیان بدەن، هەروەها زانکۆ وەریان دەگرێ بە پێی مەرجەکانی خوێندنی بالاّو زانکۆکاکان. لە هەرێمی کوردستاندا دەرچووی ئامادەییەکانی خوێندنی ئیسلامی وەردەگیرێن و، تا ئێستا دەرچووی ئەو قوتابخانە ئایینیانەی سەربە ئەوقاف تەنها لە کۆلیژی شەریعەی دهۆک وەردەگیرێن کەلەم دواییەدا خراوەتە سەر میلاکی زانکۆی دهۆک ئەویش بەرێژەیەکی کەم وەک(عشرە أوائل)، واتە دەیەکەمەکان. لیژنەی ئەوقاف وکارو باری ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان هەر لە ساڵی ۱۹۹۳ کەوتۆتەوە هەوڵ دان بە هاوکاری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان وەکو وەزارەتی پەروەردەو ئەوقاف.هەروەها بە هەوڵێکی زۆری وەزارەتی ئەوقاف بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکرێ ،پرۆژە پێشکەش دەکرێ، کە ئەمەیان وەزارەتی ئەوقاف و لیژنەی ئەوقاف و پەروەردەو لیژنەیەکی وەزارەتی پەروەردە، بە ئامادەبوونی بەڕێز کاک شێخ عەفان ،وەکو نوێنەری لیژنەی پەروەردە لێرە و ئەو برادەرانەی کە لە وەزارەتی پەروەردە هاتبوون، پرۆژەکە بە پەسەند زانرا ،هەروەک ئێستا لە بەر دەست دایە بەو مەرجانەی کە کاک شیخ عفان پیشکەشی کردن وخستیەڕوو .

خاڵی یەکەم :(توحید نظام ثانوية الدراسات الإسلامية ونظام المدارس الدينية في أقليم كوردستان) .

خاڵی دووەم :(توحيد الامتحانات في الثالث المتوسط والسادس الاعدادي)، لە ڕاستیدا «توحيد الامتحانات»، شتێکی سروشتییە.

خاڵی سێیەم:(مؤهلات المدرسين حسب الأصول).

چوارەم:(الاشراف على الدروس الاكاديمية من قبل وزارة التربية). بەلاّم سەبارەت بە خاڵی سێیەم، کە (مؤهلات المدرسين) هەیە .بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن لە ڕاستیدا ئێمە وانەی وامان هەیە لە قوتابخانەکان، ئەگەر مەلایەکی کۆنی کورد نەیلێتەوە ،ناگووترێتەوە ،بەدڵنیایەوە ئەڵێم مەلای کورد هەمیشە لە زمانی عەرەبی دا ،لە عەرەبەکان بە تواناتر بووە و بەڵگەشم بۆ ئەمە هەیە.

ئومێدم ئەوەیە ئەم پرۆژەیە بەرێک وپێکی دەرباز بێ وبڕیاری لەسەر بدرێ. شیاوی بیر خستنەوەیە، لە حکومەتی ناوەندی دەرچووی شەشی ئەو قوتابخانانە بۆیان هەیە بچنە کۆلیژەکان، کۆلیژی تایبەتی شەریعە و«دیراسات كليە الخطابەوالوعظ» ،کە «الوعظ »یان ،لەم دووایەدا بۆ کرایەوە. وە لە هەرێمیشدا هەر لە دووەم ساڵی دامەزراندنی کۆلیژی شەریعەی دهۆک ەوە، قوتابی ئەو قوتابخانانە پاش تاقیکردنەوە وەرگیراون، پاش ئەوەش کە کۆلیژی شەریعەی دهۆک بووە بەشێکی زانکۆ، ساڵانە قوتابی ئایینی وەردەگرێت، چونکە ئاستیان بەرزترە لە قوتابی دیکە، بگرە قوتابی قوتابخانەی ئایینی کوردستان بە شانازییەوە ئەڵێم، لە ئەزهەری میسر و لە کۆلیژی (إمام الأعظم)ی بەغداد، لە شەریعەو خوێندن هەمیشە بەیەکەم پلە،قوناغەکانیان بڕیوە .

بۆنمونە قوتابییەک رۆژێک لە «زانکۆی ئەزهەر» ،تاقیان دەکردەو، لیژنەی تاقیکردنەوەکە پێیان ووت: «تۆ کوردی ولە باکوری عێراق وە هاتووی، ئەم زانیاریانە لە باکوری عێراقە لە قوتابخانەکانی باکوری عێراقە» ،بە کردەوەش ئەم جۆرە خەڵکە ئێستا هەر ماون .ئەمانە کاتێ کە ئەرۆیشتن بۆ ئەوەی لە «ئەزهەر» وەربگیرێن هیچ پەیوەندییان بە بڕوانامەوە نەبوو، تەنانەت هەندێکیان بڕوانامەی (١٢)شیان نەبوو، لەوێ تاقی ئەکرانەوە.

بۆنمونە ئەڵێم:من قوتابییەک بووم کاتی خۆی لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٦٢، (فاضل عبدالواحد) ئەوکاتە مامۆستا بوو لە بەغدا، هاتە لام وتی تۆ وەرە (بغداد)، من هەموو شتێکت بۆ ئامادە ئەکەم ، بڕوانامەشم نەبوو، وتی من بەرپرسیاری تۆم. ئەگەرقوتابییەک لە باکوری عێراقەوە بڕۆشتایە بۆ «کۆلیژی ئەزهەری» میسری ، لە بڕوانامەیان نەدەپرسی، ئیجازەی هەیە یان نییە؟، تاقیان دەکردەوە، پەیوەندیی بە بڕوانامەوە نەبوو، پۆلی بۆ دا ئەناو، دواتر ئەبوو بە دەرچووی ئەزهەر، ئەبوو بە مەلایەک جێی شانازی بوو.مەلا (صاحی هۆرینی) ئێستا لە لیبیایە، کاتێک کە چووە میسر لەیەکەم تاقیکردنەوەی، سەرۆکی لیژنەکە لێییان پرسی ،محەمەد ساڵح تۆ ئەبی کورد بی!، من دەتناسم،لە قسەکردنت دەزانم کە لە کوردستانی عێراقەوە هاتووی وە دەرچووی قوتابخانەی ئایینی کوردستانی عێراقی.

بۆیە زۆر مافی رەوای خۆیانە ،ئەمرۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، بڕوانامەکەیان بەرابەر بکات، بەپێی ئەو مەرجانەی کە لیژنەکان رازین لەسەری، ئەگەر هەندێ پێشنیاریش هەبێ،وهەموار کرا، زۆر سروشتیەوە چارەسەر دەکرێ. لەگەڵ رێزم بۆ برایان و، داوای لێبووردن دەکەم کە زیاد قسەم کرد.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوەیە. فەرموو کاک د. ئیدریس.

**بەرێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بابەتەکە بابەتی بەرابەرکردنی بڕوانامەکانە ،دیارە لیژنەی ئەوقاف و لیژنەی پەروەردە ناکۆکی هەیە لە بۆچوونەکانیان، هەرچەندە مامۆستا عەفان وتی: ناکۆکیەکە کەمە، بەڵام ئەو یەکسەر نەچووە سەر هەموارکردنەکە ، وتی قوتابخانەی ئایینی ئەوەی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف دەبێ بڕوانامەکانیان بەرابەر بکرێ لەگەڵ بڕوانامەی قوتابخانەکانی ئایینی کە سەر بە وەزارەتی پەروەردەن، واتە دوو قۆناغ ،پاشان بڕوانامەی ئەو قوتابخانە ئایینیانە بەرابەر بکرێ بە قوتابخانەی ئاسایی ناوەندی و ئامادەیی، ئەوە یەک لە خاڵەکان بوو کە باسی کرد.

من پێم وایە بەرابەرکردنی بڕوانامەکان، ئەوەی ئیشی کردبێ لەو بوارەو،یا ئەوانەی پەروەردە، باش دەزانن ئەوەندەی ناوێ ،یەک دوو شتی ئاسانە، یەکەم: پرۆگرامی خوێندن لە سەدا چەندی گونجاوە لەگەڵ پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی، ئەگەر ئەو لیژنە پسپۆڕە بڕوای

پێ هات کە رێژەکە (٧٠٪)یە یان (٦٠٪) بەچەند بڕوای پێ دێن ئەوە بە شێوەیەکی ئاسای بڕوانامەکە بەرابەر دەکرێ. هەرچەندە قوتابخانەی ئایینی کاتی خۆی ئامانجێکی پیرۆزی هەبوو کە دامەزرا، ئامانجی پسپۆڕایەتی لە ئایینی ئیسلام، حەزمان دەکرد زیاتر گرنگی پێ بدرێ، وە دەبووایە کارەکە بە(عەمەلیەکە) پێچەوانەوە، بووایە قوتابخانەکاتی تر بەرابەر بکرایەن بە قوتابخانە ئایینەییەکان، بەڵام دیارە پرۆگرامەکانیان و پێویستییەکانی خوێندنیان تەواو نەبووە وەکو قوتابخانەکانی تر، لەبەر ئەوە ئێستا ئەوان داوا دەکەن بڕوانامەکانیان بەرابەر بکرێت، جا لەبەر ئەوە من داوا ئەکەم ئەوان هەر لەو لایەنەوە، ئەگەر قەناعەتی ئەوەیان هەیە کە پیرەوەکانیان نزیکن لەیەک تا ئەو رێژەیەی کە رێگاپێ دراوە (مسموحە)لە بەرابەرکردنی بڕوانامەکان بەرابەر دەکرێ ،واتە بە بڕوای لیژنە پسپۆڕەکان کە دائەنیشن لە هەردوولا، ئەگەریش بڕوایان وایە ئەو رێژەیە ماویەتی ،دەبێ هەموار بخرێتە سەر پەیرەوەکە و، دەستکاری بکرێ، بۆ ئەوەی بگاتە ئەو رادەیە، پاشان بەرابەر بکرێ.چونکە من لەبەرابەرکردن کارم کردووە لە زانکۆ و شوێنی تر، بەڵام قوتابخانەی ئایینی مەبەستیان بایەخ دانە بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئەوە شتێکی زۆر پیرۆزە ئێمە هەموومان پشتگیری دەکەین و، حەزیش دەکەین ئەو قوتابخانانە پەیرەوی خۆیان پێش بخەن (تطویر)، نەک هەر لەلایەنی ئایینەوە ،بەڵکولەبوارەکانی تریش دا.

ئەو بابەتانەی کە ئەمڕۆ دونیا پێویستی پێی هەیە لە فیزیاو کیمیاو ماتماتیک ئەوانەش بهێنێتە ناو پەیڕەویان بۆ ئەوەی لە هەمان ئاست بن وپرۆگرامەکانیان نزیکی یەک بن، ئەوانیش بەرەسمی بەرابەر کردنی بڕوانامەکانی خۆیان بکەن، بەڵام بەو شێوەیە لیژنەی ئەوقاف دەیخاتەروو دەڵێ: هەندێک بابەتی ئێمە بە هێزترە لە هی ئەوان، ئێمە نازانین رێژەی بە هێز ترەکەی، چەندەو چۆنەو بابەتەکان چین؟ دوو لیژنە دائەنیشی و بەرابەری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک د. ئیدریس، فەرموو مامۆستا مەلا تەڵحە.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیگیری لە پڕۆژەی وەزارەتی ئەوقاف و لیژنەی ئەوقاف و کارو باری ئیسلامی دەکەم و، زۆر سوپاسی وەزارەتی ئەوقافیش دەکەم کە بیستوومە خزمەتێکی ڕاستەقینەی قوتابییەکان دەکەن و، پشتگیری بەرابەرکردنی بڕوانامەکان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا مەلا تەڵحە. فەرموو کاک رەجەب.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کارێکی زۆر ڕەوایە کە ئەم بڕوانامە بەرابەر بکرێ، بەڵام بە دوو سێ مەرج، لیژنەیەک لە وەزارەتی

پەروەردەو وەزارەتی ئەوقاف پێکبهێندرێ بۆ دانانی سێ خاڵ :
یەکەم: پرۆگرام (منهج)، کۆک بن لەسەری.
دووەم: مەسەلەی ئەزموونەکان و پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی گشتی یەک بن.
سێیەم: لیژنەیەکی هاوبەش هەبێ بۆ تەماشا کردنی دەفتەری تاقیکردنەوەکان،هەروەها پێشنیاریش دەکەم کە «إجتیازهم الامتحانات الوزاریە» بگۆڕدرێ بۆ «إجتیازهم الامتحانات العامە، (الوزاریة)، چونکە پێی دەڵێن تاقیکردنەوە گشتییەکان ، چ قۆناغی سێیەم بی یا قۆناغی شەشەم بێ،هەر ئاوا ڕۆیشتووە لە پەروەردەو هەموو جێگایەک.پاشان پێشنیاریش دەکەم کە مامۆستاکانیان بڕوانامەی بەکالۆریوس یا بەرابەرەکەیان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ڕەجەب، جەنابی وەزیری ئەوقاف ئەگەر چ تێبینییەکی هەبێ؟ با بفەرمووێ.

**بەڕێز مەحمود کاوە حەفید/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی روون بۆوە کە رای بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بەرابەریە (بەرابەری بڕوانامە) بکرێت. هەرچەند هەریەکێ لە ئەندامانی پەرلەمان راو بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە.من حەزم کرد وەڵامی پرسیارەکەی بەڕێز کاک جەمیل بدەمەوە ،کە گوتی لە قوتابخانەکان پێویستە ئەو مامۆستایانەی کە وانە دەڵێنەوە بڕوانەمەی بەکالۆریۆسیان هەبێ لە زانستی ئایینیدا. بەراستی ئێمە لە وەزارەت بیرمان لەوە کردۆتەوە، لە هەمان کاتدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو مامۆستایانەی ئێستا لەم قوتابخانانەدا وانە ئەڵێنەوە توانایان نەبێ، بەپێچەوانەوە وەکو ئاماژەی بۆ کرا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کۆنی گەلەکەمان دەبینین چەندین زانای پایەبەرزیان تیا هەڵکەوتووە هەمووی دەرچووی ئەم قوتابخانانە بووە.بۆ نموونە لە قوتابخانەی ئایینی دهۆک چەند مامۆستایەکمان هەیە بڕوانامەی ماجستەر و دکتۆرایان هەیە ،بە وانە بێژەرەوە (محاضر) وانە ئەڵێنەوە ،لە راستیدا ئێمە بیرمان لەوە کردۆتەوە کە ئەم قوتابخانانە بەرەو پێش بەرین، ئاستی خوێندنیان تێدا بەرز بکەینەوە، بەڵام وەکو ئەبینین ئەوە یەکێکە لەو پرۆژانە کە تاوەکو ئێستا دوواکەوتووە، بە ئومێدی خوا بەزدەوام کاری بۆ دەکەین و، چارەسەری کێشەکانی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی وەزیری ئەوقاف دەکەین، لە راستیدا بە گوێرەی راوبۆچوونەکان وا دەردەکەوێ کە پرۆژەکە لاری لەسەر نەبێ لەلایەن هەر سێ لیژنەکەوە، هەروەها پێش ئەو دانیشتنەش پەیوەندییم لەگەڵ وەزیری پەروەردە کردو گوتی ، ئێمە وەک وەزارەتی پەروەردە رامان لەگەڵ رای لیژنەی یاساو، لیژنەی ئەوقاف روونە لەم بابەتە، سەرئەنجام هیچ گرفتێک لەبەرابەر کردنەکە نییە ،لەوانەیە هەندێ زیادەش لەسەری بکرێ، یا خوود یەک دوو پێشنیار هەیە ،بەڵام ئەوانی تربەگشتی وەکو

چەند راسپاردەیەک بوو. ئەگەر وەزارەتی پەروەردە چ تێبینییەکی نەبێ لەسەر ئەم بابەتە، ئێستا دێینەوە سەر لیژنەکان، کێ دەست پێ دەکات؟

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەزم کرد چەند روون کردنەوەیەک ئاراستەی ئەو برادەرانەبکەم کە قسەیان کرد. سەرەتا دکتۆر ناسح، بێگومان لەسەر حەقە و راستە، سەبارەت بە تاقیکردنەوەکان هەروەکو لە پرۆژەکان باسمان کرد تاقیکردنەوەکان هاوبەشە ،پرسیارەکانیش هاوبەشە. ئەو دەستەیەیی کە دانراوە تاقیکردنەوەکانی وەزاری بەڕێوە دەبات لە کوردستاندا ،هەر هەمان دەستەیە پرسیارەکانی وانە ئەکادیمیەکان دادەنێ، وێکچووی ئەمانەش قوتابخانەی ترمان هەیە کەسەر بە وەزارەتی پەروەردە نین، وەکو ئامادەیی برین پێچی، ئەوان ئەو وانانەی کە پەیوەندیی بە ئێمەوە هەبێ لە تاقی کردنەوەکانی وەزاری دادەنێن ،بەڵام ئەو وانانەی کە پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە وەزارەتی تەندروستی خۆیان دای دەنێن. سەبارەت بە پرسیارەکانی ئەو وانانەی کە پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە پرسیارەکان بە دیاری کراوی دادەندرێ لەگەڵ قوتابخانەی ئیسلامیش هەر لە کۆنترۆلی هاربەش دەبێ.

لەگەڵ ئەوەشا دەمەوێ روون کردنەوەیەکی تریش بۆ جەنابی د. ناسیح بکەم: ئێمە پەیرەوەکەمان داوا کرد، وەکو باوە لە هەفتەیەکیا (٣٢) وانە دەگوترێتەوە، لە کوێ (٣٢) وانەکە ،(٢) وانەی کیمیای تێدایە، ئینگلیزی تێدایە، بیرکاری تێدایە، مێژووی تێدایە، کوردی تێدایە، عەربیش تێدایە .بەم شێوەیە هەروەک لە ناوەندییەکان هەیە هیچ جیاوازیەکی وامان نەبینی، بۆ نموونە ئەوان (٢) وانە فیزیایان هەیە لە ناوەندیش هەر (٢) وانە هەیە. هەروەها بەڕێوەبەری پەیرەو و بەڕێوەبەری ئەزموونەکانیشمان بانگی دانیشتنەکانی خۆمان کرد و ئەوانیش رەزامەندیان لەسەر ئەم پێکهاتنە هەبوو.تێبینییەکانی د. لە جێگای خۆی بوو، ئێمە کاتی خۆی نەکرا بەدرێژی باسی بکەین، ئەوانەی کراوە، بڕیاری لەسەر دراوە بە رەزامەندی وەزارەتی پەروەردە. سەبارەت بە تێبینییەکەی د. رزگار لەمەڕئەو پەیرەو و پرۆگرامەی(منهاج) کە لەوێ دەخوێندرێ، هەر وەک باسم کرد ئێمە سەیری پەیرەو وپرۆگرامەکانمان کردووە، هەموو وانەکانیان هەیە کەلە قوتابخانەکانی کوردستان دەخوێندرێ زیاد لەو انانانەی کە خۆیان دەی خوێنن و پەیوەندیی بە رژێمەوە نییە. پەیرەو پرۆگرامەکانیان وەکو ئەو پەیرەوە وایە کە بەڕیوەبەرایەتی پەیرەوی پەروەردە، پێی رازبە ئەو وانانەی کەدەی خوێنن وەکو وتم، زانستەکانە، کوردیە، بیرکاریە، فیزیایە، خشتەی وانەکانیان لامانە، ئەو وانانە کە گوتم هەمان وانەن، ئەو وانانەی تر کەپەیوەندی بە ئێمە نییە، ئێمە پەیوەندیمان نییە، هەروەها لەم وانانە مامۆستای سەرپەرشتیاری پەروەردە سەردانیان دەکات و لەوانەیە هەر مامۆستاکانی ئێمە بە وانە بێژەرەوە (محاضر) لەوێ ئەم وانانە بڵێنەوە، هەمان شت ئێمە قوتابخانەی برین پێچیشمان هەیە، وانە ئەکادیمەکانیان مامۆستای ئێمە ئەی لێتەوە، وانە «طبیە»کان پزیشکەکان دەیلێنەوە سەر بە وەزارەتی تەندروستیشە. سەبارەت بە

تێبینییەکانی کاک جەمیل، ئەو بەرابەرەی داوامان کردبوو گوتمان بەرابەر دەکرێ لەگەڵ قوتابخانەکانی خوێندنی ئیسلامی جگە لەوە جەنابی گوتی ئەوانە بێ بروانامەن، نەخێر، بەپێی پێڕەوەکەیان، هەروەک خوێندومانەتەوە، دەڵێ :ئەو کەسەی وەردەگیرێ لە ناوەندی دەبێ دەرچووی خوێندنی سەرەتایی بێ واتە دەبێ بروانامەیەکی هەبێ وە تاقیکردنەوەیەکی وەزاری پارێزگاکانمان هەیە، لەو تاقیکردنەوە دەرچووبێ ،پاشان وەردەگیرێ لەناوەندی ، بەبێ ئەم بروانامەیە وەرناگیرێ.هەروەها کاک جەمیل یەک دوو تێبینی هەبوو، ئێمە بەراستی ئەو بروانامەیە بەرابەر ناکەین کە کابرا بروا دابمەزرێ ،ئێمە بروانامەکە بەرامبەر دەکەین تا بروا خوێندن تەواو بکات، حەز دەکەم برادەرانمان بزانن لە تاقی کردنەوەکانی ژیانماندا و ئێستاش دەی بینین زۆربەی هەرە زۆری مامۆستاکانی کۆلیژی ئاداب ، ئەو مامۆستایانەن کە لە مزگەوتەکان دەرچوون ،وەک «علاء الدین سجادی» و «جەمیل رۆژ بەیانی» کەسانی تریشەوە هەروەها «مستەفا زەلمی» دکتۆرا ی لە یاسا وەرگرتووە و سەدان کەسی تریش لەو بابەتەهەیە.هەروەک ووتم لەبەر ئەوە ئەمانەوێ بروانامەکانیان بەرابەر بکەین بۆ ئەوە نییە دابمەزرێن ،بەڵکو بۆ ئەوەیە لەبەشی خوێندنی ئیسلامی درێژە بە خوێندنی خۆیان بدەن، من جاری پێشوش باسم کرد کۆمەڵێک مامۆستای سەرەتایی کە «دار المعلمینیان» تەواو کردووە دکتۆرایان وەرگرتووە، گەڕاونەتەوە زانکۆی سەلاحەدین هەموو «دراساتیان» تەواو کردووە ئێستا سوپاس بۆ خوای گەورە دکتۆریان هەیە .

دکتۆر ئیدریس راستەکا بەرابەر کردنەکە ئێمە بە وردی باسمان کردووە، ئەو رێکەوتنەی ئێمەش بۆ بەرابەرکردنەکە ئاوها بوو، کە ئەو بروانامانە بەرابەر بکرێ لەگەڵ ئەو بروانامانەی ئێمەبۆ قوتابخانەکانی خوێندنی ئیسلامی سەر بەوەزارەتی پەروەردە بۆ ئەوەی لە کۆلیژەکانی خوێندنی ئیسلامی بخوێنن، بەو شێوەیە بەرابەرەکە داوا کراوە هیچی تر نییە... . هەروەها بریارمان داوە لەسەر لیژنەیەکی تایبەتی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی پەروەردە، ئێستا برادەرانی پەروەردە دەست نیشان کراون کە کێن وە هەموویان کۆکیشن لەسەر ئیشەکەیان ،هەروەها کاک رەجەب کە خۆشی ئەندامی لیژنەی پەروەردەیە ئاگاداری پێشنیارەکەی ئێمەیە، ئاگاداری گفتوگۆ و ،یەک دوو دانیشتنە کە لەگەڵ برادەرانی پەروەردەو ئەوقاف گرێ مان داوە، کە تیایدا گەیشتووینەتە ئەم رێگە چارەیە. هەروەها رای وەزارەتی پەروەردەمان هەیە کە رایەکانیان هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ رایەکانی ئێمەدا . هیچی لە رای ئێمە زیاتر نییە لەوانەیەبە پێچەوانەوە ئێمە هەندێ شتمان زیاتر بێ لەوان ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز شێخ عەفان. مامۆستا مەلا موحسن فەرموو.

**بەڕێز شێخ موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر رای کاک د. ئیدریس کە باسی کرد، بەراستی ئێمەش پێمان خۆش نەبوو کە ناچاربین ئێستا داوای بەرابەرکردنی بروانامەی دەرچووانی قوتابخانە ئایینیەکان لەگەڵ بروانامەی شەشی

ئامـادەیی بکەین، وە بلـێین با بڕوانامـەی شـەشی ئامـادەیی وەربگرن. بۆ زیاتر دڵنـیـایی بۆ ئەو مـامـۆسـتـایانەی ئێـمـە لە ئەوقـاف و کـاروباری ئیـسـلامی کـە وانەکـانیـان لە هەندێ ڕووەوە بە هێـزترە.من تەنهـا یەک نموونە دەهێنمـەوە وانەی (جـمع الجـوامع)یان، هەیە لە «أصـولی فـقـه»، کۆمـەڵێ لەو وانە نایابانەی تێدایە کە زۆر بە دڵنیـیایەوە دەڵـێم ئیـستـا لە «زانکۆی ئەزهەر» لە قۆناغی چوارەم ، کاتی کە بڕوانامە وەردەگرن دەیخوێنن کە گەورەترین بڕوانامەیان پێ دەدرێ .ئەو وانانەی کـە قـوتابخـانە ئاییـنیـەکـانی ئێـمـە دەیخـوێنن، ئێـسـتـا لەو قـوتابخـانە ئاییـنیـانەی سـەر بەوەزارەتی ئەوقاف لە قۆناغی کۆتـایی، هەردوو ساڵەکەی کۆتایی (جمع الجوامیع) دەخوێنرێت، کە دوا پلەی خوێندنی دراساتی ئیسلامیە بە «منهجیەتەوە»، جگە لەوەی کە وانە ئەکادیمییەکانی تریشـی تێـدا دەخـوێندرێ.من وادەزانم بـاری قـوتابییـە ئاییـنییـەکـان گـران ترە لەباری قـوتابییـە ئەکـادییـمیـەکـان کـە سەر بە ئەدەبی و زانـستین. چونکە ئەوان تایبەتمەندیان لە بوارێکی تایبـەتی هەیە، بەڵام ئەمـان ناچار ئەبن هەم لەو وانانەی سـەر بە وەزارەتی پەروەردەیە شـارەزاییـان هەبێ وهەم وانە ئەکـادیمییـەکانیش بخوێنن،هەروەها وانە ئیـسـلامیـیەکـانیش دەخوێنن، لە لایەکی ترەوە وانەکانی ئەدەبییش بە گشـتی گرنگی پێ ئەدەن، بۆیە ئێمە لەسەر بۆچوونەکەی خۆمانین وە بە هەڵە دا نەچووین کە وتوومـانە لە هەندێ ڕووەوە بەهێـزترن، بەراستی بە هێـزترن. ئەو داوایەی کە کراوە بۆ بەرابەرکـردنی ئەو بڕوانامـەیە، ئێـوە وەکـو ئەندامـانی پەرلەمـان ئازادن بەڵام ئێـمـە لە لیـژنەی کـاروباری ئەوقـاف بە مـافـێکی ڕەوای خـۆیانی دەزانین ،هەر بۆیە لەوێ پابەند نـەکـراوە لەگـەڵ بڕوانامە ئەدەبییـەکـان حسـابیـان بۆ بکرێ بە مەبەسـتی خوێندن،بۆ ئەوەی لـە هەندێ شـوێنی تریش بتـوانن وەربـگیـرێن ،چونکە توانایان هەیە ، سەرپەرشـتی پەروەدەییـان بە خـەسـتی لەسـەرە. ئێـمـە داواشمـان کردووە کە سەرپەرشتیاری پەروەردەو ئەوقـاف،یشبیان لەسەر بێ، ئەوش ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە دەمـانەوێ زیاتر گرنگی بەو قوتابخانانە بدرێ بۆ ئەوەی لەڕووی زانستیەوە بەرەو پێشەوە بڕوات.

سەبارەت بە بڕوانامەکانیان،هەروەکو جەنابی شێخ عفان فەرمووی :

المادە الاولێ: لە یاسـای وەزارەتی ئەوقـاف لەمـەر کـردنەوەی ئەم قـوتابخـانانە لەسـاڵی ١٩٩٤ دەرچووە کە تایبەتە بەم قوتابخانە ئایینیانە، دەڵێ : المادە الاولی: (يقبل في المدرسة من أكمل الدراسـة الابتـدائيـة) پاشان مـەرجەکانی تریش هەمـووی باسی دەکات تەنهـا بوارێکی داوە هەر بۆئەوەی وەکـو شـارەزای بزانن، دەڵێ:«يستثنى من شرط الشهادة من الدرس عند المشـايخ مدة تؤهله للإنخراط في المدارس الدينية طبقاً لإمتحان تحريري خاص».

هەندێ فەقێ هەیە ئاستێکی بەرزیان هەیە، لە تەمەنی (١٢تا ١٦) ساڵ کە بەیاسا دیاری کراوە، « يشـترط فی التسجيل ان لايقل عمر الطالب عن «١٢» عاما ولايزيد عن «١٦» عاما) .واتە لەم تەمەنە ئەوەندە توانای زانستی هەبێ کە بتوانێ بە تاقیکردنەوەیەکی «تەحریری» تایبەت ئەم وانەیە ببڕێ، هەرچەندە ئەمـەش کـەمـە ئێـسـتـا لە قـوتابخـانەکـانی ناو شـاری هەولێـر( ٨٠٪ )

دەرچووی سەرەتای وەردەگرێت .

ئەتوانم بلێم رێژەیەکی زۆرکەم لەوانەی کە رادەی زانیاریان بەهێزە لەوە وەردەگیرێ، ئەگینا ئەوەی تر مەرجی تیبیایە،کە ئەبێ بڕوانامەی شەشی سەرەتایی هەبێ .سەبارەت بە زمانی کوردی کە کاک د. رزگار و هەندی لە برادەرانی تریش باسیان کرد، لە ماددەی پێنجەمی ئامانجی قوتابخانەی ئاینییە هاتووە:(العناية باللغة العربية والكوردية عناية تامة لانهما الوسيلة لنقل التراث والتعبير عن كافة صنوف المعرفة). دیارە سێ چوار ماددەی تریش لەپێش ئەوە هاتووە، کە زمانی کوردی کردۆتە ئامانجی خوێندن وەگرنگی پێدان، ئەمەش بەتاڵ کردنەوەی ئەو ئامانجانە بوو کە لەپێشتر دیارە رژێمەکانی تر، مەبەستیان بووە بەو شێوەیە نەبێت. قوتابخانەی خۆمان و وەزارەتی ئەوقاف لەگەڵ دامەزراندنی وەزارەتی ئەوقاف و کابینەی یەکەم ، ئەو بڕیارانەی بەو شێوەیە دەرکرد کە، ئەبێ قوتابخانەکان لەسەر ئاستی داواکراو بن وخزمەتی کەلتووری ئیسلامی بکەن بەزمانی پاراوی خۆمان و، خزمەتی میللەتی خۆمان بکەن بەو شێوەی کە هاتووە. لەبەر ئەوە من وائەزانم هەموو ئەو رایانەی کە بەڕێزان دەربان بڕی پەسەندە، بەڵام تەنها یەک بابەتی سەرنج ڕاکێشەرهەیە ئەویش، هەموارکردنی بڕوانامەی مۆڵەتی زانستی مامۆستاکانی «حوجرەکان»کراوە، حەز دەکەم سەرنج بدەن لەم بابەتە، هەموارکردنی ئەم بڕوانامەی مۆڵەتی زانستی کراوە بە بڕوانامەی قوتابخانەی ئاینی بە بڕیارێکی پەرلەمان ،ئەگەر پەرلەمان بڕیاری دابێ بڕوانامەکەیان هەموار بکات بە بڕوانامەیەک کە بەهاو و بایەخی نەبێت، ئەم هەموار کردنە بۆ کرا؟ لە بڕیاری ژمارە(٢٣)ی رۆژی (٩/ ١٠/ ١٩٩٤)، ئەمە دەقی ئەو بڕیارەیە کە دراوە ئەڵێ یەکەم : بڕوانامەی زانستی کە دراوە بەزانایەکی ئاینیی لەلایەن زانایەکەوە، کە وەزارەتی ئەوقاف بڕوای پێیبەتی، یەکسان ئەکرێ بە بڕوانامەی دەرچووی ئامادەیی خوێندنی ئیسلامی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی دووهەم: ئەنجوومەنی زانستی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بەمەبەستی یەکسانی کردنی بڕوانامەکان تاقیکردنەوەیەکی «ئوصولی» خاوەنی ئەو بڕوانامەیە ئەکات.ئەمە وەکو بڕیارێک کاتی خۆی نووسراوەتەوە سەیر ئەوەیە ئەوەی مۆڵەتی زانستی هەیە و هەموارکردنی مۆڵەتی بە بڕوانامەی قوتابخانەی ئیسلامی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف کراوە، هەموار کردنی رەسمیان بۆ ئەکرێت و لە «کۆلێجی شەریعە»ی دهۆک بەرەسمی و ئوصولی ئەخوێنێت، وە ئێستاش دەرچوویان هەیە .یەکێک لەو دەرچووانە ساڵی رابردوو، بەڕێز «کاک مەسعود» ، بڕوانامەی پێدا ،واتە مۆڵەتی دەرچوونی پێدا ، لە هەموار کردنی بڕوانامەکەشەوە بەو شێوەیە لەوێ وەرگیراوە، بەڵام کاتێ کە هەموارکردنەکەی لەگەڵ کراوە هێشتا ئەو مافەی پێ نەدراوە .بۆیە ئێمە ئەڵێین تکامان وایە ئەم بابەتە شتێکی زۆر ئاساییە و زۆر سروشتییە، وەکو بەڕێز (د.ئیدریس) وبەڕێزانی تریش باسیان کرد کە مادام لیژنەکان هەماهەنگیان (تنسيق)کردووە، وماددەکان زۆربەی زۆریان وەکو یەک وان، هەرچەندە سەبارەت بەوانەکان دوو راو بۆچوون هەیە، رایەکیان ئەڵێ بەهێزترە، ورایەکیش، ئەڵێ رێژەی سەدیان

چەندە، دیاری کراوە هەروەها وەزارەتی پەروەردەش رازیە بەم بابەتە و لیژنەکانی ناو پەرلەمانیش رازین بۆیە تکامان وایە بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بڕیاری کۆتایی پەرلەمانی پێ بهێنێ، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وابزانم ناوەرۆکی ئەوەی پێویست بێ وپەیوەندار بێ بەم بابەتە باش باس کرا دوو بەدواداچوون هەیە (د. رزگار) و (د. ناسح)، کاک دکتور فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر باسی(تكرید) واتە بەکوردی کردنی بەرنامەکانی خوێندنی نەکرد لەقسەکانیدا، دووەم مەسەلەی وەرگرتن، من دووپاتم کرد کە ئەو مەرجانەی بۆ وەرگرتن دانراوە دوورن لە بەرژەوەندی میللەت، لێرەدا برگەیەکەتان بۆ دەخوینم کە باسی ئەوە دەکات،ئەو قوتابییەی کە وەردەگیرێت دەبێ بەم شێوەیە بێ، دەڵێ:(يقبل في هذه المدارس الطلاب من العوائل الدينية والوطنية ومن ابناء العشائر الموالين للوطن والدولة والقيادة ومن ابناء العوائل التي قدمت للقادسية لأن هؤلاء الطلبة لهم تأثير في الوسط الاجتماعي). واتە ئەوە بوو ئامانجی سەرەکی ئەوان. لەبەر ئەوە ئێمە دووپاتی دەکەینەوە، بەرنامەکانی خوێندنی ئەوان بەڕاستی پەورەردەیەکی راست و دروستی تیدایە. هەروەها جارێکی تر سوپاسی وەزارەتی ئەوقاف دەکەین، بەراستی لەم بارەیەوە هەنگاوی پێویست نراوە ،لەگەڵ ئەوەشدا داواکارین زیاتر هەنگاو بنێن وگرنگیەکی تەواو بەزمانی کوردی بدەن، چوونکە بەزمانی کوردی باشتر ئەتووانین راستیەکانی ئەم ئاینە بزانین .چونکە ئەو زمانە زمانی دایکە(زگماکیە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دوای ئەوەی کە جەنابت ئەڵێی لەحکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە وەزارەتی ئەوقافەوە پێڕەوێکی تایبەت دەرچووە، کە نووسراوە (نظام المدارس الدينية في أقليم كوردستان رقم« ١ » لسنة ١٩٩٤) ئەمە پێڕەوە، ئەگەر نیتە دوایی لەگەڵ لیژنەی ئەوقاف بەراوردێک بکەن حەز دەکەم نوسخەیەکەت لابێ ،بۆ ئەوەی کۆ پێ بکەین و پاشان بە جەنابتی ئەدەین، بۆ زیاتر زانیاری سوپاس، واتە دوای ئەوە پێڕەوێک دەرچووە ئەمەش پێڕەوەکەیە کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە دەربارەی ئەو ووتانەی کە بەڕێزان باسیان کرد.

یەکەم: باسی ئەوە کرا کە گوایە پێشووتر دەرچووی قوتابخانەی ئاینیی لە «کۆلێجی شەریعە»ی دهۆک وەرگیراوە ،بەڵێ راستە وەرگیران .بەڵام ئەو کاتەی کە ئەو خەڵکە وەرگیران لە«کۆلێجی شەریعە»ی دهۆک ،«کۆلێجی شەریعە»ی دهۆک کولێجێکی باوەر پێکراو نەبوو،واتە «رەسمی

نەبوو» لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە .دوایی ئەوە کە ئەو کێشەیە هاتەئێرە و دوو سێ جار گفتوگۆ کرا، ئەو کاتە من وەزیری پەروەردە بووم .ئەوە بوو رەزامەندیمان لەسەر کرد کە، کۆلێجی شەریعە ببێتە بەشێک لەوەزارەتی پەروەردە ،واتە بەشێک لەخوێندنی بالآ.کەواتە پاش ئەوەی کە باوڕیان پێ کرا ئێمە ناتوانین ئەو خەڵکەی کە خوێندوویانەو چوونەتە پۆلی چوار یان سێ یان خوێندیان تەواو کردووەو دەریان بکەین. لێرەدا باسی(استثناء)ێک دەکرێت، کە من لەگەڵی نیم، واتە هەندێک لەوانەی کە شەشی سەرەتاییان تەواو نەکردووە «استثناء» دەکرێن. بەبڕوای من ئەمە«غبن»ـە بەرامبەر بەو قوتابییانەی کە توانیوویانە شەشی سەرەتایی تەواو بکەن. چونکە ئەوانیش دەتوانن بەشداری تاقیکردنەوەکان بکەن. با تاقیکردنەوەی دەرەکی (الامتحانات الخارجي )، بدەن هەڵبەت من لەگەڵ پرۆژەکە بووم،بەلآم بەدوو هەموار کردن ،(تعديل )، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە هەموار کردنەکە بەنووسین بنێرە بۆ لیژنەی یاسا.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ داوای لێ بوردن ، نووسراوە:(بشهادة دراسة المتوسطة والاعدادية للدراسات الاسلامية التابعة للوزارة التربية)، پاشان دێت دەڵێ :(لغرض التعيين)، وە کۆتاییەکەی (الامتحانات الوزراية)راستی ووت مامۆستا، لەناو دوو کەوانە وشەی (العامة) دابنرێ، ئەوە کێشەکە چارەسەر ئەبێ و کۆتای پی دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەگەر زەحمەت نەبێ ئەو دوو دێڕە بینێرە کە هاتینە سەر پێشنیارەکان بەلآم یەک روونکردنەوەمان هەیە لەسەر قسەکانی کاک دکتۆرد. ناسح ، ئەوەی کە جەنابت فەرمووت راستە، کاتی خۆی کە «کۆلیجی شەریعە» دروست بوو، پێش ئەوە خەڵک وەرئەگیرا. ئەو کاتە «کۆلێجی شەریعە» رەسمی نەبوو (باوەڕ پێکراونە بوو )، بۆیە ئەو خەڵکە لەوێ وەرئەگیرا. پاشان «کۆلێجی شەریعە» کە بوو بەرەسمی، ئەوەی کە وەردەگیرا دەبوایە بڕوانامەی رەسمی هەبووایە وەکو هەر قوتابیەک کەلە دانیشگا قبوڵ دەکرێ ، بەلآم کاک دکتۆر جەنابت سەرۆکی لیژنەی خوێندنی بالآی. ئەم ساڵ ئەوە ناوەکان لەلای لیژنەی پەروەردەیە خەڵک وەرگیراون لە کۆلێجی شەریعە کە ئێستاکە بەشێکە لە سیستمی خوێندنی بالآی ئێمە، هێشتاکە بەرابەریش نەکراوە، وپرۆژەکەشمان بۆ نەهاتووە. جا ئەوە با دوایی کاک عەفان بیخوێنێتەوە حەز ئەکەی ناوەکانیش ئەخوێنینەوە کاکە شێخ ببوورە فەرموو.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر وەلآمەکەی جەنابی دکتۆر ئەم ساڵ ،بەم مێژووە تازەیە بڕیاردرا بە وەرگرتنی ئەو قوتابیانەی

که ناویان له لیستی هاوپێچ دا هاتووه له ده یەکەمەکانی دەرچووانی قوتابخانەکانی ئایینی سەر به وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی لەسەر هەرێم له«کۆلێجی شەریعە»ی زانکۆی دهۆک بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٩٧ـ ١٩٩٨) ئەمەش ناوەکانیانە. ئەمە پێش(٢٥) ڕۆژ یا مانگێک، ئەبێ دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە هێشتا پرۆژەکە نەهاتووە بۆ ئێرە.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ نەهاتووە بۆ ئێرە .ئەمە ناوەکانیانە .(جەمیل عەلی رسول، خالید ئەحمەد محەمەد، عەدنان عەبدوڵلا کامل، ذکریا عەبدولرحمان، نامق ئیسماعیل، محەمەد حەسەن، ئومێد میکائیل، فەرسەت مستەفا، حسێن محەمەد ئیبراهیم، شەماڵ بەکر یاسین)، لەمانە سێ کەسیان له سلێمانیە، ئەوانی تریش ، لەهەولێرن. لەهەمان قوتابخانە دەرچوون و وەریشگیراون ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕوانامەکانیان بۆ بەرابەر نەکراوە؟

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

بڕوانامەکانیان بەرابەر نەکراوە، ئێمە بەخۆمان بۆمان نەکردوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە ساڵی دووەمیشە، پاریش هەمان شت بوو .ساڵی رابردوو کۆلیژی شەریعە (اعتراف)ی پێ کراوە، هەر پارساڵ چەندها قوتابی وەرگیراوە وە ئێستا پۆلی دووهەمن ،بەبێ ئەوەی بڕوانامەکەیان بەرامبەر بکرێت. ئەو پرۆژەیەی کە له بەر دەستاندایەو هێشتا بڕیارتان لەسەر نەداوە، بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران قەبول کراون .لە بڕگەیەکی تری ئەم بەرنامەیە باسمان کرد .کە ئەمە لادانە له یاسا .باشە ئەگەر ئێستا ئەم پرۆژەیە(رفض) کرا چارەنووسی ئەو قوتابیانە چی لێ دێت و کێ لێی بەرپرسیارە؟! بۆ زانیاری سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا حەزم کرد ئەم روونکردنەوەیە باس بکەم .

**بەڕێز عەفان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە وەرگرتنیش لەناوەندییەکان یاباشتر بڵێین، له قوتابخانەکانی ئەوقاف، له پەیرەوەکەی دا ئاماژە بۆ ئەوە کراوەکە، ئەبێ دەرچووی خوێندنی سەرەتایی بێت ،بە«بەکەلۆری» ، واتە تاقیکردنەوەی دەرەکی(خارجی ) بدات، وەئەبێ دەرچوو بێت ،ئەگەر دەرنەچو بێت وەرناگیرێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــــەن:**

سوپاس کاک شێخ عفان ،بەڵام یەک تێبینی هەیە. لەوانەیە هەندێ برادەران جۆرە گومانێکیان لەلا دروست بوو بێت. ئێمە لامان وابوو ماددەی ئەو وانانەی کە دەگوردرێن لەو سێ ساڵەیە واتە بۆ یەک و دوو و سێ ،بە ئامادەیشەوە تێیدایە هەموو ئەندامان ئەزانن .ئەگەر لای ئەندامان نییە، و دابەش نەکراوە ،دراوە بە لیژنەکان ،«ملزمە»یەکی بچووکە ،چەند لاپەڕەیەکە.هەر چۆنێ بێ لەگەڵ ئەوەش دا، با جەنابی سکرتێر هەر بۆ روونکردنەوە و زانیاری ئەندامانی پەرلەمان، وانەکان بخوێنێتەوە کە، ساڵ بە ساڵ چ دەگوترێتەوە لەو قوتابخانانەدا بۆ ئەوەی روون بێتەوە. ئەگەر بەپێویستی ئەزانن ئەیخوێنینەوە؟ ئەگەر بەپێویستی نازانن، دوایی ئەتوانن لەرێگەی لیژنەی ئەوقافەوە تەماشای بکەن . باشە دیارە پێویست ناکات بیخوێنینەوە . سوپاستان دەکەین. کە واتە یەک دوو پێشنیار هەبوو، کە بخرێتە سەر مادە یەک .کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێـز مـــــحـــــەمـــــەد حـــــەســـــەن باڵـەتە:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــــەن.**

دەربارەی ئەو راپۆرتەی لیژنەی ئەوقاف و لیژنەی پەروەردە ،ئێمە کۆکین لەگەڵیان دا و هیچ لاریمان نییە لەسەری. بەڵام دەربارەی یاسای کاک جەمیل و کاک رەجەب، د. ناسح،یش دوو تێبینی هەیە .کاک جەمیل ئەڵێ تێبینی زیاترم لەسەر ئەمانەی خوارەوە هەیە:

المادة الاولى:

تعادل الشهادة الدراسية للمرحلتين المتوسطة والاعدادية للمدارس االدينية التابعة لوزارة الاوقاف و الشؤون الاسلامية بالشهادة الدراسية للمرحلتين المتوسطة و الاعدادية للمدارس الاسلامية (ثانوية الدراسات الاسلامية) التابعة لوزارة التربية لغرض التعيين و القبول في كلية الشريعة و قسم الدراسات الاسلامية في كلية الاداب بجامعات الاقليم و ذالك بعد اجتيازهم الامتحانات الوزارية العامة المقررة قانوناً).

ئێمە پێشنیاری «د. ناسح»مان هێنا. (تعادل الشهادة الدراسية للمرحلتين المتوسطة والاعدادية للمدارس الدينية التابعة لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية بشهادة الدراسة المتوسطة والاعدادية) ئەوەمان بۆ(د.ناسح)زیاد کرد، (للمدارس الاسلامية التابعة لوزارة التربية)، پاشان مادەکە تەواو ئەبێت .

سەبارەت بە پێشنیاری کاک «رەجەب» دەڵێ (الوزارية العامة). پێشنیارەکەی بۆ ئێمە هاتووە دیسان نووسیمان (وذلك بعد أجتيازهم الامتحانات الوزارية العامةالمقررة قانوناً) زیادمان کرد لەسەر ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــــەن:**

بەڵێ راستە د. ناسح ،پێشنیارێکی تریشی هەبوو. فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کاک جەمیل دیسان دەڵێت:(ان يكون التعيين في وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية) پاشان دەڵێت:(لغرض التعيين في وزارة الاوقاف). ئێمە بڕوانامەی ئایینیمان بەرابەر کرد بە بڕوانامەی ئامادەیی ،ئەوە رەها(مطلق ) بوو، واتە ئەوە دەچێتە یاسای (خدمة مدنية). بەپێی یاسای خزمەتگوزاری شارستانی دائەمەزرێت، بڕوانامەی ئایینی هەبێت، بڕوانامەی پەروەردەی هەبێت ،ئەوە دەچێتە یاسایی خزمەتگوزاری شارستانی لەبەر ئەوەی بەرابەر بووبە بڕوانامەی ئامادەیی ،لەو کاتە دا بەپێی یاسایی شارستانی (قانون مدني) دائەمەزرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەدڵنیاییەوە ، کاک جەمیل لەگەڵ ئەوەدایە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

دیسان دەربارەی کاک جەمیل، (لغرض التعيين في وزارة الاوقاف )، دیارە ئەویش چارەسەر کرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام کاک د.ناسیح پێشنیارێکی تری هەبوو. ئایا هەر دووکی چارەسەر کرا؟

**بەڕێز د. ناسیح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەردووکی چارە سەر کرا، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە ماددە یەک (١)، بەو دوو سێ تێبینیانەی کە خوێنرایەوە بۆتان، ئەگەر جەنابی وەزیری ئەوقاف هیچ تێبینیەیەکی نییە؟ نییە. لیژنەی ئەوقافیش ئەگەر تێبینی نییە؟ لیژنەی پەروەردەش نیەتی؟ کە واتە ئەیخەینە دەنگدانەوە . مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با ماددەکە وەکو خۆی ، لەگەڵ هەموارکردنەکە بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر زەحمەت نەبێ ماددەکە جارێکی تر بخوێنرێتەوە لەگەڵ هەموارکردنەکە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تعادل الشهادة الدراسية للمرحلتين المتوسطة والاعدادية للمدارس الدينية التابعة للوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية بشهادتي الدراسة المتوسطة والاعدادية للمدارس الاسلامية التابعة لوزارة التربية لغرض التعيين والقبول في كلية الشريعة وقسم الدراسات الاسلامية في كلية الادآب بجامعات الاقليم وذلك بعد اجتيازهم الامتحانات العامة الوزارية المقررة قانوناً).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روونە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.. سوپاستان دەکەین. مادده دوو.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

المادة الثانية: على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە نییە؟. دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

المادة الثالثة: ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا محسن فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا ناکرێ جێ بە جێ کردنی بڕیارەکە بەشێوەیەک بکرێ ،کە پاشکۆیەکی یاسایی هەبێ، بۆ ئەو قوتابییانەی کە ئەم ساڵ وەرگیراون.چونکە هەروەک بەڕێزتان ئاگادارن سێ مانگ لەمەوبەر ئەم پێشنیار و پرۆژەانە کران ودواخرا، بۆیە پێشنیار دەکەم لەرۆژی هاتنی کە ٢٥/ ١٠ یە،پرۆژەکە بەشێوەیەکی یاسایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، شتی واش کراوە لەپەرلەماندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەوە گرفتەو زەحمەتە، چونکە بڕیار ئەمڕۆ دەرچووە ، بازانکۆ بیگۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوە گرفت نییە ،زانکۆ دەیگۆڕێ . کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیار نابێ کاریگەری «رەجعی» هەبێ .ئەگەر ئێمە رەزامەندیمان لەسەر ئەمە کرد ئەوە مانای ئەوەیە ،لەگەڵ هەڵە داین ، ئەوەش خاڵێکی پەسەند نییەو لەپەرلەمان ناوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سەعید ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟...بەتێکڕای دەنگ ئەویش پەسەند کرا سوپاستان ئەکەین ئێستا بەگشتی وەکو بڕیار

ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە وەکو یاسای بەرابەرکردن؟.. سوپاستان ئەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ ئەم یاسایە پەسەند کرا. سوپاستان ئەکەین. لیژنەی یاسا ئێوە هەر دابنیشن باشترە، چونکە بابەتێکی بچووکمان ماوەتەوە لەبەرنامەی کار، با ئەویش تەواو بکەین.
خاڵی چوارەم : پرۆژەیەکە لەلایەن وەزارەتی کاروباری تەندروستی پێشکەش کراوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران .ئەنجوومەنی وەزیرانیش پاش پەسەند کردنی ناردوویانە بۆ پەرلەمان، بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەین ئەویش ،(گەیاندنی تەمەنی خانەنشینی زۆرە ملێ سەبارەت بە نۆژداران وپزیشکانی ددان ودەرمانسازکاران واتە (صیادلە)، لە«٦٣»ساڵیەو، بۆ «٦٨» ساڵ، ئێمە چاوەڕێمان کرد وەزیری کاروباری تەندروستی ئامادە بێت. چونکە پرۆژەکە تایبەتە بەوان. بەڵام وادیارە نەهات. دوایی ناچار بووین پەیوەندیمان پێوە کرد، بەڕێزیان وتی :کەس ئاگاداری منی نەکردۆتەوە، دیارە سەرقاڵە لەبەر ئەوە نەیتوانی ئامادە بێت.
لێرەدا دوو بۆچوون هەیە : یا بەبێ ئامادە بوونی وەزیری کاروباری تەندروستی باسی لێوە بکەین، یا خوود دوای بخەین تا ئەو ئامادە دەبێت .وەکو ئاگادارن ئێمە وەک هەموو جارێک بەرنامەی کارمان ناردووە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ئاگاداری وەزیرانی پەیوەندار بکات، بۆ رۆژی کۆبوونەوە وکاتی کۆبوونەوە. جا دوو را هەیە، یان ئەبێ دوابخریت تا وەزیر ئامادە دەبێت، یان ئەگەر پێتان باشە باسی کەین. دیارە لیژنەی یاسا پێی باشە دوابخرێت، کە واتە باشتر وایە دوای بخەین. ئەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی دوای بخەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە دوابخرێ بۆ دانیشتنی ئایندە؟.. سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا کە دوابخرێ بۆ دانیشتنی ئایندە بۆ ئەوەی وەزیریش ئامادە بێت.
خاڵی پێنجەم: کۆری زانیاری ،گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای کۆری زانیاری کورد کە بەپێی نووسراوی ژمارە(٥٣٠٥)ی رۆژی(١٩٩٧/١١/٢) لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە بۆ ئەوەی بیخەینە بەرچاوی ئێوەی بەڕێز، ئەویش لەسەر نووسراوی وەزارەتی داد کە بەرزکراوتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی بینێرێ بۆ پەرلەمان. ئەگەر لیژنە پەیوەندارەکان ئامادە بن. لیژنەی رۆشنبیری ولیژنەی ئابووری فەرموون بۆ ئێرە ،ئەمە دوا خاڵە. جەنابی وەزیری رۆشنبیری و وەزیری دادیش لێرەیە با تێبینی هەر سێ لیژنەکانتان گوێ لێ بێ، پاشان ئەگەر هەر دوو وەزارەت تێبینیان هەبێ. گوێیان لێ دەگرین، فەرموو ئێستا با لیژنەی یاسا پرۆژەکە بخوێنێتەوە بەڵام بەر لەوەی بخوێنرێتەوە با تێبینیەکانی هەردوو لیژنەکەمان گوێ لێ بێ ئەوجا دەست ئەکەین بە پرۆژەکە، ئەگەر رێگامان پێ بدەن هەر دوو وەزارەتی داد و وەزارەتی رۆشنبیری ولیژنەی رۆشنبیری رایەکیان هەیە لەگەڵ لیژنەکانی تر.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرۆژەی کۆری زانیاری کورد کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە وەلەلایەن وەزارەتی داد بەرز کراوەتەوە. پاش ئەوەی لیژنەی رۆشنبیری کۆبووەوە و بەووردی تاوتۆی کردو چەن وچونی لەسەر کرد گەلێک

کـەلێن وکـەلەبەری هونەری ویاسـایی تیـا دییــەوە . بەچاکی زانی لەبەر گـرنگی بابەتەکـە و بۆ پشـتگیری کردن و کۆمەک کردنی کۆششی زیاتر بکرێت . بەتایبەتی لە لایەن بەشدار بوانەوە، زیاتر دەوڵەمەند بکرێ و بە هێز بکرێت .چونکە پەیوەندی بەگشت زانستـەکان وبوارەکـانی ترەوە هەیە. بۆیە جگە لەوەی کـە جـێگای سـەرنج بووە ،زیاتر پەیوەست و پەیوەنداره بەوەزارەتی رۆشنبیرییەوە، ئێمە وای بۆ دەچین کە دەبوو رای وەزارەتی رۆشنبیـری لەسەر بێت وەک لایەنی پەیوەندار پاشان لەلایەنی ئێمە وەک لیژنەی رۆشنبیری مامەڵەی لە گەڵ بکرێ بۆیەتکامان کرد و پێشنیـارەکـەمـان کـرد دوابخـرێ بۆ ئەوەی دەرفـەت بدرێ بەرێگای رەواو دروست دا ڕەت بێ لە پێناوی تەواوبوونی دا. پێشنیارەکەمان لەم رووەوەیە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جـەمـیل عـەبدی سندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێش ئەوەی راپۆرتەکـەی خۆم بخـوێنمـەوە خـاڵێکی گـرنگ هەیە، ئەویش هەر پرۆژەیەک کـە لە ئەنجـومـەنی وەزیرانەوە، بێت تیـایدا نووسراوە (و وافق علیـه بـناءاً علی مـا عـرضـه الوزیر المخـتص) فـلان وەزیر، (ووافق علیـه مـجلس الوزراء) پاشـان رەوانە ئەکرێت بۆ ئەنجـوومـەنی نیشـتمانی بەڕێز. ئەم پرۆژەیە بەداخەوە نەخراوەتە روو (عـرض نەکـراوە )، هەر لەدیباجەکەی دا دیارە کە نەخراوەتە ڕوو لەئەنجوومەنی وەزیران ، وەئێستاش من راپۆرتەکەم ئەخوێنمەوە.

السید رئیس المجلس الوطني المحترم:

تحیة نضالیة: مشـروع قانون المجمع الکوردي المرسل من قبل مجلس الوزراء بکتابه المرقم «٥٣٠٥» في«٢/١١/١٩٩٧» والمحال الینا من قبل جنابکم فیه مسائل مالیة مهمة تختص خزینة الاقلیم وزارة المالیة والاقتصاد ولم تبدي لجنتنا لحد الآن أي رأي فیها وتعارضها جملةً وتفصیلاً لذا نرجو التفضل بالموافقة علی اعادتها الی مجلس الوزراء أو علی الاقل تأجیلها لحین دراستها بأسهاب ولکم الأمر، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس بۆ لیـژنەی ئابووری ئەوە رای هەر دوو لیژنەکە بوو، بەڵام با رای لیژنەکـان تەواو بکەین، پاشان دێینە سەر ناونوسین بە مەبەستی قسە کردن لەسەری، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێـز مـحـەمـەد حـەسـەن باڵـەتە:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

سەبارەت بە برگەی یەکەمی پێشنیـاری کاک جەمیل کە «ئەڵێت ئەنجوومەنی وەزیران کاتی خۆی ئەوەی نەدیوە» ، لێرەدا ئەڵێت «تکایە بخرێتە ژێر پرۆسەی پەسند کردن » . بەڵام سەبارەت بەخودی پرۆژەکە دوو لایەنی هەیە: لایەنی یاسایی و لایەنی رۆشنبیری، کە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیریە، وەلایەنی یاسایی، ئەوە وەزارەتی داد پرۆژەی خۆی ناردووە بۆ ئەنجـوومـەنی وەزیران، مـاوە لایەنی

رۆشنبیری ، بەرای من ئەبێت هەر دوو لایەن هاوبەشی بکەن، پاشان ئەو پرۆژەیە بێت بۆ پەرلەمان وەلایەنی تری رۆشنبیری زۆر هەیە کە هاوبەشی لەگەڵ بکات ولەنێو کۆمەڵ دا بلاوی بکاتەوە، پاشان بێت بۆ پەرلەمان لە بەر ئەوە من رای خۆم ئەخەمە پال رای کاک ئەحمەد سالار کە ئەم پرۆژەیە دوابخرێ وەزیاتر لێی بکۆلرێتەوە پاشان دوای ئەمە بێت بۆ پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەرای لیژنەکانمان بوو. دیارە هەندێ لەبرادەران دەیانەوێ قسە بکەن. نازانم ئەگەر بەڕێزان(وەزیری رۆشنبیری و داد ) ، بەدواداچوونیان هەیە؟ فەرمووکاک قادر جەباری .

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا دەستەیەک پسپۆر وزانایان پشتیان بە تاقیکردنەوە ویاسای پێش ئێستا بەستووە. کاتی خۆی کۆڕی زانیاری کوردی لەعێراقدا هەبووە ،زۆریان لەوە وەرگرتبوو. ئێمە پرۆژەکەمان گەلالە کردبوو وئامادەشمان کردبوو ، بەلام پەیوەندیان پێوە کرا لەنووسینگەی جەنابی سەرۆکەوە ئەڵێ : ماموستا مەسعود محەمەد پرۆژەیەکی هەیە ، ئەو پرۆژەیەی لێ وەرگرن وپرۆژەکەی ئەو پێشبخەن و پێشکەشی بکەن .لەبەر ئەوە ئێمە پرۆژەکەی خۆمان کێشاوە. بەلام سەبارەت بە پرۆژەی بەڕێز جەنابی ماموستا مەسعود محەمەد، کە لەکۆن دا سەرۆکی ئەم دەزگایە بووە ،من قسەم لەگەڵ کرد ،بەڕێزیان لەڕاستیدا رازی نەبوو هیچ برگەیەکی لێ لاببرێت .ئێمەش خۆمان ئەزانین ئەو پرۆژەیە رەنگە هەندێ شتی تێدا بێ کەلەگەڵ یاسا نەگونجێ ،چونکە رابردووی نەبووە وپێشەکیەکی نییە، بۆیە من پێشنیار دەکەم و هەست دەکەم لەدانیشتنێکی تردا ئەم بابەتەم پێشکەشی بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان کرد کە ئەوە لەلاوە گفتوگۆیەکی تێدا بکرێت وە لەگەڵ ماموستا مەسعود محەمەد ،زیاتر قسە بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین لەیەکتر بگەین لەسەرئەم بابەتە. بەڕێزیان پێیان وایە کە ئەمە لەبەر چاو گرتنی هەل ومەرجی ئێستای بارودۆخی کوردستانە.ئەیەوێ ئەم دەزگا رۆشنبیریە نەتەوایەتیە، ببێتە سەنتەرێک ،بۆ ئەوەی هەموو لایەکی لێ کۆکاتەوە، ئەویش بەوەی کە دوو شتی بنەرەتی تێدا بێ ،یەکەم :لە ( ١٠٠٪ ) بێ لایەن بێ، بێگومان ئێمە لەڕووی رۆشنبیرییەوە ئەتوانین بڵێین هەموو لایەکمان لەگەڵ ئەوە داین کەوا بێ، بەلام لەڕووی بەڕێوەبردنی یاساییەوە لەوانەیە جیاواز بێت ،چونکە ئەبێ سەر بەیەکێ لەدەزگاکان بێ ،ئەنجوومەنی وەزیران ،یان پەرلەمان ،یان رابەر بێ، واتە ئەبێ سەر بەجێگایەکی دیاری کراو بێت. لەکوردستاندا سێ دەسەلات هەیە ،ئەگەر زیاتر بێت ئەوا ئەبێ پەرلەمان بڕیار بدات، دەسەلاتی چوارەم دروست بێت. واتە بڕیاری دەسەلاتێکی تر بدرێت ئێمە جێی بۆ بکەینەوە. بێگومان ئەم مەسەلەیە منیش کۆکم لەسەر ئەوەی کە دوابخرێ. کەواتە ئێمە و وەزارەت جارێکی تر قسەی لەگەڵدا بکەین، پاشان پێکهاتەیەک پێک بێنن، لیژنەیەک لە پەرلەمان و لە ئێمە ولە رۆشنبیری قسەی لەگەڵدا بکەین بۆ ئەوەی تەواوی بکەین و جارێکی تر پێشکەشی پەرلەمانی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فەلەکەدین کاکەیی ،جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/ وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی بەڕێز وەزیری داد باسی کردزۆر راستە. ئەو پرۆژەیەی کەوا لەبەر دەست بوو لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریەوە پێشکەش کراوە. ئەوە ماوەی سالێکە ئێمە خەریکی پرۆژەی یاسای کۆڕی زانیاری کوردین، چونکە دانانی زۆر پێویستە، وزۆر سوپاسی پەرلەمان دەکەین کەوا خستیە بەرنامەی کارەوە. پێم باشە زووتر تەواو بێ ئەو بەرنامەیە و ئەو کۆڕە دروست بێ، رۆشنبیران زۆر بەپەرۆشەوە چاوەڕێی دەکەن کە ئەو بڕیارە بدرێت. پاش ئەوەی کە زۆر لەشارەزایان وپسپۆران، هاتن داوایان کرد لیژنەیەکمان پێک هێنا لە (٥) پسپۆڕ، کە زۆربەیان مامۆستای زانکۆن. لەگەڵ کتێبەکە ناویانمان رەوانە کرد و پرۆژەیەکیان ئامادە کرد .لە (٧/٤ی نیسان)ـەوە، ئەم پرۆژەیەمان پێشکەش کردووە بۆ ، ئەنجوومەنی وەزیران، و لە ئەنجوومەنی وەزیران بەمەبەستی (تەدوینی قانونی)لەژێر لێکۆڵینەوە (دیراسە) بووە بۆ ئەوەی بدرێ بەپەرلەمان .وەکو وەزیری ڕۆشنبیری من لاریم نییە لە سەر ئەم پرۆژەیە، و دەڵێم بخرێتە ژێر باس و لێکۆڵینەوە بۆ ئەوە بە زووترین کات تەواو بێت. واتە مەبەستم بنەڕەتی بابەتەکەیە و بنەڕەتی دامەزراندنی کۆڕی زانایانی کوردە، هیچ لاریمان نییە ئەمە ببێتە بنەمایەک بۆ گفتوگۆ، زۆر باشە. بەڵام بێگومان ئەگەر بیرورا هەبێ لەسەر کەم وکوڕی ئەوە لەپەرلەمان گفتوگۆ دەکرێ. ئەو تێبینیانەی کەلێرە دەربڕا، ئێستا کاتی نییە ،ئێمەش تێبینیمان هەیە .چونکە هەندێ جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو پرۆژە وپرۆژە سەرەکیەکە، وهەندێ کەم وکوڕی هەیە .ئەگەر بڕیار بدرێ منیش پشتگیری برادەران دەکەم دوابخرێت ،بۆئەوەی زیاتر بەتێروتەسەلی باس بکرێت، کۆڕی زانیاری کورد مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرنگە بۆ نەتەوەی کورد و زۆر پێویستە، بەزووترین کات دابنرێت وەکو ووتم ئێمە هیچ لاریمان نییە کە ئەمە ببێتە بنەڕەتێک ،چونکە هەموو ڕێگەی یاسایی خۆی بڕیوە ،لەئەنجوومەنی وەزیران خراوەتە روو، هاتووە بۆ ئێرە و لێرەش ئەتوانین پێشی بخەین بۆئەوەی ببێتە یاسا ،زۆر سوپاستان دەکەم، ئەگەر بەزووترین کات هەوڵبدرێت جێ بەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یەک دووبرادەر دەستیان بەرزکردۆتەوە تێبینیان هەیە، فەوزیە خان وکاک سەعید، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەموومان بەپەرۆشی کۆڕی زانیاری کوردەوەین.ئێمە وەکو لیژنەی کەلتور چەند جار باسمان کردووە، کە ئەمە پێویستیەکی گرنگە. بەڵام ئێستا ئەو پرۆژەیە هاتووە وەکو بەڕێز وەزیری

ڕۆشنبیری فەرمووی کە ئەو ئاگاداری ئەو پرۆژە تازەیە نییە .لە ڕاستیدا کۆڕی زانیاری کورد، تەنها لایەنێک ناگرێتەوە بەڵکو هەموو لایەنکانی ڕۆشنبیری ئەگریتەوە، چ لێکۆڵینەوەی زانستی بێ، چ ئەدەبی بێ، چ هونەری بێ ،هەموو لایەنەکان ئەگرێتەوە. ئێمە زۆر تاوتوومان کرد لە لیژنەی ڕۆشنبیری، پێم باشە ئەگەر لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن، یان لە ڕۆژنامەکانیشەوە بڵاوبکرێتەوە بۆئەوەی زۆربەی زۆری ڕۆشنبیران و پسپۆڕان، ڕای خۆیانی لەسەر دەربڕن بەمەبەستی دەوڵەمەند کردنی پرۆژەکە. ئەوە ڕای لیژنەکەشمان بوو لەوانەیە کاک ئەحمەد سالار، لەبیری چوو بێ کە پێشنیاری بڵاو کردنەوەکەی بکات لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس فەوزیە خان، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز وەزیری داد فەرمووی ئەو پرۆژەی کە ئێستا باسی لێ دەکرێت ،لەمەکتەبی سەرۆکەوە بۆ ئەوان هاتووە کە پێشکەشی پەرلەمان بکرێت .من لێرە پرسیارێکم هەیە ،ئەگەر نووسینگەی سەرۆک مەبەستی وابوو ڕاستەوخۆ لەوێ بێتە پەرلەمان، خۆ کەسی تر هەبوو، بەڵام مەکتەبی سەرۆکیش مەبەستی ئەوەیە کە لەڕێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بڕوا ،کە ئەوان گفتوگۆی بکەن وبەڕێگەی یاسایی خۆی لەوێ بێتە ئێرە، مەبەستیان ئەوە نییە کە لەئەنجوومەنی وەزیران قسەی لێ نەکرێت ،یان ڕای لەسەر نەدرێت ،ناردویانە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی وەکو هەر یاسایەکی تر قسەو باسی لێ بکەن ،پاشان لەوێ وەکو پرۆژە بێتە ئێرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک سەعید، لەڕاستیدا جەنابی وەزیری داد، ڕوونکردنەوەیەکی پیشکەش کرد لەسەر ئەو بابەتە کە پەیوەندییان کردوە بەخودی کاک مەسعود محەمەدەوە لەبەرئەوەی ئەوی خاوەنی پرۆژەکەیە، بەڵام ئەو ڕایەکەی بەو شێوەیە بووە کەجەنابی وەزیری داد ئاماژەی بۆ کرد. کاک فەلەکەدین فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/ وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینیەکم هەیە دەربارەی پێشنیارەکەی خاتوو فەوزیە دەربارەی بڵاوکردنەوە. بەڕای من زۆر دەخایەنێت و ئەمەش مەسەلەیەکی پسپۆڕیە، واتە بابەتێک نییە ببێتە گفتوگۆی ڕۆژنامەگەری، هەروەها لاری نییە بڵاوبکرێتەوە، بەڵام لەجیاتی ئەوە دەتوانرێ ئەو لیژنانەی کە پەیوەندیان هەیە لەگەڵ لیژنەی کەلتوور لە پەرلەمان و، لیژنەی ڕۆشنبیری و چەند کەسی تر لەگەڵ وەزارەتی داد لەگەڵ ئەو پسپۆڕانە بێن دابنیشن و لێرە چەند دانیشتنێک لەپەرلەمان بکەن و بەڕای من ئەوە کارپێکراو ترە وزووتریش دەبێ، سوپاس.

**بەڕێ سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس کاک ئیدریس بابفەرموویت.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

منیش دوپاتی ئەوە دەکەم کە دوابخرێت ،بۆئەوەی زیاتر لێی بکۆڵدرێتەوە، (دراسە بکرێت ). هەروەها پێشنیار دەکەم کە نوێنەری خوێندنی باڵاشی تێدا بەشدار بێ. ئێمە سێ زانکۆمان هەیە و پەیوەندی بە مەرکەزێکی گەورەوە هەیە لەکوردستان ،ئەوەش زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس کاک ئیدریس،. فەرموو کاک قادر جەباری جەنابی وەزیری داد.

**بەڕێز قـادر عـەزیـز مـحـەمـەد جـەباری/وەزیری داد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

وەڵامی برای بەڕێزم جەنابی کاک سەعید یەعقوبی ،ئەدەمەوە .من مەبەستم ئەوە نەبوو، وایشم نەگوت ،کەبڵێی وتراوە یان بینێرن بەبێ چەند وچۆن .بەڵام ووتیان ئەوە پرۆژەی مامۆستا محەمەدە بەپەسەندی(نظری اعتبار)، وەرگرن .ئێمە خۆمان لەگەڵی کەوتینە قسە کردن تا ئەو کاتە جەنابیان رازی نەبوون کە هەندێ بابەتی لێ لابرێت ،بۆ ئەوەی لەگەڵ رایەکانی ئێمە بگونجێ ، بۆچوونی(وجهە نظری)، ئەویش ئەوەبوو ،کە ئەم دەزگا بەرزە ببێتە سەنتەرێک بۆ هەموو رۆشنبیران ،بۆ ئەوەی کۆیان بکاتەوە و ئەوە بە «نظری اعتبار» وەرنەگیرێت کە لەچ شوێنێ ئەم یاسایە دەرچووەی یا ئەم دەزگایە دانراوە ،ئەوە بۆچوونی ئەوە. پاشان ووتویانە گرنگی بەوە بدەن بەڵام نە ووتراوە هەرچی ووت هەر ئەوەپەسەند بکرێت .کەواتە ئەگەر وا بێ ئیتر بۆچی دێت بۆ پەرلەمان، و بەکەس ناوترێ؟ پێم وایە کەس وای نەووتوە وبابەتەکە هەر ئەوەندەیە کە باسم کرد، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

نەخێر، کاک سەعیدیش هەر هەمان رای هەیە وەکو جەنابت کە ناردراوە بۆ وەزارەتی داد بۆ ئەوەی رێچکە یاسایەکەی (مەجرا قانونیە)کەی خۆی وەربگرێ. فەوزیە خان دوا موداخەلەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێـز فـەوزیە عـیـزەدین رەشـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لەگەڵ رێزم دا بۆ رایەکەی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری. راستە، من پێشەکی ئاماژەم بۆئەوە کرد کە «کۆڕی زانیاری کورد»، زۆر گرنگە ودەبێ بایەخی تەواوی پێ بدرێ. کاک فەلەکەدین کاکەیی، خۆی ئەندامی پەرلەمان بوو لەگەڵمان، هەروەهاسەرۆکی لیژنەی کەلتور بوو، هەمیشە جەختمان لەسەر« کۆڕی زانیاری کورد» دەکرد. بەڵام لەبەر گرنگی «کۆڕی زانیاری کورد»، هەر وەکو یاسای چاپکراوەکان، یاسای حزبەکان، چۆن بڵاوکرایەوە، ئێمە ئەتوانین بۆ ئەمە ئەگەر پەلەیە ماوەیەکی دیاری کراو دانێین ،بۆ نمونە لەماوەی هەفتەیەکدا کێ رای هەیە با بڵاوی بکاتەوە بۆ ئەوەی زیاتر

دەوڵەمەند بێ وگلەیی هیچ توێژێک وکەسێک نەیەتە سەرمان بۆ ئەوەی بابەتەکە پوخت تر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس فەوزیە خان، کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لیژنەی رۆشنبیری ئامادەین هەر کاتێ پێویست کات چەن وچۆن بکەین، لەسەر لایەنە ناتەواوەکانی، ولەهەمان کات دا پێشنیار دەکەین، ئەو لیژنە دابنرێ بە بەشداری نوێنەرایەتی وەزارەتی رۆشنبیری و لیژنەی رۆشنبیری وخوێندنی بالآ و وەزارەتی دادیش. چونکە ئەمە لایەنی تر ئەگرێتەوە، لەرووی بودجەوە پێویستی بە بارێکی زۆر هەیە ،لەرووی داراییەوە ئێمە ئامادەین بۆ ئەوەی بەزووترین کات پێک بێت، و لەبەر پێویستی و گرنگی بابەتەکە بەزووترین کات ئەنجام بدرێت، و ئەگەر رێگە بفەرموون، بە پوختی بخرێتەوە بەر دەستی ئەنجومەن بۆ ئەوەی را لەسەر پەسەند کردنی بفەرموون. بەلآم بەو شێوەیە کە بەرێزی رێگەنەدا دەستکاری بکرێ لەوانەیە ئەوە نەگونجێ لەگەڵ باری پەرلەمان و ئەرکی لە ئەستۆنراوی ئێمەش دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم رایەکان روونە ئێستاکە ئەگەر دەرفەت بدەن هەموو لا ، وەکو لەلایەن حکومەتیشەوە پرۆژەکە هاتووە هەر خۆیانیش لەو رایەن ،کەواتە ئێمە ئەو خاڵە دوا دەخەین بۆ دانیشتنی داهاتوو .بەلآم دوو تیبێینی بچووک هەیە: لەڕاستیدا لیژنەیەک پێویستە بۆ ئەوەی کە کاک فەلەکەدین وجەنابی وەزیری داد ،و برادەرانی تریش وتیان، جا ئەگەر بەباشی بزانن هەر جەنابی کاک فەلەکەدین وجەنابی وەزیری داد خۆیان لەو لیژنە بن لەگەڵ لیژنەی رۆشنبیری و لیژنەی خوێندنی بالآ ولیژنەی ئابووری و لیژنەی یاساش هەر یەکەو دەست نیشانی برادەرێک بکەن دانیشتنێک بکەن لەنێوان خۆیاندا و ئەو کاتە قسەی لەسەربکەن، کە ئەو پرۆژەیە چۆن دەوڵەمەند بکرێت هەر کاتێ ئامادەبوون .ئێمە ئامادەین کە پێشکەشی پەرلەمانی بکەین. فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەزانم ، پێشنیاری جەنابت دائەنێین بۆ لیژنە با خۆیان لە بارودۆخەکە بکۆڵنەوە،ئەگەر بەباشیان زانی جاڕ بدرێ وەکو پرۆژەیەک لەرۆژنامەکاندا،پاشان هەر کەسێ رای هەبوو با دەری ببڕێ.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە رای زۆربەی زۆری توێژە رۆشنبیرەکەیەو دەبێ گوێی لێ بگرین، ئێمە وەکو لیژنەی کەلتور

زۆر کەس پەیوەندی پێمانەوە کردووە، لەوانەیە پەیوەندی بەوەزیری رۆشنبیریشەوە کرابێ هەر بۆ ئەم مەبەستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابی وەزیریش باسی کرد، ناکۆکی لەوە نییە .با لیژنەکە جارێ رێک بکەون لەسەر خودی پرۆژەکان. وەزارەتی رۆشنبیری خۆی پرۆژەیەکی هەیە، ئەمە پرۆژەیەکی ترە ،لەوانەیە راو بۆچوونی لیژنەکانیش هەبێ ،با گەلالەی پرۆژەکە بکەن .ئەگەر پاشان بووە پرۆژەیەکی کۆتایی ئەو کاتە پرۆژە کۆتاییەکە ئەگەر پێشکەشی راگەیاندنیش بکرێ ئەوە بەپێچەوانەوە هێزێکە چ زەرەری تێدا نییە. بەلام با بمێنێ بۆ ئەو لیژنەیە واتا لیژنەی کەلتور و لیژنەی خوێندنی بالا و لیژنەی یاسا ولیژنەی ئابوری لەگەل جەنابی وەزیری رۆشنبیری و وەزیری داد خۆیان چۆنی بەباش دەزانن بڕیارێکی لەسەر بدەن و ئەو کاتە ئاگادارمان بکەنەوە . ئەو کاتە بدرێ بەراگەیاندنیش هیچ گرفتی تێدا نییە خۆ بابەتێکی نهێنی نییە، دانیشتنی پەرلەمان ئاشکرایە ،با ماوەیەکی دیاری کراوی بۆ دابنرێت دوای ئەوە پسپۆران و خەلکیش رای خۆیان دەر ببڕن .جا ئەگەر بەو شێوەیە رازین دەیخەینە دەنگدانەوە یەکەم بۆ دواخستنی، دووەم بۆ لیژنەکە. کێ لەگەلە بۆ دواخستنی؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەل نییە؟..سوپاستان دەکەین، بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا، کە دوابخرێت لەسەر داخوازی حکومەت و لیژنەکانی پەرلەمان، لیژنەکەش دیاری دەکرێت. دوایی پەیوەندی بەجەنابی وەزیری داد و وەزیری رۆشنبیری بکەن بۆ ئەوەی بزانن کە کەی دابنیشن وبڕیاری لەسەر بدەن، سوپاستان دەکەین. ئەمڕۆ برادەرانی دهۆک وابزانم ناتوانن بگەڕێنەوە جا بەیانی لەوانەیە بەیەکەوە بڕۆین بۆ پرسەی خوالێخۆشبوو خەیری بەگ، ئێمە لەسەرۆکایەتی ئامادەین بەیانی لەگەلتاندا ئەو سەفەرە بکەین جا حەز دەکەن دوایی رێک کەوین کاتژمێر چەند لێرە دەربچین.

**شێروان ناسح عەبدوللا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٨/١٢/١٩٩٧

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٤)

## كۆبوونەوەی یەكەم/یەك شەممە رێكەوتی ١٩٩٧/١٢/٢٨

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٢٨ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەرێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادە بوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەرێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری، دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٤)ی خولی دووەمی، سالی (١٩٩٧)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٢)ی سالی ١٩٩٣ یاسای خوێندنی بالاو لێکۆلینەوەی زانستی.***

***٢- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای کۆری زانیاری کوردی.***

***٣- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بودجەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.***

***٤- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سالی ١٩٩٨.***

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی دانیشتنی ئەمرۆمان چوار خالە، خالی یەکەم: گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی هەموار کردنی یاسای ژمارە (١٢)ی سالی ١٩٩٣ یاسای خوێندنی بالاو لێکۆلینەوەی زانستی، خالی دووەم: گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای کۆری زانیاری کوردی. خالی سێیەم: گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بودجەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بۆ سالی ١٩٩٨. خالی چوارەم: گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سالی ١٩٩٨و یاساکەی، بەرنامەی کارمان ئەم چوار خالەیە، بە خالی یەکەم دەست پێ دەکەین ئەویش گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی هەموارکردنی یاسای خوێندنی بالاو لێکۆلینەوەی زانستی ژمارە (١٢)ی سالی ١٩٩٣، کە بەپێی نووسراوێک لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووەو داوای هەموارکردنی چەند برگەیەک وچەند مادەیەک لەو یاسایە دەکەن، با لیژنەی یاساو لیژنەی خوێندنی بالا بفەرموونە ئێرە، لەلایەن حکومەتیشەوە کاک دکتۆر ئیدریس لێرەیە ئەگەر چ پرسیارێک هەبوو هاوکاریمان بکات، چونکە ئەو سەر پشک کراوە بۆ ئەوەی لەم بابەتە بکۆلێتەوە، ئەگەر بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان سەیری پرۆژەی حکومەت بکەن، کە بۆمان هاتووە و داوایان کردووە کە یەک دوو مادە هەموار بکەین، هەروەک لاتان ئاشکرایە کە ئەمە لەمێژەوە بۆمان هاتووە، لەمێژووی

(١٢/٦)ەوە بۆمان هاتووە، هەمان ڕۆژ ئێمە دامانە لیژنەکان، بەرنامەی کاریش پێش هەفتەی ڕابردوو ناردراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی جێگیر بکرێ. دوێنێ دوای کاتژمێر (١/٣٠) نووسراوێکی تریان بۆ ڕەوانە کردوین داوا ئەکەن یەک دوو مادەی تریش هەموار بکرێ، لەبەر ئەوەی لە کۆتایی دەوام بۆمان هات ئێمە هەر ئەوەندەمان پێ کرا کە برادەرانی لیژنەی یاسا ئاگادار بکەینەوە کە شتێکی واهاتووە دوایی وا پێشنیار کرا کە بیخەینە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو مادەیەش بەو شێوەیە کە هەیە چارەسەر بکرێ، چونکە ئەو پرۆژەیە تەواو بووە، لیژنەی یاسا گفتوگۆیان کردووە، ئەوەی تر وەکو گوتم بەدرەنگەوە بۆمان هات، نەکرا لیژنەی یاسا کۆبێتەوەو تەماشای ئەو پرۆژەیە بکات، بۆیە ئەمەی دوایی ئەکەینە پێشنیارێک پاشان باس ئەکرێ، ئەگەر ئێستا لیژنەی یاسا بفەرمێت دەست بکات بەو بابەتەی کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە با لەلایەن جەنابی سکرتێر پرۆژەکەمان بۆ بخوێندرێتەوە، پاشان لیژنەی یاساو لیژنەی خوێندنی بالاو نوێنەری حکومەتیش ئەگەر تێبینییەکیان هەبێ دەتوانن ڕوونی بکەنەوە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

رقم القرار:

تاريخ القرار:

قرار

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ماعرضه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / اصدار القانون الاتي:

قانون رقم ( )

قانون التعديل الاول لقانون التعليم العالي والبحث العلمي لاقليم كوردستان قانون رقم (١٢) لسنة ١٩٩٣

المادة الاولى: تعدل المادة الثالثة عشرة وتكون كالاتي:

يعين رئيس الجامعة بقرار من مجلس التعليم العالي و يشترط فيه ان يكون حاصلاً على شهادة الدكتوراه وبمرتبة استاذ مساعد على الاقل، ولاتقل خدمته الجامعية عن عشر سنوات.

المادة الثانية: تعدل المادة السابعة عشرة وتكون كالاتي:

يعين عميد الكلية بقرار من مجلس التعليم العالي بعد ترشيحه من قبل مجلس الجامعة ويشترط فيه ان يكون حاصلاًعلى شهادة الدكتوراه وبمرتبة استاذ او استاذ مساعد ولاتقل خدمته

الجامعية عن سبع سنوات.
المادة الثالثة: لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.
المادة الرابعة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.
المادة الخامسة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەوەی تر وەکو گوتمان دوێنێ کە بەدرەنگەوە بۆمان هات. کاک شێروان بیخوێنەوە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری بن.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، دوا بەدوای نووسراومان ژمارە (٧٠٦٤) لە ١٩٩٧/١٢/٢٧ بەنووسراومان ژمارە (٦١٩٨)ی رۆژی ١٩٩٧/١٢/٦ بۆ رەوانە دەکەین تکایە ئەو بڕگەیەی هاوپێچی ئەو نووسراوەمانە بخرێتە جێگای بڕگە (٣) لەپرۆژەی نووسراوی سەرەوەمان و بڕگە (٣) بکرێتە بڕگە (٤) وە (٤)یش ببێ بە بڕگە (٥) وەبڕگە (٥)یش ببێ بە بڕگەی (٦) لەگەڵ رێزماندا ئەوە نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران بوو، (المادة الثالثة) لێرە دەڵێ:
تعدل المادة التاسعة والعشرون وتكون كالاتي:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە یەک وا چاک کراوەتەوە، تکایە بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تعدل الفقرة الاولى من المادة التاسعة والعشرون وتكون كالاتي:
يعين رئيس هيئة المعاهد الفنية بقرار من مجلس التعليم العالي ويشترط فيه ان يكون من حملة شهادة الدكتوراه لاتقل مرتبته العلمية عن استاذ مساعد ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە بەکورتی دانانی سەرۆکی زانکۆکان وسەرۆکی پەیمانگاکانی هونەری کاتی خۆی وەکو ئێوە ئاگادارن بەهەڵبژاردن ئەکرا، داوا کراوە هەڵبژاردنەکە هەڵبوەشێندرێتەوە بکرێت بە دامەزراندن، واتە کورتەی هەردوو مادەکە ئەوەیە زیاتر نییە، لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم
هامشكم المؤرخ في ١٩٩٧/١٢/٦ والمسطر على اصل كتاب مجلس الوزراء المرقم (٦١٩٨)

والمؤرخ في ١٩٩٧/١٢/٦ . تؤيد لجنتنا بما جاء بمشروع قرار تعديل قانون التعديل الاول لقانون التعليم العالي و البحث العلمي رقم (١٢) لسنة ١٩٩٢ الوارد بكتاب مجلس الوزراء اعلاه، إلا ان لجنتنا ترتأي صدور الترشيح لتعين رئيس الجامعة من قبل مجلس التعليم العالي والبحث العلمي ومن ثم اصدار امر تعينه من قبل السيد رئيس مجلس الوزراء وحسب الصلاحيات المخولة له بموجب القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ . مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا، ئینجا دێینە سەر ئەو هەموار كردنەی كە كردوتانە، ئەو پێشنیارەی كە لیژنەی یاسا كردوویەتی هەر بۆ روون كردنەوەیە، چونكە لەوانەیە ئەو هەموارە پێش پەسەند كردنی یاسای ژمارە (١٠) كرابێ، بۆیە لیژنەی یاسا ئەو تێبینییەی جێگیر كردووە، ئەگەر نوێنەری حكومەت دەربارەی خوێندنی باڵاو مادەكە چ تێبینیەكی نەبێ؟ نییە، سوپاس واتە ئەوە وەكو خۆی مایەوە، ئێستا دێینە سەر لیژنەی خوێندنی باڵا ئەگەر چ راپۆرتێكیان هەیە دەربارەی ئەم بابەتە با بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئێمەش چەند تێبینیەكمان هەیە، ئەگەر مۆڵەتم بدەن بیخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك د.ناسح..

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم

م/رأي لجنة

اجتمعت لجنتنا حول قرار مجلس الوزراء حول مشروع التعديل الاول لقانون التعليم العالي والبحث العلمي لاقليم كوردستان رقم (١٢) لسنة ١٩٩٣ لا مانع لدى لجنتنا حول التعديل المذكور ولكننا نقترح اولاً اجراء التعديل على المادة الرابعة و كالاتي:

يتألف على المادة الرابعة وكالاتي:

(يتألف المجلس) واتە (مجلس التعليم العالي) بەبڕوای ئێمە پێویستە لەوێوە دەست پێ بكرێ

(يتألف المجلس برئاسة رئيس مجلس الوزراء وعضوية كل من:

١- نائب رئيس مجلس الوزراء - نائب الرئيس.

٢- وزير التربية - عضواً.

٣- مستشار مجلس الوزراء للدراسات العليا - عضواً.

٤- رؤوساء الجامعات في الاقليم - عضواً.

٥- رئيس هيئة المعاهد الفنية - عضواً.
٦- سبعة من اعضاء الهيئات التدريسية ممن هم بمرتبة استاذ او استاذ مساعد عند الضرورة مع مراعاة حقول الاختصاص و يشترط فيهم ان لايكونوا من عمداء الكليات واعضاء مجالس جامعات الاقليم او اعضاء هيئة المعاهد الفنية في الاقليم مع مراعاة التوزيع الجغرافي للجامعات كافة. ئەمە خاڵێکە لە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیراندا نەهاتووە، مادەی چوارە لەیاسای خوێندنی باڵا.
اما فيما يتعلق بالتعديل الصادر من مجلس الوزراء نقترح الصيغ الاتية:
المادة الاولى: يعين رئيس الجامعة بأمر من رئيس مجلس الوزراء بعد اقرار ترشيحه من قبل مجلس التعليم العالي ويشترط فيه ان يكون حاصلاً على شهادة الدكتوراه وبمرتبة استاذ مساعد على الاقل ولاتقل خدمته الجامعية عن (١٠) سنوات.
المادة الثانية: لرئيس الجامعة ترشيح ثلاث مرشحين لأشغال منصب عميد الكلية ويعين بأمر من رئيس مجلس الوزراء بعد اقرار ترشيحه من قبل مجلس التعليم العالي ويشترط ان يكون حاصلاً على شهادة الدكتوراه وبمرتبة استاذ مساعد على الاقل ولا تقل خدمته الجامعية عن سبع سنوات، كما نقترح اجراء التعديل الاتي على المادتين التاسعة الفقرة الاولى و الحادية والثلاثون الفقرة الاولى وكالاتي:
١- يعين رئيس الهيئة (هيئة المعاهد الفنية) بأمر من رئيس مجلس الوزراء بعد اقرار ترشيحه من قبل مجلس التعليم العالي ويشترط ان يكون حاصلاً على شهادة الدكتوراه وبمرتبة استاذ مساعد على الاقل ولاتقل خدمته الجامعية عن (٧) سنوات.
٢- يعين عميد المعهد بأمر من رئيس مجلس الوزراء بعد اقرار ترشيحه من قبل مجلس التعليم العالي ولاتقل مرتبته عن مدرس ولاتقل خدمته الجامعية عن (٥) سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با جارێ رای لیژنەی یاسامان گوێ لێ بێ، ئنجا دێینە سەر رای لیژنەی خوێندنی باڵا، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنها بەدواداچوونێکم لەسەر برگە یەکی، راپۆرتی لیژنەی خوێندنی باڵا هەیە کە ئەڵێت (تعديل المادة الرابعة من القانون رقم (١٢) لسنة ١٩٩٣) کەچی ئەو پێشنیارەی کە بۆ ئێمە هاتووە تەنها هەموارکردنی مادە (١٣) و مادە (١٧) دواتریش سەعات (٢) هەموارکردنی مادە (١٩)شمان بۆ هات، جا ئێمە ناتوانین مادەی چواری بیخەینە ناوی وگفتوگۆی لەسەر بکەین، چونکە بۆ ئەم هەموارکردنە دەبێ پرۆژەیەکی تر بۆ ئێمە بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەراستیدا جگە لەو تێبینیەی برادەرانی لیژنەی یاسا لەمەڕ راپۆرتی لیژنەی خوێندنی بالآ، دوو تێبینی تریش هەیە، یەکەم: لەخودی یاساکە یاسای ژمارە (١٢)ی ١٩٩٣ دیاری کردووە کە سەرۆکی وەزیران سەرۆکی دەزگایە و جێگرەکەشی جێگرە و وەزیری پەروەردە ئەندامە وئەندامانی لیژنەکەش دیاری کراوە، ئەوەی لەراپۆرتی لیژنەی خوێندنی بالآ بەرچاو دەکەویٚ و بەدەرە لەپێشنیاری حکومەت، پێشنیارێکیان کردووە کە راوێژکاری خوێندنی بالآش ببیٚ بە ئەندامی ئەو دەستەیە (هیئە) وابزانم ئەندامانی ئەم دەستەیە هەندێکیان بە هەڵبژاردن بوو بوون بە ئەندام لەو لیژنەیە، راوێژکاریش هەر فەرمانبەرە حکومەت دایدەمەزرێنیٚ، واتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دایدەمەزرێنیٚ، لەدەستەیەکی خوێندنی بالآ فەرمانبەرێک ببیٚ بە ئەندام لەوانەیە لەرووی پرۆتۆکۆلییەوە گرفت دروست بکات، لەبەر ئەوە ئەگەر حکومەتیش بیزانیبایە پێویستە خۆی پێشنیاری ئەم بابەتەی بکردبایە، دیارە بەپێویستیان نەزانیوە بۆیە داوایان نەکردووە، بۆ ئێمە لەسەریان بکەینە ماڵ. خاڵی تر مەبەستم برگەی یەکەمە، لیژنەی بالآ تەنها هاتووە جەختی کردووە، لەیاسای ژمارە (١٢) جێگیر کراوە ئەگەر تەمەشای یاساکە بکەین روون وئاشکرایە کە دەڵیٚ چۆن ئەم دەستەیە (هیئە) دروست بووە؟.

بابەتی (بأمر من رئیس الوزراء) لەوانەیە هەروەک لەسەرەتا وتم ئەم پرۆژەیە لەکاتێک داندراوە کە ئێمە یاسای ژمارە (١٠)مان پەسەند نەکرد بوو، هەندیٚ گرفت هەبوو لە دیاری کردنی دەسەلآت، بۆیە لەم پرۆژەیە هاتووە دەڵیٚ ئەنجوومەنی خوێندنی بالآ دەسەلآتی پیٚ بدریٚ بۆ دامەزراندنی سەرۆکی زانکۆ، بەلآم دوای ئەوەی ئێمە یاسای ژمارە (١٠)مان دەرکرد، ئەم یاسایە دەسەلآتی دا بەسەرۆکی وەزیران کە پلە تایبەتیەکان (درجات الخاصة) دابمەزرێنیٚ، کە سەرۆکی زانکۆش دەگرێتەوە ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، بۆیە ئەم بابەتە چارەسەر کراوە، لیژنەی یاساش لەراپۆرتەکەیاندا هەر هەمان چارەسەریان پێشنیار کردووە، ئەوانی تر کەباسیان کردووە هەندیٚ هەموار کردنە خستویانەتە سەر هەندیٚ مادە، لیژنەی خوێندنی بالآ داوایان کردووە کە چەند هەموار کردنێک بخرێتە سەری، وەکو گوتمان لەپرۆژەی حکومەت نەهاتووە پاشان ئێمە باسی دەکەین، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە دەست بە پرۆژەی حکومەت بکەین، ئەوەی کاک د.ناسح فەرمووی وەکو کاک محەمەد حەسەن باڵەتە باسی کرد، یان ئەبیٚ حکومەت پرۆژەیەک بنێریٚ بۆ هەموارکردنی یان ئەبیٚ (١٠) ئەندام پرۆژەیەک پێشکەش بکەن ئەو کاتە باسی دەکەین، لیژنەکان بۆی نییە پرۆژە پێشکەش بکەن، بۆیە من پێم وایە دەست پیٚ بکەین پرۆژەی حکومەت گفتوگۆ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، جا ئێمە دێینەوە سەر پرۆژەی حکومەت، ئەو پرۆژەی کە ئێستاکە خوێندرایەوە و حکومەتیش هیچ لاریەکی لەسەر نەبوو، واتە پێشنیاری لیژنەی یاسا، با لیژنەی یاسا بفەرمێت پرۆژەکە مادە بەمادە بخوێنێتەوە، فەرمووو کاک حسێن مادە یەک بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

قرار

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / اصدار القانون الاتي:

قانون رقم ( )

قانون التعديل الاول لقانون التعليم العالي والبحث العلمي لاقليم كوردستان رقم (١٢) لسنة ١٩٩٣

المادة الاولى: تعدل المادة الثالثة عشرة وتكون كالاتي:

يعين رئيس الجامعة بترشيح من مجلس التعليم العالي والبحث العلمي ويشترط في ان يكون حاصلاً على شهادة الدكتوراه وبمرتبة استاذ او استاذ مساعد على الاقل ولاتقل خدمته الجامعية عن عشر سنوات.

المادة الثانية: تعدل المادة السابعة عشرة وتكون كالاتي:

يعين عميد الكلية بقرار من مجلس التعليم العالي بعد ترشيحه من قبل مجلس الجامعة ويشترط فيه ان يكون حاصلاً على شهادة الدكتوراه وبمرتبة استاذ او استاذ مساعد ولاتقل خدمته الجامعية عن سبع سنوات.

المادة الثالثة: لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة الرابعة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الخامسة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستاکە پێشنیارێک هەیە ئەو پێشنیارەش بەرای من با هەر ئێستاکە ئەگەر جەنابی

وەزیر لاری نەبێ، با لیژنەی یاسا بیخوێنێتەوە، پێشنیارەکەش تەبەنی بکرێ و زیاد بکرێ پاشان دەرگای گفتوگۆ بکرێتەوە لەسەری مادە بەمادە دەخوێندرێتەوە، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الثالثة: تعدل الفقرة الاولى من المادة التاسعة والعشرون وتكون كالاتي:

يعين رئيس هيئة المعاهد الفنية بقرار من مجلس التعليم العالي و يشترط فيه ان يكون من حملة شهادة الدكتوراه لاتقل مرتبته العلمية عن استاذ مساعد ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک محەمەد، ئەگەر ڕوونکردنەوەیەک هەبێ.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە دوێنێ کاتژمێر دوو وەکو جەنابت فەرمووت گەیشتە دەستمان نەمانتوانی چارەسەری بکەین، ئێستا یان لیژنە یاسا ئەوە دەکاتە پرۆژە بۆ تەواو کردنی پرۆژەی حکومەت، یان پاش هەموار کردنی لیژنەی یاسا زیاد بکرێ ببێتە ماددە (٣) لەیاسای هەموارکراو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا ئەوەی من خوێندمەوە پرۆژە نەبوو ڕای لیژنە بوو، لەبەر ئەوە نازانم بۆ لێک درایەوە کە ڕایەکەی ئێمە گوایە خاڵی یەکەم پشتگوێ دەخرێ، بەڵام بابەتەکە تەنها ڕاوێژکاری خوێندنی باڵا نییە، لەو خاڵەی کە ئێمە باسی ئەکەین، بابەتەکە ئەوەیە لەزانکۆکانی کوردستان نوێنەری ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا کە تێیدایە تەنها ئەو مامۆستا بەڕێزانە کە لەئەنجوومەنی خوێندنی باڵان مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین، نوێنەری زانکۆکانی تری تێدا نییە یەکێ لەو گرفتانەش کە بە بەردەوامی دوو فاقی دروست دەکات ئەوانەی کە لەوێن زۆربەیان ڕاگری کۆلیژەکانن، کە ڕاگری کۆلیژە بەخۆی ئەندامە لە ئەنجوومەنی زانکۆ، بۆیە زۆر گرفتی زانکۆ جاری وا هەیە دێتەوە بۆ ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا، باشتر وایە ئەوانەی کە پێشنیارمان کردووە، نە ئەندامی ئەنجوومەنی زانکۆ بێ نەراگر بێ، و هەروەها نوێنەری هەموو زانکۆکانی تری تێدا بێ، ئەمەیە گرفتەکەی کە هەیە، حەز دەکەم بزانن جارانیش کە د.خسرۆ لێرە بوو کارگێری لیژنەکە بوو وئەندام بوو لە لیژنەکە، هیچ لەو ئەندامانەی لە لیژنەکەش بوون بەهەڵبژاردن دانەندراون، ڕێزم بۆ ئەم ڕایە، هەر هەموویان دامەزرێندراون، ئەو سێ کەسەی کە هەیە سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی و وەزیری پەروەردە بەحوکمی پلەکانیان ئەبنە ئەندام ئەوانەی کە هاتوون جگە لەسەرۆکی زانکۆکان و،

سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین نەبێ ئەوانی تر هەر هەموویان بەدامەزراندن هاتوون، بۆیە حەزم کرد چاو خشاندنەوەیەک بەم بابەتە بکرێتەوە، گۆڕینی ئەم یاسایە بەبێ ئەمە، چونکە ئەمە ئەبێتە بنچینە، کێ بریار ئەدا؟ کێ پالاوتن دەکات؟ بێگومان ئەنجوومەنی خوێندنی بالا، لەبەر ئەمە بە بڕوای من پێویستە لە ئەنجوومەنی خوێندنی بالا دەست پێ بکەین، بەلێ مادە (٤) چونکە ئەو بریار ئەدا سەرۆکی زانکۆ دابنێ، مادە (١) لەگەلّ مادە (٢) ئێمە تێبینیمان هەیە، بەلام کە ئێستا خوێندیانەوە هیچ تێبینیەکمان نییە لەسەری، چونکە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، هەمان دەقەکەی ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەم بابەتە بە تێری باس کرا، هەر وەک لەسەرەتاوە گوتمان پرۆژەکە بە دیاری کراوی هاتووە چیان ئەوێت، ئەگەر پرۆژەیەکی تر هەیە وەکو پرۆژە ئەوە رای لیژنەیە، کۆمەلێک هەموارکردن هەیە بەراستی ئێمە نازانین رای حکومەت چیە دەربارەی خوێندنی بالا لەم بابەتە وئەوەی خسرۆ، هەر لەیەکەمەوە دانانی خسرۆ وەکو راوێژکار نا یاسایی بوو، هیچ دەقێکی یاسایی نەبوو دەسەلات بدا بە سەرەک وەزیرانی ئەو کات کە ئەم کابرایە (خسرۆ) دابمەزرێنێ بە راوێژکار، دامەزراندنی لەوێ ئۆتۆماتیکیەکە نایاسایی بوو، ئەگەر بە دامەزراندنە ئەوە با ئەنجوومەنی خوێندنی بالا خۆیان بەویستی خۆیان، خەلک لا ئەدەن و خەلک دادەنێن، ئەوە دەسەلاتی ئەوانە ئەو یاسایە بەو شێوەیە ئەگەر پێویستی بە هەموار کردن هەبێ با ئەنجوومەنی وەزیران یان (١٠) ئەندامی پەرلەمان پرۆژەیەکمان پێشکەش بکەن لەبەرنامەی کار جێگری دەکەین، بەلام ئەوەی کە ئێمە دەیلێین، ئەو نموونانەی کە هێناتەوە نە بۆشایی یاسایی بوو نەبوونیشیان لەوێ یاسایی بوو، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن بالەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادە (٣) ئەوە رای لیژنە نییە، ئەوە دارشتراوێکە (صیغەیە) لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە، تەواوکەری پرۆژەی یەکەمە، پرۆژەی ئەنجوومەنی وەزیران کە دەیانەوێ مادە (٣) هەموار بکەین، چونکە دوێنێ فریا نەکەوتین چارەیەکی تری بکەین ودەیکەینە پرۆژە و دەیخەینە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، وابزانم روونە کاک د.ناسح حەز دەکەی مادەکە دەخوێنمەوە وبۆ ئەوەی بچەسپێت.

المادة الرابعة: يتألف المجلس برئاسة رئيس مجلس الوزراء وعضوية كل من:

١- نائب رئيس مجلس الوزراء - نائباً للرئيس.

٢- وزير التربية - عضواً.

٣- رؤوساء الجامعات في الاقليم.

٤- رئيس هيئة المعاهد الفنية في الاقليم.
٥- سبعة من اعضاء الهيئات التدريسية ممن هم بدرجة استاذ او استاذ مساعد عند الضرورة، مع مراعاة حقول الاختصاص.

ئەوەی ئێوە پێشنیارتان کردووە وەکو لیژنە نەدەبێ مامۆستا بێ، نەدەبێ راگر بێ،....هتد، ئەی چ بێ؟ ئەگەر لە بواری خوێندن نەبێ ئەی چ بێ؟. جەنابی وەزیر نوێنەری حکومەت ئەگەر پشتگیری لەلایەک بکات بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە فەرموو کاک ئیدریس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان پرۆژەکە روونە، ئەو ماوەی، یان ئەو (٤) ساڵەی کە بەڕێزان سەرۆکی زانکۆ و راگری کۆلێژەکان کە راسپێردرا بوون بەهەڵبژاردن وئەو ئەرکەیان پێ سپێردرا بوو تەواو بوو.

لەبەر ئەوە پرۆژەی حکومەت دیاری کراوە بۆ ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە بکرێتە دامەزراندن، چونکە ماوەکە تەواو بووە دیاری کراوە، ئەو خاڵەی لیژنەی خوێندنی باڵاش لەسەر ئەم خاڵە روونە من جیاوازیەکی لێ نابینم ئەگەر ئەوان راگرەکیان وەکو ئەندامی دەستەی خوێندنی باڵایە، راگریش ئەندامی دەستەی خوێندنی باڵایە و وانەش دەڵێتەوە، ئەگەر راگر دانەنێن خۆ یەکێکی تر دادەنێن، مەرجیشیان بۆ داناوە، واتە جیاوازی نییە زۆر روونە، سەرۆکەکە و جێگرەکە و وەزیری پەروەردە و (٧) ئەندامی دەستەی خوێندنی باڵا، سەرۆکی زانکۆی سلێمانی و دهۆکیشی تێدایە لەگەڵ سەرۆکی دەستەی پەیمانگای هونەری، بەدامەزراندن گرفتی زۆرمان بۆ چارە دەکات، چونکە نەزانکۆی سلێمانی و نەزانکۆی دهۆک هەڵبژاردنی لێ نەکراوە، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە بارێکی نائاسایی بوو (٥٠) بە (٥٠) بوو، دامەزراندنی سەرۆکی زانکۆ هەندێک ئەزیەت بوو، بەڵام ئێستا ئەو شتانە نەماوە، لەبەر ئەوە ئەم پرۆژەیە بەم جۆرە پێشنیار کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وابزانم ئێستا خاڵەکان روون بۆوە. بێگومان ئێمە رازی بووین بەو هەموارکردنە، چونکە حکومەتیش بەرهەڵست نییە لەسەری و، هەر دەبێ بکرێت، چونکە (سەرۆکی دەزگای پەیمانگاکان) هەر لە هەمان مادەدا هاتووە، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: تعدل المادة الثالثة عشر وتكون كالاتي:

يعين رئيس الجامعة بترشيح من مجلس التعليم العالي والبحث العلمي ويشترط فيه ان يكون حاصلا على شهادة الدكتوراه وبمرتبة استاذ او استاذ مساعد على الاقل ولا تقل خدمته الجامعية عن عشر سنوات.

ئەمە مادە یەکە کە هەموارکردنی مادە سیازدەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە لەسەر ئەم مادەیە، با ناوەکان بنووسین، یەک تێبینیمان هەیە تکایە دووبارە نەبێتەوە، تەنها گفتوگۆ لەسەر ئەم مادەیە بکەن.

ناوەکان:

بەڕێز جەمیل عەبدی، بەڕێز عەبدولخالق، بەڕێز ئەمین مەولود، بەڕێز ئیبراهیم سەعید، بەڕێز د. سەلیم، مامۆستا مەلا تاهیر، بەڕێز بورهان جاف، بەڕێز د. رزگار.

فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من وەکو ئەندامێکی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا، پشتگیری لە پرۆژەی حکومەت دەکەم، ئەمە یەک.

دووەم، رێزم هەیە بۆ بەڕێز د. ناسح غەفور، بەڵام ئەوەی خوێندیەوە رای لیژنەی خوێندنی باڵا نییە، چونکە لە بڕگە (٥)ی مادەی (٣٥) لە پێڕەوی ناوخۆدا هاتووە: (یکتمل نصاب الاجتماع بحضور اکثریة اعضاء اللجنة). ئێمە شەش ئەندامین تەنیا سێ ئەندام ئامادە بوونە، خۆی لە کۆی شەش ئەندام دەبێ چوار ئەندام ئامادە بن، ئینجا رایەکە دەبێتە رایەکی تایبەت بە خۆی، لەبەر ئەوە ئەوەی بەڕێز د. ناسح خوێندیەوە هیچ یاسایی نییە لەگەڵ رێزم بۆ بەڕێزی و، ئەمە بۆ ئاگاداری بەڕێزتان بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کۆی ئەندامی لیژنەکەتان چەندە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

شەش ئەندامە، دەبێ چواری ئامادە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنیا سێ ئامادە بووە؟، هەرچەندە نەنووسراوە لە مادەکە، بەڵام دیارە دکتۆر سەرۆکی لیژنەیە کەواتە زۆربەی ئامادە بووە، ئەگەر زەحمەت نەبێ هەردوو لیژنەو، حکومەت تێبینییەکانی خۆیان بنووسن. فەرموو بەڕێز عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی پێم خۆش بوو سەرۆکی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا، یان جێگرەکەی لێرە لەم گفتوگۆیەدا ئامادەبوونایە.

دووەم: هۆیە پێویستییەکانی ئەم هەموارکردنە چییە؟ ئەمیش هیچ ئاماژەی بۆ نەکراوە، ئەبووایە

دوای چوار ساڵ تاقیکردنەوە (تجربە) هۆیە پێویستییەکان (اسباب موجبە) هەبێ بۆ هەموارکردنی یاسا.
سێیەم: ئایا ئەمە پاشگەزبوونەوە نییە لە دیموکراتیەت لە کوردستاندا؟ ئەمە پرسیارێکە ئاراستەی دەکەم بۆ ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاو، ئەنجوومەنی وەزیران و، پەرلەمان، من ئەمە بە پاشگەز بوونەوە دەزانم، ئەمە رەوا نییە کە کاتی خۆی بەربەرەکانێ هەبووە ئێمە هەڵبژاردنمان کردووە، ئێستا کە ئەم گیروگرفتانەش نییە دەبێ ئێمە زیاتر پابەند بین بە دیموکراتیەت، من لەبەر ئەوە دژی ئەو هەموارکردنەم بە هەموو خاڵەکانییەوە، لە مادە (١) و (٢) هەتا سەبارەت بە سەرۆکی دەستەی پەیمانگا تەکنیکییەکان، لەبەر ئەوە بە پاشگەزبوونەوەیەکی زۆر خراپی دەزانم لە ئەزموونی دیموکراتی لە کوردستاندا کە رۆژ بە رۆژ بەرەو گرژبوونەوە دەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز ئەمین مەولود ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم سەرۆکی زانکۆ مەرجەکەی ئەوە بێت: (ان یکون حاصلا علی شهادة دکتوراه وبمرتبة استاذ) نەک (استاذ مساعد علی الاقل)، چونکە بەراستی ئەگەر سەیری مادەکانی دیکە بکەین دەبینین راگری کۆلیژێک، یاخود سەرۆکی پەیمانگا تەکنیکییەکان بە پلەی (استاذ مساعد) هاتوون ئەمە ئەبێت (جائزە)، بەڵام بەلای منەوە بۆ ئەوەی جیاوازی هەبێت لە نێوان راگری کۆلیژەکان و، سەرۆکی پەیمانگاکانی تەکنیکی لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ کە پلەیەکی گەورەیە ئەمە بکرێت بە (بمرتبة الاستاذ)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئەمین، تکایە ئەم پێشنیارە تۆمار بکرێ. بەڕێز ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ژمارەیەکی زۆر کەم لە زانکۆکانی جیهان سەرۆکی زانکۆ بە هەڵبژاردن دادەنێن، زۆربەی زۆریان بە دامەزراندنە، بەشێک لە زانکۆکانی بەریتانی نەک تەنیا سەرۆک زانکۆ و راگری کۆلیژەکان، بەڵکو سەرۆک بەشەکانیش مامۆستایان لە نێوان خۆیاندا سێ مامۆستا هەڵدەبژێرن بە پێی (استفتاء)، ئینجا وەزارەتی پەیوەندیدار یەکێک لەو سێ کەسانە هەڵدەبژێری و دایدەمەزرێنێ.
باسی دیموکراتی کرا پارتی یەکەم کەسە کە باوەڕی بە دیموکراتیەت هەبووە، وسور بوو لەسەر ئەم هەڵبژاردنە، چونکە لایەنێک وا لێکی دەدایەوە کە پارتی دەترسێ بچێتە ناو ئەم هەڵبژاردنە، بەڵام پارتی چووە ناو هەڵبژاردنەکەو سەرکەوتیش، بەڵام ئەو کاتەش باوەڕی پێ نەبوو ،رای وا بوو دامەزراند باشترە.

خراپییەکانی (مساویٔ) ئەم هەڵبژاردنە چین؟. من دەتوانم بیخەمە چەند خاڵێک: ١ـ هەڵبژاردنی سەرۆکی زانکۆ دەبێتە هۆی دروست کردنی کەرت بوون نەک تەنیا حزبی، بەڵکو هی ناوچەگەریش.

٢ـ پاڵێوراو بۆ ئەوەی چەند دەنگێک وەربگرێ، لەوانەیە بەڵێن بدات بە چەند مامۆستایەک ئەگەر دەربچێت چەند (ئیمتیازاتێکیان) پێ دەدات، کە بێگومان ئەو (ئیمتیازانەش) ناشەرعیینە.

٣ـ زۆر مامۆستا هەنە کە مامۆستای زانکۆن، و بێ لایەنن، ولێهاتوون، و زۆر بە تواناشن بۆ وەرگرتنی پلەی سەرۆکی زانکۆ، بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ لایەنێکی حزبی نییە، لەوانەیە نەتوانێ دەنگ بۆ خۆی پەیدا بکات، لێرە زانکۆ دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێ و، دایبمەزرێنێ، ئەمە بابەتی سەرۆکی زانکۆیە.

سەبارەت بە بابەتی بڕوانەمە (شهادات)، من پێموایە بڕوانامەی دکتۆراه بۆ ئەو پلانە گونجاوە، واتە نەچینە ناو بابەتی (استاذی)، لەبەر ئەوە لەوانەی بڕوانامەی پاڵێوراو، یان ساڵانی خزمەت لێرە زۆر گرنگەو، ئەگەر پلەیەکی وەرگرتبێ وەک سەرۆک بەش، یان راگری کۆلیژ، ئینجا ببێت بە سەرۆکی زانکۆ کەسێک تەنیا وانەی گوتبێتەوە، تۆ بیکەیتە سەرۆکی زانکۆ لەوانەیە پسپۆری نەبێت لەلایەنی بەڕێوەبەردنەوە.

٤ـ ئێمە لە کوردستاندا پێویستیمان بە هەندێک پرۆفیسۆر هەیە، لە جیاتی ئەوەی سوودی لێ وەربگرین بۆ فێرکردنی قوتابیان و، هەروەها ماجستێر، بهێنین دایبمەزرێنین بە سەرۆکی زانکۆ، لەوانەیە سوودی زیاتر بێت، ئەگەر مامۆستا بێت لەو زانکۆیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم، بەڕێز د. سەلیم فەرموو.

**بەڕێز د. سەلیم عەلی حاجی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێکی زۆری قسەکانی من، کاک ئیبراهیم کردی، چونکە سەرۆکی زانکۆ بەرای ئێمە کارێکی ئیداری و سیاسییە، نزیکەی (٨٠٪) زیاتر کارەکەی ئیدارییە، پلەی زانستی لێرەدا هیچ پێویست نییە، بۆ نموونە سەرۆکی زانکۆی دهۆک، نە بەس (استاذ) نییە، بەڵکو (استاذ مساعد)و (مدرسیش) نییە، تەنها (مدرس مساعد)ە، بەڵام کاروباری بەڕێوەبردن باش دەکات، زانکۆی دهۆک ئێستا لە زانکۆی سەلاحەدین و، زانکۆی سلێمانی باشتر بەڕێوە دەچێت، لەبەر ئەوە بەرای من پلەی زانستی بۆ سەرۆکی زانکۆ پێویست نییە، بەڵام ئەگەر بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت زۆر باشە، پێشنیار دەکەم مادەکە بەم شێوەیە بێت: (يعين رئيس الجامعة بقرار من مجلس التعليم العالي ويشترط فيه ان يكون حاصلا على شهادة الدكتوراه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. سەلیم. مامۆستا مەلا تاهیر با بفەرمووێ.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا پێویستە بۆ روونکردنەوەی ئەم هەموارکردنانە هۆکارە پێویستییەکان هەبێت.

سەبارەت بەرای لیژنەی یاساییەوە کە دەڵێ پێویستە پالاوتنەکە لە ئەنجوومەنی خوێندنی بالاو، فەرمانی (ایصال) لەسەرۆک وەزیرانەوە بێت، پێم وایە هەرواش رەوایە.

دووەم، سەبارەت بەو پاشکۆیەی کە دوێنێ هاتووە، ئەگەر بێتو ئەو پاشکۆیە بچێتە ناو ئەم هەموارکردنەوە دەبێ برگە (١)ی مادە (٣١)یش هەر هەمان هەموارکردن بێتە سەری، چونکە هەر هەمان شێوەیە ئێمە ئەگەر بنەمای هەڵبژاردن واز لێ بێنین دەبێ ئەمەش چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا ئەوە رەچاو کرا لەناو گفتوگۆدا، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان دەبێت لایەنێک هەبێت بۆ بریاردان لەسەر دامەزراندنی سەرۆکی زانکۆ، ئەوەی بەڕێز حسێن خوێندیەوە دەڵێ (بترشيح من مجلس التعليم العالي)، ئەو پرۆژەی لەلای ئێمەش هاتووە دەڵێ: (يعين رئيس الجامعة بقرار من مجلس التعليم العالي)، واتە ئەو پالاوتنە ببێتە دامەزراندن جێگای خۆی دەگرێتەوەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک بورهان، بەڕێز د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من دەمەوێ راستکردنەوەیەک بۆ قسەکانی بەڕێز جەمیل بکەم کە ژمارەی ئەندامانی لیژنەی خوێندنی بالا حەوتە، نەک شەش، ئەمە تەنیا بۆ تێبینییە، ئەمە یەک.

دوو: دەربارەی هۆکارە پێویستییەکانی ئەم هەموارکردنە بەپێی حوکمی ئەزموونی ئێمە لەگەڵ ئەواندا نابینم (اسباب موجبە) هەبێ، لێرەدا داوا دەکەم لە نوێنەری حکومەت ئەگەر زیاتر روون کردنەوە بدات بۆ ئەم پرۆژەیەو، بۆ ئەم هەموارکردنە لە سیستەمەکی دیموکراتی و، سیستەمەکی هەڵبژاردنی و، سیستەمەکی دامەزراندن، لەوانەیە هەردووکیشیان سوودی خۆیان هەیەو، لێرە داوا دەکەین نوێنەری حکومەت هۆکارە پێویستییەکانی خۆیان بداتە ئێمە، ئەمە یەک.

دوو، دووپاتی قسەی برادەران دەکەمەوە کە پلەی زانستی لێرەدا زۆر پێویست نییە (استاذ)

بێت، یان (استـاذ مسـاعـد) بێت، تەنیـا بڕوانامـەی دکـتـۆرای هەبێت بەسـە، چونکە پلەیەکی بەڕێوەبەرایەتییە، لەوانەیە ئەگەر هاتوو (استـاذەکی) پرۆفیـسـۆر بێت، یان (استـاذەکی) تەواو بێت، یان یاریدەری (استـاذ) بێت، کێشانی ئەو مامۆستایە بۆ کارێکی بەڕێوەبەرایەتیی بێگومان زەرەرە لەلایەنی زانستی بۆ قوتابیانی زانکۆ، لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە بڕوانامەی دکتۆراه بەسە بۆ ئەوەی ئەو کەسە دابمەزرێت، یان بپاڵێورێت بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ، چونکە کارێکی ئیدارییە، بەڵام لە کاری زانستی دوور دەکەوێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوانەی کە ویستیان قسە بکەن تەواو بوون، ئەگەر حکومەت چ تێبینییەکی هەیە؟، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە پرۆژەی حکومەت دەکەم، هۆکارە پێویستییەکانیش زۆر روونە، لەوانەیە ئەوەی ئێمە کردمان ئەزموونێکی هەڵە بوو، چونکە نە لە سلێمانی کراوە، نە لە دهۆک کراوە، تا ئێستا دەنگی هیچ کەسێک بەرز نەبۆتەوە بۆ ئەوەی بڵێن بۆ هەڵبژاردنتان نەکردووە، ئەمە چوار ساڵە بەسەر چووە یەک دەنگ لەناو پەرلەماندا بەرز نەبۆتەوە بڵێ بۆ لە سلێمانی هەڵبژاردن نەکراوە؟ یان بۆ لە دهۆک هەڵبژاردن نەکراوە؟، ئێمە جاری باسی خۆمان دەکەین لە بەغداش هەڵبژاردن نەکراوە لە ئێرانیش هەڵبژاردن نەکراوە لە تورکیاش هەڵبژاردن نەکراوە، لە سوریاش هەڵبژاردن نەکراوە، دیموکراتیەت ئەخەمە سەر شێوەی گۆمێکی پڕ لە ئاو، ئێمە دڵۆپێکین لێی چەند ئێمە پاکین ئەوانی تر پیس بن، تێکەڵ دەبێت لەگەڵ یەک وەکو یەکی لێ دێت، باوەڕ بەمە ئەکرێ ئێمە شتێکی (شاذ) بکەین؟، هەڵبژاردن لە ناوچەی ئێمەدا نەکراوە، ئێمەش ناترسێین، ئێستا ئێمە بچینە ناو هەڵبژاردن فەراشی زانکۆش بپاڵێوین ئەو دەردەچێ و، هەرچۆنیش بێت، خەڵک دەڵێت خۆیان حاکمن لەوێ خۆیان هەموو شتێکن لەوێ بۆیە ئەوان دەرچوون هیچ بایەخێک بە هەڵبژاردنی ئێستا نادرێت و، ئێمە ئێستا لێرەدا بەتەنیا حاکمین و، کەس ناڵێت ئافەرین، چونکە پاڵێوراوی ئێمە دەردەچێت، ئەوەی ئێمە دەیپاڵێوین، باوەڕ ناکەم کەسی دیکە هەبێت سەری خۆی بێشێنی بڵێ من خۆم دەپاڵێوم و، پێشبڕکێ دەکەم، هۆکاری پێویستییەکان وەکو دەڵێم لە هیچ جێگایەکدا نەکراوە، چوار ساڵ هەڵبژاردن نەکراوە، کاک د.رزگار، یان کاک عەبدولخالق بۆ هاواریان نەکرد ئەرێ دهۆک هۆکارە پێویستییەکان چییە کە تۆ هەڵبژاردن ناکەیت؟، سلێمانی بۆ تۆ هەڵبژاردنت نەکردووە؟ بۆ ئێستا دەنگ هەڵدەستێت؟ من دەقاو دەق پشتگیری لە پێشنیاری حکومەت دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هۆکارە پێویستییەکان پەیوەندیی بەوەوە نییە کە مرۆڤ لەگەڵە، یان دژە، هۆکارە پێویستییەکان بۆ

هەر یاسایەک، یان هەر هەموارکردنەک پەیوەندیی بە پشتگیری یان پشتگیری نەکردن نییە، تەنها بۆ روون کردنەوەیە، خۆزگە ئەم بڕیارە هۆکارە پێویستییەکانی لەگەڵدا بایە، وابزانم ئەم بابەتە گفتوگۆی لەسەر کرا، ئەگەر ماوە بدەن حکومەتیش قسە دەکەن با تەواوی بکەین، فەرموو د. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی هۆکارە پێویستییەکانمان کرد، کاک فرەنسۆش روونکردنەوەی دا، زانکۆکانی ئێمە لە بارودۆخێکی تایبەتی دان، ئەوەی لەناو زانکۆ بێت بارودۆخی زانکۆ باش دەزانێت کاتی خۆشی زۆرمان باوەڕمان بە هەڵبژاردنی زانکۆ نەبوو بەراستمان نەدەزانی، بەڵام سەپێنرا، لەبەر هەندێ زێدە رۆیی و شتی دیکە هەتا پارتی بەوە تاوانبار دەکرا کە خەڵکی رۆشنبیرو مامۆستای زانکۆ و ئەو کەسانەی لەگەڵدا نییە، هەندێ کەس لە یەکێتی وا (استفزاز)ی ئێمەیان دەکرد کە بە مەرجەکانی هەڵبژاردن رازی بین، هەرچەندە ئێمە دەمانزانی کە لە زانکۆکانی جیهاندا دانانی سەرۆکی زانکۆ هەر بە دامەزراندن بووە، چونکە زانکۆ دەزگایەکی زانستییە، زانکۆ تایبەتمەندی خۆی هەیە، زانکۆ سیاسەت نییە، بچی سیاسیەت بەیتە ناو زانکۆ بەو شێوەیەی کە بەڕێز عەبدولخالق بۆی دەچێت، ئەمە لە ئەنجامی بەڕێوەبردنی ئەم چوار ساڵەش، لایەنە خراپەکانی زیاتر بوو، لەلایەنە چاکەکانی، ئەوەی لە نزیکەوە شارەزای کاروباری زانکۆ ببی، جگە لە هۆیەکانی دیکە کە باس کرا، لە سلێمانی و دهۆک کە هەڵبژاردن نەکراوە بێگومان ئەوەش هۆی خۆی هەیە، لەوانەیە ئەو کادیرەی کە مەرجی هەڵبژاردنی تێدا بێت، ئەو مەرجانەی کە بۆی دانراوە لەوانەیە تێیدا نەبێت، یان کەسێک هەڵبژردرێت و، حزبەک خودانی (تبنی) بکات، ئەمڕۆ پارتی لە هەولێر حاکمە هەر مامۆستایەک هەڵبژێرێت بە ئاسانی دەردەچێت، ئەو کاتە دەڵێن ئەوە خۆیان وایان کرد، بەڵام جگە لەوەی ئەو چوار ساڵەی دەبێتە ماڵ لەسەرت نەدەتوانی بیگۆڕیتەوە نە دەتوانی ئیجراء بکەیت، ئەگەر ئەو کەسە زۆر لایەنی خراپیشی تێدا بێت، لایەنە خراپیەکەی زۆر زۆر زیاتر دەبێت، ئێمە لەگەڵ واقیعدا مامەڵە دەکەین، نامانەوێ شتی بیردۆزەیی بێنین و، داینێین و، هەر باسی دیموکراتیەت بکەین بە چەند وشەیەک بەخۆشمان لەولاوە بە جۆرێکی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. سەبارەت بەو بڕگەیە کە بەڕێز ئەمین مەولود ئاماژەی بۆ کرد کە سەرۆکی زانکۆ تەنیا (استاذ) بێت، یەکەم ژمارەی (استاذ) زۆر زۆر کەمە، تۆ چەند (حصری) بکەی بە پلەی زانستی ئەو کەسانە نابێ کە بۆ سەرۆکی زانکۆ بیانپاڵێوی، وا باوە چەند کەسێک دەپاڵێورێن لە نێوان ئەو چەند کەسە کامیان لە هەموویان باشترە لەلایەنی ئابووری و، لایەنی زانستی کە گونجاوە بۆ ئەم جێگایە، ئەوجا هەڵدەبژێردرێت، واتا بەتەنیا یەک کەس ناپاڵێورێت، لەوانەیە سێ کەس بپاڵوێرێن، لە نێوان ئەم سێ کەسە یەکێک هەڵدەبژێردرێت پلەی زانستی بە پلەی (استاذ) لە هەندێ کۆلیژەکانی زانستی هەر نییە وەکو کۆلیژەکانی (پزیشکی، ئەندازەو، زانست و پەروەردە) زۆری لە ئاداب کۆبۆتەوە واتا چەند کەسێک هەیە لە کۆلیژی ئاداب، پاشان

وەکو دکتۆر سەلیم ئاماژەی بۆ کرد ئەرکی سەرۆکایەتی کردنی زانکۆ زیاتر بەڕێوەبردنە، بەشی زانستی پلەی زانستی پێویستە، بەشی زانستی (علمیەتی) ئەو کۆلیژەو ئەو زانکۆیە دیاری دەکات کە کەسانێکی زانستی بۆ سەرۆکی بەشەکان دابنرێن، بەڵگەش ئەوە زانکۆی دهۆکە، سەرۆکی زانکۆی دهۆک دکتۆر نییەو، نازناوی زانستیشی نییە، بەڵام بەڕێوبردنەکەی زۆر رێکوپێکە، زانکۆکە سەرکەوتووە، لە هیچ بوارێکدا من گوێم لە گلەیی نەبووە زۆر هاتووچۆی زانکۆ دەکەم، زۆر پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستاکانی زانکۆی دهۆک هەیە، زانکۆکە زۆر بەرەو پێش چووە، لە هەموو بوارەکاندا پێشکەوتووە، چونکە بەڕێوبردنەکەی باشە، ئەمڕۆ زیاتر شتەکە پەیوەستی بە بەڕێوەبردن هەیە.

سەبارەت بە برگەیەکی دیکە من وەکو حکومەت داوا دەکەم دەستەی پەیمانگا تەکنیکییەکان برگەیەکی بۆ زیاد کرا، بەڵام بۆ راگرەکان (عمداء) نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ئەویش وەکو راگری کۆلیژەکان بێت؟.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، ئەویش زیاد بکرێت لە یاساکەدا بۆ ئەوەی تەواو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. ئیدریس. بەڕێز عەبدولخالق تێبینییەکی هەیە، تکایە بە کورتی.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من بەرگریم کردووە لە بنەمای دیموکراتیەت، ئەگەر لە شوێنکی وەکو سلێمانی و دهۆک کەموکوری بووە، ئەوە دەرچوون بووە لە یاسا، تاکو ئێستا من ئەو قسەیەم نەکردووە، لەبەر ئەوەی ئەمە چوار ساڵەکە تەواو بوو، من وا تێگەیشتووم تا سەری ساڵە هی سەرۆکی زانکۆ، لەبەر ئەوە لە نێوان هەردوو بنەمای دامەزراندن و، دیموکراتیەت من، بنەمای دیموکراتیەت هەڵدەبژێرم، ئەمەش من وابزانم پێویستە پارتی مەدالیایەکی لە سنگی بێت، مەبەستم ئەوە نییە بەرگری لە سلێمانی و شوێنی تر بکەم، تکام وایە بابەتەکان با (ابعادی) خۆی وەربگرێ، لە بەر ئەوەی کراوە من ئەوە بە پاشگەز بوونەوە دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەبدولوخاق. بەڕێز د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو کادیرێکی پارتی زۆرباش دەزانم پیرۆزی هەڵبژاردن لای پارتی چەندە، هەرچەندە من

داوای هۆکاره پێویستییەکانم کرد، من نەمگوت یان ئەوە، یان ئەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوە، لەبەر ئەوەی بابەتەکە هاتە سەر ئەوە من چاک دەزانم هەڵبژاردن لای پارتی زۆر پیرۆزە، ئەو هەڵبژاردنەی لە زانکۆی سەلاحەدیندا کرا، نە (شاذ) بووە نە هەڵە بووە، بە پێچەوانەوە شتەکی زۆر گەورە بوو گەڕاوە بۆ پارتی، زۆر پروپاگەندە لەسەر پارتیدا کرا کە حزبەکی خێڵەکییە (عەشائریە)، حزبەکی کۆنە پەرستە، لە رۆشنبیران دوورە، ئەو ئەزموونی هەڵبژاردنە بۆ پارتی، بەڵگەیەکی زۆر روون و بە نرخی پێشکەش کرد کە پارتی چەند لەناو ناوەندی کۆمەڵگای رۆشبیران دایەو، چەند بە نرخە، من ئەوەم داخواز کردبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس د. رزگار. وابزانم ئەم بابەتە بە تێروتەسەلی باسکرا، ئەوانەی کە ویستیان قسە بکەن ناونووسمان کرد. فەرموو کاک یۆنادم.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز ئیبراهیم سەعید دەکەم، بابەتی زانکۆ و سیاسەت زۆر دوورن لەیەک، مەسەلەیەکی زانستییەو، دەمەوێ دووپات کەمەوە بۆ برای بەڕێز عەبدولخالق کە قەناعەتی من وایە تاکو ئێستا کاک عیسمەت لە دهۆک سەرکەتووترین سەرۆکی زانکۆ بووە، بەڵام دەبێ کاک عەبدولخالق بزانێ تا ئەم ساتە کاک عیسمەت بێ لایەنە، ئەو رێی نەداوە بۆ کەسێک بچێتە ناو کاروباری سیاسی لە دهۆک، کە لەوانەیە لە هەڵبژاردن لە دهۆک زیاتر (٨٠٪) پارتی دەنگی هێنا بوو، نە پارتیش رێگای بەخۆی دا بچێتە ناو کاروباری خۆی ئەوەش هەیە، دەبێ لای برادەران روون بێت لێرە مەسەلە پەیوەندیی بە سیاسەت و حزبەوە نییە لە دهۆک تەنیا بۆ بەدواداچوون بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک یۆنادم، وابزانم ئەم بابەتەمان بە تێروتەسەلی باس کرد، دەیخەینە دەنگدانەوە.
مادە یەک وابزانم پەیوەندیی بەوەوە نییە. ئەگەر زەحمەت نەبێ بەڕێز حسێن داڕشتنەکەمان بۆ بخوێنەوە بزانین چی لێ هات؟.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الأولى: يعين رئيس الجامعة بترشيح من مجلس التعليم العالي والبحث العلمي، ويشترط فيه ان يكون حاصلاً على شهادة الدكتوراه وبمرتبة استاذ، أو استاذ مساعد على الاقل ولا تقل خدمته الجامعية عن عشر سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە دەخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە..دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ

نییه؟.. به زۆربەی دەنگ پەسند کرا. سوپاستان دەکەین.
مادە (٢). فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثانية: تعدل المادة السابعة عشرة وتكون كالآتي: (يعين عميد الكلية بقرار من مجلس التعليم العالي بعد ترشيحه من قبل مجلس الجامعة ويشترط فيه ان يكون حاصلاً على شهادة الدكتوراه وبمرتبة استاذ، او استاذ مساعد ولا تقل خدمته الجامعية عن سبع سنوات).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە مادە دووە،کە هەموارکردنی مادە حەڤدەیە، ئەگەر زەحمەت نەبێ مادە (١٧) بخوێنەوە بۆ ئەوەی ئەندامانی بەڕێز ئاگادار بن لە ناوەڕۆکەکەی.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

المادة السابعة عشرة: يرأس كل كلية عميد يشترط فيه ان يكون حاصلاً على شهادة الدكتوراه وبمرتبة استاذ او استاذ مساعد لا تقل خدمته الجامعية عن سبع سنوات على الاقل، وذلك بعد انتخابه من قبل اعضاء الهيئة التدريسية في الكلية ممن هم بمرتبة مدرس فما فوق ويعين بقرار من مجلس الوزراء بناءاً على توصية المجلس ولمدة اربع سنوات ويتولى الاختصاصات التالية:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێویست ناکات (اختصاصات) بخوێنیتەوە، چونکە بێگومان وەکو خۆی ماوەتەوە. فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مادەیە مادەی بنەڕەتییە لە یاسای ژمارە (١٢)، ئەگەر تەماشای بکەین لە کۆتایی بڕگەکەدا هاتووە :(ويتولى الاختصاصات التالية)، بەڵام لە هەموارکردنەکە ئەم بڕگەیە نەنووسراوە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئەم مادەیە ببێتە دوو بڕگە، بڕگەی یەک ئەوەی بە (مجلس وزراء) هاتووە، بڕگە (٢) (يتولى الاختصاصات التالية)، چونکە ئەم (يتولى الاختصاصات التالية) لەناو مادە بنەڕەتییەکەیە، یانی هەموارکردنە هەر هەتا (ولمدة اربع سنوات)ە، ئینجا بڕگەکە تەواو دەبێت، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئەوە ببێتە دوو بڕگە یاخود هەمان بڕگە تەواو بکەین وەکو ئەمە (ويتولى الاخصاصات التالية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە شتێکی تەکنیکیە باوەڕ دەکەم چ ناگۆڕێ لەم بابەتە؟. فەرموو د. ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غــــەفـــــور رەمـــــەزان:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو تێبینییەی کە گوایە ئەمە رای لیژنە نییە، تکام وایە ئەو ئەندامانەی ئەم رایەیان هەیە حەز دەکەم لەمەودوا رەچاوی ئەوە بکەن ئەوەی کەوا دێتە لیژنەکانەوە لە هەولێر بێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئامادە بێت، چونکە دیارە گیروگرفت دروست دەبێت.

سەبارەت بە مادەی (٢)، ئێمە تێبینیمان هەیە بە حوکمی ئەوەی خۆی ئەنجوومەنی زانکۆ نامێنێت، لەبەر ئەوە (لرئيس الجامعة ترشيح ثلاثة مرشحين لاشغال منصب عميد الكلية يعين بأمر من رئيس مجلس الوزراء بعد إقرار ترشيحهِ من قبل مجلس تعليم العالي، ويشترط ان يكون حاصلاً على شهادة الدكتوراه وبمرتبة استاذ مساعد على الاقل ولا تقل خدمته الجامعية عن سبع سنوات). لە راستیدا راگری کۆلیژ بە بۆچوونی ئێمە لە سەرۆکی زانکۆ زۆر گرنگترە، چونکە هەموو ئەرکە زانستییەکە زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی راگرو سەرۆک بەشی کۆلیژەکان، بۆیە وەکو ئەو برایانەش باسیان کرد سەرۆکی زانکۆ ئەرکەکەی زیاتر بەڕێوەبردنە، هەرچەند ئەرکی زانستیشی هەیە، بەڵام لێرە راگرێتی دەبێت بایەخێکی تایبەتی پێ بدرێ، ئەگەر (استاذ) بێت باشە، ئەگەر نەبوو (استاذ مساعد) بێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

سوپاس، ئەمە پێشنیارێکە لەلایەن د. ناسح خرایە روو، ئەگەر تێبینی نەبێ لەسەری دەیخەینە دەنگدانەوە. چونکە هیچ شتێکی وانییە نە لە پرۆژەی حکومەت نە لە لیژنەی یاسادا ئەم بابەتە هەیە، ئەوە پێشنیارێکە ئەگەر دکتۆر رای لەسەر بێت دەیکێشینەوە، ئەگەر سوریشە لەسەری دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ناسح غــــەفـــــور رەمـــــەزان:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

ئەوە رای لیژنەی خوێندنی باڵایە.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

باشە، کەس تێبینی نییە لەسەر ئەم بابەتە؟ نییە.

کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە. فەرموو د. رزگار. تەنیا لەسەر پێشنیاری د. ناسح قسە دەکەی؟.

ئێستا ئەم بابەتە یەکلا دەکەینەوە.

کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە کە ئێستا د. ناسح خوێندیەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ ئەم پێشنیارە رەت کرایەوە، سوپاس.

دێینەوە سەر ئەسڵی بابەتەکە، کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە کە دەربارەی دامەزراندنی راگری کۆلیژەکانە لە جیاتی هەڵبژاردن؟ ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن ئەمانەن: بەڕێزان (سیروان

کاکەیی، د.رزگار، ئەکبەر حەیدەر، مامۆستا مەلا تاهیر، چوار کەس دەیانەوێ قسە بکەن. کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە گشتی هەندی تبینیم هەبوو لەسەر ئەم بابەتە، ئەگەر ڕێگام بدەن،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنیا مادە (٢)، تکایە ئێمە گفتوگۆ لەسەر مادە (٢) دەکەین.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ شت پەیوەندیی بە لیژنەکەمانەوە هەیە، من کارگێڕی لیژنەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوایی دێینەوە سەر ئەمە، جارێ مادە (٢) تەواو دەکەین، ئەگەر تێبینی لیژنە هەیە؟. فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە مادە (٢) من رام لەگەڵ رای لیژنەی خوێندنی بالآ بووە رای خۆشمان دا کە ئێستا خرایە دەنگدانەوەو، نەچەسپا، بەلآم ئەو رایە کە لیژنەی خوێندنی بالآ داویەتی دەربارەی ئەم بابەتە تەنها بۆ روونکردنەوە بووەو، بۆ ئاسان کردنی بەرێوەچوونی خودی پرۆژەکە بووە، یانی ئێمە لە سەرەتاوە کە باسمان کردووە ئەنجوومەنی خوێندنی بالآ بەم شێوەیە بێت، چونکە ئێستا ئەگەر حسابی پرۆژەی حکومەت بکەی کە هاتووە دەڵێ پاش پالآوتنی، یان فەرمانی پێ دەربچێ لەلایەن ئەنجوومەنی خوێندنی بالآوە، سەرۆکی زانکۆ، سەرۆکی دەزگای پەیمانگا تەکنیکییەکان، هەندی لە راگری کۆلیژەکان ئێستا ئەندامن لە ئەنجوومەنی خوێندنی بالآ من پرسیارێک لە حکومەت دەکەم ئایا ئەنجوومەنی خوێندنی بالآ کام ئەنجوومەنە؟ ئەوەی ئێستا کە سەرۆکی زانکۆ و راگری کۆلیژەکان پەسەند دەکات؟ یاخود هەموارکردنێکی تێدا دەکرێ ئەم بابەتە؟ ئەمە چ سەبارەت بە سەرۆکی زانکۆ چ سەبارەت بە راگری کۆلیژەکانەوە، لەبەر ئەوە ئێمە گوتوومانە ئەنجوومەنی خوێندنی بالآ ئەو هەموارکردنەی تێدا بکرێت تێبینییەکەمان ئەوەندە بووە، ئەنجوومەنی خوێندنی بالآ ئێستا لە کێ پێک دێت؟ سەرۆکی زانکۆی تێدایە، سەرۆکی دەزگای پەیمانگا تەکنیکییەکانیشی تێدایە، بە پێی یاسا ئێستا دەسەلآتیان نامێنێ، چونکە ماوەی هەڵبژاردن (فترة الانتخابية) تەواو بوو، بابەتەکە لێرەیە باسمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە میانی تاقیکردنەوەی ئێمە لەگەڵ زانکۆدا لەوانەیە چەند زانیاریمان پەیدا کردووە لەسەر ڕۆشنایی ئەم زانیاریانە دەڵێم ئەگەر پێشنیارەک لێرە زیاد بکەین لەسەر ئەم مادەیە (بمرتبة استاذ او استاذ مساعد او مدرس)، ئەو وشەی (مدرس) زیاد بکرێت، لەوانەیە زۆر ڕێک بێت و، کاریکاتە سەر زانکۆ لەلایەنی دانانی بروانامەی گەورە دابنێن بۆ لایەنی بەڕێوەبەرایەتیی، هەروەها بۆ (مدة خدمته الجامعیة لا تقل عن)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئەکبەر.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنها تێبینییەکم هەیە، ئەوانەی کە ڕاگری کۆلێژن خۆیان ئەندامن لە سەرۆکایەتی زانکۆ، کەواتە دەبێت هەر خۆیان خۆیان بپاڵێون، ئیتر خەڵکی تر مەغدور دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئەکبەر، بەڕێز مەلا تاهر با بفەرموێت.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینی من ئەوەیە کە ڕاگری کۆلیژ لە پێشان بە پاڵاوتنی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا دەبێت،بەڵام لێرە ڕاگری کولێژ دامەزراندنی لە سەرۆک وەزیرانەوە دەبێت، ئایا پاڵاوتنەکەی لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەبێت، یا لە ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاوە؟، دووەمیش ئەم دامەزراندنانەی هەردووکیان چ سەرۆکی زانکۆ ، یا کولێژ نەبەستراوەتەوە بە ماوەیەکی دیاری کراو، بۆ نموونە ناڵێت بۆ (٣) ساڵ، یا (٤) ساڵە، ئایا ئەوە کاریگەری نییە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕگەکە ڕوونە، ئەڵێت: ڕاگر لە لایەن ئەنجوومەنی زانکۆوە دەپاڵێورێت و دەسنیشان دەکرێت، ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا بڕیاری داوە کە دائەمەزرێت وەکو پلەیەک، مادەکە زۆر ڕوونە، نازانم بۆ بە دەووریا ئەگەڕێینەوە!، با تەواوی کەین، کاک د. ئیدریس چ تێبینییەکت هەیە لەسەر ڕای ئەندامان؟.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاگرکە جێگای چۆڵ دەبێت، ئەنجوومەنی زانکۆ بۆی هەیە کۆببێتەوە و، لە کۆبوونەوەکەی خۆی بۆ نموونە (٣) پاڵێوراوی هەیە، دەسنیشانی یەکێکیان دەکات بۆ ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا، ئەو

راگره له بنەڕەتەوە خۆی لەوێ نییە، تاوەکو خۆی بپاڵێوڕێت، یا لابراوە، یا هەر لەوێ نییە، دەپاڵێوڕێت و رای لەسەر دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز د.ئیدریس باسی کرد، واتە ئێستا بە گوێرەی یاسا راگری کولێژ خولی هەڵبژاردنی تەواو بووە، ئەنجومەنی زانکۆ لە کێ پێک دێت؟ و کێ ئەو پاڵاوتنە دەکات؟، ئایا دەسەڵات دەدرێت بەو ئەنجومەنی زانکۆ کە ئێستا هەیە درێژەی پێ بدرێت، تاوەکو ئەنجومەنی تازە دروست دەکرێت وئەوان ئەو پاڵاوتنە دەکەن، ئاماژەکە لێرەدایە ومن حەزم کرد ئەو روونکردنەوە بخەمە پێش چاوی بەڕێزتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د.ئیدریس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەنجوومەن ئیشوکاری خۆی بەڕێوە دەبات تا ئەنجومەنێکی تازە دروست دەبێت، ئەوە ئاساییە، ئەگەر ئەنجوومەنی زانکۆ واز لە ئیشوکاری خۆی بێنێت لەو کاتەی کە رۆژی تەواو بووە، هیچی کە نەکات، پێی رائەسپێردرێت کە بەردەوام بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د.ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم تێبینیەکەی بەڕێز کاک سیروان زۆر روونە، ماوە یاسایەکەی ئەنجوومەنی زانکۆ، بەراستی نەماووە و، دەقێکی یاسایش نییە لە یاسایی خوێندنی باڵادا کە ئەوانە بەردەوام بن لەسەر کارەکانی خۆیان و، تا ئێستاش من نەمزانیوە کە لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەوان راسپێردرابن کە درێژە بە ئیشەکانیان بدەن و، لەبەر ئەوە بۆشاییەکی یاسایی پەیدا دەبێت ئەمە یەک. دووەم: سەبارەت بە راگرەوە من حەز دەکەم دیسانەوە دووبارەی کەمەوە، بە بۆچوونی من نابێت پایە زانستییەکەی لەو کەمتر بێت، چونکە راگر و سەرۆکی بەش بە رای من بناغەی زانکۆن، لەبەر ئەوە جیاوازن، ئیشەکەیان تەنها بەڕێوەبردن نییە، ئیشەکەیان زانستیە، بۆیە دەبێت پلە زانستیەیان بە راستی چەند بەرزتر بێت ئەوەندە باشترە، بە پێچەوانەی سەرۆکی زانکۆ، سەرۆکی زانکۆ لەوانەیە پلە زانستییەکەی زۆر بەرز نەبێت، بەڵام بەڕێوەبەرێکی

باش بێت، بەڵام لێرە تەنها لایەنە بەڕێوەبردنەکەی نییە، دەبێت لایەنە زانستییەکەشی ڕەچاو بکرێت، وەکو دەڵێین: بناغەی زانکۆ لێرەوە دەست پێدەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک محەمەد حەسەن فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خۆمیش دوو ساڵ بەڕێوەبەری بەڕێوەبردن وخۆیەتی بووم لە زانکۆی سلێمانی هەندێ زانیاریم هەیە، بەڕێز کاک سیروان فەرمووی ماوەی (ڕاگر) تەواو بووە بۆشایەکی یاسایی تێ دەکەوێت، بۆشایی تێ ناکەوێت، با وایدانێین کە کولێژەکە هەر ڕاگری نییە، ئایا سەرۆکی زانکۆ بۆی نییە ڕاگرێک بە (وەکالەت) دابمەزرێنێت؟، کە وەکیل ڕاگر دامەزرا هەر بە پێی یاسا دەسەڵاتی ڕاگری دەدرێتێ و، سەرۆکایەتی زانکۆ وەکو د.ئیدریس فەرمووی ئیشی خۆی بەڕێوەدەبات، وابزانم ئەمە کراوە ومن کە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی و خۆیەتی بووم ئیشی وام زۆر کردووە، لە زانکۆی سلێمانی جاران یەک ڕاگر هەبوو ئەویش (د. محەمەد تەیب ئاکرەیی) بوو و، ئەوانی تر هەمووی وەکیل ڕاگر بوون و، ئێستا بەڕێز کاک (عسمەت خالید) لە زانکۆی دهۆک هەستاوە بە ئیشوکاری سەرۆکی زانکۆ، خۆ سەرۆکی زانکۆ نییە، بەڵکو وەکیلی سەرۆکی زانکۆیە و، بە سەرۆکی زانکۆ دانەمەزراوە، بەڵام ئیشی سەرۆکی زانکۆ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە زۆر لە بابەتەکە و پرۆژەکە دەردەچین، واتە هەتاوەکو ئەگەر بکرێت بۆشایی یاسایی نییە، ئەگەر (ڕاگری کۆلێژ) نەبێت بۆ بۆشایی یاساییە، ئەوە بۆشایی بەڕێوەبردنە، بەڵام بۆشایی یاسایی نییە کە ئێمە باسی بکەین، لەبەر ئەوە حەقە ئێمە گفتوگۆی مادەکان بکەین و، لە مادەکان دەرنەچین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەم مادەیە بە تێرو تەسەلی گفتوگۆی لەسەر کرا، جا ئێستا مادەی (٢)دەخەینە دەنگدانەوە، بەڕێز کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا بەڕێز د.ئیدریس ڕا دەدات کە تەنها ئەم زیادەی بخرێتە سەر(ويتولى الاختصاصات التالية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، بەڕێز د.ئیدریس رای لەگەڵ بوو، فەرموو کاک د. قاسم.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە ماوەکەی بکرێتە(٥)ساڵ و بروانامەی دکتۆراشی هەبێت، واتە (مدرس)ی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک پێشنیار هەیە کە ببێتە ئاستی (مدرس)و، وشەی (مدرس)یشی بۆ زیاد بکرێت لەگەڵ (استاذ واستاذ المساعد)، ئێستا کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟ با دەست بەرزکاتەوە.. دەست بەرزکرایەوە..کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە وەرنەگیرا. ئەویتریش لە جیاتی(٧)ساڵ پێشنیار کرا کە ببێتە(٥) ساڵ، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە وەرنەگیرا، سوپاس، کەواتە مادەکە وەکو خۆی مایەوە تەنها یەک وشەی بۆ زیاد دەکرێت، ئەویش حکومەت هیچ لاری نەبوو لەسەری، تەنها لە رووی تەکنیکیەکەیەتی، ئێستا مادە(٢) دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ مادە(٢)دایە؟..کێی لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. مادە(٣) پێشنیارێک لەسەری هەیە، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثالثة: تعدل الفقرة الاولى المادة(٢٩) وتكون كالاتي:

يعين رئيس هيئة المعاهد الفنية بقرار من مجلس التعليم العالي، ويشترط فيه ان يكون من حملة الشهادة الدكتوراه ، لاتقل مرتبته العلمية عن أستاذ مساعد، ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش هەر هەمان کێشەی مادەکەی پێشووی هەیە، کە داوا دەکرێت سەرۆکی زانکۆ بە هەڵبژاردن دابنرێت، هەروەها داوا دەکرێت کە سەرۆکی پەیمانگاش هەر بە هەڵبژاردن دابمەزریت، بۆ گفتوگۆ کردن وابزانم بە تێروتەسەلی گفتوگۆ لەسەر بابەتەکانی پێشووش کرا، ئەگەر چ تێبینییەک هەیە، فەرموو مامۆستا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر برگە(١)ی مادە(٣١)یش بخەنە سەری، هەموار کردنەکە بۆ راگری پەیمانگاش بێت چاکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیاری حکومەتە، لیژنەی یاسا پێشنیارەکەیان ئامادە کردووە، کە هاتینە سەری ئەو کاتە باسی دەکەین.

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێی لەگەڵە؟سوپاستان دەکەین، کێی لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

مادە(٤)دیسان پێش وپاشێکمان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وتمان سەرۆکی دەستەی پەیمانگا هونەریەکان لەگەڵ راگری پەیمانگاکان، ئەویش هەر بخرێنە یەک مادە، واتە مادەی (٣ و٤) یەکێکیان بۆ سەرۆکی دەستەی پەیمانگاکان دەبێت و، مادە(٤)یش بۆ راگری پەیمانگاکان دەبێت، واتە مادەی(٣) دەبێتە(٥)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە برگە (١)ی مادەی(٣١)یش هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوان، جا هەموار کراوەکەمان بۆ بخوێننەوە. بۆتان نەهاتووە!، جا حەز دەکەن پێشنیاری کەن، هەروەها ئەویش بە دامەزراندن دەبێت، بەڕێز د.ئیدریس دەقێکی هەیە، با بزانین چییە؟، دەقەکەمان بۆ بنێرن، راوەستن وا دیارە حکومەت دەقەکەی خۆی هێناوە. ئەمە بۆ راگری پەیمانگا هونەرییەکانە، فەرموو د.ئیدریس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە راگری پەیمانگا هونەرییەکان، پێشنیارەکە ئەوەیە کە لە پلەی (مدرس) کەمتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(يشترط في من يعين عميدا للمعهد ان يكون بمرتبة مدرس).

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێ: بان لا يقل عن مرتبة المدرس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بان لايقل عن مرتبة المدرس فما فوق.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، بەڵام لێرە بە هەڵبژاردن نییە، بە دامەزراندنە(تعين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها بنەمای دامەزراندن ئەبێت بە هەڵبژاردن، ئەوە لیژنەی یاسا با ئەوە هەموار بکەنەوە، ئەوە رای حکومەتە، لیژنەی یاسایی هیچ لارییان نییە لەسەر ئەم بۆچوونانە؟.. نیانە.. ئەی لیژنەی پەروەردە هیچ لارییان هەیە؟.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەقێکمان هەیە،(یعین عمید المعهد بامر من رئیس مجلس الوزراء، بعد اقرار ترشیحه من قبل مجلس التعلیم العالي، و لا تقل مرتبته عن مدرس، ولاتقل خدمته الجامعیة عن« ٥ »سنوات)، واتە تەنها شتەکەمان گۆریوە بە فەرمانی وەزاری، هیچی تری تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیسان دەگەڕێینەوە، ئەوە چارەسەر کراوە، (مدرس) سەرۆک وەزیران داینامەزرێنێ، بابزانین یاساکە چی دەڵێت!، بۆ (معاون مدرس) سەرۆک وەزیران دایمەزرێنێ، ئەوە شتێکی پەروەردەییە، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقەکە وای لێ دێت،(المادة« ٣١ » یشترط في من یعین عمید للمعهد ان یکون بمرتبة مدرس فما فوق، وبقرار من المجلس الوزراء، بناء علی توصیة المجلس ولمدة « ٤ » سنوات)ئەوە وای لێ دێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روونە، تەنها بنەمای هەڵبژاردن دەکرێت بە دامەزراندن، (ماوە)کە دەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو د. ئیدریس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی ساڵح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو(مدة « ٤ »سنوات)ەش وابزانم نامێنێ، کە هەڵبژاردن نەما ماوەش نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەرئەنجامە، کە هەڵبژاردن نەما، ماوەکەش نامێنێ، فەرموو د.ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەڵێین (ولا تقل خدمته عن الجامعیة عن« ٥ »سنوات)مەرجمان داناوە بۆ ئەوەی راگر، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

باشە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر لەسەری سوور بن، فەرموو د.ئیدریس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

دوو شتی لەیەک جیاوازە، ئەو دەڵێت:(٥)ساڵ خزمەتی هەبێ بۆ ئەوەی ببێت بە ڕاگر، ئێمەش دەڵێین: ئەو ماوەیەی کە ئیش دەکات(٤) ساڵە هیچ پەیوەندیی بەوە نییە، ئەمە دوو شتی لە یەک جیاوازە، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غـــــفــــوور رەمــــــەزان:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

جا ئێمە پێشنیاری (٥) ساڵەکە دەکەین، کە (٥) ساڵ خزمەتی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

باشـــە، پێـــشنیـــاری (٥)ســـاڵ کـــراوە، وەکـــو مـــەرجی دامـــەزراندن، کێ لەگـــەڵ ئەم پێشنیـارەدایە؟..سوپاسـتان دەکەین.. کێی لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە وەرنەگیرا، سوپاستان دەکەین.

کەواتە مادەکە دەخەینە دەنگدانەوە، تەنها بنەمای هەڵبژاردن دەبێتە دامەزراندن، ماوەکەش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەڵدەگیرێت، با لیژنەی یاسایی دایڕێژنەوە، سوپاسیان دەکەین، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لە گەڵ مادەکەدایە؟..سوپاستـان دەکەین..کێی لەگەڵ نییـە؟ بەزۆربەی دەنگ مادەکە پەسەند کرا.

مادە(٥)شتێکی وانییە، ئەوی تریش مادە ئاساییەکانە، ئێستا دەبێت بە مادە(٦)، فەرموو کاک حسێن مادە(٦)بخوێنرەوە.

**بەڕێز حـــــســـــێن عـــــەلی کـــــەمــــــاڵ:**

مادة (٦): لا يعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

کەس تێبینی نییە، مـادە(٦) دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لە گەڵ ئەم مـادەدایە؟..سـوپاسـتـان دەکەین..کێی لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حـــــســـــێن عـــــەلی کـــــەمــــــاڵ:**

مادة(٧): على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

کـەس تێـبـینی نییـە لەسـەر ئەم مـادەیە، مـادە(٧) دەخـەینە دەنگدانەوە، کێ لەگـەڵ ئەم مادەدایە؟..سوپاستان دەکەین..کێی لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة(٨): ينفذ هذا القانون اعتبارا من تأريخ صدوره ونشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک نییە لەسەر ئەم دەقە، بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لە پەرلەمان هیچ یاسایەک دەرنەچوواندرایە بۆ دامەزراندنی رۆژنامەیەکی رەسمیی، کە لە هەموو حکومەتەکانی جیهاندا هەیە، بۆیە لێرەدا نابێت بڵێین: (ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية)، چونکە لە راستیدا ئەو رۆژنامەیە نییە، تاوەکو یاساکەی تیادا بڵاو بکرێتەوە، بەڵکو بوترێت (اعتبارا من تاريخ نشره في جريدة البرلمان)، بەو بۆنەیەوە داوا لە بەڕێز وەزیری داد دەکەم، بەبۆنەی ئامادە بوونی لەم کۆبوونەوەیەدا پرۆژەیەک ئامادە بکات وبەرز بکاتەوە بۆ پەرلەمان، تاوەکو حکومەتی هەرێم ببێتە خاوەن رۆژنامەیەکی رەسمی و، ئەو بۆشایە گەورەیەش کە هەیە لە بواری دادگاکان و ناوەندەکانی دادوەری و یاسایی(الاوساط القضائية)دا پڕ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو بەڕێزد. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم رۆژنامەی هەرێم رۆژنامەیەکی رەسمییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر، رۆژنامەیەکی رەسمی نییە، فەرموو کاک قادر.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە رۆژنامەی پەرلەمان رۆژنامەیەکی رەسمی نییە، بەڵکو هی پەرلەمانە وهی حکومەت نییە، رۆژنامەی رەسمی حکومەت زۆر (وەقائعی) تیادا بڵاو دەبێتەوە، وەکو دامەزراندنی پلەی تایبەتی(درجه الخاصه)دامەزراندنی دادوەرەکان و قائیمقامەکان و بەڕێوەبەری شارۆچکەکان و زۆر شتی تر، هەتاکو دیاری کردنی پارچە زەوی بۆ وەزارەتەکان و فەرمانگە رەسمیەکان و حکومیەکان، لەبەر ئەوە شتێکی گشتییە و، تایبەت نییە بە پەرلەمانەوە، رۆژنامەی پەرلەمان تایبەتە بە پەرلەمانەوە، تا ئێستا وا رۆیشتووە، بەڵام ئێمە ئێستا پرۆژەیەکمان بە دەستەوەیە و، خەڵکانی لێهاتووشمان بۆ ئامادە کردووە و، بەم زووانەش پرۆژەکە دەخەینە بەر دەستی بەڕێزتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرمووِ.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تا ئێستا بڕیارەکانی پەرلەمان لە ڕۆژنامەی پەرلەماندا بڵاو بووەتەوە، بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی یاساییە، ئێمە کە وتمان (الجريدة الرسمية) مەبەستمان ڕۆژنامەی پەرلەمانە و، چ بڕیارێک لەو ڕۆژنامەیە دەرچووە، مەبەستی بڕیار ویاساکانی پەرلەمان کە دەردەچێت لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاو دەکرێتەوە، (ينشر في الجريدة الرسمية) ئەو ڕەسمیە تایبەتە تەنها بۆ یاساو بڕیارەکانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ڕوونە، ئێمە تەنها یەک تێبینییمان هەیە، لەبەر ئەوەی کە ئێمە لە عێراقداین و، عێراقیش ڕۆژنامەی(وقائع العراقية)ی هەیەو، ئەوە چەند ساڵێکە کە ئەو ڕۆژنامەیە هەیە و یاسا وبڕیارەکانی تیادا بڵاو بوەتەوە، لەوانەیە لەسەر ئەو بۆچوونەی کاک سەعیدو چەند لایەنێک هەبێت کە گلەییان کردووە، کە بۆ تاوەکو ئێستا حکومەت (وەقائعی کوردستانی) نییە، ئەوەی کە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دا، ڕۆژنامەیەکی ڕەسمییە و، بڕیارەکانی پەرلەمانی لێ بڵاودەبێتەوە و، دینێرێت بۆ حکومەت ودامودەزگاکانی ، لەوانەیە هەر ئەزمونێک و هەر سیستمێک لە جیهاندا شێوازی تایبەتی خۆی هەبێت، مەرج نییە ئێمە کە (وەقائعێکی عێراقیمان) نییە، ڕۆژنامەیەکی ڕەسمیمان نییە و، ئەمە چەند ساڵێکە ئێمە هەر لە ڕۆژنامەی پەرلەمان یاساکان وبڕیارەکانی خۆمان بڵاو کردووەتەوە و، ئەوەی کە بەڕێز وەزیری دادیش باسی کرد کێشەیەکی گەورەمان بۆ چارەسەر دەکات، ئەوکاتە بڕیارەکانی حکومەتیش هەر لەوێ بڵاو دەبێتەوە، بەڕێز کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕۆژنامەی پەرلەمان ڕۆژنامەیەکی ڕەسمییەو، گومان لەوەدا نییە، تا ئێستا دانمان پیادا ناوە کە ڕەسمیە، بەڵام ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان ڕۆژنامەیەکی ئاساییە، وەکو هەموو ڕۆژنامەکانی تری و، خاوەن ئیمتیازی هەیە و، بە ڕەسمی ناژمێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەم مادەیە ئەگەر چ تێبینی لەسەر نییە ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم مادەدایە؟..سوپاستان دەکەین..کێی لەگەڵ نییە؟..کەواتە مادە(٨)بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا. ئێستاش یاسایی ژمارە(١٢)ی هەموار کراو بە گشتی دەخەینە دەنگدانەوە، کێی

لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین..کێی لەگەڵ نییە؟کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.
ئەم برگەیەمانە تەواو بوو، دێینە سەرخاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان، کە بابەتی گفتوگۆ کردن لە سەر پرۆژەی یاسای کۆری زانیاری کوردیە، بۆ ئەوەی ئەندامان هەموو لە شێوەیەکدا بن، هەرچەندە هەمووشتان لە شێوەکەدان، بەڵام بۆ ئەوەی گفتوگۆکە ئاسان کەینەوە و، سوود لە کاتەکەمان وەرگرین، ئەم پرۆژەیە وەکو ئاگادارن هاتە پەرلەمان لە رێگای حکومەتەوە، لێرە پێشکەش کرا لەسەر پێشنیاری بەرێز وەزیری رۆشنبیری و وەزیری داد و(٣) لیژنەی پەرلەمانی و، داوا کرا کە ئەم بابەتە بەتێروتەسەلی باس بکرێت و، بریار درا کە لیژنەیەک دەسنیشان کەن بۆ ئەم بابەتە و، لیژنەش دەسنیشان کرا، لە بەرێز وەزیری رۆشنبیری و بەرێز وەزیری داد و، (٤) لێپرسراوی لیژانی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانیش هەندێکیان کاتیان هەبوو و ئەزیەتیان کێشاو بەشدار بوون و، کۆمەڵێک لەو پسپۆرانەی کە خۆیان بە بەرژەوەندییان زانی و توانایان هەبوو کە ئامادە بن، رۆژێک لە پەرلەمان کۆبوونەوە و، پاشان لیژنەکە خۆیان دوو سێ کۆبوونەوەیەکیان کرد و، کۆمەڵێک خاڵیان دانا و، بەوەشەوە نەوەستان و، کۆمەڵێک پسپۆریان بانگ کرد و، رۆژێک لەگەڵیاندا گفتوگۆیان کرد و، ئەو گفتوگۆیانەیان کرد بە پرۆژەیەک و، پرۆژەکەش لەگەڵ تێبینی خۆیان وتێبینی لیژنەی یاسا پێشکەش بە ئێوەی بەرێز کراوە، ئێستاش ئێمە دێینەوە سەر ئەو پرۆژەیە، بۆ ئەوەی نەختێک ئاسانیی کەینەوە، چونکە ئەو پرۆژەیەی کە لەبەر دەستانە رای حکومەتە و رای (٤،٣)لیژنەی پەرلەمانییە و زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانیش لەو گفتوگۆیانەدا بەشدار بوون، دێینەوە سەر پرۆژەکە، ئەگەر لیژنەی رۆشنبیری بفەروون بێنە ئێرە، ئەگەر بەرێز کاک ئەحمەد بفەرموێت، لیژنەی ئابووریش بەشدار بوو جا با بەرێز کاک جەمیل بفەرموێت بێتە ئێرە، ئێستا ئێمە ئەو پرۆژەیەی کە بە رەسمی لە حکومەتەوە بۆمان هاتووە ئەوە دەخوێنینەوە، ئەوە خوێندنی یەکەم پاشان ئەو پرۆژەیەی کە لیژنەکە ئامادەی کردووە و، بەگشتی رایەکان ئامادە کراوە، واتە لەسەر رای لیژنەکانی پەرلەمان لەگەڵ رای حکومەت نووسراوە، ئەو پرۆژەیە دەخوێندرێتەوە وگفتوگۆی لەسەر دەکەین، وەکو ئەوە کە هەمیشە باو بووە لە پەرلەماندا، فەرموو کاک حسێن.

**بەرێز حسێن عەلی کەمال:**

القانون رقم( ) لسنة١٩٩٧
قانون المجمع العلمي الكوردي.
الفصل الاول: المجمع واهدافه:
المادة الاولى: يؤسس في اقليم كوردستان العراق مجمع كوردي يمارس مهامه في ضوء القانون المنشئ له.
المادة الثانية: للمجمع شخصية معنوية واستقلال مالي و أداري.
المادة الثالثة: مقر المجمع مدينة اربيل، ولمجلس المجمع ان يعقد جلساته ويختار مقره في اي

بقعة من ارض كوردستان العراق حسب اقتضاء الثقافة الكوردية وتوفر الامكانات المادية.

المادة الرابعة: يهدف المجمع تحقيق ما يلي:

١- المحافظة على نقاء اللغة الكوردية و تنميتها.

٢- توسع في الدراسات الكوردية وفي البحوث العلمية والادبية والفنية في أرتباط وثيق بثقافة العصر.

٣- استخلاص التراث الكوردي من عدوان الغمط والجحود عبر القرون.

٤- اهتمام بالتراث الاسلامي في العلوم والاداب والفنون.

٥- استفراغ الجهد في تبديد الظلام على ماضي امة الكورد، توصلاً الى تاريخ مترابط، يصل ماضيها بحاضرها.

٦- تشجيع وتعضيد الترجمة من اللغة الكوردية واليها.

٧- تمتين العلاقات بالمجامع والجامعات ومراكز البحث العلمي داخل الاقليم وخارجه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پرۆژەکەی حکومەتە، لە دانیشتنی پێش ئیستا دابەش کراوە و، خوێنراویشەتەوە، بەڵام ئێمە ئێستا بۆیە دەیخوێنینەوە تاوەکو بچەسپێت، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الخامسة: يحقق المجمع اهدافه بالوسائل الاتية:

١- وضع المعاجم والموسوعات العلمية و اللغوية في الثقافة عموماً، وعلى قدر الامكان.

٢- اصدار المجلات والمطبوعات في تبليغ رسالته.

٣- نشر الكتب والوثائق وتحقيق النصوص القديمة، و ما قد يكون بحاجة الى تحقيق من النصوص الحديثة.

٤- اقامة المؤتمرات العلمية واللغوية، محلياً ودولياً وعقد ندوات و مواسم ثقافية في شتى حقول المعرفة.

٥- تكريم العلماء والباحثين والادباء والفنانين المتميزين.

٦- تأسيس مكتبة وأنشاء مطبعة للمجمع.

٧- اي نشاط متصل بمهامه، يجده مفيداً لرسالته او تدعو اليه روح التجديد ومسايرة الانطلاقة العلمية العالمية.

**الفصل الثاني:**

**المادة(٦): يتألف المجمع من:**

١- أعضاء عاملين لا يقل عددهم عن(٧).

٢- أعضاء مؤازرين.

٣- أعضاء شرف.

المادة(٧):
أ- يشترط في العضو العامل:
١- ان يكون كوردياً او عراقياً بلغ (٤٠) من العمر.
٢- له أطلاع واسع في اللغة الكوردية وفي فرع او أكثر من فروع المعرفة او تضلع في احدى اللغات الحية او القديمة وقدرة على تحديد المصطلحات و اختيارها.
ب - يشترط في العضو المؤازر:
١- ان يكون ذا أطلاع حسن في قواعد اللغة الكوردية.
٢- ان تكون له أحاطة بفرع من الفروع المعرفة.
٣- ان لا يقل عمره عن (٣٠) سنة.
جـ - يشترط في العضو الشرف:
١- ان لا يقل عمره عن (٥٠) سنة.
٢- ان يكون قد قدم خدمات جليلة في المعرفة.
د - يعفى عضو الشرف والمؤازر من غير الكورد والعراقيين من شرط معرفة اللغة الكوردية و من قيد العمر ويكفي التمتع بالاهلية القانونية والخلو من الموانع.
المادة الثامنة:
أ- يختار مجلس الوزراء لأقليم كوردستان أبتداء من ثلاثة أشخاص لعضوية المجمع ممن تتوفر فيهم شروط العضو العامل المنصوص عليها في الفقرة(أ)من المادة(٧)من القانون، ثم يختار هؤلاء ثلاثة بقية الاعضاء العاملين، ويتم تعينهم بمجرد موافقتهم.
ب - عند حدوث شاغر في العضوية، يختار مجلس المجمع العضو الجديد خلال ثلاثة اشهر بقرار من اكثرية الاعضاء.
**المادة التاسعة:**
١- يواظب العضو العامل في المجمع على الحضور والمشاركة في لجانه وأجتماعاته ونشاطاته.
٢-يعتبر العضو العامل مستقيلاً اذا تخلف عن ثلاث جلسات متتالية بدون عذر مشروع.

## الفصلال الثالث

## رئاسة المجمع وسكرتاريته

المادة العاشرة:
يتم أختيار رئيس المجمع بحضور ما لايقل عن ثلثي الاعضاء العاملين في أقتراع سري ويشترط في الرئيس أن يحوز أكثرية أصوات الحاضرين. وعند فقدان الاكثرية المذكورة يكون العضو الحاصل على أكبر عددمن الاصوات في الاقتراع الثاني.فأذا حصل تعادل في حيازة الاصوات بين عضوين أو أكثر يتم أختيار الرئيس بالقرعة بينهم أو بتنازل العضو أو الاعضاء لصالح أحدهم. وتكون مدة الرئاسة خمس سنوات قابلة للتجديد مرة واحدة.

المادة الحادية عشرة:

لرئيس المجمع نائب ينتخبه مجلس المجمع في أقتراع سري وبالاكثرية المطلقة لمدة خمس سنوات قابلة للتجديد مرة واحدة ويقوم مقام الرئيس عند غيابه. ويكون للمجمع أمين عام براتب ومخصصات الدرجة الخاصة ويكون مقرراً لمجلس المجمع وهيئة الرئاسة ومسؤولاً عن تدوين محاضر الجلسات ومقرراتها وتنظيم المراسلات و العلاقات والهيمنة على الناحية الادارية وشؤون الموظفين والمستخدمين في المجمع.

لرئيس المجمع حق تعيين الموظفين والمستخدمين بحسب الملاك والامر بالشراء والصرف وفق القوانين المرعية.

## الفصل الرابع
## هيئة المجمع ومجلسه:

المادة الثانية عشرة:

أ- للمجمع هيئة رئاسة تتكون من:

١- رئيس المجمع.

٢- نائب الرئيس.

٣-ثلاثة من الاعضاء العاملين.

ب- تجتمع هيئة الرئاسة مرة في الشهر على الاقل.

المادة الثالثة عشرة:

صلاحيات هيئة الرئاسة:

١- أعداد الميزانية السنوية للمجمع والملاك لأقرارهما من قبل مجلس المجمع.

٢- تنظيم شؤون المجمع الادارية والمالية وفق نظامه الداخلي.

٣- أقتراح عقد المؤتمرات والندوات في فروع الثقافة عموماً.

٤- الاشراف على شؤون المجمع العلمية والثقافية.

٥- الموافقة على إيفاد أعضاء المجلس ومنتسبيه داخل البلاد وخارجها.

المادة الرابعة عشرة:

١- يتألف مجلس المجمع من الرئيس ونائبه والاعضاء العاملين.

٢- يجتمع مجلس المجمع مرة في الشهر على الأقل ويتحقق نصابه بحضور ثلثي الاعضاء ويتخذ قراراته بالاكثرية. وللرئيس صوت الترجيح عند تساوي الاصوات.

٣- لأعضاء المجمع عطلة سنوية تبدأ في أول شهر تموز حتى نهاية شهر أيلول. وللرئيس دعوة هيئة الرئاسة ومجلس المجمع الى الاجتماع خلالها عند الاقتضاء.

المادة الخامسة عشرة:

يمارس مجلس المجمع الاختصاصات التالية:

١- النظر في شؤون المجمع ذات الصلة بأهدافه ومهامه.
٢- مناقشة وأقرار تقارير اللجان العلمية وأعمالها.
٣- أقرار مشروع الموازنة السنوية للمجمع.
٤- أقرار الخطة السنوية للمجمع.
٥- النظرفيما يحيله رئيس المجمع اليه.

المادة السادسة عشرة:

لمجلس المجمع تشكيل لجان دائمة أو مؤقتة من أعضائه أو من غيرهم برئاسة أحد أعضاء المجمع العاملين.

المادة السابعة عشرة:

أ- للمجمع الاقسام التالية:
١- مكتب رئيس المجمع.
٢-قسم الادارة والافراد.
٣- قسم المحاسبة.
٤-قسم الاعلام والعلاقات العامة.
٥- المكتبة.
٦- قسم الخدمات العلمية والفنية.
٧-المطبعة.
٨- المخزن.

ب- يرأس كل قسم مدير حاصل على شهادة جامعية يرتبط بالامين العام ويجوز ترأسه لأكثر من قسم عند الاقتضاء.

ج- لمجلس المجمع استحداث أقسام أخرى.

المادة الثامنة عشرة:

تتكون ميزانية المجمع من:
١- المنحة السنوية من الميزانية العامة لحكومة الاقليم.
٢-الايرادات الحاصلة من نشاطاته.
٣- ريع المطبوعات.
٤-المنح والتبرعات.

المادة التاسعة عشرة:

هيئة الرئاسة تمنح مكافأت دورية أو أستثنائية للاعضاء المؤازرين وأعضاء الشرف حسب نشاطاتهم ونتاجاتهم العلمية.

المادة العشرون:

على المجمع أن يضع نظاماً داخلياً خلال سنة واحدة أعتباراً من مباشرته لمهامه.

الفصل الخامس

المادة الحادية والعشرون:

راتب ومخصصات الرئيس والأعضاء العاملين:

١- يتقاضى الرئيس راتب ومخصصات بمستوى اعلى ما يتقاضاه مسؤول في الحكومة.

٢- يتقاضى العضو العامل راتب ومخصصات الوزير.

المادة الثانية والعشرون:

ينفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک حسین، ئەوە ئەو پرۆژەیە بوو کە لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئێمە هاتووە وەکو لەو دانیشتنەی پێش ئێستا داوتمان، کە ئەو بڕیارە درا لیژنەیەک لەبەڕێزان دەست نیشان بکرێت و ئەو لیژنەیە گفتو گۆی لەسەر بکەن ولە ئەنجامی ئەم گفتو گۆی لیژنەکە ئاگاداریان کردینەوە کە ئەمەیان ئامادە کردووە ئەوەی لیژنەکەشمان بۆ بخوێنەوە ئەگەر زەحمەت نەبێ ئەو نووسراوەی کە کردووتانە.

ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی لیژنە ژمارە ٢٠ لە ١٩٩٧/١٢/١٧فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانون المجلس..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر قانون نا، ڕاپۆرتی لیژنەکە بخوێنەوە، ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی لیژنە.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاپۆرتی کۆبونەوەی لیژنە:

لەکۆبونەوەی رۆژی ١٩٩٧/١١/٢٥ی پەرلەماندا وە لەسەرەتای گفتو گۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای کۆڕی زانیاری کورد و، لەسەر داوا و پێشنیاری بەڕێزان، وەزیری داد و وەزیری رۆشنبیری و پشتگیری کردنی لیژنە هەمیشەییەکانی، یاسا، دارای، رۆشنبیری، خوێندنی بالا. لەپەرلەمانی کوردستان بڕیار درا بە دواخستنی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی ئەم یاسایە بۆ ئەوەی بە شێویەکی فراوان و تێروتەسەڵ لێی بکۆڵدرێتەوە بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەک پێک هێنرا هەروەکو لەفەرمانی ژمارە ٢ لە١٩٩٧/١١/٢٥ داهاتووە، کە لە بەڕێزان کاک قادر جەباری وەزیری داد و کاک فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری و کاک شێروان حەیدەری لەجیاتی لیژنەی یاساو کاک جەمیل سندی

لەجیاتی لیژنەی دارایی و کاک ناسح غەفور لەجیاتی خوێندنی باڵاو کاک ئەحمەد سالار لەجیاتی لیژنەی رۆشنبیری، بۆ چاو پێ خشاندن و گەڵاڵەکردنی بۆ ئەوەی جارێکی تر بخرێتە بەردەم پەرلەمان دوای بەستنی زنجیرە کۆبونەوەیەک و دوای ئەوەی پرۆژەکە خاڵ بە خاڵ تاوتۆکرا سەرجەم راو تێبینی و بۆچونی وەزیرانی بەڕێز و نوێنەرانی لیژنەکان دەست نیشان کرا، بۆیە وا بە پێچراوی ئەم راپۆرتە پرۆژەی پێشنیارەکەمان ئاراستەی ئێوە دەکەین کە خۆی لە خۆیدا رای نوێنەرانی ئەنجوومەنی وەزیران و لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمانە بۆیە لەخوارەوە ئیمزامان کرد.
شێروان حەیدەری لەلیژنەی یاسا، فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری، قادر جەباری وەزیری داد، ئەحمەد سالار لەلیژنەی رۆشنبیری، ناسح غەفور لە لیژنەی خوێندنی باڵا، جەمیل سندی لە لیژنەی دارایی. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەوە ئەو لیژنەکەبوو، لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی سەیری ئەوپرۆژەیە بکەن کە ئێستا خوێندرایەوە ئامادەیە، مەبەستم ئەو پرۆژەیەی کە ئەم لیژنەیە ئامادەی کردووە و، لیژنەی یاسا گەڵاڵەی هەردوو ئەو گۆڕانکاریەی دەربڕیوە، بەباشی ئەزانین لیژنەی یاسا ئەو تێبینیانەی لیژنەکە کورت بکاتەوە کە چی کراوە بۆ ئەوەی لای ئەندامان روون بێت و گفتوگۆی لێ بکەین و سوود لەکات وەربگرین.
فەرموو با لیژنەی یاسا ئەمەش بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

ملاحظات اللجنة القانونية حول مشروع المجمع الكوردي لمجلس الوزراء.

١- فيما يتعلق بالمادة «الأولى»، ورد في هذا المادة من مشروع مجلس الوزراء أسم المجمع العلمي الكوردي بينما ترى اللجنة أن تسمى المجمع « المجمع العلمي لكوردستان العراق» كما وأرتأة اللجنة أضافة «يرتبط برأسة مجلس الوزراء».

٢- في ما يتعلق بالمادة «الثالثة» من المشروع، (وردت في هذه المادة أن تكون مدينة أربيل مقراً للمجمع) بينما أرتأة اللجنة أضافة عاصمة الأقليم الى مدينة أربيل وعلى أن يكون للمجلس عقد بعض جلساته خارج مدينةأربيل بموافقة ثلثي أعضائه العاملين.

٣-فيما يتعلق بالمادة «الخامسة»:

أ- أضيف الى هذه المادة فقرة أخرى وهي:

ز- إنشاء مركز لأقتناء وحفظ المخطوطات.

ب- حذف الفقرة «٧» من المشروع.

٤-فيما يتعلق بالمادة «الثامنة» تطرقت الفقرة الأولى من المادة، الى أختيار مجلس الوزراء ثلاثة أعضاء ممن تتوفر فيهم شروط العضو العامل، بينما أرتأة اللجنة أختيار خمسة أعضاء من قبل مجلس الوزراء.

٥- فيما يتعلق بالمادة «التاسعة» ترتأي اللجنة وكما ورد أعلاه أختيار مجلس الوزراء خمسة أعضاء بدلاً من ثلاثة أعضاء الوارد في مشروع مجلس الوزراء.

٦- فيما يتعلق بالمادة«العاشرة» من مشروع مجلس الوزراء(مدة الرئاسة خمس سنوات)بينما أرتأة اللجنة جعلها ثلاث سنوات.

٧-فيما يتعلق بالمادة «الحادية عشرة» من مشروع مجلس الوزراء ورد في هذه المادة بأن «يكون للمجمع أمين عام بدرجة خاصة ويكون مقرراً للجنة» أرتأة اللجنة بأن يكون للمجمع سكرتيراً بدلاً من أمين عام ويكون السكرتير مقرراً للمجمع.

٨- فيما يتعلق بالمادة «الثانية عشرة» تشكلت هيئة الرئاسة بموجب هذه المادة من رئيس المجمع ونائبه وثلاثة من الأعضاء العاملين، ألا أن اللجنة أضافت السكرتير الى هيئة الرئاسة كعضو فيها ومقرراً لها وأثنين من الاعضاء العاملين المتفرغين.

٩-فيما يتعلق بالمادة «الثالثة عشرة» لم يجري تغير في هذه المادة.

١٠- فيما يتعلق بالمادة«التاسعة عشرة» من مشروع مجلس الوزراء المتعلقة بأقسام المجمع أرتأة اللجنة جعل أقسام المجمع مديريات بدلاً من قسم الوارد في هذه المادة من مشروع مجلس الوزراء.

١١- فيما يتعلق بالمادة «عشرون» لم يجري أي تغير على هذه المادة.

١٢- فيما يتعلق بالمادة «الحادية والعشرون» بخصوص راتب ومخصصات رئيس المجمع والأعضاء العاملين أرتأة اللجنة بأن يتمتع رئيس المجمع بكافة الصلاحيات و أمتيازات الوزير وأن يكون نائب الرئيس والسكرتير والأعضاء العاملون المتفرغون من ذوي الدرجات الخاصة و يتقاضون راتب ومخصصات تلك الدرجات ويخير العضو المتفرغ بين تقاضي راتبه ومخصصاته من دائرته وبين ما هو منصوص عليه في هذا القانون مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس ئەوەش ئەم تێبینیانە بوو کە لیژنە کورتی کردۆتەوە بۆ ئاسان کردنی گفتوگۆ، ئێستا دێینە سەر ئەو پرۆژەیەی کەلەلایەن نوێنەرانی حکومەت ونوێنەرانی لیژنەکان ئامادەکراوە ئەو پرۆژە ئەخوێنرێتەوە وە گفتوگۆ ئەکەوێتە سەری با خوێندنەوەی یەکەمی بکەن ئێستا ئەم پرۆژەیە ئەخوێنرێتەوە پاشان مادە بە مادە دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە وەکو هەموو جار،فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

قانون المجمع العلمي لكوردستان العراق

الفصل الاول

(المجمع وأهدافه)

استناداً الى احكام الفقرة ١ من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم ١ لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ما عرضه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة

(  ) بتاريخ (          ) اصدار القانون الاتي:

المادة الأولى:

يؤسس في أقليم كوردستان العراق مجمع علمي بأسم (المجمع العلمي لكوردستان العراق) ويرتبط برئاسة مجلس الوزراء.

المادة الثانية:

للمجمع شخصية معنوية وأستقلال مالي وإداري.

المادة الثالثة:

مقر المجمع مدينة أربيل (عاصمة الأقليم) وله أن يعقد بعض جلساته خارجها بقرار من ثلثي الأعضاء العاملين.

المادة الرابعة:

يهدف المجمع تحقيق مايلي:

أـ المحافظة على سلامة اللغة الكوردية وتنقيتها وتطويرها.

ب ـ العمل على توحيد المفردات اللغوية الكوردية من بين لهجاتها المختلفة وصولاً الى لغة رسمية موحدة.

ج ـ النهوض بالدراسات الكوردية والبحوث العلمية واللغوية لمواكبة التقدم العلمي والثقافي.

د ـ إحياء التراث الكوردي والأسلامي في العلوم والآداب والفنون وإبراز دور العلماء الكورد فيه.

ه ـ العناية بدراسة تأريخ الكورد وحضارته.

وـ تشجيع وتعضيد التأليف والترجمة من وإلى اللغة الكوردية.

زـ توثيق وتعزيز العلاقات بالمجامع العلمية والجامعات ومراكز البحث العلمي داخل الأقليم وخارجه.

المادة الخامسة:ـ

يحقق المجمع أهدافه بالوسائل التالية:ـ

أـ وضع معاجم وموسوعات علمية ولغوية.

ب ـ إصدار المجلات والمطبوعات والعناية بأمور النشر.

ج ـ نشر الكتب والوثائق والتحقيق في النصوص القديمة.

د ـ إقامة المؤتمرات العلمية واللغوية وعقد الندوات والمواسم الثقافية والمساهمة في المؤتمرات خارج الأقليم.

ه ـ تكريم العلماء والباحثين والأدباء والفنانين.

وـ تأسيس مكتبة وإنشاء مطبعة.

زـ إنشاء مركز لأقتناء وحفظ المخطوطات.

## الفصل الثاني
## (العضوية في المجمع)

المادة السادسة :ـ

يتألف المجمع من :ـ

أـ أعضاء عاملين لايقل عددهم عن (٩) تسعة ولايزيد عن (١٥) خمسة عشر ويكون خمسة منهم متفرغين.

ب ـ أعضاء مؤازرين.

ج ـ أعضاء شرف.

المادة السابعة :ـ

أـ يشترط في العضو العامل :ـ

١ـ أن يكون كوردياً أو عراقياً بلغ الأربعين من العمر.

٢ـ له أطلاع واسع في اللغة الكوردية وفي فرع أو أكثر من فروع المعرفة أو نتاج أصيل فيه أو تضلع في إحدى اللغات الحية أو القديمة وقدرة على تحديد المصطلحات.

ب ـ يشترط في العضو المؤازر :ـ

١ـ أن يكون ذا أطلاع حسن في قواعد اللغة الكوردية.

٢ـ أن تكون له إحاطة واسعة بفرع من فروع المعرفة وله نتاج جيد.

٣ـ أن لايقل عمره عن (٣٠) سنة.

ج ـ يشترط في عضو الشرف :ـ

١ـ أن يكون قد قدم خدمات جليلة في إحدى فروع المعرفة.

٢ـ لايقل عمره عن (٥٠) سنة.

المادة الثامنة :ـ

أـ يشترط في تعيين العضو العامل :ـ

١ـ تقديم طلب تحريري الى رئاسة المجمع.

٢ـ تزكية مكتوبة من عضوين عاملين يؤيدان حسن سيرته ومؤهلاته العلمية والأدبية.

٣ـ حصوله على موافقة أكثرية الأعضاء العاملين وبالأقتراع السري.

٤ـ صدور قرار من رئاسة مجلس الوزراء بتعيينه.

ب ـ يقبل العضو المؤازر وعضو الشرف بترشيح أثنين من الأعضاء العاملين وموافقة أكثرية أعضاء مجلس المجمع وبالأقتراع السري.

المادة التاسعة :ـ

يختار مجلس وزراء أقليم كوردستان أبتداءً خمسة أشخاص لعضوية المجمع ممن تتوفر فيهم

شروط العضو العامل المنصوص عليها في الفقرة (أ) من المادة السابعة من هذا القانون ثم يختار هؤلاء الأعضاء العاملين الآخرين.

المادة العاشرة :ـ

أـ يمارس العضو العامل عمله في المجمع ويواظب على الحضور والمشاركة في لجانه وأجتماعاته ونشاطاته.

ب ـ يعتبر العضو العامل مستقيلاً إذا تخلف عن حضور ثلاث جلسات متتالية بدون عذر مشروع.

## الفصل الثالث
## (رئاسة المجمع وسكرتاريته)

المادة الحادية عشرة :ـ

أـ يتم أختيار رئيس المجمع بحضور ثلثي الأعضاء العاملين وبالأقتراع السري وبالأكثرية المطلقة ويصدر بذلك قرار بتعيينه من رئاسة مجلس الوزراء لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجديد مرة واحدة.

ب ـ عند عدم حصول الأكثرية في الفقرة أعلاه يكون العضو الحاصل على عدد أكبر من الأصوات في أقتراع ثاني رئيساً. وفي حالة حصول التساوي في حيازة الأصوات يتم أختيار الرئيس بالقرعة.

المادة الثانية عشرة :ـ

لرئيس المجمع نائب ينتخبه مجلس المجمع من بين أعضائه العاملين بالأكثرية المطلقة وبالأقتراع السري لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجديد مرة واحدة ويقوم مقام الرئيس.

المادة الثالثة عشرة :ـ

أـ للرئيس أختيار سكرتير المجمع من بين أعضائه العاملين وبترشيح من هيئة رئاسة المجمع ويكون متفرغاً.

ب ـ يكون السكرتير :ـ

١ـ مقرراً لمجلس المجمع وهيئة الرئاسة.

٢ـ مسؤولاً عن تنظيم المراسلات والعلاقات العامة.

٣ـ مسؤولاً عن تدوين محاضر الجلسات ومقرراتها.

## الفصل الرابع
## (هيئة المجمع ومجلسه)

المادة الرابعة عشرة :ـ

أـ للمجمع هيئة رئاسة تتكون من :ـ

١ـ رئيس المجمع رئيساً

٢ـ نائب الرئيس عضواً

٣ـ السكرتير عضواً ومقرراً

٤ـ أثنين من الأعضاء العاملين المتفرغين ينتخبهم المجلس في أجتماع يحضره ثلثي الأعضاء العاملين على الأقل ولمدة ثلاث سنوات قابلة للتجديد مرة واحدة.

ب ـ تجتمع هيئة الرئاسة مرة واحدة في الشهر على الأقل.

المادة الخامسة عشرة :ـ

تمارس هيئة الرئاسة المهام والصلاحيات التالية :ـ

أـ إعداد الميزانية السنوية والملاك لإقرارها من قبل مجلس المجمع.

ب ـ تنظيم شؤون المجمع الإدارية والمالية وفق نظامه الداخلي.

ج ـ أقتراح عقد المؤتمرات والندوات في فروع الثقافة عموماً.

د ـ الاشراف على شؤون المجمع العلمية والثقافية.

ه ـ الموافقة على أيفاد أعضاء المجمع ومنتسبيه داخل الأقليم وخارجه.

المادة السادسة عشرة :ـ

أـ يتألف مجلس المجمع من الرئيس ونائبه والأعضاء العاملين.

ب ـ يجتمع مجلس المجمع مرة واحدة في الشهر على الأقل ويتحقق نصابه بحضور ثلثي الأعضاء ويتخذ قراراته بالأكثرية وللرئيس صوت الترجيح عند تساوي الأصوات.

ج ـ للمجمع عطلة سنوية تبدأ في أول شهر تموز حتى نهاية شهر أيلول وللرئيس دعوة هيئة الرئاسة ومجلس المجمع الى الأجتماع خلالها عند الأقتضاء.

المادة السابعة عشرة :ـ

يمارس مجلس المجمع الأختصاصات التالية :ـ

أـ النظر في شؤون المجمع ذات الصلة بأهدافه ومهامه.

ب ـ مناقشة وإقرار تقارير اللجان العلمية وأعمالها.

ج ـ إقرار مشروع الموازنة السنوية للمجمع.

د ـ إقرار الخطة السنوية للمجمع.

ه ـ النظر فيما يحيله اليه رئيس المجمع.

المادة الثامنة عشرة :ـ

لمجلس المجمع تشكيل لجان دائمية أو مؤقتة من أعضائه أو من غيرهم برئاسة أحد أعضاء المجمع العاملين.

## الفصل الخامس

## (شؤون المجمع الإدارية والمالية)

المادة التاسعة عشرة :ـ

أ ـ للمجمع الأقسام التالية :ـ

١ـ مكتب رئيس المجمع.
٢ـ مديرية الإدارة والأفراد.
٣ـ مديرية المحاسبة والتدقيق.
٤ـ مديرية الإعلام والعلاقات العامة.
٥ـ مديرية الخدمات العلمية والفنية.
٦ـ مديرية المطبعة والنشر.
٧ ـ المكتبة.
٨ ـ مركز المخطوطات والوثائق.
٩ـ المخزن.

ب ـ يرأس كل مديرية موظف حاصل على شهادة جامعية ويرتبط بالسكرتير.

ج ـ لمجلس المجمع أستحداث مديريات وأقسام أخرى عند الأقتضاء.

المادة العشرون :ـ

تتكون مالية المجمع من :ـ

أ ـ المنحة السنوية من الميزانية العامة لحكومة الأقليم.

ب ـ الأيرادات الحاصلة من نشاطاته.

ج ـ ريع المطبوعات.

د ـ المنح والتبرعات.

المادة الحادية والعشرون :ـ

يتمتع رئيس المجمع بكافة صلاحيات وأمتيازات الوزير المنصوص عليها في القوانين والأنظمة قدر تعلقها بإدارة المجمع ويتقاضى راتب الوزير ومخصصاته.

المادة الثانية والعشرون :ـ

أ ـ يعتبر نائب الرئيس والسكرتير والأعضاء العاملون المتفرغون من ذوي الدرجات الخاصة ويتقاضون راتب ومخصصات تلك الدرجات.

ب ـ يخير العضو المتفرغ بين تقاضي راتبه ومخصصاته من دائرته وبين ماهو منصوص عليه في هذا القانون.

المادة الثالثة والعشرون :ـ

لهيئة الرئاسة منح مكافآت دورية أو أستثنائية للأعضاء العاملين غير المتفرغين والمؤازرين وأعضاء الشرف حسب نشاطاتهم ونتاجاتهم العلمية.

## الفصل السادس

## (أحكام ختامية)

المادة الرابعة والعشرون :ـ

على العضو المتفرغ الإقامة في مقر المجمع والدوام فيه والتفرغ لأعماله.

المادة الخامسة والعشرون :ـ

إذا خلا مكان عضو من أعضاء المجلس يعلن الرئيس ذلك في أول جلسة ويقرر المجلس ملئه خلال ثلاثة أشهر.

المادة السادسة والعشرون :ـ

على المجمع أن يضع له نظاماً داخلياً خلال مدة لاتزيد على ستة أشهر من تأريخ نفاذ هذا القانون.

المادة السابعة والعشرون :ـ

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الثامنة والعشرون :

ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

«الأسباب الموجبه»كەشی ئەخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ باشە «الأسباب الموجبة»ش ئەخوێنرێتەوە فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

طالما كان تأسيس المجمع العلمي لكوردستان العراق من أهم الأهداف التي سعت الحركة التحررية الكوردية في العراق بقيادة «البارزاني الخالد» لتحقيقها ومنحته الأولوية في مطاليبها ومذكراتها و وثائقها في كافة مراحل التفاوض مع الحكومات التي توالت على حكم العراق وأخيراً توج بأتفاقية ١١/آذار/١٩٧٠ حيث كان ذلك إيماناً من قيادة الحركة التحررية الكوردية بأن سعيها من أجل إنتزاع الأعتراف بالحقوق القومية لشعب كوردستان لابد من أن يرافقه سعي لأضافة المؤسسات العلمية للحفاظ على مقومات شعب كوردستان وصون تراثه وتطوير لغته ولتكون جسراً يمتد الى الحضارات الأخرى وتراث شعوب العالم، واليد التي تعمل مع تفاعلها معها على خدمة الأنسانية جمعاء، عليه وحيث أن الظروف الموضوعية والذاتية في كوردستان العراق قد تهيأت لأقامة هذا الصرح العلمي الذي لابد منه كظرورة لترسيخ تجربة كوردستان الفتيه وتطوير نظامها السياسي القائم وتحقيق أهدافها و بغية دفع عملية تكامل مؤسساتها التي تشكل مقوماتها الرئيسة الى الأمام فلقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ئەوەش (الاسباب الموجبة)بوو، ئێستاش دێینە سەر پرۆژەکە ئێستاکە مادده بە مادده باس ئەکرێت ئەخوێنرێتەوە پاشان دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە، بابفەرموون کێ ئەیخوێنێتەوە، مادده یەک دەست پێ ئەکەین فەرموون.

**د. ناسح غەفور رەمەزان:**

مادە «یەک»ی هەموارکراوەکە کە هەیە.

اولا/ قانون المجمع العلمي لكوردستان العراق

الفصل الاول

(المجمع وأهدافه)

المادة الأولى:ـ

يؤسس في أقليم كوردستان العراق مجمع علمي بأسم (المجمع العلمي لكوردستان العراق) ويرتبط برئاسة مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مادە یەک بوو، دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە بۆ مادە یەک ناونوسیان کەین.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە مادده یەک نەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی چی بوو، تکایە مادە مادە بیخوێننەوە لەپرۆژکە ئەوەی ئێستاکە کاک حسێن خوێندیەوە.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی پێک هاتین لەسەری لە لیژنەکان نوێنەری هەموو ئەو لیژنانەی تیادابووە ئەمە مادده یەکی پرۆژەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، فەرموون،مادە (١) خوێنرایەوە؟ ئەوەیە کاک حسێن؟ ، کاک مەحەمەد؟.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەیە، ئەوە مادە (١) خوێنرایەوە،کێ ئەیخوێنێتەوە، کاک د. ناسح ئەیخوێنێتەوە، باشە ئەوەی

کە د. ناسح خوێندیەوە ئەوە پرۆژەکەیە، مادده «یەک»ە ئێستا دەست بەگفتوگۆ ئەکەین کێ گفتوگۆی لەسەر مادده یەک هەیە ناونوسیان بکەن تکایە، ئاگادارین لەدوبارەبوونەوە،ئەوانەی کە ناونووس کراون، کاک شێخ جەعفەر، کاک د. رزگار، مەلا هادی،کاک د. ئیدریس، کاک عەبدولخالق، کاک فرەنسۆ، کاک سیروان کاکەیی، کاک ئیبراهیم سەعید، مامۆستا مەلا تاهیر،کاک شمائیل،کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جـەعـفـەر شـێخ عـەلی عـەبدولعـەزیز:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەگەرتەماشای ماددەی چوار بکەین ئامانجی کۆڕی کوردی پەیوەندی بەزمانەوانی هەیە زمانەوانیش هی نەتەوەیە لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام (يؤسس في أقليم كوردستان العراق مجمع علمي بأسم المجمع العلمي الكوردي ويرتبط برأسة مجلس الوزراء) نەک (المجمع العلمي لكوردستان العراق) سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

تۆ لاریت هەیە لەسەر (كوردستان العراق) ودەڵێی بکرێت بە (الكوردي).

**بەڕێز جـەعـفـەر شـێخ عـەلی عـەبدولعـەزیز.**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڵێ، (المجمع العلمي الكوردي).

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڵێ، سوپاس، تکایە تێبینی بنووسن،کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەمە هەمان تێبینیە چونکە یاسای حکومەتیش هەیە(قانون المجمع العلمي الكوردي) نازانم بۆچی (المجمع العلمي لكوردستان العراق)دیارە، یانی پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا هادی، فەرموو.

**بەڕێز مـەلا هادی خـضـر کـوێخـا:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

وا بەپەسند دەزانم،(قانون المجمع العلمی الکوردی لکوردستان العراق) وشەی کوردی چونکە وشەی کوردی ئەوکۆڕە . بێجگە لە زمانی کوردی، زمانی تریش لە کوردستان هەیە: تورکمانی و ئاشووری وابزانم «مجمع العلمی کوردی لکوردستان العراق »، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

تکام وایە برادەرێک کە پێشنیار ئەکات پێویست ناکات برادەرانی تر هەمـوو دووبارەی بکەنەوە .ئەوەتا سێ برادەر یەک بابەت باس ئەکا ، کە«نابێ مـجـمـعی کـوردی »بێ، . یەک کەس بەسە ،بلێ من لە گەڵ ڕای فلان کەسم. جامن حەز ئەکەم پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتەکەوە یەکێک لە برادەرانی لیژنەکە روون کردنەوەیەک، پێشکەش بکات، دیارە وەکوو پێویست روون نەکراوەتەوە .کاک ئەحمەد سالار ئەگەر جەنابت بفەرموویت کە چ بووە و چۆن بووە، چونکە لە ڕاسـتیدا ئەوە ڕای لیـژنەکـانی پەرلەمـانییـە نەک ڕای لیـژنەی یاسـایی.لای جـەنابتـان روونە و رەشنووسـەکە لەپێشتانە هەر چەندە بابەتەکە من هەندێکم باس کرد ،بەڵام نەک بە درێژی .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک ئەحمەد سالار .

**بەڕێز ئەحمەد سالارعەبدولواحید ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پرۆژەیە کەهاتبوو، واتە «مسۆدەی» پرۆژەی، پێشنیارکراوبوو، پاش ئەوەی لێرەلەسەر ڕای سێ لیژنە و چووار لیژنەی پەرلەمانی هەمیشـەی، بڕیاری دوواخستنی لەسەر درا بۆ ئەوەی جارێکی ترکە چاوی پیا بخشێنرێ و تاوتوو بکرێ، لە بەر گرنگی بابەتەکە .وەلەبەر ئەوەی هەستیـان بە ناتەواوی وکەلێن کرد، لە رووی تەکنیکیەوە، لە رووی داڕشتنەوە، لە رووی لۆجیکەوە، لە رووی مـەبەست گـەیاندنەوە ،ئەوە بوو لـەسەر بڕیاری ئەنجوومـەنی نیـشـتمـانی لیـژنەیەک پێک هات بە بەشـداری وەزارەتی داد و وەزارەتی ڕۆشنبـیری و لیـژنەی یاسا و خوێندنی باڵا ودارایی وئابووری ولیژنەی ڕۆشنبیری. ئەوە بوو پاش ئەوەی نوێنەرانی وەزارەتی «داد»یش، کە بریتی بوون لە چەند کەسێکی پسـپۆڕی یاسایی تەواو شارەزا تاو تۆیەکی تەواویان کرد بوو. چەند کۆبوونەوەیەک کرا ،لە ئاکامی ئەو کۆبوونەوە ،ئەوە بوو گەیشتینە یەکگیری ڕایەکانمان ،لەسەر کۆمەڵێک مەبەست وە بۆ ئەوەی زیاتر پرۆژەکـە دەوڵـەمـەند بکرێ و بەکـاکـڵـەیی و گـەڵاڵەکراوی و پووختـەیی بێتـەوە بەردەمی بەڕێزتان. ئەوە بووداواکـرا کـەسـانێکی هەڵبـژاردە، ئەوانەی پەیوەندارن بە بابەتەکـەوە لەزانایان ،ڕۆشنبیـران و هوونەرمەندان و ئەوکەسانە بانگ کـران بۆ پەرلەمان و کۆبوونەوەیەکی چەندسـەعـاتی کرا، کـۆی ڕایەکـانیـان وەرگـیـرا دووبارە بەراووردکـرا دەرکەوت لە کـۆمـەڵێک ڕایا هەمووان یەکانگیرین ویەکین لەسەر ئەو بۆچوونانە و، ئەوەشی کە پێویسـتی بە چەندوو چوون کرد ،لایەنەکـانی یەکالا کرایەوە و لەو چەند دانیـشـتنەی دووای ئەوە بوو گـەیشـتینە دووا داڕشتن کە ئەمەیە ئێستا ئەخرێتە بەردەمتان .ئێمە ڕاستە لەوێشدا چەندوو چوونێکمان لەسەر ئەو خاڵە کرد بەتایبەتی ناوەکە کە کۆڕی زانیاری لەکوردستانی عێراق «المجمع العلمي لكوردستان العراق » کە ڕا وا بوو بلێین «مجمعی علمی کوردی».

ئێمـەش ئێسـتە ڕای زۆربەمان لە گەڵ ئەوەیە بۆ ئەوەی دەسنیشـان کراوبێ، تەواوترە بلێیی «کوردی

»یەکـە، چونکە ئەگـەر «کـوردسـتـان» بوو زیاتر بەر بڵاوترە، فـراوانـتـرە. چونکە بە پێی ئەو ئامانجـانەی کە لێرە هاتووە لە دووتوێ ئەم پرۆژەیە یاساییەدا تایبەتمەندی کوردی پێوەیە نەک فراوانی. لە بەرئەوە ئەتووانرێ بووەترێ کوردی لە کوردستانی عێراق، ئەگەر رێ بفەرموون رای زۆربەمـان، تەنانەت لیژنەکەش هاتووینەتە سەرئەوە، پاش ئەوەی رای برادەرانیش، کە پێشـتـر چاویان خشـانەوە بەم پرۆژەیە لە سـەر ئەوە رایان وا بوو.ئێـسـتـا ئەمـەی کـە کـۆکـراوەتەوە ئەوهەنگاوەیە کەبە بەشداری چو ار پێنج لیژنەی هەمیشـەی پەرلەمـان و، بەشداری زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لە چەندو و چۆن کردن لە سەر ئەم کاکڵەیەیە، کە خراوەتە خزمەتتان. بەڵێ، کـاتێ کـە ئەڵێن «کـوردسـتـان »،یا «کـوردی »، بە هیچ شـێـوەیەک نامـانەوێ مـافی ئەو کەمایەتییەو، گەلانەی تر کەهاوبەشمانن لەسەر خاکی کوردستان زەوت بکرێت. بەڵکو ئەوانیش مەودای خۆیان هەیە، دەرفەتی خۆیان هەیە، بۆئەوەی بتوانرێت بۆ ئەوانیش بێتە ئاراوە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن :**

کاک قادر حەز ئەکەی وەکوو «وەزیری داد»، بە بڕوای من تێبینیەکان کۆ بکەنەوە .

**بەڕێزقـادر عـەزیز مـحـمـەد جـەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن،**

وەکوو «المجمع العلمی السووری »، «المجمع العلمی العراقی »، «المجمع العلمی الترکی»، «المجمع العلمی الایرانی » ئەوە هیچ لەبابەتەکە ناگـۆڕێ، کە ئەمـە «کوردی »نییـە. ئاشکرایە «المجمع العلمی الایرانی » هی کێیە «المجمع العلمی السووری »هی کێیە ئەوە لێی کەم ناکا، وە بۆ ئەوەی بەربڵاوتر بێت ،و مافی نەتەوەکانی تریش نەخۆین لە کوردستانی عێراق دا، پێمان وایە «المجمع ی العلمی الکوردی ، لەکوردستـانی عـێـراق »باشـتـرە ،لەوەی کـەناوی بنەین «کۆڕی زانیاری کوردی ». چوونکە کاتی خۆی هەل ومەرجێکی تر بووە کەپێیان وتووە«کۆڕی زانیاری کوردی»، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن :**

لیژنەکان تکایە ئێوە لێرە هەرچی تێبینیتان هەبوو، بینووسن بۆ ئەوەی دووایی تاو تۆیان بکەین فەرموو کاک د. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن.**

من لە گەڵ «المجمع العلمی الکوردی»م ،تەنانەت «کوردستانی عێراقی »پێوە نەبێ، چوونکە ئەوە تایبەتە بە نەتەوەی کورد .

ئیمرۆ ئێمـە لە عێراق باسی زمانی کوردی ناکەین، بەڵکو باسی «زمانی کوردی» ئەکەین بە گشتی جا چ لە ئێران بێت ،یا لە تورکیا بێت، یا هەرجێگایەکی تر بێت. «پسپۆریەتی »هەیە، یەکێک باسی زمانی انگلیزی دەکا ،یەکێک باسی عەرەبی دەکا ، ئەوە پەیوەندی بە نەتەوەکانی

تره، وەک «ئاشووری» وئەوانی ترەوە نییە، ئەوە «کۆڕ»ێکە بۆ زمانی کوردی واتە ئامانجەکەی دیارە، جا دەبێ ناوی یاساییەکەی چی بێ ،ئامانجەکەیشی هەمان شت بێت، ئەگەر بە پێچەوانەوە بێت، ئەوابابەتێکی تر دەردەچێت، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرمووکاک سیروان :

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کرا، من پشتگیری قسەکانی کاک «شێخ جەعفەر» دەکەم، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی شانازی و سەربڵندی ئێمەیە، کە ئێمە «دیموکراسیەت »پیادە دەکەین، نە بە قسە بەڵکوو بە کردەوە. مافی هەرکەمایەتییەک لە کوردستان پارێزراوە. دووای بەیانی ١١ی ئازار «کۆڕی زانیاری کوردی»دامەزرا، ئێستا«کۆڕی زانیاری عێراقی »ە و«کۆڕی زانیاری کوردی »بەشێکە لەوان. پاشان ئێمە باسی زمانی کوردی و بابەتی زانستی دەکەین، ئەگەر دووای ئەوە پاشکۆیەک بۆکەمایەتییەکانی تر دەربچێت پێم وایە باشترە. واتە «کۆڕ زانیاری بۆ کوردستانی عێراق »بێت، پاشان دووای ئەوە پاشکۆیەک دەربچێت،کەمایەتییەکانی تری تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەر ئەم ماددەیە «سڕینەوە»یەک، و«زیادکردنێک»م ،هەیە سەرەتا، «یؤسس في اقلیم کوردستان العراق المجمع العلمي »، «العلمی»کەی پێوەنەبێ، چوونکە ئەمە، «ذکر»ی «معرف»ە و پاشان «اوصاف»ەکە «تعریف»ە بۆی. هەروەها «زیادکردنەکە»م ئەوەیە «یدیرة هیئة الرئاسة»، ئەوپێشنیارەی کە برادەران دەیکەن ئەڵێ «المجمع العلمی الکوردی »ئەگەر «ا » «ف »کەی پیوە بلکێن ئەبێ بڵێ «فی کوردستان العراق »نەک« لکوردستان العراق »چوونکە «ل»م بۆ «اختصاص»«فی »بۆ «ظرف» ئەبێت، کەواتە نەتەوەکانی تریش ئەبێ هەمان مافیان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شمائیل.

**بەڕێز شـــــمـــــــائیل ننۆ بنیـــــــامین:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

لە ڕاستیدا من پشتگیری ئەوبرایانە ئەکەم سەبارەت بە ناو هێنانی «کوردی» لە ناو «کۆڕ»ەکەدا، چوونکە ئەم کۆڕە پەیوەندی بە کۆڕی «نەتەوایەتی»و «زمانی کوردیە»وە هەیە. هەروەکوو کاک ابراهیم ئاماژەی بۆکرد، لە کاتی خۆی لە بە غدا «کۆڕی زانیاری سریانی » هەبوو. ئەگەررویسترا کە ئەم کۆڕە دابمەزرێ دەبێ یاسایەکی تایبەت بەخۆیشی هەبێ. کەواتە بە بڕوای من ناوهێنان و ناونەهێنانی «کوردستانی عێراق » لە«مجمع علمی کوردی » دا وەک یەک وایە، سوپاس .

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

سوپاس، فەرموو کاک عبدالخالق.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

من لەگەڵ ئەوپێشنیارەم کە ببێتە «کۆڕی زانیاری کوردی لە کوردستان عێراق» ، واتە «المجمع العلمی الکوردی فی الکوردستان العراق »لە بەر ئەوەی ئامانجەکان گشتی بۆ کوردە وە بۆ «کەلەپووری ئیسلامی»ە لە بەر ئەوە نابێ ئێمە مافی «ئاشوورییەکان »و«مەسیحیەکان »و یا ئەوانی تریپێشێل بکەین، یاخوود دەبێ یاسایەکە هەمووی بگۆڕێ. من لەگەڵ زۆربەی ئەو یاسایانەم کە پێشکەش کرا ،بەڵام لەگەڵ ئەوە نیم کەببێتە«کۆڕی زانیاری کوردی لە کوردستانی عێراق » ، سوپاس .

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

سوپاس، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێـز فــــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

منیش پشتگیری برادەران دەکەم ،ناوەڕۆکەکەی بۆ«کۆڕی کوردی »ە، واتە ئامانجەکانی تەنها باسی «کوردی و ئیسلامی »کردووە، بۆیە دەبێ بە ناوی کوردی بێت، و ئەگەر کوردستانی بێت ئەبێ ناوەڕۆکەکان وئامانجەکانی، گشتی بگۆڕێ .ئەوە یەک ، دووهەم «المجمع العلمی لکوردستان العراق »لە ناو (کەوانە) دەر بچێ ،بەڵام لەناو (کەوانە) وشەی «کۆڕ »دابنرێ چونکە ئەو ڕۆژە لەسەر ئەوەی کۆڕ بێ، یا کۆڕنەبێ زۆر قسە و باس کرا. لە بنەڕەتدا کۆڕ بووە «کۆڕ »یش لە «هەنبانە بۆرینە »واتە جێگای کۆبوونەوە. بۆیە من داوا دەکەم کەلەسەری ڕێک بکەون کە کۆڕ بێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

ئەگەر پێتان باش بێت تا کات ژمێر یەک یا یەک و نیو دانیشتنەکەمان بەردەوام بێت، کات ژمێر

«سێ»ش کۆ ئەبینەوە بۆ تەواوکردنی ئەم خاڵەو خاڵی دووایی بۆ سبەینێ دائەنێین، کە سەبارەت بە بودجەی « حکومەت»ە، فەرموو کاک د. ناسح.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا زۆر لەسەر ناوی کۆڕ قسەو باس کرا، هەروەها ئەوناوەی کە بەڕێز« کاک فەرەنسۆ» هێنای بە کوردی ،زۆرباسی لە سەرکرا، ئێمە هەموو ئەندامانی لیژنەکە کۆکین لەسەر ئەو ناوەی کە بەکوردی بووترێت ،ئێمە هیچ تێبینیەکمان لە سەر ناوە کوردییەکەی نییە، کە«کۆڕی زانیاری»بوەترێت، بەڵام بەڕاستی لە ناو لیژنەکە بە «ئەمانەت»ەوە ئەبێ قسەبکەین. ڕاستە بیرو ڕای جۆراوجۆر هەبوو ،تەنانەت لەم دانیشتنەش دا هەیە، بەڵام زۆربەیان لە گەڵ ئەوە بوون کە بوەترێت « قانون المجمع العلمي لكوردستان العراق» . بەڵام ئەمە ئەو لیژنەیە کە ئێمە پێکمان هێنابوو، مەبەستیش لەناوەکە زیاتر بۆ ڕێز گرتنە لە برا«ئاشوورییەکان»مان، لەبرا «تورکمانەکان»مان، لە برا «کلدانیەکان»مان، بۆ ئەوەی ئەوانیش ئەگەر داوایان کرد بتووانن بە شێوەکی شەرعی بینە ئەندام لەم کۆڕەدا .ڕاستە لێرە زۆربەی ناوەڕۆکەکەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە. بەڵام بە داخەوە ووشەی کوردستان لە زۆر شوێن دا هەبوو من ئێستە ئەبینم سڕاوەتەوە ، بۆ نموونە مێژووی کوردستان هەیە لێرە نەنووسراوە، تەنها نووسراوە مێژووی کوردی .ئەم کۆڕەش وەکوو «کۆڕی زانیاری عێراقی» و «کۆڕی زانیاری سووری » ، و«کۆڕی زانیاری میسری» وایە، کە کاک قادر جەنابی وەزیری داد روونی کردەوە . جیاوازی هەیە کاتێ کە ئێمە جاران داواکارییەکمان ئەکرد لە حکومەتی بە غدا لە گەڵ ئێستا کە ئێمە خۆمان خاوەنی دەسەڵاتێکین لە کوردستانی عێراق ،جا هیوادارم ئەو برایانەی کە ئێستا لە ژێر ئاڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان دا دەژین تووشی ناحاڵی بوون نەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئەحمەد سالا.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەزم کرد ئەوە روون بکەمەوە بە پێی ئەو ناوەڕۆکەی لە پرۆژەکە دا هاتووە، بەتایبەت ئامانجەکان،تەنها لایەنی «زانستی» زمان ناگرێتەوە، بەڵکو زانستەکانە بەگشتی و رۆشنبیری گشتییە. یەکێک لە زانستەکان بریتیە لە لایەنی زمانەوانی، سەبارەت بە وشەی «کۆڕی زانیاری»بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێ لە گەڵ «کۆڕی »تر، وشەی«زانیاری»یەکە، جیای ئەکاتەوە. هەروەها دەربارەی وشەی کۆڕ، هەر لەکۆنەوە «کۆڕ »وتراوە، و وشەیەکی رەسەنیشە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم لاریمان لەسەر «کۆڕ »نییە. کۆڕ، پەسەند کرا و دانرا، بەڵام یەک تێبینی هەیە،ئێستاکە

پێشنیارەکە بەو شێوە پێشکەش کرا، لە جیاتی «کۆڕی زانیاری لە کوردستانی عێراق » بکرێتە «کۆڕی زانیاری کوردی ». لە راستیدا ئەمە بابەتێکی گرنگە، دەبێ ئەندامانی پەرلەمان بایەخی تەواوی بدەنێ ،و لە سەری بووەستن جیاوازی هەیە لە نێوان «کوردی» و «کوردستانی»، کەواتە با روون بێت لامان. کاک «فرەنسۆ »وکاک «قادر جەباری »روونکردنەوەیەکیان پێشکەش کرد کە مەبەست لەم پێشنیارە چییە. لە کاتی خۆی کە داوا کرا ئەمە ببێتە «کۆڕی زانیاری کورد» لەکۆڕی زانیاری عێراقی،ئەوکات بارودۆخەکە جیاواز بوو. بەلاّم ئێستا ئێمە لە کوردستانی عێراق خاوەن قەوارەیەکی دیاریکراوین. لەوانەیە هەندێک تێکەڵ بوون هەبێت ، بەلاّم کۆڕی زانیاری لە کوردستانی عێراق، هیچ زیانێک بە کوردستان و ئەزموونەکەی ناگەیەنێ. بەڵکو بە پێچەوانەوە ،سوود بەخشە و دەگوونجێت لەگەڵ دۆخی ئەمڕۆی کوردستان. لەوانەیە لە داهاتووشدا گۆڕانێک درووست بێ، بەلاّم ئەوکات شتێکی ترە، بەلاّم ئەمڕۆ ئێمە قەوارەیەکمان هەیە و فیدرالیەتێکمان چەسپاندووە لەم پەرلەمانەدا، جا کەواتە دەبووایە پەرلەمانمان ناو بنایە ،«پەرلەمانی کوردی »، یاخود بمان وتایە «ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردی »، کاتی خۆی قسەو باسی زۆر لەسەر کرا، دیارە هەندێک لە برادەران جیاوازی ناکەن لە نێوان «پەرلەمانی کوردی»، یا «کۆڕی زانیاری لە کوردستانی عێراق »ئێرە کوردستانی عێراقە، بڕوا ناکەم کەس لەوە گوومانی هەبێ، ئەگەر هەیە با شیی بکەینەوە وقسەی لەسەر بکەین و، ئەگەر بڕوامان وابێت کە کوردستان بەشێکە لە عێراق ،ئەوا زۆر ئاساییە کە«کۆڕی زانیاری» تایبەت بەخۆی هەبێ. ئەمەش هیچ کاتێک رێگا لە برا «ئاشوورییەکان »ولە برا «تورکمانەکان »ناگرێت کە کۆڕی تایبەت بەخۆیان هەبێت. لێرەدا واتە ئێمە «هەیئاتەکانی »خۆمان بچووک بکەینەوە و بیخەینە چوار چێوەیەکی تەسکەوە. من حەز ناکەم زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بدوێین، هەروەک کاک ئەحمد سالار ئاماژەی بۆکرد سەبارەت بە ناوەکە «الاسم المسمی» تەنها بۆ زمان نییە، بەڵکو بۆ «معریفەتە»بۆ «زانستە». «زانست»یش، تەنها بۆ زمان نییە بەڵکو جیاوازە، «کۆڕی زانیاری» تەنها زمان نییە بەڵکو هەموو بەشەکانی «معریفە»ت، دەگرێتەوە، فەرموو کاک ئیدریس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەڵێم زۆرگرنگە وشەی کوردی ،لەبەر ئەوەی ئێستاکە ئێمە قەوارەیەکی«فیدرالی» مان، هەیە دامەزراوەکانی زانستیمان هەیە، زانکۆمان هەیە، ئێمە دەبێ بە زمانی خۆمان لە زانکۆکان بخوێنین، هەموو ولاّتانی جیهان زمانەکەی خۆیان پاراستووە و بەکاری ئەهێنن. ئێمە ئێستا زۆر جار کێشەی نووسراوێکمان هەیەکە لە «دهۆک»ەوە بۆمان دەنووسرێت بە زاراوەی بادینی، لێرە نازانین چ وشەیەک بە هاوبەشی دانەین. ئێستا مەبەست زمانەکەیە، قەوارەیەک کە درووست دەکرێت، دەبێ زمانیکی تایبەتی خۆی هەبێ. واتە دەبێ زمانیکی یەکگرتووی هەبێ کە ئیشی پێ

بکرێت، ئەو جا چ زانستی بێ، یا ئەدەبی بێ برا «ئاشووریەکان» و«تورکمانەکان»یش، کە لە کوردستان دەژین ڕاست وایە، ئەوانیش بایەخ بە زمانی خۆیان بدەن، چ بە شێوەی «کۆڕ» ێک بێ، یا بە شێوەی بەشێکی دیاریکراو بێ، ئەوە ڕێگا لەوان ناگرێ. من نموونەیەک دەگێڕمەوە.ئێمە پاش ڕاپەڕین «ڕێکخراوی مافی مرۆڤ»مان. درووست کرد ،ووتیان «مافی مرۆڤی کوردی» ، بەلاّم ئێمە نارەزاییمان دەربڕی، ووتمان «مافی مرۆڤ لە کوردستان » چوونکە هەمووکەسێک لە کوردستان بێ ، دەبێ مافی پارێزراو بێ بەلاّم ئەمەیان پەیوەندی بە زمانێکەوە هەیە ، بەڕاستی دەبێ جیبیای بکەینەوە، زمانی کوردی زمانێکی نەتەوەیی گەورەیە. زمانی قەوارەیەکە کە لەوانەیە لە داهاتوو گەورەتر بێتەوە و پەرە بسێنێ. زانکۆمان هەیە دامەزراوەکانی زانستیمان هەیە، تێکرا دەبێ بە کوردی بێ. ئێمە هیچمان بە کوردی نییە. لە زانکۆکانی ئیمە ئێستا نازانین چۆن وانە بلێینەوە. ماموستا بە کوردی ئەیلێتەوە ،پەیڕەوەکە(المنهج )لە بنەڕەتدا «ئینگلیزیە» ،یا «عەرەبیە» ،لامان ئالۆز بووە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من یەک پرسیار لە د.ئیدریس، دەکەم، ئایا ئەکرێ بلێین ،« المجمع العلمي العربي» لە عێراق، یا نووسراوە «المجمع العلمي العربي »لە سووریا، یانووسراوە «المجمع العلمى التركى»لە تورکیا، پێمباشە ئەم بابەتە بە وردی تاوتۆی بکەین، فەرموو کاک د. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەرئەوە دامەزراوەیەکی لیکۆلینەوەی زانستی بووایە، بە هەر زمانێک بووایە ئاسایی بوو، بۆ نموونە لە «بەغدا»ش دامەزراوەی لێکۆلینەوەی زانستی هەیە جا بەئینگلیزی، یا بە عەرەبی دەنووسی ئاساییە.

گرفتی سەرەکی ئێمە خوودی زمانی کوردییە، کە تا ئێستا نەمان توانیوە، زمانێکی «ئێستاندارد»(ڕەسمی) مان، هەبێ، جیاوازی هەیە لەنێوان زاراوەی بادینی و سۆرانی. مەبەستەکە لێرە لە حەوت خالّ دا دیاری کراوە، دەبینین هەموو خالّەکان لەسەرزمانی کوردییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس،کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە راستیدا لە هەرێمی کوردستان زمانی کوردی زمانی سەرەکییە (بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ،وتی :ئێمە یاسامان هەیەلەو بارەیەوە)، کەواتە «کۆڕی زانیاری لە کوردستانی عێراق» تەواوترە. کەمایەتییەکانی تر دەتوانن هەر لە نێوان ئەویاساییە،یا یاساییەکی پاشکۆ،

هەرکامیان کۆڕی تایبەتی خۆیان هەبێ .کەواتە دەبێ بلّێین «کۆڕی زانیاری لە کوردستانی عێراق» . چونکە زمانی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان «کوردی»یە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە بابەتەکە هەندێک ئاڵۆز بوو ، من لە گەڵ ڕای د. ناسیح م . ناکرێ «کۆڕی زانیاری »لە قەوارەی ولاّتێک جیا بکەینەوە. بۆ نموونە نەووتراوە «کۆڕی زانیاری فارسی لەئێران» ،یا «کۆڕی زانیاری تورکی لە تورکیا» . لە دیاری کردنی ئامانجەکان ئەوەی ،کاک دکتۆر دەفەرمێ هاتووە، کاتی خۆی من پێشنیارم کرد ، خاڵی یەکەمی ئەوە بێت، واتە لە کۆی زاراوە کوردییەکان زاراوەیەکی (ئیستاندارد،واتە:ڕەسمی) ، دابنرێ. لە دووای دا دیارە بە خاڵی دووهەم دانرا. لێرەدا جارێکی تر جەخت لە سە ئەوە دەکەم، ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئێمە مافی نەتەوەکانی تر لە کوردستان دا زەوت بکەین یا پێشێل بکەین. ئەوانیش مافی خۆیانە کە وەکوو ئێمە داوای کۆڕی زانیاری بکەن، وبۆیان دابین بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من «روحی ریاضی»یم، هەیە، ئێستا من دانم بەوەنا کۆڕی زانیاری کوردستان بی باشترە، لەجیاتی ئەوەی کە کۆڕی زانیاری کورد بێ. «ئاشووری» و «تورکمانی»ش بۆیان هەیە، بۆخۆیان بنەمایەک پێک بێنن، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکوو جەنابت ئاماژەت بۆ کرد ،کۆڕی زانیاری بابەتێکی بەربلاّوە، و زۆر شیاوە و گوونجاوە، ئەگەر ئێمە باس لەلێکۆڵینەوەی زمان بکەین ئەبێ بلّێین، کۆڕی زمانەوانی، کۆڕی زانیاری پێک هاتووە لە هەموو بابەتێک، هەروەها هەموو نەتەوەکانی تری کوردستان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،کاک شمائیل فەرموو.

**بەڕێز شـــــمـــــــائیل ننۆ بنیـــــامین:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

لە راستیدا نارەزاییەکە لە سەر بابەتی کوردستانی عێراق نییە، بەڵکوو لە سەر ناوەرۆکی کۆڕەکەیە .ئەوە هەمووی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، جا چ لایەنی زمان بێ ،یا مێژوو بێ، یازانست بێ، یا هەر بابەتێکی تر بێ. کەواتە ئەم کۆڕە مافی «ئاشووری»و «تورکمان »رەچاو ناکا، ئەگەر بێتوو پرۆژەکە «کۆڕی زانیاری کوردستانی عێراق» بێ، ئەوا ئەبێ ناورۆکەکەی دەستکاری بکرێ، بەلام هەموومان ،شارەزایین لە سەر «کۆڕی زانیاری عێراقی» کە ئایا بە تەنها باسی مێژوو و زمانی عەرەبی ئەکا ؟لێرە دا من پێشنیار ئەکەم یا ئەبێ ناوەرۆکی کۆڕەکە دەرفەتێک بدات، یا ئەبێ ببێتە «کۆڕی زانیاری کوردی» ، .سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس،کاک عەبدوول خالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

من لە گەڵ وتەکانی کاک شمائێل ،م. زۆر راستە ئێمە ئەتوانین بلێین «کۆڕی زانیاری لە کوردستان » ،سەرە رای ئەو ناوەرۆکەی کە «کۆڕی زانیاری» ئەیگرێتە خۆی، و بۆ ئەوەی «ماف پێشێل نەکرێت» ،نابێ ئێمە تەنها پەیوەستی کەین بە برا «ئاشوورییەکان»ەوە،ئەی برا« مەسیحیەکان» ،هەروەها «کوورت »مان کردووە بە«توراثی کوردی و ئیسلامی». بە بڕوای من یا ئەبێ «کۆڕەکە» لەو چوارچێوەیە بێ، یا ئەبێ ئامانجەکانیشی بگۆڕی و دەستکاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس،کاک د.رزگار فەرموو:

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

سەرەتا من نارەزایی خۆم دەربڕی لەسەر ووشەی «کۆڕی زانیاری لە کوردستانی عێراق» بەلام لە دوای روونکردنەوی جەنابتان، و لە دوای روونکردنەوەی بەڕێز، وەزیری داد، بڕوایەک لای من درووست بوو، کە ئەم بابەتە ئەگونجێت لەگەڵ مافی نەتەوەکانی تر، بە شێوەیەک، کە مافیان ئەداتێ بە کردەوە «کۆڕێکی زانیاری» بۆ خۆیان پێک بێنن. ئێستا من پاشەکشێ ئەکەم لە نارەزایی خۆم، و هەروەها دەنگم لە گەڵ جەنابتانە، سوپاس .

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، کاک جەعفەر عەلی فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەگەڕێمەوە بۆ ماددەی چووار ئەڵێ: ئەم کۆڕە هەوڵ ئەدا بۆ پاراستنی زمانی کوردی یەکگرتووی ڤۆشەی کوردی (درووست کردنی زمانێکی هاوبەش) ، خوێندن بەکوردی، زیندووکردنەوەی کەلەپووری کوردی وئیسلامی، بایەخ دان بە خوێندن و مێژووی کوردی . هەمووی بۆ کوردە بەگشتی ،ئێمە بەشێکی کەمین لە گەلی کورد، لە کوردستانی عێراق، هەروەها زمانەکەشمان زمانێکی نەتەوەییە، لەبەر ئەوە نابێ بیبەستینەوە بە پارچەیەکی دیاریکراو و بچووکەوە لەکوردستان دا، لەبەر ئەوە بە پێی ئەم ئامانجانە کە هەیەتی یا ئەبێ بەناوی «کۆڕی زانیاری کوردی »بێ، یا ئەبێ ئامانجەکانیشی بگۆڕدرێ، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دێمەوە سەرئامانجەکان، بەڵام لە دووایین خاڵەوە دەست پێ ئەکەم. «توثيق وتعزيز العلاقات بالمجامع العلمية والجامعات والمراكز والى اخره» .

«المجامع او بالمجامع العلمية» هەموو کۆڕێکی تر ئەگرێتەوە. لە کوردستاندا، چەند نەتەوە هەبێ جێی خۆیەتی کە ئەوەندەش کۆڕیان بۆ پێک بهێنرێت، ئەوە گەورەییە بۆ ئێمە، گەورەییە بۆکورد و، ئەبێ شانازی پێوە بکەین، و هانیان بدەین لەم رووەوە. راستی ئەم بابەتە ئەوەیە کە نابێ بی بەستین تەنها بە کوردەوە، چوونکە ئەمان گۆڕێ بۆ شتێکی تر و، ئەمە لەم باروودۆخەی ئەمڕۆدا لە بەرژەوەندیماندا نییە. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من بڕوام وایە کە، لەکاتی خۆی «کۆڕی زانیاری عێراق» یش، بایەخی بە زمانی عەرەبی ئەدا بەڵام سەرەڕای ئەوەش ڕێگای بە کورد دا کە «کۆڕی زانیاری کوردی»هەبێ، و هەروەها ڕێگای بە «سریان»یش، دا کە «کۆڕی» خۆیان هەبێ. من لە گەڵ ئەوە نیم کە برادەران ناووی «ئاشووری »یا ناوی «تورکمان» بە«کەمایەتییەکان »لەقەڵەم بدەن، ئەگەر سێ کەسیش بن نەتەوەن. ئێمە لە ناو پارتی دا ناوی «کەمایەتییەکان »ناهێنین. ووشەی کەمایەتیمان هەڵگرتووە. دائمان پێیان ناوە ئەوانیش ئازادن. گوومانم لەوە دانییە کە «کۆڕی زانیاری عێراق»یش، وەکوو ئەوانە. ئایینی «ڕەسمی» عێراقی «ئیسلام»ە، وبایەخ بە کەلەپووری ئیسلامی ئەدات لێرەش هەر وایە، لە کوردستانیش هەزوایە. زۆربەی خەڵک «ئیسلام»ن و مافێکی ئاسای خۆیانە کە بایەخ بەکەلەپووری ئیسلامی بدەن. با «مەسیحیەکان»یش بایەخ بەکەلەپووری مەسیحی بدەن شتێکی زۆرئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها زیاتر بۆ کاک «شمائل »وکاک «عبدالخالق» ویەک دوو برادەری تر، کەزیاتر دڵنیابن لە

بابەتەکە. تێبینییەکی بە هێزە، حەز ئەکەم دیسان برگە « ز » زۆر بەووردی بخوێننەوە، زۆر گرنگە، لە ڕاستیدا، زۆر کێشەو گرفتی بۆ ئێمە چارەسەرکردووە، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشی برگە، (کۆری زانیاری کورد)ی عێراقی بخوێنمەوە کە ئێستا لام نەماوە، مادە(١) چ؟ دەڵێ(ينشأ في الجمهورية العراقية مجمع يسمى المجمع العلمي الكوردي، فقط ويكون الفرع الكوردي للمجمع العلمي العراقي) ئەوە لە یاسای کۆری زانیاری عێراقیدا هاتووە، بەڵام وەکو جەنابی سەرۆک فەرمووی ئەگەر ئێمە مادە یەک لەگەڵ برگە(ز) بەیەک ببەستینەوە کە ئەڵێ(توثيق وتعزيز العلاقات بالمجامع العلمية والجامعات ومراكز البحث العلمي داخل الاقليم وخارجه) ئایا ئێمە لە ناو هەرێم کۆری چیمان دەبێ هەبێ؟ ئاشووری وتورکمانیەو هەر نەتەوەیەکی تر کە لە کوردستاندا بژی ئەو بەستنەوەی پەیوەندیە لەگەڵ مادە یەک بەپێی یاسا دەبێ بیبەستیەوە، کۆری ترمان هەیە جگە لەو کۆرانە، واتە کۆری نەتەوەی تر کە لە کوردستانی عێراقدان. بێگومان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو د. ناسح، با ئەم بابەتە یەک لا بکەینەوە.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو روونکردنەوانەی برادەران و کاک فرەنسۆ کردیان، مەبەستەکەی ئێمەش هەر ئەوە بوو هەر وەک برادەران باسیان کرد ئەمە بەتەنها کۆرێکی زمانەوانی کوردی نیە، ئەمە کۆرێی زانیاری گشت کردە بۆ هەموو کوردستانی عێراق، داوای لێبووردنیم دەکەم، لە خاڵی(ه) وشەیەک پەر بووە(العناية بتأريخ الكورد والكوردستان) کە دەڵێ مێژووی کورد و کوردستان، واتە کوردستان هەموو دەگرێتەوە، و هەموو ئەو برایانەش دەگرێتەوە، ئەو نەتەوانەش دەگرێتەوە کە لە کوردستان دەژین ئەمە یەک. دوو: شتێکی تری پیرۆزمان لەیاد نەچێ دەڵێ: (احياء التراث الكوردي والاسلامي) خۆ ئیسلامی کوردی نیە، ئیسلامی گشت گرە عەرەبیش دەگرێتەوە و کوردیش دەگرێتەوە هەموو نەتەوەکان دەگرێتەوە کە لە ژێر ئالای پیرۆزی ئیسلام دەژین، واتە لێرە تەنها کوردی نیە حەز دەکەم ئەوە لاتان روون بێ، راستە لە ئەرکە گرنگەکانی ئێمە کە بایەخ بە زمانی کوردی بدەین هەوڵ بدەین ببێتە زمانێکی یەکگرتوو، کە هەنگاوی بۆ دەهاوێژین، ئەمە مانای ئەوە نیە کە پشت لە ئەرکەکانی تر دەکەین، هەروەک سەرۆکی ئەنجومەن فەرمووی ئەمە کەم کردنەوە نیە لە نەتەوەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

وابزانم ئەو مـادەیە تەواو، با كـاك ئیـدریس تێبـینیـەكـەی دەربڕێ، بەڵكو چارەسـەری گـرفـتـەكـە بكات، د. ئیدریس فەرموو.

**د. ئیـدریس هادی سـالح/ وەزیری پیـشـەسـازی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بابەتەكە حەساسیەت نیە لە نێوان كورد یان ئاشوری و توركمان و برگە(ز) زۆر روونە دەڵێ(مراكز البحث العلمي داخل الاقلیم وخارجە)، واتە لە ناو هەرێم پێـویستـە كۆری تر هەبێ، بۆ ئاشوری هەبێ بۆ تـوركـمـــان هەبێ، ئەوە پەیوەندی لەگــەڵ ئەواندا دروست بـكات، ئەوە پەیـوەندی بە زمـانەوانی كـوردی نیـە، پەیوەندی بە هەمـوو زانیـاریەكـانەوە هەیە ئەوە زانیـاری ئەندازیـاریە پزیشكیـە، بەڵام دەڵێ گرنگی بدرێ بەو دەستەواژانەی كە بە زمـانی كوردین، كە ئێمـە نیـمـانە، بابەتەكە تەنهـا زمانی كوردییە واتا ئەو زانستانە هەمووی لە هەموو بوارەكاندا بێ مەبەست تەنها ئەوەیە، خۆ ئاشوریش پێویـستی بە كۆرێكی وا هەیە و توركمانیش و هەموو نەتەوەیەك پێـویستی پێی هەیە، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

سوپاس كاك د.، كاك شمائیل وكاك سەفەر دوایین كەسن و، یەك لای دەكەینەوە، كاك شمائیل فەرموو.

**بەڕێــز شـــــمـــــائیـل نـەنـو بـنیـــــامـین:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بە بۆچوونی من خـاڵی(ز) لەوە دەكـاتەوە كـە ئێـمـە دەیخـەینە روو، واتـا دووپاتی تایبـەتمەندیەتی كورد دەكاتەوە، دەڵێ(توثیق وتعزیز العلاقات) كێ(المجمع العلمي الكوردي) ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ كـۆری زانیـاری عـێـراقی من وای بۆ دەچم كـە ڕێگە چارەیەك هەیە بۆ ئەم بابەتە سـەبارەت بە كـۆری زانیـاری كـوردیان سریانی، ئەگـەر مـەبەست لە چەسـپـاندنی (مـەفـهـومی) هەرێم، یان كـوردسـتـانی عـێـراق بێ نیـیـە و بەشـێـوەیە نابێ، لەبەر ئەوەی ئەوە مــۆركی كـوردواری پێوەیە(١٠٠٪)، ئەگەر ئێمە بمانەوێ ناسنامەی هەرێمی كوردستان بچەسپێنین، دەبێ هەموو ئەو نەتەوانەش بەشدار كەین، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

سوپاس. وابزانم (یشمل من یعیش علی ارض كوردستان) ئەو مافێكی سروشتی خۆیانە، ئەوەی لەم پەرلەمـانەدا كراوە هەموو روون دەكـاتەوە، بە بەڵگە لە دوو خاڵی سەرەكی لەم بابەتەدا دیسـان دووبارەی دەكـەمـەوە خاڵی(ز) زۆر روونە و،(أ) لە مـادە(٥) زۆر روونە، چونكـە (مـەوسـوعـاتی) زانسـتی وزمـانەوانیـە، مـەرج نیـیـە بـە زمـانی كـوردی، یان زمـانێكی تر بێ، زۆر مـەسـەلەی تری تێدایە من حەز ناكەم درێژە بەم بابەتە بدەم، چونكـە برادەران لە زۆر لاوە روونیـان كـردەوە، ئەگـەر

جەنابیشت پێشنیارێکی دیاری کراوت هەیە دەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر حەز بکەن. کاک شمائیل؟ نییە، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان کە بڵێین کوردستان ئەوە هەموو نەتەوەکانی تریش بێجگە لە کورد دەگرێتەوە، باشە ئەگەر بڵێین(مجمع العلمي الكوردستاني) لەسەر وزنی(المجمع العلمي الايراني، يان المجمع العلمي العراقي.. هتد) لەوانەیە لە لایەنی نەتەوەیەکەشی، چونکە زۆر لە برادەران باسی لایەنی نەتەوەی یان کرد زیاتر بەرز بکاتەوە، با بگوترێ(المجمع الكوردستاني) هەر عێراقیشی پێوە نەبێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئێمە سیستەمێکی فیدراڵیمان بۆ خۆمان دەسنیشان کردوە و لە چوارچێوەی وڵاتێکین. ئەم بابەتە بەتێروتەسەلی باس کرا، ئەیخەینە دەنگدانەوە..؟ ئێمە(المجمع العلمی الکوردی) دەخەینە دەنگدانەوە کە پێشنیاری هەر یەکە لە بەڕێزان د. رزگار، شێخ جەعفەر و کاک شمائیل بوو، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نیە؟.. بەزۆرینەی دەنگ ئەم پێشنیارە پەسەند نەکرا. ئەو تێبینیەی مامۆستا مەلا تاهیر لە لایەنی زمانەوانیە ئەوە برادەرانی لیژنەی یاسا دوایی بۆمان چارەسەر بکەن، با ئێستا لای خۆیان بینووسن، مادەم وایە ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی خوێنرایەوە وەکو(المجمع العلمی لکوردستان العراق) کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس، ئێستامادە(٢).

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادە(٢) المادة الثانية: (للمجمع شخصية معنوية وأستقلال مالي وإداري).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە(٢) کۆ وەکو هەر دەزگایەک کەسایەتیەتی دارایی وبەڕێوەبردنی سەربەخۆی خۆی هەیە، کێ لەسەر ئەم بابەتە قسە دەکا، تەنها کاک فرەنسۆ، فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نازانم ئەبوایە ئەوە کاک جەمیل سندی روونی بکردبایە، سەربەخۆی دارایی بۆ هیچ دەزگایەک نیە دەبێ لە ژێر چاودێری دارایی دا بێ، بۆ سەربەخۆی دارایی هەبێ؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە کاک جەمیل لێرەیە حەز دەکەی با روونی بکاتەوە؟ فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشگیری بەڕێز فرەنسۆ هەریری دەکەم، لە لیژنەی تایبەت کە هەموومان پێکەوە بووین لەوێش گوتمان بەم شێوەیە بێ (للمجمع شخصية معنوية ومالية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بازانین برادەرانی لیژنەی یاسا «مەعنەویمان» چۆن بۆ راڤە دەکەن، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خۆم لەو لیژنانە دانەنیشتبووم، کە بڵێین(للمجمع شخصية معنوية)، بەڵام (يقصد بالشخصية أن تكون له مالية مستقلة وتتملك املاك منقولة وغير منقولة) (واستقلال مالي وإداري) زیادە، واتە( شخصية معنوية) بەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە.. کەس تێبینی نیە؟.. پێشنیارێک هەیە بۆ مادە دوو( المادة الثانية): وای لێ دێ (للمجمع شخصية معنوية) کاک شێخ ڕەقیب فەرموو.

**بەڕێز ڕەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەم پێشنیارەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵی؟ سوپاست دەکەین، کاک شێروان لەگەڵ ئەم لیژنەیە بووە با ڕوونکردنەوەیەک بدات پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێ(شخصية معنوية) بەسروشتی باری خۆی کەسایەتیەکی واتایی «مەعنوی» سەربەستی دارایی و، بەڕێوەبردنیشی هەیە بگوترێ یان نەگوترێ لە یاساکە مافی «استملاکی اموالی» هەیە و مافی «تملکی» هەیە و مافی «اقامة دعوی» هەیە، واتە کەسایەتیەکی «مەعنوی» هەیە، سەربەخۆیەکی دارایی هەیە، ئەگەر بنووسرێ، یان نەنووسرێ. وەکو زانکۆکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک ئیدریس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەو مادەیە هەر لابرێت (لەغو بکرێ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە پرۆژەی خۆتانە لە بنەڕەتدا بابزانین هۆیەکە چیە کاک دکتۆر. ئەگەر زەحمەت نەبێ؟ روونکردنەوەیەکی بچووکمان دەوێ، چونکە هەر دەزگایەک ئەبێ جۆرە کەسایەتیەکی هەبێ.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر رۆشنایی روونکردنەوەکەی کاک شێروان ئەگەر ئەوها بنووسرێ(للمجمع الشخصية المعنوية) مانای وایە سەربەخۆی دارایی و چاودێری دارایشی لەسەر نابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا ئەوە، ئەوە ناگەیەنێ، فەرموو کاک د. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا ئەگەر وابێ با هەر ئەوەندە بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەی یاسا ناسەکان بۆ جەنابتی روون بکەنەوە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، ئەگەر وابێ هەر با ئەوەندە بمێنێتەوە مەبەست لێرە چاودێری داراییەکەیە، ئەوەی کاک فرەنسۆ باسی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر، کاک فرەنسۆ تەنها لەگەڵ سەربەخۆی دارایی، بەڕێوبردنەکە نەبوو، وابزانم لەگەڵ کەسایەتیە مەعنویەکە بوو، هەر دەزگایەک ئەو کەسایەتیەی هەیە، زانکۆ بەپێی یاسا کەسایەتیەکی مەعنەوی هەیە مانای ئەوە نییە چاودێری دارایی نەمێنێ یان مانای ئەوە نییە سەر بە بودجە نەمێنێ، چونکە لە مادەکانی تردا هاتووە ئەم بابەتە ئەخەینە دەنگدانەوە(للمجمع شخصية معنوية) بۆ مادە(٢) وا پێشنیار کراوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟..
بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.
مادە(٢) بووە(للمجمع شخصية معنوية).

**بەڕێز د. حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: مقر المجمع مدينة أربيل «عاصمة الاقليم» وله أن يعقد بعض جلساته خارجها بقرار من ثلثي اعضاء العاملين.

**بەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

مادە(٣) چ تێبینی نییە؟ ناوەكان بنووسن تكایە، دەستان بەرزكەنەوە كاك ئەمین مەولود، كاك ئیبراهیم، كاك د. رزگار، مامۆستا مەلا تاهیر، كاك شێخ رەقیب، كاك عەبدولخالق، كاك فرەنسۆش. كاك د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــمــــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

من پێشنیار دەكەم بنكەی كۆڕ(يكون في عاصمة اقليم) بەبێ باس كردنی وشەی شاری هەولێر، واتـە(في عاصمة أقليم)، واتە پایتەختی هەرێم ئێستا لە ناو(٢) قەوس دایە، وشەی (أربيل) لابرێ، تەنها(عاصمة أقليم)، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

باشە زۆر سوپاس. ئەو تێبینیانە لای خۆتان بنووسن. كاك ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز مـــحـــمــــەد ئـەمـین مـــەولـود:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

بەراستی من رەخنەكەم لەسەر (ثلثي أعضاء العاملين)، چونكە كۆڕ لەوانەیە پێویست بكات بچێتە شوێنێ كۆبونەوەیەكی ئاسای بكات، بەزۆرینە بێ قەیدی چیی ئەكات. بۆچی (ثـلـثـي) بـێـت، زۆرینەی ئەندامان كە وتیان لە فلان شوێن كۆ ئەبینەوە دانیشتن لە فلان زانكۆ لە فلان دەزگا ئەكەین بۆچی(ثلثي)بێت؟ ئەوە گرنگی نییە كە ثلثی بێت زۆرینە بێ بەسە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

بەڵێ سوپاس، ئەو پێشنیارەش لای خۆتان بنووسن، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز محـەمـەد تاهیـر محـەمـەد زین العـابدین:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

من پێشنیاری ئەوە ئەكەم كە بڕیاردان بە ئامادە بوونی سێیەكی ئەندامانی كارا بێت، وەكو لە رای لیژنە هاتووە(بحضور وموافقة ثلثي اعضائه العاملين)، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

واتا بۆ كۆبونەوە، دەبێ بچێتە شارێكی تر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

چونكە ئەگەر بۆ بڕیار بێ لە شوێنی بارەگای بنەڕەتی خۆی بڕیار بدات، ئینجا بتوانێ لەوێ خۆی دانیشتن بكات، كە بە ئامادە بوونی دوو سێیەكی ئەندامان بوو، رەزامەندیان دەربڕی لەوێ دانیشتن ئەكەن بە ئاسای گرفتێك نابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، وشەی(بحضور) بنووسرێ سوپاس بۆ ئەو پێشنیارە، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیار ئەکەم هۆی بەستنی دانیشتن لە دەرەوەی هەولێر چیە؟ ئەگەر مەبەست بارودۆخی نائاسایی بێت بۆچی سێیەک بێت با زۆرینە بێت ئەگەر بۆ بابەتی هەوا گۆڕکێی هاوینە بچنە شەقلاوە یان شوێنێکی تر ئەوە بابەتێکی ترە دوو سێیەک بێت، واتە ئەگەر بارودۆخی ئاسایی بێت سێیەک زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با من روونکردنەوەیەک بدەم بۆ نموونە، ئەچنە دهۆک لەسەر زاراوەیەکی دیاریکراو کە لەوێ قسەی پێ دەکرێ و، بلاوبۆتەوە، هەروەها ئەچن بۆ سلێمانی گفتوگۆ لەسەر ئەوە ئەکەن، یان ئەچن بۆ گەرمیان گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە ئەڵێن(بێژم) بۆ ناڵێن(ئەڵێم)، واتە مەبەستم ئەوەیە ئەوە بۆ خۆیان بەجێ ماوە. کاک شێخ ڕەقیب فەرموو.

**بەڕێز شێخ ڕەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با وشەی(أربیل) بمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بگوترێ (مقر المجمع عاصمة الأقلیم أربیل) باشترە، دوای بۆ لە ناو کەوانە بێت، بۆ شوێنی کۆبوونەوەش زۆرینە بێ نەک بەدوو سێیەک بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو تێبینیانە بنووسن، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان رای کاک عەبدولخالق و کاک شێخ ڕەقیب هەیە(أربیل) بمێنێ، ئەوەی دەرەوەی هەولێر بەزۆرینە بێ وەکو پەرلەمان، ئێمە کە لە شەقلاوە و لە شوێنی تر کۆبووینەوە بە دوو سێیەک نەبووە بۆ، بۆ ئەوان دوو سێیەک دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شتێکی زانستیشە، کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت ئەوەی کەوا ناوی هەولێر هاتوەو دوایی(عاصمة أقليم) وابزانم پایتەخت دووپات کردنە پێویستە ناوی(هەولێر) بگوترێ، پایتەختەکە هیچ لەوە ناگۆرێ ئەگەر لە ناو کەوانە بێ یان لە ناو کەوانە نەبێت، بەلاّم دووپات کرایە کە ئەبێ ئێمە بلێین(مدينة أربيل عاصمة الأقليم) ئینجا ئەوە وابزانم کەوانەکە هەبێ یان نەبێ هیچ لەبابەتەکە ناگۆرێ، سەبارەت بە شوێنی کۆبوونەوە، ئەوە(ثلثي أعضاء العاملين) حەز ئەکەم بزانن(ثلثي اعضاء) ئەگەر (ثلثی اعضاء)ی تێدا نەبێ دانیشتنەکە دروست نابێ دوایی ئەگەر تەماشای مادەی(١٦) بکەین برگە(ب) ئەلێ(يجتمع مجلس المجمع مرة واحدة في الشهر على الاقل ويتحقق نصابه بحضور ثلثي الاعضاء)، واتە دانیشتنی تەواو، ئەگەر دوو سێیەکی ئەندامانی تێدا نەبێ ناتوانرێ دانیشتن ببێ، ئێمە بلێین لێرە ناتوانین بلێین دانیشتن تەواو لێرە ناچارین بلێین(ثلثي الاعضاء)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە ئەبێ ئەوەش بگۆڕین؟. مەبەستت ئەوەیە کە ئەبێ ئەویش بگۆڕین و ببێ بەزۆرینەی ئەندامان.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلێ لەوێ هەمان کۆتایی، ئەو کاتە نابێ هەمووی تێک ئەچێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە پێشنیاری برادەرانە، لەسەر(العاصمة أربيل) چ ناکۆکیەک نییە.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە لە رووی یاساییەوە بوو حەز دەکەم بزانی برادەران هەموویان گفتوگۆیان کردوە، واتە بابەتەکە ئەوە نییە، (ثلثي اعضاء) ئەو کاتە دانیشتن تەواو دروست ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با پێشنیارەکان دەسنیشان کەین، تکایە کاک محەمەد پێشنیارەکان ئێستا چ بوو؟ ئەگەر نوسیوتە لای خۆت پێشنیاری یەکەم:(العاصمة أربيل) بمێنێ، یان نەمێنێ؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن بالەتە:**

د. رزگار ئەلێ تەنها(عاصمة الأقليم) بگوترێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بابزانین ئەگەر د. رزگار لەسەر پێشنیاری خۆی سوورە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە فەرموو کاک د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الأمور مرهونة بأوقاتها) گریمان بەیانی کەرکووک رزگاری بێ، گومانم لەوەدانیە کە کەرکووک دەبێ بە پایتەخت، جا پایتەختی هەرێم، واتە ئەو جێگایەی دەبێتە پایتەخت با ئەو جێگایە ببێتە بارەگەی ئەم کۆرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەو کاتە برادەرانی ئێمە رازی نابن. بەڵێ! جا ئێمە ئەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر پێشنیارەکەی خۆم سوورم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەیخەینە دەنگدانەوە. پێشنیاری یەکەم پێشنیاری د. رزگارە دەڵێ وشەی (هەولێر) هەڵگرین بیکەین بە(عاصمة الأقلیم)، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، پێشنیاری دووەم.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

ئەمین مەولوددەڵێ بوترێ:(أکثریة الاعضاء) ولیست (ثلثي الاعضاء).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ بەدواداچوونی هەیە، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ هەولێر بە بڕیاری پەرلەمان پایتەختە، هەق نەبوو ئەوە پێشنیار بکرێ، چونکە دژی پەرلەمان بوو، یاسایش نەبوو، ئەو پێشنیارە ئەبوایە(١٠) کەس پێشکەشی بکات یان حکومەت پێشکەشی بکردبایە، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر، ئەڵێ بە تەنها (عاصمة) بنووسرێ، چونکە ناسراوە کە هەولێرە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ: ئەوە یەک، دوو من ئێستاش هەر لەگەڵ ئەوەم دوو سێیەک نەبێ زۆرینە بێ، ئەوەی

کۆبوونەوەکەش هەموار دەکەین، بۆ؟ کۆبوونەوەش پێویستە بەزۆرینە ببەسترێ کە بوە زۆرینە، واتە کۆبوونەوەیە بۆ هەر دووسێیەک نەبێ نەتوانن کۆبوونەوە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا با ئەمە گفتوگۆ بکەین لیژنەی یاسا چ رایەکی بەرامبەری هەیە؟ چونکە خاڵی دووەمیش تێبینی لەسەری هەیە، ئێمە ئەبێ ئەویش هەموار بکەین، ئەگەر ئەوە هەموار بکەین.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

ئێستا رای بدەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەڵێ (دووسێیەک) بکرێ بە(زۆرینە). مادەیەکی تر هەیە ئەڵێ دانیشتن نابێ، ئەگەر (دوو سێیەک) ئامادە نەبن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا د. ناسح لەمەڕ مادە(٣) ئەڵێ ئەگەر دوو سێیەک ئامادە نەبێ دانیشتن نابێ، بەڵێ ئەوە وایە، وا هاتووە، بەڵام ئەگەر دووسێیەک ئامادە بوون ئەوە دانیشتن ئەبێ، دانشتنی یاسایی ئینجا ئەگەر زۆرینەی ئامادە بوان ئەوە لاری نیە هەمان شتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە لەوێش ئەبێ هەمواری کەین.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

پێویست نییە لەوێ هەمواری کەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. پێویست نییە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

کە دەڵێم پێویست نییە بۆ؟، چونکە کە دوو سێیەک ئامادە بوون دانیشتن دەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری کاک فرەنسۆ ئەڵێ لە جیاتی (دوو سێ یەک) بکرێ بە (زۆرینە)، زۆر لە برادەرانیش پشتگیری ئەو رایە دەکەن، ئەیخەینە دەنگدانەوە، لە جیاتی (دوو سێیەکی) ئەندامان بکرێ بە(زۆرینەی) ئەندامان، کێ لەگەڵ ئەمەیە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە، سوپاس بەزۆرینەی دەنگ بەسەند کرا. بوو بە(اکثرية الاعضاء العاملين)، چ پێشنیاری تر ماوە؟ نەماوە. ئێستامادە(٣) پاش ئەوەی ئەو یەک دوو هەموارەی کە کرا کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

يهدف المجمع تحقيق مايلي:

أ. المحافظة على سلامة اللغة الكوردية وتنقيتها وتطويرها.

ب ـ العمل على توحيد المفردات اللغوية الكوردية من بين لهجاتها المختلفة وصولاً الى لغة رسمية موحدة.

ج ـ النهوض بالدراسات الكوردية والبحوث العلمية واللغوية لمواكبة التقدم العلمي والثقافي.

د. احياء التراث الكوردي والاسلامي في العلوم والأداب والفنون وإبراز دور العلماء الكورد فيه.

ه ـ العناية بدراسة تأريخ الكورد وحضارته.

و. تشجيع وتعضيد التأليف والترجمة من والى اللغة الكوردية.

ز. توثيق وتعزيز العلاقات بالمجامع العلمية والجامعات ومراكز البحث العلمي داخل الاقليم وخارجه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە چوار دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، لەسەر برگەکانی ئەو مادەیە، ئەوەی دەیەوێ قسە بکات ناو نوسی دەکەین: مامۆستا مەلا محسن، مامۆستا مەلا تاهیر، کاک عەبدولخالق، کاک سیروان کاکەیی، کاک سەعید یەعقوبی، کاک د. سەلیم، کاک رەجەب، کاک د. رزگار، لیژنەی خوێندنی بالاّ فەرموو کە ئەگەر چ تێبینیەک هەیە، فەرموو کاک د. ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە کاتی گفتوگۆیەکەدا خالّی(ه)(العناية بدراسة تأريخ الكورد والكوردستان) وشەی کوردستان پەریوە ئەگەر زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە زیاد کراوە سوپاس. مامۆستا مەلا محسن فەرموو.

**بەڕێز موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش ئەو پێشنیارەی وەزیری داد کە باسی کرد برگەی(ب) بێتە جێگەی برگەی(أ) لە رووی گرنگی دا وابزانم شتێکی پەسندە. سەبارەت بە خالّی(د) (احياء التراث الكوردي والاسلامي) ئەگەر بکرێت، لەبەر ئەوەی کە لەروانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە ئیسلام تراث نییە؟ ئیسلام

کەلەپور نییە هەر تەنها بگوترێ (احیاء التراث الکوردي والفکر الاسلامي والثقافة الاسلامیة) وشەی (تراثە)کە نەبێتە بەستەر لەگەڵ ئەو دوو شتە، چونکە ئیسلام نابێتە تراث، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا،فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەو شێوەیە بێت ئەو بڕگەی بۆ زیادە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، کاک د. سەلیم فەرموو.

**بەڕێز سەلیم عەلی حاجی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم لەسەر خاڵی،(النهوض بالدراسات الکوردیة والبحوث العلمیة واللغویة لمواکبة التقدم العلمي والثقافي) بەرای من(البحوث العلمیة) زمانەوانیش دەگرێتەوە ئەو(اللغویة) زیادە لێرە واتە دارشتنەکە وای لێ بێ(والبحوث العلمیة لمواکبة التقدم العلمي والثقافي)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ڕاستە، (لیژنە) تکایە ئەم تێبینییە لای خۆتان بنوسن، کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی من تەنها لەسەر خاڵی(ه) بوو بەڕێز کاک د. ناسح تیشکی خستە سەری، لەسەر وشەی کوردستان، کە پەڕیوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لێرە هاتووە دەڵێت لە ئامانجەکانی ئەو یاسایی، بۆشایەکی گەورە هەیە ئەمن حەز دەکەم ئەوەش زیاد بکرێتە سەر ئەو ئامانجانە،(لتكريس جميع ما يتوصل اليه المجمع من نتاج لرفد حقول التربية والتعليم بدءً من المرحلة الابتدائية، وكذلك رفد وسائل الاعلام المسموعة والمقروءة والمرئية، لكي يكون الهدف الاساس من تشريع هذا القانون وافياً لغرضه وهو رفد الدم الجديد الى جسم اللغة الكردية وبصورة متواصلة لمصايرة التطور الحاصل في جميع حقول المعرفة وصياغة لغة كوردية موحدة« ستاندرت »)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەو نووسراوە بدە ن بە برادەران بۆ ئەوەی لایان بێ دوایی دێینە سەری، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەحەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە هەر دوو بڕگە(ء، ه) من دوو تێبینیم هەیە، بڕگە(ء) لەجیاتی (وابراز دور العلماء الکورد) ببێتە (وابراز دور العلماء الکورد والکوردستان) ئەوە پێشنیارێک. لەمەڕ بڕگە (ه) لە جیاتی(العناية بدراسة تأريخ الكورد وحضارته) ببێتە(العناية بدراسة تأريخ الكورد والكوردستان وحضارتهما)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە زیادەیە زیاد کراوە، لە چاپ دەرنەچووە. ئەوی جەنابت دەڵێی(دور العلماء الکورد والکوردستان)، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە سەر بڕگە(ب) مادە(٤) تێبینیم هەیە کە دەڵێ(العمل على توحيد المفردات اللغوية) خۆی واتا کە روون و ئاشکریە کە مەبەست چیە لە بڕگەکە، بەڵام لێرە (توحید) نابێ(عمل على تمحيص المفردات اللغة الكوردية من بين لهجاتها المختلفة وتوحيدها)، واتە (تمحيص) بکرێ ئنجا (توحید) بکرێ، ئەگینا (توحید) ناکرێ ئەمە شتێکە پێ ناگەی(لاينال)، واتە ئەمە مەبەستەکە تا هەتایە پێی ناگەی(لاينال)، عەرەب کاتی خۆی گەیشتە مەبەستی خۆی کەوا زمانی رەسمی خۆی لە نوسین و خوێندن بەکار بهێنێ، چاکەکەشی بۆ قورئانی پیرۆز دەگەڕێتەوە، ئەگەر قورئان نەبوایە عەرەب قەد نەی دەتوانی زمانەکەی خۆی یەکبخا، بۆ ئێمە یەکخستنی زمانی کوردی شتێکی ئاسان نیە، ئەرکێکی گەورەیە، کەوا ئەم کۆرە پێی هەڵدەستێ، بەڵام من پێم وایە داڕشتنەکە وابێ(العمل على تمحيص المفردات اللغة الكوردية من بين لهجاتها المختلفة وتوحيدها وصولاً الى لغة رسمية موحدة) ئەمە شتێکی رێک وپێک ئەبێ ئەمە یەک، دووەم سەبارەت بە داڕشتنەوە لە خاڵی (واو) ئەڵێت(تشجيع وتعضيد التأليف والترجمة من والى اللغة الكوردية) دەکرێ بکرێتە(من اللغة الكوردية واليها) ئەوە روونتر و فراوانترە و، رەوان ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا تەنها یەک تێبینی بچووک هەیە، کە تۆ یەکیخەی خۆ ئەبێ سەرەتا بپاڵێودرێ (تمحيص)کە یاسا ناسەکان دەڵێن دەرئەنجام(تحصيل حاصلة)، واتە خۆی ئەبێ بپاڵێوری، ئەو کاتە یەکیخەی چ ئەگۆڕدرێ تەنها وشەیەک لەوانەیە زیادی بکەین هەر ئەوەندەیە وەکو من تێگەیشتبم، سوپاس بۆ ئەو تێبینیانە، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم لە برادەرانی لیژنەی یاسایە ئەگەر هاندان(تشجيع) یارمەتیدانی(دانەرەکان، وەرگێڕەکان)(مساعدة المؤلفين والمترجمين ماليا) دەگرێتەوە، بەسە، ئەگەر نا من پێشنیار ئەگەم بڕگەیەک بەم شێوە زیاد بکرێ(ومساعدة المؤلفين والمترجمين ماليا)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو(تعضيد)ە بە تەواوی ئەوەی جەنابت ئەگرێتەوە(تشجيع وتعضيد)ـە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە (تعضيد كتب) جیاوازی هەیە(تعضيد كتب)، واتە بەشێک لە خەرجی چاپ کردنی کتێب دەدرێتە دانەر ئەمە هەمووی نیە بەشێکە، بەڵام ئەو بڕگەی من دەیڵێم ئەگەر وشەی هاندان(تشجيع) ئەوەی گوتم بگرێتەوە ئەوە پرسیارێکە بۆ برادەرانی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر بەپێی زانینم، ئەوە ناڵێ بەخشش هاندان(مكأفة تشجيعية).

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یارمەتیدان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یارمەتیدانی هاندان(المساعدة التشجيعية)، بەخشش هاندان (المكأفةالتشجيعية) ناوی چی لێ دەنێی؟، وابزانم ئەو بابەتی(تشجيع وتعضيد)ە زۆر روونە وشەیەکی باوە یاساییەکان بەکاری دەهێنن، ئەو برادەرانەی کە ناویان نووسرا بوو تەواو هەموو قسەیان کرد، کاک فرەنسۆ چیت هەیە؟ پێشنیارەکان جێگیر دەکەین، حکومەت چیتان نییە؟ کاک قادر فەرموو ئەگەر جەنابت چ تێبینیەکەت هەیە لەسەر تێبینیەکانی برادەران.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری بەڕێز کاک عەبدولخالق دوو لایەنی هەیە، لایەنەکی لەوانەیە هەر وەکو پاڵپشتی بێ بۆ رۆشەنبیرو زمانی نەتەوەکانی تر لە کوردستان دا لایەنەکی لەوانەیە کەم کردنەوە لەجیاتی بێ کە ئەوان لە جیاتی کۆمەڵەیەک پێک بێنن وەکو کۆڕی ئێمە بۆ خۆیان بۆ تۆژینەوە و دەوڵەمەند کردنی زمان و مێژوی خۆیان نەک لە ژێر کۆششی کۆڕی زانیاری کوردی بێ، من پێم وایە خۆیان کۆڕی زانیاری پێک پێنن وەکو کۆڕی زانستی کورد وەدەست بکەن بەوەی کە خزمەتی رۆشنبیری و کەلتووری خۆیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک قادر، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکاو یەک رام وەکو کاک قادر بوو، چونکە ئەوەی کاک عەبدولخالق پێشنیاری دەکات کەم کردنەوە ئەبێ، وەکو کۆڕی زانیاری کورد ببێتە لقێک، چۆن لقێک بوو لەوێ (کۆڕی زانستی عێراقی) لێرەش کەواتە ئەبێ ئەگەر کۆڕی زانیاری ئاشوری و سریانی ناوی چ لێ دەنێ لقێکی کۆڕی زانیاری کوردو کوردستان دەتوانێ سێ چوار کەس بانگ بکاو لقێک دروست بکاو، بەڵام کە سەربەخۆ بوون، لەبەر ئەوە من لەگەڵ پێشنیارەکەی کاک عەبدولخالق نیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس، کاک شمائیل فەرموو.

**بەڕێز شمائیل نەنو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراسیتدا ئەوەی جەنابتان باستان کرد هەمان بۆ چوونی منی خستە روو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێ گومان بە سوور بوونەوە.

**بەڕێز شمائیل نەنو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەها رێزم بۆ هەستی بەڕێز عەبدولخالق هەیە، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیەی هەیەو، خسترا روو زیاد بکرێ، لەراستیدا دەبێتە نیمچە راسپاردنێک لەم بابەتە، کە ئێمە دەمانەوێ کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆ بۆ نەتەوەکان بهێنینە دی، دەبێ کۆڕی تایبەتی بە خۆیان هەبێ، رام وایە و بە پێویستیشی دەزانم شێک لێرە بۆ ئەم لایەنە زیاد بکرێ، لە چۆنیەتی دامەزراندن و لە چۆنیەتی پەیوەندی بە یەک بەستنەوەی ئەم کۆڕە بە کۆڕی زانیاری کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە تەواو دەکەین ودە وەستین.

**بەڕێز شمائیل نەنو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ماوە بواری داین لەوانەیە پێشنیارێکی روون لەم بارەیەوە، ئایە ئەم بابەتە بۆ دەرخستنی تایبەتمەندیەتیە؟، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەم مادەیە باسکرا کاک عەبدولخالق، دوایین ڕوونکردنەوە د. ئیدریس لەلایەن حکومەتەوە، ئەگەر بۆمان بکات ، نیتە باشە کاک عەبدولخالق ڕوونکردنەوەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەم دەکێشمەوە لەبەر ئەوەی کە نوێنەری ئاشووری خۆی وای ڕاڤە بکا وە بەڕێزیش کاک فرەنسۆ باسی کرد من ئامانجەکەم هەر ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕوونە بەراستی جێگای ڕێزەو بێگومان سووریش دەبێن لە سەری.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کردمانە کوردستان با مافی ئەوانیش نەخورێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئینجا ئەگەر ئێمە لێرە ڕابوەستێن ئەو سێ چوار پێشنیارە هەیە، ئەوە تەواو بووین، کاتژمێر(٣) کۆ ئەبینەوە، پێشنیارەکان تەواو دەکەین و یەک لای دەکەینەوە، تەواوی دەکەین، ئەگەر بەباشی دەزانن ئەگەر نا بەردەوام دەبێن لەسەری، مادەم وایە پێشنیارەکان تەواو دەکەین، پێشنیارەکەی کاک عەبدولخالق ڕاکێشرایەوە، چیتر هەیە کاک محەمەد؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەوەی کاک د. ڕزگار تەنها ڕوونکردنەوەیەکم بۆی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

د. ڕزگار دەڵێت بڕگە(ز) (توثيق وتعزيز العلاقات) ئەوە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر، ئەوە نیە مەبەستی پرسیارەکەی ئەوەیە ئایە(تشجيع وتعضيد) یارمەتی دانی وەرگێر و دانەرەکان دەگرێتەوە یا نا؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تشجیع وتعضید) روونە، بەڵام ئەگەر کاک رزگار بڕگە(هـ)ی ماددە(٥) بخوێنێتەوە ئەڵێ(تکریم العلماء والباحثین والأدباء والفنانین)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ئەویش رایەکەی راکێشایەوە، پێشنیاری تری هەیە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری بەڕێز جەنابی وەزیری دادیش چییە؟ پێشنیارەکەی ئەوەیە بڕگە(ب) پێشنیاری جەنابی وەزیری داد ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە رووی گرنگی پێدانەوە، بەڵام وابزانم لە یەک ماددەدا هەموو (أ-ب) کۆ بکرێتەوە زنجیرەکەی هیچ ناگۆڕێ.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەلا تاهیریش فەرمووی(تمحیص اللغة الکوردیة) وابزانم ئەوە جەنابی سەرۆک وەڵامی دایەوە، واتە یەکی دەخەی ئەگەر (مفرەداتی) زمانەوانی بپاڵێوری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاساکە ئەڵێن دەرئەنجامە(تحصیل حاصل)ـە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەرئەنجام(تحصیل حاصل)ـە وابزانم من و جەنابی مەلا تاهیر ئەو گفتوگۆیەمان کردووە پێشی ئەم دانیشتنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مۆڵەت بدەی دوو پێشنیار ماوە، یەکێکی مامۆستا مەلا محسن داوا ئەکات، لە جیاتی(تراث) بکرێ بە(فکر) یان شتێکی تر، بەڵێ واتە وشەی تراث نەمێنێ، کاک ئەحمەد تێبینی هەیە فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرموودەکەی مامۆستا شێخ محسن موفتی سەبارەت بە بیر( فکر) لە جیاتی کەلەپوور بەلای منەوە بیرورا ئایدۆلۆجیەتکە وەکو کاکلێکە، بەڵکو، کەلەپوورەکە کە لەوەوە دروست بووە

تەشـەنەی کـردووە و پەرەی سـەندووە واتە مـێـژووی پەرەسـەندنی فـراوانتـرە ئەدەبی ئیـسـلامی، (فکری) ئیسلامی ئەی لە ئەدەبی ئیسلامیە لە فکری ئیسلامیە هونەری ئیسلامیە لە مێژووی ئیسلامیە لە ململانێی ئیسلامیە لە سەدان بواری تر هەیە لە دووتۆی کەلەپوور هەیە کەلەپوور فراوانترە لە بەر ئەوە بەلای منەوە کە ئەڵێن تراث کە ئێستا یەکێک لە هەرە بنەکە سەرەکیەکانی هەرە بایەخە گـرنگەکـان ئەو کـەلەپوورەیە کـە ئەڵێـن(١٤٠٠) سـاڵە(١٤٠٠) سـاڵ ئەزمـوونە بەردەوامیە ململانێیە کە لە بەر ئەوە بایەخ پێدان و گەورەتر لە وشەی کەلەپووردا ئەبینمەوە نەک لە ئایدۆلۆجیەت، چونکە پەرەسەندنەکە لەوانە زیاتر ئەبیندرێتەوە لەگەڵ رێزم بۆ رای، سوپاس.

**بەرێـز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد، مامۆستا مەلا محسن فەرموو.

**بەرێز مـەلا مـوحـسین خـالـیـد مـسـتـەفـا:**

**بەرێـز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

لەگەڵ رێزم بۆ ئەوەی مامۆستا ئەحمەد سالار ختیە روو راستە ئەزانم لە سوور بوونیەوەیە لەسەر گشتگری بیری ئیسلامی، بەڵام جیاوازیەک هەیە لە نێوان بیروڕاو زادەی فکر کە ئەڵێن کلتور واتە زادەی بیری ئادەمیزاد ئیسلام بیروڕا و بەرنامەیەکی خواییە زادەی فکری ئادەمیزاد نییە لە بەر ئەوە بۆ ئەوە بەگران نەکەوێتە سەرمان بۆیە بیرو ورۆشنبیری ئیسلامی(الفکر والثـقـافـة الاسـلامیـة) وشەیەک لەو بابەتە زیاد بکرێت، من نالێم کلتورەکەی لێ لابیرێ تاکو لەگەڵیدا دەوڵەمەندتر بێت، سوپاس.

**بەرێـز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس مامۆستا لەوانەیە زۆر لە برادەران تۆزێک لە وشەی کلتور جۆرە (تەحەفوزێکیان) هەیە، کلتور شتێکی بەردەوامیە لە نێوان رابردو ئێستاو داهاتوو بۆیە من وای بۆ ئەچم لەو روانگەیەوە ئەبێت کلتور وەربگیرێت، بێگومان لە چوارچێوەی کلتوریش بیریان هەیە.

**بەرێز مـەلا مـوحـسین خـالـیـد مـسـتـەفـا:**

**بەرێـز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بەتایبەت سەرۆکی کۆماری عـێـراقیش زۆر جار هەوڵی ئەوەی ئەدا ئیسلام بکات بە کلتوری عەرەب لە هەموو جیهانی ئیسلامی ئەم شتە وەکو بیرۆکەیەک بە دژایەتی بنەمای ئیسلام سەیری ئەکرا. کە کلتوری عەرەبی بە کلتوری ئیسلامی لە قەلەم بدرێ ئەمە شتێکی خراپ بوو، لە بەر ئەوە خالێکە فکری ئیسلامی، بنەمای ئیسلامی نەکرێتە کلتور بۆ نەتەوەی عەرەبی ئێمە نارەزایمان دەرئەبرین، ئێستا گشتگریەکە لەوەیە، ئێمە نالێین (تراث)کە لە یەکەمەوە هەڵبگیرێت تەنها ئەوەندە بکرێت (الثقافة الاسلامیة) یان (الفکر الاسلامي) لە سەری زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەرێـز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

مامۆستا هەر یەکە کلتورەکە رۆشنبیر ئەگرێتەوە(فکر) ئەگرێتەوە شتێکی گشتگرە ئێمە ئەوەمان

تەواو کردووە، بۆیە وتمان(والتراث الاسلامی) کوردیەکمان جیاکردۆتەوە( والکوردي والتراث الاسلامي) بە مولْکی کەسمان نەکردوە، کردومانە بە(التراث الاسلامي) وابزانم گشتگر ترە لەراستیدا بابەتی یاسا ئەبێ یەک شت لای برادەران رۆشن بێ، وابزانم پاش ئەم(٥ـ ٦) ساڵە روونە. کە تۆ ناتوانی بە برگەیەک هەر چی (مفرادات) هەیە هەر چی مان هەیە لە یەک دارشتندا جێگای بکەیەوە، واتە کە تۆ ئەڵێی (التراث الاسلامی) تۆ گشت شتەکانت لەم واتایە کۆ کردۆتەوە، ئەگەر نا ئەبێ بنووسی (فکری)، ئەبێ بنووسی رۆشنبیری، بگرە ئەبێ بنووسین پەروەردەش .....هتد، بە بۆچوونی یاسا شێوازەکەی چەند چروپرتربێ چوانترە، واتە بەو فراوانیەتیە بمێنیتەوە باش ترە. دوای ئەوەی گەیشتنە قەناعەت هەر دوو پێشنیاری بەرێزان، مامۆستا مەلا محسن وکاک عەبدولخالق سەحب کرانەوە تەنها پێشنیاری کاک رەجەب شەعبان ماوەتەوە ئەویش پێشنیار دەکات کە لە برگە(١٠)(دور العلماء الکورد و کوردستان) وشەی کوردستان دوای کورد زیاد بکرێ.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیادی ئەکەین.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زیادی کەن وابزانم هیچ لە بابەتەکە ناگۆرێ، بەلآم ئەی سەبارەت بەوەی تر؟.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە کێشە نییە زیادیشمان کردوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماوەتەوە پێشنیارەکەی کاک سەعید یەعقوبی پێشنیاری ئەوەی کردووە کە ئەو کۆرە زانستیە ئەبێ بەرهەمەکانی لە خزمەتی بەشەکانی فێربووندابێ وابزانم ئەوە یەکێک لە گفتوگۆکردنی ئەو کۆمەڵە بوون کە لە پەرلەمان کۆبوونەوە و گفتوگۆی ئەم بابەتەیان کرد و رای هەموو ئەوانەی هاتبوون وابوو کە هەر ئەوە نییە مرۆڤ بریارێک بدات، ئەو بریارە ئەبێ دەزگایەکیش هەبێ بۆ گەیاندنی و جێبەجێ کردنی، وابزانم (قەناتەکەشیان) بە دوو شت داناوە، پەروەردە و فێربوون کە بنچینەیە و دەبێ جێگیر بکرێن، حەز دەکەن با بخوێنیتەوە.

**بەرێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکە بەو شێوەیە یە(تکریس جمیع مایتوصل الیە المجمع من نتاج لرفد حقول التربیة والتعلیم بدءً من المرحلة الابتدائیة، وکذلك رفد وسائل الاعلام المسموعة والمقرؤة والمرئیة، لکی یکون الهدف الاساس من تشریع هذا القانون وافیاً لغرضه وهو رفد الدم الجدید الی جسم

اللغة الكوردية وبصورة متواصلة لحساب التطور الحاصل في جميع حقول المعرفة ولصياغة لغة كوردية موحدة« ستاندرت »)، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــومـــــــەن:**

سوپاس ،ئەمە پوختی پێشنیـارەکەی کاک سـەعیـد یەعقوبی بوو ئەگەر لێی تێگەیشـتـبم کاک سەعیـد داوای ئەوەیە کە بڕگەیەک هەبێ لەم یاسایە جۆرە پەیوەندیەک لە نێـوان ئەوەی ئەو کۆڕە دەری ئەکا ، شوێنێکی تر بۆ جێبەجێ کردنەکەشی هەبێ یان لایەنێک هەبێت کە کاری پێ بکاو بلاوی بکاتەوە، ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ناوەڕۆکی بابەتەکەی ئەوەیە ، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز ســـەعـــیـــد ئەحـــمـــەد یەعـــقـــوبی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن.**

ئەو گفـتـوگـۆیانەی ئەو کـاتە لە پەرلـەمـان کـرا گـومـان لەوەدا نیـە کـە هەمـوو لایەک سـودمـان لێ وەرگرت، بەراستی شتێکی باش بوو ، لەگەڵ ئەوەشدا لەو یاسایەدا وا نەهاتوە کە دەڵێ ئێمە ئەو هەمـوو خەڵکە کۆکەینەوە و ئەو هەموو مـامـۆستایان کـۆکەینەوە بەرهەم بهـێنین، واتە وا دیار دەکا کە ئـێمە دروست ئەکەین زانیـاریەکـانیشی بۆ ناوتـاخجکەیە ، واتە وای نەکردووە کـە ئێـمـە سـود وەرگرین لە بەرهەمی ئەو تێگەیشـتـیـانە و ئەو پیـاوە مـاقـوولانە و ئەو زیرەکانە و ئەو پسـپـۆرانە ، واتە خینێکی تازە بدرێتە زمانی کوردی کە سود کاری بۆ ئەوەیە ، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن:**

من یەک پێشنیاری بچووکم هەیە لە بەر کاتەکەش باش نییە ئەمەی جەنابت لەگەڵ برادەرانی لیژنە لەم داڕشـتـنەدا ئەم بۆشایە ئەگـەر کورت بکەنەوە، چونکە زۆر درێژە، ئامانجاکەش هەر ئەوەیە کە جەنابت ئەلێیت لایەنێک هەبێت بۆ راسـتـاندنی ئەو شـتـانە ، کۆڕەکە بـا ببێت بە مـاددەیەکی جیـا مـەرج نیـیـە هەر لەوێندەرێ بێت، دوایش لێ بتـۆژنەوە، ئێـمـە تەنهـا دەنگدانمـان لەسـەر ئەم پێشنیارەی جەنابت هەیە ، فەرموو کاک محەمەد.

**مـــــحـــــمـــــەد حـــــەســــــەن بـاڵەتە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن.**

با بخرێتە روو بۆ دەنگدان دوای ئەوەی دەنگدانی لەسەر کرا، ئێمە کورتی دەکەین.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن:**

بەڵێ ئەگەر پەسەند بکرێ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کاک قادر فەرموو.

**بەڕێز قـادر عـەزیز محـەمـەد جـەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن.**

کاتی خۆی لە بەر ئەوەی داوا کرابوو کە کۆڕی زانیاری سەربەخۆ بێ پەیوەندی بە هیچ لایەنێکەوە نەبێ ئەگەر ئەو کاتە ئەم لکاندنە بکرابایە دەبوو، بەلام ئێستا لە بەر ئەوەی لکاوە بە ئەنجوومەنی وەزیران شتێکی زۆر سروشتیە چونکە بە دەستەلاتی راپەراندن بەستراوە هەر بەرهەمێکی هەبێ

دەستەڵاتی راپەرندن بەپێی تایبەتمەندیەتی دابەشی ئەکاتە سەر بەشە تایبەتەکانی کە لە هەیکەلی حکومەتدایە، من پێم وا نییە ئەوە پەراندرابێ، بەڵام با داوا بکا، ئەوەی پەیوەندی هەبێت بۆی رەوانە دەکرێ، بۆ نمونە بۆ فێربوونی زمانی کوردی بێت ئەیداتە پەروەردە ئەوەی پەیوەندی بە رۆشنبیری هەیە ئەیداتە رۆشنبیری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک سەعید ئەگەر جەنابت چ بەدواداچۆنێکت لەسەری هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێ لە یاسا دەقێکی پابەندبوو هەبێ، لەو یاسایە دەقێکی پابەندبوو نییە، بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەی بلاوکاتن و بۆ وەزارەتەکان پابەندبن بەجێبەجێ کردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە ماددەی کۆتایی بەشێوەیەکی ئاسایی دەڵێ(علی المجلس الاعلی والوزير المختص تنفيذ هذا القانون)، ئایا ئەوە بەس نییە بەرای جەنابت؟!.

**بەڕێز سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر چونکە یەک لە ئامانجاکانی ئەو یاسایە ئەوەیە کە سوودی رۆژانەی لی وەربگیرێ، ئەو زانیاریانەی کە دەگاتە ئەو کۆرە و بریاری لەسەر دەدرێ دەبێ سودی رۆژانەی لێ وەربگیرێ، ئەوەی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە مادام وایە ئەگەر ئەوە بێت، ئێستا بیخەینە دەنگدان، یان دوایی؟. ئەو پێشنیارەی کاک سەعید وابزانم روونە، ئەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ئەگەر وەرگیرا لیژنە لەگەڵی دانیشێ دایبرێژێتەوە، لە بەر ئەوەی تۆزێک درێژە، کورتیشی بکەنەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کاک سەعید یەعقوبیە؟.. سوپاس... کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا سوپاستان ئەکەین برادەرانی یاسایی ئەگەر زەحمەت نەبێ لەگەڵ کاک سەعید پێشنیارەکە کورت بکەنەوە، یان بیکەنە ماددەیەکی سەربەخۆ، بەڵام هاودژ نەبێ لەگەڵ ئەو ناوەرۆکەی کە کاک قادر باسی کرد. لێرەدا کۆتایی بەم کۆبوونەوەیە دێنین، کاتژمێر(٣)دیسان کۆدبینەوە و مادەکە ئامادەیە هەر دەیخەینە دەنگدانەوە، چ کێشەیەکیش نییە.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٤)

## کۆبوونەوەی دووەم/یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٢٨

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کۆبوونەوەکەمان، کە تەواوکەری کۆبوونەوەکەی بەیانیە دەست پێ دەکەین، وابزانم مادە(٤)مان تەواو کرد تەنها یەک بڕگە مابوو ئەویش پێشنیارەکەی کاک سەعید بوو، وەکو گوتمان برادەرانی لیژنە لەگەڵ کاک سەعید دانیشتن و دایان ڕێشتەوە و، کورتیان کردوە، دیارە شتێکیان گەلاڵە کردووە بڕگەیەک، بەڵام ئەوان ڕایان وایە لێرە نەبێ، لە ئەحکامی کۆتایی بێت ئەو بڕگەیە، مادام وایە کە گەیشتنە ئەوێندەرێ گفتوگۆی ئەوە ئەکەین، کاک سەعید پێشنیاری جەنابتە خۆ لاریت نییە.

**بەڕێز سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم ئامانجەکانییەتی، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوبکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاشان ئەگەر حەز ئەکەی ئەوە لە ئەحکامی کۆتاییدا وەکو مادەیەک جیای ئەکەینەوە، هیچ لە بارەکە ئەگۆڕێ؟ نایگۆڕێ، مادام وایە ئەیهێڵینەوە بۆ ئەوکاتە. مادە چوار پاش ئەو گفتوگۆیەی کە کرا و هەندێ شتمان بۆ زیاد کرد، ئێستاوەکو مادە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟... سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: يحقق المجمع أهدافه بالوسائل التالية:

أ- وضع معاجم وموسوعات علمية ولغوية.

ب - اصدار المجلات والمطبوعات والعناية بأمور النشر.

ج - نشر الكتب والوثائق والتحقيق في النصوص القديمة.

د - إقامة المؤتمرات العلمية واللغوية وعقد الندوات والمواسم الثقافية والمساهمة في المؤتمرات خارج الاقليم.

ه - تكريم العلماء والباحثين والأدباء والفنانين.

و- تأسيس مكتبة وإنشاء مطبعة.

ز- إنشاء مركز لاقتناء وحفظ المخطوطات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ڕێگەیانەی کە کۆڕەکە دەیگرێتە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، ئەگەر چ تێبینییەک نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کەس تێبینی نییە؟ باشە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ مادە(٥)ە؟ .. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان ئەکەین.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني :(العضوية في المجمع)

المادة السادسة :

يتألف المجمع من :-

أ- اعضاء عاملين لايقل عددهم عن(٩) تسعة ولا يزيد عن(١٥) خمسة عشر ويكون خمسة منهم متفرغين.

ب - اعضاء مؤازرين.

ج - اعضاء شرف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٦) کەس تێبینی لەسەر نیە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟... سوپاستان ئەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة :

أ- يشترط في العضو العامل :

١- ان يكون كوردياً أو عراقياً بلغ الاربعين من العمر.

٢- له أطلاع واسع في اللغة الكوردية وفي فرع أو اكثر من فروع المعرفة أو نتاج أصيل فيه أو تضلع في إحدى اللغات الحية أوالقديمة وله قدرة على تحديد المصطلحات.

ب - يشترط في العضو المؤازر :

١- ان يكون ذا اطلاع حسن في قواعد اللغة الكوردية.

٢- ان تكون له إحاطة واسعة بفرع من فروع المعرفة وله نتاج جيد.

٣- أن لايقل عمره عن(٣٠) سنة.

ج - يشترط في عضو الشرف :

١- أن يكون قد قدم خدمات جليلة في إحدى فروع المعرفة.

٢- لايقل عمره عن (٥٠) سنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ئەم مادەیە هەیە؟ هەیە با ناو نووس بکەین، فەوزیە خان، کاک ئیبراهیم، کاک د. رزگار، مامۆستا مەلا تاهیر، د. سەلیم، کاک د. ناسح وەکو شخص لە ناو لیژنە قسە ئەکات باشە، فەوزیە خان فەرموو.

**فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی خۆشحالیە کە لەم رۆژەدا کۆری زانیاری کورد لە پەرلەمان گفتوگۆ ئەکرێ، من پێشنیار ئەکەم ئەو کەسەی کە ئەبێتە ئەندامی کارا، یان ئەندامی «شەرەف» یان ئەندامی (مؤازر) ئەبێ بە نووسین، یان بە کردەوە،هیچ کاتێک دژی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد نەبووبێ، ئەوەیە پێشنیارەکەم حەز ئەکەم لە بەر چاو بگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس فەوزیەخان، ئێمە بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان مەرجێکمان هەبوو، کە ئەو پالێوراوە قەت دژی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد نەبووبێ، ئەوە پێشنیارێکە، لای خۆتان بینوسن، د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لە برگە یەکە کە ئەلێ:(أن يكون كوردياً أو عراقياً، بلغ الاربعين من العمر)، من ئەو تەمەنە(٤٠) ساڵ بەزۆر دەبینم چونکە لەوانەیە خەڵکێک هەبێ زەحمەتی زۆریان کێشایەوە توانای زانستی و ئەدەبی زۆریان هەیە بەتایبەتی لە بابەتەکانی زانستی و مرۆییەکان یان بابەتەکانی زمانەوانیدا، ئەو مەرجەیان تێدا دروست نابێ، بۆیە لێرەدا من پێشنیار دەکەم ئەو تەمەنە کەم بکرێتەوە.

ئەگەر تەماشای کۆری زانیاری کورد، ئەوەی کۆن لە عێراق بکەین(٣٠) ساڵ بوە. بۆیە من وای بە چاک دەبینم کە ئەو تەمەنە لە(٢٥ تا ٣٠) ساڵ بێ، تاکو رێگای خەڵک نەگرین کە بیەوێ بێتە ناو ئەم کۆرە و خزمەتی ئەو زمانە بکات، ئەوە یەک، دووەم: کە دەڵێ(في احدى اللغات الحية أو القديمة) باشە ناکرێ( اما في احد اللغات)؟ (حية وقديمة)ی بۆ چیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەبێ زمان زانەکان بۆمان روون بکەنەوە د. رزگار ئەگەر چی ترت ماوە بەردەوام بە، فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس هەر ئەوەندەم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەراسیتدا ئەو پێشنیارەی کە دەیکەم مەرج نیە جێگیر بێ تەنها بۆ گفتوگۆیە، کاتی کە ئەندام دەسنیشان دەکەن، ئەوەی دەڵێم لەبەر چاو بگیرێ،(یراعی في اعضاء العاملین والمؤازرین التوزیع الجغرافي) واتا رەچاوی دابەشی جوگرافی بکەن.. لە دهۆک، یان سلێمانی.. مەرجیش نیە ئەمە جێگیر بکرێ، تەنها بۆ ئەوەیە ئەوی کە ئەم گفتوگۆە دەبیێن بزانن داوا کراوە و باس کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من (مداخلە)یەکی بچوکم هەیە، لەراستیدا، ئێمە کوردی کوردستانین، با ئەمە بە یاسا نەکەین، تەنانەت با گفتوگۆشی نەکەین ئەگەر کۆڕێکی کوردی نەگاتە ئەم ئاستە ئیتر بۆ کۆڕە؟!. ئەم کۆڕەش لە ژێر چاودێری حکومەتە و حکومەتیش لە ژێر چاودێری پەرلەمانە، ئەگەر شتێکتان بیست چارەی بکەن، چونکە شوکر بۆ خوا ئێمە هەموومان لەو ئاستەین، سوپاس کاک ئیبراهیم، کاک د. سەلیم فەرموو.

**بەڕێز د. سەلیم عەلی حاجی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا پرسیارەکەی من د. رزگار کردی، مەبەستەکەی منیش هەر ئەوە بوو، کە تەمەنی(٤٠) ساڵی زۆر زۆرە، لە تەمەن(٣٠ تا ٤٠) ساڵی تەمەنی کار و بەرهەم هێنانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەمەن لە(٣٠) ساڵی بێ.. دوو برادەری تریش پێشنیاریان کردوە، باشە.. مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تەمەن، من پێموایە ئەو تەمەنە لە(٣٠) ساڵ کەمتر نەبێ ئەوە یەکەم.

دووەم مەرجەکانی (عضو العامل) لەگەڵ مەرجەکانی ئەندامی (المؤازر) جیاوازێک هەیە، بێگومان لە دابەش کردنەکە بەپێی زمانەوە لە مەرجەکانی ئەندامی کار دەبێ(لە اطلاع واسع في اللغة الكوردية وفي فرع أو فروع المعرفة أو نتاج أصيل فيه أو تضلع)، وشەی (أو) بۆ کۆ نییە (أو تضلع) مەبەستم ئێستا ئەمەی ئەو بەرهەمەکە(أو)کەش هەر(واو)بێ باشە لەبەر ئەوە مەرجەکانی (ئەقدەم) تر مەرجی ئەندامی کارە، مەرجی ئەندامی کارە ئەبێ (ئەقدەمتر) بێت باشتر بێت چڕتر بێت لە بەرامبەر مەرجەکانی (المؤازر)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە جەنابت ئەڵێ وابێت (له اطلاع واسع في اللغة الكوردية وفي فرع أو اكثر من فروع المعرفة ونتاج أصيل فيه أو تضلع) (أو تضلع) جیایە بەڵێ.

**بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«أو تضلع »جا (أو)کەی(أو نتاج) ببێ بە(واو) بۆی ببێ بە مەرجێکی بەهێز کردن بۆ ئەندامی کارە، چونکە لەگەڵ مەرجەکانی ئەندامی «المؤازر» جیاوازێک هەیە. خاڵێکی تریشم هەیە سەبارەت بە پرسیارەوە شارەزایەکی فراوان هەبێ لە لقێ لە لقەکانی زانست بۆ نمونە کە دەڵێ لقێ لە لقەکانی زانست، زانست لقی زۆرە، خەڵک ئەزانی زانست چیە؟ لقەکانی چیە؟ بۆ نمونە زانستێک چەندها دەروازەی هەیە، چەندها فەسڵی هەیە، ئەگەر کابرا زانیاریەکی لە لقێک هەبێ ئەبێتە (عضو «المؤازر»)؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاکە خەڵک دکتۆرا دێنێ، لەوانەیە لە سەر وشەیەک، لەراستیدا زانست ئەوەندە فراوان بووە ئەوەندە تایبەتمەندیەتی تێدا دروست بووە لەوانەیە برادەران لەو روانگەوە ئەو دەسنیشانەیان کردووە، دوایی با رای برادەرانی، بزانین چیبە هەر بۆ ئاگاداری، کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە لە لیژنەکە زۆر گفتوگۆی ئەو بابەتەمان کرد، بەڵام من بۆ یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامی کارا، کە یەکەمیانە(أن یکون کوردیاً أو عراقیاً بلغ الاربعین من العمر) من دەڵێم پێشنیارم کرد. کاتی خۆشی لە لیژنە پێشنیارم کرد(ان یکون کوردیاً، أو کوردستانیاً) یان ئەگەر کوردستانیەکەش، ئەبێ بگوترێ من(سکنة کوردستان العراق، بلغ الاربعین من العمر) چونکە ئامانجی ئێمە لە ئەندامی کارە ئەو خەڵکەیە کە لە کوردستانی عێراقدا دەژین، چونکە یەکێ لە مەرجەکانی ئەوانەی کە ئیش دەکەن لەو کۆرە بەتایبەتی ئەندامی کارە پەیوەندی بە ئەندامی (مؤازر) و ئەندامی (شەرەفەوە) نیە، بۆیە من پێمباشە و دروست تریشە کە ئێمە ئەڵێین (عراقیاً)، یان بنووسین (کوردستانیاً)، یان من(سکنة کوردستان العراق)، واتە (أن یکون کوردیاً أو کوردستانیاً)، یان(ان یکون کوردیاً أو من سکنة کوردستان العراق، بلغ الاربعین من العمر)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو برادەرانەی کە موداخەلەیان کرد بەو شێوەیە تەواو، لەلایەن حکومەتەوە هیچ پێشنیارێک، یان چ روونکردنەوەیەک هەیە؟ جەنابی وەزیری داد، فەرموو.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی ئەوە وا وەلاّم درایەوە، وتیان بۆ نموونە خەڵک هەیە عێراقیە زۆری کوردا لە بواریکا تایبەتمەندی هەیە، بۆ نموونە(شاکر خصباك) سبەینێ وتی من ئەمەوێ ببم بە ئەندامی (موئازر)، لێرەدا ئەبێ وەری نەگرین، چونکە کورد نیە یان خەڵکی دانشتوی کوردستان نییە، پێم وایە ئەوە ڕەنگە زۆر گونجاو نەبێ، ئەگەر خەڵکێک ویستی بێت لەم بوارەدا خزمەتی کورد بکات یان رابردویەکی هەبوبێ، بێگومان دەبێ رابردویەکی هەبێ شایان بێ بەوەی کە بەشداربێ لەم کۆڕەدا پاشان ئەتوانێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یان لەلای خۆمانەوە یەکێکی وەکو بۆ نموونە (اسماعیل بێشکچی)کە لەسەر کێشەی کورد ئەوە چەند جارێکە دادگای بکرێ، خەڵکێکی وا زۆرە لە عێراقیش هەن، فەرموو د. ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من مەبەستمە ئەندامی (موئازر) نییە، ئەندامی (شەرەف) نییە، ئەندامی کارەیە، جیاوازی هەیە لە نێوان ئەندامی (موئازر) و ئەندامی کارە، ئەندامی (موئازر) ئەتوانێ کوردیش نەبێ، ئەندامی (شەرەف) ئەتوانێ لە دەرەوەی کوردستانیش بێ، یەکی وەکو(ناظری) و خەڵکانێکی زۆریش لەم بابەتە هەیە ئەرمەنییە، ئاشورییە، خەڵکانێک هەن لەسەر کوردستان شتی نووسیوە لەکوردستانی عێراقیش نییە، مافێکی سروشتییە ببێ بە ئەندام، بەلاّم ئەندامی کارە، هەر برایەک لەم کوردستانە بژی لە کوردستانی عێراق بە عەرەب و، بە ئاشوری و، بە تورکمان و، هەر نەتەوەیەکی تر بێ بە ئەرمەنیشەوە مافێکی سروشتی هەیە ببێتە ئەندامی کارە لەم کۆڕە، بۆیە ئەڵێم یان کوردستانی بنووسین یان من (سکنة کوردستان العراق)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا دیاری کەن دوو پێشنیارەکە کامەیان جێگیر بکەین.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ان یکون کوردیاً أو من سکنة کوردستان العراق).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە جێگیر دەکەین باشە دێینەوە سەری سوپاس، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە ئەو لیژنەی کە شتەکەی ئامادە کرد بوو بەرگری لە دەقەکە بکات. من پشگیری کاک

قادر دەکەم ،گریمان زانکۆی سەلاحەدین پسپۆرێکی زۆر چاک و لێهاتووی عێراقی بۆ هات لێی دامەزرا داوای کرد ببێتە ئەندام لەم کۆڕە و خزمەتی زمانی کوردی و خزمەتی ئەو ئامانجانە بکات کە لەوێ هاتووە بۆ ڕێگای لێبگیرێ. زۆر پسپۆر، وەکو جەنابت ناوی (اسماعیل بێشکچیت) هێنا بۆ نموونە(عەزیز شەریف) گەلێ لەو زیاتر خزمەتی کرد بوو لەوانەیە لە ناو عەرەبیش خەڵک هەبێ کە هەست بەوە بکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لیژنەکە هەر ئەو بنەمایەی وەرگرتوە لەسەر ئەو بنەمایەی جەنابت ئەڵێی، بەڵام ئەوە پێشنیاری کاک د. ناسح خۆیەتی و ئەیخەینە بەر چاو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ برایانی ئەندامانی پەرلەمان، من لەوێش لە لیژنەکە وتم ئەوە رای خۆمە ئەیلێمەوە، چونکە کۆک نەبووم لەگەڵیاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ لەو رایانەی کە هاتن پەیوەستی هەبوو بەو بابەتەوە. ئەوەی خوشکە فەوزیە ڕەنگە کەسمان نکۆڵی لەو بارە یەوە نەبێت کە ئەو کەسە ئەبێ رابردووی پوخت وخاوێن و بێگەرد بێ، چونکە ئەوە لە سیرەی کەسەکەدایە ،ئەو هەڵسوکەوتە سیاسیە پەیوەندی بە سلوکیەتیەوە هەیە. د. رزگار دەفەرموێ دەربارەی تەمەن ئێمە ئەم تەمەنە بۆیە(٤٠) ساڵ تەمەنی دروست بوونی تەواوەتیە بەپێی هەموو ئەزموون و تاقیکردنەوەیەک، هەیە بلیمەتە ئەوانە دەگمەنن. یەکێکی وەکو(مۆزات) یان (کریبیستۆفار مارمۆ) لە تەمەنێکی منالیا ئەبنە بلیمەتێکی گەورە گۆڕانکاری گەورە ئەکەن لەبواری ئەدەب و هونەرا، یان لە زانستا، ئەمە بەدەرە، نابێتە ڕێسا واتە نابێتە بنچینە لە بەر ئەوە شتەکە تێکڕایی وەرئەگیوێ بۆیاسا بۆیە تەمەنی(٤٠) ساڵیەکە بەرەوا تر بینرا.

سەبارەت بە زمانەکان(لغة حية أو قديمة)، کۆنەکە مەبەست لەوەیە ئێمە مامەڵە لەگەڵ کەلەپورا ئەکەین، لەوانە لە روانگەی ئۆرکۆلۆجیەوە بابەتەکانی ترەوە رەنگە پێویستی بەوە بێ کەسێک زمانی کۆنایا لە نووسینی کۆن چ سۆمەریە، هیرۆغرافیە، سانسکریتیە، بابەتی ترە زمانە بە هلەویە کۆنەکانە، ئێرانە کۆنەکانە ئەوانە رەنگە پێویست بێ بۆ بوارێکی کۆری زانیاری ئەو کۆنە لەویدا مەبەستە، چونکە مامەڵە لەگەڵ کەلەپورا ئەکرێت کەلەپوری بە تایبەت دێرینە، سەبارەت

بەوەی کە ئەبێ کوردی بێ ئەوە دکتۆر ناسح لەوێش جەختی لەسەر ئەوە نەکرد کوردستانیەکە لەوێ ببەسترێتەوە زیاتر دەسنیشان بکرێ لە بری عێراق، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس، فەوزیە خان وکاک د. رزگار بەدواداچوونیان هەیە، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قەناعەتم بەقسەی کاک ئەحمەد سالار دێ کە ئەبێ رابردووی پاک بێ و ئەوە بێ.. هتد، من مەبەستم ئەوەیە کەبنووسرێ بەکردەوە و قەڵەم و بە نووسین دژی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد نەبووبن، ئێمە هەموومان لەم سەردەمە ژیاوین و ئەزانین، چونکە هەبوو بە نووسین ئەیوت هەڵەبجە کیمیا باران نەکراوە. هەمووتان ئاگادارن و ئەزانن زۆر خراپ تریش کراوە و نووسراوە، مەبەستم ئەوەیە لێرە بە یاسا شتێکی وا دەسنیشان بکەین، بۆ ئەوەی رێگە لەوانە بگرین، بۆ ئەوەی ئەندامە کاراکانی کۆڕەکە بەر چاویان روونبێ کە شتێکی وا لە بەر دەستیانە. ئەو کەسایەتیانەشی ئەو خراپە کاریەیان کردووە دەبێ بزانن جێگەیان لەم کۆڕە پیرۆزەدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوە پێشنیارێکە، پاشان ئەیخەینە گفتوگۆ، کاک د. رزگار بەدواداچوونی هەبوو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێزم بۆ بۆچوونی کاک ئەحمەد هەیە، بەڵام بەبۆچونی من بێن زنجیرەی ئەوەی حیساب بکەین هەر لە سەرەتای تا دکتۆراش دانێن، لەوانەیە(٣٠) ساڵ زۆر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە پێشنیاری جەنابت(٣٠) ساڵ کەمتر نەبێ؟

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای پێش ئێستاش، یاسای کۆڕی زانیاری کوردیش(٣٠) ساڵی داناوە، تا نەبینە بەربەست لە بەردەم خەڵکی و کۆڕی زانیاری کوردیش(٣٠) ساڵ جێگیر کرد، بڵێین دەبێ لە(٤٠) ساڵ بێ، پاشان ببێ بە ئەندام، دووەم:(في احدى اللغات القديمة أو الحية) هیچ پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو زندوە و کۆنە(الحية، القديمة) پێویستە هەبێ، لەوەش کاک ئەحمەد وابزانم روونکردنەوەکەی دیارە، هەندێ زمان هەیە ئێستاکە زندوو نییە و بەکار ناهێندرێ، بەڵام لە چوارچێوەی مێژو لە چوارچێوەی کلتورا هەیە و زۆر کۆنە، کاک د. ئیدریس لەوانەیە تۆزێ هاوکاریمان بکات لەلایەنی زمانەوە، چونکە ئەکادیمیە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تەمەنەکە من دەڵێم ئەو(٤٠) ساڵەی دانراوە گونجاوە، چونکە مەرجی دووەم لە بڕگەی دووەم دەڵێ(له اطلاع واسع في اللغة الکوردية) تۆ ئەو شارەزاییە فراوانە بە (٣٠) ساڵ چۆن کۆدەکەیەوە، لە کاتێکدا بە(٢٠) ساڵی زانکۆ تەواو دەکەی، ئێمە هەمووومان دەزانین و خوێندومانە کە بەرهەمی زانستی هەر کەسێ پاش(٤٠) ساڵی دەست پێدەکات ئەگەر درەنگتریش نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەو پێشنیارانە کە نووسیوتانە بیخوێننەوە، جا پێشنیار، پێشنیار با بێینە سەری ئەگەر برادەران سور بن لەسەری ئەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕوونکردنەوەیکم لەسەر قسەکەی مامۆستا مەلا تاهیر هەیە، مامۆستا مەلا تاهیر فەرمووی (أو) لابدرێ ببیتە(واو) من ئەڵێم (أو)کە دەبێت بمێنێتن، چونکە ئەڵێت (له اطلاع واسع في اللغة الکوردية وفي فرع أو اکثر من فروع المعرفة) لێرە خاڵ دێتن، واتە لێرە تەواو (أو نتاج اصيل فيه)، واتە بەرهەمێکی هەبێت لە بڕگەی یەکەم، ئینجا دەڵێت(أو تضلع)، واتە (٣) مەرجە ئەگەر(أو) بوو بە(واو) دەبێتەوە(واو عطف)، واتە بەشی یەکەم بابڵێین(حجز) لەگەڵ ئەمە دەبێ لێک بدرێ ئینجا قەبوولی بکەین، بەڵام لێرە بەشی یەکەم(أو) ئەوەی تریش(أو) ئەوەی تریش (أو) کە گوتمان(واو)، (واو) دەبیتە(واو عطف) لەسەر ئەوەی پێشمە، واتە ئەگەر(أو تضلع) تێدا نەبێت قەبوولی ناکەین و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ قسەی کاک محەمەد ناکۆکیەکمان نیە، تەنیا هاوسەنگی مەرجەکانی(عضو عامل) لەگەڵ(عضو المؤازر) نەبێ، ئەگەر بەراوردی ئەم دووە بکرێ، بۆ نموونە لە(عضو المؤازر) ئەڵێ(ذا أطلاع) بێت(احاطة واسعة) بێ(نتاج جيد) بێ هەرسێکی بە یەکەوە بێت، واتە هەر(٣) مەرجەکەی بە یەکەوەی تێدا بێ لە یەک کاتدا، بەڵام لە مەرجەکانی(عضو عامل) ئەڵێ(له اطلاع واسع في اللغة الکوردية) لە لقێ یان زیاتر لە لقێکی زانست شارەزایی هەبێ،(أو نتاج أصيل) هەر کردویەتی بە جیا، واتە بۆ نموونە بەرهەمەکەی هەبێ وابزانم بەسە، بەرهەمەکەشی ئەبێ لەگەڵ

بێ، بەرهەمەکەشی ئەبێ (عضو عامل) لەگەڵ بێ، پاشان هاوسەنگی لەگەڵ مەرجەکانی(عضو المؤازر) بکرێ باش دەرئەچێت، واتە مەرجی(عضو المؤازر) لەو زۆر ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا، لەراستیدا ئەوەی مامۆستا ئەیڵێ، وەکو ئەڵێن، لە ڕێکی ڕستەکەشە، وەکو تریش لەسەر ئەو شتانەیە کەوا گوتران، بەڵام ئەگەر یەکێک شارەزایی فراوانی لە لقێ لە لقەکانی زانست هەبێ خۆ ئەبێ بەرهەمێکی رەسەنیشی هەبێ، ئەگینا چۆن بزانین شارەزایە لە زانستدا، خۆی ئەبێ بەرهەمێکی هەبێ، بەڵام ئەوەی مامۆستا گوتی لەوانەیە ڕێک تر بێت، (أو) ببێ بە(واو) هەر ئەوەیە، ئەمەی تر(أو تضلع) ئەمە شتێکی ترە(أو تضلع في احدى اللغات الحية أو القديمة وقدرة على تحديد المصطلحات) ئەوەش وەکو مەرجێکی ترە زیادەیە، پەیوەندی بەوانی ترەوە نییە، یان ئەگەر هەموو بەیەکەوە بێت باشتریشە وانییە مامۆستا؟. جا ئەم پێشنیارەی مامۆستا هیچ وابزانم زمانەوانیە کاک محەمەدیش هیچ لاری لەسەر نییە لیژنەی یاسا دێنەوە سەر پێشنیاری دووەم، چ بوو؟ تەمەن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

د. رزگار ئەڵێ (٢٥ تا ٣٠) ساڵ بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە دەڵێ تەمەنەکە کەم کەینەوە، وابزانم (٣٠) بە سەرەوە بێ ئەو پێشنیارێکە ئەگەر کاک دکتۆر رای لەسەرە، سووره لەسەری ئەیخەینە دەنگدانەوە، کاک دکتۆر بیخەینە دەنگدانەوە؟ باشە، پێشنیارێک هەیە دەڵێ تەمەنەکە(کە یەک لە مەرجەکانە) لە جیاتی(٤٠) ساڵ بکرێت بە(٣٠) ساڵ، واتە(٣٠) بەسەرەوە(لايقل عن«٣٠» سنة) کێ لەگەڵ ئەو راییە؟.. سوپاستان ئەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند نەکرا سوپاس. وەکو خۆی ئەمینێتەوە ئەبێ بە(٤٠) ساڵەکە، چ پێشنیاری تر هەیە؟

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

بەڵێ، کاک ئیبراهیم سەعید دەڵێ(مراعاة توزيع الجغرافي).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم پێشنیارەکەی کێشایەوە، مەبەستی تەنها بۆ گفتوگۆ بوو بۆ پێشنیار نەبوو، پێشنیارەکەی د. ناسح ماوە، د. پێشنیارەکەت بخەینە دەنگدانەوە؟

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری کاک د. ناسح دەڵێ: لە جیاتی(عراقیا) لە خاڵی یەک(ان یکون کوردیاً أو کوردستانیاً بلغ الاربعین من العمر) لە جیاتی(عراقیا) بکرێ بە (کوردستانیا) ئەوە پێشنیاری دکتۆر ناسحە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ .. سوپاستان ئەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاستان ئەکەین بەزۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، سوپاس، فەوزیە خان پێشنیارێکی هەیە داوا ئەکا کە دەقێک بنووسرێ، یان برگەیەک زیاد بکرێت کە وا مەرجێ بۆ (عضو عامل) دابندرێ کە بگوترێ (ئەبێ رابوردوێکی باشیان هەبێ و بە نووسین هەڵوێستیان دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد نەبووبێ). کێ لەسەر ئەم پێشنیارە قسە ئەکات؟، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەو پێشنیارەی خوشکە فەوزیە لە دڵسۆزی و پەرۆشیەتی بۆ ئەم کۆڕە، بەڵام ئێمە پێش ئەوەی پەرلەمان پێکبهێنین و پێش ئەوەی حکومەت پێکبهێنین و لەبەرەی کوردستانی و سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیەوە، لاپەڕەیەکی تازەمان کردەوە، ئێستا ئەمە پاش گەز بوونەوەیە لەو بڕیارە ولەو هەڵوێستی خۆمان، لەبەر ئەوە من لەگەڵ نیم وپێموایە کێشەش دروست دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، لەراستیدا ئەوەی کاک فرەنسۆ باسی کرد یەکێکە لەو بنەمایانە، راستە برادەرانی یاسا هەموو جار بە ئێمە دەڵێن راستە ئێمە دستورمان نیە، بەڵام فلان شتمان هەیە کە وەک دستور وایە. جا بە بۆ چوونی من ئەوەی کاک فرەنسۆ باسی کرد یەکێکە لەو بنامەیانە و، بەڵێنێکە کە لەلایەن سەرکرادیەتی بەرەی کوردستانیەوە دراوە، کە ئەم دام و دەزگایە کە ئێستاکە هەمانە بە بڕیاری ئەوان دروست بووە، رێزگرتن لە بڕیارەکانی ئەوان رێزگرتنە لەو بنەمایانەی کە ئێمە ئێستا لە سەری ئیش ئەکەین، ئەوەی کاک فرەنسۆ ئەڵێ لەراستیدا لەوانەیە بەوە راڤە بکرێت کە پاش گەز بوونەوەیە لەو بەڵێنانە، لەوانەیە ئەنجامەکانی باش نەبێت، مامۆستا مەلا مەحمود ئەیەوێ قسە بکات و د.رزگار، بەڵام دیارە فەوزیە خان بەدواداچوونێکی هەیە، ناوەکان بنووسین و، فەرموو فەوزیە خان بەدواداچوونەکەت تەواوکە.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێزم بۆ قسەکانی کاک فرەنسۆ هەیە ورێزێکی بێ پایانم بۆ بەرەی کوردستانی هەیە، بەرەی کوردستانی لە ساڵی(١٩٩١) ئەو بڕیارەی داوە، زۆر راستە وتا ئێستاش پەیرەویمان کردووە، بەڵام ئێستا مەسەلە کۆڕی زانیاری کوردە و، ئەدیبان و نووسەران ئەمە مەبەستیانە، من پاش گەز نابمەوە لە پێشنیاری خۆم لەگەڵ رێزم.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێز مـەلا مـەحـمـود فندی عـەبدوڵلا دێرەشـەوی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

لەراسیتدا ئەو قسەی کاک فرەنسۆ وتی راستە(عفى الله عما سلف) بنجینەیەکی نەگۆڕە، لە ناو بزاڤی رزگاریخوازی کورد هەردەم مرۆڤی تێدا بووە کە هەڵەی کردووە و شۆڕشی کورد لێی بوردن، بەلام مەبەستمان لێرەدا پێشنیار دەکەم کە دژایەتی بزاڤی ئازادیخوازی کورد ببێتە هۆکارێک بۆ دور خستنەوەی ئەو جۆرە کەسانە لە ئەندامیەتی کۆڕی زانیاری کورد، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس، جا من بۆ روونکردنەوەیەک دیسان ئەگەڕێمەوە بۆ ئەو رستەی پێش ئێستا گوتم ئەمە وەکو هەر فەرمانگەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە حەز ناکەم وای بۆ بچن کە کۆڕی زانیاری کورد شتێکە لە ئاسمان هەڵواسراوە بە خودی خۆی حکومەتێکە و دەولەتێکە، وەکو هەر دەزگایەکی تر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەستراوەتەوە، واتە دەزگایەک لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی وەزیرانمان هەیە چاودێری و بەدواداچوونی ئیشوکاریان ئەکات و رێنماییان پێ ئەدا، لەگەڵ ئەوەشدا لە پەرلەمان ئەوە ئێوە هەن.

یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتەکانی ئێوە ئەوەیە کە چاودێری و بەدواداچوونی ئەو دەزگایانە بکەن، رۆژێک لە رۆژان بێن بە ئەندامێکی (موئازر) یان ئەندامێکی کارا، یان ئەندامێکی (شەرەف) لەو کۆڕەدا، بەلام ئەگەر یەکێک شتێکی خراپی دژ بە بزاڤی رزگاریخوازی کورد نووسی ئەو کاتە زۆر سروشتیەتێک، ئەگەر یەکێک لەم رێگایەوە داوا بکات بۆ ئەوەی ئیجرائاتی بەرامبەر بکرێ، جا نازانم ئەبێ بە مادەیەکی یاسایی هەر لە ئێستاکەوە ئێمە بیبەستینەوە؟!. وای دەبینم ئەوەی کاک فرەنسۆ گوتی هێشتا لە جێگای خۆی ماوە. بەڵێ، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێـز د. قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

هەروەک جەنابتان گوتتان، قسەکانی خوشکە فەوزیە لە دڵسۆزیەتی بۆ کێشەی کورد، بەلام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رابردوی بزاڤی کورد، کە خەسلەتەکی زۆر جوانی تێدا پەیدا بووە، بەتایبەتی لە کوردستانی عێراق ئەوەش لەوانەیە درێژە پێدانە بۆ قوتابخانەی بارزانی نەمر. هەموو کەسیش شاهێدن و ئەمرۆ روونە ئەویش بنەمای لێبوردنە، زۆر خەڵک هەبوو دژایەتی شۆڕشیان دەکرد، بگرە تاوانیشیان دەرهەق ئەم شۆڕشە و کەسایەتی بارزانیش دەکرد، بەلام کاتی شۆڕش سەردەکەوت ئەو کەسە پەشیمان ئەبووەوە، وە شۆڕشی کورد و جەنابی بارزانی نەمر دەرگای بۆ وا لا دەکردو لێی دەبوورد و خزمەتی دەکرا، ئەوەش خەسلەتەکە لە خەسلەتەکانی گەورەیی بارزانی و

شۆڕشی کورد. هەر وەک ئەوەی کاک فرەنسۆ ئاماژەی بۆ کرد، ئەو بەیاننامەی بەرەی کوردستانی دەری کرد لە قەناعەت و تێگەیشتن و هەست کردن دا بووە، ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە یەکێتی نەتەوەی کورد بپارێزرێ، جارێکی تر بوار بۆ ئەم جۆرە خەڵکە برەخسێندرێ، هەندێک کەس هەیە پێش(٣٠) ساڵ هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕشی کورد دژایەتی ئەم شۆڕشەی کردوە، بەڵام لە راپەرینی پیرۆزی کوردی بەهاری ساڵی(١٩٩١) دەستمان لە ناو دەستی یەکنا و بووینە براو هاتنە ریزی شۆڕش، ئەوەش ستایش و پێزانین و سەر بڵندیە بۆ ئێمە کە ئەو تێگەیشتن و هەستەمان هەبێ، ئەو یاسایە ئەو بنەمایەی کە دانراوە و لایەن قوتابخانەی بارزانیی نەمر پەیڕەو کراوە، دەبێ ئێمە ریزی لێبگرین، ئەویش بنەمای لێبووردنە، بنەمای گەڕانەوەیە، بنەمای رێنمای کردنە بۆ ئەو کەسەی دەگەڕێتەوە، پەشیمانی نیشان دەدات، بێت خزمەتی ئەو وڵاتە بکات، باسەر چاوان بێت ، بەخێرو سەلامەت بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.رزگار. ئەم بابەتە ناو نووسمان کرد، کاک ئیبراهیم ببوورە، ئەم بابەتە وابزانم تەواو دوا بەدواداچوون ئەگەر فەوزیەخان هەیەتی، بابفەرمووێ.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوانەخواستە من نەم گوتووە کە لە هەمووتان دڵسۆزترم بەرامبەر بە شۆڕشی ئازادیخوازی کورد، یاخود بەرەی کوردستانی بڕیارێکی وای داوە من دژی ئەو بڕیارەم، نەخێر من لەگەڵ ئەو بڕیارەم، بەڵام هەندێ شت هەیە، بۆ نموونە هەیە بە نووسین ئەڵێ هەڵەبجە کیمیا باران نەکراوە، شتی لەوە خراپتریشیان وتووە و کردووە و هەیە، مەبەستم ئەوەیە مەرجێک دابندرێ کە بەلایەنی کەمەوە ئەو جۆرە خەڵکانە خۆشیان لەروویان نییە ناو ئەم کۆڕی زانیارییەوە، یا زات بکەن و تەماح لە ئەندامەتی ئەم کۆڕە بکەن، بۆیە دەڵێم با لە دەقی یاساکەدا بێنە وێندەر، لەوانەیە، بەڵام وەکو گوتم مەرجێک هەبێ تەنها ئەوە مەبەستمە، ئەگینا من مەبەستم ئەوە نییە کە من بەتەنها خەم خۆری کێشەکەم، نەخێر تەنها مەبەستەکەم ئەوەیە مەرجێک هەبێ، بۆ ئەوەی رێ بگیرێ لەوانە، ئەوانە رەنگە خۆشیان نێن لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. گومان لەوەدانیە کە مەرجە زانستیەکە داندراوە لەوانەیە هێشتا لە خەیالی مرۆدا مابێ، بەڵام بنەڕەتیەکان دانراوە، ئەوەی کە جەنابت باسی ئەکەیت مەرجە سیاسیەکەیەتی، مەرجە سیاسیەکەش، وەکو دیسان ئەگەڕێمەوە، بەستراوەتەوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوانە پەسەند دەکا و، چونکە ئەبینن بڕیارەکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرئەچێت، جا ئەگەر ئەو بڕیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان تێبینی لایەنە

سیاسیەکەی نەکا ، ئەوە ئێوە ئەتوانن لێرە رۆژێ لە رۆژان بیخەنە روو رەخنەی خۆتان بگرن لەگەڵ ئەویشە ئەگەر حەز ئەکەی ئەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیاری بەرە روونە، لێبووردنە، رێزگرتن نییە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. مافی رێزگرتنیشت هەیە، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەوزیە خان ئاگای لە بەیانی بەرە نییە، هەر لە بنەڕەتدا وشەی(عەفوو) بەکار نەهاتووە. ئێمە هەستی خەڵکمان لەبەر چاو گرت، لەسەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بریارماندا لاپەرەیەکی تازە بکرێتەوە، نەک (عەفوو)، وشەی لێبووردن و شتی وا بەکار نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. من حەز دەکەم روونی بکەمەوە، فەوزیە خان ئەگەر تەنانەت لێبووردنیش بێت، دوایی لێبووردن، واتە لاپەڕەیەکی تازە وەکو کاک فرەنسۆ باسی کرد ئەو کاتە رێزلێنانیش دەبێت. خوا خۆی بە (گەورەیی وعەزەمەتی) خۆی دەرگای لێبووردن کردۆتەوە لەو پەڕی گوناهی ئێمە خۆش ئەبێ، ئێمەی دروست کراوی ئەوین وابزانم هەقە ئەو مافە بدەین بە خۆمان کە ئەو دەرگایە دانەخەین لە خەڵک. دیسان ئەگەڕێمەوە دەڵێم زۆر راستە و هەقی خۆتە، بەڵام کۆڕ بەستراوەتەو بە دەزگایەکەوە کە پێی دەڵێن حکومەتی هەرێمی کوردستان، لایەنێکی چاودێریش هەیە کە ئێمەین لە پەرلەمانی کوردستان ئەو کاتە ئەگەر شتێکی وا زەق هەبوو مافی خۆتانە بیخەنە روو، و وای دەبینم حکومەتی هەرێمیش گوێ لە راو بۆچوونەکانی ئێوە ئەگرێ، جا ئەگەر پێشنیارەکەت دەکێشیتەوە، ئەوە باشە، ئەگەر نا دەیخەینە دەنگدانەوە، کەیفی ئێوەیە، بیخەینە دەنگدانەوە؟!.

باشە بەسەر چاو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەی بەڕێز فوزیەخان، دەخەینە دەنگدانەوە کە داوا دەکات مەرجێک هەبێت لە رووی سیاسیەوە ئەوانەی کە دەستنیشان دەکرێن و، ناو ئەنرێن بێ بە ئەندامی کارا لە کۆڕی زانیاری کورد، رابردووی سیاسیان دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد نەبێت، بیرەکە ئەمەیە، ئەگەر ئێوە پشتگیریتان کرد پاشان ئێمە داڕشتنەکەی دەدەین بە لیژنەی یاسا.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە پێشنیارەکەی بەڕێز فوزیەخان وەربگیرێ؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. فەوزیەخان کەواتە بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە رەت کرایەوە. ئێستا مادەکە وەکو خۆی دەخەینە دەنگدانەوە پاش ئەوەی ئەندامانی

لیژنەی یاسا ڕەچاوی لایەنی زمانەوانی و، تێبینیەکەی مامۆستا مەلا تاهیریان کرد.
مـادە (٧) کێ لەگـەڵـەدایە؟تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کـرایەوە.. سـوپاسـتـان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٧) پەسند کرا.

**بەڕێز حـــسێـن عـــەلی کـــەمـــال:**

المادة الثامنة:

أـ يشترط في تعيين عضو العامل.

١ـ تقديم طلب تحريري الى رئاسة المجمع.

٢ـ تزكية مكتوبة من عضوين عاملين يؤيدان حسن سيرته ومؤهلاته العلمية والادبية.

٣ـ حصوله على موافقة اكثرية الاعضاء العاملين وبالاقتراع السري.

٤ـ صدور قرار من رئاسة مجلس الوزراء بتعينه.

ب ـ يقبل العضو المؤازر وعضو الشرف بترشيح اثنين من الاعضاء العاملين وموافقة اكثرية اعضاء مجلس المجمع وبالاقتراع السري.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**

ئەوە مـادە (٨) بوو، وابزانم زۆر لە وەڵامـەکـانی فـوزیەخـان لێـرە دیسـان دووپات دەبێـتـەوە کە هەمووی دووپات کردنەوەیە ئەبێ جارێ بە ڕەسمی شتێک بنووسی هەرچەند دەنگدانمان لەسەری کرد، بەڵام بۆ ئەوەی دڵنیا بن، دەبێ بە نووسین دوو ئەندامی کاریگەر تەزکیەی بکات و، دەبێ (حسن السيره) و، توانای زانستی و ئەدەبیشی هەبێ، پاشان دەبێ ڕەزامەندی زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەن وەربگرن و، بە نهێنیش هەڵبژاردن دەکرێت، پاشان سەرۆک وەزیران بڕیارێکی بۆ دەردەکات، ئەگەر لەمانە هەمووی دەرباز بوو، دیارە دەرگای ڕەحمەتی خودا زۆر فراوانە.
بۆ مادە (٨) کێ دەیەوێ قسە بکات، ناونووسیان دەکەین بەڕێزان (شیخ جەعفەر، د.رزگار، مامۆستا مەلا تاهیر) دەیانەوی قسە بکەن.
بەڕێز شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جـەعـفـەر شـێخ عـەلی عـەبدوالعـزیز:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

من وای بەباش دەزانم مـادەی (٨ و ٩) جێگۆڕکێیـان پێ بکرێت، چونکە لە خاڵی (٢ـ ٣)ی مـادە (٨)دا هاتووە دەڵێ: (تزكية مكتوبة من عضوين عاملين) ئەو ئەندامە کارایانە کامانەن؟، هێشتا دانەنراون.
(حصوله على موافقة اكثرية اعضاء العاملين)، هێشتا (اعضاء العاملين)یش دانەنراون، بەڵام لە مادە (٩)دا ناوەڕۆکی دروست بوونی لیژنەکەی تێدایە، (يختار مجلس وزراء اقليم حتى خمسة اشخاص) واتا ئەمە بخرێتە پێش مادەکەی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک جەعفەر. ئەوە پاشان با لیژنەی یاسا وەڵامەکەی ئامادە بکەن،د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له خاڵی دووەمدا هاتووە: (تزکیة مکتوبة من عضوین عاملین یؤیدان حسن سیرته ومؤهلاته العلمیة والادبیة). من پێشنیار دەکەم (حسن سیرته) ماوەکەی دیاری بکرێت بەتایبەتی پاش سەرهەڵدان، چونکە لاپەرەیەکی نوێ پاش راپەرین کرایەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە (رجعی) بێت بێگومان جێی ناگرێت، پاشان لێرە ئەگەر ئەندامانی لیژنەی یاسا رازی بن ماوە دیاری بکرێت بۆ (حسن سیرته) ماوەی پاش سەرهەلدان بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزت فەرمانبەر بوویت کە (حسن سلوک) داوا دەکرێت، ناڵێین پێش (١٤)ی تەموز، یان پاش (١٤)ی تەموز لە راستیدا ئەم دیاری کردنە...

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە مامۆستا ئەم بڕیارە ئەگەر (اثری رجعی) هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر من پێش ئێستا باسی ئەوەم کردو، دەنگدانمان لەسەر داوە،واتە پاش ئەو هەمووە:

١ـ دەبێ بەخەتی خۆی بنووسێ.

٢ـ دەبێ دوو کەس پشتگیری بکات.

٣ـ دەبێ (حسن سیره)ی هەبێ.

٤ـ دەبێ بە هەڵبژاردنی نهێنی دەنگی پێ بدەن.

٥ـ لە پاشان سەرۆک وەزیران دایبمەزرێنێ، ئەگەر لەمانە هەمووی دەرباز بوو، چی تر بکەین؟. دیارە..، یەکێک هەر دەبێ بیگرێ، لەوێوە بیگرین بڵێ کاکە تۆ راوەستە، چونکە تۆ جوێنت بە شۆڕش داوە، بەلام با بەو رادەیە جیهان تەسک نەکەینەوە، دوایی ئەوانەی کە دەستنیشان دەکرێن لە یەکەم جارەوە سەرۆکی وەزیران دەسەڵاتی پێدراوە، خۆ سەرۆک وەزیرانیش بە ئارەزووی خۆی بێگومان خەڵکێک دەستنیشان دەکات کە رێکەوتنی لەسەر کراوە بەناوبانگن، جێگای زانستی خۆیان هەیە، ئینجا ئەگەر ئەوانە هەموو نەکەین، بەرای من سەد مادەش دابنێین لەوانەیە دیسان هەر رێک نەکەوین لەسەری ئەمە (مواسەفاتێکی) یاساییە، (مواسەفاتی) عورفێکە کە لەسەری رۆیشتووینە.

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەوەی کاک جەعفەر خستیەروو جێگای خۆیەتی مادەی (٩)و مادەی (٨) جێگۆڕکێیان پێ بکرێ باشترە، چونکە مادەی (٩) وەکو بنەڕەتە بۆ مادەی (٨).

ئەو داواکارییەی بەڕێز فوزیەخان لە خاڵەکانی (٢ و ٣)ی مادە (٨)دا پێمواییە بەدی هاتووە، بەڵام توانای زانستی ڕەچاو کراوە، توانای زانستی بۆ ئەوە کەسەی کەوا بیەوێ ئەندامی کارا بێت لە کۆڕدا، لەگەڵ ئەوە کە ئەندامی کارای پێش ئەوە توانای زانستی بۆ ڕەچاو نەکراوە، واتا دەبێ کەسێک خۆی توانای زانستی نەبێ و، هەڵسەنگاندنی توانای زانستی خەڵکی تر بکات، ئەوە بۆ روون کردنەوە پێویستە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەندامی کارا دیاری کراوە (توانایَ زانستی) چییە؟ لە مادە یەک پێش ئێستا.

وابزانم ئەو برادەرانەی کە ویستیان قسە بکەن تەواو، دەمێنێتەوە پێشنیاری شێخ جەعفەر، ئەگەر لیژنەی یاسا تێبینییەکیان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری شێخ جەعفەر لە جێگای خۆیەتی دەبێت مادە (٨) بچێتە شوێنی مادە (٩) و، مادە (٩) ببێتە مادە (٨)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوە پێویست بە دەنگدانیش ناکات وانییە؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

نەخێر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئەوە چارەسەر کرا، دوای ئەوە وابزانم چ پێشنیارێکی ترمان نییە، فەرموو د. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وەکو خۆشی بمێنێتەوە گرفت نییە، چونکە یاساکە بەش بەش ناکرێت، ئەمە یەک.

دووەم: لە مادەی (٩)دا دەڵێ ئەو پێنج کەسە دەبێ ئەو مەرجانەیان تێدا بێت کە لەسەرەوە باس کراوە، واتا ئەوەش گیروگرفتەکەی چارەسەر کردووە، چونکە ئەو پێنج کەسەی کە دادەمەزرێن دەبێ مەرجی برگە (أ)ی تێدا بێت لە برگەی سەرەوەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش رایەکە، بەڕێزیشت راست دەکەیت، جا ئەوە حەز دەکەی دەیدەین بە لیژنەی یاسا لە نێوان خۆیاندا رێک بکەون، فەرموو کاک جەعفەر.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دکتۆر ئیدریس فەرمووی لە مادەی (٧)دا هاتووەو، لە جێی خۆیەتی، تەنیا مادەی (٨) و (٩)دا جێگاکانیان دەگۆڕێ، بەڵام مادەی (٧) لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئەوە دەدەین بە لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گونجاو دایبڕێژنەوە، ئەگەر جیاوازی کرد با خۆیان بیکەن ئەگەر جیاوازیشی نەکرد ئەوە شتێکی ترە، وابزانم ئەوانیش رێککەوتوون کە هیچ کار ناکات لەلایەنی جوانی شێوەکاری، با خۆیانیش تەماشایەکی بکەن، وابزانم ئەوانیش لەگەڵ رایەکەی شێخ جەعفەرن.

بۆ پێشنیارەکەی بەڕێز د. ئیدریسیش، دوایی لەگەڵیاندا قسە دەکەین، هیچ گرفتمان لەسەری نییە. کەواتە مادەکە دەخەینە دەنگدانەوە وەکو مادە، کێ لەگەڵە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. مادە (٨) بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

مادە (٩)

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة التاسعة: يختار مجلس وزراء اقليم كوردستان ابتداءاً من خمسة اشخاص لعضوية المجلس ممن تتوفر فيهم شروط العضو العامل المنصوص عليها في الفقرة (أ) من المادة السابعة من هذا القانون، ثم يختار هؤلاء الاعضاء العاملين الاخرين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٩) چ تێبینییەک هەیە لەسەر مادە (٩) ناونووسیان بکەین،بەڕێزان (جەمیل سندی، فوزیە خان، مامۆستا مەلا تاهیر).

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە لیژنەشدا من باسی ئەوەم کرد، بە نووسینیش دامە بەڕێز شێروان حەیدەری، لەوانەیە جەنابی لە بیری چووە، هەر دەزگایەک کاتێ دابنرێ، هەتا دەزگای هاوبەشیش لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتی دەبێ هەردەم زۆربەی ئەندامانی حکومی دابمەزرێنێ، یان رێژەی دەزگایەک یان کارگەیەک کە هاوبەش بێت لە (٥١ ٪) حکومییە، لە (٤٩ ٪) بۆ هاوولاتیان دەبێت، بۆ ئەوەی هەردەم

(زمام امور) به دەستی دەوڵەت بێت، لەبەر ئەوە پێشنیارم کردبوو (یختار مجلس وزراء اقلیم کوردستان ابتداً من الغالبیة المطلقة لعدد اعضاء المجمع)، (غالبیة المطلقة) پازدەیە، دەبێ هەشتیان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دایانبمەزرێنێ، ئەو هەشتە، حەوت کەسەکەی تر دایمەزرێنن و، هەتاکو جلەوی کاروبار بەدەستی حکومەت بێت، لەبەر ئەوە دەبێت زۆربەی ئەندامان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران هەڵبژێردرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. فەرموو فوزیەخان.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینییەکانی لیژنەی یاسا لەبەردەستمدایە، لەگەڵ پرۆژەکە، بەڵام من نازانم لیژنەی یاسا تێبینییەکانیان چۆن دەخوێننەوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرەدا نووسراوە، پرۆژەکەیان لەسەر ئەم بنەمایە پێشکەش کردووە، ئەوە تەنها بۆ ڕوونکردنەوەیە، لیژنەی یاسا کە پرۆژەکەی دارشتووە ئەو تێبینییانەی تەنها بۆ ئەوە کردووە ئێوە ئاگادار بن کە چ کراوە، سوپاس. مامۆستا مەلا تاهیر فەرمووو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە مادەی (٩) دەڵێ (یختار)، من پێشنیار دەکەم تەنیا (یختار) بەس نییە، دەبێ بڵێ (یختار ویعین مجلس وزراء اقلیم کوردستان ابتداءاً من خمسة اشخاص)، ئەوە ئەگەر دامەزراندنەکەی لەگەڵدا نەبێت، تەنیا بە هەڵبژاردنی ڕووت ببێتە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری، بەرای من هەڵبژاردنەکە بەتەنیا بەس نییە. ئەمە یەک.

دووەم: (ثم یختار هؤلاء)، ئەگەر (الخمس) بدرێتە پاڵی،(التباس)ەکە نامێنێتەوە (ثم یختار هؤلاء الخمسة الاعضاء العاملین)، (التباس)ەکە دەبڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مامۆستا وابزانم (یختار مجلس الوزراء) زۆر ئاساییە، چونکە دامەزراندن بەپێی یاسای ژمارە (١٠) لە دەسەڵاتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێمەدایە، لەبەر ئەوەی بابەتەکە هەڵدەبژێرێت، دامەزراندنەکە بەپێی پلەی تایبەتییە، ئەگەر مادەی خوارەوە بخوێنیتەوە، ئەمانە لەگەڵ پلەی تایبەتی دادەمەزرێن، یاخود لە ئاستی وەزیر، وابزانم شتێکی وای تێدا هەیە جگە لە سەرۆک نەبێت، ئەوانی تر پلەی تایبەتین، لەوانەیە لەبەر ئەوە ئەم جیاوازییەیان نەکردبێت و، کە دەڵێ:(ثم یختار هؤلاء) ئیتر مەسەلەکە ڕوونە. فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم کاک حسێن تۆزێک تێکەلی کرد لە نێوان (ثم یختار هؤلاء الاعضاء)و، (ثم یختار هولاء الاعضاء الخمسة المختارين الاعضاء العاملين الاخرين).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە روونە. کاک جەمیل پێشنیارێکی هەبوو، لە نێوان پێنجەکە بکرێت بە (الغالبیة العظمی)، یاخود (الغالبية المطلقة)، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێ کۆڕەکە لە (٩ـ ١٥) بە خۆی بە (٩) دەست پێ دەکات پێنج زۆربەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر هەمان تێبینیم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، کاک عەبدولخالقیش تەنیا باسی (اكثرية المطلقة) دەکات. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ بەڕێز فرەنسۆ هەریری (لا یقل عن تسعة) واتە ناڵێ سەرەتاکە نۆیە، ئەگەر ژمارەی ئەندامان (١٣) بوو، دەبێت حکومەت حەوت دابمەزرێنێ، ئەگەر بڵێین پازدەیە، دەبێت حکومەت (٨) کەس دابمەزرێنێ واتە (٨) کەس دەبێت بە(غالبیة المطلقة)، چونکە نەیگوتووە سەرەتاکەی (٩)یە، بەڵکو نابێت لە (٩) کەمتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز عەبدولخالق، لەگەڵ پێنجەکەدایە، گومان لەوەدا نییە. سوپاس کاک جەمیل، وابزانم ئەمە روونە. بەڕێز کاک جەمیل تەنها بۆ روونکردنەوە ئەوەی باس کرد. کەواتە مادە (٩) دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ مادە (٩) پەسەند کرا. بۆ تێبینییەکەی مامۆستا مەلا تاهیر، مامۆستا ئەوە روونە، چونکە دامەزراندنەکە دەدرێ بە ئەنجوومەنی وەزیران بۆیە (یختار)ەکە لەوەدا دەبێ.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة العاشرة:

أ- يمارس عضو العامل عمله في المجمع ويواظب على الحضور والمشاركة في لجانه واجتماعاته ونشاطاته.

ب - يعتبر العضو العامل مستقيلا اذا تخلف عن الحضور ثلاث جلسات ممتالية بدون عذر مشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (١٠) وابزانم شتێکی تەکنیکییە، تایبەتە بە کۆبوونەوەکانی کۆڕ.

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم مادەی (١٠) بڕواتە (احکام ختامیە)، چونکە مادە (١٠) لەگەڵ بڕگەکانی حکومەکانی کۆتایی زۆر نزیکن لەیەک، بۆ ئەوەی زنجیرەی مادەکان بەرێکوپێکی بێت، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە (ب) لە مادە (١٠) ئەوە مەرجێکی باشە (یعتبر عضو العامل مستقیلا اذا تخلف عن حضور ثلاثة جلسات متتالیة بدون عذر مشروع). من پێمباشە ئەگەر مەرجێکی تریش دابنرێت، جاری وا هەیە ئەندامی کارا لە چەند کۆبوونەوەیەکی پچڕ پچڕ ئامادە نابێت، لە هەر مانگێکدا یەک کۆبوونەوە دەکرێت ساڵەکە (١٢) کۆبوونەوە دەکرێت، لەوانەیە لە شەش کۆبوونەوە ئامادە نەبێ، یان حەوتی ئامادە نەبێ، ئەوە چی لێ دەکرێت؟ ئەبوایە ئاماژە بەو بابەتە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیارێکە. فەرموو د. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادەی (١٠) کە (يمارس العضو العامل في عمله في المجمع ويواظب على الحضور ومشاركة في لجانه واجتماعاته ونشاطاته) و، دەبێ پابەندیش بێت بە پێڕەوی ناوخۆی کۆڕە زانستیەکەی کە دەردەچێ لەگەڵ ئامانجەکانی، مادام ئەو مەرجانەی تێدایە، با ئەمەش لەگەڵیدا زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باوەڕ دەکەی یەکێ بە خەتی خۆی بنووسێ بڵێ من ئەندامی کۆڕی زانیاریم، نابێ بنووسێ من باوەڕم بە ئامانجەکان هەیە؟، ئەوە وەکو پرسیارێکە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەو بە خەتی خۆی دەنووسی بۆ دامەزراندنەکەی، من مەبەستم پابەندبوون بە پێڕەوی ناوخۆیە، لەگەڵ ئامانجەکانی کۆڕدا، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

واتا بوترێ: ونشاطاته ويكون ملتزما بنظامه الداخلي.

پێشنیارێک هەیە، داوا دەکات کە ئەگەر ئەندامێکی کۆڕ لە سێ دانیشتن لەسەر یەک ئامادە نەبێ ئەوا بە (موستەقیل) دادەنرێت، بەڵام دەڵێین: ئەگەر لەساڵێکدا (١٢) کۆبوونەوەیان کرد لە هەر مانگێکدا لە دانیشتنێک ئامادە نەبوو بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ.

فەرموو د. ناسح.

**بەڕێـز د. نـاسـح غـەفـوور رەمـەزان:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

خۆی لێرەدا ئەگەر تەماشای بکەن دەڵێ: (يعتبر العضو العامل مستقيلا اذا تخلف عن حضور ثلاثة جلسات متتالية)، بۆ ئەو کەسانەیە کە بە لەسێ دانیشتن لەسەریەکتر نایەن، بەو شێوەیە بە (موستەقیل) دادەنرێن، بەڵام ئەندامێکی کارا نەیتوانی لە کۆبوونەوەیەکدا بێت، دوو کۆبوونەوەی تر هات، جارێکی تر نەیتوانی لە کۆبوونەوەیەکدا بێت، ئەگەر هەست کرا بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ ناتوانێ رۆڵی خۆی ببینێ و کارەکانی بکات، ئەو کاتە وەکو کۆڕ دەتوانن بریار بدەن کە ئەو مرۆڤە لێهاتوو نییە داوای لادانی بکەن، بەڵام مادام سورە لەسەر ئامادەبوون با بچڕپچڕیش بێت تۆ ناتوانی لای بدەیت، چونکە مەرجی وا دانەنراوە بۆ (ئیستقالە)، بەڵام دەتوانرێ لە کۆبوونەوەیەکی کۆڕدا لەگەڵیدا قسە بکرێت، ئەگەر ناتوانێ رۆڵی خۆی وەکو پێویست ببینێ ئەو کاتە داوای لێ بکەن دەست لەکار بکێشێتەوە، یان بە شێوازێکی تر بریارێکی بەرامبەر وەربگرن، بەڵام ئەمەی لەم مادەیەدا هاتووە جیاوازە، چونکە دەربارەی سووربوونی ئەو مرۆڤەیە کە سێ کۆبوونەوە لەسەر یەکتری ئامادە نابێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

لەوانەیە ئەو کەسە فەرمانبەر بێت، وەکو هەر فەرمانگەیەک ئەگەر دەوامی رێک نەبوو سەرۆکی فەرمانگە دەتوانێ داوای لێ بکات واز لە کارەکەی بێنێ. هەرەوەها دەبێت پلەی زانستی تۆزێک رەچاو بکرێت، ئەگەر سەرۆکی فەرمانگە زانی ئەم برادەرە بەسووربوون دوو کۆبوونەوە دێت یەکێک نایەت، ئەوا دەتوانێ بەپێی خاڵەکانی کە هەیە داوای لێ بکات واز بێنێ. فەرموو مەلا تاهیر.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد تاهیـر زین العـابدین:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من لەسەر ئەم بابەتە یەک خاڵم هەیە، کۆڕی زانیاری وەکو دەوامی رەسمی فەرمانگەکانی تر

نیـیـه، راسـتـه دەبێـتـه دەزگایەکی ڕەسمی، بەڵام کـارەکانی زیاتر لێکۆڵینەوەو، لێـتـوێژینەوەیەو، بەدواداچوونە، دەگـەڕێتـەوە بۆ بەرهەم هێنانێکی ئایدۆلۆجی کـه بەدوای دابچن، بابەتە دەوامی ئاسایی ڕۆژانە نیـیـە، بڵێ فەرمـانبـەرێک حـەوت ـ هەشت کـاتژمێر دەوام دەکـات و دەڕواتەوە، بابەتەکە کۆبوونەوەکانە، لەبەر ئەوە بەرای من پێشنیارەکەی بەڕێز د. ناسح باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێموایە لێرە هەر ئەوەندە دەگوترێت، ئەگەر سێ جار لەسەریەک لە کۆبوونەوەکان دوا کەوت بە (موستەقیل) دادەنرێت.

بۆ تێبینییـەکـەی کـه کـاسیروان باسی کـرد، ئەوان دەتوانن بە پێی پێڕەوی ناوخۆی خۆیان ئەو گرفتانە چارەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە ڕوونکردنەوەکەی لەوێ بێت، ڕاستە.

ئەو پێشنیارەی مامۆستا مەلا تاهیر دەڵێ مادە (١٠) بچێتە سەر حوکمەکانی کۆتایی، چونکە لە مـادە (٢٤)دا دەڵێ: (علی العضو المتفرغ الاقامة في مقر المجمع والدوام فيه والتفرغ لاعماله.) تۆزێک نزیکی ئەوەیە، ئەگـەر بگوازرێتـەوە ئەوێ خـراپ نیـیـه. ئەوە پاشـان دەدەین بە لیـژنەی داڕشتن.

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە لەوانەیە مادە (١٠) بگوازرێتەوە بۆ مـادەیەکی تر، تەنیا دەقەکەی دەخـەینە دەنگدانەوە. کێ لەگـەڵە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کـرایەوە.. سوپاسـتـان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ مـادە (١٠) پەسەند کـرا. مادە (١٠) دەڕوات بۆ حوکمەکانی کۆتایی تەنیا ژمارەکەی دەگۆڕێت.

دکتـۆر ئیدریس پێشنیـارێکی هەبوو، مـەرج نیـیـه لەو مـادەیە بێت، دەڵێت: هەر ئەندامـێک لەو ئەندامـانە دەبێت پابەند بێت بە پێڕەوەی ناوخۆ و، ئامـانجـەکانی کۆڕەوە و، دەتوانین ئەوە لە مـادە (٢٦)دا چارەسەر بکەین. ئێستا دێینە سەر بەشی سێیەم.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

الفصل الثالث: رئاسة المجمع وسكرتاريته:

المادة الحادية عشرة:

أ ـ يتم اختيار رئيس المجمع بحضور رئيس المجمع بحضور ثلثي الاعضاء العاملين وبالاقتراع السري وبالاكثرية المطلقة ويصدر بذلك قرار بتعيينه من رئاسة مجلس الوزراء لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجديد مرة واحدة.

ب ـ عند عدم حصول الاكثرية في الفقرة اعلاه يكون العضو الحاصل على عدد اكبر من الاصوات في الاقتراع الثاني رئيسا. وفي حالة حصول التساوي في حيازة الاصوات يتم اختيار الرئيس بالقرعة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده (١١) چ تێبینییەک هەیە لەسەری؟ بەڕێز ئیبراهیم سەعید. د. رزگار تێبینیان هەیە. فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێبینی دەکەم ئێمە زۆر جەخت لەسەر سێ ساڵی دەکەین، مەبەست لە سێ ساڵی چییە؟، وابزانم لە هەموو جیهاندا چوار ساڵ و پێنج ساڵە بۆ هەڵبژاردن، بۆ ئەوەی کەوا ئەو کەسە زیاتر بتوانی ئەرکی خۆی بە دروستی بباتە سەر، چوار ساڵ باشترە لە سێ ساڵ، بەرای من سێ ساڵ کەمە، چ بۆ سەرۆک چ بۆ جێگری سەرۆک، ئەگەر تەماشای پەرلەمانی کوردستان بکەین کاتی خۆی حزبە بچووکەکان ئەو پێشنیارەیان دەکرد تاکو زیاتر ماوەیان هەبێت بۆ هەڵبژاردن، بەڵام ئەم فەرمانە گرنگە، وابزانم سێ ساڵ کەمە بۆی، پێشنیار دەکەم ماوەکە ببێت بە چوار ساڵ، یان پێنج ساڵ بۆ هەموویان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر هەمان رام هەیە، سێ ساڵ بە کەم دەزانم تەنانەت بۆ سەرۆک کۆماری جیهان لەوانەیە لە فەرەنسا (٧) ساڵ بێ.. بەراستی لە ماوەی سێ ساڵدا سەرۆکەکە ناتوانێ شتێک بکات. ئەمە یەک. دوو لە برگە (ب)دا هاتووە: (وفي حالة حصول التساوي في والاصوات يتم اختيار الرئيس بالقرعة). باشە ئەگەر یەکێک شوێنەکەی بەجێ هێشت بۆ ئەوەی تر؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو کاتە پێویست ناکات (قورعە) بکەیت، ئەوە دەرئەنجامە، لە دووکەسەکە یەکێکیان شوێنەکە بۆ ئەوەی تر بەجێ دێلێ بەبێ ئەوەی (قورعە) بکرێت. من دیسان دەیڵێمەوە ئێمە هەموو شتێک ناتوانین بە وردی بکەین ئەمە روونە. یەک پێشنیار هەیە ئەویش ئەوەیە کە سێ ساڵەکە بکرێت بە چوار ساڵ بەو پێیەی کە ماوەکەی کەمە. فەرموو د. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر (قورعە)کە تێبینیم هەیە، کۆڕێکی زانیاری بە (قورعە) سەرۆکێک هەڵبژێرێت پێموایە

وشەی (قورعە)ی تێدا نەبێت، چونکە بێگومان ئەوان لە نێوان خۆیاندا دەتوانن ڕێک بکەون، واتا یەکێکیان جێگای خۆی بەجێ بێلێ بۆ ئەوەی تر وشەی (قورعە) پەسەند نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە چارەسەرە، لەوانەیە هەرگیز نەگاتە ئەو رادەیە، بەڵام دەبێ یەکلا بکرێتەوە، ئەگەر هەردووکیان جێگای خۆیان بەجێ نەهێشت تۆ وای دابنێ، ئەوە لە زۆر بڕیاردا هەیە، وابزانم ئەم بابەتە ئاساییە.

ئەوانەی ناونووس کرابوون تەواو بوون، ئێستا ئەوەی چوار ساڵ دەخەینە دەنگدانەوە.

پێشنیارێک هەیە لەلایەن بەڕێز ئیبراهیم سەعید کە (٣) ساڵ بکرێتە (٤) چوار ساڵ.

کێ لەگەڵ پێشنیارەکەی بەڕێز ئیبراهیم دایە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ چوار ساڵ پەسەند کرا.

با گفتوگۆی لەسەر بکەین کە چۆن دەتوانین چارەسەری بکەین، دوو کەس خۆیان پاڵاوت، لە پێشاندا هیچیان دەنگیان نەهێنا، پاشان ئاکامەکەی گیشتە سەر دوو کەس و، هەردووکیشیان دەنگیان وەک یەک هێنا وکەسیشیان بواری بۆ ئەوی تر چۆڵ نەکرد، ئەوکاتە چی بکەین؟!، لێرە دەبێت یاسا یەک لای بکاتەوە، ئەوەش شتێکی ئاساییە، یا ئەوەی کە لە هەموویان گەورەترە لە تەمەندا هەڵدەبژێردرێت، یا بە(قورع)ە چارەسەر دەکرێت، لە دارشتنەکەی حکومەتیشدا هەر وا هاتووە، ئەگەریش حەز دەکەین ئەوە ئەم رایە دەخەینە دەنگدانەوە، بەڕێز د.ئیدریس رای وایە کە نابێت بە(قورع)ە دانرێت، ئەی چار چییە بەچی دانرێت؟، پێشنیارەکەی بەڕێزت چییە؟.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوان خۆیان(٩)کەسن، واتە تاکن، کە دەنگەکان دابەش دەکرێن هەر بەلایەکدا دەکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی ئەگەر یەکێکیان دەنگی نەدا و، پەڕەکەی بە سپێتی دایەوە، ئەو کاتە دەبنە چوار بە چوار وکەسیشیان بۆ ئەوی تر تەنازول ناکات، ئەی ئەو کاتە چی بکەین.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من جوان نییە کۆڕێکی زانیاری وشەی (قورع)ەی بۆ بەکار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو سیستەمە بۆ سەرۆک کۆماریش بەکار دێت و بۆ سەرۆکی پەرلەمانیش بەکار دێت، لە هەر کۆڕێکی هەڵبژاردن دەبێت ئاکام یەک لا بکرێتەوە، لە رووی یاساوە لەسەری ڕێک کەوتوون، ئەی خۆ نابێ هەروا بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە، بەڵام باشە چی بکەین؟، بەڕێز کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەویش هەر هەڵبژاردنە، یەکێک لەو دووانە هەڵدەبژێریت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

هەر دەبێت چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە، نابێت هەر وا بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە، مادە(١١)دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم مـادەدایە؟.. سـوپاسـتـان دەکـەین.. کێ لە دژە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حـــــســـــێن عــــەلی کـــــەمـــــال:**

المادة(١٢):

لرئيس المجمع نائب ينتخبه مجلس المجمع من بين أعضائه العاملين بالأكثرية المطلقة وبالأقتراع السري لمدة اربع سنوات قابلة للتجديد مرة واحدة ويقوم مقام الرئيس عند غيابه.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

هیچ تێبینییەک لە سەر ئەم مادەیە هەیە؟ بەڕێز کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز ســـــەرتیپ مـــحـــەمـــەد حـــســـێن:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لـــەوێ (عند غيـــابه) کە، ئێستا چاک کراوە باش بوو، بەڵام سەبارەت بە دەسەڵاتی جێگری سەرۆک، ئەگەر تەماشایەکی مادە(١٣)بکەین، سەبارەت بە سکرتێر هەندێ ئیشوکاری بۆ دیاری کراوە لە چەند بڕگەیەکدا، پاشان لە بڕگە(ب)ی مادە(١٩)دا هاتووە و دەڵێت:(يرأس كل مديرية موظف حاصل على شهادة جامعية ويرتبط بالسكرتير)، بە رای من ئەو بەڕێوەبەرایەتیـانە ببسترێت بە جێگرەوە، چونکە ئیشی سکرتێر لەوە ئەچێت زۆربێ بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێی دراوە، ئەوە بۆ ئەو کاتەی کە دێینە سەر ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

خۆی لە راسـتـیـدا ئەمـە هەمـووی زیادە، دەبوایە ئەو دەستەیە لە پێڕەوی ناوخۆدا بە وردی باس بکرایە، هەرچەندە ئەوان خۆیان وا داوایان کـردووە، دەڵێـن با ئەم ئیـشـانە بە سکرتێرەوە پەیوەند بێ، ئێستا ئێمە لە رووی بەڕێوەبردنەوە دەستکاری دەکەین، بەڕێزت داوا دەکەیت کە ئیشوکاری جێگر دیاری بکرێت؟.

**بەڕێز ســـــەرتیپ مـــحـــەمـــەد حـــســـێن:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڵێ، دەسەڵاتی جێگر دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

دەڵێ: يقوم مقام الرئيس في حالة غيابه.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، کاتێ کە سەرۆک ئامادە نابێت، ئەو کاتە شوێنی سەرۆک دەگرێتەوە، بەڵام کاتێ کە سەرۆک لەوێ بێت، هیچ دەسەڵاتێکی دیاری نەکراوە، با لە پێڕەوی ناوخۆدا دەسەڵاتی بۆ دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، ئەگەر لە پێڕەودا دیاری بکرێت (عەمەلی) تر دەبێت. خۆی(یقوم مقام الرئیس عند غیابە)و، کاتێک کە سەرۆکیش لەوێ بێت ئەوە هاوکاری سەرۆک دەکات، ئەگەر کەس تێبینی تری نییە ئەوە مادەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ مادەکەدایە؟ ..سوپاستان دەکەین..کێی لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة(١٢):

أـ للرئیس أختیار سکرتیر المجمع من بین أعضائه العاملین وبترشیح من هیئة رئاسة المجمع ویکون متفرغا.

ب ـ یکون السکرتیر:ـ

١ـ مقررا لمجلس المجمع وهیئة الرئاسة.

٢ـ مسؤولاً عن تنظیم المراسلات والعلاقات العامة.

٣ـ مسؤولاً عن تدوین محاضر الجلسات ومقرراتها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم مادەیە، بەڕێز مەلا مەحمود، بەڕێز مەلا تاهر، بەڕێز ئەمین مەولود، بەڕێز مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوڵلا دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاری کردنی دەسەڵاتی سکرتێر لە دەستی پێڕەوی ناوخۆدا نییە، بەڵکو لە دەستی پەرلەمانە کە چی بۆ هەڵدەبژێرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مەلا تاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کۆتایی برگەی(أ)دا دەڵێت: (ان یکون متفرغا)او(متفرغا)نە زیادە، چونکە سکرتێر لە مادە(١٤) ئەندامێکی کاریگەری دەستەی سەرۆکایەتییە، جا پێویست ناکات بڵێین:(متفرغا)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با لیژنەی یاسا ئەم تێبینییە لەبەر چاو بگرن، ئەگەر هیچ تێبینییەکی تر نییە ئەوە مادەکە دەخەینە دەنگدانەوە، دیارە بەڕێز د.ناسح تێبینی هەیە، با بفەرمێت.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا دووبارە کردنەوەی وشەی (متفرغ)لێرەدا هاتووە، راستە لە ئەندامانی کاریگەری هەڵدەبژێردرێت، بەڵام کە بوو بە سکرتێر دەبێت بە ئەندامی کاریگەری(متفرغ)، لەبەر ئەوە وشەی (متفرغ)لێرەدا بەکار هاتووە، چونکە(٥)کەس (متفرغ)دەبن لە ئەندامە کاریگەرەکان و، ئەویش یەکێکە لەو پێنج کەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رکابەرەکییەک لە برگە(أ)دا هەیە،(للرئیس أختیار سکرتیر المجمع من بین أعضائه العاملین) ئەمە یەک، (وبترشیح من هیئة رئاسة المجمع)، (اختیار) لە کاتێکدا دەبێت کەوا دوو پاڵێوراوویان زیاتر هەبێت، بە رای من برگە(أ)وای لێ بکرێت،(للرئیس أختیار سکرتیر المجمع من بین أعضاء العاملین الذین تم ترشیحهم من قبل الرئاسة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەڵبژاردن بەو شێوەیە دەبێت، کە بەلایەنی کەمەوە(٩) کەسن و، دەڵێن ئێمە فلان کەس دەکەین بە سکرتێری خۆمان، ئەوکاتە سەرۆک هەڵیدەبژێرێت، واتە دەسەڵات دراوە بە سەرۆک، بەڵام ناو لێنانەکەی خۆ دەبێت لە لایەنێکەوە بێت.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لام وابێ(للرئیس اختیار)(اختیار)یش لە بارێکدا دەبێت کە یەکێک زیاتر هەبێت(وبترشیح من هیئة الرئاسة)کامیان دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە رای خۆمە، نەوەکو رای لیژنەی یاسا، لێرەدا دەڵێت:(للرئیس أختیار سکرتیر المجمع من بین أعضائه العاملین وبترشیح من هیئة رئاسة المجمع ویکون متفرغا)، ئەمە لە مادە(١٣)دا، ئەگەر بێینە سەر مادە(١٤):(للمجمع هیئة رئاسة تتکون من :-١- رئیس المجمع ٢- نائب الرئیس ٣- السکرتیر.) لێرەدا لە دەستەی سەرۆکایەتی سکرتێری کەمە، لە مادە(١٣)دا

سکرتێر لە دەستەی سەرۆکایەتیدا نییە و، هێشتا دانەمەزراوە و، لە مادە(١٤)شدا سکرتێر بوەتە ئەندامێک لە دەستەی سەرۆکایەتی کۆڕەکە، ئەی ئیتر چۆن دەپاڵێورێ؟!، دەستەکە تەواو نییە و، سکرتێری نییە، واتە ئەو مادەیە دیسان دەبێت بچێتە جێگای مادە(١٣)، بەرای من دەبێت ئێمە دەستەی سەرۆکایەتی دابنێین پاشان سکرتێر دابنێین، تاوەکو دائیرەی سەرۆکایەتی تەواو بێت، ئێستا لێرەدا دەستەی سەرۆکایەتی کەموکوڕی تیادایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئێستا ئەگەر وای دانێین کە سەرۆک وەزیران(٥)کەسی دامەزراند بە ئەندامی ئەم کۆڕە، لەم (٥) کەسە دەبیت سەرۆکێکی هەبێت و، جێگری سەرۆکیشی هەبێت و، سکرتێرێکیشی هەبێت، ئەوە زانیمان سەرۆک وجێگری سەرۆک بە هەڵبژاردن دادەنرێن، ئەمێنێتەوە سکرتێر کە بە هەڵبژاردن نییە، بەڵکو بە پالاوتنە، ئەو پێنج کەسە لە نێوان خۆیاندا پاش ئەوەی کە سەرۆک وجێگرەکەی دادەنێن، پێویستییان بە سکرتێرێکە، ناچار لەو سێ کەسەی کە ماون یەکێکیان بێن بە سکرتێر، لەوانەیە دەستەی سەرۆکایەتی لەسەر یەک ناو رێک نەکەون لەو سێ کەسەدا کە ماونەتەوە و، سێ کەسەکەش هەرسێکیان خۆیان ئامادە کردووە کە بێن بە سکرتێر، ئەو کاتە سەرۆک یەکێکیان هەڵدەبژێرێت، ئەو مافە بە سەرۆک دراوە، کەوا لە نێوان یەک پاڵێوراو زیاتر، یەکێکیان هەڵبژێرێت بە سکرتێری کۆڕ و بچەسپێت، من وای بۆ دەچم کە لەمە چاری باشترمان نییە، یا دەبێت سکرتێریش بە هەڵبژاردن دانرێت، ئەو کاتە کێشەکەمان چارەسەر دەکرێت لە نێوان ئەو پێنج کەسە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر کێشە چارەسەر دەکرێت، ئەگەر ئەم دەستەواژەیە لابرێت، (وبترشيح من هيئة رئاسة المجمع) و، ئەوەی کە بەڕێزتانیش فەرمووتان راستە لە جێگای خۆیدایە و، وای لێ بکرێت:(للرئيس أختيار سكرتير المجمع من بين أعضائه العاملين و يكون متفرغاً)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، ئەمە باشترین چارەیە بۆ ئەم کێشەیە، وای لێبکرێت: (للرئيس أختيار سكرتير المجمع من بين أعضائه العاملين ويكون متفرغا)، فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە لە مادە(٩)دا چارەسەر کراوە، چونکە ئەو پێنج کەسەی کە یەکەم جار هەڵدەبژێردرێن، ئەوان دوای ئەوە رێژەی خۆیان تەواو دەکەن، بە پێی ئەوەی کە لە مادە(٩)دا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەو پێنج کەسە خۆ دەبێت سەرۆکێک و جێگری سەرۆک وسکرتێرێکیشیان هەبێت.

**بەڕێز سـەرتیپ مـحـەمـەد حـسـێن:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

لە مادە (٩)دا بەو شێوەیە نەهاتووە، بەڵکو دەڵێت: ئەوان ڕێژەی خۆیان تەواو دەکەن، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئێمە ئیشمان بە ڕێژە نییە، ئێستا لە سەرەتای ئیشکردندان، باشە ئەوە سەرۆک وەزیران پێنج کەسی دامەزراند، خۆ دەبێت یەکێکیان سەرۆک بێت بۆ ئەوەی ئیشەکە بکات و، ڕێژەکە تەواو کات، هەتاکو ئەگەر کۆمەڵێکی تریشی زیاد کرد، ئەو (٧)تەکەی تریشی زیاد کرد و، بوون بە (١٥)، خۆ دەبێت یەکێک ناوەکان بنووسێت وئیمزای کات و بینێرێ بۆ سەرۆک وەزیران و، بلێت ئەوە ئێمە ئەوەندەمان زیاد کردو، فەرمانەکانیانمان بۆ دەربێنن، مەبەستم ئەوەیە ئەو(٥)کەسەی بناغەن، ئەو(٥)کەسە دەبێت سەرۆکیان هەبێت وجێگری سەرۆک وسکرتێریشیان هەبێت، باشە سەرۆک بە هەڵبژاردن بوو، بەڵام ئیستا کێشەی سکرتێرمان هەیە، دەبێت ئەو (٥)کەسە لە نێوان خۆیاندا یەکێک دەسنیشان کەن بۆ سکرتێر، بەڵام ئەگەر دوو، یا سێ کەس خۆی هەڵبژارد، خۆ دەبێت یەکێک هەبێت بلێت ئەمە سکرتێرە، یا بیکەن بە هەڵبژاردن، یا وەکو ئەوەی لێ بکەن کە ئێستا پێشنیار کرا(للرئيس أختيار سكرتير المجمع من بين أعضائه العاملين ويكون متفرغا)، ئەوە دوو، یا سێ کەس دەمێنێتەوە، ئایا سەرۆک ناتوانێت یەکێکیان بکات بە سکرتێری؟.

**بەڕێز سـەرتیپ مـحـەمـەد حـسـێن:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

با لە پێڕەوی ناوخۆدا ئاماژەی بکرێت بۆ ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

پێویست ناکات بابەتەکە بەم شێوەیە ئاڵۆز بکرێت، فەرموو د.ناسح.

**بەڕێز د.نـاسـح غـەفـوور ڕەمـەزان:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەراستی ئەم بابەتە لەوێش گفتوگۆی لەسەر کرا کەوا، ئایا(بترشيح من هيئة رئاسة)بێت؟ یا سەرۆک خۆی هەڵیبژێرێت، یا لەلایەن (مجلس المجمع)وە هەڵبژێردرێت. وا پەسەند کرا کە ئێمە هەمووی ئاڵۆز نەکەین بۆ ئەنجوومەنی کۆڕەکە، وتمان با ئەو پێنج کەسە لە نێوان خۆیاندا هەڵیبژێرن باشتر، ئەگەر پێتان باشە کە سەرۆک هەڵیبژێرێت، ئەوە ئێمە هەر لەوێش ڕامان لەسەری بوو، چونکە کە سکرتێری مەجمەع دادەنرێت دەبێت فاکتەرێکی یاریدەر بێت بۆ سەرۆک وجێگرەکەی، جا بۆیە دەبێت ڕای سەرۆکیشی لەگەڵ بێت، ئەگەر ئەو برگەیەش کەپێشنیار کرا(بترشيح)یشی لێ هەڵگیرێت ئەوە باشتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە بکرێتە(للرئيس أختيار سكرتير المجمع من بين أعضائه العاملين ويكون متفرغا)و، کۆتایی پێ بێنین و، (بترشيح من هيئة رئاسة المجمع)ی لێ هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە تۆ لە پاشە ڕۆژدا یەکێک ئەکەیت بە سکرتێر و لەگەڵ سەرۆک وجێگری سەرۆکدا ناگونجێن، پاشان هەزار کێشەیان لە نێواندا پەیدا دەبێت، ئێستا پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟.. سوپاستان دەکەین..کێی لەگەڵ نییە؟کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

مادەی (١٣)دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ مادە(١٣)دایە؟..سوپاستان دەکەین.. کێی لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

ئێستا دێینە سەر مادە(١٤)، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة(١٤):ـ

أـ للمجمع هيئة رئاسة تتكون من :ـ

١ـ رئيس المجمع رئيساً

٢ـ نائب الرئيس عضواً

٣ـ السكرتير عضواً ومقرراً

٤ـ أثنين من الأعضاء العاملين المتفرغين ينتخبهم المجلس في أجتماع يحضره ثلثي الأعضاء العاملين على الأقل ولمدة ثلاث سنوات قابلة للتجديد مرة واحدة.

ب ـ تجتمع هيئة الرئاسة مرة واحدة في الشهر على الأقل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە وا ڕێککەوتین کە سەرۆک وجێگری سەرۆک وسکرتێریش هەبێت،(أعضاء العامله)ش بەو شێوەیە دەبێت و، مانگی جارێکیش کۆبنەوە، هیچ تێبینییەک لەسەر ئەم مادەیە هەیە، بەڕێز مامۆستا تاهر فەرموو.

**بەڕێز محەمەد تاهر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من (فصل و الابواب)ەکان بە ڕێکی دانراون، تەنها لێرەدا دەڵێت: (الفصل الرابع: هيئة المجمع ومجلسه)، با بشنووسرێت (المهام والاختصاصات)، چونکە لێرەدا تەنها پێکهێنانی دەستەکە و کۆڕەکە دەکات، ئەرک و پسپۆڕیشیان هەر یەک بۆ خۆی دەبێت، ئەگەر لە تایتڵەکە(مهام واختصاصات)یشی لەگەڵدا بێت، هەروەها ڕاستکردنەوەیەکی ڕێزمانیشم هەیە

لەسەر دەستەواژەی (یحضره ثلثي الاعضاء)بکرێتە(یحضره ثلاثا الاعضاء)، یاخود دەبێت (یحضره) بکرێتە (بحضور ثلثي الاعضاء)ئەویش هەر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

سوپاس، با لیژنەی یاسا ئەو دوو تێبینییە بچەسپێنن. راستە ئەم مادەیە(مهام)یشی تێدایە، مادام هیچ تێبینییەک لەسەر ناوەرۆکی مادەکە نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ مادە(١٤)دایە؟.. سوپاستان دەکەین..کێی لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة(١٥):ـ

تمارس هیئة الرئاسة المهام والصلاحیات التالیة:ـ

أـ إعداد المیزانیة السنویة والملاك لاقرارها من قبل مجلس المجمع.

ب ـ تنظیم شؤون المجمع الاداریة والمالیة وفق نظامه الداخلي.

ج ـ أقتراح عقد المؤتمرات والندوات في فروع الثقافة عموما.

د ـ الاشراف علی شؤون المجمع العلمیة والثقافیة.

ه ـ الموافقة علی أیفاد أعضاء المجمع ومنتسبیه داخل الأقلیم وخارجه.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

لەم مادەیەشدا (مهام وصلاحیات)دیاری کراوە، هیچ تێبینییەکی لەسەر هەیە، بەڕێز مەلا تاهر، بەڕێز کاک جەمیل سندی، بەڕێز مەلا تاهر فەرمور.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن.**

لێرەدا دەڵێت:(تمارس هیئة الرئاسة المهام والاختصاصات التالیة)لەبەر ئەوەی بە یەک شێوە بێتە خوارەوە، چونکە لە خواریش دەڵێت:(یمارس مجلس المجمع الأختصاصات التالیة)، ئەگەر (اختصاصات)بێ، ئەوە ئەرکەکەشیان هەر پسپۆڕیە، نەوەک (صلاحیات)ە و،هەر کێ ئیشی خۆی تایبەتە بە خۆی، واتە کەس ئیشی کەسی تر ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

با لیژنەی یاسا ئەو تێبینییە لای خۆیان رەچاو کەن، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن.**

لە برگە(أ)دا کە دەڵێت:(اعداد المیزانیة السنویة والملاك لاقرارها من قبل مجلس المجمع.)هەر لە لیژنەکەشدا من پێشنیارم کرد کە ئەمەشی بۆ بخرێتە سەر(وتقدیمها الی رئاسة المجلس الوزراء في موعد المقرر)، ئەگەر ئێمە تەماشای یاسای کۆڕی زانیاری عێراقی، یا کۆڕی زانیاری کوردی ئەوەی کە لە بەغدا دەردەچێت بکەین، لەوێدا دەڵێت ئەو دەقەشی خراوەتە سەر، تاوەکو هیچ

ناکۆکییەکی دارایی لەسەر نەمێنێت، تاوەکو ئەم کۆڕەش وای بۆ نەچێ کە دەتوانێت لە شوێنی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییدا بڕیار لەسەر بوودجەی خۆی بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا مادە(١٥)دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ مادە(١٥)دایە؟.. سوپاستان دەکەین..کێی لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

دێینە سەر مادە(١٦)، فەرموو کاک حسێن بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادە(١٦):ـ

أـ يتألف مجلس المجمع من الرئيس ونائبه والأعضاء العاملين.

ب ـ يجتمع مجلس المجمع مرة واحدة في الشهر على الأقل ويتحقق نصابه بحضور ثلثي الأعضاء ويتخذ قراراته بالأكثرية وللرئيس صوت الترجيح عند تساوي الأصوات.

ج ـ للمجمع عطلة سنوية تبدأ في أول شهر تموز حتى نهاية شهر أيلول وللرئيس دعوة هيئة الرئاسة ومجلس المجمع الى الأجتماع خلالها عند الأقتضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەس تێبینیی هەیە لەسەر مادە(١٦)، بەڕێز د.ئیدریس، کاک د. سەلیم، بەڕێز مەلا تاهر، بەڕێز د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من ئەو پشووەی کە دانراوە زۆرە، خۆ ئەمە سیستەمێکی خوێندن نییە، تاوەکو(٣)مانگ پشووی هەبێت، ئەم کۆڕە فەرمانگەیەکی رەسمیە، پاشان ئەم کۆڕە لەسەرەتای دامەزراندنیەتی و، ئەرک و ئیشوکارێکی زۆری لەسەر شانە، حەق نییە باسی پشوو بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا، ئەگەر چ تێبینییەکتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە مادە(١٤)دا سکرتێر ئەندامە لە دەستەی سەرۆکایەتی، بەڵام لە مادە(١٦)دا دەڵێت:(يتألف مجلس المجمع من الرئيس ونائبه والأعضاء العاملين)لێرەدا سکرتێری تیادا نییە، هەرچەندە سکرتێر لە دەستەی سەرۆکایەتییە، واتە لە مادە(١٤)دا سکرتێر هەیە، بەڵام لە مادە(١٦)نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرەدا هەڵە کراوە ودەبێت چاک بکرێتەوە،لەوانەیە لە مادە(١٦)دا لیبیان پەری بێت، ئێستا تەنها تێبینی لەسەر بابەتی پشووەکە هەیە، کە گوایە (٣)مانگ زۆرە، باشە چەند پێشنیار

دەکەن..یەک مانگ..د.ئیدریس بەڕێزت خاوەن پێشنیارەکەی چەند پێشنیار دەکەیت بۆ پشوو فەرمووو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم تەنها مانگی تەمووز پشوو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنها مانگی تەمووز پشووە، چونکە ئەوان وەکو فەرمانبەری تر مۆڵەتی خۆیان هەیە، باوەڕ کەم هیچ کاریگەریان لەسەر ناکات، تەنها لەسەر برگە(ج) پێشنیارێک هەیە کەوا پشووەکە لە (٣)مانگەوە بکرێتە بە(١)مانگ، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟..سوپاستان دەکەین..کێ لە دژە؟، کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا کەوا پشووەکە بکرێتە (١)مانگ.

ئیستا وەکو مادە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ مادە(١٦)دایە؟..سوپاستان دەکەین..کێی لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة(١٧):

يمارس مجلس المجمع الأختصاصات التالية :ـ

أـ النظر في شؤون المجمع ذات الصلة بأهدافه ومهامه.

ب ـ مناقشة وإقرار تقارير اللجان العلمية وأعمالها.

ج ـ إقرار مشروع الموازنة السنوية للمجمع.

د ـ إقرار الخطة السنوية للمجمع.

ه ـ النظر فيما يحيله اليه رئيس المجمع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە(١٧) چ تێبینییەک هەیە لەسەری، تەنها کاک جەمیل، فەرمووو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنها برگەی (ج) لە مادەکەدا ئەمەی بخرێتە سەر،(تقديمها الى مجلس الوزراء في الموعد المقرر)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە شتێکی تەکنیکییە،مادەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ مادە(١٧)دایە؟..سوپاستان دەکەین..کێ لە دژە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة(١٨) :ـ

لمجلس المجمع تشكيل لجان دائمية أو مؤقتة من أعضائه أو من غيرهم برئاسة أحد أعضاء المجمع العاملين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر مادە(١٨)نییە، بەڕێز مەلا تاهر فەرمووو.

**بەڕێز محەمەد تاهر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من لیژنە هەمیشەییەکانی کۆڕەکە شتێکی چاکە، ئەنجوومەن بۆی هەیە کە لیژانی کاتیشی هەبێت ئەوە یەکەم. دووەمیش دەبێت بە پێی پێڕەوی ناوخۆ لیژنەی بۆ زیاد بکرێت و، ئەگەر لیژنە هەمیشەییەکان لەگەڵ لیژنە کاتیەکاندا جیا بکرێنەوە ئەوە باشترە، واتە ئەم مادەیە بکرێت بە(٢)برگە، لیژنە هەمیشەییەکان برگەیەک بێت و، لیژنە کاتییەکانیش بە سەرۆکایەتی ئەندامە کاریگەرەکان برگەیەک بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی نییە؟ بەڕێز مەلا تاهر پێشنیار دەکات کە لیژنەی هەمیشەیی هەبێت و، بتوانرێت لیژنەی کاتیش بە سەرۆکایەتی ئەندامێکی کاریگەری کۆڕەکە دروست بکرێت، لەم مادەیەدا مۆڵەت دراوە کە لیژنەکان هەبن و، دەتوانرێت لە پێڕەوی ناوخۆشدا ئەمەی بۆ زیاد بکرێت، وەکو ئەوەی کە ئێمە لە پەرلەمانداکردمان. دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ مادە(١٨)دایە؟..سوپاستان دەکەین.. کێی لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

(شؤون المجمع الإدارية والمالية)

المادة التاسعة عشرة :ـ

أـ للمجمع الأقسام التالية :ـ

١ـ مكتب رئيس المجمع.

٢ـ مديرية الإدارة والأفراد.

٣ـ مديرية المحاسبة والتدقيق.

٥ـ مديرية الخدمات العلمية والفنية.

٦ـ مديرية المطبعة والنشر.

٧ـ المكتبة.

٨ـ مركز المخطوطات والوثائق.

٩ـ المخزن.

ب ـ يرأس كل مديرية موظف حاصل على شهادة جامعية ويرتبط بالسكرتير.
ج ـ لمجلس المجمع أستحداث مديريات وأقسام أخرى عند الأقتضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە دابەش کردنی بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی کۆڕەکەیە، چ تێبینییەکی لەسەر هەیە، ئەوانەی کە دەیانەوێت قسە بکەن، بەڕێز د. رزگار، بەڕێز د.ئیدریس، بەڕێز کاک سەفەر، بەڕێز مەلا تاهر. فەرموو کاک د.رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنها تێبینیم لەسەر بڕگە(ب)دا هەیە،(يرأس كل مديرية موظف حاصل على شهادة جامعية..) ئەمەی بخرێتە سەر(في حقل علمي يناسب مهامه)، ئەگەر ئەم بڕگەیەی بخرێتە سەر ئەوە پسپۆڕیشی بۆ پەیدا دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە درێژە پێدانە، بۆ نموونە یەکێکی دەرچووی کۆلێژی یاسا دادەنرێت بۆ دارایی، چونکە لێهاتووە، ئەوە لەسەر بەڕێوەبەری فەرمانگەکە دەوەستێت کە بزانێت خەڵکێکی لێهاتوو هەڵبژێرێت بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە، ئێمە نامانەوێت ئەوەیان بەسەردا بسەپێنین کە دەبێت پسپۆڕ بێت.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی و ووزە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان سەبارەت بە بڕگەی «أ» (من المجمع الاقسام التالية) کەدەڵێن بەش(قسم) لێرە باسی بەڕێوەبەرایەتیش دەکات، ئینجا بەڕای من هەر بنوسی (يتكون المجمع من : یەک، دوو،سێ، چوار)یان (تشكيلات المجمع)، مەبەستم ئەوەیەلێرەدا بەش بەم مانایە لێک نەدرێتەوە کەلە بەڕێوەبەرایەتی کەمترە بەواتای پێک هاتەی بەڕێوەبەرایەتی (تەشکیلاتی ئیداری )، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوتێبینانە لای خۆتان بنووسن بۆ داڕشتن، فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ، چونکە ئەوە هەمووی بەڕێوەبەرایەتییە، بەڵام لەسەرەوە دێ (الاقسام التاليه).
دووەم: ئەگەر بەڕێوەبەرایەتییەکی کۆمپیوتەر هەبێت چونکە لە سەرەتای پێک هاتەکە پەرتووکخانەو چاپ خانەی باسکردووە بەڵام لەکۆڕی زانیاری وا ئەگەر بەڕێوەبەرایەتییەکی کۆمپیوتەر نەبێت لەم چەرخەکەمووکوڕیەکی تیادایە، بەڕای من ئەوە بخرێتە سەری، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆكی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن:**

كاك دكتۆر ئەوە لەبەڕێوەبەرایەتییە، كۆمپیـوتەر بەشێكە لە ئیشوكاری بەڕێوەبردن كۆمپیوتەر بۆ نوسین وهەڵگرتنە، بەشێكە لەئیشوكاری بەڕێوەبەرایەتی، لە بەڕێوەبەرایـەتی ئەتوانن بەشێكیان هەبێت، بەشی كـۆمپیـوتەر، لەوانەیە پێنج كـۆمپـیـوتەر یان دوو كـۆمـپـیـوتەریان پێویست بێت، بەگوێرەی بەڕێوەبەرایەتیەكەیە مـەرج نییە، ئێستـا وەزارەت هەیە لەوانەیە بە هەمـوو وەزارەتەكە چوار كۆمپیوتەریان نەبێت.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆكی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن.**

ببوورە،ئەو نۆ بڕگەیە هەمـووی بەڕێوەبەرایەتیـە ئەگەر وابێ ئەوانیش پێویست ناكا بەڕاستی كە دەڵێن بەڕێوەبەرایەتیە،ڕاگەیاندنە،پەرتوكخانە، ئەوە هەمـووی بەڕێوەبەرایـەتیـە، كـۆمـپـیـوتەریش بەشێكە واتە سەربەخۆیە پەیوەندی بەوەنییە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆكی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن:**

كۆمـپـیـوتەر بۆ نووسینی نووسراوەكانە كە ئەڕواو دێت، كۆمپیوتـەر بۆ بەشی چاپخانەیە كە چاپ ئەكەن و بابەت هەڵ ئەگرن ،خۆ كۆمپیوتەر بەشێك نییە بۆخۆی ئەبێ ئیش بكات.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆكی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن.**

كۆمپیوتەر وەكو چاپخانە وایە، زۆر شت بە كۆمپیوتەر چاپ ئەكرێت، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆكی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن:**

كۆمـپـیـوتەر تایبە، بەڵام جیـاوازیەكەی لەگەڵ تایپی دەست، تەنها ئەوەیە كە ئەقڵی هەیە و شت هەڵدەگرێ.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆكی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن.**

سەنتەر جیاوازە، سەنتەری كۆمپیوتەر لەگەڵ ئامێری كۆمپیوتەر جیاوازە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆكی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن:**

جا بەڕێوەبەرایەتیـەك بەهەمووی پانزە فەرمانبەری هەبێت، ئەوە لەمیانی بەڕێوەبەرایەتیەكە خۆیان ئەتوانن شـتـەكـە ڕێك بخـەن، ئێـسـتـا ئێـمـە با باسی خـۆمـان بكەین لەپەرلەمـان ئێـمـە بەڕێوەبەرایەتیەكی كـۆمپیـوتەرمان نییە، بەڵام كۆمپـیـوتەرمـان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بەسـتـووە پسـپـۆڕێكمـان هەیە چاودێری ئیـشـوكاری كـۆمـپـیـوتەرەكـان ئەكـات لە بەشـەكـان، وەكـو تـایـپـە كۆمپیوتەر، بەڵام ئەوەیە ناوی كۆمپیوتەرە و، بە بۆچونی من ئەگەر حەز بكەین (مديرية المطبعة والكومـــپـــيــوتـر والنشــر)، تۆزێك ڕێك نیـیـە بۆ چوار پێنج كـۆمـپـیـوتەر لەدائیـرەیەك

بەڕێوەبەرایەتیەک دروست کەین، کۆڕی زانیاری زۆر زۆر سێ چوار کۆمپیوتەری دەبێ، خۆ زیاتری نابێت، فەرموو کاک د.ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە،کۆمپیوتەر ئەمڕۆ وەکو سەنتەر هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، بەیانی دوو بەیانی بە تۆڕی (INTERNET).س لەوانەیە ئامێری پەیوەندی پێشکەوێت لەهەموو بەڕێوەبەرایەتیەک زیاتر ئازادی خۆی وەرگرێ و ڕۆڵێکی کاریگەری دەبێت لەو کۆڕە، ئێستاخۆ ئێمە ئەویاسایە بۆ ئەمڕۆی دانانێین، بۆ دواڕۆژە، واتە هەڵگرتنی زانیاری و بڵاوکراوەکان هەمووی بە کۆمپیوتەر دەبێت لەجیاتی وەرەقە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەتوانین لەئەنجوومەنی وەزیران سەنتەرێکی کۆمپیوتەر دابنەین، چاودێری بکا لەسەر هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکانی حکومەت، چونکە ئەگەر لەهەر بەڕێوەبەرایەتیەک کۆمپیوتەرمان هەبێت ئەوا مەمنونین، بەڵام نازانم هیچ وەزارەتێکمان هەیە بەڕێوەبەرایەتیەکی کۆمپیوتەری سەربەخۆی هەبێت؟ ماددەیەکیش هەیە کاک دکتۆر کۆڕ دەتوانێ بەخۆی داهێنانی هەر بەشێک بکا. ئێستا ماددە (١٩) ئەگەر تێبینیەکی تر نەبێ لەسەری ئەوا ئەیخەینە دەنگدانەوە، بەڵێ (إستحداث مديريات أخرى). فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی «ب» (يرأس كل مديرية موظف حاصل على شهادة جامعيةو يرتبط بالسكرتير) ئەگەر بێتوو سەیری بکەین (للمجمع الاقسام التالية) واتە هەمووی بەڕێوەبەرایەتی نین، بەڕای من وابێ باشە (يرأس كل قسم)واتە لە شوێنی بەڕێوەبەرایەتی(مديرية) بەش(قسم) دابنرێت.سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەتوانین ماددە بکەینە أ- (للمجمع المديريات التالية) و تەنها نووسینگەی سەرۆک جیاوازی هەیە ئەوەی تر هەمووی بەڕێوەبەرایەتیین. مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زين العابدين:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر خاڵی «أ »کاک دکتۆر گوتی (للمجمع المديريات والاقسام التالية) ئەمەیان هیچ، بەڵام سەبارەت بە خاڵی «ب »کاک سیروان ئاماژەی بۆکرد، ئاماژەیەکی چاکە (السكرتير يرتبط بالنائب مباشرة) چونکە سکرتیر ئیشوکاری زۆرە وە ئەگەر ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە هەمووی بە سکرتیرەوە بەسترابێت ئەوا کارەکەی گران دەبێت. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم ووردەکارییانە ئیشوکاری ئێمە نییە، ئەمە پەیوەندی بە پەیڕەوی ناوخۆوە هەیە تکایە هەڵی گرن بۆ پەیڕەوی ناوخۆ. چونکە چی ئەمێنێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران؟ وەچی بۆ کۆڕ(المجمع) ئەمێنێتەوە؟. ئەو ووردەکاریە زۆرە گرانی ئەکات بەڕای من هەڵی گرن، ئەوان بەئارەزووی خۆیانە کە بەکێی ئەبەخشن، با هەڵی گرین، لەگەڵ ئێمەن؟ سوپاس.

تەنها ئەوتێبینیەی کاک دکتۆر ئیدریس کردی لەسەر بابەتی بەشەکان(الاقسام) بکرێ بە بەڕێوەبەرایەتی(مدیریات) ئەمەیان ڕاستە چونکە لایەنی بەڕێوەبردنەکەی «ئیداریەکەی» ئەبێ ڕەچاو بکرێت لیژنەی دارشتن ئەمە چاک بکات لەکاتی نووسینی، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر بەڕێوەبەرایەتیەک بەشی خۆی هەیە، وەئەمە لەهەموو وەزارەتێک و بەڕێوەبەرایەتیەک هەیە، وەئیمە ڕاستمان کردووە لەلای خۆمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک د.ئیدریس، ئەڵێ ئەم بەشە هەڵبگیرێ.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە سڕیمانەوە وە کردوومانە بە بەڕێوەبەرایەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاستان ئەکەین، سڕیتانەوە، ئەیخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵە.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە.. سوپاستان ئەکەین،بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادةالعشرون، تتكون مالية المجمع من:

أ- المنحه السنوية من الميزانية العامة لحكومة الأقليم.

ب-الأيرادات الحاصلة من نشاطاته.

ج-ريع المطبوعات.

د- المنح والتبرعات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده «٢٠» کێ تێبینی هەیە لەسەری،کاک سیروان، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز سەرتیب محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارم بۆ سەرۆکی لیژنەی ئابووری و داراییە. لێرەدا هاتووە «کۆڕ» خۆی بودجەی هەیە، وەلێرەدا

به بەخششی ساڵانە هاتووە وەحەز ئەکەم ڕۆن بکرێت، لەنێوان بابەتی بەخششی ساڵانەو بودجە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بودجە ئاسایی بێت ئەوا ئەکەوێتە ئەستۆی خەزینەی دەوڵەت. بۆنمونە شارەوانی ئەوان سەرژمێری خۆیان هەیە بەڵام ئەگەر کەم و کوڕی هەبوو ئەوا لە بودجەی دەوڵەت وەزارەتی دارایی یارمەتی ئەدات، بەمە ئەڵێن بەخشش (منحە)، چونکە خۆی چالاکی خۆی هەیە، فرۆشتنی چاپەمەنی هەیە(بیع المطبوعات)، بەخششی خۆی هەیە و، ئەم بەخششەی ساڵانەی کە وەزارەتی دارایی پێی ئەبەخشێت بۆ جێ بەجێ کردنی بودجەکەیەتی، ئەگەر بێتو کەم و کوڕی هەبێت، هەروەها ئەم بەخششە بەشێکە لەبودجە، تاوەکو بودجەی خۆی پێ تەواوبکات.

بۆ نمونە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هاوینە هەواری سەلاحەددین بودجەکەی زۆر کەمە، بۆیە وەزارەتی دارایی بەخششێکی پێ ئەدات تاوەکو بودجەکەی خۆی پێ تەواو بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من روونکردنەوەیەک ئاراستەی جەنابت ئەکەم ئەگەرئەمە بەڕێوەبەرایەتیێک بێت سەر بە حکومەت ئەمە بودجەی خۆی هەیە و، پەسند ئەکرێت لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە و، لەگەڵ بودجەی وەزارەتی دارایی پێشکەش بە ئەنجوومەنی نیشتمانی دەکات و پەسند ئەکرێت،بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەمووشارەوانیەکان بودجە دائەنێن، بەڵام بەخششی ساڵانەی پێ ئەدرێت. ئەگەر کەم و کوڕی هەبێت، وەئەمە لەبەر(ریع)و فرۆشتنی چاپەمەنی(بیع المطبوعات) و بەخشش ناچێتە ناو حکومەتەوە بۆخۆی وائەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە، سوپاس بۆ ئەم روون کردنەوەیە، واتە ئەمە ئەبێتە داراییەکی (کۆر) وەکو بەڕێوەبەرایەتیەکی تر نیە برواتەوە بۆ حکومەت جارێکی تر ئەم ماددەیە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...، کێ لەگەڵ نیە .. بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

(المادة الحادية والعشرون، يتمتع رئيس المجمع بكافة صلاحيات وأمتيازات الوزير المنصوص عليها في القوانين والأنظمة قدر تعلقها بأدارة المجمع ويتقاضى راتب الوزير ومخصصاته).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، کاک جەمیل، کاک ئیبراهیم، فەرمووکاک جەمیل.

**بەڕیز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەساڵی ١٩٧٠ کۆڕی زانیاری کوردی، لە بەغداد دا دامەزرا. سەرۆکی (کۆڕ) مووچەی نەبوو تەنیا بەخششی ساڵانەی هەبوو کە (٥٠٠)دینار بوو بۆ ئەو کات، وەئەگەر دابەش کرابایە چوار جار پێیان ئەبەخشی هەرسێ مانگ جارێک وە هەر مانگێکیش (١٢٥)دینار. ئەگەر بێتو بەراورد کرابایە ئەیکردە مووچەی خاوەن بروانامەی پەیمانگاوە هەر ئەندامێک (عضو عامل) (٣٠٠)دینار بوو واتە هەر سێ مانگ (٧٥)دیناری وەردەگرت وەکو خاوەن بروانامەی قوتابخانەی ناوەندی (خريج متوسطة). لەبەر ئەوە پێم وایە مووچەو دەرماڵەی وەزیر زۆر زۆرە چونکە لەبەغداد سەرۆکی کۆڕی زانیاری کوردی پلەی لەپلەی بەڕێوەبەری گشتی تێنەپەڕبوە، وەهەروەکو لیژنەی ئابووری بۆ بەڕێزتانی نووسیوە(رئيس المجمع يكون بدرجة وكيل الوزارە) بەرزترین پلە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەمەیان پێشنیارێک،فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە باسی مووچەی سەرۆکی (کۆڕ) دەکات، من پێم وایە ئەگەر لە پەیڕەوی ناوخۆ بێت جوان ترە کە لەیاساکەدابێت، وە ئەوەی تر وەکو خۆی بمێنێتەوە تەنیا بابەتی مووچەی لێ دەربچێت، سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێتو پلەی دیاری نەکرێت ئەوا ناتوانرێت مووچەی دیاری بکرێت و، ئەبێت پلەی دیاری بکرێت. ئایا پلەی وەزیرە یاخود بەڕێوەبەری گشتییە؟ ئایا پلەی سەرۆکی تێبینەرانە؟ چونکە، ئەگەر پلەی وەزیری پێ بەخشرا ئەوا مووچەی وەزیری پێ ئەدرێ و، هەروەها ،ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، من تەنها تێبینیەکم هەیە لەسەر قسەکانی کاک جەمیل، لە ساڵانی ١٩٧٠ بەم لاوە کە مانگی بە (١٢٥)دینار دائەمەزران بە پلەی دەرچووی پەیمانگا نەبوو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(١٢٥) بۆ سێ مانگ نەک بۆ مانگێک، واتە هەر مانگێک نزیکەی (٤٠ یان٤٢) دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ سوپاس، بابزانین کاک د. ئیدریس چ تێبینیەکی هەیە، فەرموو کاک ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارێک ئاڕاستەی لیژنەی یاسا ئەکەم. ئەگەر سەرۆکی (کۆڕ) ئەو هەموو دەسەلاتەی هەبێت ئایا لە کۆبونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە دەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بەڕاستی تێبینیەکە لە جێگای خۆیەتی وجێگای سەرنجە. کاک فەرەنسۆ فەرموو، ئەگەر روونکردنەوەیەکمان پێشکەش بکەی.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرەتا سەبارەت بە قسەکانی کاک جەمیل. کە ئەڵێت کاتی خۆی سەرۆکی کۆڕی زانیاری کوردی مانگانە(٥٠٠)دیناریان پێ ئەبەخشی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سالانە (٥٠٠)دیناریان پێ ئەبەخشی. یاساکە هەیە لەلایەن کاک شێروان حەیدەری سالانە بەخششی (٥٠٠)دینار بوو وە لەشێوەی چوار جار لەساڵێ واتە هەر سێ مانگ (١٢٥)دیناری وەرئەگرت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کەواتە (متفرغ) نەبووە، ئەوانەی کاک جەمیل باسی ئەکات، (متفرغ) بوون، من پێم وایە پلەی وەزیرە تەنیا بۆ مووچەکەیەتی، بەلام ئامادە نابێت لەکۆبونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس،پرسیارەکە ئەوەبوو، ئایا ئەتوانێت لەکۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران وەکو وەزیر ئامادە بێت؟ من ئەزانم مافی ئەوەی نییە، بەلام با بۆ برادەران روون بێتەوە، ئەگەر هیچ تێبینیەک نییە لەسەر ئەم مادەیە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت فەرمووت ئایا ئامادە دەبێت لە کۆبونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران؟ نەخێر مافی ئەوەی نییە ئامادە بێت، چونکە وەزیر نییە پلەی وەزیرە، تەنها بۆ مووچەکەیەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چ بە پلەی وەزیر بێت، یان بە پلەی بریکاری وەزیر بێت، یان بەڕێوەبەری گشتی بێت، تەنیا پلەکەی دیاری بکرێت بەسە، واتە پلەی سەرۆکی کۆڕ بە پلەی وەزیر دێت، یاخود بەپلەی بریکاری وەزیر دێت، یاخود بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی دێت و، باسی مووچەو دەرماڵە نەکات زۆر لە جێگای خۆی دایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چ تێبینیەک نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کاک جەمیلە، سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نییە، باشە سوپاستان ئەکەین، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثانية والعشرون.

أ- يعتبر نائب الرئيس والسكرتير والأعضاء العاملون المتفرغون من ذوي الدرجات الخاصة ويتقاضون راتب ومخصصات تلك الدرجات.

ب- يخير العضو المتفرغ بين تقاضي راتبه و مخصصاته من دائرته وبين ماهو منصوص عليه في هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش هەمان تێبینی هەیە، کە مووچەکە نەمێنێت، ئەگەرنا هەمووی وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، و «ب»یش وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، ئەگەرهیچ تێبینیەک نییە لەسەر ئەم مادەیە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە... کێ لەگەڵ نییە.. بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا. فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثالثة والعشرون.

لهيئة الرئاسة منح مكافأت دورية أو أستثنائية للأعضاء العاملين غير المتفرغين و المؤازرين و أعضاء الشرف حسب نشاطاتهم ونتاجاتهم العلمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە، فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمادەی «١٨» باسی ئەوە هاتووە کە لیژنە پێک ئەهێنرێ و خەڵکی تریش بانگ بکرێت بۆ ئەو لیژنانە، بەڵام باس لەوە ناکات بەخششیان پێ بدرێت. من پێشنیار ئەکەم لەدوای (اعضاء الشرف)بڵێین (والخبراء الذين دعوا بالعمل في إحدى اللجان)، چونکە لەلیژنەکان خەڵکی تری تیادایە جگە لە(العاملون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا چ تێبینیەک هەیە لەسەری؟ مامۆستا ئەڵێت تەنیا ئاوها نەبێت بەڵکو (الخبراء)ی بۆ زیاد بکرێت کە بانگ ئەکرێن بۆ ئەو ئیشە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمانە هەمووی لە پەیڕەوی ناوخۆی دابنێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕای من مادە (٢٣) زیادە با بیخەینە پەیڕەوی ناوخۆ. ئەگەر چ تێبینیەک نییە لەسەر مادە «٢٣» ئەوا هەڵ ئەگیرێ بۆ پەیڕەوی ناوخۆ. ئەیخەینە دەنگدانەوە مادە«٢٣» بۆ پەیڕەوی ناوخۆ، کێ لەگەڵە... کێ لەگەڵ نییە ... بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، کە هەڵبگیرێ بۆ پەیڕەوی ناوخۆ. فەرموو کاک حوسێن (الاحكام الختامية).

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

(الاحكام الختامية)

المادة الرابعة والعشرون.

على العضو المتفرغ الأقامة في مقر المجمع والدوام فيه والتفرغ لأعماله.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕای من ئەوە هەڵبگیرێ بۆ پەیڕەوی ناخۆ، بەڵام کاک د. ئیدریس تیبینی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئەوەی من پێشنیارم کرد (الالتزام بالنظام الداخلي وأهدافه) ئەوەیان باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ئیدریس پێشنیارێکی هەبوو، ئەڵێ ئەگەر لەجیاتی ئەمە بیکەین بە(على العضو العامل الالتزام بنظام وأهداف المجمع)، بەڵام کاک شێروان ئەڵێ لە مادە «٢٦» چارەسەری ئەکەین،

ئێستا ئەمە هەڵ ئەگرین، کێ لەگەڵە... کێ لەگەڵ نییە... بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا. ئەم مادەیە هەڵ ئەگرین،فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة (٢٣)، إذا خلا مكان عضو من أعضاء المجلس يعلن الرئيس ذلك في أول جلسة ويقرر المجلس ملأه خلال ثلاثة أشهر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە... کێ لەگەڵ نییە.. بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا. فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الرابعة والعشرين، على المجمع أن يضع له نضاماً داخلياً خلال مدة لا تزيد عن ستة أشهر من تأريخ نفاذ هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە زۆر ڕێک و پێک جێگای خۆی گرتۆتەوە، بەڵام ئەمە ڕائەگرین جارێ، دەنگدانی لەسەر ناکەین، چونکە دوو پێشنیار هەیە، یەکێکیان هی د. ئیدریس، ئەوەی تریان هی کاک شمائیل، جا با لیژنەی یاسا بفەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیاری د. ئیدریس پێویست ناکات ئەمە زیاد بکرێت، چونکەیاسا ئەڵێت ئەبێ پەیڕەوی ناوخۆ بۆ خۆی دابنێت، کە پەیڕەوی ناوخۆ دانرا بەگوێرەی یاسا ئەوا ئەو کات ئەندامان ئەبێت هەموویان پابەند بن بە پەیڕەوی ناوخۆ، واتە ئەبێ ئەندام پابەند بێت بە پەیڕەوی ناوخۆ ئەگەر نا بۆ چی پەیڕەو دائەنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد، واتە لە یاساکە ئەبێت دیاری بکرێت کە ئەندام ئەبێ پابەند بێت بە پەیڕەوی ناوخۆوە، بابزانین کاک د. ئیدریس چی ئەڵێت، فەرموو کاک ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەرئەم ئەندامە پابەند نەبوو، ئەواهیچ ئیجرائاتێک نییە و لێرە باسی هیچ نەکراوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ئیجرائاتەش هەر لە پەیڕەوی ناوخۆدا باس ئەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەس تێبینی نییە، مامۆستا مەلاتاهیر، فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەیاساکەدا باسی ئەوە نەکراوە کەوا پاش هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ پێنج ئەندامەکەو دوای دروست بوونی ئەندامەکان، سەرەتا کۆبونەوەی (کۆڕ)ەکە ئەبێت واتە کاتی بۆ دانەنراوە کەی ئەبێت؟ وە دووەمیش، ئایا دامەزراندنی فەرمانبەران مافی سەرۆکی (کۆڕ)ە یاخود مافی دەستەی سەرکردایەتییە؟، ئەمەی تیا دیاری نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی جەنابت فەرمووت ئەبێ پەیڕەوی ناوخۆ دیاری بکات کەی دەست بەکار بن، ئەمە پەیوەندی بە پەیڕەوی ناوخۆوە هەیە، ئێمە تەنها یاساکەمان داناوە، و ئەوەی دووەم ئەوەیە کە تۆ دەسەڵاتی وەزیرت پێ بەخشی ئەوکات، ئایا ناتوانێت فەرمانبەرێک دامەزرێنیت؟

وە یاساکانی ئێمەش ئەوەی لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەر تێپەر بێت ئەبێ ڕەوانەی بکات بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و، ئەو ئەبێ فەرمانەکەی دەرکات،لەبەر ئەوەی ئێمە یاسامان هەیە، بۆ لێرەدا بینوسین؟، فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیرمحەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵام سەبارەت بە کۆبونەکەیەوە ئەگەر (کۆڕ) کۆبونەوە نەکات چۆن پەیڕەوی ناوخۆ دائەنێت؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(علی المجمع أن یضع نظاماً داخلیا خلال ستة أشهر)، ئەمەش کاتێک کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێنج کەسەکەی دانا ئەوا ئەبێت هەڵسن بە ئیشوکاری خۆیان و، لەڕاستی دا ئەوە کارێکی بەڕێوەبەرایەتییە (ئیداریە) ئەبێ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران خۆی لێی بەرپرس بێ و، ئەبێ خۆی سەرپەرشتی بکات و بەدوای دا بچێ. دوای ئەمە پەیڕەوی ناوخۆ ئەڵێت لەو ڕۆژەوەی کە ئەم یاسایە دەرئەچێت ئەبێ تا ماوەی شەش مانگ پەیڕەوەکەی تەواو ببێت، لەڕاستیشدا ئەمە کاری ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئەمێنێتەوە یەک پێشنیار، ئەوەی کاک شمائیل فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو پێشنیار هەیە،یەکێکیان هی کاک سەعید یەعقوبی، ئەوەی خوێنرایەوەو پەسندیش کرا، ئێمە کورتمان کردووەو دارشتنەکەمان والێ کردووە،(تطبیق ما یتوصل الیه المجمع من نتاج في وسائل الأعلام کافة وفي جمیع المراحل الدراسیة بدءً من المرحلة الأبتدائیة)، پێشنیارەکەی کاک سەعیدمان بەم شێوەی سەرەوە دارشتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئێمە یاسایەک دەرئەکەین لەئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانەوە، ئەینێرین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئەوان لایەنی ڕاپەڕاندنن و جێ بەجێ کردنن، ئەم (کۆڕ)ەش پەیوەندارە یاخود گرێدراوە بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، ئەو شتانەی کە لەوێ دەرئەچێت بێ گومان بە گوێرەی یاساو ڕێساکان مافی خۆیانە کە ئەو پەیڕەوو پرۆگرامە دەرکەن کە چۆن مامەڵە بکەن لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەواندا، بەڵام ئایا ئەگەر ئێمە لێرەدا مادەیەک جێگیر کەین، ئایا ئەوە هاودژ نابێت لەگەڵ ئەم بارە، چونکە جێ بەجێ کردن کاری ئەوانە، بەڵام بابزانین کاک سەعید چی هەیە چونکە پێشنیارەکە هی ئەوە، فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی دەنگ دانی لەسەر کراوە بەرای من بابەتەکە کۆتای پێ هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەگەر حکومەت هیچ تێبینیەکی نییە ئەوا ئەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەوە نیم بخرێتە ناو پەیرەوەکەوە، هەروەکو بەڕێز شێخ ڕەقیب گووتی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران خۆی بەرپرسە کە بەم کارە هەڵبستێت وە ئەمە ئیشی ئەوە پێویست ناکات بەیاسا ئیشی خۆی بۆ دابنرێت چونکە خۆی بەرپرسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک قادر جەباری، وەزیری داد.

**بەڕێز قادرعەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

خۆی ئەوان بەرهەمێکی زانیاری دەرئەکەن، ئەم بەرهەمەش دوای دەرکردنی مەرج نییە یەکسەر بدرێ بە پەروەردە بۆ ئەوەی بیکات بە پەیرەوی خوێندن و بیدەن بە بەڕێوەبەرایەتیەکان ئەوانیش بیکەن بە زمانی ڕەسمی، ئەوان بەرهەمی خۆیان ئەخەنە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی وەزیران مافی هەیە بە پێی پسپۆڕی هەڵس و کەوتی تیادا بکات و ئایا ئەیدات بە چ وەزارەتێک و بۆ ئەوەی پەسندی بکرێت، پاشان ئەبێت بە پرۆگرام، چونکە ئەو بەرهەمەی کە ئەوان دەری ئەکەن ئەبێت بچێت بۆ پەروەردە وە پەروەردەش بەرنامەی تایبەتی خۆیان هەیە، لەبەر ئەوە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە(کۆڕ)ەوە ناچێت بۆ وەزارەتەکان، ئەبێ بچێت بۆ ئەنجوومەنی وەزیران وە ئەنجوومەنی وەزیران خۆی بەپێی پسپۆڕی دابەشی ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

من ئەڵێم ئێمە دەنگمان لە سەر دا وەکوو بڕگەیەک، بیگوێزینەوە بۆ سەر«پەیرەوی ناوخۆ». و بە

تێرو تەسەلی شیی بکرێتەوە لە «پەیڕەوی ناوخۆ »دابنرێ، کە چۆن مامەڵە دەکرێ لەسەر بەرهەمەکانی ئەوان .لەوانەیە لەوێ بە کردەوە درووست تر بێت، چوونکە لە برگەی یەکەمدا هاتووە،«علی مجلس الوزراء تنفیذ هذا القانون» واتە ، ئەو پێشنیارەی کاک سعید بگوێزینەوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆ ،و لە پەیڕەوی ناوخۆ بەندێک هەبێ هەروەکوو «کاک قادر» باسی کرد و«کاک سەعید» دەری بڕی،کە چون مامەڵە بکرێت لە گەڵ ئەو بەرهەمانە .من ئەزانم ئەوەی کە«کاک سەعید »دەڵێ ڕای زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئێمەیە، کەلایان وایە کە کۆمەڵێک زاراوە هەیە، کەئیشی پێ ناکری وبە تەنها دانراوە. ،کاک سەعید ئەگەرلاریت نەبی؟.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بڕیارە دەنگدانی لەسەر کراوە ، پێم وایە کۆتای پێ هاتووە،ئێمە سەرنج ئەدەین کە لەهەر ڕۆژنامەیەکی ئەمڕۆ لاپەڕەیەک بەبادینی نووسراوە، کابرایەک شیعر بە لوڕی دەڵێ ،یەکێک بەگەرمیانی دەڵێ ،ئەوی تر بە سۆرانی دەڵێ ،بە ڕاستی تا ئێستا زمانێکی یەکگرتوو دەرنەچووە ،کەهەموو خەڵکی ناچار بێ پەیڕەوی بکات.هەموو مەبەستەکەش لەو «کۆڕ»ە ئەوەیە. بۆئەوە دانراوە .وە ئەگەر ئەوەش نەکرێ من هەرسوور ئەبم لەسەر ڕای خۆم.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەرینەماکە (مبداء) کە، تاو تۆیەکی دوورو درێژ کرا، بەڵام لە سەردەقەکە (صیغە)دەنگدان نەکراوە ،دەبێ دەنگدانی لە سەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە لەسەر «مبداء»کە ڕێککەوتووین. ،ئەگەر مبدا کە بیێتە ماددەیەک لێرە ،ئەوکات ئەبێ لەسەر دەقەکە ڕێککەوین. دەقەکە پێشکەش کراوە،جارێکی تر بیخوێنەوە ئەگەر چ تێبینیەکتان لەسەری هەیە:

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«تطبیق ما یتوصل الیه المجمع من نتاجة في وسائل الاعلام كافة،و في جمیع مراحل الدراسیة، بدء من المرحلة الابتدائیة »‌.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«تطبیق» ، نازانین چ دەگرێتەو، چوونکە ووشەی «شتی»بووارەکان دەگرێتەوە لە «معریفە» ،پێم وایە بکرێتە ،«الاهتمام والاستفادة من الانتاجات المجمع في شتي المجالات » ،هەرئاوها کۆتایی پێ بێ وەکوو ،ماددەیەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من دووپاتی ئەوە دەکەمەوە کە بنەماکە «مبدأ»کە بگوێزرێتەوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بۆ ئەوەی دەرفەت و دووروودرێژی زیاتری هەبێت. «کاک سەعید» ئەگەر تێبینییەکی هەیە لەسەر ئەم بابەتە.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هەروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کەمن پێشنیارم کردووە، با بمێنێ، ئاساییە،

من کوورتم کردۆتەوە (بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ووتی، برادەران لەسەر ئەوەش هەر رێک نەکەوتوون)، واتە ئەگەر دابنرێ(تثبیت بکرێ)،پاشان لە سەر پەیڕەوی ناوخۆ هەندێک زیادە «اضافە» بکرێت، ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەوەی بابەتەکە ڕوون و ئاشکرا بێ ،دەنگدان کرا لە سەر ئەوبنەمایەی کە بەرهەمەکانی «کۆڕ»ەکە، پشت گوێ نەخرێت، وە بەکردەوە بچەسپێ، بۆ ئەوەی بگەین بەو ئامانجەی کە لە کۆڕەکەدا جەختی لەسەر کراوە.

**بەڕێز سەرتیب محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە ئەو«دەقە» خۆی «الزامە» ،کە ،«کاک محەمەد حەسەن» ئاماژەی بۆ کرد. واتە فەرمانە و ئەبێ بکرێ، کەواتە ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکی حکومەت لێرەدا چ دەورێکی دەبێت لەم ڕووەوە؟ پێم باشە بچێتە پەیڕەوی ناوخۆوە ، بەڵام پەسەند بکرێ لە ئەنجوومەنی وەزیران، کە ئایا بکرێ یا نەکرێ، بە گوێرەی ئەوپسپۆڕێتیەی کە بەڕێز «کاک قادر» ئاماژەی بۆکرد، سوپاس.

**د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش پێم وایە کەوا بچێتە پەیڕەوی ناوخۆوە، وە لەوێ بچەسپێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«علی مجلس الوزراء تنفیذ هذا القانوون» ،کەواتە بۆ جارێکی تر بیسەپێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە دەقەکە دەربڕینی هەندێک زەحمەتە، «ایلاء الاهتمام اللازم بأنتاجات المجمع من قبل حکومة الاقلیم والجهات ذات العلاقة »، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە «کاک سعید یعقوبی »پێشنیاری کردووە وەکوو، « مبداء »پەسەند کراوە ،من لە گەڵ «کاک سعید» پێکەوە دەقەکەم داناوە، وە پێم وتووە کە مەبەستت چییە لەم پێشنیارە؟ ووتی مەبەستم ئەوەیە ،کە وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ڕۆشنبیری ناچار بکەم، کەئەو بەرهەمەی کە لە«کۆڕی زانیاری» دەرئەچێ بە پەلە جێ بەجێی بکەن، کەواتە وەکوو «مبدأ» پەسەند کراوەحەز دەکەن دەقەکەی دەگۆڕین، زۆرئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە دەیەوێ ئەنجوومەنی وەزیران ناچار بکات، واتە کۆڕەکە ئەبێ گەورەتر بێ لە ئەنجوومەنی وەزیران، فەرمان ئەدا و ئەبێ جێ بە جێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چۆن ئەبێ ،بۆ نموونە وەزارەتێک دوو وەزارەتی تر ناچاربکات، بەبەرهەمی خۆی.

دووهەم سەبارەت بە وەزارەتی پەروەردە، کۆمەڵێک دامەزراوەی خۆی هەیە ،بەڕیوەبەرایەتی هەیە، کۆمەڵێک ئەنجوومەنی هەیە، دەربارەی فێر کردن و پەروەردە کردن و پەیڕەو، چۆن ئەبێ هەرچی ئاراستەی بکرێ ڕۆژی دووای لە پەرتووکخانەکان بڵاوی بکاتەوە ،ئەمە هەڵەیە، بەڕای من ڕاست وایە ئەنجوومەنی وەزیران چارەسەری ئەم بابەتە بکات، وگوونجانێک درووست بکات لە گەڵ، بڵاوکراوەکانی ئەدەبی وهوونەری و ڕۆشنبیری و زمانەوانی «ئەمان »، ودابەشیان بکات بەسەر وەزارتەکان بە پێی پسپۆریەتی،(اختصاصات)، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە گەڵ ڕای هەردوو بەڕێز «کاک قادر جەباری» و «کاک فەرەنسۆ هەریری»م، بەڵام دڵ نیگەرانم، لەوەی کە «کاک سعید یعقوبی »باسی زمانی بادینی و لوڕی کر، و ووتی کە شیعری بادینی دەنووسن ،ئێمە هەرشیعری بادینی ئەنووسین.بەداخەوە کاک« سعید یعقوبی » مرۆڤێکی ڕۆشنبیرە و هەولێرییە، ئەگەر لە جێگایەکی نزیک سنووری ئێران بایە ،ئەوا من گلەیم لێ نەدەکرد، وە دەم گووت ئەوە کاریگەریتی زمانی فارسی لەسەرە، وەمن لە گەڵ ئەو بابەتە نیم، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دیسان دووپاتی ئەوە ئەکەمەوە، ئێمە وەکوو «مبدأ» پەسەندمان کردووە، بەڵام مشت ومڕ

تەنها لەسەر دەقەکەیە.سەبارەت بەوەی کە بەڕێز کاک قادر جەباری، فەرمووی، کەوەزارەتێک بۆی نییە وەزارەتێکی تر پابەند بکات، وا نییە ،ئەوە یاسا پابەندی دەکات، وەزارەت پابەندی ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من دەقـێکم هەیە، ئەگـەر دەرفـەت هەبێ، « علي جهات ذات العلاقة الاهتمام والاستفادة من انتاجات المعمل في شتي المجالات ».

**بـەڕێـز د. نـاسـح غـــــفـــــور رەمـــــەزان:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

منیش دەقێکم هەیە ،«الاستفادة مما يتوصل الية المجمع من نتاج ، في وسائل الاعلام كافة و تطبيق ما يعتبر ضروريا في المراحل الدراسية، بدءً من المرحلة الابتدائية في الاقليم الكوردستان ».

**بـەڕێـز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بۆکـۆڕ نیـیـە کە هەرچی بڵێ ،وەزارەتی پەروەردە یاهەر وەزارەتێکی تر ناچار بێ، جێ بە جـێی بکات. یا هەر ڕێنماییەک دەرکات جێ بە جێ بکرێت. پسپۆری تر هەیەکە دەتوانێ پەیرەوپرۆگرام دانات بۆ زانکۆ بۆ قوتابخانەکان و ڕێنمایی دەرکات. وپێویست ناکات کۆڕ فەرمان دەرکات ئەوە پەیوەندی بەوەوە نیە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کاک محەمەد حەسەن باڵەتە ،دەقەکەی کاک د. ئیدریس بخوێنەوە.

**بەڕێـز مـــــحـــــەمـــــەد حـــــســـــەن باڵـەتە:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

«علي جهات ذات العلاقة الاهتمام والاستفادة من نتاجات المجمع في شتي المجالات ».

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشـەسـازی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەو دەقـەی کـە مـن دام ناوە ،مـەرج نیـیـە،لایەنەکـە حکومی بێ، لەوانەیە ڕێـکخـراوێک بێ یا جێگەیەک بێ، دەتووانێ ئەویش کەڵک وەرگرێت، لەبەر هەمەکانی ئەو «کۆڕ »ە، سوپاس.

**بەڕێزمـحـەمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من یەک پرسـیـارم هەیە لە برادەران، بنەمـای ئەو یاسـایەی کـە دەرچووە، بۆ دانانی زمـانێکی

«یەکگرتووی کورد »یە،(ئیستاندارد ). ئەگەر جۆرە ناچار بوون و پابەند بوونێکی تێدا نەبێ وتەنها خووڵقی کەسێک ،یا تەنها دەربڕینێک بێ، کەواتە ئەویاسایە کەڵکی لێ وەر ناگیرێت و سوودی نابێ، کاتێ کەوەزیر بە ئارەزووی خۆی هەڵسوکەوتی لە گەڵ بکات، ئەوکات لەوانەیە یاسایەکە نەچەسپێ، سوپاس.

**محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە دەقەکەی د.ناسیح ە، «الاستفادة مما يتوصل الية المجمع من نتاجة، في وسائل الاعلام كافة و تطبيق ما يعتبر ضروريا منها في المراحل الدراسية، كافةبدا من المرحلة الابتدائية »

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکاتان لێ دەکەم، یا ئەم دەقە لێرە جێگیر بکەین یا بیگوێزینەوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆ، پێوست ناکات ئەوەندە درێژی بکەینەوە.

**بەڕیز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقەکەی د. ئیدریس،مان، پێ باشە، بەڵام ئەگەر بکرێ «ذات العلاقة» بکریتە «على جهات المعنية ».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە بڕوای من، ئەم بابەتە هەڵگرین بۆ پەیڕەوی ناوخۆ و، لەوێ بە تێروتەسەلی باسی لیوە بکەین، کە چۆن کەڵک وەر ئەگرین لە بەرهەمەکانی زانستی، کاک محەمەد حەسەن جارێکی تر بیخوێنەوە.

**بەڕیز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«على جهات المعنية الاهتمام والاستفادة من نتاجات المجمع في شتي المجالات ».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

ئەم بابەتە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێی لە گەڵە، کێی لەگەڵ نییە،بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا .

**بەڕیز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمەش پێشنیارێکە لە «کاک شمائل »ەوە هاتووە، «تحدد علاقة المجمع بالمجاميع العلمية للقوميات المتأخية في كوردستان العراق بالقانون ».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د. ڕزگار.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێزســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تا ئێستا هیچ «کۆڕێکی زانیاری » دانەنراوە تا پەیوەندی نێوانیان دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن :**

بۆ نموونە، هەرکـاتێک نـەتەوەیەک لەو نەتەوانەی کـە لێـرە لە کـوردسـتـان دەژین پرۆژەیەکـیـان پێشـکەش کـرد بەپەرلەمـان ،(سـەبارەت بە پێک هێنانی کۆڕێک )و پەرلەمـان پەسـەندی کـرد، ،ئەوکـات ئەبێ پەیوەندییەکی یاسای هەبێ لەنێـوان «کۆڕی کـوردی» و «کۆڕی ئەوان ».چوونکە نابێ لە یەکتر جوودا بن ،وەهەریەک بە جیا ئیشی خۆی بکات .کەواتە مەبەست لە پەیوەندییەکە ئەمەیە کە ئاماژەم بۆی کرد. هەم ئێستا ئەتووانین ئەو پەیوەندییە دیاری بکەین و هەم دووایییش . کەس تێبینی هەیە لەم بارەیەوە .

**بەڕێز ســـەفـــەر مـــحـــەمـــەد حـــســـێن:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە ڕاستیدا بنەمای بابەتەکە، پرۆژەی حکومەتە، ڕاست وایە ئەمە، پێشکەشی حکومەت بکرێت، ولێی بکۆڵرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

حکومەت، ئایا هیچ تێبینیەکتان هەیە ؟

**بەڕێز قـادر عـەزیز محـەمـەد جـەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئـەم بابەتەلێکۆڵینەوەی لە سـەر نەکـراوە لە لایەن حکومـەتەوە، هەرچەندە من خـۆم وەکـوو بنەما ،(مبداء) پێم باشە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

هەردوو حاڵەتەکە هەریەکە ،هەم دەتووانین ئێستا ئەو پەیوەندییە یاساییە دروست کەین، وهەم کاتێ کە کۆڕێکی نوێ درووست دەبێ، دەتوانین هەمان کار بکەین، فەرموو کاک فەرەنسۆ.

**بەڕێز فـــــرەنـــــــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەو برادەرەی کـەباسی حکومـەتی کـرد (بەڕێزسەفەرمحەمەد)، دەتووانێ بەس نارەزایی پێشـان بدات ،تەنانەت ئەوەی کە «کاک سعید یعقوبی »پێشکەشی کردبوو حکومەت ئاگای لێ نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

باشترە ئێمە ئێستا ئەم پەیوەندییە دیاری بکەین ،چوونکە یەکێک لە بڕگەکانی ئەم یاسایە دەڵێ: (تعزیز العلاقات مع المجامع العلمیة في داخل الاقلیم و في خارجها )،ئێـمـە دانمان پێـداناوە.

کەواتە ئەگەر پرۆژەیەک هات و داوای ئەوەی کرد کە کۆڕێک بۆ نەتەوەکانی تر بنیاد بنەین، ئایا ئەوکات پەیوەندییەکە دیاری بکەین ؟ یا راستتر وایە کە ئێستا پەیوەندییەکە دیاری بکەین؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە کاتی خۆی زۆر مشت و مڕمان لەسەر ئەوە کرد، کەنەڵێین «کۆڕی زانیاری کوردی» ،بەڵکوو بڵێین «کۆڕی زانیاری کوردستانی عێراق» لەبەر ئەوەی کە نەتەوەکانی تر لە کوردستانی عێراق مافی ئەوەیان هەبێ کە «کۆڕ» بۆخۆیان پێک بێنن و پەیوەندیان هەبێ لە گەڵ ئێمە. وئەگەر ئێستا ئیمە ئەوپەیوەندییە دیاری نەکەین، کەواتە جارێکی تر دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەیەک بۆ ئێمە بنێرێ و دیسان مشت و مڕی لەسەر بکەین، جا بۆ ئێستا ئەو کارە نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێی لە گەڵە، کێی لە گەڵ نییە، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەم .

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال :**

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادةالثامنة و العشرون ،«ينفذ هذا القانون من تاريخ صدورة في جريدة الرسمية » .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن :**

ئەگەر هیچ تێبینیەکتان لەسەر ئەم بابەتە نەبێ ،ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێی لەگەڵە؟ کێی لەگەڵ نییە، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. ئێستا بە گشتی وەکوو یاسا ئەیخەینە دەنگدانەوە،کێی لەگەڵە؟ کێی لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.سوپاس و پیرۆزباییتان لێ دەکەم بۆ ئەم دەستکەوتە نوێیەی یەکەم پەرلەمانی هەڵبژاردراوی کوردستان.

ئێستاش دێینە سەر گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بوودجەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٩٨. لیژنەی ئابووری ئەگەر کەرەم بکات.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ڕۆژی٢٤/٩/١٩٩٧ لیژنەکەمان دانیشتنێکی کردبە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە سەر بودجەی «١٩٩٨ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان». لە دووای لێکدانەوە و تەماشاکردن ڕەزامەندی خۆی پێشان دا، سەبارەت بە هەموو ئەو «فصول« و «مواد»ەی کەلە بودجەکە دا هاتووە. کەلیرەداخستمانە پێش پەرلەمان بۆ پەسەند کردنی .

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، داوای کردبوو کە لە مانگی «١١» بخرێتە بەرنامەی کار، بەڵام چوونکە بودجەی حکومەت گەورەترە، بۆیەکاتی ئێمەی گرت، وە بووە هۆی ئەوەی کە بودجەی

پەرلەمان دووا بخرێ، ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان ڕەزامەندی پێشان بدات، وەکوو هەموو ساڵێک بە پێی «فصـول »من ئەیخوێنمەوە ،و پێشکەشی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی دەکەم بۆ پەسەند کردنی .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو، بیخوێنەوە .

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فصلی یەکەم ،خەرجییەکانی ئەندامانی پەرلەمان و کارمەندان :بیست میلیون و هەشت سەدوو پەنجاو چووار هەزاردینار، (٢٠،٨٥٤،٠٠٠) .لە گەڵ ($ ٥٠٠٠٠)دۆلار.

فصلی دووهەم، پێداویستیەکانی خزمەت گووزاری، ناردنی شاندەکان بۆ دەرەوەی وڵات، سەفەر، ئاو وکارەبا، بەنزین ... هتد .

چووار میلیۆن و دووسەدو شانزە هەزاردینار، (٤٢١٦،٠٠٠) .لە گەڵ ناردنە دەرەوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی ($ ٨٠٠٠٠)دولار.

پێداویستیەکانی کاڵایی، دوومیلیۆن و پانزە هەزار دینار، (٢،٠١٥،٠٠٠). پاراستنی بەردەستەکان، پاراستن و گۆڕانکاری تەلاری پەرلەمان، سێ میلیۆن و پێنج سەد هەزار دینار، (٣،٥٠٠،٠٠٠) .لە گەڵ پاراستن و چاککردنی دەزگاکان، کە لە دەرەوە پێویستە ($ ٢٠ر٠٠٠)دۆلارە،خەرجیەکانی سەرمایە ،بریتیە لە ؛ کڕین، کڕینی کەل و پەل، کڕینی دەزگای زۆر گرنگ وپێویست کە لە دەرەوەی عێراق دەکڕدرێ ،چووار میلێون و سەدو حەفتا هەزاردینارە ،(٤،١٧٠،٠٠٠)لە گەڵ بیست هەزار دۆلار ($ ٢٠٠٠٠). خەرجیەکانی «تحویلی »ئەوەی کە بەخششە وەکوو: ژن هێنان و شوو کردنی کارمەندان یا حەقی پارێزەر، یەک میلێون و حەوت سەدو چل و یەک هەزاردینارە (١،٧٤١٠٠٠)لە گەڵ ($ ١٠ر٠٠٠)دۆلارە .

خەرجیەکانی دەرەوە، نیمانە. پرۆگرامی تایبەت، دوومیلێۆن دینارە (٢،٠٠٠،٠٠٠). کۆی گشتی ئەکاتە: سی و هەشت ملیۆن و چووار سەدو نەوەدووشەش هەزار دینار، (٣٨،٤٩٦،٠٠٠)، لە گەڵ ($ ١٨٠،٠٠٠).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

«فصلی» یەکەم ،کەس تێبینی هەیە لە سەری، ئەیخەینە دەنگدانەوە ،کێی لە گەڵە ،کێی لە گەڵ نییە، بە تیکڕای دەنگ پەسەند کرا .

«فەصلی دووهەم» کەس تێبینی هەیە ، کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پەرلەمان پێویستیەکی بە «مولدەی کارەبای »گەورەهەیە، نازانم دانراوە یا نە، چوونکە ئەو

«موليده»يەی کە ئێستا هەیە بەشی ناکات، دەبێ دوو موەلیدەی هەبی کە لە کاتی بێ کارەبای کەڵکی لێ وەر بگیرێت، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەبووایە لە پێشا بموتایە، لە ڕاستیدا نایشارمەوە ئێمە پاشەکەوتێکمان هەیە، پاریش ئێمە چەند ملیۆنێکمان ناردەووە بۆ حکومەت. ئەم ساڵیش لەوانەیە شتیکی وابکەین. لە گەڵ وەزیری دارایی و ئابووری، و وەزیری پەروەردە و لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، باسی لێوە ئەکەین، هەرچەندە پارەکە هەموو هی حکومەتە جیاوازی ناکات، ئێمە بیدەین ئەوان بیدەن، بەڵام مەرکەزەکە لای ئەوانە، ئەو پرۆژە لەسەر میزانیەی ئەم ساڵە چ ژمێریاری نابێ چونکە ئەبێ بیگەڕێنینەوە و، هەموو جارێ ئێمە وا ئەکەین یان لە ساڵی ئاینده، واتە ئێمە ئەو پارەیەی کە ئێستاکە پاشەکەوتمان کردووە لەوە هەندێک دۆلارمان هەیە ئەوە ئەیگەڕێنینەوە بۆ حکومەت و، لە کۆتایی ساڵدا ئێمە ئەتوانین لەگەڵ وەزارەتی دارایی پێک بێن بۆ ئەوەی بتوانین موەلیدەیێکی گەورە بۆ هەموو لایەکمان (بۆ کۆمەڵگاکە) بکرین. ئەو پێشنیارەی جەنابت بزانین سبەینێ لەگەڵ وەزیری دارایی قسە بکەین و پێی بڵێین بیگەڕێنینەوە بۆیان، یان سبەی ئێمە لەگەڵ وەزیری دارایی قسە ئەکەین بۆ ئەوەی بگەین بە ڕێکەوتنێک و بتوانین هەر بەو پارەیەی ئەو بودجەیەی ئەم ساڵمان کە پاشەکەوتمان کردووە ئەو کێشەیەی پێ چارەسەر کەین، ئێمە پارەکە ئەگەڕێنینەوە بۆیان، ئێمەش لەڕاستیدا کێشەیەکی هەرە گەورەمان هەیە کە کێشەی کارەبایە، کە کارەبامان لێ ئەبڕێ تەنها بایی ئەوەندمان هەیە کە ڕووناکیەکی کەم بۆ ئێرە دابین بکەین لەگەڵ ئامێرە سەرەکیەکان ئیش بکات ئەوەی تر لەڕاستیدا ناتوانین کاری پێ بکەین، بۆ نموونە ئەسانسێر (مصعد)، ئیش ناکات، کۆمەلێک کێشەمان هەیە بۆیە هەر سێ لامان دەبێ ڕێکەوتنێک بکەین بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە، باشە ئەگەر ئێوەش دەورتان لەگەڵماندا هەبێ سوپاستان ئەکەین، کاک دکتۆر ئەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر تێبینی تر نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی دووە؟.. سوپاستان ئەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ .. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی (٣) (المستلزمات السلعية):- (٢٫٠١٥٫٠٠٠) دوو ملیۆن و پانزە هەزار دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم فەسڵە نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵێ(٤) (صيانة الموجودات):- (الاثاث، مباني، تأسيسآت الماء والكهرباء) هەروەها

چاکردنەوەی سەرجەم ئامێرو مەکینەکان، واتە هەموو (جۆرە صیانەیەکە) ئەو بڕەی بۆی تەرخان کراوە(٣ر٥٠٠ر٠٠٠) سێ ملیۆن وپێنج سەد هەزار دینارە، لەگەڵ(٢٠٠٠٠) هەزار دۆلارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە هەموو جار باسمان کردووە، هەموو ساڵ دووبارەی دەکەینەوە، لای هەمووتان روونە چاودێر چاکردنەوەی ئەو مەکینەو ئامێرە سەرەکیانەی هەموو کۆمەڵگاکە لەسەر بودجەی پەرلەمانە بۆ زانینتان، فەسڵی چوار چ تێبینیەک نییە؟ نییە. کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی(٥) (النفقات الرأسمالية):-(٤ر١٧٠ر٠٠٠) هەزار دینار لەگەڵ (٢٠ر٠٠٠) هەزار دۆلاری(النفقات الرأسمالية) بۆ کڕینی اثاث و کڕینی ئۆتۆمبیل و بنایە و ئامێری کۆپی، کڕینی ئامێری فۆتۆکۆپی مەکینە و ئامێرەکان، بەڕێز د. ئیدریس باسی کرد بۆ ئەم شتانە. کڕینی هەموو ئەو شتانە، ئامێرو (أثاث) چەسپاوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی(٥) چ تێبینیەک هەیە؟کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک سەرۆکی لیژنەی ئابووری دیاری کرد، زۆر شت، کە تەرخان کراوە لەم فەسڵە دەکردرێ بۆیە بڕە پارەیەکی زیاتری گەرەکە، پێویستی بە بڕێکی زۆرترە، واتە زۆر کەمە، چونکە ئەگەر بەراوردی لەگەڵ نرخی بازار بکەین و، ئەو بڕی و ئامێرەکان لەبەر چاو بگرین کە تەواویان بکەین، ئەو(٢٠ر٠٠٠) هەزار دۆلارە زۆر کەمە من پێشنیار ئەکەم بەلایەنی کەم بکرێتە(٥٠ر٠٠٠) هەزار دۆلار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. رزگار، بەڵام ئەو تۆژینەوەیەی کە کرابوو لەلایەن دیوانەوە، لەلایەن برادەرانەوە بۆمان کراوە ئەم ساڵ ئێمە(١٠ر٠٠٠) هەزار دۆلارمان پاشەکەوت کردووە خەرجیاتی ئێمە هەموو ساڵ کەمتر لەمە بووە، بەڵام ئەم ساڵ (١٠ر٠٠٠) هەزارمان ژماردووە و یەکێک لەو ژمێریاریانەی کە لەوانەیە تۆزێک پاشەکەوت بکەین دوو حیساباتیشمان کردووە ئەم ساڵ چوونە دەرەوە و چارەسەرکردنی ئەندامانمان و شتمان کەمترە، ئەبێ ئەمە لە (٩٠٪) ئەم دۆلارە لەراستیدا بۆ چارەسەرکردن ئەڕوات و ئەوەی تریش بۆ هەندێ ئامێرە کە پێویستمان پێیە ولە دەرەوەی کوردستانەوە بۆمان دێت، بۆ نموونە هەندێ لەو ئامێرانە لێرە نییە و ئێمە وا لێکمان

داوەتەوە کە ئەم ساڵ لەوانەیە بابەتی چارەسەکردنی ئەندامانمان کەمتر بێ لە ساڵانی تر، چونکە زۆر لە برادەران گرفتی نەخۆشیان کەم بووە بۆیە تەنها (١٠،٠٠٠) هەزارمان زیادە کردووە پار ئێمە (٧) هەزارمان هەبوو تۆزێکمان لێ مابۆوە لێتان ناشارینەوە، ئەو برەش ئەنێرینەوە بۆیان.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

باوەر بکە ئەگەر لەگەڵ نرخی ئەمڕۆ بەراوردی بکەین، ئەو ئامێرانە وەک لیژنەی دارایی گوتی (٢٠،٠٠٠) هەزار دۆلار زۆر زۆر کەمە، واتە ئەو ئامێرانەی ئێمە دەمانەوێ کە بریتییە لە ئامێری چاپ و کۆپی وشتی وا (٢٠،٠٠٠) هەزار دۆلار هیچی پێ نایەت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەگەر زانیمان پێویستمان پێ هەیە ئەو کاتە ئەیکەینە پێشنیارێک وەکو بڕیارێک ئەیخەینە بەردەم ئێوەی بەڕێز بڕیارێکی پێوە وەربگرن، دوای ئەوە ئەمە لەگەڵ وەزارەتی دارایی قسە ئەکەین، با باریان گران نەکەین ئەمە جارێ وا دانراوە. ئەوە من خۆم لەو بڕوایەنیم کە بەس بێت ئەگەر زانیمان بەش ناکا بەرچاوی ئێوەی دەخەین و پاشان ئاسانە وابزانم ئەوە کێشەیەک بۆ ئێمە دروست ناکات، سوپاس ئەگەر چ تێبینیەکی تر نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە؟. نییە، کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

فەسڵی(٦) (النفقات التحویلیة) د (١،٧٤١،٠٠٠) هەزار دینار لەگەڵ(١٠،٠٠٠)هەزار دۆلار.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر (النفقات التحویلیة) فەسڵی(٦)؟ نییە، فەرموو.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

(النفقات التحویلیة) ئەو پارانە دەگرێتەوە کە پەرلەمان دەیبەخشێتە شوێنێکی تر، بۆ نموونە(منحة) دەکرێتەوە کە دەدرێتەوە یانەیەکی وەرزشی، یان دەیداتە خێزانێکی شەهید، یان (منحه) بداتە دەزگای شەهید یان کۆمەڵەیەکی رۆشنبیری یا زۆر رێکخراوی زانستی و رۆشنبیری هەیە منحەیان دەدرێتێ ئەمە لایەنێک. لایەنی دووەم، گوژاندنەوەی سلفەی ژن هێنانی فەرمانبەرانە، ئەوانەش هەموو ئەو(نفقات تحویلیة)ئەیان گرێتەوە، هەروەها هاندانی دەست رەنگینی و هونەرەکان، بەخششەکان و یارمەتی دان بۆ ئەندامان یا بۆ خەڵکانێکی دەرەوەی پەرلەمان بێ ئەوانە هەموو پێی دەڵێن(النفقات التحویلیة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەکی تر هەیە لەسەر فەسڵی(٦)م؟ کێ لەگەڵە؟... سوپاستان ئەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان ئەکەین.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی(٧) (النفقات الخارجية): ئەو یارمەتی و هاوکاری پەرلەمانە بۆ ڕێکخراو و میللەتانی دەرەوە، ئەمەش لە توانادا نییە، بۆیە ئەم برگە زیادە، واتە (نفقات الخارجية)مان نیە، فەسڵی(٨)، (البرامج الخاصة):- (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دینارە ئەوە شتێکی تایبەت ڕوو بدات بۆ زۆر شتی تریشە کە لەم بابەتە بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ کارەبائیات، لەوانەیە ئێمە بیرۆکەی فراوان کردنی هۆڵی پەرلەمانمان لەبەر دەست دایە بەرنامەمان بەدەستەوەیە، ئەگەر خوا هاوکار بێ لەوانەیە بەکاری بهێنین، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکات، کاک ئیبراهیم، کاک ئیدریس جەنابت فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم باسی (دار ضيافة) کرا یان نا، لە چ برگەیەک لەم برگانە، واتە پارەیەک بۆ (دار ضيافة) تەرخان کرا یان نا؟ چونکە ئێمە ئەوانەی لەدەرەوەی شاری هەولێرین لەراستیدا ئێش و ئازارێکمان لەو هوتێل و ئەو شوێنانە هەیە ئەگەر(دار ضيافە)یەک یان دووانێک ئەم ساڵ حیسابی بۆ بکرێ بۆ ئێمە زۆر باشە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی برگەیەک هەیە هی بەخشینی(عاملين وغير العاملين) نازانم لێرە لەکوێ جێگایان کردیتەوە، ئەگەر بەتەنها بایە باشتر بوو، لێرە نییە، چونکە لە بودجەی ئێمە بەخشین و شتی وا هەیە، ئەوە یەک،.دووهەم سەبارەت بە چاودێر و چاکردنەوەی ئەو خانووانەی پەرلەمان ئایا نیازی ئەوەتان نییە چاکیان بکەنەوە یان هیچ پارەی بۆ داندرایە؟ یان هەر وای بەجێ دەهێلن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با لە یەکەمەوە دەست پێ بکەم ئەوەی تر تایبەتە بە لیژنە، ئەو وەڵام دەداتەوە بۆ خانووەکان جارێ ئێمە بۆ زانینتان کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی بیرورا لە نێوان دیوان و لایەنە تایبەتمەندەکاندا هەیە کە ئەو خانووانەمان بۆ چۆڵ بکەن، ئەگەر هەر نەکرا بەلایەنی کەم بەشێکمان بۆ چۆڵ بکەن، بەڵام وا دیارە

هەر فـەرمـانگەیەک ئەیخـاتە سـەر ئەسـتـۆی فـەرمـانگەیەکی تر، دوا شت کـە زانیـوومـانـە ئەوەیە وەزارەتی ناوخـۆ کە لایەنێکی بەرپرسە بۆ ئەو بابەتانە خستۆتیە سەر ئەستۆی پارێزگا، پارێزگا خۆشی خستوویەتیە سەر ئەستۆی سەرۆکی شارەوانی هەولێر، بۆ ئەوەی سەرۆکی شارەوانی هەولێر بڕوات ئەوانەی ئەم خانووانەیان داگیر کردووە دەریان بکات، واتە نابێت سەرۆکی شارەوانی بە بێ دەسەلات بڕوات ملی خـەڵکێک بگرێت بڵێ کـاکە دەرچنە دەرەوە، بۆ؟ لەراسـتـیـدا کـاک ئیـدریس کێشەی هەرە گەورەی برادەران ئێستا ئەوەی(دار الضیافة) کە باس ئەکەن یەکێک لەوانەیە، ئەگەر ئێـمـە دوو سێ خـانوو لەوانە وەرگـرینەوە و چاک بکرێتـەوە ئەوە لەوانەیە کـۆمـەڵێک کـێـشـە بۆ ئەندامـانی پەرلەمـان چارەسـەر بکات، جێگایان بۆ چار دەبێ، یان لە لایەنی کـەم هەر خـانوویێک هیچ نەبێ دوو کەس شەو بۆ خۆیان تیـا پشـوو دەدەن، ئێمە(١٠ـ١٢) کـەسمـان هەیە لە دهۆکەوە دێن و ئەڕۆن، لەسلێمـانی جارێ یەک نەفرمـان هەیە ئەوە یەک، دوو لەبنەڕەتدا ئەو خـانووانە هی وەزارەتی دارایینە تەنهـا دوو خـانووی سـەرۆکـایەتی نەبێت کـاتی خـۆی بەپێی بڕیارێـک کـە لە پەرلەمـان دەرچووە، ئیـتـر ئەوانی تر سـەر بە وەزارەتی داراییـە، هەم(تملکی) سـەر بە وەزارەتی داراییـە وەهەم چاک کـردنەوەشی سـەر بەوانە، بەڵام بەداخـەوە ئەوی تر نەکـراوە، ئەگـەر وەڵامی پرسیارەکەی تر بدەینەوە زەحمەت نەبێ فەرموو.

**بەڕێز جـــــەمــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەخشـینی هاندان، ئەوەی کـاک د. ئیـدریس فـەرمـووی، بودجەی ئاسایی جیـاوازی هەیە لەگـەڵ بودجەی وەزارەت بۆ نموونە بودجەی فـابریکە و کـارگـەکـان و ئەوانە پیـان دەڵێن پیـرەوی حسـابی یەکگرتوو، بەخشـینی هاندانی(عـاملین وغـیـر العـاملین) لە فـەسڵی یەکـەم ئەکرێ، ئەوەش هەیە. دەربارەی پرسیـاری کـاک ئیبراهیم کە دەڵێ بیرتان لێ کردووە یان نەکردووە؟ بۆ کڕینی خـانوو ئەوە ئاساییە لە فـەسڵی دووەمە، بۆ کڕینی ناو ماڵ(اثاث) لە فـەسڵی پێنجەمە، ئەگەر لە جێگایەکیش کەم بێ ئەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمـان مـافی گواستنەوەی هەیە، بۆ نموونە لە شوێنێک زیادە هەیە لە شوێنێک کەم دەکات ئەو گواستنەوەیە دەکات، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کـاک جەمـیل، ئەو ئەڵێت(دار ضیـافة)یەک ئەگەر بۆ پەرلەمـان دروست بکرێ، کە پرسیـار دەکا ئەڵێت بیرتان کردۆتەوە؟ بەڵێ بیرمان کردۆتەوە، ئێستا ئەگەر کۆمەڵێک خانوومان بۆ چۆڵ بکرێ، ئێمە، ئەتوانین چارەسەرێکیان بکەین و هەندێ شتی بۆ دابین بکەین، بەڵام کێشـەکەی ئێمە ئەوە نییە، کێشەمان جێگایە، بیرۆکەی ئەو بنایانەی ئەوبەر بوو کە بۆ ئەم مەبەستە بەکاری بێنین، ئەوە بوو یەکـێتی هەر(٣) بینایەکەی رووخاند، خـانووەکـانیش ئە بەو شێوەیە خـەڵکی تێدایە ئینجا ئەگـەر کـاک فـرەنسـۆ، هەر چەندە من ئەزانم بۆ ئەو نـاخـۆشـە، ئەو پارێزگـاری هەولێـرە و ئەرکـەکـە خـراوەتە سەر ئەسـتـۆی سەرۆکی شارەوانی هەولێـر، سـەرۆکی شـاوەوانیش باوەڕ ناکـەم بتـوانێت

خانوو بەخەڵک چۆڵ بکات، بۆیە ئەگەر کاک فرەنسۆ هیمەتێک بکات لەو کۆمەڵە خانووە بەلایەنی کەمەوە ریزی یەکەمان بۆ چۆل بکات، کە دەکات خانووەکانی سەرۆکایەتی، لەگەڵ ئەو ریزە خانووەی پشتی کە ئێستاکە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی هەندێکیان زوو چۆنتەوە جێگای خۆیان، واتە بەم جۆرە لەوانەیە زۆر لە کێشەکانمان چارەسەر بکات، بەڵکو دوو سێ خانوو بتوانین سودی لێ وەرگرین دوایی لەگەڵ کاک فرەنسۆ باسی لێوە ئەکەین، چونکە ئەزانم زەحمەتە وخستووتانە سەر ئەستۆی ئەو، بەڵکو ئەم ساڵ بۆمان چۆل بکەن. برگە(٨) ئەگەر چ تێبینیەکی تر نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنک پەسەند کرا سوپاستان ئەکەین.

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بودجە دەکاتە(٣٨٫٤٩٦٫٠٠٠)هەزار دینار لەگەڵ(١٨٠٫٠٠٠) هەزار دۆلاری..

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو بودجە بەگشتی، کێ لەگەڵە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا. سوپاستان ئەکەین بۆ ئەم بریارە، ئەمێنێتەوە ئەو راپۆرتەی لیژنەی یاسا کە ئامادەیان کردووە، لەگەڵ بودجەی حکومەت بەیەکەوە بێگومان برگەیەکە زیاد ئەکرێ و ئەخوێنرێتەوە، بۆیە پێویست ناکات ئێمە لێرە راستاندنی ئەو برگەیە بکەین، چونکە لێرە راستاندرا، سبەینێ تکایە پێش کاتژمێر(١٠) بینە ئێرە وخۆشتان ئامادە بکەن لەوانەیە دانیشتنەکە تۆزێک درێژ بێت، دانیشتنەکەی بەیانیمان وابزانم ئەبێ بەدوو دانیشتن، نیوەرۆش هەر لێرە خواردنتان بۆ ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی سود لەکاتەکە وەربگرین.

**شێروان ناسح عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای کۆڕی زانیاری کوردستانی عێراق

## فەسڵی یەکەم
## (کۆڕ و ئامانجەکانی)

**ماددەی یەکەم:**

لە هەرێمی کوردستانی عێراق کۆڕێک بە ناوی (کۆڕی زانیاری کوردستانی عێراق) دادەمەزرێ و بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەیوەست دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

کۆڕ کەسایەتیەکی واتایی(معنوی) سەربەخۆی هەیە.

**ماددەی سێیەم:**

بارەگای کۆڕ شاری هەولێر (پایتەختی هەرێم) دەبێ و دەتوانێ هەندێ لە دانیشتنەکانی بە بڕیاری زۆرینەی ئەندامەکاراکانی لە دەرەوەی بارەگاکەیدا ببەستێ.

**ماددەی چوارەم:**

کۆڕ بۆ بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە هەوڵ دەدات:ـ

أـ کارکردن بۆ هەڵبژاردنی ووشەی یەکگرتوو لەناو شێوە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا بۆ گەیشتن بە شێوەزارێکی رەسمی و یەکگرتوو.

ب ـ پاراستنی سەلامەتیی زمانی کوردی و پاککردنەوەو پێشخستنی.

ج ـ گەشەپێدان بە دراساتی کوردی و تۆژینەوە زانستی و زمانەوانیەکان بۆ ئەوەی لە کاروانی پێشکەوتنی زانستی و ڕۆشنبیری دانەبڕێت.

د ـ زیندوو کردنەوەی کەلتووری کوردی و ئیسلامی لە زانست و ئاداب و هونەرو بەدەرخستنی ڕۆڵی زاناکانی کورد لەم بوارانەوە.

هـ ـ گرنگی دان بە خوێندنی دیرۆک و شارستانییەتی کورد و کوردستان.

و ـ هاندان و یارمەتیدانی دانان (التألیف) و وەرگێڕان لە زمانی کوردیەوەو بۆ زمانی کوردی.

زـ پتەوکردن و سازدانی پەیوەندیی لەگەڵ کۆڕە زانستیەکان وزانکۆکان و مەڵبەندەکانی تۆژینەوەی زانستی لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا.

**ماددەی پێنجەم:**

کۆڕ ئامانجەکانی خۆی بەم ڕێگایانەی خوارەوە بە دەست دێنێ:ـ

أـ دانانی فەرهەنگ و مەوسوعاتی زانستی و زمانەوانی.

ب ـ دەرکردنی گۆڤارو چاپکراوەکان و، گرنگی دان بە کاروباری بلاوکردنەوە.

ج ـ بلاوکردنەوەی کتێب و بەڵگەنامەو، لێتۆژینەوەی دەقە کۆنەکان.

د ـ سازدانی کۆنگرەی زانستی و زمانەوانی و، بەستنی کۆڕو سیمیناری ڕۆشنبیری و، بەشداری کردن لە کۆنگرەکانی دەرەوەی هەرێمدا.

هـ ـ ڕێزلێنان لە زاناو ئەدیب و تۆژەرەوەو، هونەرمەندان.

وـ دامەزراندنی کتێبخانەیەک و دروست کردنی چاپخانەیەک.

ز ـ دروست کردنی بنکەیەک بۆ بەدەست هێنان و پاراستنی دەستنووسەکان.

## فەسڵی دووەم
## (ئەندامیەتی لە کۆڕدا)

**ماددەی شەشەم:**

کۆڕ پێک دێ لە:

أـ ئەندامە کاراکان (أعضاء عاملین) کە ژمارەیان لە (٩) کەس کەمتر نەبێ و لە (١٥) کەس زیاتر نەبێ و (٥) کەس لەو ئەندامانە (متفرغ) دەبن.

ب ـ ئەندامانی یاریدەدەر (مؤازرین).

ج ـ ئەندامانی شەرەف.

**ماددەی حەفتەم:**

أـ ئەندامی کارای کۆڕ مەرجە دەبێ:

١ـ کورد، یان عێراقی بێ و، تەمەنی گەیشتبێتە (٤٠)ساڵ.

٢ـ شارەزاییەکی تەواوی لەزمانی کوردی و لە لقێک یان زیاتر لە لقەکانی زانیاری دا هەبێ و، بەرهەمێکی رەسەنیشی تێدا هەبێ، یان شارەزاییەکی باشی لە یەکێ لە زمانە زیندوو یان کۆنەکاندا هەبێ، هەروەها لە دیاریکردنی دەستەواژەکاندا بە تواناو کارامە بێت.

ب ـ ئەندامی یاریدەدەر (مؤازر) ی کۆڕ مەرجە دەبێ:ـ

١ـ شارەزای ڕێزمانی کوردی بێت.
٢ـ زانیارییەکی فراوان و بەرهەمێکی باشی لە یەکێک لە لقەکانی زانیاریدا هەبێ.
٣ـ تەمەنی لە (٣٠)ساڵ کەمتر نەبێ:ـ

ج ـ ئەندامی شەرەف مەرجە دەبێ:ـ
١ـ خزمەتێکی باشی لە یەکێک لە لقەکانی زانیاریدا پێشکەش کردبێ.
٢ـ تەمەنی لە(٥٠)ساڵ کەمتر نەبێ.

**ماددەی هەشتەم:**

سەرەتا ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان (٥)کەس بۆ ئەندامیەتی کۆڕ هەڵدەبژێرێ کە مەرجی ئەندامی کارایان تێدابێ هەروەک لە بڕگە (أ)ی ماددەی (٧)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

پاشان ئەو ئەندامە هەڵبژێردراوانە ئەندامەکاراکانی تر دەسنیشان دەکەن.

**ماددەی نۆیەم:**

أـ مەرجەکانی دامەزراندنی ئەندامی کارا:ـ
١ـ بەنووسین داوایەک پێشکەش بە سەرۆکایەتی کۆڕ بکات.
٢ـ دوو ئەندامی کارا بە نووسین (تزکیە) ی بکەن وتیایدا پشتگیریی ڕەوشت پاکی و توانا زانستی و ئەدەبیەکانی بکەن.
٣ـ بە دەستهێنانی ڕەزامەندیی زۆرینەی ئەندامە کاراکانی کۆڕ لە دەنگدانێکی نهێنی دا.
٤ـ دەرچوونی بڕیارێک لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ دامەزراندنی.

ب ـ ئەندامی یاریدەدەر(مؤازر) و ئەندامی شەرەف بە پاڵاوتنی دوو ئەندامی کاراو بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆڕ بە دەنگدانێکی نهێنی وەردەگیرێن.

## فەسڵی سێیەم
## (سەرۆکایەتی و سکرتاریەتی کۆڕ)

**ماددەی دەیەم:**

أـ دەسنیشان کردنی سەرۆکی کۆڕ بە ئامادەبوونی دوو سێیەکی ئەندامەکاراکان و بە دەنگدانێکی نهێنی و بە زۆرینەی ڕەها دەنگ دەبێ و بەمە بڕیاری دامەزراندنی

لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ دەردەچێ بۆ ماوەی چوار ساڵ کە دەتوانرێ بۆ تەنیا جارێک نوێ بکرێتەوە.

ب ـ ئەگەر ئەو زۆرینەی کە لە برگە (أ)ی سەرەوەدا هاتووە نەهاتە دی ئەو ئەندامەی زۆرترین دەنگ لە دەنگدانی دووەمدا بەدەست بێنێ دەبێتە سەرۆک، ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون، دەسنیشان کردنی سەرۆک بە تیرو پشک(قرعە) دەبێ.

**ماددەی یازدەیەم:**

سەرۆکی کۆڕ جیگرێکی دەبێ کە ئەنجوومەنی کۆڕ لە دەنگدانێکی نهێنی دا بە زۆرینەی رەهای دەنگەکان یەکێک لە نێوان ئەندامەکاراکانی هەڵدەبژێرێت کە بۆ یەک جار شیاوی نوێ کردنەوە دەبێت، لەکاتی ئامادە نەبوونی سەرۆکی ئەم جێگای دەگرێتەوە.

**ماددەی دووازدەیەم:**

أـ سەرۆک بۆی هەیە لە نێوان ئەندامەکاراکان دا سکرتێری کۆڕ هەڵبژێرێ و، (متفرغ) دەبێ.

ب ـ سکرتێر دەبێتە:ـ

١ـ بریاردەری ئەنجوومەنی کۆڕ ودەستەی سەرۆکایەتی.

٢ـ لێپرسراوی رێکخستنی نامەگۆڕینەوەو پەیوەندیە گشتییەکان.

٣ـ لێپرسراوی نووسینەوەی پرۆتۆکۆل و بریار لێدراوەکانی دانیشتنەکانی ئەنجوومەن.

## فەسڵی چوارەم
## (دەستەو ئەنجوومەنی کۆڕ)

**ماددەی سیازدەیەم:**

أـ کۆڕ دەستەیەکی سەرۆکایەتی دەبێ کە لەمانە پێک دێ:ـ

| | |
|---|---|
| ١ـ سەرۆکی کۆڕ | سەرۆک |
| ٢ـ جێگری سەرۆک | ئەندام |
| ٣ـ سکرتێری کۆڕ | ئەندام وبریاردەر |

٤ـ دوو لە ئەندامی کارای (متفرغ)، کە ئەنجوومەن لە کۆبوونەوەیەکدا هەڵیان دەبژێرێ کە بەلایەنی کەم دوو سێیەکی ئەندامەکاراکانی ئامادە دەبن و، بۆ چوار ساڵ دەبێ و یەک جار شیاوی نوێ کردنەوە دەبێ.

ب ـ ئەنجوومەنی کۆڕ بەلایەنی کەم مانگی جارێک کۆدەبێتەوە.

**ماددەی چواردەیەم:**

دەستەی سەرۆکایەتی بەم ئەرک و تایبەتمەندیانە هەڵدەستێت:ـ

أـ ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەو میلاکی کۆڕ بۆ ئەوەی لەلایەن ئەنجوومەنی کۆڕەوە بڕیاری لەسەر بدرێ و لەکاتی دیاریکراودا پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران بکرێ.

ب ـ ڕێکخستنی کاروباری بەڕێوبردن ودارایی کۆڕ بەپێی پێڕەوی ناوخۆ.

ج ـ پێشنیار کردنی بەستنی کۆنگرەو کۆڕ لە سەرجەم بەشەکانی ڕۆشنبیری دا.

د ـ سەرپەرشتی کردنی کاروباری زانستی و ڕۆشنبیری کۆڕ.

هـ ـ ڕەزامەندی لەسەر بە ئیفاد ناردنی ئەندام و کارمەندانی کۆڕ بۆ دەرەوەو ناوەوەی هەرێم.

**ماددەی پازدەیەم:**

أـ ئەنجوومەنی کۆڕ لە سەرۆک و جێگرەکەی و سکرتێرو ئەندامەکاراکان پێک دێ.

ب ـ ئەنجوومەنی کۆڕ بەلایەنی کەم مانگی جارێک کۆ دەبێتەوەو ڕادەی یاسایی بە ئامادەبوونی دوو سێیەکی ئەندامەکانی بەدەست دێ و بڕیارەکانی ئەنجوومەن بە زۆرینەی دەنگی ئەندامان وەردەگیرێ. لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکان ئەو لایەنە سەرکەوتوو دەبێ کە دەنگی سەرۆکی لەگەڵ دایە.

ج ـ پشووی ساڵانەی کۆڕ یەک مانگەو لە (١)ی مانگی تەمووزەوە دەست پێ دەکات. گەر پێویستی کرد سەرۆک دەتوانێ لەو ماوەیەشدا داوای کۆبوونەوە لەدەستەی سەرۆکایەتی و ئەنجوومەنی کۆڕ بکات.

**ماددەی شازدەیەم:**

کۆڕ بەم تایبەتمەندیانە هەڵدەستێ:

أـ سەیر کردنی ئەو کارانەی پەیوەندی بە ئەرک و ئامانجەکانی کۆڕەوە هەیە.

ب ـ گفتوگۆو پەسەند کردنی کارەکانی لیژنە زانستیەکان.

ج ـ ڕاستاندنی پرۆژەی بودجەی ساڵانەی کۆڕ و پێشکەش کردنی بە ئەنجوومەنی وەزیران لە کاتی دیاری کراودا.

د ـ پەسەند کردنی پلانی ساڵانەی کۆڕ.

هـ ـ سەیرکردنی ئەو شتانەی کە سەرۆکی کۆڕ پێی دەسپێرێت.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

ئەنجوومەنی کۆڕ بۆی هەیە لیژانی کاتی و هەمیشەیی لە ئەندامانی خۆی، یان کەسانی تر بەسەرۆکایەتی یەکێک لە ئەندامەکاراکانی کۆڕ پێک بهێنێ.

## فەسلی پێنجەم
## (کاروباری بەڕێوەبردن و دارایی کۆڕ)

**ماددەی هەژدەیەم:**

أـ کۆڕ ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەی دەبێ:ـ

١ـ نوسینگەی سەرۆکی کۆڕ.

٢ـ بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی کەسەکان (أفراد).

٣ـ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری و وردکاری.

٤ـ بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان.

٥ـ بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری زانستی و هونەری.

٦ـ بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەو بلاوکردنەوە.

٧ـ کتێبخانە.

٨ـ بنکەی دەستنووس وبەڵگەنامەکان.

٩ـ کۆگە.

ب ـ هەریەک لەو بەڕێوەبەرایەتیانە فەرمانبەرێکی خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی بەڕێوەی دەباو بە سکرتێرەوە پەیوەست دەبێ.

ج ـ ئەنجوومەنی کۆڕ بۆی هەیە لەکاتی پێویستیدا بەڕێوەبەرایەتی وچەند بەشێکی نوێ بکاتەوە.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

دارایی کۆڕ لەمانەی خوارەوە پێک دێ:

أـ بەخشش(منحە) ی ساڵانەی بودجەی گشتیی حکومەتی هەرێم.

ب ـ داهاتەکانی چالاکییەکانی خۆی.

ج ـ قازانجەکانی چاپەمەنی.

د ـ بەخشش وپیتاک.

**ماددەی بیستەم:**

سەرۆکی کۆڕ پلەی وەزیری دەبێ وهەمان مووچەو دەرماڵە وەردەگرێت.

**ماددەی بیست ویەکەم:**

أـ جێگری سەرۆک وسکرتێر وئەندامەکارا(متفرغ)ەکان بەخاوەن پلەی تایبەتمەند دەژمێردرێن.

ب ـ ئەندامی(متفرغ) سەرپشک دەکرێ لەنێوان وەرگرتنی مووچە ودەرماڵەی فەرمانگەکەی خۆی وئەوەی لەناوەرۆکی ئەم یاسایەدا هاتووە.

## فەسڵی شەشەم
## (حوکمە کۆتاییەکان)

**ماددەی بیست ودووەم:**

أـ ئەندامی کارا ئەرکەکانی لە کۆڕدا جێبەجێی دەکات وبەردەوام ئامادە دەبێ وبەشداریی لە لیژنەکان وکۆبوونەوەو چالاکییەکانی کۆڕدا دەکات.

ب ـ ئەندامی کارا بە(مستقیل) دەژمێردرێ ئەگەر بێ پاساوی یاسایی لە سێ دانیشتنی لەسەر یەک ئامادە نەبێت.

ج ـ ئەگەر شوێنی یەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن چۆل بوو، سەرۆک لە یەکەم دانیشتنیدا ئەمە رادەگەیەنێ وبڕیار دەدا لە ماوەی(٣)مانگدا پڕبکرێتەوە.

**ماددەی بیست وسێیەمین:**

دەبێ کۆڕ(٦)مانگ لەکار پێکردنی ئەم یاسایەوە پێڕەوێکی ناوخۆ بۆ خۆی دابنێ.

**ماددەی بیست وچوارەمین:**

دەبێ لایەنە پەیوەندیدارەکان گرنگی بدەن بە بەرهەمەکانی کۆڕ لەهەموو بوارەکانداو سودیان لێ ببینن.

**ماددەی بیست و پێنجەمین:**

پەیوەندی کۆڕ بە کۆڕە زانستیەکانی ئەو نەتەوە برایانەی لە کوردستانی عێراقدا پێکەوە دەژین بە یاسا دیاری دەکرێ.

**ماددەی بیست وشەشەمین:**

دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی بیست وحەفتەمین:**

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێ ولە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**(هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە)**

دامەزراندنی کۆڕێکی زانستی بۆ کوردستانی عێراق هەردەم یەکێک بووە لە ئامانجە هەرە گرنگەکان کە بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە عێراق بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر بۆ بەدیهێنانی تێکۆشاوەو لە گشت داواکاریی ویادداشت وبەڵگەنامەکانیدا و لە هەموو قۆناغەکانی دانوستاندن لەگەڵ حکومەتەکانی عێراقدا بە پلەی یەکەم بایەخی پێدراوە. تا لە کۆتاییدا بە رێکەوتننامەی(١١)ی ئازاری ١٩٧٠ سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەوەش باوەڕی سەرکردایەتی بزاڤی رزگاریخوازی کورد دەسەلمێنێ بەوەی کە خەبات کردنی لە پێناو دەستەبەر کردنی دان پێنان(أعتراف) بەمافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان دەبێ هەوڵی دامەزراندنی دەزگە زانستییەکانی لە تەکدا بێت بۆ پاراستنی پێگەکانی گەلی کوردستان وتاوەکو کەلەپوور وکەلتوورەکەی پارێزراو بێت وزمانەکەیش گەشە بکات. هەروەها تاکو ببێتە پردێک درێژ بکرێتەوە بۆ گەیشتن بە شارستانیەتەکانی دیکەو کەلەپووری گەلانی جیهان وبەو دەستانەی کە بۆ خزمەتی هەموو مرۆڤایەتی هاوکاریی لەگەڵ یەکتری دا دەکەن، جا لەبەر ئەوەی زەمینەی بابەتی وخودی کوردستانی عێراق لەبارە بۆ پێکهێنانی ئەم پەیکەرە زانستییەوە کە هەر دەبێ ببێت وەک پێویستییەک بۆ چەسپاندنی ئەزموونە ساواکەی کوردستان و، گەشەپێدانی سیستەمە سیاسییەکەی وبەدیهێنانی ئامانجەکانی، وە بە مەبەستی بەرەو پێشەوە بردنی پرۆسەی تەواوبوونی(تکامل) دام ودەزگاکانی کە پێگە سەرەکییەکانی پێک دێنن، ئەم یاسایە دانرا(تشریع)کرا.

# دەقی پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١٥)

## دووشەممە ڕێکەوتی ٢٩/١٢/١٩٩٧

# دەقی پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١٥)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٢٩

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٢٩ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (١٥)ی خولی دووەمی ئاسای سالی (١٩٩٧)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ کرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆکردن لەسەر ئەو داوایەی «١٣» ئەندامی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە سەبارەت بەوخێزانە کوردانەی کە حکومەتی بەغدا لە پارێزگای کەرکووک و ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیەوە ئاوارەو دەری کردوون.***

***٢- گفتوگۆکردن لەبارەی چاوپێاخشاندنەوە بە دەرمالەی ئەندامانی پەرلەمان بۆ سالی دارایی ١٩٩٨.***

***٣- گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو راپۆرتە یەکگرتووەوەکە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە سەبارەت بەو بڕیارو یاسایانەی کە تا ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە جێبەجێ نەکراون.***

***٤- گفتوگۆکردن سەبارەت بە بودجەی حکومەتی هەرێم بۆ سالی ١٩٩٨ و یاسایەکەی.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەستپێدەکەین.

بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بریتیە لە چوار خال

١ـ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو داوایەی کە(١٣) ئەندامی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە ، سەبارەت بەو خێزانە کوردانەی کە حکومەتی بەغدا لە پارێزگای کەرکووک و ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیەوە ئاوارەو دەری کردوون.

٢ـ گفتوگۆ کردن لە بارەی چاوپێاخشاندنەوە بە دەرمالەی ئەندامانی پەرلەمان بۆ سالی دارایی ١٩٩٨.

٣ـ گفتوگۆکردن لە بارەی ئەو راپۆرتە یەکگرتووەی کە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە سەبارەت بەو بڕیار و یاسایانەی کە تا ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە جێبەجێ نەکراون.

٤ـ گفتوگۆكردن سەبارەت بە بوودجەی حكومەتی هەرێم بۆ ساڵی ١٩٩٨ ویاسایەكەی.

پێشەكی خاڵێكی گرنگ هەبوو، ئەبوایە ئێمە دوێنێ بارمان بكردایە، بەڵام نەچووە بچێ، هێشتاكە ئێمە لە جەژنەكانی سەری ساڵداین، بە بۆنەی لە دایك بوونی حەزرەتی مەسیح وجەژنەكانی سەری ساڵەوە، بەناوی پەرلەمانی كوردستانەوە پیرۆزبایی لە گشت برا مەسیحیەكان دەكەین، هەرچەندە ئێمە بە رەسمی و هەم بە بروسكە وهەم بە سەردانیش لە جیاتی گشت ئەندامانی پەرلەمان سەردانی كەنیسەی عەنكاوەمان كردو، وپیرۆزباییمان لە برا بەڕێزەكانمان و لەجەنابی مەترانیش كرد و، هەروەها لە گشت برا مەسیحیەكانمان هەم لەكوردستان وهەم لەهەموو دنیاشدا. لێرەشدا بەپێویستی دەزانین دووپاتی بكەینەوە كە جارێكی تریش پیرۆزباییتان لێ دەكەینەوە، داخوازی ساڵێكی خۆش وساڵێكی پڕ لە كامەرانی دەكەین بۆ هەموو برا مەسیحیەكانمان و بۆ هەموو ئەو خەڵكەی كە بە ئومێدی ئەوەیە ساڵی تازەمان ساڵێكی خۆش بێ، ساڵێكی ئاشتی بێت، ساڵی زاڵبوون بێ بەسەر هەموو ئەو كۆسپانەی كە ئەكەوێتە رێگەمان، ساڵێك بێ خەڵكی كوردستان جگە لەمەسەلەی ئاشتی و هێمنی و ئاسایشەكەی كە رۆژ بەرۆژ جێگای زیاتر دەچەسپێ باری ژیان و گوزەرانیشی هێشتا بەرەو باشتر دەڕوات. خاڵێكی تر هەبوو دەكرێ باسی بكەین، ئەویش ئەوەیە كە ئەمرۆ چلەی خوالێخۆشبوو (خەیری بەگە) ئاگادار كراوینەوە وەكو پەرلەمانی كوردستان كە بەشدار بین لەو رێ ورەسمە كە لە (لالش) دەكرێت، بەڵام بەداخەوە ئێمە وەڵامان دایەوە كە دانیشتنەكانی پەرلەمان بەردەوامە و كاتەكەمان زۆر تەنگە و بڕیار بوو ئەمرۆ گفتوگۆی بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بكەین وبەردەوام بین، بەڕێز كاك قادر جەباری وەكو وەزیری دادو نوێنەری حكومەت دیارە بۆ ئەمرۆ لەوێ ئامادە دەبێت، ئێمە داوامان لە كاك قادر كرد كە بە زمانی ئێمەوە و لەجیاتی ئێمە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو وبرا ئێزیدیەكانمان بكات ونوێنەرایەتی ئێمەش بكات ولەجیاتی ئێمە باسی هۆی ئامادەنەبوونمان و ئەو بارودۆخە بكات.

خاڵی سێیەمی بەرنامەی كاری دوێنێ دەبوایە خاڵی یەكەم بوایە لەدانیشتنی ئەمرۆدا، بڕیار بوو ئەمرۆ سەعات (١٠) كۆببینەوە، بەڵام وادیارە لە ئەنجوومەنی وەزیران چەند برادەرێك ئیشی گرنگیان هەیە، وایان بەباش زانی بیخەنە سبەینێ سەعات (١٠) كە گفتوگۆ لەسەر بودجە بكرێت، ئەوجا سبەی سەعات (١٠) دانیشتنەكەمان بەردەوام دەبێ، هیواداربن بتوانین بە یەك دوو رۆژ تەواوی بكەین. ئێمەش بە پێویستمان زانی كە بەردەوام بین لە دانیشتنی خۆمان، دوو خاڵ هەبوو باسی بكەین وبابەتێكیش هەبوو وابزانم بەسەرتاندا دابەش كرا، خاڵێك لەبەرنامەكەمان ئەوەیە كە كۆمەڵێك لەئەندامانی پەرلەمان شتێكیان بۆ ئێمە ناردووە كە نیگەرانن لەسەر دەركردنی خەڵك لە كەركووك و لەخانەقین و جەلەولاو دەروبەری تەلەعفەرو لەهەندێ جێگای تر، خەڵك دیسان تووشی ئەم گیروگرفتە بوو نەتەوە، بێگومان ئێوە ئاگادارن لەمێژە ئەو كارە بەردەوامە، بەڵام پێش ماوەیەك شێوەیەكی فراوانی وەرگرت، پاشان لە دوای

هەندێ قسە کردن لەگەڵیاندا تۆزێک هێوریان کردەوە، بەڵام هەر بەپێی ئەو زانیارەی کە دێ و بەپێی قسەی ئەو خەڵکەی کە دەردەکرێت کەم، یا زۆر هەر بەردەوامە، لەم ماوەی دواییدا دیسان جارێکی تر تەوژمێکی تری وەرگرتووەو وەکو ئاگادارن بۆ هەولێر زەقترینی ئەو ناوچانە ناوچەی مەخمور بوو کە بەدەیان دێهاتی کورد وێران کرا و بەشێکیان عەرەبیان هێناوەتە جێگاکەیان، ئەوە بابەتێکی گرنگە ئەندامانی پەرلەمان لەمێژە دەیانەوێ شتێکی لێوە باس بکەن و، شتێکی زۆر سروشتییە لەپەرلەمانی کوردستان کە شتێکی وا باس بکرێ، ناوەکانی ئەو برادەرانەی کە ئەو شتەیان بۆ سەرۆکایەتی ناردووە لاتانە، ئەویش خاڵێکە لە بەرنامەی کار حەزمان کرد ئەمڕۆ ئەو برادەرانەی ئەیانەوێ قسەی لەسەر بکەن، پاشان بڕیارێکی لەسەر بدەین، کە چ بکەین باشە بۆ ئەم بابەتە هەرچەندە وەزیری ناوخۆ لێرە بوایە باشتر بوو، بەڵام ئەوە کاک فرەنسۆ لێرەیە و دوو سێ برا وەزیریش لێرەنە بەگوێرەی توانا چ وەکو ئەندامێکی پەرلەمان چ وەکو برا وەزیرێک، ئەگەر لەسەر ئەم بابەتە هەندێ زانیاریمان پێبدەن، لەوانەیە هەندێ شت لای وان هەبێ بەتایبەتی بۆ شاری هەولێر لەوانەیە کاک فرەنسۆ زانیاری هەبێت لەسەر ئەم بابەتە.
خاڵی تریشمان هەیە بەرپرسی لیژنەکان و کۆمەڵێک لە ئەندامانی پەرلەمان وابزانم شتێکیان ناردووە دەربارەی دەرماڵەی ئەندامان ئەوەش لەکاتی خۆی دێینە سەری و باسی دەکەین. جا خاڵێکی ترمان ئەمێنێتەوە بۆ ئەمساڵ ئەویش ئەوەیە بۆ ئەو لیژنەیەی کە دروست بوو رێکخستنی راپۆرتێک دەربارەی پیاچوونەوە بەیاساکانی پەرلەمانی کوردستان وابزانم پێش هەفتەیەک ئەو ئیشە تەواو بوو، ئەمەیان هەماهەنگ کردووە بە زنجیرەیەکی باش ئەویش، ئەگەر بوار بوو لە فرسەتێکدا دابەشی دەکەین پێش ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بگەڕێنەوە گفتوگۆیەکی لەسەر دەکەین کە چۆن چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکەین، لەبەرئەوەی کۆتایی ئەم خولەیە، چونکە بەلایەنی کەمەوە دەبێ بۆ خولی ئایندە ئێمە بەرنامەیەکمان هەبێت بۆ ئەم مەسەلەیە، کە چۆن دەستی بۆ ببەین ئەگەر ئەمڕۆش نەبێ پێش ئەوەی بڕۆنەوە دانیشتنێکی کراوە دەکەین بۆ ئەوەی تۆزێ لەسەری بدوێین، ئەمە بوو لەراستیدا ئەو خاڵانەی کە حەزمان کرد مادام تۆزێک کاتمان هەیە سوودی لێ وەرگرین. دوای ئەمەش ئەگەر هەر برادەرێک ئیشێکی گرنگی هەبێت ئەوە ئازادە، بەڵام بەلایەنی کەمەوە حەزمان دەکرد کاک فرەنسۆ پێش ئەوەی بڕوا دەربارەی خاڵی یەکەم ئەوەی کە ئێستاکە باسی دەکەین لەمەڕ ئاوارەکان ودەرکراوەکانی کەرکووک وناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی رژێمە ئەگەر قسەیەکمان بۆ بکات، لەوانەیە هەندێ گرفت کەم ببێتەوە. جا ئەوە دەکەین بە خاڵی یەکەم ئەگەر لاریتان نەبێت، بۆ ئەوەی بوار بدەین بە کاک فرەنسۆ ئەوانیش کاری خۆیان بکەن. نزیکەی ( ١٠ ـ ١٥ ) ئەندامی پەرلەمان شتێکیان بۆ ناردووین دەربارەی دەرکردنی کورد لەناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی رژێمی عێراق. جا کێ حەز دەکات قسە بکات لەسەر ئەم بابەتە، تکامان وایە دووبارە نەبێتەوە، وەکو خۆی بابەتەکە باس بکرێت پاشان کاک فرەنسۆ تیشک بخاتە سەر ئەو بابەتەی کە هەیەودواتر بزانین چ بکەین بۆ ئەم مەسەلەیە باشە! ناوەکان بنووسین،

کاک شێخ یەحیا، کاک شێخ جەعفەر، کاک د.رزگار، کاک شێخ محسن، کاک سەفەر، کاک ئیبراهیم سەعید، کاک سیروان کاکەیی، مامۆستا مەلاتاهیر، برادەرانی حکومەتیش دوایی قسە دەکەن، کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان جەنابتان وهەموو هێژایان ئاگادارن کە بەردەوام خەڵکانێکی کورد لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت دەردەکرێن و(ترحیل) دەکرێن و زۆربەیان موڵک ومالْیان داگیر دەکرێ، ئەم کارە تەنها لە کەرکووک نییە، بەراستی لەشوێنەکانی نزیک ئێرە وەکو ناوچەکانی مەخمور وتەلەعفەر وئەوانە وەکو ئاماژەتان بۆ کرد، ئەتوانم بڵێم ئازارێکی زیاتری زیاد کرد بۆ گیانی نەتەوەکەمان کە بەردەوام ئەم کردەوەیەی لەگەڵدا دەکرێت لە هەموو بارودۆخەکاندا، لەهەموو سەردەمەکاندا، لەگەڵ هەموو رژێمەکاندا سەردەمێک زیاد دەکات سەردەمێکیش کەم دەبێتەوە، ئەم حاڵەتەش لەم رۆژەی کە باری گوزەرانی خەڵکەکەی ئێمە ناهەموارە، برسییە، بێ جێگەو رێیە، لەم کاتەدا زیادی کردووە بەراستی، ئێمەش وەکو ئەندامانی پەرلەمان بەڕەوای ئەزانین کە قسەیەک لەم بابەتە بکرێ و بزانین چی ئەتوانین لەم بارەیەوە بکەین! باسی لێوە بکەین چۆن ئەتوانین ئەم توندوتیژییە کەم بکەینەوە، بەچ شێوەیەک ئەتوانین هەم چارەیەک لەباری ئەم ئاوارەو دەرکراوانە بکەین هەم بتوانین وەکو بەرگرییەک، ئەگەر بتواندرێ لەرێگەی (**un**) یان لەرێگەی هەر لایەنک کە جەنابتان بەباشی دەزانن بۆ ئەوەی بتوانین خەڵکەکە وەکو جاری پێشوو کارێک کە کرا کە هەندێ کەس گەڕانەوە بۆ کەرکووک بەراستی بکەین، ئێستاش ئەگەر بکرێ بەردەوام ئێمە بتوانین خەڵکەکە بگەڕێنینەوە جێگەو رێگەی خۆیان و ئەوانەش کە دەردەکرێن ودێنە ئێرە بەراستی خەم لە گوزەرانیان بخورێت، لەگەڵ رێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک شێخ یەحیا، فەرموو کاک شێخ جەعفەر.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رژێمی مەرکەزی هەر لەساڵی شەستەکانەوە بەردەوامە لەدەرکردن (ترحیل وتهجیر)ی کورد لەو شوێنانەی کە لەژێر دەسەڵاتیان بووە، ئەمە شتێکی تازە نییە ماوەیەکی زۆرە، گرفتێکی گەورەیە بەتایبەتی لەم کاتەدا کە بۆ هەرێمی کوردستان دروستی دەکات، رژێم دوو ئامانجی هەیە لەم دەرکردنە، یەکەمین دەرکردنیان لەم شوێنانەی کە تاکو ئێستا رژێم دانی پیا نەناوە کە سەر بەهەرێم بێت ودەست گرتن بەسەر موڵک و ماڵەکانیاندا، هەروەها دروست کردنی گرفتێکی گەورە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە ئێمە بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو خواستەی رژێم باشترین شت ئەوەیە بەبەردەوامی ئەو ئاوارانە دانەمەزرێن لەشوێنێکدا، بەشێوەیەکی کاتی ئۆردوگایەکیان

بۆ بکرێتەوە جیا لە ئاوارەو دەرکراوەکانی تر بۆ ئەوەی ئاوارەو دەرکراوی رژێم جیا بکرێتەوە لەهەموو ئاوارەکانی تر و ئۆردوگایەکی تایبەتیان بۆ بکرێت، هەوڵ بدەین کە رێکخراوەکان سەرپەرشتیان بکات وداوابکرێت لە هەموو رێکخراوەکان بەرێگەی (un) کە ئەمانە دەرکراوی ژێر دەسەلاتی رژێمن و هەڵسوکەوتی تایبەتیان لەگەڵدا بکرێت وهەوڵ بدرێت بەهەموو ئەو رێکخراوانە فشار بخرێتە سەر رژێم بۆ ئەوەی ئەمانە بگەرێنەوەو ئەمانە بەهیچ شێوەیەک هەوڵ نەدرێ کە لێرە نیشتەجێ بن وشوێنەکانی خۆیان چۆڵ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شێخ جەعفەر، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی دەرکردنی کوردەکانی ولاتی ئێمە، دەتوانین سێ جۆر دەرکراو دەست نیشان بکەین:

١- دەرکراوی حکومەتی مەرکەزی کە لەو رۆژانە دەرکردنەکە زۆر زۆر بووە بەتایبەتی لەناوچەکانی گەرمیان و کەرکووک وناوچەی ئێزدیان ولە ناوچەکانی دەوروبەری شاری دهۆک.

٢- سەدان خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەری دهۆک و ئەوانەی کە رژێم دەریان کردوون، ئەوانەی کە لەکەمپی ئەتروش وشاروشارۆچکەکانی ناوچەکەدا ئاکنجی بوون وهەموو ماڵ وموڵکیان لەدەست داوە.

٣- دەرکراوەکانی شەڕی ناوخۆی کاوڵکەر، کە بەراستی ئەوکارە دژی مافی مرۆڤن ودەبێت هەر خاوەن ویژدان ئەوە ئیدانە بکەن ودژی راوەستن و دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە و نارەزایی خۆیان دەرببڕن بە دەنگێکی ئاشکرا.

لێرە من پێشنیار دەکەم کە چەند هەنگاوێک بهاوێشترێت لەم بارەیەوە:

١- راگەیاندنێکی بەر فراوان بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو رووداوانە بڵاوبکاتەوە.

٢- ئەو حزبانەی کە هاتوچۆی سلێمانی دەکەن، هەوڵ بدەن ئەو بابەتە لەگەڵ هەردوو لا باس بکەن و، بەڵکو ئەم کارە رابوەستێت.

٣- بەیاننامەیەک بەسەر دەزگاکانی (un)و رێکخراوە خێرخوازەکان بڵاوبکرێتەوە، تاکو فشار بخرێتە سەر حکومەتی مەرکەزی بۆ ئەوەی ئەو دەست درێژییە کۆتایی پێ بێت.

٤- بزاڤەکی گەرم وگوڕ لەدەرەوە بکرێت، بۆ ئەوەی فشار بخرێتە سەر حکومەتی مەرکەزی.

٥- هەردوو وەزارەت، وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێکردن و وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە وگەشەپێدان چەند بتوانن هاوکاری ئەو هەژارانە بکەن، هەوڵ بدەن کە جێگەیان بۆ دیاری بکەن و تاکو ئەو سەرما وسۆڵەی زستان کاریان تێ نەکات.

سوپاسی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین بۆ ئەو یارمەتییەی کە پێشکەشی ئەو دەرکراوانە یان کردوە، هەر سەرکەوتوو بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.رزگار، مامۆستا مەلاموحسین فەرموو.

**بەڕێز مەلاموحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بابەتێکی زۆر کاریگەر ودڵ تەزێنە کە ئەمڕۆ ڕووبەرووی میللەتی کوردمان ئەبێتەوە لە کوردستانی ئازیزماندا و دەرکردنی ئەو هاولاتیانەی کە لەژێر دەسەلاتی ڕژێمدان و ئەو هاولاتیانەی کە لەژێر دەسەلاتی خۆشماندان، لەمەدا ئەوەی من بزانم (استغلال) کراون لە دوو باردا، بارێکیان بۆ ئەوەی باری دەروونی ئەو خەڵکە هێمن نەبێت لەکوردستاندا، هەر کاتێک دەنگوباسی گفتوگۆیەک، قسەیەک بێتە کایەوە لەجیاتی ئەوەی خەڵکەکە نیەت باشی لە ڕژێمی مەرکەزییەوە وەربگرێت، نیەت خراپی وەردەگرێ بەوەی کە گوندەکانمان تەعریب بکرێن و خەڵکەکانی دەربکرێن و بەتایبەتی خەڵکی کەرکوک وشوێنەکانی تریش ئاوارە بکرێن و دەربکرێن. ئەمە لایەنێکی خراپی ئەو مەسەلەیە کە متمانە لەنێوان خەڵکی کوردستان لەگەڵ ڕژێمی مەرکەزیدا بەتەواوی کز دەکات، سوکی دەکات. لایەنی دووەمیشی ئەوەی من ئاگادار بم لە شوێنەکانی تریش بەتایبەتی لە شاری سلێمانی و شوێنەکانی تر کە لەژێر دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی خۆماندا نییە هەلی دەرکراوەکانی کەرکوک، یا شوێنەکانی ژێر دەسەلاتی ڕژێم دەقۆزنەوە، بۆ ئەوەی بلێین کە ئەمانە لێرەوە دەرکراون بەناوی ئەوەو ماڵی خەڵکێکی تریان پێ داگیر دەکرێت و ماڵی خەڵکێکی تریان پێ نارەحەت دەکرێت، ئەمەش گوشارێکی گەورەیە لە لەسەر کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەکرێت، بۆیە من تکام وایە لەسەرۆکی پەرلەمان بەتایبەتی و لە ئەندامانی پەرلەمان هەر یەکەیان لە بواری دەسەلاتی خۆیاندا هەوڵێک بدەن بۆ باشکردنی گوزەرانی ژیانی دەرکراوەکان بەگشتی، ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان دەرکراون وئەوانەی کە لەدەرەوەی دەسەلاتی ڕژێمن دەرکراون بەتایبەتی ئێستا مانگی ڕەمەزانی پیرۆز هاتۆتە پێشەوە و ئەم مانگەش بەراستی مانگێکی پیرۆزە، بەلام خەڵکی لەسەر ماڵ وحاڵ و وەزع وژیانی خۆی نییە ودەرکراون، هەتا توانای ئەوەیان نییە نەپارشێوو نەبەربانگ بکەنەوە، بۆیە بودجەی حکومەتی هەرێم لە ئارادایە و ڕاستاندنی لەئارادایە، ئەمڕۆش دواکەوت بۆ ڕۆژێکی تر، ئەگەر بتوانرێت بیرێک لە ژیانی ئەو ئاوارەو دەکراوانە بکرێتەوە لە بودجەی ئەمساڵماندا شتێکی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت، بەلام لیژنەیەکی کارامەو پسپۆڕو دەست پاک هەوڵی ئەوە بدات، ئەوانەی کە ئاوارەی ڕاستەقینەن، نەک هەموو ئەوانەی بەئاوارە نووسراون، ئەوانەی بەراستی دەرکراون لەهەر کوێیەک هەبن لەو بەخشینەی پەرلەمان بێت یان هی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت بەشداری بکرێت وبەشداریەکی ڕاستەقینە و هەموویان ناونووس بکرێن و ئەمە شتێکی پەسەندە وبەتایبەتی لەمانگی ڕەمەزاندا، لەگەڵ ڕێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو ڕووداو وکارەساتەی کە ڕژێمی بەغدا خستویەتیە سەر وڵاتی عێراق زۆر ئاشکرایە، ئەوە نزیکەی (٢٠)ساڵە هەتا ئێستا بەتایبەتی هەردوو شەڕەکەی کەنداوی یەکەم ودووەم کە بەناوبانگن، بەڵام سەیرە هەتا ئێستا ئەو ڕژێمە هیچ دەرسی وەرنەگرتووە، زوڵم وزۆرداری بەردەوامە و دەرکردنی خەڵک و(ترحیل وتهجیر، تبعیس) هەر بەردەوامە، بەتایبەتی لەهێڵی تەماس کوردستان لەگەڵ سنووری ڕژێم، ئەوەش ئاشکرایە ئەو شەڕانە بوونە هۆی سەپاندنی ئەو ئابڵووقە توندو تیژە کە لەسەر گەلی عێراقە، وابزانم هەموو دنیا وا بەرەو ئاشتی و دیموکراتیەت ویەکسانی دەڕوات تەنیا ڕژێمی عێراق و لەوانەیە چەند وڵاتێکی تری وەکو عێراق ئاوا مابن لە جیهاندا. لەهەموو جیهان واباوە کە هەموو گرفتێک بە گفتوگۆ وبە ئاشتی ودانوستاندن چارە دەکەن، هەروەها ئاشکرایە کە زۆر وڵات هەیە کێشەی زۆر تێدا ڕوویداوە وخەڵکەکەی کۆچیان کردووە، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو ئەرکە نێو دەوڵەتیانە ئەو گرفتانە چارە دەکەن، ئەو کۆچرەوانە دەیانگەڕێننەوە بۆ سەر ماڵ وحاڵی خۆیان، جا هەر لێرە پێویستە وەکو کاک د.رزگار گوتی بپرسین، باشە چی بکەین؟ ڕاستە ئێمە بارودۆخەکەمان ناسکە، بەڵام وابزانم ئێمە تۆزێک چاو لەو تاوانەی کە دەرهەق بە میللەتی ئێمە دەکەن دەپۆشین، بەرای من پێویستە زیاتر گرنگی بدەین بەم ڕووداوە وئەو ڕێکخراوانەی کە لەکوردستان ئیش دەکەن ئاگاداریان بکەینەوە وگوشاریان بخەینە سەر لەرێگەی ڕێکخراوە نێوە دەوڵەتیەکان و (**un**)ەوە کە وەزعی عێراق ڕێک نییە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا بەهۆی بڕیارەکانی ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی، بەڵام پێویستە هەلومەرجێکی باشیان بۆ ئامادە بکەن بۆ ئەو ئاوارانە، ئەگەر پێویست بوو با لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر بکەین، بەلانی کەمەوە بەیانێک دەربکەین، هەڵوێستمان دیاری بکەین دژی ئەم تاوانە هەر بۆ مێژوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سەفەر، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە(٣٠) ساڵ زیاترە حکومەتی مەرکەزی هەر لەسەر سیاسەتی دەرکردن و بەعەرەب کردن بەردەوامە. هەر ماوە ناماوە وای بۆدەچین کە لەوانەیە ڕژێم واز لەو کارە خراپانە بێنێت، بەڵام دەبینین کە حکومەتی مەرکەزی هەر بەردەوامە لەسەر ئەو کارانە، پێشنیاری من ئەوەیە کە نوێنەری حکومەتی هەرێم لە دەرەوەی وڵات ئەو کارە نامرۆڤانەیە بڵاوبکەنەوە لەسەر وڵاتەکانی

دەرەوە، بەڵکو هەڵوێستێک وەربگرن وگوشار بخەنە سەر حکومەتی عێراقی، بۆ ئەوەی ئەو کارە کۆتایی پێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم، کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە باسی دەکەین وابزانم شاڵاوی دووەمە لەماوەی ئەمساڵدا، لەمانگی (٥) هەر وەکو جەنابتان ئاگادارن کە شاڵاوەکە زۆر توند بوو لە دەوروبەری (٢٠٦) ماڵ بە گوێرەی ئەو زانیارەی کە گەیشتە ئێمە دەرکراون. هەر لەکاتی خۆشیدا ئێمە وەکو لیژنەی دەرکراوەکان بروسکەیەکمان کرد، بروسکەیەکی فراوان بۆ هەموو دامودەزگاکان و ئاراستە کرابوو بۆ جەنابتان وبۆ حکومەت و هەروەها ئاگاداری جەنابی سەرۆک بارزانیشمان کردووە. بەراستی لەهەموولایەکەوە ئەرکێکی زۆر گەورە سەرف کرا کە ئەو مەسەلەیە رابگیرێ و تا رادەیەک چارەیەکی باش کرا وبەشێک لەو خەڵکەش گەڕانەوە جێگەی خۆیان، دەتوانم بڵێم: ئەو هەڵمەتە خەریکە جارێکی تر دەست پێدەکاتەوە، دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە مەسەلەکە (٢٠) ساڵ و(٣٠)ساڵ نییە، بەڵکو زۆر لەمە زیاترە، سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆژەی کەوا نەوت لەشاری کەرکووکدا پەیدا بوو و، بیرە نەوتەکان لەشاری کەرکووک لێدران ئەم سیاسەتە دەستی پێکرد، ئەویش بە قۆناخ دەستی پێکرد، من لە ساڵی (١٩٧٧) هەلێکم بۆ رەخسا بۆ دیتنی ئەو بۆریانەی کەوا نەوت دێنێ بۆ یەکەی(ترکیز)، هەموو ناوە کوردیەکانی لەسەر هەڵکەندراوە وبە ئینگلیزیش نووسراوە، یەک لەو ناوانەی کە بەبیرم دێتەوە ناوی گوندی (قوتان)بوو، کە گوندێکی کورد نشینە لەدەوروبەری شاری کەرکووکە. پێمولیە ئەو مەسەلەیە لەو کاتەوە سەرچاوەی گرت، بەداخەوە ئێمە ئەو مەسەلە ئابووریە گەورەیەی کە هەمان بوو لە کەرکووکدا ئەتوانم بڵێم هەموو ئەو حکومەتانەی یەک لەدوای یەک هاتن بەکاریان هێنا بۆ سیاسەتی خۆیان و ئێمەی پێچەوسێنرایەوە لەناوچەکەدا. ئەمەی کە ئێستا حکومەتی مەرکەزی کردوویەتی بیانوو بوو بۆ دەرکردنی ئەم خەڵکە. ئەمەی تازە باسی ئەوە دەکات کە گوایە ئەمانە رەگەزنامەیان لە کاتی خۆی هی ناوچەی ئۆتۆنۆمییە وەکو باسی لێ دەکات، لەدەرەوەی پارێزگای کەرکووکە. باشە پرسیارێک دێتە پێشەوە هەموو ئەو خەڵکە عەرەبەی کە ئەو هێناویەتی و لەوێی نیشتەجێی کردوون و دایناون ورەگەزنامەی بۆ دروست کردوون ودەست کاری تۆمارەکانیش کراوە لەو بارەیەوە، پاساو چییە بۆ ئەوانە نەگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان؟ بۆ ئەمانە بگەڕێنەوە بۆ شوێن وجێگای خۆیان؟ پێمولیە ئەمە پاساوێکی زۆر لاوازە کە حکومەتی مەرکەزی ئەو شتەی پێ پاساو دەدات. لەوە خراپتر ئەوەی کەوا هەستی پێ ئەکرێ ئێستا سیاسەتی سڕینەوەی قەومیەت (مسخ قومی) دەستی پێکردووە، کە بیەوێ، نەیەوێ، بە ئارەزوو بێت بە زۆری بێت وای لێکردووە کە خەڵکێک بەناچاری بڵێ من کورد نیم

وعەرەبم بەناچاری، کە ئەو حاڵەتەشی بۆ پەیا بوو ئیتر هیچ تایبەتمەندییەکی بۆ نامێنێ، حکومەت بە ئارەزووی خۆی خەڵکی بێنێتە ناو گوندەکانیان، یاخود لەوێوە بیانگوازێتەوە بۆ جێگایەکی تر ئەو بارودۆخە بەتەواوی دەگۆڕێ، کاتێ نەوەیەکی تر بێت ئەڵێ ئێمە بەڵێ هەر عەرەب بووینە و لەباووباپیرەوە عەرەب بووینە، یاخود ئەگەر رازی نەبێ بەم شێوەیە دەری دەکات بۆ باشوور یان دەینێرت بۆ ئێرە، بۆیە حکومەت ئێستا لەسەر ئەم سیاسەتە بەردەوامە، تاکو ئێستا پێم وایە وازی لە سیاسەتی خۆی نەهێناوە. من زۆر بەباشی دەزانم کە جارێکی تر ئەرکێکی هەمەلایانە بکرێ و قسەیەک لەم بابەتە بکرێ بەتایبەتی لەگەڵ (**un**)دا وپێم چاکە وەزارەتی مرۆڤایەتی دەورێکی باش ببینێت لەرێگەی رێکخراوەکانەوە، ئێمە ناڵێین بچین جارێکی تر شەڕ بکەین بەچەک وبەشتی وا، بەراستی ئێستا سەردەمی قسە کردن وگفتوگۆیە، حکومەتی مەرکەزیش دەبێ ئەم راستییە بزانێ کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە وپەرلەمانی کوردستان بەهەڵبژاردن هاتووە وئەویش هەیە ئەو خەڵکەش بە باووباپیرانەوە لەو دێهاتانە هەنە، دەیان دیکۆمێنت هەیە کە ئەم راستییە پەسەند دەکات کە کەرکووک زۆرینەکەی کوردن، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ ئەم راستییانە ساغ بکەینەوەو لەگەڵ (**un**)دا قسە بکەین و راستییەکیش هەیە کەلای ئێمە جێگیر بووە وەکو خەڵکی شاری کەرکووک ونەک هەر وەکو خەڵکی شاری کەرکووک، وەک هەموو شارەکانی کوردستان پێم وایە ئیتر حکومەتی مەرکەزی با بەخۆیدا بچێتەوە، ئێمە قەت قەت واز ناهێنین لەکەرکووک، چونکە ئەوە شتێکە بارزانیی نەمر فەرموویەتی کە کەرکووک دڵی کوردستانە، وابزانم کەسمان ناتوانین بەبێ دڵ بژین و هەر ئەو حەقە ئەمێنێتەوە، ئەگەر چی ئەمرۆش دانی پیانەنرێ. ئێمە کێشەکەمان کێشەیەکی سیاسییە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا، ئەگەر تائێستا نەگەیشتوونەتە ئەو باوەڕە، بەراستی ئەسڵی مەسەلەکە کەرکووکە وئەو شوێنانەی تریش وەکو خانەقین وسنجار و شێخان و شوێنەکانی تر کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی مەرکەزیدانە، بەڵام مەسەلە بنەڕەتییەکە کەرکووکە.

رژێم دەیەوێ ئەو واقعە بگۆڕێت لەناو شاری کەرکوکدا، ئەگەر هاتە سەر مەسەلەی گفتوگۆ لەسەر ئەوە بەڵگەنامەمان پێشان بدات بڵێ شاری کەرکووک هەمووی عەرەبن، لەبەر ئەوە دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین ئەم هەڵمەتە (حملە) رابگیرێ و، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو کەسانەی دێنە ئێرە دەبێ هەوڵ بدرێت بگەڕێندرێنەوە بۆ جێگای خۆیان، جێگای باوو باپیرانیان، لەگەڵ رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش رێککەون کە ئەم سیاسەتە رابگیرێ، سیاسەتی بە زۆر بە عەرەب کردنی خەڵکی شاری کەرکوک و شارەکانی تر. ئەمە سیاسەتی نەهێشتنی نەتەوەییە و باوی نەماوە، تازە بە تازە ئەم مەسەلەیە ئەکرێ، ئەگەر حکومەتی ناوەندی بیر لەوە دەکاتەوە کە کێشەکانی چارەسەر بکرێن، ئێمە بە هەموو بۆچوونێکەوە لەگەڵ ئەوە داین کەوا ئابلووقە لەسەر عێراق لابچێت، کێشەی عێراق چارەسەر بکرێت، پێویستە حکومەتی ناوەندی عێراق بیر لەو مەسەلەیە بکاتەوە کە ئەم کێشەیە بۆ خۆی چارەسەر دەکات. ئەمە یەکێکە لەو کێشە هەڵواسراوانەی کە

ئێستا ئەنجامەکانی ئەو بارە لەسەر حکومەتی بەغدا دەردەکەوێت، یەکێک لە هۆیە هەرە بنەڕەتییەکانی چارەسەرنەکردنی کێشەی کوردە لە عێراق. کە کێشە بنەڕەتییەکەشمان لەسەر کەرکوک و شوێنەکانی تر دروست بووە. جا باشتر وایە ئەگەر لێرەوە دەنگمان بگات بە حکومەتی بەغدا پێشنیاریان بۆ دەکەم کە لەم سیاسەتە واز بێنن بۆ ئەوەی خۆیان بە خۆیاندا بچنەوەو، کێشەی عێراق چارەسەر بکرێت بە شێوەیەکی گشتی و، بنەمای دیموکراتیەت پیادە بکرێت و، مافی مرۆڤ بپارێزرێت، چونکە ئەوە مافێکی رەوای ئێمەیە کە لە چوارچێوەی عێراقدا دەژین، ئەگەر بێتو ئەو سیاسەتە بگۆڕێ ئێمە هەموو مافی خۆمان وەردەگرین، ئەویش مافی خۆی وەردەگرێ و، وابزانم هیچ گرفتێکیشمان نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێ: ئەگەر بەفرە، ئەگەر بارانە هەر بۆ کورد زەرەرە. لە راستیدا ئەگەر، پەکەو، ئەگەر مەکەو، ئەگەر رژێمە، بە هەر جۆرێک بێت ئەوە دەبینین لەهەر چوار لاوە، دەرکردنە و، راماڵینە و خەڵک راگوێزانە لەسەر شوێن و جێگای خۆیان. منیش پێموایە ئێستا لەم کاتەدا ئەم دەسەڵاتەمان نییە کەوا بتوانرێ بە زۆر دەرگای ئەم بابەتە دابخرێ، قەناعەتیشم هەیە کەوا هیچ رێکخراوێک و، نەتەوە یەکگرتووەکان نەهاتوونە ئەم وڵاتە بۆ بەرژەوەندی ئێمە، لەوانەیە لە بەرژەوەندی خۆیاندا بێت، ئێمە ئەگەر بڕوامان وا بێت کە ئەوان دەتوانن ئەم بارودۆخە چارەسەر بکەن، «بەرای من هەر کەسێک سەربەستە لە بیروبۆچوونی خۆیدا» ، جا پێموایە پێشەکی بەر لە هەموو شتێک ئەگەر بکرێت بەراستی حکومەتی هەرێم و، دڵسۆزانی کاربەدەست و، دەزگای راپەراندن لەم کوردستانەدا ئامادە باشی وەربگرن کە حاڵی حازر دەبینین کوردێکی زۆر ئاوارەیە، پێش هەموو شتێک هەوڵبدرێ بیانحەوێننەوە، نەکەونە ناو زبلەتێکی زۆر خراپەوە کەوا لە ژیانی خۆیان بێزار بن، هەروەها لە کورد و، کوردایەتیش بێزار بن.

دووەم: پاش ئەوەی حەوانەوە، چی ئەکرێت لە روی فشاری سیاسیەوە لەناوەوەو لە دەرەوە، لە رژێمەوە؟. لە هەر لایەک چی دەکرێت با بکرێت بۆ ئەوەی کەوا ئەم دەرگایەی راگوێزان و دەرکردن دابخرێ، هەروەها هەرشتێک لە رووی سیاسیەوە رێکخراوەکان و حکومەت دەتوانن بیکەن، بۆ ئەوانەی کە ئێستا ئاوارە دەکرێن با بیکەن و، ئەمە کارێکی باشە و میللەت پێشوازی لێ دەکات، بەڵام نە تەنیا بۆ ئەوانەی کە ئێستا ئاوارە دەبن، بەڵکو بۆ ئاوارە کۆنەکانیش. گوایە لێرە لە هەولێردا دامەزراون، ئێمە زانیاری تەواومان هەیە کەوا باریان زۆر خراپە لە رووی بژێوو شوێنی دانیشتنیان و، لە رووی رێزلێنانیان، حەقە حکومەتی هەرێم و، دڵسۆزانی وڵات، هەنگاوێک بنێن بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکەن، چونکە خەڵک لەوێوە هاتوون، یان راگوێزراون،

یان دەرکراون، یان رایانکردووە، بۆ ئەوەی حورمەت و کەرامەتی باس بکرێت، بەڵام لەوانەیە کە هاتۆتە ئێرە حورمەت و کەرامەتی کەوتۆتە مەترسیەوە. جا ئومێد دەکەم کە پەرلەمانی کوردستان بە هاوکاری حکومەت و دڵسۆزانی میللەتەکەمان چارەسەری ئەم بارودۆخە بە شێوەیەکی کاتی بکەن بۆ ئەوەی زیاتر تەشەنە نەکات و، کەرامەتی دەرکراوەکان لە پایتەختی هەرێمدا پارێزراو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا تاهیر. فەرموو کاک ئەکبەر.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی خۆم خەڵکی خانەقینم، ئەو ئێشو ئازارە تووشمان بووە، دەتوانم هەر بەناوی هەمووانەوە سوپاسی بەڕێزتان و، هەموو ئەو ئەندامانەش بکەم کە ئەو بەرگرییەیان کرد، من قسەکان بەدرێژی باس ناکەم لەبەر ئەوەی زۆربەی قسەکانم ئەندامان کردیان، بەڵام تەنها تێبینییەکم هەیە، رۆژی شەممە (مستر گێر هارد) هات سەردانی کۆمەڵەکەمانی، کرد کۆمەڵەی کوردە فەیلییەکان. بەخۆم و هەموو برادەرانەوە ئەم بابەتەمان بە درێژی لەگەڵیدا باسمان کرد، زۆر درێژەمان بە قسەکانداو، ئاماژەمان کرد بە ناوچەکانی (مەندلی و بەدرەو جەسان) و، (راگوێزان و تەبعیس و تەعریب)، ئەویش بەڵێنێکی پێ داین گوتی: «ئێمە هەوڵ دەدەین لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا ئەم بابەتە باس بکەین و، یاداشتێک دەنووسین و دانەیەکی دەدەین بە نەتەوە یەکگرتووەکان»، بەڵام بەڕای من ئەوە بەس نییە، بەڵکو من بە پەسندی دەزانم هەوڵێ بدرێ لەلایەن حکومەتی هەرێم و پەرلەمانەوە، یاداشتێکی رەسمی دەربارەی ئەم مەسەلەیە دەربکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو برادەرانەی کە ویستیان قسە بکەن تەواو بوون، هەندێک ئەندامی تر دەیانەوێ قسە بکەن؟. دەبوایە جاری یەکەم کە ناونووسمان کرد، دەستتان بەرز کردبایەوە.

فەرموو کاک یۆنادم.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا / وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرکراوەکانی کەرکوک و ناوچەکانی تر، سیاسەتێکە دەگەڕێتەوە کۆتایی شەستەکان کە لە کەرکوکدا دەستی پێکرد، لە سەرەتاوە لە (١٩٦٣)دا پرۆژەی بەعەرەب کردن لە رەحیماوەو ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوک دەستی پێکرد، زیاتر کە لە ساڵی (١٩٧٤)دا شەڕەکە دەستی پێکردەوە.

له دوا دانیشتنی بەرنامەکراو کە بەسەرۆکایەتی (تەها یاسین رەمەزان) بوو بەر لەمانگێک، وەکو لێپسراوی رێکخراوی (شمال) لە کەرکوک بە ئاشکرا باسی کرد، لەو کاتەی کە قسەی دەکرد لەوانەیە نوێنەرانی هەولێرو سلێمانی لەناو حیواردابوون، بەلاّم (تەها یاسین رەمەزان) هەرچەند خۆی کوردە دەیگوت: (راح ننضرب، ننضرب، بس احنا راح ندافع عنها لحد الموت، سنموت من اجل كركوك، لان كركوك عربية) و، کورد دەیەوێ لە دەستمان دەربکات «گوایە خۆی عەرەبە»، ئەمە مداخەلەی تەها یاسین رەمەزان بووە لە سەرکردایەتی حزبی خۆی لە کەرکوک بەر لە مانگ و نیوێک، یان دوو مانگ، لەو کاتەدا کە وەفدی گفتوگۆ لە بەغداد بوو.

بە بۆچوونی من ناکرێت تەنها بە بەیان بلّێین هەلّوێستمان هەبوو، بەڕای من ئەمە هیچ ناکات بۆ دەرکراوەکان و، هیچیش ناکات بۆ کێشەکەمان، بە بۆچوونی من هەموو شێوازێک بەکار بێنین، واتا ئەگەر کوردێک لە بەسرە بێت نابێ مافی هەبێت وەکو مرۆڤێک؟، یان عەرەبێک لە حاجی ئۆمەران، یان لە زاخۆ هەبێت مافی نییە؟، هەرچەند ئێمە جیاواز بین لەیەک با ئێرە کۆماری کوردستان بێت، وا دیارە چارەسەری کێشەکان هەر دەبێ لە چوارچێوەی عێراقدا بێت.

یەک تێبینی بچوکم هەیە لەسەر ئەم یاداشتەی کە ئەندامان نووسیویانە، وەکو بلّێی تەنها کورد دەردەکرێت لە کەرکووکدا، ئەمجارە ئێمەش بەشمان هەبوو، تورکمانیش بەشی هەبوو، ئەوە یەکەمین جارە کە ئێمەش هاوبەشین و، ئەگەر بلّێین دەرکردنی نەتەوەکانی کە عەرەب نین لەوانەیە لە رووی سیاسیەوە دژی ئەوان بەهێزتر بێ، لە جیاتی کورد، کەچی زۆربەشیان کوردن.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، پێشنیار دەکەم لە دوو سێ لاوە هەولّ بدرێت، یەکێکیان لەگەلّ رژێم خۆیەوە، برادەران کە گفتوگۆ دەکەن با بۆ نیشاندانی نیاز پاکی (إبداء حسن النيه)، یەکەمین هەنگاو ئەم دەرکردنە بوەستێنن، نەک تەنها بیوەستێنن، ئەگەر بکرێت هەندێک لە دەرکراوەکان بگەڕێننەوە شوێنی خۆیان، چونکە رژێم پێویستی بە ئێمەیە بۆ لابردنی هێلی (٣٦) و (٣٢)، هەروەها لابردنی ئابلوقە، ئێمەش دەلّێین قەیناکە عێراقە بە گفتوگۆ رازین، بەلاّم ئەمە کەی نیاز پاکییە کە بەم زستانە ئەم خێزانانە دەردەکرێن؟، بەڕای من ئەو برادەرانەی کە لەناو گفتوگۆدان هەولّ و فشاری خۆیان بەکار بێنن، بەرای من (U.N) نابێ تەنها وەکو شارەوانی لێرە بێت بۆ ئەوەی نان بدات بە خەلّک، یان کوژراوەکان بنێژن، بڕیاری (٦٨٨) رێگا نادات بەوەی ئەم هەلّسوکەوتانە بکرێت، نەتەوە یەکگرتووەکان نابێ وا لاواز بێت، دەبێت بجولّێتەوە.

ئێمەش وەکو پەرلەمان نابێ تەنیا هەر هەلّوێست وەربگرین، بچینە سەر نەتەوە یەکگرتووەکان و، هەموو لایەک وەکو پەرلەمان و، هەروەها حزبەکانیش حەرەکە بکەین لە دەرەوە لەسەر (امنیستی نشنال) لەسەر مافی مرۆڤ و، نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەموو شوێنێکدا لە دونیا، واتە حەرەکەیەکی کاریگەری هەبێت، دوایی جێگای داخەش کە برادەرێک لێرەدا باسی کرد، لێرە (٢٠٠) خێزان باسی کردووە، من پرسیارێکم لە بەرێز فرەنسۆ کرد گوتم دەرکراوەکانی شاری سلێمانی و لایەنگرانی پارتی چەندە؟ لەوەلاّمدا گوتی زیاتر لە (١٠) هەزار خێزانە واتا (٢٠)

بەرامبەر دەرکراوەکانی کەرکووک، ئەمە زۆر جێگای داخە، ئەتوانم بڵێم لە هیچ پێوەرێک بەرگە ناکرێت و، نازانم ژمارەی ئەو خێزانانەی لێرە بۆ ئەودیو دەرکراون چەندە، بە بۆچوونی من ئەمەش دەبێ پەرلەمان هەڵوێستێکی هەبێت، وەکو چۆن ئەو هەڵوێستە پیرۆزە کە لێرە هەردوو کوتلە و ئێمە توانامان کاتی خۆی کە شەڕ دەستی پێکرد لە ساڵی (١٩٩٥) وەریبگرین. با ئێستاش پەرلەمان جولەیەک بکات، لیژنەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان و پیاو ماقوڵان پێک بێت، چونکە گونجاو نییە هەموو رۆژێک دەرکردن بکرێت لە سلێمانی بۆ ئێرەو، لێرەوە بۆ سلێمانی. دەرکراوەکانی هەر سێ لاش پەرلەمان بزووتنەوەیەکی جدی بکات بۆ چارەسەر کردنی. هەندێک کەس لێرە، یان لە سلێمانی نانیان نییە، شوێنی خۆیان بەجێ دێلن دەڵێن یەکێتی، یان پارتی منیان دەرکرد، دەچێتە ئەوێ ماڵێک بۆ خۆی دەردەکات و، دادەنیشێ و، بازرگانی خۆی دەکات، یان بە پێچوانەوە لە سلێمانی دێت بۆ ئێرە ئەو کەسانە دەبێ جیا بکرێنەوە، ئایا راستە ئەمانە دەرکراون، یان خۆیان هاتوون؟و، ئایا کێ سوود وەردەگرێ لەو ماڵانەی کە ئێستا دەردەکرێن، ؟، جا ئەگەر بڕیاری سیاسی هەبێ و، هەستی نەتەوایەتی هەبێ ئەو شتانە ناکرێ، یەکێک هەڵوێستێکی سیاسی هەیە چی تێدایە چ دەکات و، چ ناکات، ئەگەر پەیوەندیی بە (T.N.T) و (R.B.G) نەبێ وەکی دی بیروبۆچوونی ئازادە، جا بەرای من بۆ دەرکراوەکانی هەردوولا جولەیەکی جدی بکەین، لەوانەیە بگەینە ئەنجامێکی باش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو د. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان دەرکردن و، بە عەرەب کردنی ئەو جێگایانە پێشێل کارییەکی بە کۆمەڵی مافی مرۆڤە، ئاشکرایە ئەو دەرکردنەی لەلایەن خۆمانەوە هەیە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو دەرکردنەی کە رژێمی بەعس دەیکات لەو جێگایانەی کە کوردنشینن، چونکە ئەوە دەرکردنەو بە عەرەب کردنیشە لە هەمان کاتدا، پێویست ناکات ئەم شتانە دووبارە بکەمەوە، چونکە هەموو کوردێک بەو سیاسەتە ئاشنا بووە و بۆتە بەرنامەیەک لە بەرنامەکانی حزبی بەعس کە سەبارەت بە ناوچەکانی کورد نشینن لە ژێر دەسەڵاتی ئەودان دەیکات، دیارە روونە کە چ ئامانجێکی هەیە، بەڵام ئایا ئێستا ئێمە وەکو پەرلەمان کە لێرە دانیشتووین گفتوگۆی ئەم بابەتە دەکەین چیمان پێ دەکرێ بۆ چارەسەرکردنی؟، بۆ چارەسەر کردنی ئەم بابەتە من دوو خاڵم هەیە:

یەکەم: ئێستا ئەمرۆ سیستەمی جیهانی تازە کە تەبەنی کراوە لەلایەن ئەو وڵاتە گەورانەی کە حوکمی دونیا دەکەن، ئەو کردەوەیە ناگونجێ لەگەڵ ئەو سیستەمە بە تایبەتی سەبارەت بە باری ئێستای ئێمە کە بڕیاری (٩٨٦) لە ئارادایە. ئەو بڕیارە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر بێتو ئێمە بتوانین یاداشتێک بدەین بە نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو پەرلەمان داوا

بکەین کە ئەوە جگە لەوەی پێشێلکاری بە کۆمەڵی مافی مرۆڤە لە هەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی کۆسپ بەرنانە جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە بۆ ئەوان، چونکە تۆ کۆمەڵێک خەڵک رادەگوێزی دەیانهێنیتە ئێرە، سەرژمێری بکەو ئەو ئازووقەیە دابەش بکە، بەو جۆرە ئەوان دەتوانن کار بکەن و، ئەو خەڵکانە بگەڕێننەوە شوێنی خۆیان، یاخود بەلای کەمی جارێ بیوەستێنن، بەتایبەتی لەم رۆژانەدا دووبارە رەزامەندی لەسەر بڕیارەکە کراوە بۆ قۆناغێکی دیکە کە نەوت بڕوات. مانای وایە ئەم بڕیارە بەردەوام دەبێت، کە بەردەوام بێت، ئەگەر ئەم کردارەش بەردەوام بێت ئەوە بۆ ئەوانیش سەرئێشەی زۆر دورست دەکات.

دووەم: سەبارەت بە خۆمانەوە کە چ بۆ دەرکراوەکان بکەین؟. رایەک هەیە وەکو پێشنیار ئەگەر بکرێ ئەوانەی لەم دواییەدا دەرکراون بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان بە رێگای نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەر شێوازێکی دیکە، ئەگەر ئەوەشمان بۆ نەکرا ئەو خەڵکانە لە شوێنی دوور نیشتەجێ نەکەین، ئێمە هێلی (٣٦)مان هەیە ئەو ناوچە سنووریانە هەوڵ بدەین ئەم خەڵکانە لەم شوێنانە نیشتەجێ بکەین چ بە دروست کردنی خانوو بێت، یاخود خێوەت بێت، بۆ ئەوەی ئەو هێلە ببێتە هۆی ئەوەی لەوە زیاتر نەیەتە پێش، یانی ئەو خەڵکە بتوانن لەوێ بەرژەوەندییەکانی خۆیان، زەوییەکانی خۆیان بچێنن بەتایبەتی لە ناوچە سنوورییەکانی وەکو مەخمورو جێگاکانی تر، لەوێوە نیشتەجێ بکرێن باشترە لەوەی دوریان بخەینەوە بیانبەینە شوێنێکی دیکە، تەنیا ئەو دوو پێشنیارەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. ئیدریس، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان کەس ناتوانێ حاشا لەوە بکات کە دەرکردن هەیە لە کەرکوکدا، بەڵام گومان لەوە دەکرێ کە هەموو ئەو کەسانەی دێن و، دەڵێن دەرکراوین کە دەرکراوبن، تا ئێستا هیچ خێزانێک لە کەرکوکەوە نەهاتوون کە ئێمە نوێنەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نەبەین و، خێزانەکە نەبینێت کە دەرچووەو، (U.N) لە من زیاتر زانیاری لەسەر دەرکراوەکان هەیە، ئێمە وەکو پارێزگا ئەفسەرێکی پەیوەندیمان (ارتباط) داناوە لە نێوان (U.N) و ئاوارەکان وەکو گوتم هەر خێزانێک هەر کەسێک دێت (U.N) دەچێت دەیبینێ و تۆماری دەکات، بەڵام رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش گومانی پەیدا کردبوو، چونکە وەکو کاک سیروان گوتی لە بەهاردا هەندێ ماڵ هاتن لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەرکراون هاتنە لای ئێمە لە بنەسڵاوەدا شوێنمان بۆ دابین کردن، پاشان خۆیان هاتن موراجعەیان کرد گوتیان دەگەڕێینەوەو، گەڕانەوەش بۆ کەرکوک و، چوونە جێگاو رێگای خۆیان لەسەر ئەوە (U.N) گومانی پەیدا کرد، باشە ئەگەر دەرکراون دەیانگوت خانوومان لێ وەرگیراوەو زەویمان لێ وەرگیراوە، تاخمەک چوون و، هاتنەوە لای ئەوان دەڵێن «وەڵڵا گەڕاینەوە سەر دوکانی خۆمان و سەر ماڵی خۆمان و سەر گوندی خۆمان، ئێوەش

بگەڕێنەوە» ئەوانیش چوونەوە، (U.N) نەختێک گومانی پەیدا کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو داوایانەی ئەو برادەرانە دەیکەن سەبارەت بە (U.N) ڕۆژانە [ ( مستر گێر هارد ) کە کاک ئەکبەر باسی کرد کەسی سێیەمە لێرەدا، یەکەم (کیڤەن)ە و، دووەم (ماکسل)ەو، ئەو سێیەمە، ئەوانی یەکەم و دووەم لەناو ڕووداوەکانین (گێر هارد) ڕێکخەرێکی مەیدانییە] ئەو هەمیشە لەگەڵ (شێخ ئاخر)و ئەوانە دەچن شوێنەکان دەبینن.
بۆ مەسەلەی کردنەوەی ئۆردوگاکە کە کاک شێخ جەعفەر باسی کرد، ئێمە کاتی خۆی زەویشمان ئامادە کرد، جێگاشمان ئامادە کرد، داوامان لە (U.N) و خاچی سوور کرد کە دەرکراوەکان بکەینە یەک و لە جێگایەکدا دایانبمەزرێنین، بەڵام ئەوان لەگەڵ ئۆردوگا دروست کردن نین، ئێستا ماوە نادەن ئۆردوگا دروست بکرێت، ئێمە وەکو پارتی چ لە هاتووچووی ناو حکومەتدا، چ لە ڕاگەیاندنەکانی خۆمان باسی دەرکردنمان کردووەو، وتار لە خەبات و برایەتی دەربارەی دەرکردن نووسراوە داوا لە حکومەت کراوە کە سنوورێک دابنێت، ئەو برادەرانەی ئێمە کە دەچن بۆ لای حکومەت زۆر بە ڕاشکاوی قسەیان لەگەڵدا کردوون، یانی ئەو قسانە کە دەکرێت کەم خاڵ هەیە پارتی جێبەجێی نەکردبێ و، کاری بۆ نەکردبێ، هیچ کەناڵێک نەما کە ئیشی لەسەر نەکردبێ.
ئێمە لە هەولێردا تەنیا ئەو ئاوارانەمان نییە، ئەگەر مەسەلە هەر ئەوانە بێت کە لەکەرکوکەوە دێن لەسەر سەری خۆمان دایان دەنێین. ئێمە لە دوا شەڕدا ئەوەی ناویان لێناوبوو (گەردەلوولی شەرمەزاری)، ئێمە ئاوارە و دەرکراومان لە ناوچەکانی (سیدەکان و، باڵەک و، ئاکۆیان و، خۆشناوەتی) هەبوو، من باسی سنووری ناوچەی هەلێر دەکەم هەتا لە ناوچەی (بارزان) ئەوەی کاک د.ڕزگار باسی کرد لەبەر تیرۆرستەکان ئێمە ئێستا خانوویان بۆ دروست دەکەین لە ناوچەی بارزان نزیکەی (٦٠٠ــ ٧٠٠) خێزان، لەوانەیە نزیکەی (١٠٠٠ــ ٢٠٠٠) خێزان لەوێدا هەن، ئێمە خەریکین بەم زستانە خانوو بۆ بەشێکیان دروست دەکەین.
هەموو ئەو خێزانانەی کە دەرکرابوون ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێ، چ ئەوانەی لە ناوچەکانی (باڵەک و حاجی ئۆمەران و چۆمان)، چ ئەوانەی لە (سیدەکان و خۆشناوەتی) دەرکرابوون، ئەوانە هەمووی بەپێی توانا شتێکمان بۆ کردوون. ئێستا خەڵکی ئێمە لە ئێرانیش دەگەڕێنەوە. ئەوانەی کە لە ئێران دەگەڕێنەوە خەڵکی کەرکوکن، خەڵکی خانەقین جێگایان نییە، ئەوانیش بووینە بار لەسەر ئێمە خەرکین جێگا بۆ ئەوانیش دابین دەکەین، یانی ئەوەی لەدەستمان بێت و، لەدەسەڵاتماندا بووە ئێمە کەمتەرخەمیمان نەکردووە.
پەرلەمان یاداشت دەنووسێ، پەرلەمان دەچێتە لای (U.N) چی دەکات ئێمە زۆرمان پێ خۆشە، پشتگیرییە بۆ ئیدارە، بەڵام من دڵنیاتان دەکەم هیچ مەجالێک نەماوە ئەوەی برادەران قسەی لەسەر دەکەن، ئێمە بە کردووە ئیشمان لەسەر نەکردبی، من نەمزانی لەسەر ئەم بابەتە قسە دەکرێت ئەگینا من بە بەڵگە سەرژمێریم دەهێنا کە چیمان کردووەو چیمان نەکردیە!
بەڕێز مەلا تاهیر باسی ئەوەی کرد کە کەرامەتیان بپارێزرێ، ئێمە ئەوپەڕی ڕێزمان هەیە بۆ

دەرکراوەکانی (گەرمیان و سلێمانی و شارەزوور و کەرکوک) کەلە ئەنجامی شەڕی نێوان ئێمە و جەلالییەکان ئاوارە بووینە، ئەوەی بۆمان نەکردوون، یان بۆمان نەکراوە دەسەڵاتمان نەبووە، نەمانتوانیوە بۆیان بکەین، بەڵام ناشبێت هەر برادەرێک بێتە لای ئەندامێکی پەرلەمان بڵێ من هیچم بۆ نەکراوە پێی بڕوا بکەن. لەوانەیە ڕۆژانە (٥٠) دەرکراو دەبینم دێنە لام یاداشت دەنووسن دەڵێن لەوەتەی ئێمە دەرکراوین هیچمان بۆ نەکراوە. دەنێرمە دوو شێخ (ئاخر) دەڵێت ئەوەی بۆ خەڵک کراوە بۆ ئەوەیش کراوە. بەڵام ئێمە ناتوانین ئەو کەسە چۆن لە سلێمانی ژیاوە لێرە وای بۆ بکەین، چونکە ئێمە هەرچی بۆ بکەین ناتوانین چۆن لەماڵی خۆیدا ژیاوە هەمان ژیانی بۆ دابین بکەین، ئەگەر نا ئەوی ترمان بۆ کردووە. حەزیش دەکەین مامۆستا مەلا تاهیر و هەر ئەندامێکی پەرلەمان، هەر دەرکراوێک هەر ئاوارەیەک، هەر کەسێک کە هەست بە زولم بکات گلەیی لەوان دەکەن بینێرنە لای من، من لێی دەکۆڵمەوە، انشاءالله گرفتەکانیان ناهێڵین.

ئێستاش بەپێی زانیاری من لەوانەیە لەم دواییەدا (٩٠) ماڵێک دەرکراون، دیسان دووپاتی دەکەمەوە من و (U.N) گومانمان پەیدا کردووە، ئایا ڕاستە هەموویان دەرکراون؟، یان خۆیان هاتوون. ئێستا خەڵکی ئێمە کە دەچنە بەغداد وا تەسەور دەکەن لە کوێتی جاران هاتوون، لەبەر ئەوەی باری ژیان لێرەدا (١٠٠) بەرامبەری لای حکومەتی ناوەندی باشترە، لەبەر ئەوە زۆر کەس سەریان هەڵدەگرن دێنە ئێرە بۆ ئەوەی بژین، ئێمە وەکو ئیدارە ئامادەین بۆ خزمەتی ئەو برایانەو، هەر پێشنیارێکیش پەرلەمان دەیکات، ئەگەر نەمان کردبێ ئامادەین جێبەجێی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. بۆ کاک فرەنسۆ بۆ ئەو ڕوونکردنەوانە، هەرچەند ناحەقی نەبوو، ئێمە بڕیارمان دابوو ئەم بابەتە دوابخەین، بەڵام بە هەڵمان زانی، چونکە کاتمان بەدەستەوە بوو تۆزێک پاش و پێشی بکەین. جاری یەکەم کە پرسیمان کێ دەیەوێ قسە بکات؟، تەنها ئەو ئەندامانە ناوونووس کران (٩) کەس بوون، بەڵام دیسان چەند ئەندامێک دەستیان بەرز کردۆتەوە، بەسەرچاو، ماوەتان پێ دەدەین قسە بکەن. فەرموو د. ڕزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ زانیارییەکانی کاک فرەنسۆ، وادیارە وەکو ئێمە هەستی پێ دەکەین خەڵکی دەڤەرێ دهۆک بایەخێکی باشیان پێ دەدرێ و، ئەو توانایانەی کە هەنە سوودیان لێ وەرگیراوە، بە کردەوە هەندێ شت بۆ خەڵک دەستەبەر کرا لەلایەن ئیدارەو حزبەوە، ئەوەش جێگای سوپاسە.

لێرە پرسیارێک ئاراستەی بەڕێز فرەنسۆ دەکەم ئەگەر بتوانێ هەندێک زانیاریمان پێ بدات دەربارەی ناوچەی یەزیدییەکان. ئەو هەولانەی کە دەکرێن لەسەر گوندەکانی وان وەکو (گرێ پان، شارێ) دەردەکرێن و، زەوییان داگیر دەکرێت، ئەگەر زەحمەت نەبێ کاک فرەنسۆ چ ئیجرائاتێک وەرگیراوە ؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا خۆی گوتی من خۆم ئامادە نەکردووە، ئینجا حەز دەکەن هەڵبیدەگرین بۆ دوا دانیشتن، ئەگەر بەیانی بودجە تەواو بکەین، لە هامشی ئەو کاتەی دادەنێین بزانین چ بڕیار دەدەین لێرە، ئەویش لەوێ تەواو دەکەین، لەوانەیە کاک فرەنسۆ باشتر خۆی ئامادە بکات، ئێمەش سوپاسی دەکەین.

فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزو پشتگیریم بۆ فەرمووده‌کانی برادەران، ئیزافەیەکم هەیە ئەویش ئەوەیە: لەو بارودۆخە ناسکەدا حکومەتی بەغداد لەسەر ئەو هەموو لاوازییەشی کردەوەیەکی تازەی کردووە ئەویش ڕازی نەبووە بە (خانەقین و کەرکوک و سنجار)، بەڵکو بەرەو پێش هاتووە قەزای مەخموریشی قوتدایە، هەتا گەیشتۆتە نزیک قوشتەپە، زەوییەکانی بە پانایی ملیۆنێک دۆنم لە خاکی کوردستان دابڕیوە بەناوی (استملاك واطفاء) دەستی بەسەر داگرتووەو، هەموو جوتیارە کوردەکانیشی دەرکردووەو، زەوییەکانیش دابەش کردووە بەسەر جوتیاری عەرەبدا، کە ئەمانیش جوتیار نینە، بەڵکو بەدونە، لە ناوچەی بیابانەوە هاتوون تازە جێنیش کراون لە ناوچەی مەخموردا. پێم خۆشە ئەمەش یەکێک لە خاڵەکان بێت ئەگەر لە دوا ڕۆژدا بەیاننامە بەناوی پەرلەمانەوە لە پەرلەماندا دەرچوو، یاخود بە ڕێگەی نوێنەرەکانمان لە دەرەوە حکومەتەکان تێگەیەندران، یاخود بە ڕێگەی وەزارەتی مرۆڤایەتی ئاگادار کرانەوە، یان لێرەدا خۆپیشاندان ساز کرا بۆ بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان.

بێجگە لەمانەش ئەم دەرکردنە بۆتە هۆیەکی گەورە بۆ هەڵاتنی ئەو هەموو خەڵکە بۆ دەرەوەی کوردستان کە ڕۆژانە لە سنووری ئیتاڵیاو لە سنووری یۆنان و تورکیا دەگیرێن، ئەو کوردانە کە لە دەرەوە دەگیرێن لەسەر ئەم بارە ناخۆشە دووبارە دەردەکرێنەوە بۆ ئێرە، لێرەش بەو رەقییە حکومەتی عێراقی دەیانچەوسێنێتەوە، یانی یەکێک لەو شتە زەقانەی کە حەق وایە بخرێتە بەرچاوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بڵێین ئەمە یەکێک لە هۆیەکانی دەرچوونی خەڵکە لە کوردستاندا سەرەڕای پرۆژەی (پرۆڤاید کۆمفۆرت)، کە خەڵکی بە سەدەها و هەزارەها گوند لە کوردستاندا تاکو ئێستا حکومەتی عێراقی تەعریبی دەکات، کە خەڵکێک زەوی نەما، پاشەرۆژی نەما، مافی هاووڵاتێتی نەما، مافی دامەزراندنی نەما، ڕوو بکاتە کام لاو کێ بەرگری لێ دەکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک سەعید. بەڕێز کانەبی ئاغا فەرموو.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی بەڕێز کاک فرەنسۆ دەکەین کە لەگەڵ بەڕێزان زۆر شتیان باس کرد، بەڵام کەس باسی

ناوچەی مخموری نەکرد، هەرچەندە رژێمی بەغدا ئێستا خەریکی بە عەرەب کردنی ناوچەکەیە، بەپێی ئەو زانیاریانەی کە ئێستا پێشکەشتانی دەکەم. هەروەکو ئاشکرایە کە قەزای مەخمور یەکێکە لە هەرە قەزا گرنگەکانی پارێزگەی هەولێر وهەرێمی کوردستانی عێراق لە رووی جوگرافی وئابووریی وکشتوکاڵی وکۆمەڵایەتییەوە و، ئەم قەزایە لە (٣)ناحیە پێک هاتووە، ئەوانەش ناحیەی(کەندیناوە)کە ژمارەی گوندەکانی(٧٢)گوندە و، ناحیەی(گوێر)ئەویش پێکهاتووە لە(٥٥ تا ٦٠)گوند و، ناحیەی(قەراج) ئەویش پتر لە(٧٠)گوندە و، ناحیەیەکی تریشی دروست کردووە بە ناوی ناحیەی(عدنانیە)لەو جێگایەی کە فرۆکەکەی عەدنان خێروڵڵای لێ کەوتە خوارەوە، پانتایی ئەو قەزایە(١،١٧٠،٠٠٠)دۆنم زەوی کشتوکاڵییە، کە بە باشترین زەوی دەژمێردرێت بۆ کشتوکاڵ. لەوەتی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، رژێمی فاشست لە بەغدا دەستی کردووە بە سیاسەتی بە عەرەب کردنی خەڵکی ئەو ناوچەیە بە ناوی (اطفاء)ی زەویوزاری ئەو قەزایە و، لە وەرزی کشتوکاڵدا بە تەواوی زەویوزاری ئەو قەزایە (اطفاء)کراوە و، بەرگری کردنی تەواوی ئەو خاوەن زەویانە کراوە کە تەسەروفیان هەبووە، هەروەها لە جووتیارەکانیش قەدەغە کراون، ئەو زەویانەش بە کرێی ساڵانەی کە دینارێکی عێراقی تەزویرە دراوەتە چەند عەشائرێکی عەرەب و موستەشارو جاشی حکومەت دانیشتوانی ئەم قەزایە نزیکەی(١٠٠)هەزار کەس دەبێت.

لە باتی ئەوەی کرکووک وخانەقین و سنجار و ناوچەکانی تر رزگار بکەین لە بە عەرەب کردن، وا مەخموریش خرایە لیستی بە عەرب کردنەوە.

سەبارەت بە وەرگرتنی ئیجرائاتی پێویستیش، ئەندامە بەڕێزەکان پێشنیاریان کرد کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وپەرلەمان وسەرکردایەتی پارتی وحزبەکان هەرچی لە دەستیان دێت بە زووترین کات پێی هەستن، ئەویش بە پەیوەندیی کردن بە (UN) و، ولاتانی دەرەوە و جامیعەی عەرەبی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان زۆر باسی بە عەرەب کردنی ناوچەکانی کوردستانیان کرد لەلایەن رژێمەوە. لە ساڵی١٩٦٣ وەبە عەرەب کردن لە کەرکوکدا بەگەرمی بەردەوامە هەر چەندە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٧ وسەردەمی حکومەتی یاسین الهاشمی لەسەردەمی پاشایە تیدا و، سەرەتا لە پرۆژەی حەویجەوە دەستی پێکردووە، لە ساڵانی حەفتاکانیشدا کە

وتوویژ هەبوو لە نێوان بارزانیی نەمرو ڕژێمدا، هەموو دەزانین کە کێشەیان لەسەر کەرکووک بوو، بارزانیی نەمر کە لەگەڵ ڕژێمدا کەوتە گفتوگۆ وتی: یەک گۆڕستانێکی عەربم بۆ بدۆزنەوە لە کەرکووک ئەو کاتە من قسەیەکی تر دەکەم. ئێستا ڕژێم سوودی لەوەش وەرگرتووە، ڕەنگە ئێستا بە چەندین گۆڕستانی عەرەب لە کەرکووکدا قووت کرابێتەوە. وادیارە ڕژێم واز لەم جۆرە سیاسەتە ناهێنێ، لە ساڵی ١٩٦٣ تاوەکو ئێستا خەڵکی کەرکووک دەربەدەرو دەرکراوی شارەکانن، کە ئێستا لەوانەیە لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان و جنوبیش ئاوارەی کەرکووکی هەبێت، کە دوو سێ نەوەی خستووەتەوە، ڕەنگە ئەو نەوانە هەر نەزانن بە زمانی خۆشیان قسە بکەن. من پێشنیار دەکەم کە یاداشتنامەیەک بدرێتە (UN) هەرچەندە سوودیشی نابێت، لەگەڵ دوڵەتە عەرەبییەکان وبەتایبەتی جامیعەی عەرەبیشدا هەوڵێک بدرێت، تاوەکو لە دانیشتنەکانی خۆیاندا باسی بکەن. ئێمە ئەگەر بۆ ئەو لایەنەش جووڵانەوەیەک بکەین ڕەنگە خراپ نەبێت، لە مانگی(٥) یشدا وەکو دەڵێن هەندێ ماڵ گەڕانەوە بۆ کەرکووک، ئێمە لە دەزگای ڕاگەیاندن وچەند شوێنێکی تری وامان گوێ لێ بوو کەوا (UN) گەڕانوویانیانەتەوە، ئەگەر ڕاستە (UN) گەڕانویانیەتەوە ئەوە ئێمە زۆر سوپاسیان دەکەین. حەقە ئەو جموجۆڵە دووبارە بکرێتەوە بۆ ئەو خێزانە ئاوارانە، چونکە (مسخ)ی نەتەوەیی بەردەوامە لە کەرکووکدا و، ئەم مەسخەش نەک هەر تەنها بۆ کوردی کەرکووکە، بەڵکو ئاشووریەکانی کەرکووکیشی گرتووەتەوە و، کاتی خۆی لە ئامار و ڕەسمیاتدا ئەوانیش نەدەبوایە بنووسن قەومییەت ئاشووری، یا کلدانی، بەڵکو دەبوایە بنووسن عەرەب. هەروەها تورکمانەکانیش، واتە حکومەت لە سیاسەتی خۆیدا نەگۆڕاوە بەرامبەر بە کورد و تورکمان و ئاشووری کەرکووکیش، جا دەبێت ئێمە بەراستی بۆ ئەم مەسەلەیە بجووڵێینەوە، بۆ ئەوەی لەم کێشەیە ڕزگارمان بێت، ١٣/١/١٩٩٢، ئەوسا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد بووم، چووینە خزمەت سەرۆک مەسعود بارزانی، بەڕێزی بۆی گێڕاینەوە فەرمووی، بارزانی نەمر لە پیلانی تەقینەوەی مەلاکاندا بە سووکی بریندار بوو، ئێمە بەدیار سەرێوە بووین کە چارەسەر دەکرا وباسی ئەوەمان دەکرد کە دەبێ لەگەڵ ڕژێمدا بەشەڕ بێینەوە وتۆڵەی ئەو تاوانەی لێ بکەینەوە، لەوکاتەدا بارزانی نەمر لەژێر کاریگەریی(بەنج)ە کە ڕزگاری بوو و چاوی کردەوە، فەرمووی: نابێ بیر لەشەڕ بکەنەوە، ئەگەر شەڕیشتان کرد لەسەر کەرکوک بیکەن، نەک لەسەر من.

بەرزی من بارودۆخی ئێستای کەرکوک وخەڵکی کەرکوک هەر هەمان بارودۆخە و، چارەسەرەکەش هەر هەمان ئەو چارەسەرەیە کە بارزانی نەمر پەنجەی لەسەر دانا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس فەوزیە خان، کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی ئەمڕۆ ڕژێمی بەغدا پێڕەوی دەکات بەرامبەر بە دانیشتوانی شاری کەرکووک وشارەکانی تری کوردستان کەوا هێشتا لە ژێر دەسەڵاتیدا ماون، ئەمە سیاسەتێکی تازە نییە، هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە کە حزبی بەعس هاتە سەر حوکم، بەعسیەکان داهێنەری ئەم سیاسەتە بوون و، هەر ئەوانیش بوون گوند وگەڕەکەکانی ناوشارو دەوروبەری کەرکووکیان چۆڵ دەکرد. هەروەها لە خانەقین وزمار وشێخان وشنگار وناوچەکانی تریش. لەگەڵ ئەوەشدا دەستیان بە فەرهود کردنیش دەکرد و، ماڵی کوردیان تاڵان دەکرد. سەرەڕای ئەوەش ئێمە بەدرەو جەسانیشمان لە دەست دا، زۆر کەس لە ئێمە کە باسی کوردستان دەکەین ناوی بەدرەو جەسان ناهێنین و، کە تەماشای نەخشەی کوردستانی عێراقیش دەکەین وا دەزانین بەدرەو جەسان کە کەوتوونەتە نزیک شاری کووتەوە، ئیتر ئەو شوێنانە هیچ پەیوەندییەکیان بە کوردستانەوە نییە، هەرچەندە ئیمە ئەمڕۆ وەکو کورد، وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان، وەکو بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لە کوردستانی عێراقدا و، بەتایبەتیش شۆڕشی ئەیلولی مەزن، بەرنگاریەکی زۆر گەورەمان کرد بەرامبەر بەم سیاسەتەی ڕژێم، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا بێ ئەنجام بووە تاوەکو کار گەیشتە ئەوەی کە ئەمڕۆ دیسانەوە گوێبیستی ئەوە دەبین جار جار گفتوگۆ هەیە لەگەڵ ڕژێمدا، بەڵام بەداخەوە ڕژێم هێشتا لەسەر ئەو سیاسەتە نارەوایەی خۆی بەرامبەر بە کورد هەر بەردەوامە. من بەش بە حاڵی خۆم یەکێکم لەوانەی کە کەسوکارم بەرەو جنوبی عێراق ڕەوانە کراون، هەندێ کەسی ناسیاری من هەیە کە ناچار کراون تەسحیحی قەومیەتیان بکەن، تەسحیحی قەومیە ئەوەیە کە بە زۆر بڵێت من عەرەبم. خەڵکی ئەوەی کە لە تەمەنیدا پێکی ناوە بە ئاسانی ناتوانی لە دەستی بدات، بۆیە لە ترسانا ناچار دەبێت خۆی بکات بە عەرەب و هەر بیریش لەوە دەکاتەوە کە کاتێ ئەم ڕژێمە نەمێنێ تەسحیحی قەومیەتەکەی بکاتەوە بۆ کورد. دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت، کە ئەگەر ئەم سیاسەتە درێژە بکێشێت دەبێتە ئەمری واقع ، ئەمری واقعیش چارەسەر کردنەکەی زۆر زحمەتە.

ئێمە کە باسی کورد دەکەین لە کوردستانی سۆڤییەتدا، ئێستا کورد کە لە تورکمانستان وکازاخستان هەیە، لە ئاکامی ڕاگواستنی کوردە لە ئازربایجانی سۆڤێتەوە ، یا لەو پارچە کوردستانەوە کە لە ئازەربایجانی سۆڤێتیدایە، کە پێی دەڵێن(لاچین و کەڵبەجار و قوباتلی و زەنگیلەن)کە ئێستا کورد کەوتووەتە کازاخستان وتورکمانستان و ئەو کۆمارانەی ئاسیای ناوەراستی سۆڤێتی پێشوو، هەروەها ئەوانەی مازەندەران وکوچان کە ئێستا دەیان کوردی بەناوبانگی تیادایە، ئەویش هەر لە ئاکامی ئەو ڕاگواستنەوە بووە کە کراوە. ئەگەر ئێمە بەرامبەر بەم کارە بێ دەنگ بین، وابزانم گوناهێکی گەورە دەکەین، هەرچەندە ئێمە وەکو پەرلەمان، وەکو

ئەو حزبەی کە ئێستا باڵادەستی هەیە لە پێکهێنانی ئەم حکومەتەی کابینەی سێیەم بێ دەنگ نەبووینە، بەڵام دەبێت هەوڵ بدەین کە هەنگاوەکانمان خێراتر بنێین و، هەوڵ بدەین کە ئەو خەڵکەی کە دەرکراون وگەیشتوونەتە ئێرە، بە هەر شێوەیەک بێت بیبیان گەڕێنینەوە بۆ شاری کەرکووک و ئەو ناوچانەی کە لێی دەرکراون. ڕێزم بۆ رای ئەو ئەندامانە هەیە کە دەڵێن با بیبیان حەوێنینەوە. راستە حەوانەوەیان شتێکی باشە، بەڵام دەبێت حەوانەوەیان بە شێوەیەکی کاتی بێت. دەبێت هەمــوویان پێکەوە بن بۆ ئەوەی لە یەک دانەبڕێن و، لە بیــریان نەچێت کــە ئەمــانە خــەڵکی کەرکووکن، یا خەڵکی زەمار بوونە، یا خەڵکی ئەو ناوچانە بوونە کە باوباپیرانیانی تیادا بووە. منیش دەنگم دەخــەمــە پاڵ دەنگی ئەو برایانە کــە دەڵێن با روو لە (UN)بـکـەیـن و، روو لـە ڕێکخـراوە خـێـرخـوازەکـان بکەین، بەناوی پەرلەمـان وبەناوی حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان و، بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان کە یاداشتنامەیەکیان بۆ بنووسین. دەبێت ئەوەش لە بیر نەکەین کــە سێ وەڵات لە(UN)دا هەیە، داکۆکی لە عێراق دەکەن و، ئێمەش پەیوەندییمان لەگەڵ دوو لەم وەڵاتانەدا باشە ئەویش کە روسیا وفەرەنسایە و، لە ڕێگای ئەوانەوە دەتوانین فشـار بخەینە سەر عێـراق، هەروەها لە ڕێگای وەڵاتانی عەرەبیشەوە وەکو سوریا ومیسر کە پەیوەندییمان لە گەڵیاندا زۆر باشە، جگە لە جامیعەی عەرەبی. پێویستە دەنگمان بگەیەنینە ئەو جێگایانە بۆ ئەوەی رژێم واز لەم جۆرە سیاسەتە بێنێ. هەرچەندە لە بەرژەوەندی رژێمدایە کە واز لەم سیاسەتە بێنێ، بەڵام بۆ واز ناهێنێ ئەوە شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، بەڕێز د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی ساڵح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینییەکی بچوکم لەسەر قسەکانی بەڕێز د. ناسح هەیە، ئەویش ئەوەیە کە وشەی (تصحیح القومیه) بەکار هێنا، مەبەستی د.ناسح (تغیر)ە نەوەکو (تصحیح)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک سیروان:

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم بابەتەکان تێکەڵ بە یەکتر بوون سەبارەت بە دەرکراوەکانی کەرکووک و ئەو دەرکراوانەی کە لێرەن، چونکە ئەمــانە دوو بابەتی لە یەک جیــاوازن. ئەگەر لە یەک جیــاواز نەبن ئەوە ئێمــە قسەیەکی زۆرمان هەیە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی خاڵەکە لە بنەڕەتەوە لەسەر ئەو دەرکراوانەیە کە حکومەت لە شارەکانی خۆیان دەریانیان کردووە، ئەمە وەکو پێشنیار چەند ئەندامێک بۆ ئێمەیان ناردووە، بەڵام وەکو دەڵێن قسە قسە رادەکیشێ و، لەبەر ئەوەی کە ئەم دوو بابەتەش پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، بۆیە لە باس کردن دا تێکەڵ بە یەک بوونە.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی دەرکراوەکان بۆچوونمان هەیە سەبارەت بە مەسەلەی دەرکراوان و، لە کاتی گفتوگۆ کردنی بوودجەش، دەمانەوێت ئەو مەسەلەیە باس بکرێتەوە، چونکە ئێمە هەوڵێکی زۆرمان داوە بۆ یارمەتی دانی ئەو ئاوارانە. جا حەز دەکەین ئەو بابەتە باسێکی لێوە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە تاوەکو ٣١مانگ ماوەمان بە دەستەوەیە، ئەگەر پێویستی بە درێژکردنەوە هەبێت ئەوە بەردەوام دەبین، هەر کاتێک گفتوگۆی بوودجەمان تەواو کرد دەتوانین پاشان یەک دوو سەعاتێک تەرخان کەین بۆ گفتوگۆ کردنی ئەم بابەتە.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو مەسەلەی کە بەڕێز کاک فرەنسۆ باسی کرد، کەوا دوودڵن لە گەڕانەوەی ئەو خەڵکە، ئێستاش خەڵکێک هەیە لە مانگی پێنجەوە دەرکراون لە (لیلان)ەوە و نەگەڕاونەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک فرەنسۆ نەیوت هەمووی، بەڵکو وتی هەندێک.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم ئەوەیە کە مەسەلەکە هەر بەردەوامە و، وەکو کێشە هەر ماوە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەین، بابەتەکە بە تێرو تەسەلی باس کرا و، لە لایەن حکومەتیشەوە روونکردنەوەمان بۆ کرا و، کۆمەڵێک پێشنیارشمان بۆ هاتووە لە نێوان گفتوگۆکانی ئێوەی بەڕێزەوە، یەکێک لەو پێشنیارانە ئەوەیە، کە پەیوەندیی بکرێت بە(UN) و وەڵاتە سەرپەرشتیارەکان ویاداشتنامەیشیان بدرێتێ، بۆ دەرخستنی ئەم مەسەلەیە. دووەم لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە سەردانی (UN)و رێکخراوە بیانیەکان بکرێت و، لەم کێشەیە ئاگادار بکرێنەوە. سێیەم لەگەڵ حکومەتی هەرێم وبەتایبەتیش وەزارەتی مرۆڤایەتی قسە بکرێت بۆ

هەنگاو نانێک بۆ ئەو لایەنە، لە راگەیاندنەکان باس بکرێن. هەروەها لە یاداشتنامەکەدا ئیدانەی ئەو رەفتارانە بکرێت و، داوا بکرێت کە ئەم دەرکردنە رابگیرێت و، داوا لە حزبە کوردستانیەکانیش بکرێت کە رۆڵیان هەبێت لەو مەسەلەیەدا و، هاوکاری مادی ئاوارەکان بکرێت و، لە جێگایەک کۆ بکرێنەوە و، جێگاکەش ئیجتهاداتی لەسەرە. گرنگ ئەوەیە کە لە جێگایەک کۆ بکرێنەوە و، وەکو دیاردەیەک نیشان بدرێن. هەروەها نوێنەرانی حزبەکان وحکومەت لە دەرەوەی کوردستان رۆڵیان هەبێت بە بەرچاو خستنی ئەم رەفتارانە کە دژ بە میللەتی کورد و برا ئاشووریەکان وتورکمانەکان دەکرێت. ئەمە ناوەرۆکی ئەو پێشنیارانە بوو کە بەشێکی دەکەینە یاداشتنامە و،ئەگەر پێتان خۆشە ئەوە ئێمە چەند ئەندامێک لە لیژنەکان دەسنیشان دەکەین لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتیدا هاوکار بن بۆ ئامادە کردنی ئەم یاداشتنامەیە. بەلاّم ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، ئایا پەرلەمان یاداشتنامەیەک پێشکەش بە(UN)بکات، یا نا؟ ئێستا کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە؟..سوپاستان دەکەین..کێ لە دژە؟ کەواتە بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

دووەم چەند ئەندامێک دەست نیشان بکرێن بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن لەگەڵ وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی و بەرێز پارێزگاری هەولێر، چونکە بەپێی ئسوڵ ئیشەکان زۆربەی زۆریان لە رێگای پارێزگاوە دەکرێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندیی راستەوخۆیان لەگەڵ(UN)دا هەیە. بەراستی پارێزگای هەولێر ئیشیان کردووە و، ئەگەر هەر کەم تەرخەمییەکیش کرابێت ئەوە لەبەر نەبوونی دارایی بووە، جا ئەو ئەندامانەی کە دەست نیشان دەکرێن دەبێت لەگەڵ بەرێز کاک فرەنسۆ هەماهەنگێکی باش بکەن ، تاوەکو ئیشوکارەکانیان بە رێکوپێکی بە ئەنجام بگەیەنن. پاشان چەند ئەندامێکی تریش دەسنیشان دەکەین بۆ ئەوەی سەردانی راگەیاندنی حزبەکان بکەن سەبارەت بەو بابەتە و بزانین چیان کردووە و، چییان پێ دەکرێت. دەبێت هەمووشمان تەقدیری ئەم بارودۆخە بکەین و، هەر بارودۆخێکیش هەڵسوکەوتی تایبەتی خۆی پێویستە. من دڵنیام کە ئەندامان ئەوەیان لە پێش چاوە کە ئەم دەرکردنە لە مێژە دەکرێت، بەلاّم بێ دەنگ بوون لەسەری پاساوی نییە و، هەرچەندە شێوەی دەربڕینیش کار دەکاتە سەر ئاسان کردنی ئیشەکەمان.

سەبارەت بە هاوکاری کردنی باری ژیانی دەرکراوەکان، ئێمە دیسان داوا لەو ئەندامانە دەکەین کە لەگەڵ لیژنەی دەرکراوەکاندا هاوکاری بکەن، هەر ئەوان هەستن بەم کارەش، ئەویش لە رێگای لایەنە پەیوەندارەکانەوە. دەتوانم بڵێم ناوەرۆکی ئیشەکەمان بریتیە لەم بابەتانە. ئێستاش هەر کێ تێبینی هەیە با بفەرموێت. بەرێز فەوزیە خان ، بەرێز کاک رەجەب، بەرێز شێخ جەعفەر، بەرێز کاک سەفەر، فەرموو فەوزیە خان.

**بەرێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم دانیشتنە، دانیشتنێکی زۆر بە سوود بوو بۆ باس کردنی کێشەی ئاوارەکان، بەلاّم من حەز دەکەم یەک خاڵتان پێش چاو بخەم، ئەویش ئەوەیە کە ئاوارەکانی کەرکووک وخانەقین وئەو

شوێنانەی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم لەگەڵ ئاوارەکانی شەڕی دەسەڵات وقوربانیەکانی جیا بکرێنەوە وهەموو لەیەک شوێندا کۆبکرێنەوە بۆ ئەوەی وەکو کێشەیەکی قەلاچۆکردنی نەتەوایەتی، لەلایەن (UN) وهاوپەیمانان و دۆستانی گەلی کوردەوە تەماشا بکرێت وچارەسەریشی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم یاداشتنامەیە تەنها پەیوەستە بەوانەوە.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە جامیعەی عەرەبیش، زۆر گرنگە کە ئێمە ئەم یاداشتنامەیە بگەیەنینە جامیعەی عەرەبی ولەگەڵ ئەوانیشدا دایالۆگێک دابمەزرێنین و، ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەش کە ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەیە پێویستە بەردەوام قسەیان لەگەڵدا بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پاشان کە لە دانیشتنەکانی خۆمان تەواو بووین، دانیشتنێکی یەک دوو سەعاتی لەسەر ئەم بابەتە دەکەین و، دوا داڕشتنیش پێش چاوی بەڕێزتان دەخەین، فەرموو کاک ڕەجەب.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەییب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو بەڕێز فەوزیەخان وتی با جامیعەی عەرەبیش ئاگاداری ڕەفتاری ڕژێمی بەعس بێت کەوا چیی دەکات بەرامبەر بە میللەتی کورد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارانەی کە بەڕێزتان باستان کرد زۆر باشن، بەڵام لەبەر ئەوەی باسی کەرکووک دەکرێت حەز دەکەم بیرخەرەوەیەکی مێژوویی باس کەم لە فەرموودەکانی بارزانیی نەمر. لە ساڵی١٩٧٢کە شەڕی ڕۆژنامەوانی بوو لە نێوان ڕۆژنامەی (الثـورة)و (برایەتی)،(مورتەزا سەعید عەبدولباقی)چاوپێکەوتنێکی کرد لە ڕۆژنامەی (الثورة)و باس دەکات و دەڵێت کە کاتێ چوومە خزمەتی بارزانی: (قال لنا البارزاني بالحرف الواحد« مهما تكن نتيجة الاحصاء، كركوك جزا لا يتجزء من كوردستان، وانا لا اتحمل مسؤولية كركوك تجاه شعبي اللهم من بعدي»)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو ڕێبازەیە کە ئێمە لەسەری ڕۆیشتووینە چ پێش (١١)ی ئازار وچ پاش (١١)ی ئازار و، لەم گفتوگۆی بەرەی کوردستانیشدا کە قۆناخی بنەڕەتی جەنابی بەڕێز سەرۆک بارزانی سەرپەرشتی دەکرد لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە، دیسان خاڵی سەرەکی بووکە لەسەری نەگەیشتن بە ئاکام،

ئێستاش وەکو ئەندامان باسی دەکەن کە ڕێگایەک هەیە بۆ دانوستاندن وگفتوگۆ کردن لەسەر هەندێ بابەت، دیسان دڵنیا بن خاڵی سەرەکی هەر کەرکووکە و، ئێمە قەناعەتمان هەیە کە هیچ کاتێک ئامادە نیین وئامادەش نەبووینە نەک تەنها لەسەر کەرکووک، بەڵکو لەسەر هیچ بستێک لە خاکی کوردستان (موساوەمە) بکەین، چونکە ئەمە مافی هیچ حزبێک نییە، ئەوە مافی میللەت ونەتەوەی کوردە. نەرمی نواندن لەسەر خاک شتێکی قابیل بە گفتوگۆ کردن نییە. ئەگەر هاتوو ڕۆژێک لە ڕۆژانیش گەیشتین بە ئاکامێک، ئەبێت خاڵی کەرکووک بە زەقی جێگای خۆی بگرێت، هەر ڕێککەوتنێکیش وەکو ئێوە دەزانن بە ڕەزامەندیی هەردوو لا دەبێت. ئەگەر بە زۆریش شتێک بسەپێنرێت ئەمڕۆ بەسەر کوردا، لە ژێر هەر بارودۆخێکدا، دڵنیا بن سبەی هەڵدەوەشێتەوە و، ئەو ڕێککەوتنە سەر دەکەویت کە بە ڕەزامەندیی هەردوو لابێت وبە قەناعەتیش بێت. چونکە هەر گومانێک بکەوێتە سەر هەر خاڵێک ئەوە قابیلی هەڵوەشانەوەیە، ئەگەر ئەمڕۆ سەنگایی هێز لە بەرژەوەندیی لایەنێک نەبێت و، لایەنەکی تر شتی بەسەردا بسەپێنێ ڕۆژێک دێت سەنگایی هێز چۆن وا گۆڕا بۆ بەرژەوەندی ئەم، هەر واش دەگۆڕێ بۆ بەرژەوەندیی ئەوی تر. کێشەی میللەتانیش زیندووە ونامرێت، ئێمەش بە کورد وئاشووری وتورکمانەوە هەزارها ساڵە لەم ناوچەیەدا دەژین وماوین و بەردەوام دەبین لەسەر داخوازیەکانی خۆمان و، حەقی خۆمانە و غەدریشمان لەکەس نەکردووە و، کە غەدریشمان لەکەس نەکردووە، غەدریش لەکەس قەبول ناکەین. ئەگەر غەدریشمان لێ بکەن و نەتوانین ئەمڕۆ بەرەنگاری بینەوە، ئەوە نەوەکانی تری دوای ئێمە دێن وئەو غەدرە قەبوڵ ناکەن، با بە چاوێکی گەشبینییەوە تەماشای ئەم کێشەیە بکەین و، هەوڵی بۆ بدەین و، کەسیش وەکو خۆمان ناتوانێ کێشەی خۆمان باس کات و، بەرگری لێ بکات. کەسیش گلەییمان لێ ناکات کە لە هەر کوێ باسی بکەین، چونکە ئەمە ئەرکی ئێمەیە باسی بکەین و، ئێمەش لەو بڕوایەداین کە دەگاتە جێگای خۆی. ئەمەش یەکێکە لە ئیشوکارەکانی ئێوەی بەڕێز کە نوێنەری خەڵکن. ئەمە ئەرکی سەر شانتانە. ئەو کێشەیەی کە ئەمڕۆ میللەتەکەمان لە هەندێ جێگا تووشی بووە، دەبێت ئێمە بە گوێرەی توانامان باسی بکەین و، بڕیارێکی لەسەر بدەین و، بۆ ئەنجامدان و جێبەجێ کردنیش دەرفەتمان هەیە، بەڵام چەندی لێ جێبەجی دەبێت، ئەوە دەمێنێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە هەیە، بەڵام بێ دەنگ نەبوون خۆی لە خۆیدا هەڵویستە بەرامبەر بە مەسەلەکە. هیوادارم بەردەوام بین لە سەر ئەم بابەتە و، انشاللا دەگەین بە ئاکام، فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکم هەیە بۆ لیژنەی ئامادەکردنی ئەم یاداشتنامەیە کە زیاتر پشت بە بڕیاری(٩٨٨)ببەستێت کە دەڵێت: (ایقاف القمع الداخلي من قبل النظام) ئەمە شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەكو وتمان ئێمە چەند ئەندامێك دەسنیشان دەكەین كە هاوكاری دەستەی سەرۆكایەتی بكەن بۆ ئامادە كردنی یاداشتنامەیەك، لە كۆتایی دانیشتنەكەمان پێش چاوی ئێوەی بەڕێزی دەخەین. ئەگەر هەر كەموكوڕییەكی تیادا بوو بۆمانی پڕ كەنەوە.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێز شێخ جەعفەر باسی بەسەرهاتێكی بارزانیی نەمری كرد. منیش حەز دەكەم هەندێكی تری بخەمە سەر. پێش (١١)ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠وەفدێكی حكومەت هاتبوو بۆ گەلاڵە بۆ كۆبوونەوە لەگەڵ مەكتەبی سیاسی پارتی و، لەسەر مەسەلەی كەركوك نەگەیشتنە ئەنجام و، وەفدەكەش سوور بوون لەسەر ئەوەی كە بارزانیی نەمر ببینن. كە ڕۆشتنە لای بارزانیی نەمر، وەفدی حكومەت حەردان تكریتییان لەگەڵدا بوو. لەسەر مەسەلەی كەركووك بوو بە گفتوگۆ كردنیان. حەردان تكریتی وتی:(كركوك عربية وتبقى عربية)، بارزانیی نەمریش وتی:(كركوك كوردية وتبقى كوردية)، حەردانیش وتی:(عربية)، بارزانیی نەمریش گۆپاڵەكەی برد بۆ زگی حەردان و وتی: ڕاستدەكەی سەبارەت بە یەكێكی وەكو تۆ كە ورگ و كۆشك وتەلاری لە موڵك وسامانی كەركووك دروست كردبێ دەڵێیت كەركوك عربیە، بەڵام كەركووك هەر هی كوردە وهەر بۆ كوردیش دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم بابەتە لێرەدا تەواو دەكەین و، دەچینە سەر خاڵێكی تر. ئەویش چاوخشاندنەوەیە بە دەرماڵەی ئەندامانی پەرلەماندا بۆ ساڵی ١٩٩٨ كە دوای سەری ساڵ ئاگاداری بەڕێزتان لەسەر دەكەینەوە. انشاء الله ئەگەر شتێكمان كرد هەوڵ ئەدەین لە بودجەی ساڵی تازەی دابنێین هەر چەندە وردە حیسابێكی بچووكمان كردووە، بەڵام ئەگەر بەشیش نەكا كارێكی وا ئەكەین كە نەهێڵین مەغدور بن، ئەو خاڵەش تەواو بوو.

خاڵێكمان هەیە لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆ، گەر لە بیرتان بێت ماوەیەك بەر لە ئێستا ئێمە بڵاوكراوەیەكمان بەسەر هەموو لیژنەكاندا دابەش كردو داوامان لە هەموو لیژنەكان و ئەندامانی پەرلەمان كرد كە بە یاساكانی پەرلەماندا بچنەوە. ئەوە نزیكەی ساڵی شەشەمە و كۆتایی ئەم خولەشە، بەرەسمی خولێكمان ماوە ئەگەر گۆڕانكاریەك هەبێ، یاخود بڕیارێك بۆ درێژ كردنەوەی بدەن یا چارەیەكی تری بۆ بكەن ئێمە جارێ نازانین چۆن ئەبێ، بەڵام عادەتەن مرۆڤ وا بیر ئەكاتەوە كە ئەمە خولی پێش كۆتاییە. خولی داهاتوو دوا خولی ئێمەیە بۆیە هەقە مرۆڤ هەڵوەستەیەك بكات پێش ئەوەی دەست بە خولی كۆتایی بكەین، بزانین چ یاسامان دەركردووە چەندی لێ جێبەجێ بووە، وچۆن جێبەجێ بووە، وكەم وكوڕیەكەی چی بووە؟ لە سەر ئەوە داوامان

کرد لە ئەندامانی پەرلەمان و بەتایبەتی لیژنەکان بەپێی تایبەتمەندیتان بە یاساکاندا بچنەوە. زۆر لە لیژنەکان بەرێک وپێکی بە یاساکاندا چوونەتەوە و هەر یەک بە جۆرێ کۆمەڵێک تێبینی خۆیان جێگیر کردووە و کردویانەتە راپۆرتێک و ئاراستەی سەرۆکایەتیان کردووە. هەندێ لە لیژنەکانیش گلەیم لیان هەیە لەراستیدا، چونکە وەکو پێویست بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستاون، بۆیە ناچار بووین داوا لە لیژنەی یاساو و چەند برادەرێ بکەین کە لیژنەیەکی تر دروست بکەن بۆ یەکخستنی ئەو راپۆرتانەی کە لیژنەکان ئامادەیان کرد و ئاگایان لە لیژنەکانی تر بێ کە هەندێ کەم وکوڕییان هەیە لە بەدواداچووندا. دەرئەنجام بوو بە راپۆرتێکی یەکگرتو ئێستاکە ئامادەیە کە لەوانەیە ئێمە ئەمرۆ دوای نیوەڕۆ، یان بەیانی زوو بتوانین هەر یەک نوسخەیەک ئەگەر کرا پێتان بدەین بۆ ئەوەی تەماشایەکی بکەن، بۆ ئەوەی لە پەراوێزی دانیشتنی دوای بودجە ئەوها بۆ نیو سەعاتێکیش بێت بریارێکی لەسەر وەرگرین، کە چ بکەین بۆ ئەم دیاردەیە؟ چونکە دڵنیام هەر یەک لە لیژنەی خۆی ئاگادارە بابەتەکەش هەر ئەوەیە، کۆمەڵێک بریار، یان کۆمەڵێک یاسا هەن کە وەکو پێویست جێبەجێ نەکراون، پرسیارەکەش ئەوەیە ئێمە چی بکەین؟ چۆن چارەسەری بکەین؟ لە بەر ئەوە لەگەڵ ئەنجوومەنی راپەراندندا باس ولێکۆڵینەوە دەکەین، پاشان ئێمە لە سەرۆکایەتی لە ماوەی پشووی پەرلەماندا ئەتوانین هەندێ شت کە ئێوە بریاری لەسەر ئەدەن بەدوایدابچین و جێبەجێی بکەین. ئەمیش خاڵێکە حەزمان کرد ئەنجامەکەتان پێ بڵێین وهەوڵ ئەدەین ئیمرۆ ئەو بابەتە بە سەرتاندا بلاوبکەینەوە بۆ ئەوەی شەو، یان سبەی تەماشای بکەن پێش ئەوەی بگەڕێنەوە لە دانیشتنی ئایندە دا بریارێکی لە سەر بدەین. چونکە وەکو گوتم بابەتێکی زۆر گرنگە کە کۆمان کردۆتەوە نزیکەی زیاتر لە (٤٠ ـ ٥٠) برگەیە کە ئێمە کورتمان کردۆتەوە لەوانەیە بە دەیەها برگەی تر هەبێت کە هێشتاکە وەکو پێویست باس نەکراون، یان برادەران زانیاریان لە جێبەجێ کردنی نەبێ، یان وای بۆچووبن جێبەجێ کراوە زیاد لەوە لیان ناشارینەوە ئەو زیادە رۆییە یاساییەی کە کابینەی سێیەم هەتا ئێستاکە کردویەتی و کە هەندێکیان یەکجار زەقەن، هەندێکی لە پەرلەمان رەت کرایەوە و، هەندێکی هێشتاکە بەردەوامن لە سەری ئەویش بابەتێکی ترە هەر لە پەراوێزی ئەو دانیشتنە ئێمە باسی ئەکەین. چونکە وەکو گوتمان ئەرکی ئەندامانی پەرلەمانە کە بە جێبەجێ کردنی یاساکاندا بچنەوە و چاودێری بکەن و هەڵوێستێکمان لە بەرامبەر کۆمەلێک یاسا و بریار هەبێ کە لە ئێوەوە دەرچووە و وەکو پێویست جێبەجێ ناکرێ. ئەویشمان گەلاڵە کردووە وئەویش ئەخەینە پێش چاوتان بۆ ئەوەی هەڵوێستەیەکتان هەبێ بەرامبەر ئەو بابەتە، واتە بەرچاوتان روون بێ بۆ هەر بریارێک کە ئەیدەن. لەراستیدا ئەو زیادە رۆییانە بەشێکی بە حوکمی پێشکەوتنی زەمەن چارەسەر کراوە، بەلام بەشێکی هێشتا چارەسەر نەکراوە وئەوها ماوەتەوە، بەشێکی لە پەرلەمان ئێوە چارەسەرتان کرد. ئەوانەی کە ئەیخەینە پێش چاوتان تەنها بۆ ئەوەیە، ئەمە یا وەکو لیستەیەک کراوە هەوڵماندا

بەرێک و پێکی بەرچاوی ئێوەی بەرێزی بخەین. بودجەی حکومەتیش خاڵێکی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمانە تەواوکەری بەرنامەی کاری دوێنییە کە وتمان دوای دەخەین بۆ سبەی. ئەوەش لە سەر داخوازی حکومەت بوو خۆیان حەزیان کرد سبەی سەعات( ١٠ ) ئامادەبن. انشاء الله سبەی دوو دانیشتنی بۆ ئەکەین هەمووی تەواو نەکەین، هەوڵ ئەدەین بۆ دوو سبەی شتێک لە بودجە تەواو بکەین. ئەمەی تریش دانیشتنێکی پەراوێزی بۆ دەکەین هەروەک باسمان کرد لە یەک سەعات هەموو شت تەواو ئەکەین و دواتر انشاء الله پشوویەکە بەخۆشی وسەلامەتی دەبەینە سەر. بۆ ئەمڕۆ سوپاستان ئەکەین. سوپاسی ئەو موداخەلانەتان ئەکەین. سوپاسی گرنگی پێدانتان ئەکەین، انشاء الله هەر بەو شێوەیە بەردەوام ئەبن لە سەر ئیش و کارەکانی خۆتان. دانیشتنی ئەمڕۆشمان لێرەدا هاتە کۆتایی.

**شێروان ناسح عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٦)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٣٠

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(١٦)

## کۆبوونەوەی یەکەم/ سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٣٠

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٣٠ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (١٦)ی خولی ئاسایی دووەمی، سالی (١٩٩٧)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆ کردن دەربارەی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ سالی ١٩٩٨.***

***٢- گفتوگۆ کردن دەربارەی یاسای بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سالی ١٩٩٨.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن**

بەر لەوەی دەست بەم برگەیە بکەین، بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە کە دوێنێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕاگەیەندرا کە بەیانی یەکەم ڕۆژی ڕەمەزانە، بەو بۆنەیەوە بەناوی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە پیرۆزباییەکی گەرم لەسەرجەم موسڵمانان ئەکەین لە کوردستان و لە هەموو جیهاندا بە بۆنەی هاتنی ئەم مانگە پیرۆزە، هیواداریـن مانگێکی پڕ لە خۆشی بێت، مانگێکی پڕ لە سەرفرازی، مانگێکی خۆش بێت بۆ هەموو موسڵمانان.

دەست بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان ئەکەین، ئەگەر جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری بفەرمووێت بۆ ئێرە بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی بودجە بخوێنێتەوە، پێش ئەوەی دەست بە ڕاپۆرتەکەشی بکات بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و برا وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین بۆ هاتنیان بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی و بەشداربوونیان بۆ گفتوگۆکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان، و پێشەکی هەقە شتێک بڵێین کە جێگای خۆشحاڵیمانە چ وەکو ئەنجوومەنی نیشتمانیی و چ وەکو ئەنجوومەنی وەزیران و، چ وەکو خەڵکی کوردستان و ئەوانەی چاودێری ئەم ئەزموونەی ئێمە ئەکەن، کە ئەوە جاری سێیەمە لە تەمەنی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەکەی بە ڕێک و پێکی پێشکەشی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ئەکرێت، چ ئەو چوار مانگەی ١٩٩٦ و، چ بودجەی ١٩٩٧و، ئەوە هی ١٩٩٨کە لە کاتی یاسایی خۆیدا لەگەڵ ئەوەی کە گیروگرفتیش هەبووە لەباری ناوخۆ، توانیان لە ماوەیەکی دیاریکراودا بیگەیێننە

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، و ئەوە لەبەر دەستاندایەو، ئێستا بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری ڕاپۆرتی لەسەر بودجەو لەسەر ئەو هەڵوێستەی حکومەت بەرامبەر بەوەی کە پەیوەندی هەیە بە بودجەی پارو ئەم ساڵەوە شتێک پێشکەش ئەکات، و دوای ئەوەی کە جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری ڕاپۆرتەکەی تەواو ئەکات ئەگەر کاتمان هەبوو ئەوا بەردەوام ئەبین و ئەگەر کاتمان بەدەستەوە نەبوو ئەوا بۆ گفتوگۆکردنی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە دوای ئەم کۆبوونەوەیە، لە کۆبوونەوەیەکی تردا دەرگای گفتوگۆ ئەکرێتەوە بۆ ئەو تێبینیانەی کە ئەندامانی پەرلەمان هەیانە لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی کە ئەیخوێنێتەوەو، دوای ئەوە کە ئەوەمان تەواو کرد وەکو هەموو جار ئەچینە ناو گفتوگۆی خودی بودجە فەسڵ بە فەسڵ لەسەری دەڕۆین، فەرموو کاک شەوکەت.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران**

**وەزیرە بەڕێزەکان**

**ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان**

**سڵاووڕێز..**

دوای دامەزراندنی کابینەی سێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گۆڕانێکی سەرتاپا لە ژیانی ئیداری و میللی لە کوردستانی عێراقدا هاتە ئاراوە و قۆناغێکی نوێ لە تاقیکردنەوەکەمان دەستی پێ کرد، ئەمەش بەپلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەتاقیکردنەوەیەکی تازە و بەگوڕ و تینێکی نوێوە کەوتەوە خۆ و هەموو وزەو تواناکان لە پێناو خزمەتکردنی گەلی کوردستان خرانە کار.

کابینەی سێیەم هەرچەندە بەتەمەن ساڵێک وچەند مانگی تێ پەڕاندووە و سەرەڕای هەموو ئەو گیروگرفتانەی لە پێشیدا هەبوون یا ئەوانەی پاشماوەی ساڵانی ڕابردوو بوون و لە کابینەی یەکەم و دووەمەوە مابوونەوە، هەروەها سەرەڕای ئەو گیروگرفتانەی لەم لا و لەو لاوە بۆی دروست دەکرێن، بەڵام ئەو کارانەی لەماوەی ئەو یەک ساڵەدا بەئەنجامی گەیاندوون هەموو لایەکی گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی کە بەچاوێکی گەش و پڕ لە متمانە بڕواننە داهاتوو و چاوەڕوانی کار و ئەنجامی هیوابەخش و بەرفراوان بن، یەکەمین جاریشە حکوومەتی هەرێم لەهەموو ڕووەکانیەوە وەک یەک دەست و یەک ئامانج کار بکات و پێشبڕکێی حزبایەتی و ناکۆکیی کەسایەتی دەوری تێ دا نەبینن و تاکە ئامانج و ڕووگە بریتی بێ لە خزمەتی میللەت.

هەرێمی کوردستان لە دووای ساڵی ۱۹۹۱ەوە بەرەوڕووی دوو گەمارۆی ئابووری بووەتەوە سەرەڕای گەمارۆی سێیەم ئەو گەمارۆیەی کە لە نەبوون و نەمانی ژێرخانی ئابووری کوردستاندا

خۆی نوواندووه، لەبەر ئەمە گرنگترین گیروگرفتی هەرێمی کوردستان بریتی بووە لەقاتوقڕی و نەبوونی مووچە و داهات و لەکار وەستانی کەرتە بەرهەمهێنەکان.
وەزارەتی دارایی و ئابووری لە کابینەی سێیەمدا بەپێی پلان و پرۆگرامێکی تێروتەسەل بەرەو رووی گیروگرفتە ئابوورییەکان بووەوە و بەرنامەی کاری بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان دارشت و کەوتەخۆ بۆ رێکخستنی ژیانی ئابووری و کۆنترۆڵ کردن و بەرەوپێشبردنی بەرهەم و داهات، لەماوەی ئەو یەک ساڵ و چەند مانگەدا هەنگاوی گورج و درێژ جێبەجێ کراون کە رەنگدانەوەیان لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەبووە بەو ناوچانەشەوە کە تا ئێستا نەکەوتوونەتەوە بن کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی حکوومەتی شەرعیی هەرێم.
لەماوەی ئەو یەک ساڵ و چەند مانگەدا بۆ یەکەمین جارە لە تەمەنی شەش ساڵی رابردووی حکوومەتی هەرێم دا مووچەی فەرمانبەران بەرێکوپێکی و بێ دوواکەوتن و بێ گیروگرفت بدرێ، لە پاڵ ئەمەدا مووچەی خانەنیشینان و ئەنفالەکانیش جێبەجێ کراوە و ئەمەو هەتا رادەیەکی زۆرباش دەوام و راپەراندنی کاری رۆژانەی هەموو داو و دەزگاکانی رێکوپێک کردووە. هەر لەماوەیەکی کەمی داهاتووشدا دەست دەکرێ بەدانی مووچەی شەهیدانی کوردستان، بەمەش بووژانەوەیەکی گەورە روو دەکاتە خەڵکی کەم داهاتی کوردستان کە ژمارەیان بەبەروارد لەگەڵ تێکرای دانیشتوواندا زۆرە.
مەساریفی راپەراندنی کاروباری رۆژانەی داوودەزگاکانی حکوومەت هەروەها کرینی کەلوپەل و پێداویستییان کە ئەمە چالاکیی و بزووتنەوەیەکی داوە بە داوو دەزگا رەسمییەکان بەتایبەتیش پێشکەوتن و پەرەگرتنێکی گەورە لە بواری تەندروستی و پەروەردە و خوێندن و ئاسایشدا هاتوونەتە ئاراوە.
ئاوەدانکردنەوە و چاککردنەوەی پرۆژەکانی خزمەتگوزاری لە هەموو روویەکەوە، بەگەرخستنەوەی پیشەسازی و کارگەکان چ لەبوواری چاک کردنەوە و کرینی ئامێرو کەلوپەلی پێویست چ لە بوواری کرینی مەوادی ئەوەلی بۆیان بۆ ئەوەی دەست بەبەرهەمهێنان بکەنەوە و رادەی بەرهەم هێنانیان بەرەبەرە پەرەی پێ بدرێ، سەرەرای هەموو ئەمانە کابینەی سێیەم ئەرکی چارەسەری گەلێک لەو گیروگرفتانەشی گرتووەتە ئەستۆی خۆی کە پاشماوە و سلبیاتی هەردوو کابینەکانی پێشوو بوونە، بۆ نموونە:
مووچەی نەدراوی فەرمانبەرانی ئەو ناوچانەی کە دەسەڵاتداریەتیی پێش مانگی ئەیلوولی ١٩٩٦دەستی بەسەردا گرتبوون.
هەروەها سەرف کردنی دەرماڵەی محازەراتی پەروەردە و خویندنی باڵاو مەساریفی کتوپر کە سەریان هەڵداوە وەک دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوانی سلێمانی و ئەو ناوچانەی سەر بەپارێزگای کەرکووکن، ژمارەی ئەمانە تا ئێستە گەیشتووەتە (٧٢.٨٩٥)کەس و بریتین لە (١٢.٣٤٥) خێزان، هەروەها گەراندنەوەی پارەی بەبانک سپاردراوی هاووڵاتیان کە برەکەی

زیاتر له (٥٥) ملیۆن دینار بووه. وێڕای ئەمانە کابینەی سێیەم خۆی لە مووچەی فەرمانبەرانی ناوچەی دەرەوەی دەسەلاتی خۆشی بەبەرپرسیار زانیوە، بۆیە هەستا بەدابەشکردنی مووچەیەک بەسەر فەرمانبەران و مامۆستایان و مامۆستایانی ئایینی و کارمەندانی داوودەزگاکانی تەندروستی ناوچەی کەرکووک و سلێمانیش.

هەروەها حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانی لەژیاندنەوە و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان کردووە، کە ئەمەش جگە لە هاندانی بازرگانی و کردنەوەی پرۆژەی بەرهەمهێن لەهەرێم، هەروەها بەکڕینی گەنم و توتن پشتیوانیی لەجوتیاران کردووە.

لەبارەی کۆنترۆل و کۆکردنەوەی داهات کە یەکەمین جارە لەمێژووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دا داهاتەکان چ داهاتی کەرتەبەرهەمهێنەکان بن وەک پیشەسازی و کارگەکان چ داهاتی خاڵە گومرگییەکان و باج و سەرچاوەکانی تری داهاتی داوودەزگا حکوومەییەکان بن، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک وبێ گیروگرفت، کۆ بکرێنەوە و بخرێنە سەر خەزینەی حکوومەت.

لەمەشدا بەڕاستی سوپاسی هەموو وەزارەتەکان دەکرێ بەتایبەتیش هەردوو وەزارەتی ناوەخۆ و کاروباری پێشمەرگە کە دەوری بەرچاویان هەبووە لەیارمەتیدانی وەزارەتی دارایی و ئابووری لەم بووارەدا.

لەم بارەیەوە تەنیا ئەو کەم و کورتییە لەئارادا هەبووە کە نەتوانراوە داهاتی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەلاتی کابینەی سێیەم لەکەرکووک و سلێمانی کۆبکرێنەوە و بخرێنە سەرداهاتی گشتیی هەرێم، ئەم داهاتانەش داهاتی ناوچەیەکی یەکجار فراوانە و داهاتە گومرگییەکانی زۆرن و ژمارەیەکی زۆر کارگەی کەرتی بەرهەمهێنی تیایە، دەسەلاتداریەتیی ئەو ناوچانە نەک تەنیا ئەو داهاتانە نادات بەدەزگا بەرپرسەکانی حکوومەتی شەرعیی هەرێم بگرە هەتا ئێستا بڕی ئەو داهاتانەشی بەژمارە و حیساب ڕانەگەیاندووە.

نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کەئەم سەرکەوتنە سەرتاسەرییە بۆ یەکگرتوویی کابینەی سێیەم بەگشتی و دەست لەناو دەستی یەکتربوونی هەموو لایەنە حزبی و حکوومییەکان دەگەڕێتەوە کە ئەرکی خزمەتکردنی گەلی کوردستانیان گرتووەتە ئەستۆ، لەمەشدا هەموو لایەک وەک یەک بیر و یەک دەست بەپێی پرۆگرامێکی فراوان و هەمە لایەنە و لەسەر بنەڕەتی بودجەیەکی باوەڕپێکراو و پەسەندکراو لەلایەن بەڕێز پەرلەمانی کوردستانەوە کاریان کردوە، کەچی لەسالانی پێشووتر بودجەی پەسەند کراوی سالی ۱۹۹۳ خرابووە پشتگوێ و بەپێچەوانەی بودجە پارەسەرف دەکرا و لە تەواوی سالی ۱۹۹٤دا بودجەی پەسەند کراو نەبووە و حکوومەت بەبێ بودجە کاری کردووەو زیاتر لە ملیارێک و ١٤ ملیۆن دینار بۆ سالی ۱۹۹٤ سەرف کرا، بێ ئەوەی بودجەیەکی پەسەند کراو هەبێ، ئەمە و هەرگیز حیساباتی کۆتایی لە کابینەکانی یەکەم و دووەم دا ئەنجام نەدراوە، ئەمە لە لایەک ولە لایەکی تریشەوە هەرچەندە داهات ڕێژەیەکی نێزیک بەهێندە و نیوی بودجەی پەسەند کراوی سالی ۱۹۹۳ بوو بەلام پابەندی ئەو بودجەیە نەبوون کە بۆ ئامانجی

ئاوەدانکردنەوەو پەروەردە و گەشەپێدان و تەندروستی بەکاری بێنن.
بەپێی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری داهاتی وەرگیراوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٣.١.١ تا ١٩٩٣.١٢.٣١ بریتی بووە لە( ١.٠٩٢.٣٩٥.٦٠٣ ) دینار و زیاتر لە (١٢) ملیۆن دۆلار، هەروەها لەساڵی ١٩٩٤ رەسیدی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەم شێوەی خوارەوە بوو:
(١٥.٨٣٦.٢٤٣) دۆلاری ئەمریکی بەژمارە حیساب (٢..٢) لە بانکی هەرێم (٦٥٥.٠٤٣) مارکی ئەڵمانی بەژمارەی حیساب (٣..٢) لەبانکی هەرێم (١٥.٠٠٠) پاوەنی ئەسترلینی بەژمارەی حیساب (٢٠١٤) لە بانکی هەرێم، (٥٩.٣٤٦.٩١٢) دیناری عێراقی بەژمارە حیساب (١)، (١٠.٠٠٠.٠٠٠) دیناری عێراقی ئیحتیاتی گشتی.
بەردەوام ئەم برەش لە زیادبووندا بوو سەرەڕای ئەم هەموو داهاتە، پاڵپشتی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە، تەنیا ڕێکخراوە خێرخوازەکان بوون .حکوومەتی هەرێم بۆ چاککردنەوەی بژێوویی خەڵک بەتایبەتی فەرمانبەران و چارەسەرکردنی کێشەی هاووڵاتییان و بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری هەنگاوی پێویستی نەهاویشت.
لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە حکوومەتی هەرێم لە سەرەتای دامەزراندنیدا زۆر جار نەیدەتووانی ئەرکی مووچەدانی فەرمانبەران بەجێ بگەینێ، بەڵام دڵسۆزی هەمووڵا بۆ سەرکەوتنی تاقیکردنەوەکە لەمە گەورەتر بوون، جاری وا هەبوون کە مامۆستایان و فەرمانبەران بەگشتی بۆ ماوەی چەندین مانگ مووچەیان وەرنەدەگرت، بەڵام ساتێک چییە لە بەجێ هێنانی دڵسۆزی و ئەرکی نیشتمانی دووانەکەوتن، ئەم دڵسۆزییەش پێویستە لە بەرچاوی تەواوی کابینەکانی حکوومەت بێ.کابینەی سێیەم واتە کابینەی خزمەت گوزاری بەسوود وەرگرتن لە بڕیاری (٩٨٦) کە تا ڕادەیەک کاری کردووەتە سەر چاکبوونی بژێوویی هاووڵاتییان لەو هەڵ مێژووییییە سوودی وەرگرتووە و دەستی داوەتە هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری و پشتیوانی لە کەرتی پیشەسازیی تایبەتی و حکوومی و سووڕاندنی چەرخی بازرگانی و ڕێکخستن و بەگەڕخستنەوە و سەقامگیرکردنی دام ودەزگا یاساییەکان بەشێوەیەک کە ئێستا یاسا لەپارێزگاکاندا نەتەنیا بۆ گشت قەزاکان، بەڵکو بۆ تەواوی ناحیە و شوێنە دوور دەستەکان گوازراوەتەوە. کابینەی سێیەم «کابینەی خزمەتگوزاری» ئەوەی دەیکات بەئەرکی سەرشانی و بەخزمەتێکی بچووکی دەزانێ و سەرەڕای ئەو هەموو کارەی کە کراوە، بەڵام دیسان زۆر بەکەمی دادەنێ هەروەکو **بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی فەرمووی: «لەو ماوە کورتەی دەست بەکاربوونی کابینەی سێیەم گەلێ خزمەتگوزاری گەیاندووە بەهاووڵاتییان، بەڵام نابێت سنوور هەبێت لەخزمەت گەیاندن بەخەڵکی کوردستان.»** ئەگەر کابینەی سێیەم پرۆژە یاخۆ خەرجییەکانی حکوومەت ڕۆژانە لەدام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاو دەکاتەوە تەنیا بۆ ئەوە نییە کەکارە ئەنجامدراوەکان بخاتەڕوو، بەڵکو بۆ ئەوەیە میللەت ئاگادار بێ ئەو داهاتەی حکوومەت چیی لێ

دێت و له چ خەرج دەکرێت، بۆ ئەوەی کە میللەت دڵنیا بێ دڵسۆزانە بەردەوامین لەجێبەجێ کردنی فەرمانی **بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی کە فەرمووی: «ئاوەدانکردنەوەی وڵاتێکی وێرانکراو کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتیش لە هەلومەرجێکی سەختی وەکو ئەمڕۆی ئێمە تیایداین، هەر لەبەر ئەوە بەڕێزان ئەندامانی کابینەی سێیەم نابێ ئێوە گوێ بەهاش و هوشی ناحەزان بدەن، گوێ مەدەنێ چەند پیلان لەدژی ئێوە بگێڕدرێ و چەند قسەی سووک بکرێ، ئێوە دەبێ بەرانبەر هەر جنێوێک هەوڵ بدەن شەقامێک قیرتاو بکەن، قوتابخانەیەک ئاوەدان بکەنەوە، نەخۆشخانەیەک دروست بکەن، دڵی ماڵە شەهیدێک خۆش بکەن، دەبێ ئەمە پرۆگرامی ئێوە ئەبێ».**

لەکاتێکدا لە هۆڵی پیرۆزی پەرلەمان سەری ڕێز و نەوازش بۆ سەروەری شەهیدان «بارزانیی نەمر» و شەهیدە سەربەرزەکانمان، شەهیدانی یاساو شەرعیەت دەنوێنین و داوای چاکبوونەوەی هەرچی زووتری بریندارە قارەمانەکانمان دەکەین و سڵاو تایبەتی بۆ پێشمەرگە دلێرەکان، پارێزەرانی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم و ئەم ئەزموونە مێژووییە نوێیەمان دەنێرین، هەندێ لە خەرجییەکانی هەرێمی کوردستان لە ۱٫۱٫۱۹۹۷ تا ۱۹۹۷٫۱۱٫۳۰ دەخەینەڕوو:

### ١- ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان

**کۆی تەواوی خەرجییەکان (٢١,٠٠٠,٠٠٠) دینارو (١٢٠,٠٠٠) دۆلار، بۆ هەر (٧) فەسڵی بودجەی پەسەندکراوی ساڵی ١٩٩٧ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.**

**٢- هەندێک لە خەرجییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (جگە لە مووچەو سلفە مستدیمە) کە لەسەر بڕیار و ڕەزامەندیی پێشەکیی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران ـ بەڕێز خەرج کراون.**

### سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران

کۆی تەواوی خەرجییەکان (١٢,٣٠١,٧١٠) دینار بەم شێوەی خوارەوە:

فەسڵی دووەم: پێداویستییەکانی خزمەت (٩٥٩,٨٨٨) دینار.

فەسڵی سێیەم: پێداویستیەکانی کاڵایی (٧١٤، ٦٨١) دینار.

فەسڵی چوارەم: پاراستنی ئەوەی هەیە (١,٥٦٦,٥٠١) دینار.

فەسڵی پێنجەم: خەرجییە سەرمایەدارییەکان (٣,١٧٨,٢٥٥) دینار.

فەسڵی شەشەم: خەرجیی گوازراوەیی (٥,٤٤٤,٥٠٤) دینار.

فەسڵی هەشتەم: پرۆگرامی تایبەت (٤٧٠,٨٤٨) دینار.

تێبینی: خەرجییەکانی زانکۆو پەیمانگاکان و دەزگای شەهید بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لە دەرەوەی ئەم خەرجییانە تۆمارکراون.

## زانکۆو پەیانگاکان

کۆی خەرجییەکان دەکاتە (٥١.٤٢٥.٠١٠) دینار کە هەندێ لەم خەرجییانە بریتین لەمانەی خوارەوە:

(٢٩.٤١٧.٥٩٦) دینار بۆ زانکۆی سەلاحەدین بۆ ئەم مەبەستانە:

(٤.٤٦٠.٢٠٥) دینار بۆ دەرماڵەی قوتابیان.

(٤.٧٥٠.٠٠٠) دینار کڕینی ئامێر و کەلوپەلی پێویست بۆ کۆلیژی پزیشکی ددان.

(٤.٤٠٠.٠٠٠) دینار خەرجییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی زانکۆ.

(٤٫٠٣٧٫٣٤٧) دینار کرێی وانەوتنەوەی زیادەی مامۆستایان.

(٤.٠٢٥.٠٠٠) دینار کڕینی کۆمپیووتەر و ئامێری ئیستنساخ و کتێبی زانستی و مەراجعی علمی بۆ زانکۆ و کۆلیژەکان.

(٢.٩٥٠.٦٥٥) دینار چاککردنەوەی بینایەی کۆلیژەکانی کارگێڕی و ئابووری، زانست، ئەندازیاری، پزیشکی، پزیشکی ددان، ماف، هۆڵ و چێشتخانەی مامۆستایان لە کۆلیژی زانست.

(١.٢٥٦.٢٥٤) دینار کڕینی کەلوپەل و قرتاسیە و گازوایل و کرێی کارەبا و پێداویستییەکانی تری زانکۆ.

(٨٧٣.٩٢١) دینار کڕینی دوو پیکاب و کەلوپەلی پێویست بۆ کۆلیژەکانی کشتوکاڵ، پەروەردەو کۆگای کۆلیژەکان.

(٧٧٣.٨٨١) دینار تەعزیرکردنی رەسیدەکان بۆ جێبەجێ کردنی پابەندیەکانی زانکۆ.

(٥٨٣.٣٣٣) دینار کرێی باڵەخانەی قوتابیان.

(٤٨٧.٠٠٠) دینار خەرجییەکانی لیژنەی ئەزموونەکان، کۆنگرەی زانستی، گەشتە زانستییەکان، خولی دەرچوونی قوتابیان، پاداشتی مامۆستایان.

(٤٣٧.٠٠٠) دینار چاپکردنی «اطروحە»ی قوتابیانی دکتۆرا و ماجیستێر لەگەڵ چاپکردنی دوو جلد کتێب و دەلیلی تایبەتیی دەرچووانی زانکۆ.

(٣٩٢.٠٠٠) دینار خەرجییەکانی ئیفاد بۆ دەرەوەی هەرێم.

(١٥.٠٩٣.٠٦٢) دینار بۆ زانکۆی دهۆک بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

(٧.٠٠٠.٠٠٠) دینار دروستکردنی «قریەی زانکۆ».

(٢٫٩٧٦.٢٧٧) دینار چاککردنەوەی باڵەخانە و بینایەکانی تری زانکۆ.

(١٫٩٠٠.٠٠٠) دینار کڕینی کەلوپەل و ئامێری تاقیگە.

(٩٠٠.٠٠٠) دینار کرێی وانەوتنەوەی زیادەی مامۆستایان.

(٨٦١.٦٤٩) دینار دەرماڵەی قوتابیان.

(٧٦٥,١٣٦) دینار کرێی باڵەخانە و ئۆتۆمبیل.

(٤٣٠,٠٠٠) دینار خەرجییەکانی ڤیستیڤاڵی زانکۆ، ئاهەنگ گێرانی دەرچووان، پاداشت کردنی دەستەی مامۆستایان.

(٢٦٠,٠٠٠) دینار کڕینی کتێبی زانستی و کتێبی خوێندن بۆ کۆلیژەکان.

(٤ر٤٧١,٧٧٠) دینار بۆ پەیمانگای تەکنیکی هەولێر بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

(١ر٣٧٧,٠٠٠) دینار کڕینی کەلوپەل.

(٨٤٠,٠٢٠) دینار بۆ دەرماڵەی قوتابییان.

(٨٣٠,٠٠٠) دینار چاککردنەوەی بینایە.

(٦٠٠,٠٠٠) دینار کڕینی کۆمپیووتەرو کتێبی زانستی.

(٢٥٥,٠٠٠) دینار کرێی وانەوتنەوەی زیادەی مامۆستایان.

(١٧٢,٠٠٠) دینار پێداویستییەکانی تاقیکردنەوە و خەرجییەکانی ئاهەنگی دەرچووان.

(١١٧,٧٥٠) دینار دروستکردنی یاریگای وەرزشی.

(١٤٠,٠٠٠) دینار کڕینی ئۆتۆمبیل.

(١٤٠,٠٠٠) دینار کڕینی ئامێری پزیشکی.

(٩٣٥,٦٩١) دینار بۆ پەیمانگای تەکنیکی دهۆک واتە:

(٣٢٠,٠٠٠) دینار کرێی وانە وتنەوەی زیادەی مامۆستایان.

(٢٤٠,٠٠٠) دینار دەرماڵەی قوتابییان.

(١٤٤,٦٩١) دینار چاککردنەوەی بینایە.

(١٢٠,٠٠٠) دینار کڕینی ئۆتۆمبیلێکی پیکاب.

(٦٠,٠٠٠) دینار خەرجییەکانی ئاهەنگی پەیمانگا.

(٥١,٠٠٠) دینار پاداشتی مامۆستایان.

## دەزگای شەهید

دەزگایەکی تازە دامەزراوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خێزانی شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و، دەستی بەیەکەمین هەنگاوەکانی کاری خۆی کردووە،زیاتر لە دوو ملیۆن دینار بۆ چاک کردنەوەی بینایەو کڕینی کەلوپەل و ئامێری کۆمپیوتەر بۆ ڕێکخستنی کارەکانی ئەم دەزگایە خەرج کراوەو، لەسەری ساڵەوە دەست بەکار دەبێت تا بەپێی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان و ڕێنوێنیەکانی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران هەنگاو بنێت.

## وەزارەتی پەروەردە

وەزارەتی پەروەردە پاش دەست بەکاربوونی کابینەی سێیەم بەگەرمی کەوتە خۆ بۆ چارەسەری

گیروگرفتەکانی و، ژمارەیەکی زۆری قوتابخانە لە شوێنە دووردەستەکان کردەوە و پێداویستییەکانی خوێندن و پێداویستییەکانی قوتابخانەکان لە کتێب و ڕەحلەو نەوت و تەباشیر بەرێژەیەکی باش دابین کرا، چوار بەرێوەبەرایەتی پەروەردە لە شوێنە جیاجیاکان کراونەتەوە وەک لەشەقڵاوەو ئاکرێ و سۆران و زاخۆ، ژمارەیەکی زۆر قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگا و چاپخانە و شوێنەکانی تری سەربەوەزارەت چاککراونەتەوە و ئاوەدانکردنەوەیان بەخۆوە بینیوە، کڕینی ئامێری کەمپیوتەر و چاپکەری ئەلیکترۆنی و چاپکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن و بۆ هەموو قۆناغەکان، کردنەوی خولی مەشق کردن و ڕاهێنانی مامۆستایان، دامەزراندنی مامۆستای نوێ بۆ شوێنە دوورەکان و گەڕاندنەوەی ژمارەیەک مامۆستای فەسڵکراو کە بەهۆی بۆچوونی سیاسییانەوە دەرکرابوون، گرتنی کۆنفرانسێکی گەورەی پەروەردەیی، زیندوو کردنەوەی بزووتنەوەی دیدەوانی لە هەنگاوەکانی تری وەزارەتی پەروەردەن، تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵی قۆناغەکانی خوێندن بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بەرێوەچووە و رێژەی دەرچوونیش لەچاو ساڵەکانی پێشو پێشکەوتنێکی دیاری بەخۆوە گرتبوو، ژمارەیەکی پێویست لە ئۆتۆمۆبێل بۆ هاتوچۆی مامۆستایان بەکرێ گیراوە و خەرجی پێویست بۆ لیژنەی باڵای تاقی کردنەوەکان دابین کراوە.

بۆ زانیاری کۆی گشتی هەموو قۆناغەکانی خوێندن لە پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک بەم شێوەیەیە: (١٣٢٤) قوتابخانە، (٣٤٦) هەزارو (٣٢٢) قوتابی، (١٧) هەزارو (١٨١) مامۆستا، هەروەها خوێندنی سریانی لە (٢٧) قوتابخانە، (٣) هەزار و (٤٢٢) قوتابی و (١٢٧) مامۆستاو خوێندنی تورکمانی لە (١٣) قوتابخانە و (٢) هەزار و (٢١٩) قوتابی و (٢٠٧) مامۆستا پێک دێن.

کۆی خەرجییەکانی وەزارەتی پەروەردە لەم یازدە مانگەدا دەکاتە (٥٨،٥٨١،٨٤١) دینار، کە هەندێ لە خەرجییەکان ئەمانەی خوارەوەن:

(٢٤،٠٠٠،٠٠٠) دینار بۆ دەرماڵەی هاتوچۆی مامۆستایان.

(٧،١٤١،٧٥٠) دینار خەرجیی لیژنەی باڵای تاقیکردنەوەکان و ئەزموونەکانی پەروەردە بەشێوەیێکی گشتی.

(٥،٠٢٧،٤٠٩) دینار چاککردنەوەی قوتابخانە و کڕینی کەلوپەل بۆزیاتر لە (٣٥٠) قوتابخانە

(٣،٩٠٠،٨٣٣) دینار کرێی وانەوتنەوە.

(٣،٧٧٥،٠٠٠) دینار کرێی ئۆتۆمۆبێلەکانی هێنان و بردنی مامۆستایان بۆ دەرەوەی شار لە هەولێر و دهۆک.

(٣،٦٠١،٠٠٠) دینار دروست کردنی ڕەحلەی قوتابخانەکان.

(١،٦٥٠،٠٠٠) دینار کڕینی نەوت بۆ قوتابخانەکان.

(١،٦٦٠،٤٤٠) دینار چاککردنەوەی بینایەی چاپخانەی پەروەردە و کڕینی ئامێری کۆمپیوتەر و

چاپکەری ئەلیکترۆنی، هەر لەم بوارەشدا بۆ یەکەمین جار ئەلف و بێی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی بە چوار ڕەنگ چاپ کرا.
(١,٥٠٠,٠٠٠) دینار بۆ چالاکییەکانی وەرزشی و زیندوو کردنەوەی بزووتنەوەی دیدەوانی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک.
(١,١٩٤,٥١٦) دینار کڕینی قرتاسییە بۆ پەروەردەی هەولێر و دهۆک.
(٧٠٠,٠٠٠) دینار کڕینی کارگەیەکی تەباشیر لە گەڵ کڕینی تەختە ڕەشەو تەباشیر بۆ قوتابخانەکان.
(٤٦٣,٠٠٠) دینار کڕینی (٤) ئۆتۆمۆبێل بۆ دیوانی وەزارەت و چاپخانە.
لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لەساڵی ١٩٩٧دا زیاتر لە(١) ملیۆن و (٦٨)هەزار کتێبی خوێندن لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە چاپ کراوە کەچی لە ساڵی١٩٩٣دا ژمارەی ئەو کتێبانەی چاپ کرابوون (٥٠٠) هەزار کتێب بوو.

## وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن

لەکابینەی یەکەم و دووەمدا ژمارەی ئەو ئامێرانەی کە بۆ وەزارەت کاریان دەکرد تەنیا (٢٩) ئامێر بووە، بەڵام لەکابینەی سێیەمدا ژمارەی (١١٦) ئامێر چاک کرانەوە، بەمەش ئامێرە کارکەرەکان گەیشتە (١٤٥) ئامێر، هەروەها (٩) کارگەی قیر و بەردشکێن لە شوێنە جیاجیاکان چاک کراونەتەوە کە هەموویان بەسەریەکەوە بڕی (٧,٣٦٠,٠٧٠) دیناری بۆ خەرج کراوە، هەندێ لە چالاکییەکانی تری وەزارەت بریتین لەمانەی خوارەوە:
(٨,٢٨٤,٠٠٠) دینار قیرتاو کردنی ڕێگای دیانا ـ حاجی ئۆمەران.
(٦,٠٩٦,٥٨٩) دینار دروستکردن و قیرتاو کردنی سایدی سێیەمی ڕێگای زاخۆ ـ ئیبراهیم خەلیل.
(٥,٣٥٥,٠٠٠) دینار قیرتاوکردنی ڕێگاکانی پیرمام و دەوروبەری.
(٥,٤٥٧,٠١١) دینار چاک کردنەوە و قیرتاو کردنی ڕێگاکانی (سەرسول ـ زیارەت) (چەمی دبس ـ سفەیە)، (مەمودینان ـ شاخۆلان)، (شاخی بەنی باوی)، (باوی خەلان)، (گۆمەتاڵ)، (قەلا چۆغان)، (گێران)، کەورگۆسک ـ گاینج)، (سوسناو)، (شێخ مەمودیان)، (ئوردوگای شاوێس) و چەندین ڕێگای تر لە پارێزگای هەولێر.
(٤,٨٧٢,١٠٥) دینار چاککردنەوەو قیرتاوکردنی ڕێگاکانی (زاویتە ـ ئەتروش)، (بجیل)، (گونجینە)، (بشیریان ـ کەلەک)، (دهۆک ـ ئامێدی)، (کۆپلێ)، ( گربراسکێ)، (زێوە ـ برجین)، (غلبیش)، (بەدیل)، (شێخ مەمە)، (شندوخە)، (بێسفکێ)، (دێرەلوک)، (سەرگەلێ)، (ئیتوت)، (گەوەرەکێ)، (بانەسۆر)، (دەرکار عەجەم ـ شەرانش)، (ئێمینکێ)،

(ئوردوگای ئازادی ـ سەرسنگ)، (ئۆردوگای شەریە)، (بێشنیکێ)، (دلۆپ) و کردنەوەی ڕێگای (ئالۆکا، بازلان، باختمێ) و چەندین پرۆژەی تری ڕێگا لە پارێزگای دهۆک.

(٣،٦٧٥،٠٠٠) دینار قیرتاو کردنی ڕێگای ئاکرێ ـ بلان.

(٣،٥٥٠،٠٠٠) دینار قیرتاوکردنی ڕێگای ئاکرێ ـ بەردەڕەش.

(٣،٠٦٨،٣٤٠) دینار قیرتاو کردنی ڕێگای پیرمام ـ قەندیل.

(٢،٩٢٥،٠٧٤) دینار جێبەجێ کردنی (١٧) پرۆژەی جیا جیا لەگەلی زاخۆ.

ئوردوگای خانکێ، سێمێل، شیلادزێ، دیرەلوک، دهۆک، ئامێدی، زاخۆ، ئاکرێ، لەگەڵ کڕین و گواستنەوەی قیری شل.

(٢،٨٧٥،٠٠٠) دینار قیرتاوکردنی ڕێگای هەورازە نەفتە ـ دێگەڵە.

(١،٤١٥،٧٠٠) دینار قیرتاو کردنی ڕێگای ئۆمەرسینا سەربە قەزای ئاکرێ.

(١،٣٠٦،٠٠٠) دینار دروست کردنی پرد لەگوندی (ناڤدار) و چاک کردنەوەی پردەکانی (شندوخە)، (خشمانە)، (ئیبراهیم خەلیل)، (زڤینکێ)، (قەسرۆک).

(١،٢٤٤،٥٠٠) دینار قیرتاوکردنی ڕێگای بەردەڕەش ـ ئامیان.

(٨٦٧،٠٥٤) دینار دروست کردنی ئاودەست و دیواری پاڵپشت و پرد لە بێخاڵ و چاک کردنەوەی پردی بنەسلاوە و بنکەی حەراسەت لەنێوان ڕێگای پیرمام ـ هەولێر.

(٤٦٠،٠٠٠) دینار پاک کردنەوەی بەفر لە ڕێگاوبانەکان.

(٢،٩٠٠،٠٠٠) دینار دروست کردنی پردی (بلێ)

کۆی خەرجییەکانی ئەم وەزارەتە دەکاتە (٦٢،٢٨٧،٤٥٣) دینار.

## وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری

کۆی خەرجییەکان دەکاتە (١١،٩٤٨،٢٢٧) دینار، بەشێک لەم برە بۆ ئەم خەرجیانەی خوارەوە بووە:

(٢،٤٨٠،٥٥٠) دینار چاک کردنەوەی بینایەی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت لە شاروشارۆچکەکان و کڕینی کەلوپەل بۆیان.

(٢،٠٩٨،٦١٠) دینار لێدانی (١٨) بیرو چاک کردنەوە و پاک کردنەوەی (١٤٨) بیری تر لە شارۆچکەو گوندەکان و پاک کردنەوەی حەوزی زێی گەورە و دۆڵی مەلا ئۆمەر و هەنجیرۆک و چاککردنەوەی ئاودێریی ئەسکی کەڵەک و پاک کردنەوە و ڕێکخستنی کەندی گەڕەکەکانی ناو شاری هەولێر.

(١،٦٢٥،٠٠٠) دینار جێبەجێ کردنی (٣) پرۆژە بۆ لادانی مەترسی لافاو لەهەردوو شارۆچکەی زاخۆ و ئیبراهیم خەلیل.

(۱٫۰۷۲٫۹۰۵) دینار بۆ هەڵمەتی قەلاچۆکردنی سن و کیسەڵە و کلۆ.
(۹۹٦٫٥٦۷) دینار بۆ پرۆژەی بەخێو کردنی مانگای شیر لە عینکاوە و کڕینی ئالیک.
(۷٦۲٫۰۰۰) پرۆژەی ئاودێری لەشارۆچکەی خەبات و گوندی بێت یال و ئازادی لە چۆمان.
(٥٥۲٫۷٥۰) دینار کڕینی دەرمانی ئاژەڵ.
(۳۳۹٫۰۰۰) دینار کڕینی ئۆتۆمۆبێل و تراکتۆر و تانکەرێک.
(۳۲۰٫۲۲٥) دینار کڕینی ئامێری کۆمپیوتەر و چاپ بۆ فەرمانگەکان.
چارەسەری ژمارەیەکی زۆر لە کێشەی زەویی نێوان جووتیاران، کردنەوەی خولی ڕاهێنان و فێرکردن بۆ فەرمانبەران و جوتیاران، ئامادەکردنی شەتڵ بۆ هەڵمەتی نەمام چاندن لە یادی لەدایک بوونی بارزانیی نەمر و جەژنی ئادار و نەورۆز، دابینکردنی پێداویستییەکانی دروێنە، چاندنی چەندان هەزار نەمام لە دارستانەکانی کەسنەزان و خانزاد و ڕێگەی کەرکووک ـ هەولێر، ڕێگەی هەولێر ـ سەلاحەدین، چاک کردنەوەی بەنداوی دهۆک، بەگەڕخستنەوەی پرۆژەی گردەڕەشە و سەر لەنوێ بووژاندنەوەی نەمامگەی (عەنکاوە)، هەندێ لە چالاکییەکانی تری وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێرین.

## وەزارەتی ناوخۆ

بەپێچەوانەی هەردوو کابینەی پێشوو، دەزگای پۆلیس و ئاسایش توانیی لەسەردەمی کابینەی سێیەمدا ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێ لەدابینکردنی ئاسایش و ڕێکخستنی ژیانی هێمنی و چارەسەرکردنی بەشێک لە گیروگرفتەکانی هاتوچۆ، دەزگای پۆلیس لەم کابینەیەدا بەگەڕ کەوتەوە، لەڕووی چەک وتەقەمەنی و کەرەستە وپێداویستیی تر و باڵەخانە و ئۆتۆمبیل و جلوبەرگەوە توانیی بەشێک لە کەموکورتییەکانی خۆی پڕ بکاتەوە، ئەمە یەکەم جاربوو لە ژیانی حکوومەتی کوردستاندا هەنگاوێکی وا بهاوێژرێ، بۆ نموونە:
(۷٫۰۹٥٫٥۲۷) دینار چاک کردنەوەی بینایەو کڕینی کەلوپەل و ئامێری پێویست بۆ فەرمانگەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی، پۆلیس، بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ، پۆلیسی فریاکەوتن، ڕەگەزنامە، دیوانی پارێزگاو قایمقامیەتی مەرکەزی لە هەولێر و دهۆک، یانەی وەرزشی پۆلیس لە هەولێر و دروست کردنی چەندین بنکەی نوێی پۆلیس.
(٤٫٦٦۹٫۳٥۷) دینار دامەزراندنی داوودەزگای حکوومەتی هەرێم لەناحیەکان و چاککردنەوەی بینایەو و کڕینی کەلوپەل بۆ فەرمانگەکانی قایمقامیەت و ناحیەو ئاسایش و ڕەگەزنامە و بەرگریی شارستانی لە قەزاو ناحیەکانی (سۆران، چۆمان، شەقلاوە، مێرگەسۆر، شێخان، گوێر، هەریر، گەلاڵە، شێروان مازن، قوشتەپە، دیرەلوک، بجیل، سیدەکان، خەلیفان، خەبات، حاجی ئۆمەران، عەنکاوە، دیانا، سەلاحەددین، بنەسلاوە، ڕەواندوز، شۆڕش، دینارتە، کەلەک، گردەسین، سندی)
(۸٫۲٥۰٫۰۰۰) دیناری بۆ (خطە الطواری).

(٣.٧٢٥.٤٨١) دینار کڕینی جلوبەرگ و قوماش بۆ منتەسبینی پۆلیس.
(٢.٣٨٥.٧٩٠) دینار کڕینی ئۆتۆمبیل بۆ ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەربەوەزارەت.
(٢.٣٧٢.٠٧٠) دینار چاککردنەوەی قوتابخانەی پۆلیس و کڕینی پێداویستی و خەرجیی کردنەوەی دەورەی ئەفسەران و چاپکردنی کتێب بۆ قوتابیان.
(١.٨٥٠.٧١١) دینار خەرجییەکانی چاک کردنی زیندانی مەڵبەندی هەولێر.
(١.٧٦١.٠٧٠) دینار دروستکردنی پاشکۆی تایبەتی وەزارەت و کڕینی ئامێر و کەلوپەل بۆ دیوان.
(١.٧٣٥.٦١٠) دینار چاککردنەوەی بینایەی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتی و ئاسایشی هەولێرو دهۆک و کڕینی کەلوپەل.
(١.٦٢٣.١٥٥) دینار چاککردنەوەی بینایە و ئۆتۆمبیلەکانی بەرگریی شارستانی و کڕینی کەلوپەل.
(١.٥٠٨.٠١٠) دینار چاککردنەوەی کەنیسەی ڕۆژهەڵات لە دهۆک، کەنیسەی مار عۆدیش، هۆڵی شەهید یوحەنا لە شەقلاوە، چاک کردنەوەی (٣) پرد لە ناحیەی باعەدرێ، هۆڵی شەهید سلێمان لە دهۆک و قیرتاوکردنی شەقامەکانی گەڕەکی خەبات لە زاخۆ.
(١.٣٨٢.٥٠٨) دینار تەعمیر کردنی ئۆتۆمبیلەکانی فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەت بەگشتی.
(١.٧٦٠.٠٠٠) دینار کڕینی ئامێری لاسلکی.
(١.٢٤٥.٠٧٥) دینار چاپەمەنی و قرتاسیە و چاپکردنی پسووڵەکانی ڕەگەزنامەی شارستانی.
(١.٠٢٤.٦٠٠) دینار کڕینی چەک و تەقەمەنی بۆ پۆلیس و بارەگای وەزارەتەکان و چەند دەمانچەیەک بۆ ئەفسەرانی پۆلیس.
(٢.٠٠٠.٠٠٠) دینار بۆ پرۆژەی ئاوی چەم بەرەکات لە دهۆک.
(٢.٦٨٠.٢١٠) دینار چاککردنەوەی یاریگەی ئیدارەی مەحەلی هەولێر و دروست کردنی مەدرەجێکی نوێ.
هەروەها کردنەوەی چەندین بنکەی نوێ بۆ پۆلیس، زیندووکردنەوەی پۆلیسی فریاکەوتن و پۆلیسی نەهێشتنی تاوان، کردنەوەی چەندین خول بۆ فێرکردن و مەشقکردنی پۆلیس لە چالاکییەکانی تری وەزارەتن.
ئەمەو هەڵمەتێکی گەورە کرا بۆ نەهێشتنی ئۆتۆمبیلی بێ ژمارە و لێدانی تابلۆی ڕەسمی و تۆمارکردنی (٢٥) هەزار سەرپێچی کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بووە هۆی کەمبوونەوەی تاوان و لادان. پۆلیس و ئاسایشی کوردستان توانیویانە لەماوەی ئەم یەک ساڵەدا گەلێک تاوانباری تیرۆر و تەقاندنەوە دەسگیر بکەن و هەروەها گەلێک تۆڕی دزی و پیاوکوژی ئاشکرابوون و دەسگیرکراون کە پێشتر لە هەولێر بەئازادی دەسووڕانەوە، ئەمەو خەرجیی گشتی وەزارەت بۆ ئەم مەبەستانە و چەندین ئەرکی تری دەکاتە (٦٠.٦٥١.٣٣٦) دینار.

## وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

ئەم وەزارەتە چەندین کاری گرنگی ئەنجام داوە و ئەم برانەی بۆ کارەکانی خەرج کردووە:

(١١,٩٤٤,٩٦٢)دینار چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی هەولێر، چاککردنەوەی پرۆژەی ئاوی دهۆک، چاککردنەوەی موەلیدە و ترومپا و کڕینی ماتۆڕو گەیاندنی کارەبا بۆ بیرەکانی ئاو و دابینکردنی سوتەمەنی.

(٧,٧٥٥,٧١٣)دینار دروستکردن و قیرتاوکردنی شەقامەکان لەشار و شارۆچکەکانی هەولێر، دهۆک، ئامێدی، سۆران، خەلیفان، شەقلاوە، هەریر، ڕەواندوز، چۆمان.

(٣,٣٢٦,٥٠٠) دینار چاککردنەوەی بینایە و کڕینی کەلوپەل بۆ شارەوانییەکانی هەولێر، دهۆک، شەقلاوە، هەریر، زاخۆ، ئاکرێ، باتووفە، سەلاحەدین، ڕەواندز، سۆران، قوشتەپە، مێرگەسۆر، خەبات، چۆمان، عەینکاوە، دیانا، شێخان، زاویتە، بەردەڕەش، سێمێل، ئامێدی، خەلیفان، بنەسلاوە.

(٢,٥٢٥,٢٩٩)دینار جێبەجێکردنی پرۆژەکانی شارەوانی ئاکرێ.

٢,٢٧٠,٠٠٠) دینار دروستکردنی تونێلی ژێر پردی سەیداوە.

(٢,١٦١,٥٥٠) دینار چاککردنەوەی ئامێرەکانی کار پێکردن بۆ ئاوەدانکردنەوە وخزمەتگوزاری.

(١,٨٤٥,٨٠٠) دینار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی ئاوی پیرمام و سەری بلند قۆناغی یەکەم کە کۆی بڕی تەرخانکراو بۆ ئەم پرۆژەیە(٥,٨٤٥,٨٠٠)دینارە.

(١,٧٨٤,٨٥٠) دینار چاککردنەوەی کارگەی قیر و کەسارە لە دهۆک و زاخۆ و کڕینی ڕمل و قیری شڵ بۆ کارگەی قیری شارەوانی هەولێر.

(١,٥٠٩,٨٩٥) دینار لێدانی (١١) بیر لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر.

(٩٠٠,٤٥٢)دینار جێبەجێ کردنی چەندین پرۆژەی ئاو لە خەبات، سێمێل، دینارتە، بجیل، خەلیفان، قەدش، کەسنەزان، مێرگەسۆر.

(٨١٦,٣٦٠) دینار کڕینی (١٣) تراکتۆر بۆ شارەوانییەکانی دهۆک، شەقلاوە، زاخۆ، دیانا، مێرگەسۆر.

(٤٢٣,٦٣٦) دینار چاککردنەوەی چوار خانووی شوێنەواری لە هەولێر.

* چاککردنەوەی پارکی گلکەند لە هەولێر.
* چاککردنەوەی کۆمەڵێک لە ئاو پرژێنەکان(نافورات)ی ناوشار.
* چاککردنەوەی سەیرانگای عەنکاوە.
* دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر شوورە بۆ گۆڕەپان و شەقامەکان و گەراجی سەرەکی.
* چاککردنەوەی چەندین ترافیک لایت لە هەولێر و سەلاحەدین.
* سەرپەرشتی هەڵمەتی شەتڵ چاندن بەبۆنەی یادی لە دایک بوونی بارزانیی نەمر لە ١٤ی ئادار

١٩٩٧ و ڕۆژی دارودرخت.
* دروستكردنی ژمارەیەكی زۆر باخچە، یاریگە، دەروازەی شارو خانووی شووشەیی بۆ باخچەی دهۆك لە چالاكییەكانی تری وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارن.
لە ماوەی یازدە مانگی ساڵی ١٩٩٧ بە گشتی بڕی (٣٩،٧٩٨،٥٩٢) دینار بۆ جێبەجێ كردنی پرۆژەو كارەكانی ئەم وەزارەتە خەرج كراوە.

## وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن

بۆ یەكەمین جارە لە حكوومەتی هەرێمدا بەداڵەی (٥٠٠) هێڵی ئەلیكترۆنی دادەمەزرێت ئەمە بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆی داوو دەزگاكانی دەوڵەت لەسەر بەداڵەی سەرەكی كەم بكرێتەوە. وەزارەت بۆ كڕینی ئەم بەداڵەیە و دووبەداڵەی (٧٢) هێڵی و بەداڵەیەكی (٨)هێڵی لەگەڵ (٧٠٠) دەزگای تەلەفۆن و فراوان كردنی بەداڵە بە (٧٢) هێڵ بۆ شاری هەولێر بڕی (٢،٧٥٠،٠٠٠) دیناری خەرج كردووە. ئەمەو بەداڵەی شارەكانی دهۆك و زاخۆ بەرفراوان كراونەتەوە و بۆ ئەم كارەش (١،٩٣١،٠٠٠) دینار خەرج كراوە، هەروەها بۆ كڕینی كەلوپەل وەك كێبلی جۆراوجۆر و تقسیمات و مەنهۆل و جیهازی قیاسی و ماددەی لەحیمی كابلات و رایزەر و پێداویستییەكانی تری دامودەزگاكانی گەیاندن لە پارێزگای هەولێر و دهۆك مەبلەغی (١،٩٢٨،٠٠٠) دینار خەرج كراوە. وەزارەت بەداڵەی شەقڵاوەی بە (٤٢٠) هێڵ و بەداڵەی شارۆچكەی خەبات و چەندان بەداڵەی تر لە شوێنە جیاجیاكاندا بەكارخستووە. هەوڵ دراوە پێوەندیی نێوان پایتەخت و شارەكانی تر دروست بكرێت، لەم بوارەدا پێوەندیی نێوان هەولێر ـ دهۆك كراوە بە ١٨ خەت. لە داهاتووشدا پرۆژەیەك هەیە لە ڕێگەی مایكرۆیڤ بۆ دروستكردنی گەیاندن لە نێوان ئەم دوو پارێزگایەدا، هەروەها (١٢) هێڵ لەنێوان هەولێر و سۆران دانراوە بەسوود وەرگرتن لە هێڵی كارەبای(٣٣) كەی ڤی. هێڵی تەلەفۆن نێوان (هەولێر ـ ئاكرێ)،(هەولێر ـ خەبات)،(ئاكرێ ـ بجیل) دامەزراوە، پۆستەی دەرەوەش زیندوو كرایەوە و(٣٠) سندووقی پۆستە لە توركیا بەكرێ گیراوە بۆ ئەوەی ناردنی نامە بۆ دەرەوەی وڵات و وەرگرتنیشی لە دەرەوە جێبەجێ بكرێ. پێشبینی گۆڕانەكانی ئاو و هەوا بۆ یەكەم جارە لە كوردستان دابمەزرێ، هیواش هەیە دەزگای كەش ناسی لە داهاتوودا دابنرێ ئەمە وبۆ ئەم مەبەستانە و كارەكانی تری وەزارەت لە ماوەی یازدە مانگی رابرووودا بڕی(١٠،٧٦٠،٢٢٥) دینار خەرج كراوە.

## وەزارەتی ڕۆشنبیری

بۆ یەكەمین جارە لە مێژووی حكوومەتی هەرێمی كوردستاندا وەزارەتی ڕۆشنبیری بەگوڕ وتینێكی

بێ وێنە بکەوێتە کار. چالاکییەکانی ئەم وەزارەتە لە بوارە جیاجیاکاندا پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە گرتووە وەک:

لە بواری هونەرە جۆراوجۆرەکانی سینەماو شانۆ و گۆرانی و پەرەپێدانی کەلەپووری فۆلکلۆری و هونەری مۆسیقا و هونەری وێنەکێشاندا پێشکەوتنێکی بێ هاوتای هەبووە کە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ دووکابینەکەی پێشوودا بەراوورد ناکرێ، بۆ نموونە:

چەندان چالاکی مۆسیقا، ڤیستیڤاڵی یادی هونەرمەندانی کورد، پێشاندانی جلوبەرگی فۆلکلۆری ئاشووری، تۆمارکردنی چەندان گۆرانی بەتایبەتیش دە گۆرانی منداڵان دامەزراندنی تیپی ئۆرکستراى کوردستان، پێشکێش کردنی دەیان شانۆ، دەرهێنانی دوو فیلمی کوردی (رەشایی مەرگ) و بەنازخان، کردنەوەی(٧٤) پێشانگای هونەری شێوەکاری و فۆتۆگرافی و کاریکاتێری، کردنەوەی مۆزەخانەی کولتووری و مۆزەخانەی شارستانی.

لە بواری ڕۆژنامەنووسی و چاپەمەنیدا دەشێ بگوترێ کەوا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمین جارە لەم بوارەدا هەنگاوی سەرکەوتووانە بنێ، ڕۆژنامەی «هەرێمی کوردستان» بەرێکوپێکی حەفتانە دەردەچێ، گۆڤاری «کاروان»، «کاروانی ئەکادیمی» گۆڤاری «زاگرۆس» بەزمانی عەرەبی، گۆڤاری «هەنگ» بۆ منداڵان، گۆڤاری «شانەدەر»، «وەرگێران»، جگە لە دەیان کتێب و بڵاوکراوەی تر و یارمەتیدانی نووسەرانی کورد لە چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان. هەروەها رادیۆ تەلەفزیۆنی هەرێم لەگەڕ دایە و پرۆگرامەکانی خۆی ڕۆژانە بڵاودەکاتەوە. ئەمانەی پێشەوە بریتین لە بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کەشان بەشانی دەیان گۆڤاروڕۆژنامەو کتێب و ڕادیۆو تەلەفزیۆن و بڵاوکراوەی تر لەلایەن حزبەکان و خەڵکی ئازادەوە دەردەچن و هەر هەموویان بەیەکەوە لە سایەی کابینەی سێیەمدا پێشکەوتنێکی ڕۆشنبیریان هێناوەتە کاوە.

دووای دەست بەسەرداگرتنی هەولێر لەلایەن ینک، تیپە وەرزشییەکانی هەولێر لە هەلی بەشداربوون لە ململانە وەرزشییەکان بێبەش ببوون بەڵام بەئازادبوونی پایتەخت ئیتر ئەم تیپانە گەڕانەوە ناو مەیدانی چالاکیی خۆیان و لە ماوەی ئەو ساڵەی ڕابردوودا سەرکەوتن و پێشکەوتنی زۆر سەرنج ڕاکێش رووینداوە. چەندان تیپی نوێی وەرزشی و چەندان خولی وەرزشی لە دهۆک و هەولێر کراونەتەوە کە ئەمانە نیشانەی گەشانەوەیەکی گرینگە لەم بوارەدا، لە کاتی کابینەی سێیەمدا باڵەخانەکانی هۆڵی زەرد، مەلەوانگەی داخراو، یانەی هەولێر ئاوەدان کرانەوە کە لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی ناشەرعیی ینک لە هەولێر کاول و وێران کرابوون.

کۆی خەرجییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەم بوارەدا لەم یازدە مانگەدا دەکاتە (١٦،١٧٠،٧٦٤) دینار.

کە بەشێک لەم برە بۆ ئەم مەبەستانە بووە:

(١،٣٨٥،٠٠٠)دینار چاککردنەوەی بنکەکانی وەرزش و لاوان.

(١،٦٢٢،٧٥٠) دینار چاککردنەوەی داوودەزگاکانی ڕۆشنبیری لە هەرێم.

(٢.٣٢٧.٠٠٠) دينار دەرچوواندنی رۆژنامەی هەرێم و گۆڤاری کاروان و پاشکۆکانی (هەنگ، زاگروس، کاروانی ئەکادیمی و وەرگێران).
(١.٠٣٧.٧٢٥) دینار چاککردنەوەی شوێنەوارەکان و کرینی پێداویستییەکانی مۆزەخانە و فەرمانگەکانی شوێنەوار.
(٩١٧.٥٥٠) دینار چاپ کردنی (٢٤)کتێب.
(٧٧٠.٠٠٠) دینار یارمەتی یانەکانی وەرزشی.
(٦٩٥.٠٠٠) دینار کرینی کەلوپەل و ئامێر بۆ دیوانی وەزارەت.
(٦٧٥.٠٠٠) دینار کرینی پێویستییەکانی ئێزگە و تەلەفزیۆن.
(٤٦٨.٠٠٠) دینار بۆ چالاکی وەرزشی.
(٣٧٥.٠٠٠)دینار بۆ زیندووکردنەوەی تیپەکانی هونەری میللی کوردی.
(٣٦٠.٠٠٠)دینا یارمەتیدانی ئەدیب و رۆشنبیران.
(٣٥٠.٠٠٠) دینار کرینی ئامێری کۆمپیوتەر بۆ چاپخانەی رۆشنبیری.
(٤٢٥.٠٠٠) دینار مهرجانات و چالاکییەکانی رۆشنبیری ، ئەدەبی و هونەری .
(٢٦٦.٣٥٠) دینار بەرپاکردنی پێشانگاکانی هونەری و کرینی تابلۆی هونەری.
(٢٣٥.٥٥٠) دینار چالاکییەکانی راگەیاندن.

## وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی

خەرجییە سەرەکییەکانی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی ئەم برانەی خوارەوە پێک دێنن:
(٢٢.٦٦٣.٩٤٦) دینار کرینی دەرمان.
(١٢.٥٠٠.٠٠٠) دینار بۆ کرینی ئەجهیزە بۆ نەخۆشخانەکانی پارێزگای هەولێر و دهۆک.
(٧.٥٠٠.٠٠٠) چاککردنەوەی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان و کرینی کەلوپەل بۆیان.
(٢.٠٤١.٩٩) دینار چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبیلەکانی تەندروستی وکرینی سوتەمەنی بۆیان.
(٤.٩٣٨.٩٥٥)دینار کرینی ئازووقە بۆ دامودەزگاکانی تەندروستی.
(١.١٥٣.٥١٦) دینار چاککردنەوە و کرینی کەلوپەل بۆ بەرێوەبەرایەتیی چاککردنەوەی کۆمەلایەتی.
(١.٦٣٢.٠٠٠) دینار کرینی جل وبەرگ و بەروانکە و کوتال و قوماشی دیژداشە بۆ پزیشکان و کارمەندانی نەخۆشخانە و قوتابیان و نەخۆشان و چاککردنەوەی کۆمەلایەتی.
(١.٠٠٠.٠٠٠) دینار چاپکردنی چاپەمەنییەکانی دەزگاکانی تەندروستی.
١.٠٠٠.٠٠٠)دینار کرینی ئۆتۆمۆبێل بۆ داوودەزگاکانی تەندروستی.

(٨٥٦.٨٤٣) دینار کرێی کارەبای دەزگاکانی تەندروستی تەندروستی لە هەولێر و دهۆک.
(٧١٨.٠٠٠) دینار کرێی سەیارەی هاتوچۆی کارمەندانی دامودەزگاکانی تەندروستی.
ئەمە و وەزارەت شاڵاوی لەناوبردنی نەخۆشیی مەلاریای ئەنجام داوە جگە لە چەندین چالاکی و خولی فێربوون و خۆپارێزی لە نەخۆشی و کۆبوونەوەی زانستی و پزیشکی.
هەروەها گۆڤاری تەندروستی لەلایەن وەزارەتەوە دەردەچێت و بەرنامەی تایبەتی تەندروستی لە تەلەفزیۆن بڵاودەکرێتەوە. بەگشتی لەم یازدە مانگەدا بڕی (٥٨.٨٢٥.٦٩٦) دینار بۆ وەزارەت خەرج کراوە.

## وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان

ئەو پرۆژانەی کابینەی سێیەم لە ڕێگەی ئەم وەزارەتەوە بە ئەنجامی گەیاندوون بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ کابینەی یەکەم و دووەمدا بەراوورد ناکرێت لە کابینەی یەکەم و دووەمدا تەنانەت ئەو چەند پرۆژەکەمەش کە جێبەجێ دەکران زیاتر بەپاڵپشتیی ڕێکخراوە بیانییە مرۆڤ دۆستەکان بوون بەڵام لە کابینەی سێیەمدا ئەو پرۆژانەی تەواو کراون و ئەوانەی لە تەواوبوندان زیاتر لە (٥٠) پرۆژە دەبن.
بۆ نموونە: (١٤.٥٠٥.٠٠٠) دینار بۆ دروست کردنەوەی (٤) قوتابخانەی دواناوەندی و (١٠) قوتابخانەی سەرەتایی و (٥) بنکەی تەندروستی و چەندین پرۆژەی ئاو و پرد. بڕی (٦.٤٨٣.٣٢٣) دینار بۆ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە لە بناری سەفین و ناوچەی هەریر کە بریتییە لە دروستکردنی (٨) قوتابخانە، (٣) بنکەی تەندروستی، (٧) پرۆژەی ئاو و ڕێگای (١٢) گوند.
ئەمەو هەندێ لە خەرجییەکانی وەزارەت ئەمانەی خوارەوەن:
(١.٧٧١.٠٠٠) دینار دروست کردنی جەناحی مولحەق بۆ وەزارەت.
(٤.٠٥٤.٨٧٧) دینار بۆ چاککردنەوەی مکائن و ئامێرەکان
(٢.٠٧٣.٦٨٤) دینار دروستکردنی بینایە بۆ قائمقامیەتی مێرگەسۆر.
(١.٤١٠.٨٤٠) دینار دروستکردنی پردی(کانی بۆت)
(١.٢٥٠.٠٠٠)دینار قیرتاوکردنی ڕێگای(تورەق ـ عەوێنە)
(٨.٩٥٦.٦٠٠) دینار قیرتاوکردنی ڕێگای مێرگەسۆر ـ باڵندا.
(٨.٠٤٣.٢٠٠) دینار قیرتاوکردنی ڕێگای مێرگەسۆر ـ هاودیان و چاککردنی دەوروبەری.
(٢.٩٧٨.٠٠٠) دینار قیرتاوکردنی ڕێگای خەلان ـ ڕێزان
(٢.٢٧٧.٥٠٠) دینار قیرتاوکردنی ڕێگای بیرەکەپرا ـ تەنگەتوور.
(١.٠٠٠.٠٠٠) دینار دروستکردنی تەکیەی بریفکا.
کۆی خەرجییەکانی وەزارەت لەم یازدە مانگەدا دەکاتە (٥٧.٩٤٥.٢٥٠) دینار.

## وەزارەتی یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاری

کـردنەوەی چەند نـووسـینگەی نوێ لە دەرەوەی هەرێم و تنسـیق لەگـەڵ (U.N)و رێکخـــراوە پەیوەندارەکان سەبارەت بەبڕیاری ٩٨٦ و رێکخستنی هاتوچۆ و سەفەری هاوولاتیان بۆ دەرەوەی هەرێم و رێکخسـتنی پێـوەندیی حکوومـەتی هەرێم لەگـەڵ رێکخـراوە بیـانییـەکاندا هەندێ لە چالاکییەکانی ئەم وەزارەتەن. کۆی خەرجییەکانی وەزارەت تا کۆتاییی مانگی ١٩٩٧.١١ بریتی بووە لە بڕی :

(٣.٨٢١.٦٧٩) دینارکە بەشی زۆری ئەمانە پێک دێنن:

(١.٣٤٢.٢٠٠)دینار کڕینی کەلوپەل بۆ دیوانی وەزارەت.

(٦٢١.٢٧٩)دینارچاککردنەوەی دیوانی وەزارەت.

(٤٩٩.٣٠٠)دینار کڕینی ئامێری کۆمپیوتەر و چاپ و ئیستنساخ.

(٤٤٧.٥٠٠)دینار چاککردنەوەی تەلاری نـووسـینگەی جـەوازاتی ئیـبـراهیم خـەلیل و کـڕینی کەلوپەل.

(٣٨٥.٠٠٠)دینارکـڕینی دوو ئۆتۆمـبێل بۆ دیوانی وەزارەت و نووسـینگەی جەوازاتی ئیبراهیم خەلیل.

## وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی

هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ چاککردنەوەی مزگەوتەکان دەست پێ کراو ئەوەبوو لەو ماوەیەدا (٨٨) مزگـەوت و تەکیە لە پارێزگای هەولێر و دهۆک چاک کرانەوە کە بڕی دوو مـیلۆن و (٧٤) هەزار دیناری لێ خـەرج کـراوە، هەروەها کـڕین و دووربینی جلوبەرگی شـایەن بەقـوتابیـانی ئایینی کـە ژمـارەیان (٥٧٨) قـوتابییـە، کڕین و چاپکردن و فۆتۆکۆپی کردنی کتێبی مـەنهـەج بۆ قـوتابییـانی ئایینی و کڕینی سووتەمـەنی بۆ مزگەوتەکان و چاککردنەوەی کتێبخانەی ئەوقـاف. خەرجییەکانی تری وەزارەتی ئەوقاف پێک دێنن. هەروەها دانانی ئەنجومەنی زانستی بەمەبەستی تاقیکردنەوەی ئەو پیاوە ئایینییانەی کە لە وەزارەت بەپلەی فەرمانبەرانی ئایینی دادەمەزرێن. دانانی ئەنجومەنی بالای ئەوقـاف بۆ بڕیار لەسـەردان و پەسندکـردنی هەندێ کـێـشـەی ئەرازی وەقف، کـردنەوەی قوتابخانەی ئایینی لە(بەحرکە)و ئامۆژگای ئیمام و خەتیبان لە هەولێر و دهۆک و ئاکرێ کە تا ئێـستـا (١٨) قـوتابخـانەی ناوەندی و دواناوەندی ئایینی و (٣) پەیمانگای ئیـمـام و خەتیـبـان کراوەتەوە بۆ وەرگرتنی دەرچووانی پۆلی شەشەمی ئایینی. ئامارکردنی مزگەوتەکـان. کردنەوەی خـولی تایبـەت بۆ مـامـۆسـتـایانی ئایینی و وتاربێـژ وپێکهـێنانی لیژنەی تایبەت بەوردەکـاری بۆ چاودێری کـردنی خـەرجی وەزارەت و بەڕێوەبیـەرایەتییـەکـان هەندێ لە چالاکـییـەکـانی وەزارەتی

ئەوقاف و کاروباری ئیسلامیین. وەزارەت لە ڕێگای موساطەحە لە جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژانەی خوارەوەدایە:
* دروستکردنی مزگەوتێک و بازاڕێک لە پارێزگای دهۆک بەبڕی یەک ملیۆن و دووسەد هەزاردینار.
* دروستکردنی(٥٢) دوکان لە قەزای زاخۆ بەبڕی یەک ملیۆن و سەد هەزار دینار.
* دروستکردنی دوکان لە هەولێر بەبڕی دووسەد و پەنجا هەزار دینار.
ئەمەو کۆی خەرجییەکانی وەزارەت لەم یازدە مانگەدا دەکاتە مەبلەغی (٦،٠٣٧،٧٥٠) دینار.

## وەزارەتی دارایی و ئابووری

هەندێ لە خەرجییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەمانەی خوارەوە پێک دێنن:
(١٤٧،٨٧٦،٤٥٠) دینار بۆ حزب و بزووتنەوە ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵە و نەقابە و سەندیکا و یەکێتی و مەڵبەندەکانی پیشەیی و کۆمەلایەتی.
(١٤٠،٠٠٠،٠٠٠) دینار کڕینی گەنم لە جووتیاران.
(٥٦،٢٨١،٣٩٠) دینار مووچەی مانگی ١٩٩٦،٨ لەگەڵ مووچەی وەزارەتەکانی پەروەردە، ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی و تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی لە سنووری پارێزگای کەرکووک ـ سلێمانی و ناوەندی قەزای کۆیێ لە دەرەوەی سنووری کۆنترۆڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.
(٥٥،٠٠٠،٠٠٠) دینار دانەوەی پارەی هاوولاتیان لە بانکەکان کە نیوەی ئەم بڕە لە چەند قۆناغێکدا خەرج کراوە و بەردەوامین لە خەرجکردنیدا.
(١٦،٤٢٩،٠٠٠) دینار کڕینی ئۆتۆمۆبیل بۆ دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێم.
(١٠،٤١٤،٠٠٠)دینار خەرجییەکانی لیژنەی بالای سەرپەرشتی دەرکراوەکانی کەرکووک، سلێمانی، کۆیێ.
(٨،١٨٤،٨١٥) دینار بۆ کۆمەڵگای ئیبراهیم خەلیل بۆ ئەم خەرجییانە (٢،٤٨٠،٢٥٠) دینار دروست کردنی بازاڕی ئازاد.
(١،٩٢٤،٤٦٠) دینار دروستکردنی جۆگە و نافورە و حەوزی ئاو و ژێرئاو و لێدانی بیر و ڕێکخستنی باغچەو دروستکردنی بینایەی ئاسایش و پۆلیس و میوانخانە و شەقامەکان.
(٩٣٨،٢٥٠) دینار ڕێکخستنی گۆڕەپانی ڕاوەستانی سەیارەکان.
(٨١٨،١٥٥) دینار دروستکردنی (٢٠) شوێنی دەست شوشتن و حەمام و مەرافق.
(٦٧٨،٥٠٠) دینار کڕینی موەلیدەیەکی ٥٥٠ کەی ڤی.
(٥٦٥،٢٠٠)دینار چاککردنەوەی هۆڵی پێشوازی.

(٨٧٠,٠٠٠) دینار کرِینی کۆمپیوتەر و کەلوپەل.
(٨,٧٧٠,٢٥٠) دینار کرِینی (١٣) هەزار و (٥٠٠) تەن قیر.
(٤,٤٣٦,٢٥٠) دینار دروست کردنی بانکەکان کە لەم برِە (٣,٣٣٨,٠٠٠) دینار بۆ چاککردنی بینایە بۆبانکێکی تازە لە دهۆک و (٧٢٠,٠٠٠) دینار بۆچاککردنەوەی بانکێک لە سۆران و (٣٧٨,٢٤٠) دینار چاککردنەوەی بانکەکانی (شەقلاوە، سەرسنگ، پیرمام، بانکی رەشید لە زاخۆ ودیوارەکانی بانکی خانووبەرەی هەولێر).
(٣,٦٩٤,٧٥٠) دینار چاککردنی بالآخانەی بازارِی مەڵبەندی هەولێر.
(٣,٣٩٥,٥١٥) دینار چاککردنەوە و دروستکردنی دەست ئاوی گشتی بۆ هەموو قوتابخانەکان.
(٥,٤٢٧,٦٠٧) دینار کرِینی قرتاسیە و چاپەمەنی بۆ گومرگەکان و فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەت.
(١,٣٩٥,٠٠٠) دینار دروستکردنی بالاخانەی بەرِێوەبەرایەتیی گشتیی دارایی
(١,٠٩٨,٥٠٠) دینار کرِینی موەلیدات.
(١,٠٤٠,٠٠٠) کرِینی ئۆتۆمۆبیل و جهازی بێ تەلی دەستی و کەلوپەل بۆ پۆلیسی گشتی گومرگ لە هەولێرو سۆران و سلێمانی.
(٨٧٨,٦٤٩) دینار کرِینی کەلوپەل و پێداویستی بۆ فەرمانگەکانی وەزارەت.
(٧٧٠,٠٠٠) دینار کرِینی ئامێری پارە ژماردن بۆ بانکەکان.
(٥٠٢,٣١٢) دینار چاککردنەوەی بینایەتی گومرگی هەولێر، بنکەی گومرگی حاجی ئۆمەران، گومرگی ئاکرێ، معاونیەی گومرگی زاخۆ.
(٤٨٨,٠٠٠) دینار چاککردنەوەی بینایەتی باجی دەرامەت لە هەولێر.
هەروەها وەزارەتی دارایی و ئابووری سەرجەم داهات و خەرجییەکانی داوودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵ کردووە و مووچەکانیش بەبەردەوامی سەرفی کردووە بەبێ دواکەوتن.
* پەسەند کردنی سەرجەم میلاکاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی١٩٩٧.
* پشکنین و چاودێری کردنی (٦٠) فەرمانگە و(١١) سەندیکا لە رِووی داراییەوە.
* کۆنترۆڵ کردنی سەرجەم داهات و خەرجییەکانی داوودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.
* دانی مووچەی خانەنشینانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا.
* دانی مووچەی فەرمانبەرانی ئەنفالکراو.
* تەواوکردنی زیاتر لە (٣٦٠) مامەڵەی خانەنشینی بۆ هەڤاڵانی رِێبازی بارزانی نەمر بۆ رِووسیاو دابینکردنی مووچەی خانەنشینی.
* پێدانی (٦٦٠) مۆڵەتی هاوردن و(١٧٦) مۆڵەتی نوێ بۆ پارەگۆرِینەوە (صراف) و نوێکردنەوەی(١٤٧) مۆڵەتی کۆن.
* سەردانی رِۆژانە بۆ نانەواخانەکان و چاودێری کردنیان.

* داخستنی (٤٠٣) نانەواخانەی سەرپێچیکەر و سزادانی ١٤٥ نانەواخانە.
چاودێری کردنی نرخی کەلوپەل لە بازاڕ و دانانی نرخ و سزادانی سەرپێچیکەران، بەگەڕ کەوتنەوەی سەرجەم بانکە بازرگانییەکان و دانانی ئامێری فاکس لە نێوان بانکی مەڵبەندی و بانکی دهۆک بۆ ڕەوانە کردن و وەرگرتنی پارە لە نێوان هەردوو پارێزگاداو ئاسانکاری بۆ بازرگانیی هاوولاتیان، هەروەها هەردوو هۆبەی حیسابی بەردەوام و پاشەکەوت بەشێوەی سروشتی کاری خۆیان ئەنجام دەدەن، * تەملیک کردنی ژمارەیەکی زۆر لە زەوی وخانوبەرە وبەکرێدانی زەوی خانوبەرە و نووسینگەو چێشتخانە. *کردنەوەی(٥٥٠) دۆسیەی تایبەت بە خانوبەرەی جیاجیا. * وەرگرتنی (٣١٧) قسطی دواکەوتووی سالانی پێشوو. * دروستکردنی پاکانەی باج بۆ هاوولاتیانی باجدەر کە هاندەرێکە بۆ زیاتر سەرلێدانی هاوولاتیان و خۆ نەشاردنەوەیان لە باجدان و پشتیوانی کردنە لە داهات.

## وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە

وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە لە پێناو بەرگری کردن لە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان وپاراستنی دەستکەوتەکانی میللەت و ئەم ئەزمونە نوێیەمان قارەمانانە ڕۆڵی خۆی بینیوە و بەسەدان قوربانی پێشکەش کردووە و فیداکاری بێ وێنەی نواندووە کە ئەم هەڵوێستە مێژووییە نیشتمانپەروەرانەی بە پێشمەرگەو ئەفسەرو فەرماندەکانیەوە هەرگیز لەبیر ناکرێت و بۆ هەتا هەتایێ لە مێژووی میللەتەکەمان زیندوو دەمێنێتەوە.
کۆی خەرجییەکانی ئەم وەزارەتە لە یازدە مانگی سالی ١٩٩٧ دەکاتە (١١,٦٨٦,٩٧٠) دینار هەندێ لەم خەرجییانە بریتین لە چاککردنەوەی دیوان وسێ بینایەی وەزارەت بە بڕی (١,٥٥٢,٠٠٠) دینار هەروەها بۆ خەرجییەکانی شەهیدو بریندارانی(١) ملیۆن دینار، ئەمەو بڕی(٢) ملیۆن و(٣٤١) هەزار دیناربۆ پێداویستییەکانی خزمەت وبڕی (٣) ملیۆن دینار بۆ پێداویستییەکانی کالایی خەرج کراوە.

## وەزارەتی پیشەسازی و وزەو کارگە خۆبژێووەکان

وەزارەت ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لە بەگەڕخستنەوەی کارگەکان و دابینکردنی کارەبای بە موەلیدە و پشتیوانیی کردووە لە بووژاندنەوەی کەرتی پیشەسازیی تایبەتی و بەدەیان کارگەی ناوەخۆیی بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی دانیشتووان.
وەزارەت سەرچاوەیەکی داهات بووە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە لە دووکابینەی پێشوودا کەمتر سوودی لێ وەرگیرابوو.

ئەمەو هەندێ لە خەرجییەکان لەمانە پێک دێن:
(٨٦.٩٤٠.٠٣٩) دینار بۆ کارگەی جگەرەی هەولێر واتە(٥٦.٠٢٢.١٥٤) دینار بۆ کڕینی کەرەستەو مەوادی خاوی سەرەتایی و مەوادی ئیحتیاط و (٢٩.٦٣٤.١٠٠) دینار بۆ کڕینی (١٣٦٩) تۆن توتن لە جوتیاران و مەبلەغی (١.٣٠٣.٧٨٥) دینار بۆ چاککردنەوەی خانوبەرەی کارگە لە شەقلاوە و چاککردنەوەی مکائن و ئامێری گواستنەوەو کەلوپەل.
(١٨.٩٢٠.٠٠٠) دینار کڕینی تەزووی کارەبا بۆ هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆک.
(٧.٧٥٦.٠٠٠) دینار بۆ کارگەی رستن و چنینی هەولێر واتە بڕی (٥.٠٧١.٠٠٠)دینار بۆ کڕینی پۆلیستەرو مەوادی ئەوەلیەو مەوادی ئیحتیاط و مەبلەغی (٢.٠٠٠.٠٠٠) دینار بۆ چاککردنەوەی سەربانی کارگەو(٦٨٥.٠٠٠) دیناربۆ کردنەوەی کارگەی مافووری دەستی لە ڕەواندز هەروەها وەزارەت پرۆژەی دامەزراندنی دوو کارگەی تری هەیە لە (شیلادزێ و بەحرکە).
(٧.٣٠٠.٠٠٠) دینار کڕینی مولیدات بۆ بیرەکانی ئاوی شارۆچکەکانی هەولێر.
(٤.٤٣٦.٤٢٤) دینار داگرتن و چاککردنەوەو ئامادەکردنی موەلیدەکان، چاککردنەوەی تورەکانی رووناک کردنەوەی ناوشاری هەولێر، کڕینی ئامێری بێ تەل، چاککردنەوەی خانوبەرەو کڕینی جلوبەرگ بۆپۆلیسی کارەبا، خەرجییەکانی ویستگەی دۆکان لەگەڵ ویستگەو تورەکانی کارەبا بە گشتی. کڕینی کەرەستەی سەلامەتی پیشەسازی بۆ بەڕێوەبەرایەتی دابەش کردنی کارەبا لە هەولێر.
(٣.٨٣٢.٨١٨) دینار بۆ پرۆژەی راکێشانی کارەبا بۆ گوندەکانی(میران خۆر، ئاشکە، گوبال، جافرەکان، باخەلان، شێخان، رەسوولیان، شێخانوک، گراسوور، زیارەت، ئیبیشک، پیران) هەروەها ڕاکێشانی هێڵ بۆ نەخۆشخانەو کارگەو پرۆژەی ئاوی هەربر و نەخۆشخانەی زاخۆ و چەند گەڕەکێک لە شاری هەولێرو شارۆچکەی سۆران.
(٢.٥٣٧.٩٤٠) دینار کڕینی(٥١) موحەویلەی(K.V،١٠٠٠.٣٠٠.٢٥٠) بۆ گوندەکانی (کریدون، بێگوڤا، ئومەرسینان، بیرسڤێ، گرێ قەسروکا، پیرچاوشی، زاگۆز، پردی کوکاو بەنی کەندالآن) و کۆمەڵگەکانی(کەلەکچی و چرەو ئامێدی) شارۆچکەکانی ئاکرێ و دەوربەری، شەقلاوە، پیرمام، بەردەڕەش، زاخۆ، ئامێدی، سێمێل و شاری دهۆک.
(٢.٣٠٦.٥٠١) دینار قیرتاوکردنی شەقامەکانی پیشەسازی باکوور لە هەولێر وەک قۆناغی یەکەم.
(١.٦٥٠.٠٠٠) مووچەی فەرمانبەرانی دوکان و دەربەندیخان بۆ سێ مانگ کە لە دەرەوەی دەسەلاتی حکوومەتی هەرێمن.
(٢.٢٥٠.٠٠٠) دینار کڕینی کەرەستەی کارەبایی پرۆژەی ئاوی هەولێر.
(١.٣٦٥.٥٣٠) دینار کڕینی ڕونی محەویلات و راکێشانی هێڵی موغەزی و کڕینی (١٠٠) کۆیل بۆ بنبڕ کردنی کەموکوڕی و گیروگرفتی محەویلات لە دهۆک.

(٦٢٠،٠٠٠)دینار کرینی شوفەلّ و پیکابێک.
(١،٠٠٠،٠٠٠) دینار بۆ کارگەی قوتو لە هەریر.
کۆی خەرجییەکانی وەزارەت و کارگە خۆبژێووەکان تاکۆتایی مانگی ١٩٩٧.١١ دەکاتە (١٤٥،٦٢٥،٢٩٢).

## وەزارەتی داد

بڕی (٤،٢٤٣،٠٠٤) دینار بۆ وەزارەتی داد خەرج کراوە کە لەم بڕە مەبلەغی (٣،٠٣٣،٨٦٠) دینار بۆ چاککردنەوەو کرینی کەلوپەل بۆ دیوانی وەزارەت و دادگاکان بووە، لەسەردەمی کابینەی سێیەمدا داوودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی داد، کاری خۆیان وەک هەمو داوو دەزگایەکی تر بەئازادی و سەرفرازی دەکەن و بەهاوکاری و تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ دەسەڵاتی یاسا بۆ ناحیە و شوێنە دوور دەستەکان گوازراوەتەوە. بە بەراوردی ماوەی نێوان٣١ ئاب ١٩٩٥تا٣١ئاب ١٩٩٦ لەگەڵ ٣١ ئاب ١٩٩٦ تا٢٦ ئاب ١٩٩٧ دا بۆمان دەردەکەوێ کەوا ڕێژەی تاوان و تاوانکاری بەڕێژەی٥٠٪ کەم بووەتەوە. لەوەی یەکەم دا نزیکەی(٧) هەزار تاوان تۆمار کراوە، لەو ژمارەیەش ١٨٠ ی تاوانی کوشتن و ٢٨٠ی تاوانی دزی بووە، بەڵام لەوەی دووەمیاندا(٣) هەزار تاوان تۆمارکراوە کە ٩٢ی تاوانی کوشتن و ١٥٢ش تاوانی دزییە. ئەم دابەزینەو بەو ڕێژەیە مایەی خۆشحاڵی و نیشانەی باڵا دەستبوونی یاساو شەرعییەت و کەمبوونەوەی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان و ئابوورییەکانە.

## پارێزگای هەولێرو پارێزگای دهۆک

لە پوختەی باسی وەزارەتەکاندا نەمانتوانی ئاماژە بە دەوری تایبەتی پارێزگاکان بدەین کە زۆر سەرنج ڕاکێش و بەرچاو بووە لە بەڕێوەبردنی داوودەزگا خۆجییەکانی شار و شارۆچکەکان و سەرپەرستی سەرجەم فەرمانگەکانی هەردوو پارێزگادا.
پارێزگای هەولێر کەسەرۆکی یەکەی بەڕێوەبەریە لە هەولێر بۆ کاروباری هەموو وەزارەتەکان، بەشداری چالاکی بووە بۆ نموونە لە هەڵمەتی پاکژکرنەوەی شاری هەولێر و کاروباری وەرزشی و لاوان و پاراستنی هێمنی و ئاسایش و چاودێری نەخۆشخانەکان و بەسەرکردنەوەی ڕەوتی پەروەردە وزۆرکاری تر.
هەروەها سەرپەرشتیکردنی چەندین پرۆژەی گرینگ کە هەریەکەو لە وەزارەتی خۆیدا ئاماژەی پێکراوە. پارێزگای هەولێر سەرپەرستی تەنسیق نێوان کارەکانی حکومەتی هەرێم و چالاکیی ڕێکخراوە بیانییەکانی کردووە، هەروەها سەرپەرشتیی جێبەجێ کردنی بڕیاری٩٨٦ی ((نەوت

بەرامبەر خۆراک))ی نەتەوەیەکگرتووەکانیشی کردووە. جگە لەمانە پارێزگا سەرۆکایەتی لیژنەی باڵای دەرکراوەکان بووە بۆ پێشوازی و دامەزراندن و پەیاکردنی شوێنی حەوانەوەو چارەسەرکردنی کێشە وپێداویستییەکانی دەرکراوەکانی کەرکووک و سلێمانی لەلایەن ینک.

شایانی باسە پارێزگای دهۆک لەسەرەتای دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمەوە لە ساڵی ١٩٩٢ رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە کارە خزمەتگوزارییەکان و کاری رێکخراوە بیانییەکان و پرۆژەکانی ئەو پارێزگایەدا. بە راستی بۆ هەموو لایەک روون و ئاشکرایە کە ئەم پارێزگایە تاکە پارێزگا بووە بە رێکوپێکی بەرێوەچووەو چالاکی بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەم پارێزگایە جێگای خۆشحاڵی و سەربەرزییە، ئەمەو سەرەرای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی سنووری ئەم پارێزگایە لەلایەن تیرۆریستان وێران و دانیشتوانیان ئاوارە کراون بەڵام پارێزگا وێرای پێشکەش کردنی خزمەت بە ئاوارەکان. بەردەوام بووە لە پێشکەوتنەکانی داو هەڵمەتی دڵسۆزانەشی کردووە بۆ یارمەتی دانی دەرکراوانی پارێزگای کەرکووک ـ سلێمانی، لێرەدا بۆ نموونە هەندێ لە خەرجییەکان ؛کە بۆ قەزاکان کراوەو لە خەرجی وەزارەتەکاندا باس نەکراوە ئاماژەی پێ دەدەین.

* (٦) ملیۆن و(١٣١) هەزار دینار بۆ قائیمقامیەتی قەزای مەرکەزی دهۆک، دروست کردنی بینایەکی تازە بۆ قائیمقامیەت، کرینی ئۆتۆمۆبیل وجهاز بۆ پۆلیس و ئاسایش و پۆلیسی هاتووچۆ و چاککردنەوەی بینایەکانیان، کرینی پێداویستی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان و چاککرنەوەی قوتابخانەکان و کرینی پێداویستییان، دابین کردنی پێداویستی مزگەوتەکان، کرینی کتێب و پێداویستی بۆ قوتابخانەی ئایینی و پەیمانگای هونەرە جوانەکان و پەیمانگای ناوەندی مامۆستایان و یارمەتی دانی مەڵبەندەکانی رۆشنبیری وچەند پرۆژەیەکی تر.

* (٥) ملیۆن و (١٨٦) هەزار دینار بۆ قائیمقامیەتی قەزای سۆران بۆ جێبەجێ کردنی(١٨) پرۆژە لەمانەش(چاککردنەوەی رێگای دیانا ـ دێلیزیان) دروست کردنی(٢) بنکەی تەندروستی لە سۆران و دیانا،(١) قوتابخانەی سەرەتایی و (١) باخچەی ساوایان لە سۆران لەگەڵ چاککردنی بینایەتی باخچەی ساوایان، چاککردنی ئاودەست لە (جندیان)،(سۆران) چاککردنەوەی زیرابەکان و دەروازەی شارو دیواری یاریگەو قەنتەرە و رەصیفی شەقامەکان وبەشی ناوخۆ و پێش خستنی پرۆژەکانی ئاو لە سۆران.

* (٣) ملیۆن و (٧٩٠) هەزار دینار بۆ قائیمقامیەتی قەزای ئاکرێ، کرینی پێداویستی فەرمانگەکان و دروست کردنی یاریگای وەرزشی ، کردنەوەی شەقامێک بۆ قەلا ، چاککردنەوەی شەقامەکانی(بەردەرش) ،(دینارتە) ، (گرەدەسین) ، (بجیل) چاککردنەوەی باخچەی منداڵان و قوتابخانەی دواناوەندی(روقیە)ومەرقەدی شێخ عبدالعزیز گەیلانی و بەشی ناوخۆ و رێکخستنی گۆرستانێکی نوێ و کرینی پێداویستی قوتابخانەی ئایینی و رێکخراوە جەماوەرییەکان لەئاکرێ و چەندین پرۆژەی تر.

* (٢) ملیۆن و(١١٦) هەزار دینار بۆقائیمقامیەتی ئامێدی کرینی پێداویستی فەرمانگەکان و

دروست كردنى هۆڵى داخراو و چاكردنەوەى بينايەتى نەخۆشخانەى گشتى و چاككردنەوەى قوتابخانەى(كێستە)گەياندنى ئاو بۆ قوتابخانەكانى (بێقولكى)و(هرۆر)و نەخۆشخانەو مزگەوتى(قومرى)وبۆ(٤٠)ساڵ لە(سيرێ)دروست كردنى پردێک لە نێوان دێى (خەشخاش ـ بليزان)و چەندين پرۆژەى تر.

* (١) مليۆن و (٩٧٠) هەزار دينار بۆ قائمقاميەتى زاخۆ كڕينى پێداويستى فەرمانگەكان، كڕينى كورسى پلاستيكى بۆياريگاى وەرزشى، دروست كردنى بينايەى پۆليس، كڕينى قالبى كۆنكريتى بۆ شارەوانى زاخۆ و چەندين كارى تر.

* (١) مليۆن و(١٨٧) هەزار دينار بۆ قائيمقاميەتى قەزاى شێخان كڕينى پێداويستى فەرمانگەكان، چاككردنەوەى رێگاى(ئەشكەفتيان ـ باعەدرێ) هەروەها بۆ مەرقەدى(شێخ ئادى) لە(گەلى لالش).

* (٩٧٤) هەزار دينار بۆقائيمقاميەتى قەزاى سێميل، چاككردنەوەى بينايەى قائيمقاميەت و پۆليس و هۆڵى مناسبات لە (خانک) و كڕينى پێداويستى فەرمانگەكان.

**بەڕێزان... خۆشەويستان**

وەزارەتى دارايى و ئابوورى هەرێمى كوردستانى عێراق خۆشحاڵە بەوەى بودجەى گشتيى سەرجەم ئيدارەكان بۆ ساڵى ١٩٩٨ دەخاتە بەردەمى ئەنجومەنى نيشتمانى كوردستانى بەڕێز. ئەم بودجەيە پاش گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرى هەموو وەزارەتەكان و براياني بەرپرس وفەرمانبەرانى دەزگا ژمێريارى و بەڕێوەبەرى و تەكنيكييەكانى وەزارەتەكاندا رێككەوتنى لەسەركراوە وبەوپەڕى ووردى رەچاوى ئەو بارە ئابووريیەمان كردووە كە بە هۆى گەمارۆى ئابوورييەوە رووبەرووى حكوومەتى هەرێمى كوردستان بووەتەوە. بۆ ئامادە كردنى ئەم بودجەيە سەرەتا ئەنجوومەنى نيشتمانى كوردستان بەڕێز بە نووسراوى ژمارە(٤٥٣،٣،٤) لە ١٩٩٧/٦/١٥ كە ئاراستەى سەرۆكايەتى ئەنجومەنى وەزيران بەڕێز كردووە داواى كرد لە ١٩٩٧،٧،١ دەست بكرێ بە ئامادەكردنى بودجە بۆ ئەوەى پرۆژەى بودجە پێش ١٥/١٠/١٩٩٧ بگاتە پەرلەمانى بەڕێزو بەر لەدەست پێكردنى پشووى كۆتايى خولى پاييزەى ئەنجومەن بخرێتە بەردەم ئەندامانى بەڕێزى پەرلەمان. بەڕێز سەرۆكايەتى ئەنجوومەنى وەزيران بە نووسراوى ژمارە٢٦٣٥ لە ١٩٩٧،٦،٢٤ داواى جێبەجێ كردنى ناوەرۆكى نووسراوى ئەنجوومەنى نيشتمانى كوردستان بەڕێز كردووە، وەزارەتى دارايى وئابوورى بە نووسراوى ژمارە (٧٦) لە ١٩٩٧/٧/٣ خشتەى خەملاندنەكانى بودجە لەگەڵ رێنوێنى پێويست بۆ وەزارەتەكانى ناردووەو دووبارە بەنووسراوى ژمارە(٩٠)لە ١٩٩٧/٨/٩ وەزارەتەكەمان داواى لە وەزارەتە بەڕێزەكان كردووە كە پەلە بكرێت لە ناردنى خشتەى خەملاندنەكاندا. دواى گەيشتنى خشتەى ئامادەكردنى بودجە، وەزارەتەكەمان بە نووسراوى ژمارە(١٠٢) لە (١٩٩٧/٨/٢٤) خشتەى كات و رۆژى مناقشەكردنى بودجەى ساڵى ١٩٩٨ ى هەريەک لە وەزارەتەكانى ديارى كرد و ئەم گفتوگۆيانە لە ١٩٩٧/٩/١ دەستيان پێكردو لە كۆتايى مانگى ١٩٩٧،٩ كۆتاييان

پێ هات لەم گفتوگۆیانەدا هەندێ لەبرا وەزیرەکان لەکاتی گفتوگۆی بودجەی پەیوەندار بە وەزارەتەکانیانەوە ئامادەبوون ئەمەش جێی خۆشحاڵیمانە.
بەداخەوە پێویستە بڵێین لەبەربارودۆخی تایبەتی کوردستان لە ساڵانی رابردوودا و ململانێی حزبایەتی و شەڕی ناوخۆ و بەردەوام نەبوونی کۆنترۆڵی کابینەیەکی یەک دەست لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا تا ئێستا خەملاندنی بودجەکان بەراژەیەکی نزیک لە واقیع رێک نەخراونەتەوە، کابینەی یەکەم کە خەریکی رێکخستنی دامودەزگا حکومییەکان و سەرچاوەکانی داهات بوو هێشتا دەمانگ بەسەر تەمەنی تێنەپەڕیبوو گۆڕانکاری بەسەر داهات و کابینەی دووەم دامەزراو سەردەمی ململانێی توندی حزبایەتی دەستی پێکرد و پاش ساڵێک ئینقلابە عەسکەرییەکەی ینک رووی دا.
تەنانەت ئەو بودجە پێشنیارکراوەی کە حکوومەت بۆ ساڵی ١٩٩٤ ئامادەی کردبوو لەسەر بنچینەی ڕەنگدانەوەی حزبایەتی ئامادەکرابوو، کابینەی سێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تاقیکردنەوەی کۆنترۆڵی سەرتاسەری هەرێمی لەبەر دەست دانەبووە هەر بۆیەش و لەبەر ئەو گۆڕانکارییە ئیدارییانەی کە لە ماوەی ساڵانی ٩٣ـ٩٦ رووی دابوون ناچاربوو خەملاندنەکانی حکوومەتی هەرێم لەساڵی ١٩٩٤ دا وەک بنچینە بۆ خەملاندنی بودجەی ساڵی١٩٩٧ بەکاربێنیت. لە ماوەی ئەم یەک ساڵەی تەمەنی کابینەی سێیەم دا و پاش ضبط کردنی میلاکات و دیراسەتی وورد گفتوگۆی جدی لەگەڵ وەزارەت و ئیدارەکان و رێکخستنی فەرمانگەکان ئەم راستییانەی سەرەوەمان بۆ دەرکەوت.
بۆیە لە کاتێکدا کە بودجەی پەسند کراوی ساڵی ١٩٩٧ کراوەتە بنچینەی خەملاندنەکانی بودجەی ساڵی ١٩٩٨ بەلاٌم لە هەمان کاتیش دا بە وردی گفتوگۆی تەواو تێروتەسەل لەسەر فەسڵ و مادە وجۆرەکانی موفرەداتی بودجە کراوەو لەسەر ئەو بڕە پارەی کە لە ناو بودجەکەدا دیار کراوە کە لە ڕاستی دا لەچاو بودجەکانی رابردوودا نزیکترە لە واقیع لەگەڵ وەزارەتەکان لەسەری رێک کەوتووین، لە خوارەوە بە درێژ ی بودجەی ساڵی ١٩٩٨ دەخەینە روو:
١ـ بڕی پێشنیار کراو لەلایەن وەزارەت و ئیدارەتەکان بەر لە گفتوگۆ دەگەیشتە (٤,١٠٥,٧٧١,٦٦١).دینار واتە بە زیادەی بڕی(١,٨٥١,٤٣٣,٨٦١)دینار لە بڕی پەسندکراوی بودجەی ساڵی١٩٩٧ و بە زیادەی رێژەی (١٢٧و٨٢٪).
وا لە خوارەوە روونکردنەوەیەن لەسەر ئاستی فەسڵەکانی بودجە دەخەینە ڕوو:
٢ـ فەسڵی یەکەم:خەرجیی فەرمانبەران:
أـ مووچەی فەرمانبەران:
ئەوەی کە فەرمانبەران بە مووچەو کرێ و دەرماڵە و خەلاٌت بە پێی یاسا و پێڕەوە رەچاوکراوەکان وەری دەگرن گەیشتە بڕی(١,٢٠٦,٢٥٧,٥٠٠) دینار، کە لەم مەبلەغە، مەبلەغی (٣٦,١٧٨,٧٢٥) دینار، لەو بڕەی پێشوو بریتییە لە عەلاوە و تەرفیعاتی موستەحەقی

فەرمانبەران لە ساڵی١٩٩٨دا.

بۆ ئاگاداری بەڕێزتان ئەم فەسڵە لە خەملاندنەکانی ساڵی١٩٩٤ ی حکوومەتی هەرێم بریتی بوو لە بڕی (٧٠٣,٢٦,٨٠٠) دینار، لە ڕۆژی( ١٦/ ١٠/١٩٩٤) بە بڕیاری ژمــــارە (٢٦) ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بڕیاری دەرماڵەیەکی زیادە بۆ فەرمانبەرانی دەرکرد بەمەش ئەم بڕە لەیەک ملیارد دینار تێپەڕی پاشان لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٤ـ١٩٩٦ بەدەیان هەزار فەرمانبەر دامەزراون و بە تایبەتی لە پاش ١٦/١٢/١٩٩٤ و لەکاتی دەسەڵاتدارایەتی ئەوکاتەی پایتەخت تەنیا لەناوشاری هەولێر پازدە هەزار فەرمانبەر دامەزراون، هەروەها ئیمساڵ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٩٦ــ ١٩٩٧ لە ئیدارەتەکان وەرگیران.

ب ـ پلەی نوێ بۆ میلاکی ئیدارەکان زیاد نەکرا تەنیا چەند پلەیەکی پێویست نەبێ لە وەزارەتی پەروەردەو تەندروستی و زانکۆ و پەیمانگاکان.

٣ـ فەسڵی دووەم پێداویستیەکانی خزمەتگوزاری: بریتییە لە خەرجیی هاتوچۆ لە ناوەوەی هەرێم و خەرجیی ئیفاد بۆ دەرەوەی هەرێم و بڵاو کردنەوەو ڕاگەیاندن و خەرجیی چاپ و بروسکە و تەلەفۆن و بە کرێ گرتنی هۆیەکانی گواستنەوەو کرێی تر. هەروەها میوانداری و وەفد، کۆنگرەو سیمینار و ئاهەنگ و دەرماڵەی قوتابیان... هتد بڕی ئەو پارەیە گەیشتە (١٦٧,١٩٤,٦٠٠) دینار بە زیادەی بڕی (٥٦,٨٥٦,٧٠٠) دینار و بە زیادەی ڕێژەی(٥١,٥٢٩,٠٠٠) .

هۆیەکانی زیادبوونی فەسڵی دووەم ئەمانەی خوارەوەپێک دێن:

* زیاد بوونی ژمارەی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگاکان و قوتابخانەکانی ئایینی و پیشەیی وکشتوکاڵ و بازرگانی کەبووەتە هۆی زیادبوونی دەرماڵەی قوتابیان.
* پەرەسەندنی چالاکیی قوتابخانەکان بە تایبەتی چالاکی وەرزشی.
* زیادبوونی مخصصاتی هاتووچۆی فەرمانبەران بە تایبەتی مامۆستایان.
* بەرفراوان بوونی ئیدارەتەکان بەهۆی دامەزراندنی فەرمانگەکان هەریەکەو لە شوێنی خۆی کە ئەمەش کاری کردۆتە سەر زیاد بوونی کاروبەکاربردنی قرتاسیەی زۆر تر.
* بایەخ دان بە بەرگری شارستانی.

٤ـ پێداویستییەکانی کاڵایی (فەسڵی سێیەم):

ئەم فەسڵە بریتییە لە قرتاسیەو چاپەمەنی، کرێی ئاوو و ئاوەڕۆ و کارەبا، سووتەمەنی و جلوبەرگ و خواردن و داوودەرمان وپێداویستی جۆراوجۆر... هتد. گەیشتە بڕی (٣٨٤,٢٥٤,٥٠٠) دینار بە زیادەی(١,٨٢٢,٣٠٠) دینار.

شایانی باسە بە هۆی دابەزینی نرخی دۆلار، نرخی کەلوپەل لە بازاڕ دابەزیووە بۆیە لەم فەسڵەدا زیادیەکی ئەوتۆ بەرچاو ناکەوێت.

٥ـ فەسڵی چوارەم بریتییە لە پاراستنی هەرهەیەکان(صیانە الموجودات) کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

پاراستنی کەلوپەل، بینا، ڕێگاوبان، دامەزراوەی ئاویی وکارەبایی، هۆی گواستنەوە، داشۆرگەو پرۆژەی ئاودێری، بەنداو، چەک، کارگە، باخچە... هتد برەکەی بەگشتی گەیشتە (١٧٦.٧٩٩.٥٠٠) دینار واتە بە زیادەی ڕێژەی ١٨.٦٢٢.٠٠ وبە بری (٢٧.٧٥٥.٥٨٥) دینار.
لێرەدا هۆی زیاد بوونی ئەم فەسلەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەبەرفراوان بوونی فەرمانگەکان، بینایەکانی زیاد کردۆتەوەو ئەم زیاد بوونەش خۆی لە خۆی دا دەبێتە هۆی زیاد بوونی کەلوپەل و ئامێر و ئۆتۆمۆبیل کە ئەمەش خەرجیی پاراستنی بیناو کەلوپەل و ئەوەی پەیوەندی بەو فەسلەوە هەیە زیاد دەکاتەوە.
هەروەها لە کابینەی سێیەم دا چەندین پرۆژەی ئاودێری، بەنداو و ڕێگاوبانی نوێ دروست کراونەتەوە کە صیانەکردنی ئەمانەش هۆیەکی تری زیاد بوونی خەرجییەکانی ئەم فەسلە پێک دێنن.
٦ـ فەسلی پێنجەم:
(خەرجیی سەرمایەداری) کە بریتییە لەو کەرەستانەی تەمەنیان لە ساڵێک زیاترەو شتومەکی جێگیرو بەردەستن، کەلوپەل، ئۆتۆمۆبیل و هۆیەکانی تری گواستنەوە، مەکینەو دەزگا، ئامێر، زەوی، بینا، فیلم و چەک...هتد. بری ئەمە بە گشتی گەیشتە(١٠٤.٣٨٨.٠٠٠) دینار.
واتە بە زیادەی ڕێژەی ٣٣.٩١٦.٠٠ و بە بری (٢٦.٤٣٧.٧٠٠) دینار.
هەر وەکو بەڕێزتان ئاگادارن کابینەی سێیەم فەرمانگەی نوێی وەک ناحیە و بنکە تەندروستی و شارەوانی و بەرگری شارستانی و ڕەگەزنامەو ئاسایش و پۆلیس و قوتابخانەی لە شوێنە دووردەستەکان دامەزراندووەو لە ساڵی ١٩٩٨ یش بەردەوام دەبێت لەسەر ئەم خزمەتە، هەر یەک لەمانە پێویستی یان بە ئامێری چاپ و ئیستنساخ و ئۆتۆمۆبیل وکەلوپەلی تر هەیە. هەروەها چەک و تەقەمەنیش بۆ ئاسایش و پۆلیس پێویستە، بۆیە ئەم زیاد بوونەوە لەم فەسلەدا هەیە.
٧ـ فەسلی شەشەم:
خەرجیی گوازراوەیی: بریتییە لەو برانەی کە لە بودجەی گشتییدا بڕیاری تەرخانکردنیان دراوە بۆئەو وەحداتانەی کە لە ڕووی داراییەوە سەربەخۆن و لەڕووی ئیدارییەوە گرێ دراون بە چالاکی وەحدەوە، ئەویش وەک منحەیەک بۆ پشتیوانی کردن لە کەموکورتی بودجەی ئەو وەحداتانە یاخود پڕ کردنەوەی زەرەرو زیانەکانیان یاخود بە چەند قۆناغ لەسەر حیسابی سەرمایە، جگە لە گەڕاوەی باج و رسووم و داهاتی وەرگیراو بە شێوەی زیادەکی... بری ئەمەش گەیشتە (٦٠٠.٥٤٨.٠٠٠) دینار.
أـ (٢٠٠.٠٠٠.٠٠٠) دینار دەبەخشرێ بە حزبە بەشدارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵە و ڕێکخراو و یەکێتییەکان.
ب ـ (٢٢٠.٠٠٠.٠٠٠) دینار یەدەکی گشتیی بۆ وەزارەتی دارایی کە بۆ باری کتوپڕ و دامەزراندنی داوودەزگای نوێ خەرج دەکرێ.

ج - (٨٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار مـینحـه بۆ پشـتـیـوانی له وەزارەتی شـارەوانی بۆ پڕکـردنەوەی کەموکوڕی لەبودجەی شارەوانییەکانی ناوەند وقەزاو ناحیەکان.

د - ڕۆشنبیری:

١- مینحەیەک بۆ دەرکردنی گۆڤاری(شانەدەر) بەڕێوەبەرایەتی گشـتیی شوێنەوار (٣٠٠,٠٠٠) دینار

٢- مینحەی یانەی وەرزشییەکان(٢,٠٠٠,٠٠٠) دینار.

٣- مینحەی مەڵبەندە وەرزشییەکان(٥٠٠,٠٠٠) دینار

٤- مینحەی تیپە میللییەکان(٢٠٠,٠٠٠) دینار.

٥- مینحەی ڕۆژنامەی وەرزشی(٣٠٠,٠٠٠) دینار.

٦- مینحەی ئیزگەو تەلەفزیۆن(٢,٠٠٠,٠٠٠) دینار.

٧- مینحەی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان(٣٠٠,٠٠٠) دینار

٨- مینحەی بەرهەم هێنانی فیلم(٢,٠٠٠,٠٠٠) دینار.

٩- مینحەی دەرکردنی گۆڤاری رادیۆ و تەلەفزیۆن(٢٠٠,٠٠٠) دینار.

١٠- مینحەی کۆمەڵە و یەکێتی و مەڵبەندە ڕۆشنبیرییەکان (٤٠٠,٠٠٠)دینار.

١١- مینحەی دەرکردنی: کاروان، کاروان ئەکادیمی، زاگرۆس و هەنگ (٣٠٠,٠٠٠) دینار

١٢- مینحەی ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان (١,٧٥٠,٠٠٠) دینار.

هـ - ئەوقـاف : بڕێک بەڕادەی(٧,٠٠٠,٠٠٠) دینار بۆ بیناکـردن و چاککردنی مـزگـەوت له هەرێمی کوردستان.

* شـایانی ئامـاژە پێ کردنە کە ژمـارەی دەرکراوەکـانی کـەرکـووک - سلێـمـانی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو زیادبوون دایە جگە لەوانەی کـە ناوچەکـانی خـۆیان بە هۆی کـاری تێکدەرانەی تیـرۆریسـتـانی پ.ک.ک بەجێیان هێشتووە، خەرجییەکانی ئەم دەرکراوانە لەم فەسڵەوە دابین دەکرێت.

٨- فەسڵی هەشتەم:

پرۆگرامی تـایبـەتی : بریتـیـیە لەو پرۆگـرامانەی کە سروشـتێـکی (کـاتی)یان هەیەو بۆ جێبەجێ کردنیـان پێـویست نییـە کـە یەکـەیەکی تایبـەتی دابمەزرێ. لەم فەسـڵـەدا بڕە پارەی قـەڵاچۆکـردنی مـەلاریا، جێبـەجێ کردنی ئاهەنگەکـانی نەورۆز، نەخشـەی کـتـوپڕ، شـەهیـدوبریندار، پرۆگـرامی ڕۆشنبـیری بۆ تەلەفزیۆن، پـاراستن و رووبەرگرتن و هەڵکۆڵینی شـوێنە ئاسـارییـەکان، پاراسـتنی خانووی کەلەپووری و مۆزەخانەی کەلەپووری فۆلکلۆری تۆمار کراوە، ئەمەو بڕی ئەم فەسڵە دەکاتە (٢٢٨,٠٨٢,٠٠٠)دینار.

٩- فەسڵی نۆیەم:

مووچەو خەڵاتی خانەنشینی: بریتییە لەو مووچەو خەڵاتەی کە بە خـانەنشـینان دەدرێ، جگە لە تەرخـانکردنی بڕی(١٢٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار بۆ دانی مـووچەی شـەهیـدان و پەککەوتەکـانی

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دووای دامەزراندنی دەزگای شەهید لەلایەن کابینەی سێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

هۆی زیادبوونی ئەم فەسڵە دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی دەزگای شەهیدو زیاد بوونی خانەنشینەکان و دانی مووچە بە هەڤالانی ڕێبازی بارزانی نەمر بۆ ڕووسیا و فەرمانبەرانی ئەنفال کراو، بە گشتی بڕی ئەم فەسڵە دەکاتە (٢٠٨,٠٠٠,٠٠٠) دینار واتە بە زیادەی ڕێژەی (٢٦٤.٩١٢..٠).

لە کۆتایی باس کردنی فەسڵەکانی سەرەوەدا پێویستە ئاماژە بەم خاڵەش بکەین کە دامەزراندنی فەرمانگەو دام و دەزگای نوێی حکوومەتی لەناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگاکانی سلێمانی وکەرکووک و قەزایی کۆیێ هۆیەکی تری کاریگەرە لە زیاد بوونی بڕی فەسڵەکانی ئەم بودجەیەماندا.

١٠ـ بەڕێوەبەرایەتی و کارگەکانی سەر بەوەزارەتی پیشەسازی و وزە کە داهاتی خۆیان هەیەو پەیڕەوی لە نیزامی قازانج وزەرەر دەکەن. بەم شێوەی خوارەوە بوو:

أ ـ (٧٥٢,٩٢٤,٠٠٠) دینار خەرج کراو واتە بە ڕێژەی زیادەی (٥٢٩,٠٤٠..٠).

ب ـ (١,٠٢٢,٣٦٢,٠٠٠) دینار داهات واتە بەڕێژەی زیادە (٦٣,٦٩٣..٠).

لە کاتی وتووێژدا ڕەچاوی بارودۆخی هەرێمی کوردستانی عێراق کرا کە بە زەحمەتی دەتوانرێ کەرەستەی سەرەتایی و سپێرپارت دەست بکەوێ بۆ کارگە بەرهەمهێنەکان.

بەلام لەگەڵ ئەوەش دا پشتیوانی لە بودجەی هەرێم دەکات بە ڕادەی (٢٧,٠٠٠,٠٠٠) دینار لە ساڵی ١٩٩٨ دا بە گوێرەی لیستی داهات.

١١ـ بەلام لە بارەی بانکە بازرگانی و تایبەتمەندەکان کە ئەوانیش داهات و خەرجکردنیان هەیە بەم شێوەی خوارەوە بوو:

أـ خەرجکردن (١٨,٢٣٢,٠٠٠) دینار واتە بەڕێژەی زیادەی (٢٨٦,٣٠..٠).

ب ـ داهات (٣٣,٦٠٠,٠٠٠) دینار.

١٢ـ بودجەی پلانی سالانە بۆ ساڵی ١٩٩٨:

بریتییە لە دروستکردنی: قوتابخانە، نەخۆشخانە، بنکەی تەندروستی، دروستکردن و پاراستنی ڕێگەو پرد، پاراستنی کارگەو پرۆژەکانی ئاودێری و ڕێگەگرتن لەلافاو، قەلاچۆکردنی نەخۆشییەکانی کشتوکاڵ، دامەزراندنی شوێنی گەشت و گوزار، وێستگەیەک بۆ تەلەفزیۆنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان،پشکنین وهەلکۆلینی شوێنەوار، فراوانکردن و کڕینی بەدالەی هێڵی تەلەفۆن و گەیاندنی کارەبا بە گوندەکان لەگەڵ بەستنەوەی هێڵی (دوکان) بە(سەرسنگ) بەدرێژایی(١٢٣)کم. دروستکردنی بینایەی نیشتەجێ کردن بینایەتی تر و کڕینی ئامێرو کەرەستە. بڕی گشتیی بودجەکە گەیشتە (٧٧٨,٣٠,٠٠٠) دینار.

١٣ـ داهاتی بودجەی ساڵی ١٩٩٨ بەبڕی (٢,٢٤٧,٧١٥,٠٠٠) دینار مەزندە دەکرێ واتە بە

زیادەی ڕێژەی (٣٧.٧٩٩..٠) و بەبڕی (٦١٦.٥٦٤.٠٥٠) دینار کە داهاتی باجی گومرگ بە پلەی یەکەم دێ و پاشان داهاتەکانی تر.

١٤ـ عجزی بودجەی اعتیادی ساڵی ١٩٩٨ بەپێ بودجەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بەڕێز دەکاتە(٨٢٧.٨٠٩.١٠٠) دینار کە بە بودجەی پلانی ساڵانە ئەم عجزە دەگاتە(١.٦٠٥.٨٣٩.١٠٠) دینار.

بۆڕوونکردنەوەی چۆنیەتی گۆڕانکاری لە بابەکانی بودجەو هەروەها ئەوبابەتانەی کە لە بودجەی پێشنیارکراوی ساڵی١٩٩٨ دا بایەخیان پێ دراوە وا لە خوارەوە ئەم روونکردنانە پێشکەش بە بەرێزتان دەکەین.

## سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران

بەرێژەی زیادەی(٧٥.٧٨٤..٠) واتە مەبلەغی (١٥٠) ملیۆن و (١٠٦) هەزار و (٢٠٠) دینار.

هۆیەکانی زیادە ئەمانەی خوارەوەن:

١ـ دامەزراندنی دەزگای شەهید بە بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان. بەڕێز بۆدانی مووچەی شەهیدان و پەککەوتووەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان کە بۆ ئەم مەبەستەش مەبلەغی(١٢٣) ملیۆن و ٤٢ هەزار دینار لە بودجەی پێشنیارکراوی ساڵی ١٩٩٨ تەرخانکراوە.

٢ـ بڕی (١٧) ملیۆن و (٨٠) هەزار دینار بۆ هەردوو زانکۆی سەلاحەدین و دهۆک زیادکراوەئەویش پەیوەندی بەم خاڵانەی خوارەوە هەیە:

أـ دامەزراندنی کۆلیژو بەشی نوێ.

* زانکۆی سەلاحەدین:

دامەزراندنی کۆلیژی داروسازی بەدووبەش، دامەزراندنی بەشی خوێندنی فارسی لە کۆلیژی ئاداب، کردنەوەی بەشی ژمێرکاری و ئامار بۆ خوێندنی باڵا لە کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری.

* زانکۆی دهۆک:

دامەزراندنی کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری، دامەزراندنی کۆلیژی پزیشکی بەیتەرە، کردنەوەی بەشەکانی ماتماتیک و فیزیا لە کۆلیژی زانست و بەشی غابات لە کۆلیژی کشتوکاڵ جگە لە جێبەجێ کردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و دانانی مەرکەزی ژمێریاری، کتێبخانەی گشتی و یاریگای وەرزشی.

ب ـ بایەخ دان بە خوێندنی باڵاو کڕینی کتێب و سەرچاوەی زانستی و ئامێری کۆمپیوتەرو پزیشکی وئاوەدانکردنەوەو چاککردنەوەی خانوبەرە و باڵاخانەی زانکۆیەکان، زیادبوونی ژمارەی مامۆستایان و قوتابیان.

تێبینی:

له بودجەی پلانی ساڵانە ئەم برانە پێشنیار کراون:
١ـ بڕی (١٥) ملیۆن دینار بۆ سەرژمێری گشتی.
٢ـ بڕی (١١)ملیۆن دینار بۆ ئاوەدانکردنەوەی باڵاخانەکان لە هەردوو زانکۆی سەلاحەدین و دهۆک، واتە بڕی (٤) ملیۆن زیاتر لە بڕی پەسەند کراوی ساڵی ١٩٩٧.

## وەزارەتی پەروەردە

وەزارەتی پەروەردەبە ڕێژەی زیادەی(٦٢.٣٥٣.٠٠) واتە مەبلەغی (١٧٦) ملیۆن و (٦١٢) هەزارو (١٠٠) دینار هۆی زیادە ئەمانەن:
١. بڕی (١٥٥) ملیۆن دینار بۆ مووچەی فەرمانبەران زیاد بووە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:
أـ بۆ ساڵی ١٩٩٧ مووچەی فەرمانبەران بە شێوەیەکی ورد لەلایەن وەزارەتەوە پێشکەش نەکرابوو.
ب ـ (٢٧٧٦) مامۆستا لە سنووری پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک دامەزراون.
ج ـ بڕیاروایە(٥٠٠) مامۆستا لەسەر میلاکی پەروەردەی دهۆک و هەولێرو بۆ تەواو کردنی شوێن پێویستەکان دابمەزرێن.
د ـ بڕیار وایە (٧٥) مامۆستا بۆ خوێندنی پیشەیی دابمەزرێن.
٢ـ مەبلەغی (٦) ملیۆن دینار زیادکراوە بۆ ئیفادی فەرمانبەران بەتایبەتی سەرپەرشتیاران.
لە بودجەی ساڵی ١٩٩٧ ئەم برە بریتی بوو لە ٢ ملیۆن و(٩٧٠) هەزار دینار.
٣ـ دەرماڵەی قوتابیان لە(١) ملیۆن و(٣٥٠) هەزار دینار زیاد بووەبۆ(٤) ملیۆن و(٥٠٠) هەزار دینار.
٤ـ کەل وپەل و پێداویستی وەرزشی لە(١) ملیۆن و (٤٥٠) هەزار دینار بووەتە (٩) ملیۆن دینار.
٥ـ بۆ خولی بەهێزکردنی فێربوون بڕی(١) ملیۆن دینار تەرخانکراوە کە لە بودجەی ساڵی ١٩٩٧ دا تەرخانکراوی نەبوو.
٦ـ جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە(٣٠) ڕۆژی ١٩٩٤.١١.٢٦ی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بەڕێز لەسەر هەموارکردنی دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایان کە دەرماڵەکە دەیان گرێتەوە مانگانە لە(٧٠) دینارەوە بۆ(١٥٠) دینار.
٧ـ زیاد بوونی ژمارەی مامۆستایان و قوتابیان لە پەیمانگاو دواناوەندییە پیشەییەکان، کرێی وانەوتنەوە، کرێی گواستنەوەی مامۆستایان بۆ قوتابخانەکان، چاککردنەوەو کرینی کەلوپەلی پێویست بۆ قوتابخانەکان لە هۆیەکانی تری زیادبوونی بودجەی پێشنیارکراوی وەزارەتی پەروەردەن. شایانی ئاماژە پێکردنە لە تەمەنی کابینەی سێیەم دا بە هۆی

تێکدانی بارودۆخ لەلایەن تیرۆریستان و گێرەشێوان لە هەندێ ناوچە دووجار کەلوپەل بۆ قوتابخانەکانەو دەزگاکانی پەروەودە کراوەتەوە.

تێبینی:

لە بودجەی پلانی سالانە(٣٠٠) ملیۆن دینار بۆ وەزارەتی پەروەردە پێشنیار کراوە بەم شێوەیە:

١- بڕی (٩٠) ملیۆن دینار بۆ کڕینی کەلوپەل و ئامێرەکانی چاپخانە.

٢- بڕی (٢٠٠) ملیۆن دینار بۆ کتێبی قوتابخانەکان.

٣- بڕی (١٠) ملیۆن دینار بۆ ئاوەدانکردنەوەی بالاخانەکان.

هەروەها جگەلەمەش بۆ بیناکردنی قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندیی بڕی (١٦) ملیۆن و (٢٠٠) هەزار دینار لە بودجەی پلانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان تۆمارکراوە.

## وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن

بەکەمی ڕێژەی (١٨,٨٣٥,٠٠٠) واتە بە بڕی(١١) ملیۆن و (٣٢٩) هەزارو (٨٠٠) دینار کە لەم مەبلەغە بڕی (١٠) ملیۆن دینار لە پاراستنی ئەوەی کە هەیە کەم بووەتەوە ئەویش بە هۆی ئەوەی کە وەزارەت لە ماوەی سالی ١٩٩٧ دا زۆربەی ئامێرو کارگەکانی قیرو بەردشکێنی چاک کردونەتەوە. لە بودجەی پلانی سالانەش تەرخانکراو بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار کراوە.

تێبینی:

لە بودجەی پلانی سالانە بڕی (٤٨) ملیۆن دینار پێشنیار کراوە بەم شێوەیە:

١- مەبلەغی (٤٠) ملیۆن دینار چاککردنەوەی ڕێگاوپرد.

٢- مەبلەغی(٥) ملیۆن دینار چاککردنەوەی مکائن، ئۆتۆمۆبێل و کارگەکان.

٣- مەبلەغی(٣) ملیۆن دینار بیناکردنی بالاخانەی(ڕێگاوبانی هەولێر ـ دهۆک.

## وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری

بەڕێژەی زیادەی(٢٩٥,٠٠٠,٠٠٠) واتە(٣٢١)هەزارو(٥٠٠) دینار

گەڕانەوەی فەرمانگەکانی وەزارەت بۆ قەزاو ناحیەکان و پێداویستییان بە کەلوپەل هۆی ئەم زیادەیە پێک دێنن. ئەمەو لە بودجەی پلانی سالانە مەبلەغی ٨٣ ملیۆن و(٦٨٠) هەزار دینار بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری پێشنیار کراوە واتە بە زیادەی (١) ملیۆن و(٨٨) هەزار دینار لە چاو تەرخانکراوی سالی ١٩٩٧ و بەم شێوەیە:

- پشکنینی پرۆژەکانی ئاودێری بە بڕی(٥٠٠) هەزار دینار.

- کاری پارێزگاری لە لافاو بەبڕی (٢) ملیۆن و (١٨٦) هەزاردینار.
- کەرستەی قەلاچۆ و پاراستن واتە قەلاچۆکردنی سن و کلۆ بە بڕی(١) ملیۆن و(٥٠٠) هەزار دینار.
- پرۆژەی پەلەوەر بە بڕی(٧٠) ملیۆن دینار.
- پاراستنی بیرو ئاوی خواردنەوە بە بڕی(١) ملیۆن و(٨٠٠) هەزار دینار.
- دانان وپاراستنی بینابە بڕی (١) ملیۆن و (١٦٣) هەزاردینار.

## وەزارەتی ناوخۆ

بە زیادەی ڕێژەی(٢,٥٦٠,٠٠٠) واتە بڕی (٦) ملیۆن و(٥٤٧) هەزارو (٥٠٠) دینار هۆی زیادبوونەوە:

١- مەبلەغی (٣) ملیۆن دینار لە خەرجیی فەرمانبەران.
٢- بۆ پاراستنی بالاخانەکانی گشت فەرمانگەکانی وەزارەتی ناوخۆ بڕی ١٥ ملیۆن دینار پێشنیار کراوە کە لە بودجەی ساڵی ١٩٩٧ تەنیا مەبلەغی (٥٠) هەزار دیناری بۆ تەرخانکرابوو.
٣- جلوبەرگ لە بڕی (٨) ملیۆن و (٨٥٠) هەزار دینارەوە زیادبووە بۆ(١١) ملیۆن دینار واتە بە زیادەی نزیکەی (٢) ملیۆن و (١٥٠) هەزار دینار.
٤- ئەم زیادەیەی کە لە هەرسێ خالّی سەرەوەدا ئاماژەمان پێ کردن لە ڕاستی دا پەیوەندی بەدامەزراندن و گەڕانەوە و دەست بەکاربوونی (١٧) ناحیە لە پارێزگای دهۆک و(١٦) ناحیە لە پارێزگای هەولێرەوە هەیە کە بە دامەزراندن وگەڕانەوەی ناحیەکان دامودەزگاکانی تری وەزارەت وەک بەرگری شارستانی، ڕەگەزنامە، پۆلیس،ئاسایش بۆ ئەم ناوچانە دەگەڕێنەوە بۆ نموونە تا ئێستا لە پارێزگای هەولێر ئاسایش تەنیا لە ناحیەکانی پیرمام و هەریر هەبوو کەچی ئێستا ئاسایش لە ناحیەکانی (هیران)،(ڕەواندوز)،(خەلیفان)،(گەلاڵە)،(حاجی ئۆمەران)،(خەبات)،(بنەسلاوە)،(قوشتەپە)، (سیدەکان)،(عینکاوە) دامەزراوە و وەزارەت نیازی وایە ئەم دەزگایە لە گشت ئۆردوگایەکانیش دا دابمەزرێنێ.
ئەمەو کۆلیژی پۆلیس دامەزراوەو(١٥٠) قوتابی دەستیان بە خوێندن کردۆتەوە کە بۆ کڕینی کتێب و خواردن و دەرماڵەی مامۆستایان و قوتابیان وکەلوپەل، پێویستی بە بڕی تەرخانکراوی نوێ دەکات.
٥- لە هەمان کاتیشدا لە هەندێ مادەدا تەرخانکراوەکان کەم کراونەتەوە بۆ نموونە:
- خۆراکی گیراوان لە ساڵی١٩٩٧ بڕی (٧) ملیۆن دینار پەسەند کرابوو، بۆ ساڵی ١٩٩٨،(٣) ملیۆن و(٥٠٠) هەزار دینار پێشنیار کراوە.
- بڕی (٢) ملیۆن و (٥٠٠) هەزار دینار لە کڕینی سووتەمەنی دابەزیوە.
- بڕی (١) ملیۆن دینار لەکڕینی قرتاسیەی پۆلیس کەم کراوەتەوە.

## وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار

بە زیادەی ڕێژەی(٥٣،٩٧٥..٠٠) واتە(٤٧) ملیۆن و(٣٤) هەزارو (٩٠٠) دینار هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن بە دامەزراندن وگەڕانەوەی ناحیەکان فەرمانگەکانی شارەوانیش دادەمەزرێن، هەر چەندە شارەوانییەکان خاوەن پێڕەوێکی تایبەتین و داهاتی خۆیان هەیە بەڵام سەرەڕای ئەمەش بە چاوێکی تایبەتی سەیری شارەوانی کراوە تا خزمەتی چاکتر پێشکەش بە هاوولاتیان بکات چونکە کابینەی سێیەم کابینەی خزمەتگوزارییە. تەرخانکراوی منحە لە بودجەی ساڵی ١٩٩٧ بریتی بوو لە (٣٠) ملیۆن دینار بەڵام بۆ ساڵی ١٩٩٨ بڕی (٨٠) ملیۆن دینار پێشنیار کراوە ئەمەو لە بودجەی پلانی ساڵانەش دابڕی (٩) ملیۆن دینار بۆ پرۆژەکانی گەشتوگوزار لە پارێزگای هەولێرو دهۆک تۆمار کراوە کە لە پلانی ساڵی ١٩٩٧ دا تەرخانکراوی نەبوو.

## وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن

بە زیادەی ڕێژەی (٦٢،٧٢٣..٠٠) واتە بە بڕی(١٠) ملیۆن و(٣٦٣) هەزار و (٥٠٠) دینار هۆی زیادبوونەوە:

١. خەمڵاندنەکانی وەزارەت لەسەر خەرجیی فەرمانبەران بە وردی پێشکەش نەکرابوو پاش گفتوگۆکردن چارەسەری ئەم کەموکورییە کراوە، بۆیە بڕی (٥) ملیۆن دینار بۆ خەرجیی فەرمانبەران زیاد بوەتەوە.

٢. بڕی (١) ملیۆن دینار بۆ کڕینی قرتاسیە، سووتەمەنی، جلوبەرگی تایبەت بە تەکنیکییەکان زیادکراوەتەوە.

٣. پاراستنی بالاخانەکان و مەکینەو ئامێرەکان بڕی ٢٩ ملیۆن و(٧٠٠) هەزار دینار زیادەی هەبووە.

٤. کرێی پسپۆران و ڕاوێژکاران و کرێی خانوو ئامێری گواستنەوە نزیکەی(٢) ملیۆن دینار زیاد بووەتەوە.

تێبینی:

لە بودجەی پلانی ساڵانە بڕی (٦٧) ملیۆن دینار بۆ وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن پێشنیار کراوە بەم شێوەیە:

١. بۆ ئامێرەکانی کەش شناسی (٨) ملیۆن دینار

٢. بەرفراوانکردنی بەدالەکانی ئەلکترۆنی هەولێرو دهۆک(١٦) ملیۆن دینار.

٣. بەرفراوانکردنی هێڵەکانی نێوان دهۆک ـ هەولێر ـ سلێمانی (١٥) ملیۆن دینار

٤ـ کرینی بەداله بۆ قەزاو شوێنەدووردەست و گوندەکان (١٠) ملیۆن دینار.
٥ـ پرۆژەی تەلەفۆنی بێتەل(مۆبیل) (١٠) ملیۆن دینار.
٦ـ بەرفراوانکردنی تۆرەکان لە پارێزگا و قەزاکاندا (٨) ملیۆن دینار.

## وەزارەتی رۆشنبیری

بەکەمی رێژەی(٣٤٥,٠٠٠,٠) واتە بە بری(١٧١) هەزار دینار
هۆی کەمبوونەوە:
١ـ کارگەی مافوری دەستکرد لە هەولێر کە بۆ ساڵی ١٩٩٧ بری، (٥) ملیۆن و (٧١٨) هەزار دینار بودجەی بۆ پەسندکرابوو بە پێی بریاری ئەنجوومەنی وەزیران.بەرێز لە وەزارەتی رۆشنبیری گوازرایەوە بۆ وەزارەتی پیشەسازی و وزە.
٢ـ کەواتە بەرەچاوکردنی خاڵی یەکەم وەزارەت زیاد بوونەوەی هەبووە، هەندێ لە زیاد بوونەکاندا وەک نموونە ئەمانەی خوارەوەن:
أ ـ خەلاتی رۆژنامەی هەرێمی کوردستان لە ٧٥٠ هەزار دینار بووەتە (١) ملیۆن و(٧٥٠) هەزار دینار واتە بە زیادەی (١) ملیۆن دینار.
ب ـ بۆ دەرهێنانی فیلم بری (٢) ملیۆن دینارپێشنیارکراوە کە بۆ ساڵی ١٩٩٧ تەرخانکراوی نەبوو.
ج ـ بۆ سازدانی کۆنگرەو فیستیڤاڵەکان بری (٥٠٠) هەزار دینار پێشنیار کراوە کە بری پەسەندکراو لە بودجەی ساڵی ١٩٩٧، (١٠) هەزار دینار بوو.

تێبینی:
لە بودجەی پلانی ساڵانە بری (٨) ملیۆن و(٥٠٠) هەزار دینار بۆ دامەزراندنی دەزگای تەلەفزیۆن و بری(١) ملیۆن دینار بۆ بەدواداگەران و کۆلینی شوێنەوارەکان پێشنیارکراوە.

## وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی

زیادە بەرێژەی(٨,٦٣٨,٠٠) واتە بری(٣٥) ملیـــۆن و (٨٤١) هەزارو (١٠٠) دینار هۆی ی زیادبوونەوە:
١ـ بری ٢٥ ملیۆن دینار لە خەرجیی فەرمانبەران زیادبووە ئەمە ودامەزراندنی پزیشک و کادیری پزیشکی لەگەڵ علاوە و تەرفیعات یەکێک لە هۆیەکانی زیاد بوونەوەی ئەم خەرجییانەن، جگەلەوەی کە بە وردی ئەم خەرجییانە پێشووتر بەراوورد نەکرابوون.

٢ـ کرێی گواستنەوە بۆ فەرمانگەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی لە(٥٠٠) هەزار دینار زیاد بووە بۆ(٢) ملیۆن دینار.
٣ـ دەرماڵەی قوتابیانی تەندروستی لە(٣٠٠) هەزار دینار بویتە(٧٠٠) هەزار دینار.
٤ـ جلوبەرگ ودیژداشە بۆ پزیشکان و فەرمانبەران لە(١٥٠) هەزار دینار زیاد بووە بۆ (٢) ملیۆن دینار.
٥ـ گۆڤاری تەندروستی کەلەلایەن وەزارەتەوە دەردەچێ لە(٣٠٠) هەزار دینار کراوەتە (٦٥٠) هەزار دینار.
٦ـ کەلوپەلی نەخۆشان لە(٢٥٠) هەزار دیناربویتە(٥٠٠) هەزار دینار.

هەروەها بۆ ئاگاداری بەڕێزتان ژمارەی نەخۆشخانەکانی سەرەکی لە هەولێر(١١) نەخۆشخانەو لە دهۆک(٨) نەخۆشخانەیەو ژمارەی بنکە تەندروستییەکان لە پارێزگای هەولێر بریتییە لە (٩٩) بنکەی تەندروستی ولە پارێزگای دهۆک (٨٨) بنکەی تەندروستی هەیە.

## وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان

زیادەبەرێژەی(١٩,٥٠٨,٠٠٠) واتە بڕی(٤) ملیۆن و(٨٣٦) هەزار دینار.
هۆی زیادبوونەوە:
١ـ لە خەرجیی فەرمانبەران بڕی (٣) ملیۆن دینار.
٢ـ بڕی (٥٠٠) هەزار دیناربۆ بەفر ڕاماڵین پێشنیار کراوە کە لە بودجەی ساڵی ١٩٩٧ تەرخانکراویان نەبوو.
٣ـ بۆ پاراستنی دەزگا و مەکینەو ئامێرەکان بڕی(٥٠٠) هەزار دینار لەچاو پەسەند کراوی ساڵی ١٩٩٧زیادبووە واتە بە گشتی بۆ ئەم مەبەستە (١) ملیۆن و (٢٥٠) هەزار دینار تۆمار کراوە.
٤ـ پاراستنی کارگاو بەکارهێنانیان بڕی(١) ملیۆن دینار پەسەندکراویان هەبوو، بۆ ساڵی ١٩٩٨ بڕی(٣٠٠) هەزار دینار زیاد بووە.
٥ـ بۆ پاراستنی ئۆتۆمۆبیلی کار بڕی(٢٠٠) هەزار دینار پێشنیار کراوە کە بۆ ساڵی ١٩٩٧ بڕی پەسەند کراویان نەبوو.

تێبینی:
لە بودجەی پلانی ساڵانە بڕی ٩٤ ملیۆن و (١٠٠) هەزار دینار پێشنیار کراوە بەم شێوەیە:
١ـ دروست کردنی بنکە تەندروستییەکان (٢) ملیۆن و(٧٠٠) هەزار دینار.
٢ـ پرۆژەکانی ئاو (٢) ملیۆن و(٣٠٠) هەزار دینار.

٣ـ دروست کردنی  قوتابخانەکان (١٦) ملیۆن و(٢٠٠) هەزار دینار.
٤ـ دروست کردنی نەخۆشخانە (٢) ملیۆن و(٣٠٠) هەزار دینار.
٥ـ رووکردنی بەردی تێکەڵە (٦) ملیۆن و(٥٠٠) هەزار دینار.
٦ـ قیرتاو کردنی ڕێگاکان (٣٩) ملیۆن دینار.
٧ـ کەناڵەکانی ئاودێری (١) ملیۆن و(٦٠٠) هەزار دینار.
٨ـ کارگەی کەرپووچ (٢) ملیۆن دینار.
٩ـ خەباتەی مەرکەزی و مۆزەخەی کۆنکریتی (٣) ملیۆن و(٥٠٠) هەزار دینار
١٠ـ کارگە بەرهەم هێنەکان (١٠) ملیۆن دینار.
١١ـ کارگە بینا سازییەکان (٨) ملیۆن دینار.

## وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری

زیادە بەرێژەی(٧٦٢,١٠,٠٠) واتە بڕی (٤٠٩) هەزارو(٥٥٠) دینار کە لەم بڕە (١٠٠) هەزار دینار بۆ مووچەی فەرمانبەران و هەروەها (٢٥٠) هەزار دینار بۆ میوانداری و وەفد زیاد بووە.

## وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی

زیادە بەرێژەی(٤٢,٦٣٩,٠٠) واتە بڕی (١٦) ملیۆن و (٤٢٣)هەزارو(٥٠) دینار، هۆی زیادە:
١ـ بۆ جلوبەرگی قوتابیان بڕی(١) ملیۆن و (٢٥٠) هەزار دینار پێشنیارکراوە واتە بە زیادەی(٣٥٠) هەزار دینار لە بڕی پەسەند کراو.
٢ـ بۆ پاراستن و چاککردنەوەی بالاخانەی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانی ئەوقاف لەگەڵ قوتابخانەکان بڕی(٢) ملیۆن دینار پێشنیارکراوە، بڕی پەسەندکراوی ساڵی ١٩٩٧ بریتی بوو تەنیا لە(٥٠) هەزار دینار.
٣ـ خەڵاتی ئاواکردن و ئاوەدانکردنەوەو کەلوپەلی مزگەوت لە(١) ملیۆن دینار زیاد بووە بۆ(٧) ملیۆن دینار.
٤ـ بۆ خولی خوێندنی قورئانی پیرۆز و دەورەی بەهێز کردنی مامۆستایان بڕی (٥٥٠) هەزار دینار پێشنیار کراوە، بڕی پەسەندکراوی ساڵی ١٩٩٧ تەنیا (٨٥)هەزار دیناربوو.
٥ـ مووچەی فەرمانبەران بڕی نزیکەی (٤) ملیۆن دینار زیادەی هەبووە.
هەروەها لە پلانی ساڵانە بڕی (٩) ملیۆن و (٥٠٠) هەزار دینار بۆ چاککردنەوەی شوێنە پیرۆزەکان پێشنیار کراوە.

## وەزارەتی دارایی و ئابووری

زیادە بە ڕێژەی(٥٠٨, ٥٠, ٠,٠) واتە بڕی(٢٨٥) ملیۆن و (٩٨٦) هەزارو (٢٧٢) دینارە هۆی زیادە:

١ـ بڕی (٢٠٠) ملیۆن دینار بۆ کڕینی گەنم و دانەوێڵە پێشنیار کراوە بۆ ئەوەی ئەگەر لە حاڵەتێکدا بڕیاری(٩٨٦) لەکار وەستا، پشتیوانی لە هاوولاتیان بکرێت هەروەها وەک پشتیوانی ییەک لە جوتیاران.

٢ـ چاپەمەنی(١) ملیۆن و (٥٠٠) هەزار دینار زیاد بووە.

٣ـ کرێی ئۆتۆمۆبیلی فەرمانگەکان لە(٩٩) هەزار دینار بووەتە (١) ملیۆن و (٦٠٠) هەزار دینار.

٤ـ بۆ گواستنەوەی پارە بڕی (١) ملیۆن دینار پێشنیار کراوە کە ئەم جۆرە تەرخانکراوە لە بودجەی پەسەندکراوی ساڵی ١٩٩٧دانەبوو.

٥ـ دەرماڵەی خۆراکی فەرمانبەران لە(٣) ملیۆن دینار زیادبووە بۆ(٥) ملیۆن دینار.

٦ـ لەبەر ئەوەی بۆ چاپکردنی چاپەمەنی ییەکانی وەزارەت خەرجییێکی زۆر دەکرێت وەزارەت بیری لە کڕینەوەی چاپخانەییبک کردووە بۆ ئەم مەبەستە و بۆ مەبەستی کڕینی ئامێری تر بڕی (٨) ملیۆن دینار پێشنیار کراوە کە لە بودجەی ساڵی ١٩٩٧ بڕی پەسند کراو بریتی بوو لە(٦٣٧) هەزار دینار.

تێبینی:

لە بودجەی پلانی ساڵانە بڕی (٢٥) ملیۆن دینار بۆ کڕینی ئۆتۆمۆبێل بۆ وەزارەت و فەرمانگەکانیان و زانکۆ و پەیمانگاکان پێشنیار کراوە.

## وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە

زیادە بەڕێژەی(١٣٣, ٦٥,..) واتە بڕی (٧٨) ملیۆن و(١٦٠) هەزار دینار.

زیاد بوون و کەم بوونەوە لە خەرجییەکانی وەزارەت بەم شێوەیەیە:

١ـ لە مووچەی فەرمانبەران (٨٨) ملیۆن دینار، لە پێداویستی ییەکانی و خزمەتگوزاری بڕی (٨) ملیۆن دینار، لە پاراستنی ئەوەی کە هەیە(٥) ملیۆن دینارو لەسەرمایەداری (١) ملیۆن دینار زیاد بوەتەوە.

٢ـ لە پێداویستی ییەکانی کالایی (١٢) ملیۆن وهەروەها لە مووچەو خەلاتی خانەنشینیش (١٢) ملیۆن دینار کەم کراوەتەوە.

## وەزارەتی پیشەسازی و وزە

زیادە بە ڕێژەی (٢٥١.٧٢٣..٠)واتە بڕی(١٠) ملیـــۆن و(٢٨١) هەزارو (١٢٨) دینار هۆی زیادبوونەوە:

١ـ بەڕێوەبەرایەتی بیەکانی زەوی پێوانی جیولۆجی وپۆلیسی کارەبا لەبەر نەبوونی داهات لە بودجەی خۆبژێوو گوازراونەتەوە بۆ بودجەی جاری. بڕی پەسەندکراویان بریتی بوو لە (٨) ملیۆن و (٣٠٠) هەزار دینار.

٢ـ فەرمانبەرانی پرۆژە تایبەتی بیەکان واتە نەوتی(تەق تەق) لەگەڵ خەرجییەکانیان لە بودجەی خۆبژێوو گوازراونەتەوە بۆ بودجەی جاری.

٣ـ کارگەی قوتوی هەریر لەسەر دیوانی وەزارەت تۆمار کراوە تا ئەوکاتەی تەواودەبێ و حیسابیان بۆ ڕێک دەخرێت. ئەم کارگەیە لە بودجەی پەسەندکراوی ساڵی ١٩٩٧ دانەبوو.

تێبینی:

لە بودجەی پلانی ساڵانە بڕی(٩٥) ملیۆن و(٢٥٠) هەزار دینار پێشنیار کراوە وەک:

- کڕینی محەویلەو قاطع دورە بە بڕی(٥) ملیۆن دینار.
- گەیاندنی کارەبا بە نزیکەی (٣٠) گوند بە بڕی (٦) ملیۆن دینار.
- دانانی هێڵی ١٣٢ کەی. ڤی لە نێوان خەلیفان و سەرسنگ بە بڕی (٧٠) ملیۆن دینار.
- بۆ بینا و دامەزراو بڕی(٥) ملیۆن و (٧٥٠) هەزار دینار.
- بۆ وێستگەکان بڕی (٣) ملیۆن دینار.
- بۆ پلانی تر (٥) ملیۆن و(٥٠٠) هەزار دینار.

## وەزارەتی داد

زیادە بە ڕێژەی (٤٣.٩٠٧..٠) واتە بڕی(٩) ملیۆن و(٧٨٤) هەزاردینار

هۆی زیادە:

١ـ بڕی (٣) ملیۆن و (٣٠٠) هەزار دینار لە خەرجیی فەرمانبەران زیاد بووە، ئەویش بریتی یە لەدامەزراندن و علاوەی فەرمانبەران.

٢ـ خەرجیی چاپ و کرێ ی بینایەت لەگەڵ کرێ ی ئۆتۆمۆبێل وئامێری گواستنەوە (١) ملیۆن و (٧٨٦) هەزار دینار زیادبووە، پەسندکراوی ساڵی١٩٩٧ بریتی بوو لە(٤١٤) هەزاردینار.

٣ـ کڕینی ئامێرو دەزگا و کتێب بڕی(١) ملیۆن و (٣٢٨) هەزار دینار زیادەی هەیە پەسندکراوی ساڵی ١٩٩٧ بریتی بوو لە(٣٧٢) هەزار دینار.

٤ـ مەبلەغی (١٨٠) هەزار دینار بۆ دەرچواندنی گۆڤاری (یاسا) پێشنیار کراوە لە بودجەی ساڵی

١٩٩٧ بڕی پەسندکراوی بۆ تەرخان نەکرابوو.
هەر وەکو لەم راپۆرتەدا تێ بینی کرا لە ئاستی فەسڵەکاندا خەرجیی فەرمانبەران و خەرجی گوازراوەیی و پێداویستییەکانی کالآیی پلەی یەکەم تا سێ یەم پێک دێن و لە ئاستی بابەتەکاندا وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلآیەتی پلەی یەکەم تا سێ یەمیان لە بودجەی پێشنیارکراودا بەدەست هێناوە.
لێرەدا بە پێویستی دەزانین لە کۆتایی راپۆرتەکەماندا تاکید لەوە بکەینەوە سەرەڕای ئەو هەموو گیروگرفتانەی کەلەلایەن(پ.ک.ک) ی تیرۆریست و یەکێتی دژ بە یاسا و شەرعیەت بۆ کابینەی سێ یەم نراوەتەوە و بەردەوام هەوڵی تێکدانی ئاسایش و ئارامی، ژێر خانی ئابووری ، تەقاندنەوەی پرد، تێکدان و بردنی مکائنی خزمەتگوزاری، تەقاندنی قوتابخانە و سوتاندنیان، بردنی کەلوپەلی نەخۆشخانەوبنکە تەندروستییەکان، برینی کارەبا، دەرکردنی هاوولآتیان، کاولکردن و ئاوارە کردنی خەڵکی گوندەکان دراوە، کە ئەمەش بوێتە هۆی کار تێکردنێکی کاریگەر لە جەمووجۆڵی بازرگانی و کەم بوونی داهات، لەگەڵ ئەوەش دا کابینەی سێیەم بە دڵسۆزی یەوە خۆی بە خاوەنی کێشەکانی پاش ماوەی کابینەکانی یەکەم و دووەمی کردووەو هەوڵی چارەسەرکردنیانی داوە بۆ نموونە:
ئەو قەرزانەی کە پەیوەندی یان بە پێش ١٩٩٦.٨.٣١ وەهەیە و بۆ کابینەی سێیەم مابووەوە زیاتر لە (١٨٠) ملیۆن دینارە، کابینەی سێیەم هەنگاو بە هەنگاو بۆ دانەوەی ئەم قەرزانە کاری پێویستی جێبەجێ کردووە، قەرزەکان بریتین لەمانەی خوارەوە:
أ- ئەو قەرزانەی کە خەرج کراون:
١- بڕی(٥٥) ملیۆن دینار قەرزی زیاتر لە(١٦) هەزار هاوولآتی لە بانکەکان کە نیوەی ئەم بڕە تا ئێستا دراوەو بەردەوامیشین لەدانی.
٢- بڕی(٢٠) ملیۆن دینار بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە خەرج کراوە:
- محاضراتی زانکۆی سەلاحەدین پێش١٩٩٦.٨.٣١.
- محاضراتی پەروەردەی هەولێر بۆ ساڵانی٩٤-٩٥-٩٦.
- قەرزی بەڵێندەری خواردنی گیراوان، ئاسایش، پۆلیس، چاودێری کۆمەلآیەتی و تەندروستی.
- قەرزی بەسەدان خەڵک لەلای فەرمانگاکان بەر لە١٩٩٦.٨.٣١ کە بۆ دامودەزگاکانی حکوومەت کاریان کردووەو پارەکانیان پێ نەدراوەو تا ئێستاش بەردەوام مراجعەمان دەکەن.
٣- مووچەی مانگەکانی ٧و١٩٩٦.٨ ی فەرمانبەران و خانەنشینان، کە خەرج کراوە.
٤- مووچەی مانگەکانی١٩٩٤.١٢و١و١٩٩٥.٢ی زانکۆی سەلاحەدین کە خەرج کراوە.
ب - ئەو قەرزانەی کە تا ئێستا خەرج نەکراون:
١- بڕی (٣) ملیۆن و(٣٠٠) هەزار دینار پارەی سەندوقی پاشەکەوتی بەریدی.
٢- بڕی(١٦) ملیۆن و(٨٠٠) هەزار دینار پارەی دارایی قاصرین.

٣ـ بڕی (٢) ملیۆن و (١٠٠) هەزار دینار پارەی فەرمانگەی ڕاپەڕاندنی دادگا.
ج ـ بۆ ئاگاداریتان مووچەی(١٣) مانگی خانەنشینان کە پەیوەندی بەر لە ١٩٩٦.٨.٣١دا هەیە، لەکاتی خۆیدا خەرج نەکراون.
ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بەڕێز بڕیاری لەسەر داون:
١ـ بڕیاری ژمارە(٢٩) لە١٩٩٣.٥.٢٧ سەبارەت بە کرێ ی هاتوچۆی مامۆستایان بۆ شارۆچکەو کۆمەڵگا و گوندەکان کە پێشوتر جێبەجێ نەکرابوو، بەڵام کابینەی سێیەم هەر بەدەست بەکاربوونییەوە ئەم بڕیارەی جێ بەجێ کردووە و کرێ ی هاتوچۆی مامۆستایانی دابین کردووە.
٢ـ بڕیاری ژمارە(٢٦)لە١٩٩٤.١٠.١٦ واتە دەرماڵەی زیادەی پەرلەمانی بۆ فەرمانبەران کە بڕەکە لە مادەییکی تایبەتی تۆمارکراوە بەڵام لەبەر بارودۆخی تایبەتی کوردستان و نەبوونی پارە تا ئیستا خەرج نەکراوە.
٣ـ بڕیاری ژمارە(٣٠) لە١٩٩٤.١١.٢٦ لەسەر هەمووارکردنی دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایان و دەرماڵەی خۆجێ یەتی و دووریی کە خاڵی دووەمی ئەم بڕیارە لە ساڵی ١٩٩٧ دا دەست بەجێبەجێ کردنی کراوەو خاڵی یەکەمی ئەم بڕیارە لە مانگی ١٩٩٧.١٢ وە دەست دەکرێ بە جێبەجێ کردنی.
٤ـ بڕیاری ژمارە٣٢ لە١٩٩٤.١١.٢٧ لەسەر موچەی خانەنشینان کە ئێستا لە هەرێم نیشتەجێنە واتە ئەوانەی مووچە لەدەرەوەی هەرێم وەردەگرن لەگەڵ (٥٠) دینار دەرماڵەی خانە نشینانی کە مووچە لە خزینەی هەرێمی کوردستان وەردەگرن. هەر بەهۆی ئەو گیروگرفتانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێ کردن، خەرج نەکراوە.
٥ـ هەروەها هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن بە پێی بڕیاری ژمارە(٣٢) لە ١٩٩٣.٦.٢٠ پێویستە بۆ هەریەکێ لە خێزانەکانی شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان مەبلەغی (٢٥٠) دینار مانگانە بدرێتێ هەتا ئەو وەختەی یاسای تایبەتی بۆ مافی خانەنشینی پێدانیان دەردەچێ.
لەم بارەیەوەش بە دامەزراندنی دەزگای شەهید کە بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان. بەڕێز دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٩٨ دا دەست دەکرێ بە سەرف کردنی مووچەی خانەنشینی بۆ خێزانی شەهیدان.
٦ـ بڕیاری ڕۆژی ١٩٩٧.١٠.٥ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان دەربارەی بەخشینی (٥٠٠) دینار دەرماڵە بەو کارمەندانەی حکوومەتی هەرێم کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان لە یاسادا هەیە، دەست بەجێ جێبەجێ کراوە.
بەر لەوەی کۆتایی بە ڕاپۆرتەکەمان بێنین سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی میللەت، شەهیدانی پەرلەمان بەڕێزان(فرەنسیس یوسف شابا)و(سیروان محەمەد نەورۆڵی) و ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمان کە کۆچی دوایی ییان کردووەو ئێستا لە نێوانماندا نین، خوالێخۆشبووان(نەژاد ئەحمەد

عەزیز ئاغا، جێگری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان)و (مەلا محمد شریف)و(خەیری سعید علی بەگ) دەنێرین، روحیان شادو یادیان پڕ لە سەروەری بێ.
هەروەها یادی خوا لێ خۆشبوو بەڕێز(عیزەدین عومەر حامد) پسپۆڕی بودجە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەینەوە کە ئەم برا عەرەبە زیاتر لە بیست ساڵ خزمەتی کوردستانی کردووە بۆ دواجار لەکاتی گفتوگۆیەکانی بودجەی ساڵی١٩٩٨ ماڵئاوایی لێ کردین.
دووبارە بە پێویستی دەزانین پڕ بەدڵ سوپاسی بەڕێز سەرۆک بارزانی بکەین کە ئەو پەڕی پشتیوانی لەدەسەڵاتی یاساو شەرعیەت کردووە بۆ ئەوەی لە ڕاپەڕاندنی کارو ئەرکەکانیاندا سەرکەوتووبن و هەروەها پڕ بەدڵ سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەڕێزو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێزو ئەندامانی بەڕێز پەرلەمان بکەین کە هەمیشە پاڵپشت و یارمەتیدەرمان بوون لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی پێ سپێردراومان بۆ خزمەت کردنی گەلەکەمان ئیتر سوپاس و ئومێدەوارین هەنگاوەکانمان جێگای ڕەزامەندی ئێوەی بەڕێز بێت.

**شەوکەت شێخ یەزدین**
**وەزیری دارایی و ئابووری**
**١٩٩٧/١٢/٣٠ زایینی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
سوپاسی جەنابی وەزیری دارایی ئابووری دەکەین، بۆ ئەو ماندووبوونەی کە کێشای، و بۆ ئەو ڕاپۆرتەی کە پێشکەشی کرد. بەڕاستی ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلە. یەکەم جارە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کابینەی سێهەم ئەم دەست پێشخەریەی پێشکەش کرد سەبارەت بە بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان . ئەم کردەوە جوامێرانەیەی وەزارەتی دارایی وئابووری ئاوێنەیەکە، لەو ڕووانگەیەوە ئیش و کارەکانیان هەڵدەسەنگێنرێ لەماوەی ساڵی ڕابووردوودا، هەروەها پێشبینیان بۆ ساڵی ئایندە و ئەو ئەرکانەی کە لە پێشیانە دەردەخات .
جارێکی تریش بە ناوی ئەندامانی پەرلەمانەوە، سوپاسی جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری دەکەین. هەروەها سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەین، بۆ ئەو ماندوو بوونەی کە کێشایان، و بۆ ئەو ئەرکەی کە جێ بەجێیان کرد، و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانیان کرد .
هەروەها سوپاسی هەڵوێستی جەنابی وەزیر دەکەین، کە یادی پەرلەمانتاروکارمەندانی کردەوە. و لە هەمووی گرنگتر یادی شەهیدە نەمرەکانی لە بیر نەکرد. چوونکە هەرچی ئێمە دەیکەین،

زۆربەی هەرە زۆری، یان گشتی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو خوێنە زۆرەی کە لە پێناوی کورد و کوردستان دا بەخشراوە و، لە سەرووی هەموویەوە شەهیدانی هەمیشە زیندوومان.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ،دەرگای گفتگۆ والآ کەین، بۆ ناوەڕۆکی ئەو راپۆرتەی کە پێشکەش کرا. یان بیخەینە دووای پشوودانی کۆبوونەوەی دووەم مان؟ ئەگەر پێتان خۆشە بەردەوام دەبین، بێ پشوو وەرگرتن؟ ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە. ئێستا ناوی ئەو برادەرانە ئەنووسین کە ئەیانەوێ لەسەر راپۆرتەکە قسە بکەن .

لە ڕاستیدا ئەو راپۆرتە بە تێرو تەسەلی باسی کارەکانی سالّی ڕابردوو و سالّی ئاییندەمان دەکات. تکا ئەکەم باسەکان تەنها لە چووارچێوەی راپۆرتەکە بێت، بۆ ئەوەی نەچینە ناو درێژەی گفتوگۆکەوە، چوونکە پێویست ناکات. سەبارەت بە خۆدی بوودجەکە، ئەوە کاتی خۆی هەیە، ئەوکاتیش لیژنەی دارایی راپۆرتی خۆی ئەخوێنێتەوە، پاشان قسەی لەسەر ئەکەین .

ئەو ناوانەی کەنووسیومانە ئەیخوێنمەوە:

کاک ئەحمەد سالار .
کاک عەبدوولخالق زەنگەنە .
کاک جەمیل سندی .
کاک حوسێن عەلی کەمال .
کاک ئیبراهیم سەعید .
کاک شێخ یەحیا .
کاک د.ڕزگار .
کاک د. ناسیح .
کاک شێخ موحسین موفتی.
مامۆستا مەلا مەحموود.
کاک سیروان کاکەیی .
مامۆستا مەلا تەڵحە .
کاک یونادم یووسف.
کاک سەعید یەعقوبی .
فەرموو کاک ئەحمەد سالار.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرەتا پیرۆزبایی لە هەوڵ و کۆششی کابینەی سێیەم دەکەم، بە تایبەتی ئەو ورد بینی و وردەکاری و بەتەنگەوە هاتن و خەم خۆرییە زۆرەی، کە خەم خۆری ومشور خواردنێکی گشتی

تیبـا ئەبینرا، لەو راپۆرتەو لە کـارو کـردەوەی سەلمێنراوی کـابینەی سـێـیـەم بە تایبـەت وەزارەتی دارایی و ئابووری. گـووناهە بە هەر جـۆرێک بێت لە رووی بەراووردکـارییـەوە لەگـەڵ کابینەکـانی پێشـتـرا، یان سـەردەمـانی زووتر بەراوەردی بکـەیـن، چونکە دەتوانم بلـێم، ئەمە خـۆش بەخـتـیـیە بەرامبەر قات و قڕی رابردوو. دەتووانیین بلێین ئەم هەنگاوانە رۆژانێکی هەرە رووناک و پرشنگ دارن لە تەمـەن و مێـژووی بەرێوە بردن، لە لای گـەلەکـەمـان . کـاتێ ئەم کـابینەیە هاتە ئاراوە، لە لایەکـەوە بە دەسـتی وێرانکاری، برینی سـارێژ ئەکـردو لە لایەکـەی ترەوە بیناو بیناسـازی دەکـرد.
دەمەوێ لێرە ئامـاژە بۆ لایەنی رۆشنبیری بکەم وەکو ئەندامـێکی لیژنەی رۆشنبیری کە مـاوەیەک باری رۆشنبیری کـەوتە تەنگژەوە، بەڵام ئەوە بوو جارێکی تر بووژایەوە، و پردێکی تووندو تۆڵ لە نێوان جەماوەر و رۆشنبیری دروست بووەوە، شانۆو ماڵی هونەرمەندان ئاوەدان و پۆشتە کرایەوە و بووژایەوە، بە بێ ئەوەی گـوێ بدرێتـە بیـرو بۆچوون و ئایدۆلۆژیا. بایەخ دان بە کـەلەپووری دێرینمـان، بووژانەوەی سـامـانی نەتەوایەتیـمـان، بووژاندنەوەی ژیانی بروا بە خۆبوونمان، داهێنان و...هتد، لەم رۆژانە دا بە کردەوە دەیان بینین. هەوڵەکانی وەزارەتی رۆشنبیری کە هاوکاتە لەگەڵ پشتیـوانی و پشـتگیرییەکی بەر چاووی کـابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردسـتـان، جێگای رێزو پێزانینە. ئەوا جارێکی تر دەست دراوەتەوە باڵی گیانی شەکەتی رۆشنبیریمان، جارێکی تر هەڵسـاوتەوە. ئازادی دەربڕینی بیـرو را، راگـەیاندنێکی گـونجـاو، لە کـەشـوهەوایەکی ئاوهادا رۆشنبـیرانمان، بیرو رایان دەر ئەبڕن، ئازادن، سەربەستن. ئەو دیاردانەی کـە بووبوونە دەگـمـەن و نەمـان ئەبینین، وەک دیاردەی کـتـێب چاپ کـردن، دەرکـردنی گـۆڤـاری رۆشنبـیـری جـۆراوجـۆر، دەرکردنی بابەتە زانستیەکان وەدەیان چالاکیی تر لە بوارە جیاجیاکان دا ئێستا بە کردەوە دەیان بینین . جارێکی تر پیـرۆز بایبـتـان لێ دەکەم، و گـەش بینم بەرامـبـەر بە داهاتوو، پیـرۆز بێ لە هەمووان، لەگەڵ رێزو سوپاس دا.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس بۆ کاک ئەحمەد سالار،کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڕاستی خۆشحاڵـم کە بوودجەی ئەمساڵ، پێش تەواو بوونی ساڵ پێشکەش کرا، ئەوە یەکەمین جارە، بەڕاستی ئەبێ زۆر گرنگی پێ بدرێت. من ئاواتم وابوو کە زووتر پێشکەش بکرایە، وەک چۆن نووسراوی ئەنجوومەنی نیشتمانی یکوردستان داوای کردبووولە (١٥/ ١٠)تەواو بکرێ، بۆ ئەوەی بووارمـان هەبێ زیاتر لەو راپۆرتە تێـرو تەسەلەی وەزیری دارایی و ئابووری بکۆڵـینەوە، بۆ ئەوەی زیاتر تێبینمـان کردایە. بەش بە حاڵی خۆم هەتاکو ئێستا بوودجەکەم نەبینیوە، راپۆرتەکەم بینیـوە، بەڵام بوودجـەکەم نەبینیوە، و داواشم کـرد بە داخەوە لەبەر ئەوەی یەک راپۆرتێک ئامـادە بوو، نەکـرا بمدەنێ و بە کـردەوەش بە پێی نووسـراوی ئەنجـوومـەنی وەزیـران لە «٢٢» ی مـانگی

(۱۲) ئاراستـەی پەرلەمـان کـراوە. پێـشی دوو سێ ڕۆژیش کـەوتۆتە بەردەسـتی ئەندامـانی پەرلەمان. هەرچەندە کاتەکە کەمە بۆ تاوتۆکردنی ڕاپۆرتەکە. من پێم باش بوو هەر وەزیرێک بۆ خۆی بوودجەی وەزارەتەکەی دابنایە. و لیژنەکانی پەرلەمانی لە کاتێکی گونجاو دا، لە گەڵیان گفتوگۆیان بکردایەو، ڕەچاووی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەیان بکردایە. من بەش بە حاڵی خۆم سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم ،کە لە ساڵی ڕابردوودا توانایەکی زۆری خستە گەڕو، زۆر خزمەتگوزاری پێشـەکـەش کـرد بۆ گـەلەکـەمان. هەرچەندە باروودۆخـەکـەش نائاسایی بوو، زۆر نالەبار بـوو تەنانەت شەڕیشی تێدا بوو. لە ساڵی ۱۹۹۷ «ضـمانی رواتب» جاڕ درا، هەروەها مـووچەی مـانگی (۷و۸) درا. حکومەتی هەرێم توانی مووچەی خـانەنشـینەکـان بدات. هەروەها بۆ هەندێ توێژ لە کارمـەندان دەرمـاڵەی دیاری کرد، و دووا کـۆتایی دەرمـاڵەش ، جەژنـانە بوو بۆ سەری ساڵی تازەمان بۆمامۆستایان. هەروەها زیادکردنی دەرماڵەی پیشەیی لە (۷۰) دینارەوە بۆ (۱۵۰)دینار. هەرچەندە لە ڕاستـیدا ئەوە بریاری کۆنی پەرلەمانە بەڵام لەمانگی «۱۲» جێ بە جێ کرا، ئەوە نیشانەی سوور بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ،کە ئەیەوێ چارەسەری باری بژیوی خـەڵـک بکات. هەروەها زۆر سـوپاسی وەزیری دارایی و ئابووری و، وەزارەتی دارایی و ئابووری، دەکەم کە هەموو تووانای خۆیان بەکار هێنا بۆ خزمەت کردنی خەڵکی. هەرچەندە وەزیری دارایی چوار پێنج مانگ لێرە نەبوو، من حەزم دەکرد لێرەبووایە. لەکاتی بارووودۆخی نائاسایی چەند وەزیرێک لێـرە بێ باشـتـرە بە تایبەتی وەزیری دارایی و وەزیری ناوخـۆ، لەوانەیە وەزیری پێشـمەرگە لە بەرەکانی شەڕ بێ، یا سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئامادەی شەڕەکان بێ. بەڵام ئەوانی تر لێـرە بن باشـتـرە. ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکـەی وەزیری دارایی بەڕاسـتی، دوو سێ لایەنی زۆرگـرنگی تێـدایە، بۆچوونی بە پێـزی تێـدایە. بەڕای من ئەبێ ببێـتـە بنەڕەتێک بۆکـارەکـانی داهاتوومـان، لە بەرئەوە، ئەوە سەرەتای «تخطیـط»ە، کە جێی خۆیەتی وەزارەتی نەخشـەدانانمان (تخطیـط) هەبووایە، بۆئەوەی یارمــەتیـمــان بدا لەم ڕووەوە. من خـۆم بە ووردی تەمـاشـای ڕاپۆرتەکەم کرد بۆچوونی زۆر باش و زانستیانەی تێدا بەدی دەکرێت. لەگەڵ ئەوەش دا بە ڕای من هەندی کەم وکوڕیش لەناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکـە دێتە بەر چاو، ڕاسـتە گرنگی دراوە بە تەندرووستی وکرینی دەرمان وپەروەردە، ئەوە باشـترین و گـرنگتـرین بوواره، لە خزمـەتگووزاری، بۆ میـللەت، هەروەها کۆمەکی خزمەتگووزاری، تریش پێشـکەش کراوە، بەڵام لەهەمـان کـاتیـشدا بە ڕای من دەبووایە باری بژیوی خەڵک باشتر ڕەچاو بکرایە. بێ گوومان باری گوزەرانی خەڵک باش نییە و ناگـونجێ لە گـەڵ ئەوگـرانیـە کـە لە بازاردا هەیە. ڕاسـتـە بریاری «۹۸٦»باری ژیانی خەڵکی تا ڕێژەیەکی بەر چاو گـۆڕی. بەڵام لە ڕاسـتـیـدا «مـووچە» لە گـەڵ نرخـەکـانی بازار دا ناگـونجێ. مووچەیەکی «۳۰۰» دیناری یا«۲۵۰ »دیناری یا«۵۰۰» دیناری، ناتووانی گووزەرانی خێزانێک یا تەنانەت تاکـە نەفەرێکیش بسـوڕێنێ. مـن خـۆم لەگـەڵ وەزیری دارایی و ئابووری ئەم بابەتەم چەند جـارێک بـاس کـردووە، جـەنابی وەزیریش دەڵێ ئەوە پەیوەندی هەیە بە داهاتمانەوە، بەڵام

بەڕای من، ئەو لایەنە دەبێ بایەخێکی تەواوی پێ بدرێ. دیارە خەڵک هەمووی چاوەڕێی ئەوە ئەکات کە باری بژێوی باش بێت، ئەو گرانیە نەمێنێت،و مووچەکەی بەشی بکات .
لێرە دا داوا دەکەم کەوا« ١٥٠» دینار، کەوا بڕیاری پەرلەمان بوو بەکردەوە لەساڵی ١٩٩٨ جێبەجێ بکرێ. لەوانەیە ئەمە جۆرە گوونجانێک دروست بکات لە نێوان ئەرکی ژیان و داهاتی هاوولاتی. هەروەهاتوێژێکی زۆر گرنگمان هەیە لە کۆمەڵ کە زۆر زوڵم لێکراون ئەوانیش خانەنشینەکانی لای حکومەتی بەغدان . هەندێکیان من پرسیاریان لێ دەکەم ئەڵێن « ٩٠»دیناری چاپ (طبع)وەردەگرن، واتە بەشی ئەوە ناکات کەپێی بڕۆن و بێنەوە. ئەمانە چینێکی زۆرن، بەڕایی من دەبێ بەهەر شێوەیەک بێ لە بوودجەی ١٩٩٨ چارەیەکیان بۆ بدۆزینەوە، یا ماوە ماوە مووچەیەکیان بۆ دیاری بکرێت. چوونکە باری بژێویان لە هەموو کەس خراپترە و تەمەنیشیان تەرخان کردووە بۆ ئێمە، هەروەها سەبارەت بە خێزانی شەهیدان کە لە ڕاپۆرتەکەشدا دیاری کراوە، لەکاتی خۆیٰ ئێمە « ١٥٠» دینارمان، تەرخان کرد بۆیان، تا ئەوکاتەی کە دەزگای شەهید دائەنرێ یا بنەمایەک دائەنرێ بۆیان. بە داخەوە ئەوە جێ بە جێ نەکرا. ئیمە نابێ چاوەڕێی ئەوە بکەین کە ئەو خێزانانە لە بارێکی بژێوی خراپ دا، ژیان بەرنە سەر. چوونکە ئەوان ژیانیان بۆ کورد و کوردستان پێشکەش کردووە. ئەبێ ئێمە لە مانگی یەکەوە هەرهیچ نەبێ هەوڵ بدەین، ماوە ماوە یارمەتیان بدەین. یەکێک لەوبابەتانەی کە پێویستە وەزیری دارایی و ئابووری و حکومەتی هەرێم ڕەچاوی بکات، ڕادەی نزمی مووچەیە لە کوردستان،کە زۆر کەمە. دەرچووی زانکۆ بە « ٢٥٠» دینار دادەمەزرێ، لە کاتێکدا پۆلیسێک کە لەوانەیە نەخوێندەواریش بێ لە گەڵ ڕێزم بۆ ئەوانیش کە ژیانی خۆیان پێشکەش دەکەن، پاسەوانی ئێمەدەکەن، بەڵام مووچەیان « ٥٥٠»دینار زیاترە. باشتر وایە وەزیری دارایی و حکومەتی هەرێم، بنەمایەک دابنێن بۆ دەرماڵە، پاشان دەرماڵەی پیشەیی دابنرێ و دەرماڵەی تەندرووستی دابنرێ هەروەها پەیڕەوێک و یاسایەکی یەکگرتوومان هەبێ سەبارەت بەدەرماڵە.
لەو ماوەیە دەرماڵەیەکی باش درا بە پزیشکان و مامۆستایانی زانکۆو هەروەها بۆ هەندی چینی تریش لە تەندرووستی. بە ڕای من ئەوە شتێکی باشە. بەڵام لەگەڵ ئەوەم کە ئەنجوومەنی وەزیران وپەرلەمان، ئەبێ بنەمایەک دابنێن بۆ داهاتوو، وهەرچەندە جەخت لەسەر ئەوە کرا کە مووچە دەدرێ بە کارمەندان و خانەنشینەکان و ئەوانەی کە لە ناوچەی سلێمانی و کەرکووک نیشتەجێن، ئەوە گەورەی حکومەتەکەمان نیشان ئەدات، لە بەر ئەوەی کوردستان یەک کوردستانە نابێتە دووان. ڕاستە بارووداۆخێکی نائاسایی هەیە و بارووداۆخکە ئاسان نییە، بەڵام ئێمە پابەندین بە دانی مووچەی هاوولاتی. هەندێ تێبینم هەیە لەسەر جەمی ڕاپۆرتەکە، یەکی لەوانە دیاریکردنی ملیارێک و نۆسەد هەزار و هەشت ملێون دینار، کە ئەوە داهاتی گومرکە بە ڕای من ئەوە کەمە ئەبێ ووردەکاریەک بکرێ، و ئەبێ ژمێریارێک «حیساباتێک» بکرێ، لە بەر ئەوە قسەوباس زۆرە لەسەر ئەو ژمارەیە، و دەبێ ئەم بابەتە بە بایەخەوە وەربگیرێ. ڕاست وایە پەرلەمانیش لەم

رووەوە دەورێکی بەرچاووی هەبێت، لە بەر ئەوە، من بەش بە حـاڵی خـۆم ئەوا بۆ «٦» سـاڵە ئەرِوات ئەندامی پەرلەمانم، ئێستاش نازانم داهاتمان چەندەو چۆنە، بە تایبەتی کە سەرچاوەیەکی سـەرەکی داهاتمان هەیە، و ئەبێ بیـرلەسـەرچاوەکـانی تر بکرێتـەوە، و هەوڵ بدرێ هەمـووی کـۆ بکرێتەوە، و کەسیش جیبیا نەکرێتـەوە. لە بەر ئەوەی، ئەوە دەگەرِێتەوە بۆگەنجینەی حکومەت و حکومەتیش بۆ میللەت دەیکات .

**بەرێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

کاک عەبدولخالق، ئاگات لەکات بێ، چونکە کاری ترمان لە پێشە، سەرەتا وتم زۆر درێژەی پێ مەدەن، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەرێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگـەنە:**

**بەرێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوە لەسەر راپـۆرتی بوودجەکەیە، نەچوومەتە ناو بوودجەکە. داوا دەکەم کارخانەکانمان بە تایبەتی کـارخـانەی بەرهەم هێنان زیاتر گـرنگی پێ بدرێت و قـازانجی هەبێت وبۆ ئەوەی ئەویش بەشـداری بکات لە بوودجەکـەمـان، هەتاکـوو کـەمـتر پشت ببـەستین بە داهات. دەبێ هەندێ بنەمـا دابنرێ لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری و حکومـەتەوە، بنەمـای زانسـتی و راسـتی بۆ «الـرسـم و الضـریبـة». و هەتاکـوو ئێسـتا زۆر ئیش وکـارلەدەزگای حکومەت دەکرێت. وەک تاپۆو عقـاری و شـوێنـی تر بە رای من «رسـوم»ی زۆری لەسـەرە تەنانـەت بۆ سـەفـەریش، «رسم»ێکی زۆر لە هاووڵاتیان وەر ئەگیرێت، کە لەسەر بنەمایەکی زانستیانە دانەنراوە و زۆربەی زۆریشی بەخشـشە ئەویش ئەبێ چارەسەرێکی باشی بۆ بدۆزرێتەوە، واتە هاووڵاتـیەک کە «١٠٠٠» دینـاری لێوەر بگرن بۆ جێ بەجێ کردنی کـارەکانی بە رای من ئەمە شتێکی زۆر گەورەیە، و لەگەڵ توانای مرۆڤ نییە. پێویسـتە لە بوودجەکەمان بابەتی کەم هێنان (عجز)ی دارایی کە دەگاتە نزیکەی ملیارێک، چارەسـەرێک بکرێت بۆ ئەوەی بەو شـێـوەیە ئێـمـە بودجـەمـان دانەنرێ. وای بۆ دەچم لە هەندێ وەزارەت بە راستی لە بـواری خەرج کردن هەندێ جار زیادرۆیی دەکرێت. بە تایبەتی ئێمە ساڵی رابردوو دووبـارە وەزارەتەکـانمان چاک کـردەوە، دووای ئەوەی کـە تێکیـان دا، راست وایە ئەو بووارانەی کە پێویست نییە لە وەزارەتیش کەم بکرێتەوە. هیوادارم ئەمەش بووبوایە بەبرِگەیەک لە بوچوونی وەزارەت، بۆ ئەوەی کە پـارەکە خەرج بکرێ بۆ بوواری باش و راست. داوا دەکەم بوواری لیـژنەکـانی پەرلەمـانی بدرێت بۆ بە دووا دا چوونی ئیش و کـارەکانی وەزارەتەکان. بە داخەوە من خۆم هەستم کردووە لە ساڵی رابردوو زۆر هەمئاهەنگی نییە، زۆر یارمەتی نییە، و وای بۆ دەچم، کـەم تەرخەمـیش هەیە. لەبەر ئەوە داوا دەکەم بۆ ئەم ئێشـانە، بۆ ئەم بووارانە،یەکەم: پێکـهێنانی ئەنجـوومـەنی چاودێری دارایی کە زۆر گـرنگە سەبارەت بە ئێـمـەوە بریار وا بوو سـاڵی رابووردوو دابنێین وە پرۆژەشمان بۆی دانا، بە داخەوە ئەوە گرنگی پێنادرێ و باسیشی نییە.

دووهەم :بابەتی دامـەزراندن لە دام و دەزگا حکومیەکـان زۆر زۆرە، ئەبێ ئەنجـوومەنێکی خزمـەتمان

هەبێ. خەڵک دانەمەزرێ بە «واسطە» و حزبایەتی. لە هەندێ وەزارەت ڕێژەی کارمەندان زۆر بوونە. لە بەر ئەوە داوا دەکەم لەو وەزارەتانە کە زیادەیان هەیە، بنێردرێن بۆ ئەو وەزارەتانەی کە پێوستیان پێی هەیە. لە کۆتایی دا دەمەوێ بڵێم، بە ڕاستی نرخی بازار ناگونجێ لە گەڵ باری بژیوی خەڵک. لە بەر ئەوە، دەبێ وەزارەتی دارایی دەورێکی هەبێ بۆ ئەم مەبەستە. ئێمە ناڵێین دەست بخەینە ئیش وکاری سەرمایەدارەکان بۆئەوەی کە کۆنترۆڵیان بکەین. دەبێ ئاورێکیش لەهاوولاتی هەژارو دەست کوورتیش بدرێتەوەتە، کە ژیانێکی سروشتیان هەبێ. داوای لێبووردن دەکەم کە قسەکانم دوور و درێژ بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن :**

لە ڕاستیدا دوورو درێژ بوو، چونکە ئێمە کاری ترمان لە پێشە بۆ تاوتوێکردنی ئەو بابەتانەی کە باسکرا. بوودجەکە دەتوانین بە تێروتەسەلی قسەی لەسەر بکەن و تێبینی لەسەر بڵێن. لە ڕاسپاردەکانی لیژنەی دارایی ڕوونکراوەتەوە و لەوێش ئەوانەی کە تۆ باست کرد ئاماژەی بۆ کراوە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەر وتەی بەڕێز عەبدولخالق زەنگەنە، کە دەڵێ بوودجەی ساڵی ١٩٩٨م نەدیووە داوا دەکەم کە کورتەی بوودجەکە ببینێ، من بە سوپاسەوە دەیدەم بەکاک عەبدولخالق بۆ ئەوەی چاوی پێ بکەوێت، چونکە کورتەی بودجەکە زۆر ئاسان ترە لەوەی کە تۆ هەمووی بیخوێنیەوە. ئەو بوودجەی کە جەنابت دەیبینی لە پێش وەزیری دارایی ١٩ «سجلە» هیچ ئەندامێکی پەرلەمان ناتوانێ ئەو ژمارانە بە چاکی دەر بکات، وەکو لیژنەی ئابووری دەری کردووە، و کوورتەکەی ئامادەکردووە، هەروەزارەتێک بە وەزارەت و بەشەکانی هەموی تێدایە بەتێرو تەسەلی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ببوورە کاک جەمیل، لەسەرخاڵەکانی سەرەکی خۆت بەردەوام بە ئێمە وەلامی کاک عەبدولخالق دەدەینەوە، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاسی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری دەکەم، پێشنیار دەکەم ئەم بابەتە زیاد بکرێتە سەر ڕاپۆرتەکەی بەڕێزی، لەسەردەمی کابینەی یەکەم و دووەم دا حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەک «ئیدارە» بوو، هەموو داهاتی کوردستان دەگەیشتە حکومەت، هیچ شەڕ نەبوو لەوکاتە، لەوڕۆژەی کابینەی سێیەم دامەزرا هەتا ئێستا داهاتی پارێزگاری سلێمانی وخاڵەکانی گومرکی ئەو ناوچەیە و دەیان جێگای تر لە نێوان پارێزگاری سلیمانی وئێران ناگەنە کابینەی سێیەم، یەکێتی بە تالانی دەبەن. هەروەها فرۆشتنی گازی خام لە ناوچەی کۆیسنجق، هەمووداهاتی کارگەی جل و

بەرگ، وكارگەی چیمەنتۆ، كارگەكانی تری، ناوچەكانی پارێزگای سلێمانی ناگاتە گەنجینەی حكومەت، سەرەڕای ئەمە، هەموولایەنە خراپەكان و قەرزو كەم كوڕیەكانی كابینەی یەكەم و دووەم بەجێ ماوە بۆ كابینەی سێیەم. كابینەی سێیەم ناچاربوو مافی هاوولاتی دابین بكات. هەروەها (ینک) هەموو تووتنی كارگەی جگەرەی هەولێری بە حكومەتی مەركەزی فرۆشت بە «٥ ملیۆن» دینار، كارگەكە بە بێ تووتن و كەرەستە مایەوە،كابینەی سێیەم ناچاربوو تووتنێكی زۆر بكڕێ بە گران، هەتاكوو كارگەكە بخاتەوە گەڕ. هەروەها «٨٧٠ هەزار» دۆلار، كە بۆ كەل و پەلی كارەبایی، تەرخان كرابوولە بانك،«ینک» ئەو پارەیان ڕاكێشاو، بۆ خۆیان بردیان. كابینەی سێیەم ناچار بوو لەلای خۆیەوە هەموو پێداویستیەكانی كارەبا دابین بكات. ئەوەی من ئاماژەم بۆكرد، تەنها بۆ نموونە بوو. هەروەها دەیان گوندیان تێك دا كە ئەوش بو بە بار گرانیەكی گەورە لەسەر شانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەتایبەتی وەزارەتی دارایی و ئابووری. سەرەڕای ئەوە حكومەتی كابینەی سێیەم و وەزارەتی دارایی و ئابووری بەردەوام بوو لەسەر وەرگرتنی داهات و خەرج كردنی پارە بۆ جێ بە جێ كردنی كاروباری كابینەی سێیەم. هەروەها بابەخێكی گرنك درا بە هەموو بابەتەكان بە تایبەتی پەروەردە و ئاوەدان كردنەوە،و ڕۆژ بە ڕۆژ بەردەوام بوون لەسەر پێشكەوتن و سەرفرازی. لە بەر ئەو هۆیانەی كە ووتم، داوا لە وەزیری دارایی و ئابووری دەكەم، ئەوانە زیاد بكات لەسەر ڕاپۆرتی خۆی بۆ ئەوەی بۆ مێژوو دیار بێ و شاراوە نەبێ، وەكوو سەرۆكی لیژنەی دارایی و ئابووری ئەم داواكارییە دەكەم زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كاك جەمیل ،سوپاست دەكەم، زۆر لەو برگانە هاتووە، بەلاَم ئەوەی كە دەتانەوێ زیادی بكەن، با دیاری بكرێت، فەرموو كاك شەوكەت.

**بەڕێز شەوكەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

گەر ڕێگەم بدەن، دەمەوێ پڕ بە دڵ سوپاسی كاك ئەحمەد سالار بكەم، بۆ ئەو بۆچوونەی، لەسەر هەنگاوەكانی كابینەی سێیەم. لەڕاستیدا وشەكانی زۆر بە نرخ بوون، زۆر هانی داین كە بتوانین، ڕۆژ بە ڕۆژ خزمەتی فراوانتر پێشكەش بە میللەتی خۆشەویستمان بكەین. هەروەها سەبارەت بە بۆچوونەكانی برای بەڕێزم كاك عەبدولخالق زەنگەنە، ئەو بابەتانەی كە بەڕێزتان بە «ئیجابی» هەڵتان سەنگاند سەبارەت بەكارەكانی كابینەی سێیەم، و ئەو تێبینیانەی كە پێشكەشتان كرد، جێگەی خۆشحاڵییە، و هیواداربن كە بتوانین لە داهاتوو دا سوودی لێوەربگرین.

لە دانیشتنەكانی پێشوودا زۆربەی ئەوبابەتانەی كە كاك عەبدوولخالق باسی كرد، لەوێش باسمان كرد، لە هەمان كات دا ئەم ڕاپۆرتەی كە ئەمجارە پێشەكەشی بەڕێزتانم كرد، لە ڕاستیدا هەموو بۆ چوونەكانی خۆمانن چ ئەوانەی كە جێ بە جێ كراوە، یا ئەوانەی ماوە، زۆر بە ڕێك و پێكی

دەست نیشـانمان کـردووە. بەڵام سـەرەڕای ئەوە، ناچارین بۆ وەڵام دانەوەی کـاک عـەبدوولخـالق، قسەکـان دووبارە بکەینەوە، چوونکە پێویست دەکات وەڵامیان بدرێتەوە. سەبارەت بە نەگەیشتنی خوودی «بوودجە»کە، بەدەستی بە ڕێزتان، کاک جەمیل سندی وەڵامەکەی دایەوە، بە هەرحاڵ ئێمە ئەوەی لە دەستمان هاتبێت دریغیمان نەکردووە، لە کات وساتی خۆی دا ئەم بودجەیە پێشکەش بە پەرلەمـانی خۆشەویست بکرێ، بەڵام بەداخەوە ناحەزان ئەو بـوارەمان نادەن کە ئێـمـە لە کات و ساتی خۆی دا، بە ئەرکی سەرشانی خۆمان هەڵبستین، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە کاتێ کە سەرۆکی حکومەت یا وەزیری پێشمەرگە یا وەزیری دارایی یا هەر برا وەزیرێک ئەو ئەرکەی پێ سپێردرا کە پێویستە لە بوواری وا، لە شوێنی تایبەتی ئامادە بێ وەکوو پێشمەرگەیەک، بەرگری لەم ئەزمـوونە بکات، ئەوە سەربەرزییە بۆ ئێوە و بۆ ئێمەش، کـە بەرگری لەو دەسکەوتە پیـرۆزە بکەین. ئەمە دەسکەوتی خۆینی شەهیدانە، دەسکەوتی خـەباتی دوورو درێژی میللەتەکەمانە.
سـەبارەت بە زیادەی پەرلەمـان من جـارێکی تریش بە ناوی کـابینەی سێـیـەم ئەو پەیمانە ئەدەم، ئەگـەر کـاتێ داهاتی ئێـمـە توانرا بەشـێـوەیەکی باش کـۆنتـرۆڵ بکرێت، و پەرەی پێ بدرێت بە دڵنیـاییـەوە دەڵێم، چۆن کـابینەیەک کـە دروشـمـەکـەی کـابینەی خزمـەت گـوزاری بێت مـووچەی فەرمانبەران زیاد ناکات؟ یان ئەو مووچانەی کە بڕیاری لەسەر دەرچووە زیادی ناکات؟ بێ گوومان ئەو کاتە زیاد دەکرێت. وە ئەمـەش خۆی لە خۆی دا سەرکەوتنە، سـەربەرزییـە، بۆ کابینەکـە، کە بتـوانێ وەکـوو پێـویست لەخزمـەتی مووچەخـۆرانیش دا بێ، وگـیـروگـرفـتی ئەوانیش لەبەر چاو بگرێت. بەڵام برای بەڕێز «کـابینە»کە دامـەزراوە، تەنهـا بۆ مـووچەخـۆران دانەمـەزراوە، بەڵکوو «کابینە»یەکە، کە ئێش وئـازاری هەموو میللەتی لەبەر چاوە، ئێمەش لەسەر ئەو بنەمـایە کارمـان بۆ کردووە و هەنگاومـان بۆ ناوە. لە چەند دانیشـتنێکی تایبەتیش دا، من خسـتمـە پێش چاووی جەنابت و برادەرانیش. ئەوەی لە دەست ئێمە بێ، لە تووانای ئێمە بێ، لەکاتی خۆی دا ئەنجامی دەدەین. ئێـوە باسی زیادەی پەرلەمـان دەکەن، زیادەی پەرلەمـان ئەگـەر دەسـتی پێ بکەین، بەلای کەمەوەو، پێویست بە «٣٠٠ ملیـۆن» دیناردەکات. بەڕێزان دابین کردنی «٣٠٠ مـیلۆن» دینار لە بارودۆخـێکی وادا،کـە ناحـەزان دژایەتیـمـان دەکـەن، شـتـێکی ئاسان نییـە. لە هەمـان کـاتیـشـدا میللەت هەروەکوو ووتم، هەمـووی مووچە خۆر نییە. میللەت چاووی لە دەستی ئێمەیە، کە ڕێگەو بانیان بۆ بکەین، قوتابخانەیان بۆ دروست بکەین، نەخۆشخانەیان بۆ بکەین، و هەزار ویەک گیرو گرفتی تری لە بەر چاو بکەین.
جەنابت باسی ئەوە دەکـەی کـە نابێ جـووتیـار پەکی بکەوێت، دەبێ پێـداویسـتـیـەکـانی ئامـادە بکەین، ڕەنجـەکەی بەفـیـڕۆ نەچێ، ئەمە خۆی لە خۆی دا بارمـان قـورسـتـر دەکات، وە پابەندمـان دەکات. داوا لەمن دەکەی کە پێویستە کارگەکان گرنگی پێ بدرێ وبکەوێتەوە کار، منیش لە گـەڵ جەنابتـم، کـە تا پێـمـان بکرێت هەوڵ بدەین، هەرچی زووتر کـەم و کـوڕیەکـانی کـارگـەکـان، چارەسەربکەین، بۆ ئەوەی بکەونەوە کار، و داهاتی ئێمە زیاد بکات . لە هەمـان کـاتیش دا داوا

دەکەن کە نابێ «رسوم»ات زیاد بکەین، بەڵکوو کەمتریشی بکەینەوە. کە «ڕسووم»ات، کەم کرایەوە، «ئۆتۆماتیکیەن »داهاتی ئێمە کەم دەبێتەوە. داوای زیادەی خانەنشین دەکرێ. ئەوکاتەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانی بەڕێز ئەو بڕیارەی دا، لە ڕاستیدا ئێمەش یەکێک لەو بەرپرسانەین، کە دەبووایە ئەو بڕیارە لەکاتی خۆیدا جێ بە جێ بکرایە، چوونکە بە ڕاستی ژیان لەو پەڕی ناخۆشیدا بوو، توانایی دارایی ئەوەندە نەبوو، کە بتوانرێت ژیانی خەڵکی پێ دابین بکرێت، و کارمەندێک بتوانێ سەربەرزانە بەخەیاڵیکی ئاسوودە، لە ماڵی خۆی دەربچێ و خزمەتی ئەم ئەزموونە بکات. لە لایەکی ترەوە، نازانم، بۆچوون و مەبەستی جەنابت، ئەوەبووکە ئێمە بە سەدان کرێکار و گەنج و لاومان هەیە کە لە شەقامەکان و لە کۆڵانەکان، دەسووڕێنەوە کە خۆی لە خۆی دا گرفتێکی دروست کردووە بۆ ئێمەش، ئێمە دەبێ لە هەموو ڕوویەکەوە، بیری لێ بکەینەوە ،بە تایبەتی لە ڕووی ڕەوشت و «فەسادی» کۆمەلایەتیەوە، پاشان کابینەی سێیەم، هەموو توانای خۆی بە کار هینا کە بتوانێ کار بۆ ئەو گەنجانە بدۆزێتەوە، چیتر لە بازاڕ نەسووڕێنەوە، بێکار نەبن، قسەی لا بەلا کاریان تێ نەکات. ئێمەلەو بووارەدا ئەگەر تێبینیتان کردبێ لە کارکردنی ئەو «١١» مانگەدا، سەبارەت بە وەزارەتەکان دەستنیشانمان کرد، کە هەریەکە لە بواری خۆیدا پابەندە «مکلفە» چی بکات، بۆ هاوولاتی خۆی؟ بۆی کراوەو ئێمە پشتگیریمان لێی کردووە و پشتگیریشی لێ ئەکەین و بەردەوامیش ئەبین. کاتێک ئەم بڕیارە درا بەڕاستی هەمووتان ئاگادارن داهاتی ئەو کاتە بەلای کەمەوە ئەوەی ئاشکرایە، من نازانم لە بانقەکان چ هەبووە بەتەواوی، بەڵام ئەوەی زانراوەو ئاشکرایە ١٥ ملیۆن دۆلاری تیادا بووە کاتی هەر دۆلارێکی ئەو کات «٨٠ »دینار بوو. بەسەدەها ملیۆن دیناری تیادابوو، و پێشبینی ئەوە ئەکرا ئەگەر بێتوو لە بارێکی سیاسیدا حکومەتێک هاتە پێش و دەرگاکانی داهات یاخود دەرگا سەرەکیەکان بابڵێین وەکو گومرگی ئیبراهیم داخرا،ئینجاش بۆ چەندین مانگ دەتوانێت بەو پاشەکەوتەی کە حکومەت هەیەتی ئەم مووچەیە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک بدات. خۆتان شاهدی ئەوەن کە کابینەی سێیەم دەست بەکار بوو لەسفرەوە دەستی پێ کرد. ئێمە لەسەرەتا زۆر بەڕوون و ئاشکرا بەئێوەمان گووت بانقەکانی ئێمە لیژنەیەکی تایبەتیمان بۆ دانا، سەرژمێریمان کرد(جەرد)مان کرد وە ئەوەی لەبانقەکانمان دا هەیە ئەوەیە، بۆ ئەوەی ئێوەش ئاگادار بن، ئێوەش لەگەڵ ئێمە هاودەست و هاوبیر و هاودەنگ بن بۆ ئەوەی ئێمە خۆمان لەو تەنگوچەلەمەیە ڕزگار کەین کە تیایداین، بێگومان زۆربەی ئەو برادەرانەی کە من بەخزمەتیان گەیشتووم وەدەتوانم ئەمەش بڵێم کە هەموو دەرگای وەزارەتەکان کراوە بوو بۆ ئێوەی بەڕێز، بۆ ئەوەی سود لە بیرو بۆچون و ڕای ئێوە وەربگرێت تاوەکو بەیەکەوە کاری تیادا بکەین، ئەنجوومەنی نیشتمانی و ئەنجوومەنی وەزیران بۆ یەک ئامانجەو بۆ یەک ئامانجیش خوێنی لەپێناودا دراوە.

برایان، زیادەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی لەوکاتە کە من لەسفرەوە دەست پێ بکەم. چۆن دەتوانم؟ بەر لەهەموو شتێک من سوێند دەدەی کە من ڕاست گۆ بم بەرامبەر ئێوە، بەرامبەر میللەتەکەم،

باشە ئێوە ڕازین پێنج مانگ بدەین و سەری شەشەم ڕای بگرین؟ ئەگەر ئێوە بەرپرسیەتی ئەمە لەئەستۆ ئەگرن و ئیجازە ئەدەن بە کابینەی سێیەم بۆ ئەوەی هەڵبستێ بەم کارە، زۆر باشە ئێمە پێشوازی دەکەین ئەگەر برای بەڕێز کاک د. ڕۆژ ئیجازەم پێ بدات ئەم قسەیە بکەم، ئێمە حازرین پێنج مانگ بدەین بەڵام ئەوەی مانگی شەشەم چی لێ ئەکەیت؟ ئێمە بەر لەهەموو شتێک هەنگاومان ئەوە بوو، کاک عەبدولخالق، بڕواییەک دروست کەین لەنێوان بازاڕ و کارمەندان، وەبڕوایەک لەنێوان کارمەند و کرێچی دروست کەین، کە هاووڵاتی بڕوای بە کابینەی سێیەم هێنا ئەتوانێت شت بەقەرز بدات بەکارمەند، ئەتوانێت خانوو بەکرێ بدات وەهەروەها زۆر شتی تر، ئەمە خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێک بوو، ئەگەربازاڕیش بەراورد بکەین ئەوا شتە سەرەکیەکان هەیە لەلای ئێمەو لە وەزارەتەکانی تریش، نرخەکان زۆر جیاوازی پەیداکردووە و دراوەکەی ئێمەش جێگای خۆی گرتۆتەوە، ولەهەمان کاتیش بەڕێزتان ئاگادارن ئێمە وەکو حکومەت، کابینەی سێ ئەوەی لەدەستمان هاتووە بۆ چاکردنی باری ژیانی هاووڵاتیان دریغیمان نەکردووە و بێگومان دریغیش ناکەین. زۆر ڕاستە سەرەتا ئێمە پارەیەکی زۆرمان سەرف کرد بۆ چاکردنەوەی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئایا دەکرا ئێمە ئیتر پشت گوێی خەین؟ وا پێویست بوو ئێمە سەرەتا خۆمان ڕێک خەینەوە ئینجا بچین بەدوای کارەکانی ترا ڕێکی بخەینەوە. من لەگەڵ ڕای جەنابتم، ئەو پارانەی کە بۆ ئاوەدانکردنەوە سەرف کراوە، دروست کراوەتەوە، کەلوپەلی لێدا کراوە، ئەوە هەمووی کاری بۆ کراوە لەڕێگای وەزارەت و لەکۆبونەوەکانی تایبەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەو بڕیارە دراوە و برا وەزیرەکانیش ئاگادارن. شتێک کە کرا یاخود ئاوەدانکرا پێویست ناکات دووبارە بکرێتەوە، خۆی لەخۆیدا ئێمە ئاواتمان ئەوەیە بۆ ساڵی ١٩٩٨ بتوانین کارە خزمەتگوزاریەکانمان بەرەو پێشتر و باشتری ببەین، ئەوە ئاواتی ئێمەیەو ئاواتی ئێوەیە و ئاواتی میللەتی ئێمەیە، بەڵام لەکاتێکدا تۆ هەر بڕیار لەسەر بڕیار بدەیت و باری من گران بکەیت، باشە من گرفتی پێشووی ئێوەم چارەسەر نەکردووە و ئێوە بڕیارێکی تر لەسەر بدەن ئەوا ئۆتۆماتیکی لەگەڵی دەبێت ئەم بڕە پارەیە لەکوێندەر بێنم بەتایبەتی ئەم بارودۆخەی ئەم پێنج شەش مانگەی دوایی کە کوردستان پێیدا تێدەپەڕێ، ناحەزانمان ئەوەندە زۆرە و باڵا دەستیش لەناو ناوچەکە ئەوەندە زۆرە خۆتان باشتر دەیبینن، سەرانی یەکێتی خائین و پەکەکەی تیرۆریست بەڕاستی شەڕەکەیان بۆ بەرژەوەندی میللەتی کورد و ئەم تاقیکردنەوەیە نییە، بەڵکو بۆ لەناوبردنیەتی و قەبری بۆ هەڵ کەندووە، ئێوە ئەبێ لێرەدا هەڵسەنگاندنی خۆتان بکەن بەرامبەر بە کابینەی حکومەتی هەرێم، کە ئەم کابینەیەش کابینەیەکە ئومێدی ئەم میللەتەیە، کابینەیەکە بە هەڵسوکەت دووپاتی کردۆتەوە و نیشانی داوە لەڕووداوەکانی ڕۆژانی شەڕدا کە لەدژی ئەم تاقیکردنەوەیە شەڕ دەکرا شان بەشانی ئەم بارە پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوەیان هەبوو وپڕۆژەی تازەو نوێیان هەبوو. ئەو شوێنەی کە ئەوان تێکیان ئەدا ئێمە چاکمان ئەکردەوە، وە لەهەموو بوارەکاندا ئەگەر سەیر بکەین پێشکەوتن وەدەست هاتووە. ڕاستە بڕیارێکی زۆر پیرۆزە ئێمە ئەوەی

لەدەستمان بێت بۆ کارمەندان وە مووچە خۆرە بەرێزەکانمان ئەنجام بدەین، بەڵام باوەڕتان هەبێت ئەمە ویستی ئێمەشەو سەرکەوتنێکە بۆ کابینەی سێیەم، بەڵام کە نەبوو ناتوانین.
وەکو جەنابت فەرمووت ئێمە هەمووومان کاربکەین ئەگەر ناحەزان و خائینان ڕێگەیان دا...
جەنابت ئاگاداری شاراوە نییە، داهاتی کوردستان ئەوداهاتەی ئێستا ئەگەربێتوو بەراووردی بکەیت لەگەڵ ساڵانی رابردوو یان لەگەڵ کابینەی یەک و دوو جیاوازی هەیە، فەرموو ئەوە بانقی هەرێم لەپایتەختی کوردستانە بزانە چەندین ملیۆن دیناری بۆ هاتووە. ئەمە داهاتی کوێیە، چەندین ملیۆن دۆلاری بۆ هاتووە، چەندین کاری پێ کراوە، ئایا ئەم کابینەیە نەبوو دوبارە باوەڕی دروست کرد لەنێوان جەماوەر و بانقەکان؟ ئێستاش ئاگادارن ڕاستە ئێمە پارەیەکی زۆرمان سەرف کردووە بۆ کارگەکان و ئامێرەکان بەڵام باوەڕتان هەبێت هەمووومان هەمان بۆچوونمان هەیە بەڵکو بتوانین ساڵی ١٩٩٨ ساڵی ئازادی و خۆشی و پڕ بەرەکەت بێت بەتایبەتی لەڕۆژێکی وا کە بەیانی یەکەم ڕۆژی مانگی رەمەزانەو (إنشاءالله) نیەت پاکی تیادابێت و ئەوەی دژی ئەم تاقیکردنەوەن و ئەم دەست کەوتەن ئەوانیش بەخۆیان دا بچنەوە و بێن لەژێر سێبەری ئەم ئاڵایەو ئەم پەرلەمانە خزمەت بکەن و بەپێی ئەم یاسایەی کە لەلایەن بەڕێزتانەوە دێت کاری بۆبکرێ.
سەبارەت بە یاسای خانەنشینی، کە جەنابت ئاماژەت بۆ کرد لەڕاستیشدا ئیمەش پێمان خۆشە، بەڵام نازانم جەنابت ئەو ئامارەت لایە سەبارەت بەخانەنشینەکان؟ ئێمە چ بارگرانیەکمان لەسەرە، (١٠٠)نەفەرو (٢٠٠) نەفەرو (١٠٠٠٠) نەفەر نییە برای بەرێزم خۆی لە (٧٠)هەزار و شتێک دەدات، سەبارەت بەوانەی دەرەوەی هەرێم ژمارەی خانەنشینەکان لەدەرەوەی هەرێم بریتیە لە (٣١٦ ٧١) کەس، مووچەی یەک مانگیان دەکاتە (٧٩٥ ١٩٩ ٨) دینار واتە مووچەی یەک ساڵیان دەکاتە (٠٠٠ ٤٠٠ ٩٨)دینار، ئایا ئەم بڕیارەی ئێستا ئێمە گفت بەئێوە بدەین و بڵێین جێ بەجێی دەکەین ئایا بەڕاستی پێمان دەکرێ؟ یان ئەبێ هەموو داهاتی خۆمان بۆ بابەتەکانی حکومی و کارمەندان سەرف کەین؟ یان ئەبێ بەردەوامی لەسەر ئەم پەیانە بدەین،یاخود ئەبێ بەردەوامی بەم حکومەتە بدەین لەسەر ئەوسیاسەتەی کە حکومەت هەیەتی، تاوەکو کوردستان ئاوەدان نەکەینەوە و تا دێهاتەکان ئاوەدان نەکرێتەوە. تاوەکو سنوورەکەت ئاسایشی تیادا بەرقەرار نەبێ. زۆر گرانە تۆ بتوانی داهاتێکی ڕیک و پێکت هەبێت کاک عەبدولخالق، و ئەوەشمان لەیاد نەچێت ئێمە حکومەتێکی ئەوهانین داهاتێکی جێگیرمان هەبێت، چونکە هەروەکو لەڕاپۆرتەکەمدا ئاماژەم بۆ کرد زۆربەی داهاتی ئێمە پێک هاتووە لە خاڵە گومرگیەکان، خۆزیا چاپی پارەمان هەبووایە ئەوکات ئەمان توانی گرفتی خۆمان چارەسەر بکەین، دەمان توانی ئەو بڕیارە پیرۆزانەی کە لەپەرلەمان دەرچووە جێ بەجێی کەین، سەبارەت بەخانەنشینی خۆمان پێم خۆشە جەنابتان ئاگادارین ژمارەی خانەنشینان لەناوەوەی هەرێم بریتیە لە (٥٠٠ ٣٤) مانگانەیان دەکاتە (٠٠٠ ٥٠٠ ٤) وە بۆ یەک ساڵ دەکاتە
(٠٠٠ ٠٠٠ ٥٤)دینار، خۆی لەخۆیدا ئەمە پارەیەکە، باشە ئێوە ڕازین ئێمە ڕەزامەندی بکەین

لەسەر ئەوەی مووچەی خانەنشینان دەدەین لەکاتێکدا کە نەمان توانی بیدەین؟ و لەلایەکەی تریبیش ئەوان هەستیان بەوەکرد کە ئێمە مووچەیان پێ ئەبەخشین و مووچەکەیان لێ ببڕن ئەوا ئێمە لەم لایان ئەکەین و لەئێرەشیان ئەکەین ئەمە خۆی لەخۆیدا گرفتێکە. بە بۆچونی من پەلە نەکەین بڕواتان هەبێت دیسان بەڵێنتان پێ ئەدەینەوە ئەگەر داهاتی ئێمەو توانای ئێمە باشتر بوو ئەوا ئێمە بە ئاگاداری جەنابتانەوەش زۆر هەنگاوی پیرۆزتریش دەهاوێژین.

سەبارەت بە چاودێری دارایی (الرقابة المالية) کە ئێوە ئاماژەتان بۆ کرد ئەمە بۆ جاری یەکەمە لەکابینەی سێ و پێم خۆشە ئەم شاهێدیە بەڕێزتان بۆ ئێمەی بدەن و لەڕاستیشدا ئەمە لە ئێوە چاوەڕوان دەکرێت و لەکابینەی یەک و دوو چاودێری دارایی نەبوو کە بە ڕۆڵی خۆی هەڵبستێت. لەکابینەی سێ بوو چاودێری دەستی پێ کرد من ناڵێم باشترین کاریان ئەنجام داوە بەڵام شتێکی سەرەتایە و تازە دەستی پێ کردووە وە برا وەزیرەکان شاهیدی ئەوەم بۆ دەدەن کە من چەندین ڕاپۆرتم ئاراستەی ئەوان کردوەو وێنەم داوە بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر ئەو تێبینی و بۆچونانەی کە چاودێری دارایی بەدەستی هێناوە و بەسنگ فراوانی وەربان گرتووەو کاریان بۆ کردوەو هەنگاویان بۆ هاوێشتووە. ئومێدەوارین کە چاودێری دارایی (الرقابة المالية) ڕۆڵی خۆی ببینێ و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێشتر بچێت. ئەو چاودێریە داراییەی کە بەڕێزتان باسی لێوە دەکەن بەڕای من بمێنێ بۆ کاتێکی تر سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی بەڕێز بەیەکەوە باسی لێوە بکەن و ئەوکات بۆ بڕیاردان شتێکی ترە.

سەبارەت بەو باجانەی کە جەنابت ئاماژەت بۆ کرد وەک خانووبەرەو شتی تر، لەڕاستیدا من پشتگیری جەنابت ئەکەم و شتێکی زۆر باش و گرنگە کە ئێمە هەموو تواناکان سەرف کەین بۆ کۆکردنەوەی ئەم جۆرە باجانە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا داهاتێکی باشە، بەڵام بە پێویستی دەزانم لێرەدا بڵێم بەداخەوە ئایا بوار ئەدرێت بۆ ئێمە تاوەکو کاربکەین؟

ئێمە کە دەست پێ دەکەین بەجێ بەجێ کردنی ئەو ڕێنماییانەی کە لە ڕێگای بەڕێزتان و ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دێت، بەسەدەها نامەمان بۆ دێت، جا هەریەکی لەلایەک و لایەنێک و کەسێک و عەشیرەتێک دێت، بۆنموونە (فلان کەس ئەوەندە شەهیدەی داوە. دووبارە کۆسپ دروست ئەبێتەوە بۆ ئەوی نەتوانین ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەین) هەر چەندە من لەگەڵ ئەوەدام کە دەبێ چاوپۆشی نەکرێ بەڵکو پێویستە کاری بۆ بکەین، بەڵام تەنها بە وەزارەتی دارایی یاخود تەنها بەکابینەی سێ ناکرێ ئەگەر بەهاوکاری ئێوەو جەماوەر نەبێت.

با ئێمە هەموومان هاندەر بین، لەخۆمانەوە دەست پێ بکەین بڵێین قەرزاری حکومەتین و پێش خەڵک ئەبێ بیدەینەوە تاوەکو خەڵک چاو لە ئێمە بکاتەوە. زۆر جار من تێبینی ئەوە دەکەم کە جێی داخە بەرپرسانی ئێمە خۆیان قەرزارن دێن ڕێگایەک دەدۆزنەوە تاوەکو بە شێوەیەک لێی دەرباز بن، کە بەرپرسێک ئەو مافە بەخۆی بدات ئەی میللەت چ گوناهێکی هەیە؟ میللەتیش ناتوانێت وەکو پێویست بەو ئەرکە هەڵبستێت. باهەموومان دەست لەناو دەست و یەک دڵ و یەک بۆچوون و یەک ئامانج کاری تێدا بکەین و سەرکەوتووبین تیایدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس بۆ وەزیری دارایی، جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بابفەرمووێ.

**بەڕێز د. ڕۆژ نـوری شـــاوەیس/ ســـەرۆک وەزیـران:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێشـەکی ئەمـەوێ چەند تێبـینیـەک لـەسەر شێوەی گـفـتـو گۆکـە دەربڕم، لەڕاستـیـدا بەڕێز وەزیری دارایی ڕاپۆرتی خۆی وەکو ووشەیەک پێشکەشی ئەنجوومـەنی نیشـتمـانی ئەکات لەسەر چۆنیەتی خەرجی، لەسەر بۆچوونەکانی وەزارەت بەرامبەر بە بودجە و چەند ڕوونکردنەوەیەک لەسەر بودجەکە خۆی. وە ئەم ڕاپۆرتی وەزیری دارایی بەڕای من هی ئەوە نییـە بەوشێـوەیە گفـتـوگۆی لێ بکرێت تاوەکو گۆڕانکاری تیـادا بکرێت، بەڵکو شتـێکە زیاتر بۆ زانیـاری وەرگرتن لەسەری وەگفـتـوگۆی سەرەکی لەسەر بودجە ئەکرێ، گفتـوگۆکردن لەسەر بودجە بەشی سەرەکی دانیشـتنەکەی ئەمڕۆمـانە کـە هیـوادارین لەکـاتی دیاری کـراودا تەواوی کـەین، من لێـرەدا ئـەتوانم ئامــاژە بەوە بکـەم ئەو مـانـدوبوونەی برای بەڕێز وەزیری دارایی بینیـویـەتی لەئامـادەکـردنی ئەوڕاپۆرتەی خـۆی دا هەروەها مـاندوبوونی وەزارەتی دارایی وەهەمـوو وەزارەتەکانی تر بۆ ئامادەکردنی ئەم کۆمەڵەیە (ملزم)مـانە کە لەبەر دەستـاندایە و چاوتان لێیەتی، ئەمە خۆی لەخۆیدا کارێکی زۆر گەورەیە و ئاسان نییە. بەتایبەتی ئەگەر بێین سەیری ئەم بارودۆخە بکەین کە ئیمڕۆ ئێمە تیایداین پێش هەموو شتێک، پێش کـاتی دیاری کـراو، پێش تـەوابوونی سـاڵ خـراوەتە بـەردەم ئەنجـوومـەنی نیـشـتـمـانی و لە ئەنجـوومـەنی نیـشـتـمـانی وەکـو وولاتێک، وەکـو حکومـەتێکی بێ گـیـروگـرفت و وولاتێکی پێشکەوتوو لە دیموکـراتیـەتدا، ئێـمـە ئەم هەمـوو شتـەمـان خسـتـۆتە بەردەمی ئێـوە ولەکاتێکی دیاریکراودا. ئەگەر ئێوە پەسەندی بکەن بۆ سـاڵی داهاتوو لە یەکەم ڕۆژەوە وە لەسـەر ئەم بنەمایەو لەسەر بنەمـایەکی یاسایی ئیشـوکاری دامـودەزگاکانمان بەڕێوە ئەبەین، لەڕاستـیدا ئەمـە پێویست بەوەناکات من دووپاتی بکەمەوە بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم سوپاسی وەزیری دارایی و هەموو برا وەزیرەکـان ئەکـەم وەبەتایبـەت وەزارەتی دارایی بۆ ئـەم ئیـشـە گـەورەی کـە کـردویـەتی، لێـرەشـدا شـایەسـتـەی ئەوەیە کـە ئامـاژە بەوە بکەم کـە لیـژنەی کاروبـاری دارایی ئەنجـوومـەنی نیـشـتـمـانی هاوکـاریـەکی زۆری وەزارەتی دارایی کـردووە، سـوپاسی بەڕێز کـاک ئەحـمـەد سـالار ئەکـەم بۆ ئەو هەمـوو ووشـە جوانانەی کە کردی بەرامبـەر بە کـاروبـاری حکومـەتی هەرێم وە هەروەها برای بەڕێز کاک جەمیل سندی، وە چەند تێبینیەکیشم هەیە لەسەر قسەکانی کاک عەبدولخالق زەنگەنە.

برای بەڕێز کـاک عـەبدولخـالق زەنگـەنە زۆر بەچاکی و بەباشی وە تـاڕادەیەک شـەرمـوزاری کـردین ئەوەنـدە بەچاکی بـاسی حکومـەتی کـرد، ئەوەنـدە باسی کـاروباری ئێـمـەی کـرد بەتایبـەتی بـاسی ئامادەکردنی بودجەی کرد وە هەروەها ئەوەی کە دڵخۆشکەرە کاک عەبدولخالق زۆر بە ڕاشکاوی و بەباشی دەوری خـراپی پیلان گێـڕان و دوژمنانی تاقـیکردنەوەکـەمانی خسـتـە ڕوو، کە لەبارێکی واناسـک ئەمـانەوێ تاقـیکردنەوەکـەمـان ڕابگرین، و وولاتەکـەمـان پێش خـەین، و دوژمـنانمان چ

کۆمەڵەی تیرۆریستان و چ کۆمەڵەی «ینک» ئەم گیروگرفتانەمان بۆ دروست ئەکەن. لێرەدا زۆر سوپاسی کاک عەبدولخالق ئەکەم بۆ ئەم قسانەو ئەم روونکردنەوانەی کە لەسەر ئەم بابەتە پێشکەشی کردین.

بێگومان ئەو پێشنیارانەی کە پێش کەشی کرد، ئێمە گفتوگۆ لەسەر هەمووی ئەکەین، ولە ئەنجوومەنی وەزیران ئەیخوێنینەوە، و ئەوەی لەتوانادا بێت ئێمە دریغی ناکەین لەجێ بەجێ کردنی. ئەوەی گرنگە سەبارەت بە ئێمەوە کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بیزانن، ئەوەیە هەر شتێک پەیوەندی بە چاکردنەوەی باری بژێوی خەڵک هەبێت، و لەتوانامان دابێت، ئەوا ئێمە لەوەدا دەست پێشخەر بووین وە دەست پێشخەریشین. وە دەست پێشخەریەکەشمان من نایشارمەوە ئەمە عەیب نییە، لە دەست پێشخەری پارتەکەمانە، کە پارتی (بارزانی نەمر)ـە.

**«پارتی دیموکراتی کوردستان»** هەمیشە دەست پێشخەر بووە لەوەی کە بژێوی خەڵک چاک بکاتەوە، لەوەی کە مووچەی هاوڵاتیان زیاد بکات، و هێمنی و ئاسایش خەڵک دابین بکات، و خەڵک بەئازادی بژی وە ترسی ماڵ و منداڵی و ئیشوکاری خۆی نەبێت. لەمانە ئێمە دەست پێشخەرین، وسوپاسی هەرکەسێکیش ئەکەین کە هانمان بدات بۆ ئەوەی زیاتر دەست پێشخەر بین. ئەمە یەکێکیان، دووەم، تێبینیەکی تایبەتیم هەیە لەسەر سێ خاڵ، یەکەم لەوانەیە کاک عەبدولخالق وا هەست بکات کەوا پارەیەکی زۆر لە پرۆژە خەرج کرابێت، من حەز ئەکەم ئەوە بخەمەوە بیر، ئەوپارانەی کە لە پرۆژەکان خەرج کراوە ڕاستە پارەیەکی زۆرە، بەڵام ئەم پاریە ئێمە شتمان لەدەرەوە پێ نەکریوە، شتمان لەدەرەوە پێ نەهێناوە، ئێمە کەرستەمان پێی کریوە لەوڵاتەکەی خۆماندا، پارەمان داوە بەکرێکاری وڵاتی خۆمان، واتە ئەو پارەیە خۆی چەندە دوو بەقەد ئەوەندە ئێمە کارمان کردۆتە سەر بازارو بژێوی خەڵک. لەبەر ئەوە ئێوە ئەبێ هەمووکات هاندەرمان بن کە ئێمە لەم ڕووەوە زیاتر پارە خەرج کەین، بابەتی دووەم، بابەتی خانەنشینەکانە. ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە هەموو هاوڵاتیەکمان مافی خۆی وەربگرێ، بەڵام شتێک هەیە نامانەوێ لە ئێوەی بشارینەوە ئەویش ئەوەیە:

یەکەم، حکومەتی عێراق مووچەی لەهەموو فەرمانبەری هەرێمی کوردستان بریوە، بەڵام ئێمە نەمان بریوە، ئێمە بەحکومەتی عێراقمان نەگوت مووچەمان لێ ببرە، حکومەت خۆی بریوبەتی، وخۆی ئێستا مووچەی خانەنشینەکان ئەدات و مووچەی فەرمانبەر نادات. ئێستا ئەگەر حکومەتی عێراق لێمان بێتە پێشەوەو پێمان بڵێت من مووچەی فەرمانبەران ئەدەم، ئێمە ئەبێ بڵێین ئافەرین زۆر باشە مووچەی فەرمانبەران بدە، بۆ ئەوەی ئەو پارەی ئێمە هەمانە زیادەی پێ بدەین وە پرۆژەی زیاتری پێ بکەین. سەبارەت بە خانەنشینەکانەوە هەمان شتە، هەڵەیەکی زۆر گەورەیە ئێمە شتێکی وا بکەین ئەوان مووچەی خانەنشینەکان ببرن.

دووەم، وەکو بەڕێز وەزیری دارایی ووتی، مووچەی خانەنشینەکان نزیکەی (١٠٠٠٠٠٠٠٠) ملیۆنە ساڵەی وە ئەم (سەد ملیۆنە) تەنیا ژمارەیەکی ئاوا نییە.

خانەنشینەکان ئەچن بۆ ئەوێ، کەس و کاریان ئەبینن، و خزمەکانیان ئەبینن، و مووچەکە وەر ئەگرن، و شت ئەهێنن و شت ئەبەن، وئەو مووچەیەش ئەهێننەوە لێرە سەرفی ئەکەن.
واتە ئەو(سەد ملیۆنە) بەکەمترین ژمێریار بە کەمترین خەملاندن ئەبێ بە (دوو سەد ملیۆن)، وەکاری ئابووری بەسەر بازارەکانمانەوە هەیە، ئەمە ئەبێ ڕەچاو بکرێت، هەر کاتێ باسی بابەتی خانەنشینەکان ئەکرێت. وە لە هەمان کاتدا من دووپاتی ئەوە ئەکەمەوە کە ئێمە خۆمان لەگەڵ ئەوەین هەر کاتێ دەرفەت هەبێت بارێکی وا دروست بکرێت کە بتوانین یارمەتی ئەوانیش بدەین.
خاڵی سێیەم، بابەتی زیادەی مووچەی فەرمانبەرانە، بابەتێکە لەوانەیە هەموو کات دووبارە ببێتەوەو هەمووکات باس بکرێت. پێشەکی ئەمەوێ دووپاتی ئەوە بکەمەوە، ئەو کاتەی ئەو بڕیارە درا، ئەو بڕیارە پێش هەموو شتێک بەپێشنیاری «فراکسیۆنی زەرد»ی **«پارتی دیموکراتی کوردستان»** بوو لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستاندا. وە پارتی ئەم پێشنیارەی بە دەنگدان بردەوە، و زۆر لەبرادەران ئەندامانی پەرلەمان هەبوون، کە سەربە فراکسیۆنی تر بوون، دژی ئەم پێشنیارە بوون. وە لەوانەیە برادەران ئەوەیان هەموو لەیاد بێت. وە لەم بارودۆخەدا جگە لەمە هەمووی حکومەتی هەرێمی کوردستان
(١٥ ٠٠٠ ٠٠٠ پانزە ملیۆن دۆلار)ی پاشەکەوت هەبوو، پارەیەکی گەورەی لە بانقەکان دا هەبوو. پارەکەی لە بانقەکان دا نواندبوو، ئیشی پێ نەئەکرد، و کاری پێ نەئەکرد، بە مەبەستی ئەوەی پاشکەوتمان ئەوێت. ئەمە یەکێکیان، دووەم، شەڕو پێکدادان نەبوو. سێ، یەک بەڕێوەبەرایەتی و یەک بنکە هەبوو، و هەرچی داهاتیش هەبوو، بەداهاتی هەموو شوێنەکان ئەهات لەوەزارەتی دارایی کۆئەبووەوە. وە نرخی دۆلاریش (٨٠ تا ١٠٠)دینار بوو، وە بڕیاری (٩٨٦) نەبوو، کە ئازووقەی ئەدا بە خەڵک. ئەم هۆیانە هەمووی وای لێکردین وەکو **«پارتی دیموکراتی کوردستان»**، وەکو فراکسیۆنی زەردی پارتی، ئەم پێشنیارە بکەین بۆ پەرلەمان. وە لەپەرلەماندا بە زۆربەی دەنگ ئەم پێشنیارە سەر بخەین، ئەمەش بۆ خزمەتی هاوولاتیان بوو. ئێمە هەمان ئەو پارتەین کە ئەم بڕیارەمان داوە، وە هەمان ئەو پارتەین کە کاری بۆ ئەکەین، ئینجا چ بە بۆچوونی ئێمە، یان بە بۆچوونی ئێوە، یان بە بۆچوونی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و بەڕێزان ئەندامانی کابینەی سێ کە بەهەردووکیان یەک شتن دووشتی لێک جیاواز نین. ئێمە هەموومان لەگەڵ ئەوەداین کە مووچەی خەڵکی زیاد کەین، بەلام کەی؟ لەکاتێکدا ئێمە لەتوانامان دابێت، ئێمە دژی ئەوە نین، و لەوبڕوایەش نیم کە وەزارەتی دارایی دژی ئەمە بێت. یاخود کابینەی سێ دژی ئەوەبێت، یاخود یەک ئەندامی پەرلەمان دژی ئەمە بێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئێمە هەموومان لەگەڵین، بەلام ئێمە تکامان ئەوەیە، ڕەچاوی ئەوەبکرێت لەکاتێکدا بێت، کە خەڵکی پێمان نەڵێن هەرچی پارەیان هەیە بۆخۆیان و بۆ حکومەتەکەیان سەرفیان کرد، وە بۆ میللەتەکەیان سەرفیان نەکرد. حکومەت هەر چۆنێک بێت لەوانەیە لە ٥ ٪یان ٦ ٪ کۆی میللەت بێت، ئەی ٩٥ ٪کەی تر چی لێ بکەین؟

لەبەر ئەوە لەبودجە ئەبێ بەراوردی ئەم دوو شتە بکەین، ئەوەی بۆ حکومەت خۆی سەرف ئەکەین ـ ئەبێ لە ٣٠٪ تێپەڕ نەبێت، وئەوەی بۆ میللەتی سەرف ئەکەین تا زیاتر بێت باشترە. ئەمە خاڵێکی سەرەکیە لەبابەتی بودجە، بۆیە داوا ئەکەم ئەگەر ئەم خاڵە هاتە پێشەوە ئەوا هەڵسەنگاندنی کات وخەرجی بۆ وەزارەتی دارایی و وەزیری دارایی بەجێ بێڵن، ئەوە تێبینیەکانی من بوو بۆیە دووبارە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەم ڕوونکردنەوانە، وابزانم کاتی ئەوەمان هاتووە کە دانیشتنەکە لێرە ڕاگرین وە کاتژمێر ٣ کۆئەبینەوە جارێکی تر بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەو خاڵانەی کە دیاری کراوە، سوپاستان ئەکەین.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)

## کۆبوونەوەی دووەم/سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٣٠

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دانیشتنەکەمان بە کۆبوونەوەی دووەم دەست پێ دەکەینەوە. نزیکەی یانزە برادەر ماوە ئەوانەی ناونووسمان کردن، وئەو قسانەی کە برادەران کردیان و وەڵامی جەنابی وەزیری دارایی و جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ ئەو گفتوگۆیە بەتایبەتی جەنابی کاک عەبدولخالق، و کاک ئەحمەد، و کاک جەمیل لایەنە سەرەکییەکانی ڕاپۆرتەکە باس کرا. لێرەدا دوو پێشنیار هەیە، ئەو برادەرانەی کە ناونوسمان کردن مافی خۆیانە داوای قسە بکەن، بۆ؟ چونکە ئێستە وتمان دەست بکەین بەڕاپۆرتی لیژنەی ئابووری، ولەدوای ئەوە بچینە ناو گفتوگۆی بودجە، بۆ ئەوەی گفتوگۆکە بە یەک جار بێت. ئەو برادەرانەی کە ناویان نوسراوە ناوەکانیان ئامادەیە وە دوای ئەوە کە تەواو بوو، و بوو بە گفتوگۆ بۆ ئەوەی نەبێت بەدوو جار چونکە لەوانەیە لەم بابەتەش قسەی لەسەر بکەن بەڵکو بەیەک جار بێت. و ئەگەر چ تێبینیەکیان هەیە با لەلای خۆیان تۆماری بکەن، وهەر برادەرێکی تریش ئەگەر حەز بکا قسە بکات ئەوە بێگومان ناونوس ئەکرێت، ئەگەر لاریتان نییە، فەرموو کاک د. قاسم.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر باشە، بەڵام مافی ئەوەمان هەبێت گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتیش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ، ئێمە ڕێکەوتین لەسەر ئەمە، ئەمە ئاسان کارییە بۆ ئێوە، بۆیە با لیژنەی ئابووری تەشریف بێننە سەر جێگای دانیشتن(منصة).

ئەوەی ئێستا ئەخوێنرێتەوە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووریە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وە بڵاو کرایەوە بەسەر هەموو ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی لیژنەی ئابووری بەخێرهاتنی بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم، وە بەخێر هاتنی وەزیری دارایی و ئابووری دەکەم، بێگومان بودجەی پەسەند کراو پێداویستێکی گرنگە بۆ هەر حکومەتێک بۆ بەردەوام بوونی ڕەوتی ئەم حکومەتە، وە هیچ حکومەتێک ناتوانێت کاروباری خۆی بە چاکی و پڕ بزاڤ بەڕێوە ببات، بێ ئەوەی بودجەیەکی پەسەندکراوی هەبێت. وە لەبەر ئەمە و لەبەر خەم خۆری بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ

سەرکەوتنی کاروباری حکومەتی هەرێمی کوردستان، و کابینەی سێیەم، وە زێدە بوونی بزاڤەکانی. داوای کرد کە بەزوترین کات بودجەی حکومەت بگات بە ئەنجوومەنی نیشتمانی، بە مەبەستی پەسەند کردنی. وە بۆ ئەوەی کابینەی سێیەم هەردەم گەشەدارو پڕ لە خزمەتگوزاری بێت، وە وەزارەتی دارایی و ئابووریش لەکاتی دیاری کراودا بەسوپاسەوە پێشکەشی کردو، ڕەزامەندی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، و ئەنجوومەنی وەزیرانی وەرگرت. ئێستاش ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری لەسەر بودجەی حکومەت بۆ ساڵی (١٩٩٨)تان بۆ ئەخوێنمەوە.

المجلس الوطني لكوردستان العراق
كوردستان ـ اربيل
اللجنة: المالية والاقتصادية
العـدد: م / ٣١
التاريخ: ٢٨/١٢/١٩٩٧العـدد: م / ٣١
بسم الله الرحمن الرحيم

*الى / السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم*
***م/ موازنة الحكومة لعام ١٩٩٨***

تحية وأحتراماً

يسعدنا ان نقدم لسيادتكم التقرير المالي عن موازنة الحكومة لعام ١٩٩٨ المعد والمرسل من وزارة المالية والاقتصاد بكتابها المرقم «١٤٠» في ٢٠/١٢/١٩٩٧ والمحال اليكم بكتاب رئاسة مجلس الوزراء المرقم «٦٩٥٠» والمؤرخ ٢٢/١٢/١٩٩٧.

لما كانت الموازنة تخطيط مالي لسنة كاملة تشمل السياسة المالية للحكومة أو المؤسسة أو الدولة لتلك السنة عليه يؤخذ بنظر الأعتبار الوضع الاقتصادي والقدرات المالية المتاحة لها لتحقيق تلك السياسة المالية الهادفة.

السياسة المالية تختلف من حكومة لأخرى ومن دولة لأخرى بناءً على الحالة الأقتصادية والمالية والأجتماعية لتلك الحكومة او الدولة وشعبها وأهدافها عليه يؤخذ بنظر الأعتبار الميزانية المصدقة للسنة السابقة كمؤشر للأستدلال والمقارنة..

وقبل ان نقدم رأينا بشأن موازنة حكومة الاقليم لعام ١٩٩٨ نجد من الإنصاف وان نقول للتاريخ بانه لاول مرة منذ تأسيس حكومة الاقليم ترسل الميزانية الى البرلمان قبل بدء السنة المالية وهذا إن دل على شيء فانما يدل على حرص وجدية السيد وزير المالية والاقتصاد في هذه

الكابينة، وبعد سلسلة من الاجتماعات المركزة من قبل جميع اعضاء اللجنة لتدقيق محتويات الموازنات الثلاث ( الجارية الاعتيادية، التخطيطية، الممولة ذاتياً ) لكافة أبوابها واقسامها وفصولها وموادها وانواعها،

وجدت بانها خالية من الأخطاء الحسابية ( الجمعية) وهذا موضع افتخار واعتزاز للوزارة وارتياح لأعضاء اللجنة، وأما بصدد الزيادة البرلمانية فقدتم تثبيتها في فصل الرواتب لكافة الاقسام وهذا يزيد من أملنا في سياسة الوزارة للالتزام بكافة القوانين والقرارات الصادرة من البرلمان لخدمة المواطنين، وقد أخذت رواتب الموظفين ومخصصاتهم ( ٥٠٠ر٢٥٧ر٢٠٦ر١ ) دينار من موازنة الحكومة الجارية نظراً لضخامة عدد الموظفين ومنتسبي الحكومة وتأتي أهمية الخدمات الصحية والتربوية بالمرتبة الثانية وقد أولت الحكومة اهتماماً مرموقاً بالخدمات الصحية وتوفير الادوية وكافة المستلزمات الصحية حيث أدرج مبلغ « ٢٠٠ » مليون دينار لشراء الادوية ومبلغ « ٢٥ » مليون دينار لأطعام المرضى ومبلغ خمسة ملايين دينار للمواد واللوازم الصحية واربعة ملايين دينار لتجهيزات المرضى وهذا على سبيل المثال لا الحصر واما بالنسبة الى المجال التربوي سيما ازمة الكتب المدرسية فقد ادرج مبلغ « ٢٠٠ » مليون دينار في موازنة الخطة لوزارة التربية نأمل تنفيذ هذا من الخطة قبل غيرها إسوة بالموازنة الجارية وذلك لأهميتها وشحة الكتب المدرسية في الاقليم وما يعانيه طلاب المدارس من جراء نقص الكتب.

وفي الوقت الذي تؤيد اللجنة المالية الموازنات الثلاث الا انها ترى ضرورة إجراء التغييرات في البنود المدرجة ادناه من الموازنة الجارية فقط لأهمية ذلك.

١ـ صيانة الطرق والجسور في مديريات الأشغال في وزارة الأشغال والاسكان.
٢ـ مادة التعويضات في القسم الرابع في وزارة الزراعة والري.
٣ـ منحة البلديات في القسم الأول من وزارة البلديات والسياحة.

وقد أدرجت ذلك في جدول التغييرات المرفقة طياً. وتوصي اللجنة بالأقتراحات المدرجة ادناه لمحاولة سد العجز الموجود في الموازنات الثلاث.

١ـ مراقبة ومتابعة النقاط الگمرگية بشكل جيد وان تتعاون وزارة الداخلية و وزارة شؤون البيشمرگة لمنع التهريب او التهرب من دفع الرسوم الگمرگية ومحاسبة المخالفين.
٢ـ ان تتم جباية الرسوم في كافة الوزارات بشكل جيد وحسب الوصولات الرسمية المعمول بها في وزارة المالية ومحاسبة الدائرة التي تستخدم وصولات غير رسمية وغير معمول بها في وزارة المالية واتخاذ الاجراءات القانونية بحق تلك الدائرة.
٣ـ ان تتعاون كافة الوزارات بأستحصال الديون الحكومية.
٤ـ ان تسيطر البلديات ووزارة الاوقاف على املاكها وان يكون أسلوب المزايدة العلنية سليمة

متبعاً في معاملات الايجار والبيع في كافة الوزارات وان تتم الموافقة على ذلك من قبل المحافظ كل في محافظته على كل معاملة بيع او إيجار حكومي قبل تصديقها من قبل الوزارة المعنية وان تكون هناك لجان سرية لمتابعة كافة المزايدات ومعاملات الإيجار والبيع والتعاقد الحكومية اضافة الى اللجان العلنية.

٥- تسجيل كافة الاموال المصادرة أيراداً نهائياً لوزارة المالية والاقتصادية وادخالها في السجلات المختصة دون التصرف بها بأمور غير قانونية.

٦- تشغيل كافة المعامل والمصانع باقصى طاقاتها الانتاجية التي فيها الجدوى الإقتصادية.

٧- استغلال الاراضي الزراعية زراعة حديثة مقننة.

٨- تعيين مفتشين ماليين أكفاء لمراقبة ومتابعة كافة الوزارات وتدقيق حساباتهم ومحاسبة المخالفين.

٩- تنفيذ المشاريع عن طريق التنفيذ المباشر دون اللجوء الى إحالتها بعهدة المقاولين.

١٠- محاربة الاحتكار وتشجيع التجارة الحرة خدمة للإقتصاد والخزينة.

نرجو التفضل بعرضها على االسادة اعضاء البرلمان لمناقشتها واقرارها

مع فائق الشكر والتقدير

المرفقات/

١- جدول التغييرات (١ جدول).

٢- خلاصة الموازنة الجارية حسب الابواب والاقسام (٧ جداول).

٣- موازنة الخطة حسب الابواب (١ جدول).

٤- الموازنة الممولة ذاتياً (٣ جداول)

وه ئێستا ئێمه دەست به بودجەكە ئەكەين بەش بەش بۆ گفتوگۆ كردنی و دەنگدان لەسەری.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، بەڵام دەرفەت بدەن، ئێستا دەست ئەكەین بە گفتوگۆكردن بۆیە ئەو برادەرانەی كە ناونوس كرابوون، ئێمە پرسیاریان لێ ئەكەین، ئایا هیچ گفتوگۆیان هەیە لەسەر ئەوەی كەماوە بیكەن؟ و لە میانی ڕاپۆرتی لیژنەی ئابووریش كە خوێندرایەوە؟ ئینجا ئەو برادەرانەی كە ناونووس كراون ئەگەر حەز ئەكەن ئیستا قسە بكەن ئەوا كاتیان بۆ ڕەخساوە، ئەتوانن قسە بكەن. و ئەوانەی كە وا هەست ئەكەن برادەرانی تر لەجیات ئەوان قسەیان كردووە، و وەڵامەكانیشیان وەرگرتۆتەوە، بۆ نمونە ئەو برادەرەی كە زیادەی پەرلەمان باس بكات ئەوە وەڵامەكەی درایەوە، ئەوەی خانەنشینی وەڵامەكەی درایەوە. و هەندێ بابەت هەیە كە لەناو ئێوەدا ئەخولێتەوە، بۆیە من حەز ئەكەم ئەم جۆرە بابەتانە جارێكی تر نەیەتە كایەوە، كە جارێك گوترا ئیتر تەواو،كاك ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەئابووریەکی پێش کەوتوو بێگومان کوردستان دەتوانیت زۆر ئامانجی دیموکراتی جێ بەجێ بکات، خستنە ڕووی بودجە بۆ گفتوگۆو پەسەند کردن، لەڕاستیدا سیاسەتی دارایی حکومەتی کابینەی سێ ئەبزوێنێتەوە. ئەو کابینەیەی کە بە ڕاستی ناوی ئاوەدانکردنەوەی گرتۆتە خۆی وە هەروەها خستنە ڕووی بودجە بۆ گفتوگۆ کردن ڕاوەستانە بەرامبەر بە زۆر شت. وەزارەتی دارایی و ئابووری کە جێگای ڕێزە، هەر لە ڕۆژی گەڕانەوەی شەرعیەت لە ١٩٩٦/٨/٣١ ئامادەیی خۆی وەرگرت، و هەنگاوی زۆر چاکی هاویشتووە بەرەو ڕێکخستنی باری ئابووری و دارایی لەکوردستاندا. وە هەروەها کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی دارایی و ئابووری کردووە، و ئەم هەموو کارەی بە کارێکی پیرۆزتر و گەورەتر ڕازاندەوە، ئەویش ئامادەکردنی بودجەی ساڵی ١٩٩٨. ئەمە یەکەم جارە بەشێوەی ئاسایی خۆی بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بودجە چەند بایەخێکی گرنگی لەلایەنی سیاسی و ئابووری و دارایی و کۆمەڵایەتیدا هەیە، من تەنیا لەسەر دووانیان قسە ئەکەم.

یەکەم: گرنگی وبایەخی سیاسی؛ چونکە پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە. بودجە تەنهاهەڵسەنگاندنی خەرجی و داهاتی گشتی نییە، بەڵکو پەیرەوێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیە بەژمارە دیاری کراوە، و حکومەت ئەیخاتە بەردەم پەرلەمان. لەبەر ئەوە پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە کە ڕووی خەرجیەکان و داهاتەکان و ئامانجەکانی کۆنترۆڵ بکات، و هەروەها بەشداری لە ئامادەکردنی بودجە بکات.

دووەم: گرنگی وبایەخی ئابووری؛ کە پرسیارەکەم پەیوەندی بەمەوە هەیە، و ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووریی دەکەم.

کە سەیری چالاکی ئابووری دەکەین، ئەگەر لەباری(رکود) دابێت، بودجە بە (عجزیکي) ئەنقەسد ڕێک ئەخرێت. وە ئەگەر چالاکی ئابووری لەباری هەڵاوساندن (تضخم) دابێت، بودجە بە زیادەیەکی (فائض) یکی ئەنقەسد ڕێک ئەخرێت. بەڵام لە ئەمڕۆی کوردستاندا دیارە کە هەردوو ڕووداری (تضخم و رکود) هاوکات لەگەڵ یەکترە، و ئەم ڕوداوە پێی دەگوترێت (التضخم الرکودي). پرسیارەکەم: هەرچەندە چارەسەرکردنی ئەم ڕوداوە بەگشتی یاخود بەشێوەیەکی (جزري) بەدەستی حکومەتی هەرێم نییە، وەزارەتی دارایی و ئابووری ئایا چ هەنگاوێکی هاوێشتوە بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لەم ڕوداوە؟ وە ئایا بۆ ساڵی ١٩٩٨ چ پرۆژەی یاسا یان بڕیار ئامادەکراوە بۆ پەرلەمان بۆ چارەسەرکردنی هەندێکی تر لەم ڕووداوە؟ ئەمە سەبارەت بە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی وە سەبارەت بە ڕاپۆری لیژنەی دارایی و ئابووری لەڕاستیدا چەند پێشنیارێکم هەیە ئەگەر دەرفەت هەبێت؟ یەکەمیان: دانانی سیاسەتێکی دارێژراو بۆ هێنانی شتومەک بۆ پاراستنی بەروبوومی کشتوکاڵی، و هەروەها بەرهەمە نەتەوایەتیەکان. چونکە زۆر

جار بەروبوومی کشتوکاڵی دێت، پێویستی بە هێنانی شتومەک نییە، یاخود هەندێ شتومەکی جـوانکاری (المواد الكمـاليـة) ئێمە ئەتوانین لێرە بەرهەمی بێنین، و بەرهەم هێنەرەکانیش هان بدەین، و ڕەنگە خەڵکی بەتاڵیش کاری بەدەست بکەوێت.

دووەم: شەڕی ناوەخۆ و ململانێی حزبی باری دام و دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی پێش پێک هێنانی کابینەی سێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، و بەتایبەتی ئەو چەند ساڵەی سەرەتا، بووە هۆی مـانەوەی پارەیەکی زۆر لەلایەن کۆمەڵەیەک، و لە ماوەیەکی زۆر کورتی دیاری کراو، کە بوەتە جێگای سەرسوڕمانی زۆر کەس. وە زۆر لەدەوڵەتانی جیهان دوای جەنگی یەکەم و جەنگی دووەم کە بارودۆخەکەیان نزیک بوو لەئێمە، گەیشتوونە ئەو سەرمایە، کە بەڕێگایەکی ناشەرعی پێی گەیشتوون، بەڕێگای قەرزی بەزۆرەملی(القروض الاجبارية). لەو دەوڵەمەندانە وەردەگرن یاخود بەرزکردنەوەی باج لەسەر ئەم کۆمەڵەیە بەتەنها، تاوەکو بەشێک لەو سەرمایە بچێت بۆ لایەنەکانی خەرجی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د. ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەمە جاری چوارەمە بودجەی حکومەتی هەرێم لەم هۆڵە پیرۆزەدا گفتوگۆی لەسەر ئەکرێت، ساڵی ۱۹۹۳ ،وچوارمانگی ۹۹٦، و۱۹۹۷، و ئەمەش ۱۹۹۸.

دوای خـوێندنەوەی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی لەلایەن بەڕێز وەزیری دارایی،و ڕاپۆرتی لیـژنەی دارایی. دەرکەوت بەڕاستی بودجەیەکی ڕێک و پێکەو، بێ ئەوەی هەڵەیەکی بیرکاری تیادابێت. لەمەشدا بەدەرئەکەوێت کەوا وەزارەتی دارایی و وەزیری دارایی زەحمەتێکی باشیان بینیوە، و باری داراییـان کـۆنتـرۆڵ کـردوە. بێگومـان ئەمـەش هەنگاوێکە سـەنگی پارتی زیاتر ئەکـات لەکابینەی سێ دا، و ئەمەش سەربەرزییە بۆ ئێمە هەموومان. ئەو پێشنیـارانەی کە وەزیری دارایی و لیژنەی ئابووری وەڵامیـان دایەوە، من تەنیـا دوو پێشنیـارم هەیە. بێگومـان مەبەستی هەموو لایەک ئەوەیە سەنگی حکومـەت زیاتر ببێت، من داوام لە بەڕێز وەزیری دارایی و کـابینەی سێ ئەوەیە کە هەوڵ بدەن بەپێی توانا خەرجی حکومەت کەم بکەنەوە. چونکە ئەو زانیاریانەی ئێستا لەبەر دەستی ئێـمـەدا هەن، لەناو دەزگـاکـانی حکومـەتدا لەوانەیە زۆر لە بەڕێوەبەرایەتیـەکـان خەرجیەکی بێ ژمارە بێ(حیسـاب)بی هەیە، بۆیە ئەگەر لەتوانادابێت بەڕێز وەزیری دارایی چەند ڕێسایەکی تر دابنێت بۆ ئەوەی چاودێری خەرجیـەکان بکات لەوانەیە ئەم کەم کردنەوەی خەرجی حکومـەت ئەبێـتە سەرچاوەیەکی تر بۆ حکومـەت، و بێگومـان ئەمـەش ئەبێـتە هۆی زیاد بوونی خزمەتگوزاری.

پێشنیـاری دووەم ئەوەیە، کە داوا لە بەڕێز وەزیری دارایی وەزارەتی دارایی دەکەم، زیاتر چاودێری

بخەنە سەر ڕێکخستن وەرگرتنی باجەکانی کە هەن. چونکە لەوانەیە زۆر لە باجەکان لەسەر یەکتر ماونەتەوە، بۆیە ئەمەش لەگەڵ گومرگەکان ئەبێتە داهاتێکی تر بۆ وەزارەتی دارایی و کابینەی سێیەم، من تەنیا ئەوەندەم هەبوو، و هەموو لایەک سەرکەوتووبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک د. رزگار، کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی من پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە برای بەڕێزمان کاک شەوکەت وەزیری دارایی حکومەتی هەرێم ئەکەم، جێگای خۆشحاڵییە کە لەکاتی یاسای و بەشێوەیەکی ڕێک و پێک ڕاپۆرتەکەی ئامادەکردووە، و خستیە بەر چاوی ئێمە. دەست خۆشی لەبەڕێزی ئەکەم، و پیرۆزبایی لێ ئەکەم، و هەر ئەمەش لە بەڕێز کاک شەوکەت چاوەڕوان ئەکرا. هەڵبەتە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کابینەی سێیەم بەسەرۆکایەتی برای بەڕێز و خۆشەویست کاک د. ڕۆژ و هەروەها کاک نێچیرڤان بارزانی پشتیوانیەکی بەهێز بوونە بۆ ئەوەی ئەم کابینەیە بە شێوەیەکی گشتی و بەڕێک و پێکی سەربکەوێ. وە هەروەها بۆ ئاسان کردنی کاروباری وەزارەتی دارایی، ئەو بایەخەی کە بەکارە خزمەتگوزاریەکان دراون جێگای سەربەرزی ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانە، و هەروەها جێگای ڕەزامەندی جەماوەری گەلی کوردستانە. ئەوبایەخ دانەی کە بەهەموو بوارەکانی ژیان دراوە چ لە ئاوەدانکردنەوەو چ لە چاکردنەوەی ڕێگاو بان و بە هەموو کارە خزمەتگوزاریەکانەوە بەتایبەتی، و لەبواری پەروەردەو خوێندن بەگشتی. نەوەکو تەنیا لەجێگای خۆیەتی بەڵکو لەساڵانی پێشوی تری کابینەی یەکەم و دووەم و زۆر باشتر بووە، چونکە لەڕاستیدا ئەو کات نە ئەم پارەیە تەرخان کرابوو بۆ بوارەکانی خوێندن و پەروەردە، و نە ئەو بایەخەش وەکو پێویست دراوە بە بوارەکانی خوێندن و پەروەودە. ئەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە ململانێیەکی ناڕەوا هەبوو لەئەنجامی ئەو پەنجا بە پەنجایەی کە نەیهێشت ئێمە وەکو پێویست ئەرکەکانی سەر شانمان جێ بەجێ بکەین، و لەم بوارەدا سەرکەوتوو بین. بەڵکو بۆ نموونە لەخوێندن بەگشتی و لەپەروەردە بەتایبەتی لایەنێکی تر کە بەشداری کردبوو لە کابینەی یەکەم و دووەم، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەئەوان بوو وە وەزیری دارایی لەوان بوو، بۆ کاروباری خوێندن وە بەتایبەتی بۆ کاروباری پەروەردە نەوەکو تەنیا هەر ڕێگر بوون، بەڵکو ئەگەر بەرنامەیەکیان بهاتایە پێش بۆ لەچاپ دانەونەی پەرتووک یان هەر شتێکی تر، بەداخەوە ڕێگایان لێ ئەگرت و هەوڵیان ئەدا کە ئەم کارە سەرکەوتوو نەبێت. ئەمڕۆ خۆش بەختانە لەسایەی کابینەی سێیەمەوە ئەم دژایەتی و ڕێگریە نەماوە، ئەم ململانێیە نەماوە، بەڵکو ئەتوانین بەڕاشکاوی بڵێین کە ئەمە کابینەی تەباییەو کارگوزاریە، وە هەروەها سوپاسی بێ پایانمان بۆ سەرۆک (مەسعود بارزانی) کە بەهەموو شێوەک پشتگیری ئەم کابینەیە کردووە، بۆ ئەوەی لە ئەرکەکانی سەرشانیان سەرکەوتوو بن. هەڵبەتە ئەمەش مانای ئەوە نییە کە کەم و کوڕی

له کاروباری وەزارەتەکاندا نییە. من تەنها تێبینی دوو نموونە ئەکەم کە لە ڕاپۆرتی بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی دا هاتووە، کە پەیوەندی بە وەزارەتی پەروەردەوە هەیە. یەکێکیان ئەڵێ نزیکەی (حەوت ملیۆن و هەندێک) بۆ لیژنەی باڵای ئەزموونەکانی گشتی سەرف کراوە، ئەم پارەیە من ناڵێم زۆرە بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ساڵی ۱۹۹۳ کە لیژنەی باڵای ئەزموونەکانی گشتی بۆ ئەزموونەکانی گشتی سەرف کردووە (۲۱ بیست و یەک) جار لەوە زیاترە. بەڵام ئایا ئەنجامی خوێندنی ئەمساڵ و تاقیکردنەوەکانی ئەمساڵ هەمان ئەنجامی ئەم کاتەیە؟ ئایا ڕێژەکە نەوەک (۲۱) جار ئایا دوو جار و سێ جار زیاتر بووە؟ من بەش بەحاڵی خۆم ئەڵێم نەخێر. چونکە بەپێی ئەو ئامارەی کە وەزارەتی پەروەردە خۆی بڵاوی کردۆتەوە لە ئەزموونەکانی گشتی پۆلی شەشی دواناوەندی لە خولی یەکەم لە ۱۸٪ سەرکەوتوون، ولە خولی دووەمیش لە ۱۲٪ سەرکەوتوون، کە ئەکاتە لە ۳۰٪ کە ئەمەش بەداخەوە ڕێژەیەکی زۆر کەمە، داوای لێبوردن ئەکەم لە وەزیری دارایی ئەمە هەمواربکاتەوە.

هەروەها (دەنگ دەرنەچووە) پێویستەی کەوا بەبێ جیاوازی بۆ هەموو وەزارەتەکان سەرف ئەکرێت وە بەتایبەتیش بۆ وەزارەتی پەروەردە تەرخان کراوە. ئێستا نزیکەی «٤٦٠ملیۆن» دینارە کە لە بودجەی ساڵی ۱۹۹۸ دیاری کراوە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ بودجەی ساڵی ۱۹۹۳و ١٩٩٤ هەر بەژمارە نزیکەی چوار و نیو بەقەد بودجەی وەزارەتی پەروەردەی ئەوکاتەیە. ئەگەر تەماشای بکەین نرخی دراوی ئەمڕۆ و نرخی دراوی ئەو کات، ئەگەر دینار ئەوکات لەنێوان پەنجا تاوەکو هەشتا بوو ئێستاکە بیست و دوو دینارە. واتە بەهای کڕینی نرخی دیناری عێراقی زیاد بووە. جێگای خۆش حاڵیە کە کێشەی مامۆستایان چارە سەر کراوە، و ئەم دەرماڵەیەش درا بە مامۆستایان، و ئەو گیروگرفتانەی کە هەبوو چارەسەر کران، بەڵام بە داخەوە من وەکو پێویست نابینم ئەو پارەیەی کە ئێستا بۆ وەزارەتەکان خەرج ئەکرێت و بەتایبەتی بۆ وەزارەتی پەروەردە، کە خەرج کراوە وەکو پێویست لە جێگای خۆی نەبووە، بۆیە داوا لە جەنابی وەزیری پەروەردە ئەکەم کاک د. جەرجیس کە بە چاوێکی سۆزەوە سەیری ئەم کارانە بکات، و بەسەریدا بچێتەوە چونکە ئەو بابەتانە زۆر گرنگن. ئێستاش لە قوتابخانەکانی ناو شاری هەولێر من ناڵێم قوتابخانەکانی تر لە قوتابخانەی«بارزانی نەمر، میدیا، سێبەردان، گولستان» ئێستاش خەڵکێک هەن کە لەسەر «بلۆک» دائەنیشن، لیژنەیەکی پەرلەمانی پێش ئێستا ڕۆیشتووە بە چاوی خۆیان ئەوەیان بینیوە، بۆیە ئەبێ ئەم گیروگرفتانە چارەسەر بکرێت. هەروەها ئێمە ئەبینین ئەم پارەیەی کە ئێستا تەرخان کراوە بۆ وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکانی خوێندن بکات، بە تایبەتی ئەبێ ئێمە لەیادمان نەچێت ئێمە خوێندنی بەزۆرە ملی مان هەیە( التعليم الالزامي)، کە لەتەمەنی شەش ساڵان تاوەکو ئەگاتە وانزە ساڵان. چونکە خوێندنی بەزۆرەملی سەرەتایمان هەیە، بەڵام بەداخەوە ئێستاش ئەبینین لەسەر شەقامەکان ئەگەر ڕێژەی ئەو منداڵانەی کە لەسەر شەقامەکانن کەمتر نەبووە، ئەوە ئەگەر زیاتر نەبوبێت لەم ماوەیەدا. وە لەبەر ئەوەی ئەم کابینەیە،

کابینەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەو خزمەتکردنە، کابینەی بێ ململانێیە، کابینەی تەباییە. وا باشە بایەخێک بەم لایەنانە بدرێت، بێگومان ئەو تێبینیانەی کەکردم مانای ئەوە نییە کە من لە بەهای وەزارەتی پەروەردە کەم ئەکەمەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە. بەلاّم تکام وایە بەڕێز وەزیری پەروەردە ئەم بابەتانە لەبەر چاو بگرێت چونکە ئەمەش لەبەرژەوەندی وەزارەتی پەروەردە و هەروەها لە بەرژەوەندی حکومەتی هەرێمە. هەروەها باسی ئەوە کرا کە هەندێک لەوەزیرە بەڕێزەکان لەکاتی خۆیدا ئەم شوێنەیان چۆڵ کردبوو، من بەش بە حاڵی خۆم شانازی بەوە ئەکەم کە لەلایەک توانییان سنگیان بخەنەپێشەوە بۆ بەرگری کردن لەم دەست کەوتەی کە هەمانە، ڕووبەڕووی ناحەزان و دوژمنان و خائینان بینەوە، و لەلایەکی تریش، دەستیان بەرنەدا لەم حکومەتەی کە ئێستا وا بە شانازیەوە ئەمڕۆ بودجەکەی ئەخەینە بەردەم و لێکۆڵینەوە، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا موحسین فەرموو.

**بەڕێز موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم «ولا تستوي الحسنة و لا السيئة، إدفع بالتي هي أحسن، فأذا الذي بينك وبينه عداوة كأنه ولي حميم».

من خوازیاری ئەوە بووم کە لەکابینەکانی حوکمەتی پێشووی هەرێمی کوردستاندا خزمەتی زۆر بکرابایە، بۆ ئەوەی ئێمە ڕوومان هەبووایە لەناو میللەتدا، شانازیمان پێوە کردبایە. من وائەزانم خۆشیەکە کە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) باسی ئەکات کە زۆر گرنگە ئەمڕۆ بۆنی ئەکەین «نعمتان مغبون فيهما كثير من الناس، الصحة و الأمان» وائەزانم ئەوە گەورەترین جێگای شانازیە کە ئێمە بتوانین باسی بکەین و پێیدا هەڵ بڵێین. ئەمەیش بەهۆی دام و دەزگای ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و گرنگی دانی بە ژیانی خەڵک و بەو هەموو پرۆژانەی کە ئەکرێت، و بەو هەموو خەرجیانەی کە ئەکرێت و میللەت ڕاستەوخۆ سودی لێ وەرئەگرێ، ئەمەش بێگومان لەڕووانگەی دڵسۆزی خەڵکێکە کە هەست بە بەرپرسێتی ئەکەن. دوێنێ لەشاخاکان بوون بیریان لەوە ئەکردەوە ئەگەر بێنە ناو شار لەوانەیە نەتوانن وەکو پێویست خزمەتی شارستانیەت بکەن، چونکە شارەزاییان لێوە پەیدا نەکردبوو. چەند جار گوێمان لە سەرۆک «مەسعود بارزانی» بووە کە ئەیوت گلەییمان لێ مەکەن ئێمە لەدەرەوە فێری شتی تر بووین. بەلاّم ئێستا لەناوەوە تاوەکو فێری ئەوە ئەبینە خزمەت بکەین، ئەوا زۆر ئەخایەنێت. بەلاّم سوپاس بۆ یەزدان ئەوەی ئێستا ئێمە ئەیبینین لەناو شاری خۆماندا و لەناو حکومەتی خۆماندا، ئێستا خزمەتێکی بەڕاستی ئەبینین، و ئەم خزمەتەش بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکێک دڵی خۆش بێت هەم بە حکومەتەکەو هەم بە پەرلەمانەکەی کە لە جێی بڕواو متمانەی ئەوانە، و هەم بەو کابینەی کە توانیوانە بڕوای خەڵک بۆخۆیان

ڕابکێشن. وە بە پێی فەرمایشت کە ئەفەرمووێ«من لم یشکر الناس لم یشکر الله» . ئێمە سوپاسیان ناکەین تاوەکو لەخۆیای بن، بەڵکو سوپاسیان ئەکەین تاوەکو هەست بکەن دڵی کۆمەڵێک خەڵک لەگەڵیانە، و هەست بکەن خەڵک بەچاکەو خراپە ئەزانێت، هەست بکەن کە ئەو هەمووخزمەتگوزاریەیان کردووە لەم ساڵەدا، و خستویانەتە بەردەم هاوولاتیان. شانازی پێوە بکەن، و ئێمە ڕوومان هەبێ لە بەر چاوی خەڵک پێیان بڵێین چیتان کردووە، ئەگەر گرفتێک یان کەمتەرخەمیەک یان گلەییەکمان هەبووبێ بە شانازییەوە قسەمان کردووەو لێمان وەرگیراوە. ئەمە هەر دووبارەکەی من ئەتوانم بارێکی زۆر چاک و باش هەڵبسەنگێنم، حەز ئەکەم جەنابی وەزیری دارایی وکابینەی سێیەم و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاگادارین کە گەورەترین ئەمانەت لە ئەستۆی میللەت، ئەمانەتی داراییە لە قورئانی پیرۆزدا کە ئەفەرمووێ:(وأجعلني على خزائن الأرض إني حفيظ عليم).

داوا ئەکا لە یەکێک لە پێغەمبەران. ئەمە گەورەترین ئەمانەتە کە ئەمرۆ بە ئەستۆی یەکێک یان کۆمەڵێک بسپێردرێ کە ئەوەش دیسان نە وەزارەتی دارایی ئەتوانێ بەبێ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کار بکا، و نە ئەوانیش ئەتوانن بەبێ ئەو کار بکەن. کەواتە ئەمە هەوڵدانێکی هاوشانە لەنێوان یەکتردا. ئەم ئەمانەتەیە لە ئاستی بەرپرسیاریەتیە، زۆر زۆر شتێکی باشە ئێمە سوپاسیان ئەکەین، ئومێدەوارین زیاتری بکەن و چاکتری بکەن. لایەنێکی تری ئەو شتانەی پێویستە بەرچاویان بخەین، تکایان لێ ئەکەین نە بە پیاهەڵدانی خەڵکی ئەوەندە دڵخۆش بن و لە خۆیان بایی بن، نە خەڵکێکی نە شارەزاو نەزانیش قسەیان بەرامبەر بکا. ئەوان سارد دەبنەوە لەو خزمەتەی کە ئێمە شانازی پێوەی ئەکەین. ئەو سارد نەبوونەوە ئەبێتە هۆی گرو تینێکی بەهێزتر، وپەنا بەخوا لە ساڵی ئایندە باری ژیانمان باشتر ئەبێ ئەمە بەزەیی یەزدانە، یەزدانی مەزن بواری بە ئێمە داوە. جێگەی شانازییە لە پێشوازی کردنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان ئێمە باس لە کێشەو گیروگرفتەکانی پەسەند کردنی بودجەی ساڵی ئایندە ئەکەین، پەنا بەخوا بە بەرەکەت دەبێ، ترسیشتان نەبێ بە هەوڵ و توانای خوا زیاتر ئەبێ(لاتخشى من ذو العرش إقلالا). ئەگەر ئەو زیاد کردنەیە کە ئێمە هیوادارین لە ساڵی ئایندە خزمەتی پێ بکرێ، بۆ کەسێک بەتەنها(أفراد)بوایە دڵمان پێ خۆش نەدەبوو. بەڵام بۆ کۆمەڵێک پرۆژەیەو بەتایبەتی بۆ هەموو لایەنەکانە، برایانی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد. وە لایەنی وەزارەتی ئەوقافیش کە ئێمە ئەتوانین بە شانازییەوە باسی بکەین زیاد کراوە ڕێژەیەکی چاک لە بودجە گرنگی پێدراوە، ئومێدەوارین ئەو زیاد کردنە لە هەموو بوارەکانی پەروەردەو تەندروستی وئاییینی وهەموو بابەتەکانی تر جێگەی سەر بڵندی وسەربەرزی بێت. بەڵام قسەی هەق هیچ کاتێک لە ڕێی پێوان لانادا(إن لصاحب الحق مقالا). وەکو پێغەمبەر ئەفەرمووێ: ئەگەر یەکێک قسەیەکی هەقی هەبوو قسە هەقەکەی زۆر بە شانازی وسنگ فراوانی لێ وەربگرن. چونکە ئێوە نوێنەری ئەو خەڵکەن، حکومەتی ئێمەن، وحکومەتی ئەو خەڵکەن. خەڵک هەرچی

خواست و ئاواتی خۆی هەیە بەڕاستی لە ئێوە داویەتی وهیواکەشی بە ئێوەیە. من جارێکی تر سوپاسی خوا ئەکەم کە لەکوردستانی ئێمە دوایی ئەوەی هەتا سالێ لەمەوبەر بیرمان نە ئەکردەوە رێژەی خەرجیان بۆ پرۆژەکانی ناو هەرێمی کوردستان لەم رادە ئەبێ، نەک ئەوەی کە بلێی( ١٠٠ ٪ )زیادی کردووە. باوەڕتان هەبێ من بەدلی خۆم هەرگیز دلنیا نەبووم و بیرم لەوە نەکردۆتەوە بگاتە نیوەی ئەو رێژەیەی کە ئێستا ئەم سالە ئەبینین، هەموو رۆژێک چوار ملیۆن وپێنج ملیۆن و( ١٠ )ملیۆن وزیاتر وکەمتر لە خزمەتی جەماوەرەکەو خەلکەکە سوودی لێ وەرئەگرێ، ئەمە جێگای شانازییە ئێمەش ئەتوانین دلمان پێیان خۆش بێ خەلکانی تریش زیاتر متمانە ئەکەن بەم حکومەتە، زیاتر جێگیر ئەبێ لە دلیاندا. بەڕێز وەزیری داراییش «إنشاالله» زیاتر سەرکەوتوو ئەبێ وە سەرکەوتنەکەشی لە خواوەی بزانێ، ئومێدەوارین لە دوا قسەم کە ئەخەمە بەردەم بەڕێزتان، ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بێت بیهێننە بیری خۆتان کە ئەفەرمووێ:(فليعبدوا رب هذا البيت الذي أطعمهم من جوع وأمنهم من الخوف). ئێمە زۆر لە مەترسی دابووین لە بارێکی کولەمەرگی وناهەمواری دا بووین. خەلکێک بە دوامان بوو، برسیمان بوو، دەربەدەر بووین. ئێستا سوپاس بۆ خوا لە ولاتی خۆمان، سەربلندو سەرفرازین، گەورەکانمان لە خۆمانە، دەسەلاتدارەکان لە خۆمانن. تکاتان لێ ئەکەم دەرگاکانتان زیاتر کراوە بێ وەکو هەمیشە کراوە بووە. با بە رێژەیەکی زیاتر کراوەبێ، بۆ هەژارەکان، بۆ ئەوانەی لێقەوماون. ئیتر پرۆژەکان ئێوە نەخشەی بۆ دائەنێن و ئەیخەنە بەرچاوی ئەم خەلکە ئێمە نایکەین، ئێوە ئەیکەن، و ئێمەش هاوکار ئەبین لەگەلتان بە هەولی خوا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ شێخ محسن. فەرموو کاک سەرتیپ.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی وەزیری دارایی وئابووری دەکەم بۆ ئەو راپۆرتە تێروتەسەلەی کەوا پێشکەشی کرد. بەڕاستی من نامەوێ قسەکانم بەپێ هەلدان وەربگێری، من تەنها ئەوەندە ئەتوانم بلێم، ئەوەی لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی وئابووریدا هاتووە دیکۆمێنتێکی مێژوویییە، بمێنێ بۆ مێژوو. لە ماوەیەکی دیاریکراودا (قیاسی)، لە دوایی ئەوەی ولاتەکەی ئێمە تووشی دارمانێکی تەواو بوو، ژێرخانی ئابووری لە بنەڕەتدا نەما، چ وەکو عێراق چ وەکو کوردستان. زیاتر ئەوەی کە کابینەی سێیەم هاتە سەری، زۆر زۆر دارماوترو داتەپیوتر بوو، لەم ماوە کورتەدا کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیوویەتی ئەو هەموو خزمەتگوزارییەگەورەیە بکا، بۆیەش دەلێم دیکۆمێنتێکی مێژوویییە، چونکە ئەوەی لە راپۆرتەکەدا هاتووە(تجسيد)ی هەموو ئەو

خزمەتگوزارییانە ئەکات کە لەماوەی ئەم ساڵەدا پێشکەش بە خەڵکی کراوە. نامەوێ زیاتر درێژە بە بابەتەکە بدەم، بەڵام دەمەوێ بەکورتی باسی فەسڵی شەشەم بکەم لە راپۆرتی وەزیری دارایی وئابووری لە برگەی(ھ)لە کۆتایی برگەکە باسی دەرکراوەکانی کەرکووک وسلێمانی دەکا، من تەنها حەز ئەکەم رای لیژنەی دەرکراوەکان بە بەڕێزتان رابگەیەنم، لێرە ئاماژەی بۆ کراوە. ئەو دەرکراوانە کە دەرکراون دیارە دەسەڵاتدارانی دەرەوەی حکومەت(خارج شرعیت)لە دەرەوەی ھەرێمی کوردستانی عێراق دەریان ئەکەن، سەرانی یەکێتی وپەکەکە. بەڵام یەک شتی ھەیە، ئەویش ئێستا دوو سەرچاوەی دەرکردنی تریش ھەیە. خەڵکێک ھەیە لە کەرکووک ناوە ناوە دەردەکرێن دێنە ئێرە، خەڵکی تریشمان ھەیە کە لە ئێرانن، بەڕاستی ئەوانە کە دێنەوە، بەشێک لەو خەڵکە لەبنەڕەتدا ناتوانن ئێستا بگەڕێنەوە سەر جێگای خۆیان وزێدی باو باپیرانی خۆیان، ھەندێکیان خەڵکی کەرکووک یان خانەقین یان مەندەلیین، یان شارەکانی تری دەرەوەی دەسەڵاتی ھەرێمن. من تکام وایە ئەوانەش رەچاو بکرێن لەو راپۆرتەی کە لەلایەن بەڕێزیان ھاتووە، حەزم ئەکرد بڵێم ئەوانەی دەرکراون ئێستا لێرە ماونەتەوە بەو بارەی لێرەی دەژین بە سوپاسەوە وەزارەتی دارایی وئابووری کەمتەرخەمی نەکردووە ئەو برە پارەیەکی کە بەڕێزیان دیاری کرد، زیاتر لە(١٠)ملیۆن دینار بوو کە خەرج کراوە بۆیان لەم ساڵەدا. حەز ئەکەم بڵێم ئەو خەڵکە لەسەر بەرگری کردن لەشەرعیەت دەربەدەر بووە، چونکە لەگەڵ شەرعیەتە لەگەڵ کابینەی سێیەمی حکومەتی ھەرێمی کوردستان دایە، لەبەر ئەوە پێویست بەوە ئەکات زیاتر بایەخ بە خزمەت کردنیان بدرێ. ئێمە وەکو لیژنەی دەرکراوەکانیش ئەو پێشنیارەمان ھەبوو، ئەگەر بکرایە بۆ ساڵی داھاتوو ئەو برە پارەیەی لەم برگەیە لەم ماددە دیاریکراوە برێکی باش تەرخان بکرێ بۆ خزمەت کردنی باری ژیان وگوزەرانی ئەو خەڵکەی کە لێرە دەژی. بۆچوونێکیشمان ھەبوو لەکاتی خۆی وەکو راپۆرت بەرزمان کردووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لە رێگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانەوە، دەربارەی دروست کردنی ئۆردوگا، ئەگەر لەتوانادا بوایە جارێکی تر ئەو رایە لێ بکۆڵدرابایە بەلای ئێمەوە شتێکی خراپ نەبوو، شتێکی چاکە بۆ چارەسەر کردنی باریان لە ھەموو رووێکەوە، ورەنگە باریان باشتر ئەبوو. ھەر چەند ئومێدمان وایە ئەم بارە نەمێنێ وە«إنشاالله» نامێنێ ئەو خەڵکەش ئەگەڕێنەوە سەر باری ژیانی خۆیان وحکومەتی سێیەم دەست دەکێشێ بەسەر ھەموو ناوچەکانی کوردستاندا! من جارێکی تر دەست خۆشی لە کابینەی سێیەمی حکومەتی ھەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی وئابووری ئەکەم کە توانیوویەتی بەم راپۆرتە وەڵامی ھەموو ئەو پیلانانە بداتەوە کەوا ئەگێڕدرێ بە چوار دەورمان ولەسەر ئەزموونەکەمان، زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک سیروان. فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکاتێکدا کە سوپاسی کابینەی سێیەم دەکەین بۆ ئەو پرۆژانەی کە پێشکەشی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کردووە، پرسیارەکەم ئاراستەی سەرۆکی لیژنەی دارایی وئابووری هەرێمی کوردستان دەکەم. یەک لە راسپاردەکانی ئەوەیە، راسپاردەی ژمارە(٩)کە دەڵێ من پێشنیار دەکەم پرۆژەکان بە بەڵێندەر «قۆنتەرات» نەدرێت، بەڵکو راستەوخۆ جێبەجێ بکرێن، ئەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی باشترە. من پرسیارەکەم لە چییەوە دێت؟ ئایا رێگەی یاسایی لە نەریتی بەڕێوەبەرایەتی عێراق و لە سەرانسەری وڵاتەکانی جیهان هەر پرۆژەیەک هەبێ، یەکەم جار رادەگەیەنرێ(إعلان). چونکە بە سەدەها بەڵێندەر(مقاول)هەیە بە سەدەها ئەندازیاری «قۆنتەراتچی» هەیە، مەرجەکان (مواصفات)، و بڕی تێچوونە(مقدار كلفة)کەی رادەگەیەنرێت، و«تأمینات»ی لێدەگیرێ، ئەگەر جێبەجێ نەکرد لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەوا بەرپسیەتی ئەکەوێتە ئەستۆی «موحاسەبە» دەکرێ. لیژنەی وەرگرتن(أستلام) هەیە لێی وەردەگرن، ئایا ئەوە رێگەی راستە(أصولی)یە؟ ئایا ئەوە بەرژەوەندی حکومەت نییە، بە کەمترین نرخ و باشترین «مواصفات» و بە کەمترین ماوە کەسێک بگری جێبەجێی بکات؟ یاخود ئەمە لە لایەک فەرمانبەرانی فەرمانگەی خۆمان خەریکیان بکەن بەو ئیشە کە ئیشیان جێبەجێ کردنی راستەوخۆ نییە، ئەو رێگەیە راستە یاخود رێگەی جێبەجێ کردنی راستەوخۆ؟ کە سەرۆکی لیژنەکە و ئەندازیار و فەرمانبەری دارایی لەگەڵ ئەو لیژنەیە دائەنرێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئیشە، باشە ئەو فەرمانبەرانە ئەگەر بێتو کەمتەرخەمیان کرد، کێ لێیان دەپێچێتەوە؟ باشە ئێمە بۆ فەرمانبەرانی خۆمان تووشی شەرمەزاری بکەین؟ ئەگەر بێتو پێیان جێبەجێ نەکرا؟ هەتا رێگەی یاسایی هەیە لە بەرژەوەندی گەنجینەی حکومەتیشە، ئێمە بۆ فەرمانبەرانی خۆمان گرفتار بکەین؟ جگە لە قسەکانی خەڵکیش کە دەڵێن پرۆژەکان وای لێهات و... کە پێویست ناکات ئێمە لێرە باسی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سەعید. ئەو برادەرانەی کە ویستیان قسە بکەن لەسەر راپۆرتی وەزارەتی دارایی وئابووری وئەوەی کە لیژنە خوێندیەوە تەواو بوو، دێینە سەر خودی بودجە، بەش بەش ئەخوێندرێتەوە پاشان گفتوگۆ ودەنگدانی لەسەر ئەکەن، تاوەکو بەزووترین کات تەواو بێن. لەوانەیە یەک دوو وەڵامدانەوەش هەبێت لەلایەن جەنابی وەزیری پەروەردەوە، بەڵام جەنابی وەزیری دارایی چەند تێبینیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی پڕ بەدڵ سوپاسی برایانی خۆشەویستم کاک ئیبراهیم سەعید وکاک د.رزگار و کاک

د.ناسح و بەڕێز مامۆستا شێخ موحسین و بەڕێز کاک سیروان وکاک سەعید یەعقوبی دەکەم.
سەبارەت بە بۆچوونەکان وهەنگاوەکانی کابینەی سێیەم جێگای شانازییە بۆ ئێمە، هاندەرێک و پاڵپشتێکە هانمان ئەدات زیاتر خزمەت پێشکەش بە میللەتی خۆشەویستمان بکەین، ئومێدەوارین لە کارەکانماندا لە خۆ بایی نەبین، ئێمە قوتابیانی قوتابخانەی «بارزانیی نەمر»ین پێش هەموو شتێک، پاش ئەوەش سەرۆکی هێژا کاک «مەسعود بارزانی» ئێمەی فێر کرد بە هیچ شێوەیەک لە خۆ بایی نەبین، بەڵکو دژی هەر قسەیەکی ناخۆش بەرامبەر بە کابینەی سێیەم، کابینەی خزمەتگوزاری، ئێمە پرۆژەیەک، قوتابخانەیەک، شەقامێک ئاوەدان ئەکەینەوە. ئازاری خەڵکەکەمان لەبەرچاو ئەگرین بێگومان ئێمە خزمەتکارێکی ئەو میللەتەین.
سەبارەت بەو پرسیارانەی کە کران بە پێویستی دەزانم زۆر بە کورتی بەسەریدا بچمەوە، چونکە بەڕاستی لە راپۆرتەکەم دیسان دووبارەی ئەکەمەوە زۆربەی ئەو شتانەی کە پرسیاریان لێ کراوە، وەڵام دراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش سەبارەت بە پرسیارەکەی کاک ئیبراهیم هەر کاتێک داهاتی جێگیرمان هەبوو ئەم جۆرە پرۆژانەش ئامادە ئەکەین، بەڵام ئەوەی ئێستا ئەتوانین ئەوەیە کە بە بەردەوامی مووچەی فەرمانبەران بدەین،(سلفة مستدیمة). خەرج بکەین، پشتیوانی لە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ بکەین، بەپێی ئەو توانایەی کە هەمانە، و هەندێ پرۆژەی خزمەتگوزاری جێبەجێ بکەین. ئەو کورت هێنانەی(عجز)لە بودجە هەیە، کورت هێنانێکی بەڕاستییە بۆ ئاگاداریتان و خەرجیەکانی هەر دوو پارێزگای کەرکووک وسلێمانی هەر بەهەمان شێوە لە ساڵی ١٩٩٧ئامادە کراوە، چونکە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێم نین ئەگەر نا کورت هێنانەکەی زۆر لەمە زیاتر دەبێ. وەزارەتی دارایی پشتیوانی لە بەرهەم هێنانی ناوخۆ دەکات، وەزارەت دەیەوێ پەرە بە بازرگانەکان بدات، چۆن دەتوانی بازرگان ناچار بکەیت بەدانی باجەکانی بەزۆری(إجباری) لە کاتێکدا کرێی ئاوو کارەباو تەلەفۆن بەتەواوی نادرێ، و بەشێک دەچنە بەغدا بۆ ئەوەی قەرزە کەڵەکەبووەکانی خۆیان لەوێ بدەن؟ لەهەمان کاتدا کەس رێگا لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان نەگرتووە بۆ چاودێری کردنی خەرجیاتی ئێمە. هەر جارێک هاتن بۆ لای ئێمە، یان پرسیارێکیان هەبێ، ئێمە دەرگامان کراوە بووە بۆ وەڵام دانەوەیان. سەبارەت بە ئامادە کردنی بودجە وابزانم لە هەموو جیهاندا وا باوە وەزارەتی دارایی پێویستە بودجە ئامادە بکا و لە رێگای سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەرزی بکاتەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی، پاش گفتوگۆ کردنێکی تێرو تەسەل لەلایەن بەڕێزتانەوە ئەو کاتە پەسەند دەکرێ وکاری لەسەر ئەکەین.
دەربارەی ئەو کورت هێنانە دیسان دووپاتی (تاکید) ئەکەمەوە ئەگەر بڕیاری(٩٨٦)بەردەوام بێ ئێمە وەکو کابینەی سێیەم هەوڵ ئەدەین کە لەو دەروازییە سوود وەربگرین، وبتوانین هەتا رادەیەکی باش کورت هێنانەکە کەم بکەینەوە. سەبارەت بە پرسیارەکەی کاک د. رزگار هەر وەکو لە راپۆرتەکەمان دیارە، رێژەی داهات زیاد بووەتەوە ئەگەر بەراوردی نێوان خەرجی و داهات بکەین، رێژەی زیاد بوونەوەی داهات بۆ ساڵی ١٩٩٨ (٧٩٩و٣٧٪) سی وحەوت وحەوت سەدو

نەوەدو نۆ لەسەد بووە. کە چی خەرجیەکان بۆ ساڵی ١٩٩٨ (٤٢٦و٣٦٪) سی وشەش و چوارسەدو بیست وشەش لەسەد بووە، ئەو خەرجیانەی کە لە ساڵی ١٩٩٨دا دەکرێ لە راستی بەهۆی گەڕانەوەی شارۆچکە(ناحیە)و بەرفراوان بوونی فەرمانگاکان و دام ودەزگاکانی حکومەت بووە. بەڵام وەکو هەوڵدان بۆ کەم کردنی خەرجی هەوڵمان داوە، هەر بۆیەش بودجەی پێشنیار کراوی وەزارەت و فەرمانگەکان بریتی بوو لە(٦٦١ و٧٧١ و٥٠١و٤)چوار ملیارو سەدوپێنج ملیۆن وحەوت سەدو حەفتاو یەک هەزارو شەش سەدو شێست ویەک دینار. کە چی وەزارەتی دارایی هەر لە گفتوگۆوە هەوڵی کەم کردنی خەرجیەکانی کردووەو ئەم بودجە بە بڕی خەرجی سێ ملیارو هەفتاو پێنج ملیۆن وپێنج سەدو بیست وچوار هەزارو سەد دینار ئامادەی کردووە، واتە بڕی یەک ملیارو هەشت سەدو پەنجاویەک ملیۆن وچوارسەدو سی وسێ هەزارو هەشت سەدو شێست ویەک دینار لە پێشنیاری وەزارەتەکەمان کەم کرایتەوە کە ئەمەش ماندوبوونێکی زۆری ویستووە. سەبارەت بە پرسیارەکەی کاک سیروان ئەویش لە راپۆرتەکەمان ئاماژەمان بەوە کرد کە لەم ماوەیە زیاتر لە(١٠)ملیۆن دینار بۆ کرێی خانووی «شوقەی» دەرکراوەکان وپێداویستی تر خەرج کراوە. تەواوی ئەو کەسانەی کە فەرمانبەرن لە فەرمانگەکان دادەمەزرێن بەشێوەیەک کە تەنها لەمانگی(١١) ئەم ساڵە زیاتر لە(٣٥)ملیۆن دینار بۆ مووچەکانیان سەرف کراوە جگە لەمەش دام و دەزگا و فەرمانگەکانی سنووری کەرکووک و سلێمانی دووبارە لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراون بۆ کرێی بینایەو فەرمانگەکانی کرینی کەل وپەل و ئۆتۆمبیل و چەک وتەقەمەنی وئامێر بۆ ئەم فەرمانگانە خەرجیەکی زۆر کراوە. بەڕێز پارێزگاری هەولێر لەگەڵ لیژنەی سەرپەرشتی دەرکراوەکان ئەوەی لە توانایاندا هەیە ئەنجامیان داوە. جگە لەو بڕە پارانەی کە حکومەت خەرجی کردووە لە رێگای (**un**)رێکخراوەکانی تریش هەوڵیان بۆ دراوە، هەرچی بۆ دەرکراوەکان بکرێ بەلای ئێمەوە هێشتا هەر کەمە، بەڵام ئەگەر شتێکی زیاتر نەکراوە لەبەر ئەوەیە کە زیاتر لەمە توانامان نەبووە، ئەو بڕەی تەرخان کراو لە فەسڵی شەشەمدا بۆ ئەم جۆرە خزمەتانە کە لە وەزارەت دەستنیشان کراوە. سەبارەت بە دروست کردنی ئۆردوگایەک زۆر راستە ئەمە لە ژێر لێکۆڵینەوەیە، لەگەڵ رێکخراوە بیانیەکان باسمان کردووە لەهەمان کاتیش حکومەت ئامادەیی خۆی دەربڕیوە لەگەڵ ئەو رێکخراوانەی کە ئامادەن ئەم کارە بکەن و یارمەتی بدەن «إنشاالله» ئەنجامی دەبێ. سەبارەت بە وەڵامی ئێمە بۆ د.ناسح ئەم زیادەیەی کە لە وەزارەتی پەروەردە لەچاو ساڵانی رابردوو بەرچاو دەکەوێ، بریتییە لەم بڕانەی خوارەوە، زیادەی پەرلەمان(١٣٠) ملیۆن دینار دامەزراندنی(٢٧٧٦)مامۆستایە بڕیار وایە(٥٠٠)مامۆستای تر دابمەزرێ، دەرماڵەی هاتوچۆ زیاد بووە بۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردە، دەرماڵەی قوتابیان زیاد بووە، بایەخدان بە وەرزش لە قوتابخانەکان، جێبەجێ کردنی بڕیاری پەرلەمان لەسەر خەرج کردنی دەرماڵە بۆ مامۆستایان واتە لە(٧٠)دینار بۆ (١٥٠)دینار، چاپ کردنی کتێب لە ساڵی١٩٩٣(٥٠٠٠٠٠)دانە چاپ کرابوو کە ئێمە ئاماژەمان پێدا، لەم ساڵەدا

زیاتر لە یەک ملیۆن وشێست وهەشت هەزار کتێب چاپ کراوە بێگومان ئەمانە گشتی خەرجیەکی زۆری پێویستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس کاک شەوکەت. جەنابی وەزیری پەروەردە بابفەرمووێ.

**بەڕێز د.جـرجـیس حـەسـەن/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

تەنها هەندێک قسەم هەیە لەسەر قسەی کاک د.ناسح، بەڕاستی د.ناسح ئێوە ئەیناسن وەزیری پێشووی پەروەردە بووە لەکابینەی پێش ئێمە، و زۆر روونە کە چۆن چۆنی بووەو، بەتایبەتی دوایی داگیر کردنی هەولێر کە کرابووە دوو بەش، بەشێک لە هەولێر مایەوەو بەشێکی چوو بۆ سەرەوە. وا بۆی دەچم کاک د. بەخۆشی ئاگادار نەبوو کە خەرجیاتی ئێرە چیبەو هی ئەوێ چیبە و هەمووی بەیەکەوە چەند بووە. ئەوەی ئێمە قسەی لێ ئەکەین هی ئێرەیەو هی ئەوێیەو هی دهۆکە لەبەر ئەوە من وا بۆی دەچم رەنگەئاگاداری زۆر شت نەبێ کە چی لێهاتبوو، کە پەروەردەی شەقلاوەش لەوێ بوو ئەویش روونە لەلای ئەو برادەرانەی کە لەوێ بوون، ئەویش چی لێـهـات، چۆن دیاریکراو، چۆن هەندێ چارەسەری شت کراوە؟ سەرەڕای ئەوەش لەدوایی ئەوەی لە هەولێر دەرچوون وا ئەزانم پێویست بوو د.ناسح بزانێت چ بەسەر هەولێردا هاتبوو، وەیەکێتی چیان کردبوو، چ لەلایەنی قوتابخانە چ لەلایەنی کتێب چ لەلایەنی هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی دیاریکراو. من وا بۆی دەچم کە ئێمە هاتین هیچ لەسەر هیچ نەمابوو، وە برادەرانیش هەموویان ئاگادارن چ لەلایەنی مامۆستا چ لەلایەنی کتێب چ لەلایەنی قوتابخانەکان چ لەلایەنی رەحلە، ئەوشتانە هەمووی تێکچووبوون. ئێمە وەک کاک جەمیل سندی وتی، لە خراپ بوونی ژێر سفر، یەکەم جار کە دەستمان پێکرد بە خراپ کراوەکانی یەکێتی دەستمان پێکرد، بەڵکو ئەو خراپیانەمان راست کردەوە بۆ ئەوەی بێینە سفر. واتە ئێمە لە سفرەوە دەستمان پێ نەکردووە، ئێمە لەخوار سفر دەستمان پێکرد بۆ ئەوەی بگەینە سفر. لە دوایی ئەوە ئێمە گەیشتینە سفرو دەستمان پێ کردووە، کە بەڕاستی هەوڵ بدەین چارەسەری هەندێ شتی دیاریکراو بکەین. ئەمە لەلایەک، وەلە لایەکی تریشەوە ئەبوایە کاک دکتۆریش زۆر شارەزای دەربارەی ئەمانە هەبوایە، هەر نەبێ باسی ئەم شتانەی بکردبا کە چ بەسەر مامۆستاو قوتابخانەکان هاتبوو، خەریک بوو پەروەردە بەگشتی بەرەو لایەنێکی تر بڕوات، هی دووەم باسی ئەزموونەکان دەکات، ئەزموونەکان خۆشی ئەزانێ ئێمە نەبووین لیژنەیەک هەبوو، لیژنەیەک پێک هاتبوو لە ئێمەو لە یەکێتی، سەرپەرشتی ئەو لیژنە هەموو ئەزانن کەمال شاکر بوو، بەدارایی خۆیان وە بە بۆچوونی خۆیان وە بە هاتوچوونی خۆیان وخەرجی خۆیان هەمووی لە دەستی ئەم لیژنەیە بوو، وە لیژنە پەیوەندی تایبەتی هەبوو لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران ولەگەڵ ئێمە، وە لەگەڵ ئەوانەش بۆ ئەو هەماهەنگییە، لەبەر ئەمە ئەم پارەی تەرخان کراوە یان لە داهاتوو تەرخان ئەکرێ، دیسان لە رێگەی ئەو لیژنەیە تەرخان کراوە، ئەو لیژنە ئاگادارە، سەرژمێری پلەی

دەرچوون هەر لیژنە کە داینەوە چ لەکاتی د.ناسح چ کاتی من لەویٚ بووم. پلەی دەرچوون زیادەی ژمارەی قوتابی بووە، هەموو جیهان ئەزانیٚ ساڵ بەساڵ قوتابی زیاد ئەکا، قوتابی کەم نابیٚ، قوتابخانە زیاد دەبن، مامۆستا زیاد دەبن، ئەوە شتێکی سروشتیەو دەبیٚ هەموو کەس بزانیٚ، لەبەر ئەوە ئەگەر هەمان ڕێژە بدەیتە ئەو کەسە دیسان هەر زیاد ئەکا، واتە مووچەی مامۆستا هەمان مووچەی بێت، دەرماڵەی مامۆستا هەمان دەرماڵە بێت، توانا بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکان هەمان توانا بێت، ساڵ بەساڵ زیاد ئەبێت. چونکە لە زیاد بوون دان، نە بەدەستی منەو نە بەدەستی تۆیە، بە دەستی هیچ کەسێک نییە. چونکە شتەکە لە زیاد بوونە، لەبەر ئەوە ئەبوایە ئەم بۆچوونە لای د.ناسح روون بوایە پێش ئەوەی قسە بکات. هی دووەم لە هەموو جیهان من بڵێم، لەساڵی داهاتوو ئەو بڕە پارەیە دانراوە، ڕەنگە چەندەها پسپۆڕی ئابووری وەزارەتی دارایی وئابووری دانیشتوونە، لە دوایی گفتوگۆیەکی دوورو درێژ، لە دوایی دانووستاندێکی دوورو درێژ گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە بڵێین ساڵی داهاتوو پێویستی بەم بڕە(كمية) هەیە. یاخود بەم مووچە هەیە، یان بەم بودجەیە هەیە هەردوو پێکەوە یەک لایەن نەبووە، کە واتە لێرە پیٚ هەڵدانی لایەنەک، بۆهی ئەوەی تر نەکرێت، شتەکە ڕاست نییە، ئەم لیژنەیە دوو لایەنە، ئەگەر ڕاست نییە، دەبیٚ هەردوو لا بڵێی، بڵێی هەردوو لا زیادیان داناوە،بەڵام لایەنی وەزارەتی دارایی وئابووری ڕاستەو لایەنی تر هەڵەیە. ئێستاش ئەگەر بتوانم بۆ پەروەردە من هەوڵ ئەدەم هێشتا زیادی بکەم، لەهیچ دەوڵەتێک نەبووە کە تۆ شتێک زیاد بکەی بۆ پەروەردە بڵیٚ خراپە، من نازانم کاک د.ناسح واتە پێی خۆش نییە زیاد بووە یان گومانی هەیە ئەو زیادەیە لەوانەیە بچێتە ڕێگایەکی تر. ئەگەر پێی خۆش نییە زیاد کراوە، ئەوا پێچەوانەی خەڵکە لەگشت جیهاندا، ئەگەر گومانی هەیە حەز ئەکەم د. ناسح بێت وچەند کەسێک لەگەڵ خۆی بێنێت بەتەواوی سەیری تۆمارکراوەکانی دارایی وسەیری تۆمارکراوەکانی(سجلات)ئێمەش بکات، ئەگەر شتێکی دی ئەگەر نا زۆر پێمان خۆشەو هەقە د. ناسح بڵیٚ ئەم زیادەیە من حەز دەکەم بۆ ئەم بوارە بچێت و، ئەم بوارە پێویستیەتی. ئێمە پێمان خۆشە پسپۆڕێکی کۆمان هەبیٚ ئەوشتانە پیشانی ئێمە بدات وسوودی لیٚ وەربگرین وشتێکی زۆر زۆر باشە، ئیتر من خۆم ئەدەمە لایەک، لیژنەیەکی پەروەردە هەیە، سیٚ چوار جار سەردانی ئێمەی کردووە، سەردانی قوتابخانەشی کردووە مامۆستایان هەنە، با ئەوانە پێداچوونەوەیەکی دیاریکراو بکەن هی ئێستاو هی پێش ئێستا. هەرچەندە من لەگەڵ بەراورد کردن نەبوومەو نایم، لە ڕاپۆرتی ئێمەش بۆ وەزارەتی دارایی وبۆ سەرەوە و بۆ هەر کەسێک، ئێمە پەیوەندیمان نییە چۆن بوو چۆن چوو چەندتان کردووە، ئەوە پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە. من لە ئێستاوە دەستم پێکردووە، لەو کاتەی کە من دەستم پێکردووە من پەیوەندیم بەوە هەیە، هەوڵ ئەدەم پەرتووک زیاد بن، «رحلە» زیاد بن، مووچەی مامۆستایان زیاد ببیٚ، دەرماڵە زیاد بیٚ، ئەوە ئاواتی هەموو کەسێکە. بەڵام باوەڕ بکەن ئەو هەوڵدانەی کە ئێمە کردوومانە مانای ئەوە نییە وەزارەتی دارایی ڕازی بووە لە ئێمە، داراییش زۆر جار وەڵامی ئێمەی داوە، بۆ ئێمە شتی

سەرف نەکردووە، چونکە ئەوانیش مافی خۆیانە، لەبەر ئەوە من حەز ناکەم بچمە بەراورد کردن، بەڵام لە هەموو جیهاندا ئەگەر سەیری قوتابخانە بکەین زیاد بووە، مامۆستا زیاد بووە، دەرماڵە زیاد بووە، دەرماڵەی دوورو نزیک کە هەر نەبووە، ئێمە زیادمان کرد. چونکە ئەکەوینە تەنگوچەڵەمەیەکی (مأزق) گەورە ئەو رادەیەی کە پەرتووک ئەمێنێتەوە وەلای قوتابی لە وڵاتانی ئەورووپی لە سێ ساڵ زیاتر نییە لە دوو ساڵ هەتا سێ ساڵە، ئەو رۆژەی قوتابی دێن بۆ قوتابخانە پەرتووک هەمووی ئامادەیە، ئێمە پەرتووکمان نەما، پەرتووک تەواو بوو، ئێمە پشتمان بە رێکخراوی یونیسێف و یونسکۆ بەست، کاتی خۆی دەبوو (٥ر٤)چوار ملیۆن ونیو پەرتووکی سەرەتایی بن، (٥ر٢)دوو ملیۆن ونیو پەرتووکی ئامادەیی بن، ئەمە سێ ساڵە هاتووە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر زۆر کەمە، ئێمە ناچارین ساڵی داهاتوو پشت بە خۆمان ببەستین ئەو(٢٠٠٠٠٠)ەی لەوێ زیاد بووە، بۆ ئەوەیە ئەگەر هاتوو جێبەجێیان نەکرد ئێمە ناچارین، چونکە قوتابخانە وەکو جێگاکانی تر نییە، قوتابخانە دوومانگ دواکەوت، دواکەوت ماوە چییە تۆ ناچاری پێش ئەوە هەوڵ بدەی وجێبەجێی بکەی، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوانە گەیشتینە بروایەک کە بڵێین ئەم پارەیە پێویستە بمێنێ، ئەگەر هات ئەوە شتێکی زۆر باشە پارە لای ئەوانە، ئەگەر نەهات ئێمە ناچارین، لەبەر ئەوە نەمویست بیکەم بە بەراوردێکی دوورو درێژ، کاتی خۆی چ هەبوو چۆن بوو؟ ئێستا چ هەیەو چ نییە؟ بەڵام هەر ئەوەندە بەوەندە ئەکەم، من وای بۆ دەچم ئەوانەی کە بڵێین داراییینە یان لە پەروەردەنە بەشێوەیەکی رێک وپێک ئەوانەش دڵسۆزانە دەچنە ناو بابەتەکە، حەز دەکەم پەروەردە بەرەو پێش بچێت بەراستی پەروەردە شتێکی بنچینەیە، من باوەڕ ناکەم کەس هەبێت دژی ئەوە بێت لە هەموو جیهاندا، کاتێ بودجەی پەروەردە زۆربێ هەموو کەس پێی هەڵئەداتەوە، نە دوژمن نەدۆست ناڵێن ئەم شتە خراپە، ناتوانن بڵێن ئەم شتە خراپە، لەبەر ئەوە ئێمە زۆر سوپاسی وەزارەتی دارایی ئەکەین، وە بەراستی زۆر توانایی بە ئێمە داوە، وەهەوڵیان داوە داواکارییەکانی ئێمە جێبەجێی بکەین، جارێکی تر من سوپاسی ئەوانە ئەکەم، ڕاپۆرتیان جێگای رێز بوو وەبەرەزامەندی هەموومانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.جرجیس وەزیری پەروەردە، فەرموو کاک د.ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نەم وتووە پارە زیاد نەکرێ، بە پێچەوانەوە من خۆشحاڵم کە ئەو پارەیە تەرخان کراوە، لە دوایی وەزارەتی دارایی وەزارەتی پەروەردە هاتوو ئینجا وەزارەتی تەندروستی هاتووە چوارسەدو پەنجاو نۆ ملیۆن و هەشت سەد هەزار بۆ وەزارەتی پەروەردەیە، بۆ وەزارەتی تەندروستی چوارسەدو پەنجا ملیۆنە، واتە (٩)نۆ ملیۆن لەو زیاترە، من ئەوە جێی خۆشحاڵی دەبینم کابینەی سێیەم و **«پارتی دیموکراتی کوردستان»** ئەم بایەخە گرنگە دەدەن بە پەروەردە، بەڵام من ئەوەم نەخستۆتە

ئەستۆی وەزیری پەروەردە، ئەڵێم وەزیری پەروەردە ئەبوایە لەفەرمانبەران و لێپرسراوانی خۆی بپرسێتەوە، ڕێژەی ئەزموونەکانی ئەم ساڵ هەژدە بەدوانزە بوو ڕێزم بۆی ئەم ساڵ زانکۆ ناچار بوو ڕێژەی پلەکان (معدل) بهێنێتە خوارەوە بۆ ئەوەی خەڵکی تر وەربگرێت لەزانکۆ، چونکە دەرچووەکان ئەوەندە نەبوون کە بچنە زانکۆ، حەز ئەکەم چاوخشاندێک بەم کێشەیە بکات. دووەم من باسی ئەو پارەیە دەکەم کە تەرخان کراوە، ئەندامانی پەرلەمان خۆیان سەردانی ئەو قوتابخانەیان کردووە تاوەکو ئێستا جێی داخە لەژێر ئاڵای کابینەی سێیەمدا قوتابی «رەحلە»ی نەبێ لەسەری دابنیشێ، من دووبار ئەڵێم لەگەڵ شان و باڵی کابینەی سێیەم ناگونجێ لەسەر شەقامەکاندا منداڵ ببینین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ د.ناسح، فەرموو کاک د.ڕۆژ.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش هەموو شتێک ئێمە گفتوگۆی بودجەو راپۆرتی بەڕێز وەزیری دارایی ئەکەین، هەندێ خستنە روو، و هەندێ قسە بەدەرە لە بابەتەکە، دەبێ ئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر بودجە بکەن، وە ئێمە مەبەستیشمانە بە تێروتەسەلی گفتوگۆی بودجەو ژمارەکان بکەین، و بگەینە ئەنجامێک و «إنشاالله» ئیمڕۆ بە سەلامەتی لێی دەرباز ئەبین. لەبەر ئەوە سەیر ئەکەم ئەمە لەلایەکەوە ڕاست نییە لە بابەتەکە دەربچین، چونکە کاتەکەمان زۆر لێ دەبا. دووەم؛ وەکو شتێکی بنچینەیی لێرە، هەر بەڕێزێک لە ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر ویستی پرسیارێک ئاڕاستەی وەزیرێک بکات ئەوا ئەبێ لەڕێگای بەڕێز سەرۆکی نیشتمانیەوە بێ ئەوە شتێکی بنەڕەتیە، ئەبێ پرۆتۆکۆلی و بنچینە بێن کاتێک گفتوگۆ لەسەر بابەتێک ئەکەین. خاڵێک هەیە لەسەر قسەکانی برای بەڕێز کاک د.ناسح بۆی روون دەکەمەوە، کاتی خۆی کە کاک د.ناسح وەزیری پەروەردە بوو، سیستەمی ففتی ففتی بوو، و شاراوە نییە ئەو کاتەی کاک د.ناسح وەزیری پەروەردە بوو، وەزیرێکی پارتی بوو لە وەزارەتێکدا کە نیوەو نیو بوو لە نێوان پارتی و یەکێتی دا، ئەو کاتە بەداخەوە ئەوە لە(عەیبە) گەورەکانی سیستەمی ففتی ففتی جگە لە هەموو (عەیبەکانی) تری کە هەیە، چونکە برای بەڕێز د.ناسح وەزیری پەروەردە بوو، ئەگەر بمان ویستبا بودجەی زیاد کەین هەموو لیستی پارتی ئەکەوتە گفتوگۆ و هەرا لەگەڵ لیستی یەکێتی لە ئەنجوومەنی وەزیران، تا پێشکەش ئەکرا بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی. ئەوکاتەش لەناو لیژنەی دارایی و ئابووری دەست ئەکرا بە گفتوگۆ لەسەری، و لەناو پەرلەمانیش گفتوگۆ ئەکرا لەسەری. وە هەوڵ ئەدرا بودجەی وەزارەتی پەروەردە زیاد نەکرێ و لەشوێنی خۆیدا بمێنێتەوە، بۆ؟ چونکە تەنیا وەزیر، وەزیرێکی پارتیە، چونکە کە سیستەمەکەمان ففتی ففتی بوو ئەم شتانە ئەکرێ. ئەمە یەکێکە لەو هۆیانە، و هۆیەکان زۆرن ئەگەر باسی خراپەکاریەکانی سیستەمی ففتی ففتی بکەین، سیستەمەکە بوە هۆی ئەوەی شەڕی ناوخۆ دەست

پێ بکات، و یەکێکە لەو هۆیانەی کە ئێستا ئێمە جەخت لەوە ئەکەینەوەنابێ جارێکی تر لەهەرێمی کوردستان ئەو سیستەمەتازە بیێتەوە. لەبەر ئەوە ئاشکرایە کاتێک وەزارەتی پەروەردە داوای دەرماڵەی زیاتری ئەکرد، داوای کاری زیاتری ئەکرد، ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەی نەدەکرد یان ئەو داواکاریە دەرباز نەدەبوو، ئەو کاتە بێگومان لایەنێک دژی ئەو رادەوەستان و بەرژەوەندی قوتابییان و بەرژەوەندی پەروەردەی لێک نەئەدایەوە، تەنها بەرژەوەندیەکی تەسکی حزبایەتی لێک ئەداوە، ئەویش ئەوەیە وەزیرێکی پارتی سەرنەکەوێ، ئەمە یەکێکە لە ڕاستیەکان کە برادەران پێویستە بیزانن. ڕاستییەکی تریش ئاشکرایە کە وەزارەتی پەروەردە بە شێوەیەکی گەرم و گوڕ و بەیەک دەستی کەوتۆتە ئیش و بەدوای هەموو ئیش و کاری خۆی ئەڕوات، هەموو قوتابخانەیەک دەکات، هەموو دام و دەزگایەکی ئەکات. لەماوەی ساڵێکدا هەنگاوی زۆر گەورەی ناوە چ لە چاکردنی باری بژێوی مامۆستایان، چ لەچاکردنی قوتابخانە، چ لە ڕێک وپێکی بەرنامەکان، چ لەوانە وتنەوە هەتا دوایی. ئەمەش وا بەئاسانی ناکرێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەکرێت کە ئەنجوومەنی وەزیران تیکڕا بەیەک دەنگ بەیەک ئاڕاستە ئیش بکەن، تا سەرکەون. وەسەرکەوتنی هەر وەزیرێ بە سەرکەوتنی ئەنجوومەنی وەزیران بزانرێ، ئەگەر ئەنجوومەن وانەبێ سەرکەوتنی هەر وەزیرێک بە هی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی نەزانی ئەو کاتە هەریەکە گرفتێ دەخاتە ئیشی یەکێکی تر و ئیشی خەڵک وا سەرناکەوێ، ئەو کاتە ئەبێتەوە ففتی ففتی. یەکێ لە خاڵە بنەڕەتیەکانی بەرنامەی کابینەی سێیەم ئەوە بوو کە گرنگیەکی تایبەتی بە پەروەردە بدەین. گرنگیەکی زیاد لە پێویست بدەین، بەڵام ئەمە لە هەمان کاتیشدا مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە هەموو ئیشەکانمان کردووە. ڕاستە قوتابخانە هەیە کورسی دانیشتنیان نییە، ڕاستە قوتابخانە هەیە رەنگە هەندێ کەم و کوڕیان هەبێ، ڕاستە لە ( ٩٠ ٪ ) لە قوتابخانەکانمان پێویستیان بە چاکردن هەیە. ئایا ئێمە ئەتوانین ئەمە هەمووی بەیەکجار چاکەین لەماوەی یەک ساڵ دا؟ ئەو بودجەیەی کە ئێستا بۆ هەموو حکومەتی هەرێم تەرخان کراوە ئێمە ئەگەر ئەوە هەمووی تەرخان کەین بۆ ساڵێک، و تەنیا بۆ پەروەردە لەوانەیە ئەوکاتە بتوانین هەموو گیروگرفتی پەروەردە چارەسەر بکەین، ئەگینا ناتوانین هەموو گیروگرفتی پەروەردە چارەسەر بکەین. ئەگەر هەمووی تەرخان نەکەین بۆ وەزارەتی (پ.م) لەوانەیە بتوانین هەندێ لە گیروگرفتی وەزارەتی (پ.م) چارەسەر بکەین، ئەگینا ناتوانین هەموو گیروگرفت چارەسەر بکەین. هەروەها بۆ ناوخۆ هەروەها بۆ شارەوانی، لەبەر ئەوە ئەبێ ئێمە بەپێی پەیڕەوێکی تایبەتی و بە پێی گرنگی و سەرەکییەکان ئەو پارەی لەبەر دەستمان دایە بەو شێوەیە دابەشی بکەین لەبەر ئەوە سەیر نەکەین ئێستا هەر هەمان کەم و کوڕی لەم لاو لەو لا هەیە، ئەم کەم و کوڕیانە مانای ئەوە نییە کە ئێمە کەم تەرخەمیمان کردووە یان نامانەوێ ئەو کەم و کوڕییانە چاکەین، بەپێچەوانەوە ئەمانەوێ چاکی کەین ،و چاومان لێیەتی. بەڵام وتەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێ (العين بصيرة واليد قصيرة). ئەگەر دەستمان درێژ بوایە وەتوانای داراییمان هەبوایە نەمان ئەهێشت ئەمانە هیچی بەو شێوەیە

بمێنێتەوە، وەبەدڵنیایی نامێنێتەوە بەو شێوەیە. ئەمە یەکێکیان، خاڵی دووەم؛ کاک سیروان کاکەیی بابەتێکی باس کرد، ئەویش خاڵی پەنابەران کە ئۆردوگایان بۆ بکەینەوە. ئێمە بابەتی پەنابەرەکان لەکاتێکی تریشا باسمان کردووە، بابەتێکی کاتییە ئەزانین کۆشش و هەوڵمان تەنیا بۆ ئەوەیە بابەتی پەنابەرەکان بەو شێوەیە چارە بکەین کە بە شێوەیەکی بنبڕ بێت. بنبڕکردنی چارەکردنی بابەتی پەنابەرەکان گەڕانەوەیە بۆ سەر ماڵ وموڵکی خۆیان، بچنەوە شارەکانی خۆیان وە ئەمە بەشێوەیەک ئەبێ کە شەرعیەت هەموو هەرێم بگرێتەوە، تا ئەوە ئەبێ ئێمە هەوڵمان داوە لەهەمان کاتدا و بەپێی توانامان کە بتوانین گیروگرفتی پەنابەران چارەسەربکەین. بە بۆچوونی ئێمە ئێستاش تازەی ئەکەمەوە، جارێکی کە بەوە چارەسەر ناکرێت ئێمە ئۆردوگایەک بۆ پەنابەران بکەین و پەنابەر دوور بخەینەوە لە خەڵکی تر ئەوە لە ناو وڵاتی خۆیەتی. ڕاستە لە سلێمانی نییە ڕاستە لە چەمچەماڵ نییە، بەڵام لە هەولێرە لەشەقڵاوەیە لەسۆرانە لەناو میللەتی خۆیەتی، لەناو کەسی خۆیایەتی، ئەوە ئەبێ ئێمە ئەو پەیوەندییە و ئەو تێکەڵاو بوونە لەناو خەڵکی خۆیدا هەیەتی کەمی نەکەینەوە، بەڵام ئەگەر کێشەیەکی گەورە ڕووی دا، کۆمەڵێک خۆیان ویستیان بەو شێوەیە بژین ئەو کاتە هەوڵێکیان بۆ ئەدەین جیایان بکەینەوە، ئەگینا بنەمای جیاکردنەوە بنەمایەکی هەڵەیە. سەرەڕای ئەمانە هەمووی ڕێکەوتن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە خێر خوازەکان، ئێمە ڕێگای ئەوەمان کردۆتەوە داوامان نەخستووە، وتوومانە ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیاری (٩٨٦)، و خاچی سووری وڵاتان ئامادەبن ئۆردوگا بکەنەوە بۆ دەرکراوەکان، ئێمە ئەو کاتە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان زەویان بۆ تەرخان ئەکەین، خزمەتگوزاریان بۆ پێشکەش ئەکەین، ئاو و کارەبایان بۆ ئەبەین، هەروەها بەشێک لە خەرجیاتەکانیشی لە ئەستۆی خۆمان ئەگرین. هەرچی لە تواناماندا بوو ئەوکاتە پێش کەشی ئەکەین، بەڵام هەتا ئێستا هەنگاوی داواکاری کراوە، بەڵام وەڵامی ڕازی بوون (إیجابي) هەتا ئێستا لە سەدا سەد نەهاتووە لە هەندێ شتی بچووک نەبێت. ئەوە سەبارەت بە دەرکراوەکان کێشەیەکی تر هەیە، کێشەی قەرزەکان بەزۆر وەربگیرێ لەو کەسانەی بەناهەق پارەیان کۆ کردۆتەوە. ئێمە لەگەڵ ئەوە نین هەندێ شێوە بەکار بهێنین کە کاتی خۆی بەکار هاتووە، یان لە هەندێ سیستەمی ڕەها یان لەهەندێ سیستەمی دیکتاتۆریەت بەکار دەهێنرێت. هاووڵاتی ئازادە، ئازادە سەبارەت بە سەرمایەی خۆی، سەرمایەی خۆی چۆن بەکار بهێنێ مافی خۆیەتی، ئێمە ئەوەمان لەسەرە ئەگەر پێمان بکرێ هانی بدەین ئەو پارەیە لە وڵاتی خۆی بەرەزامەندی خۆی خەرج بکات. بەڵام ئەوە چۆن ئەکرێ؟ ئەمە بە جۆرێک ئەکرێ کە دیموکراتیەت بەر قەرار بێ یاسا بەر قەرار بێ هێمنی و ئاسایش هەبێ، کێشە روونەدا، شەڕی ناوخۆ نەبێ، واتە دامەزراندنێکی وا هەبێ کە هەر هاووڵاتیەک چ باش چ خراپ ئەو هەستە لە خۆیەوە بکات ئەمڕۆ ئەگەر پارەکەی خەرج کرد قازانج ئەکا نەک زەرەر ئەکات. بەو شێوەیە بە ڕاستی ئەزانم وە ئەوە ڕای کابینەی سێیەمە بە بڕوای من، خاڵێکی تر هەبوو ئەوەی کە لەسەر ڕاپۆرتەکەی برامان کاک جەمیل سندی،

بەڕاستی ڕاپۆرتەکەی زۆر زۆر چاکە، جێگای ڕێزە، وە دیارە لەم ماوە کورتەدا زۆر ماندوو بوون، خاڵ بە خاڵ پێیدا بچنەوە ژمێریاری ئەو هەموو بودجەیە بکەن وە هەمووی کۆبکەنەوە جارێکی تر بەراوردی بکەین لەگەڵ ساڵی پێشتر وە بزانین چی کەمە و چی کەم نییە لایەنە چاکەکەی دەربخەن، ئێمە زۆر سوپاسیان ئەکەین کە لە ڕاپۆرتەکەیاندا بە پلەی یەکەم لایەنە باشەکەی بودجەی هەرێم و ئەو کارەی وەزارەتی دارایی و هەموو حکومەتی هەرێم کردوویەتی دەریان خستووە، وە پێشنیارەکانیشیان لەڕاستیدا زۆر پێشنیاری چاکی تیادایە هی لیژنەی دارایی، تەنها تێبینیم هەیە لەسەر چەند خاڵێکیان، ئەویش وەکو تێبینیە ئەتوانین ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆی لەسەر بکەین، چونکە لەڕاستیدا ئەو پێشنیارانە نابن بە بڕیار، یەکێک لەوە چییە؟ بۆ نموونە (تشغيل كافة المعامل والمصانع بأقصى طاقتها الإنتاجية) ئەمە شتێکی گشتییە، ئەگەر بتوانین هەموو کارگەکان بەو پەڕی توانای بەرهەم هێنان بەکار بهێنین، شتێکی چاکە. بەڵام لە هەندێ کاتدا ئەمە بۆ بەبیر هاتنەوەیە، مەرج نییە هەموو کارگەیەک ئەگەر بەوپەڕی توانای بەرهەم هێنان بەرهەم بهێنێ، قازانجی هەبێ. ئەبێ بژمێرین چەند بەرهەم بهێنێ قازانجە، چەند خەرج ئەبێ، ئەوە شتێکە لەوانەیە جەنابیشتان دەرفەتی ئەوەمان ئەدەنێ بۆ پسپۆڕەکانم بەجێی بهێڵم کە لەبواری پیشەسازی و ئەو شتانە ئیش ئەکەن. سەبارەت بە کێشەی (إستغلال كافة الاراضي الزراعية زراعة حديثة مقننة). ئەوە ئاواتی ئێمەیە و پشتگیریان لێ دەکەین، و بەڕاستی ئەوە شتێکی گشتییە، واتە ناتوانین ئێستا ڕێ و شوێنی بۆ دابنێین. چۆن ئەیکەین؟ بۆ زانیاریتان، لەسەرەتایی ساڵی تازە کۆنگرەیەکی کشتوکاڵی دەبەستری بۆ باسی ئەمانەو بەردەوامین لەو هەوڵانە چ لە لایەنی (نظرى) چ بەکردەوە، هەوڵ بدەین کشتوکاڵ بەرەو پێشەوە بەرین. خاڵێکی تر هەیە، کاک سەعید باسی کرد لەڕاستیدا، کێشەی (تنفيذ المشاريع عن طريق التنفيذ المباشر دون اللجوء إلى إحالتها إلى المقاولين). ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە، و بابەتێکە لە ڕاستیدا خەڵک باسی ئەکا، خەڵک باسی چی ئەکات؟ ئەڵێ فەرمانبەران بە خواستی خۆیان ئەیکەن و ئەیخۆن. چونکە جێبەجێ کردنی ڕاستەوخۆ زۆرە، ئەندازیارە، ژمێریارە، ئەندامێکی بەڕێوەبەرایەتییە. لیژنەکە کە ڕاستەوخۆ جێبەجێی دەکات، ئەو پارانە بە جۆرێکی نەزانراوە خەرج دەکرێ. سروشتییە لێرە لە حکومەتدا دوو لایەن هەیە، لایەنی بازاڕی ئازاد، لایەنی ئیشی حکومەت هەیە. ئەوەی حکومەت ڕاستەوخۆ بۆ خۆی باشە بۆ فەرمانبەرانی باشە، ئەگەر قازانجێک هەبێت بۆ حکومەت و بۆ فەرمانبەرانی خۆی باشە، لایەنی تریش هەر قازانجەک هەبێت بۆ قۆنتەراتچی و بەڵێندەر بێت باشترە. واتە هەر دوولا لە ململانێیەکدان، یەکێک چاکەکەی پیشان ئەدا، ئەوی تریان خراپەکەی پیشان ئەدات، بەڵام ئێمە پاش لێکۆڵینەوەی ئەوە لە ئەنجوومەنی وەزیران، وپاش لێکۆڵینەوە لەگەڵ لیژنەکانی پسپۆڕو بەدواداچوونی خۆمان دوو، سێ شتمان بۆ دەرکەوت، یەکەمیان ئێمە کۆمەڵێک دام و دەزگامان هەیە، وەزارەتمان هەیە، ئیشیان جێبەجێ کردنی ڕاستەوخۆیە. بۆ نموونە ئاوەدانکردنەوە، ئەشغال و نیشتەجێکردن، ئیشیان جێبەجێ کردنی

ڕاستـەوخـۆیە. هەندێ دام و دەزگـامـان هەیە هەر ئیـشـێکی بدەینێ خـۆی نیـەتی ئەبێ بیـدا بە بەڵێندەر (مقاول)، خاڵێکی تر هەیە پێویستە لێرە سەیر بکرێ بابەتی جێبەجێ کردنی ڕاستەوخۆ و، جێبەجێ کردن بە بەڵێندەر بەڕێی کەم کردن (مناقصة).

یەکەم: جێـبـەجێ کـردنی ڕاسـتـەوخـۆ ئەندازیار یان ئەو لیـژنەیە ئەینووسێـتـەوە ئەڵێ ئەوەندەی تیـادەچێـتـەوە، وەجێگیـرە، ئینجـا ئەو نرخـە چەند جـارێک وردکـاری ئەکرێ تـاوەکو بزانرێت ئایا بەرزترە یاخود نزمترە، و بەربەرەکانی تێدایە یاخود تێیدا نییە، ئەوە ئەو کات ئەو بوارە نامێنێ، بەڵام ئەگەر بەڵێندەر بێ بە کـەم کردنەوەی ئاشکرا یان بە زیادکردنی ئاشکرا (المزایدة العلنیـة) بێت، ئەوا دەرگای بەربەرەکانی تێدا دەکرێتەوە، کە لە ئەنجامدا چەند لە نرخەکەی کەم بکرێتەوە، یاخود چەند لە خەرجیـەکانی کەم بکرێتەوە، ئەمە لە بەرژەوەندی حکومـەت دایە. خاڵێکی تریش هەیە جەخت دەکەم لەسەری ئەگەر بە بەڵێندەر بدرێت، بەمەرجێک لەرێگەی یاسایی و«أصولی» نەبێت، ولە رێگای بەڵێندەر بێت تۆ بواری ئەوەت هەیە ئەو ئیـشـە ڕەت بکەیەوە، بـواری ئەوەت هەیە پارەکـە بۆ قـۆنتـەراتچی خـەرج نەکـەی، بواری ئەوەت هەیە کـە جـەخـتی ئەوە بکەی ئەو بەڵێندەرە «تأمـینـات»ی بۆ دابنێ، بـواری ئەوەشت هەیە لە هەمـان کـاتدا ئەگـەر ئیـشـەکـە پاش ماوەیەک زەرەرێک یان کەم و کوڕیەکی تێدا هەبوو گەرەنتی سـاڵێ (٢)ساڵ (٣) ساڵ (٤)ساڵ (٥)ساڵی لێ وەر بگری. ئەم لایەنە باشانە هەمووی ئەگەر جێبەجێ کردنی ڕاستەو خۆبێ لەلایەن حکومـەتەوە بێت، ئەوا ئەو لایەنە باشـانەت هەمـوو لەکـیس دەچێ. لەبەر ئەوەی ئێـمـە ئەنجـامی کورتەی کارەکەمان وابوو، وامـان بڕیار داوە تائێستا بەو شێوەیە ئیشمـان کردووە،کە هەرشتێ سەر بەوەزارەتی ئەشغال یان ئاوەدانکردنەوە بێ ئەبێ جێبەجێ کردنی ڕاستەو خۆ بێ. چونکە پسـپۆری کاری خۆی ئەمـەیە، هەندێ دام و دەزگای تریشمان هەیە لە شارەوانی هەندێ دام و دەزگامان هەیە کـاری ڕاسـتـەوخـۆ دەکـەن لە بەڕێوەبردنی ناوخـۆی هەندێکمـان هەیە نایکەن، هەندێ دام و دەزگـا پسـپـۆری خـۆی هەیەکـە ڕاسـتـەو خـۆ ئەیکات، هەرچەنـدە هێـزی کـارکـردنیـان کـەمـە ئەوان وەکـو وەزارەتی ئەشـغـال و ئاوەدانکردنەوە نین. بۆ نموونە هەر کـارێ کـە لە (٥٠) هەزار دینار مـتـربێ مافی جێبەجێ کردنی ڕاستەوخۆی هەیە، و هەر کارێ زیاد لە (٥٠) هەزار بێ ئەبێ کەم کردنەوەی ئاشکرابێ و، لەگەڵ بەڵێندەر بێ ئەو کاتە فەرمانگەکە خۆشی ئەتوانێ بچێتە ناو کەم کردنەوەکە، واتا ئێمە تائێستا بەم شێوەیە کارمان کردووە وە من وای بۆ ئەچم تائێستا بەو شێوەیە سەرکەوتوو بووە، و من هەر ئەم تێبینیانەم هەبوو، وئەگینا خاڵەکـانی تر هەمـووی زۆر لە جێگەی خۆیەتی، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

سـوپاس بۆ جـەنابی سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیران، بەڕاسـتی پێـشنیـارەکـانی لیـژنەی دارایی و ئابوورییـە پابەند نییـە وەکو بڕیارێکی ترو، ئەو خاڵەی کە لەوانەیە شیـاوی گفـتوگۆکردن بێ، من زیادەیەک ئەخەمە سەر قسەکەی جەنابت ئەوەیە کە بۆ ئێمەو بۆ حکومەت بەشێـوەیەکی گشتی هەر

دووکی زەرەر نییە بەڵێندەر بێ یاخود جێبەجێ کردنی راستەوخۆ بێت. تۆ برێک لە سەرمایەکەت ئەدەی (رأس المال) وەکو لەسەرەتاوە باستان کرد، ئەمەش کاریگەریتی دروست دەکات. ئێمەش ئەمانەوێ لە راستیدا بازاڕ جموجۆڵی بکەوێتێ بەهەر شێوەیەک بێت. ئەو کەم وکوڕیەش کە کاک سەعید باسی کرد، لەوانەیە لە بەڵێندەریش دروست بێت هەمیشە لە جێبەجێکردنی راستەو خۆش دروست دەبێت، بەڵام هەر دووکی بەیەکەوە. ئەوە حکومەت دەستی کراوەیە، ئەوە راسپاردەیەکە لە لیژنەی ئابوورییەوە، ولە هەر جێگەیەک بوار هەبوو با بکرێت،مەبەست و ئامانج ئەوەیە خزمەتی ئەو بارودۆخە بکرێت کە تیایدا ئەژین، دیارە جەنابی وەزیری پەروەردە بەدواداچوونێکی هەیە، فەرموو کاک د.جرجیس حەسەن.

**بەڕێز د.جرجیس حەسەن/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها بۆ روون کردنەوە، بۆ بودجەی ئێمە کە ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین بودجەی داهاتووە؟ واتە ئەو لایەنە خەرج کراوە، یان چۆن خەرج کراوە؟ ئەوە روون نییە. لەبەر ئەوە ئەبێت کاک د.ناسح ڕەچاوی ئەوە بکات کە ئەڵێت، هەندێ قوتابخانە کورسی دانیشتنی تیادا نییە. لە جیاتی ئەوەی بڵێ زۆر قوتابخانە هەیە کە بێگومان هەموو پێداویستییەکانیان دابین کراوە، ئەڵێ قوتابخانە هەیە کە هێشتا پێداویستییەکانی دابین نەکراوە، ئەمە شتێکی سروشتییە. بەڵام ئەم کاتە هەموو قوتابخانەکان پێداویستی یەکانیان نەبوو، بەگشتیی ئێستا یەک دووەک ماوە ئەوەش زۆر سروشتییە لە هەموو جیهاندا شتی وا زۆر هەیە، وئەو گفتوگۆیە هەقە بکەوێتە سەر گفتوگۆی بودجە. بودجەی کۆن چەندە؟ وە چۆن دیاری کراوە؟ ئەگەر تێبینیەکی لەسەر ئەوە هەیە ئەوە هەقە بیڵێ! ئەوەی کۆتایی کە من ویستم بیڵێم پێویستە کە کاک د.گفتوگۆی بابەتێکی تایبەتی ئەکات ،با هەموو لایەنێک بگرێتەوە. نەوەکو لایەنێکی دیاریکراو لە گفتوگۆ و لەسەر ئەو لایەنە بچێ، و هەتا پێویست بوو باسی لایەنی تریش بکات چ ماموستایانە، چ دەرماڵە، چ ئەوەی هاتوچۆ، چ زیادبونە، و... هەتا دوایی. هیچ باسی ئەو شتانەی نەکرد! بەڵکو تەنها باسی چەن کورسی دانیشتن ماون و لەگەڵ هەندێ شتی دیاری کراو. دیسان من حەز دەکەم بڵێم کێشەکە ئەوە نییە ڕێژەی پلەکان کەم بووە لەوانەیە وەکو پێشان نەبوو بێ، چونکە لەم دووابییەدا هێمنی نەبوو، شەڕ هەبوو، شەڕ دەستی پێ کرد. رێژەکە ڕەنگە ئەو رێژەیە نەبێ، بەڵام رێژەی دەرچووی قوتابی زۆرتر بوو لە ساڵی پێشتر، لەبەر ئەوە ئەوەش شتێکی تر بوو حەزم کرد ئاماژەی بۆ بکەم هەر بۆ ئاگاداری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.جەرجیس، بەڵام لەوانەیە وەزیری پەروەردە لەگەرمەی گفتوگۆ شتێکی لەبیر چووبێ، بامن بیخەمەوە بیری. چەند برادەرێکی ئەندامانی پەرلەمان کە د. ناسح ئاماژەی بۆ کرد یەک دوو قوتابخانە لە هەولێرن وەکو نموونەیەکیان وەرگرتبوو سەیرم کرد کێشەی کورسی

دانیشتنیان هەیە، من بەش بەحالّی خۆم لەگەلّ جەنابی وەزیری پەروەردە قسەمان کرد بۆ خۆی ئەبوایە بیگوتبایە، دیارە کاتی خۆی بەلّێنیان پێدراوە لەلایەن یونیسێفەوە هەندێ کورسی دانیشتنیان بۆ تەرخان بکەن، ئەم سالّەی ک. چوو. بەلاّم دیارە ئەوەش بەستراوە بەبارودۆخی رۆیشتنی نەوت بەرامبەر بە خۆراکەوە، و لەوانەیە بەرهەم هێنانی کورسی دانیشتن و دروست کردنیان لەتوانای ئەواندا نەبێ، یان لە کەمتەرخەمی ئەو دەزگایە بێت. وابزانم لەگەلّ بەلّێنەکەی خۆیاندا رێک نەکەوتوونە، بۆیە وابزانم هەندێ لەو قوتابخانانە بێ بەش بوونە لەم کورسییانە، فەرموو بەرێز د.جەرجیس روونی بکەوە.

**بەرێز د. جەرجیس حەسەن/وەزیری پەروەردە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مرۆڤ هەردەم کە نەخشەیەک بۆ خۆی دادەنێ، بێگومان ئەو نەخشەیەش گشتی ئەبێت یونسێف و یونسکۆ بەلّێنی زۆریان بە ئێمە داوە، ئێمە هەندێ لایەنمان بە چاکتر زانیوە لە هەندێ لایەنی تر، چونکە یونسکۆ ئامادەی ئەکات، بەلّێنیاندا نزیکەی (٦٢٠٠٠) کورسی دانیشتن بدەن بە ئێمە بۆ ئەم سالّی خوێندن، واتە مانگی (٩) (٦٢٠٠٠) کورسی دانیشتن بە ئێمە بدەن. لەگەلّ ئەوەی بە بۆچونی ئێمە نزیکەی (١٥٠٠٠) کورسی دانیشتن تەواو ئەبوو، ئەمانە لە بەلّێنی خۆیان (٨٠٠) کورسی دانیشتنیان کردووە، لە کۆی (٦٢٠٠٠)، واتە بەمەش هەندێ قوتابخانە دەمێنن. ئێمە دووبارە خەریکین، ئێمە ئەو ژمێریاریەمان هەیە، دووبارە خەریکین بۆ چەند رۆژێکی تر ئێمە نزیکەی (١٠٠٠) کورسی دانیشتن بۆ ئەو قوتابخانانە ئەنێرین، ئەو قوتابخانەی کە د.ناسح ئەلّێ نازانم لەکوێیە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.جەرجیس، فەرموو کاک ئەمین.

**بەرێز ئەمین مەولود:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شانازییە کە بودجەی سالّی ١٩٩٨دا پێش هاتنی سالّی نوێ پێشکەش بە پەرلەمان کراوە، ئەمەش لەراستیدا ئەنجامی کۆششێکی گەورەیە، بەتایبەتی لەلایەن وەزیری دارایی و ئابوورییەوە. بەراستی بەدیهێنانی ئەو کارەش بەم شێوەیە گەلێک کۆسپ چارە ئەکات، کە جاران ئەهاتە رێی ئەنجوومەنی وەزیران، لەبەر دواکەوتنی بودجەی سالاّنە. لەراستیدا بودجە تەنها کۆمەلّە ژمارەیەک نییە کە بخرێتە بەردەم پەرلەمان بەلّکو کۆششێکی گەورەی ئەوێت، چونکە ئاوێنەیەکە سیاسەتی ئابووری و کۆمەلاّیەتی و خزمەتگوزاری و گەلێک لایەنی تری حکومەتیش دەردەخات، لەهەمان کاتدا رێگایەکە بۆ رێک خستن و هەروەها چاودێری کردنی کارەکانی هەموو دەزگاکان. دەربارەی راپۆرتەکەی بەرێز سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابوورییەوە بەراستی من ئەو سێ خالّەی کە بەرێز د.رۆژ باسی کرد، یەکەمیان لەبارەی کارگەکانە (تشغیل کافة المعامل و المصانع بأقصى طاقاتها

الإنتاجية). لام وايە لەم بارودۆخەی ئێمە ئێستا ئەوە ناکرێ، بەڵکو ئەبوایە بگووترایە بە(الطاقة المتاحة) چونکە لەپیشەسازی دوو وزە هەیە (الطاقة قصوى) هەیە لەسەر (طاقة التصميم) ی بینا ئەکرێ، وە (الطاقة المتاحة) هەیە کە بەپێی بارودۆخی ئەو کارگەیەی کە ئیشی تێدا ئەکات رێک دەخرێ. هەروەها خاڵی حەوتەمیش (إستغلال كافة الأراضي الزراعية زراعة حديثة مقننة) بەڕاستی لام وایە لەم بارودۆخەی ئێستادا نییە بەڵکو ئارەزووە. لەبارەی جێبەجێ کردنی راستەوخۆ وە کاک سەعید و بەڕێز د.رۆژیش باسیان کرد ئەمەوێ خاڵێکی تریش زیاد بکەم لەسەر ئەوە. هەندێک کار هەیە بە جێبەجێ کردنی راستەوخۆ ناکرێ، پێویستی بە پسپۆڕیەکی تەواوی هەیە، ناچار ئەبێ لەو کاتانە رێگەی زیاد کردنی (مزايدة) بگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەمین، ئەوەی لیژنە خوێندی وەکو ڕاسپاردەیە، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من گوێم لە ڕاپۆرتەکەی کاک جەمیل نەبوو چی وتووەوڕاپۆرتەکەی چۆنە. بەر لەوەی بێمە سەر قسەکانی خۆم زۆر بەگەرمی سوپاسی وەزیری دارایی ئەکەم لەرێگەی ئەوەوە سوپاسی هەموو هاوکارەکانی دەکەم کە هاوکاریان لەگەڵ کردووە بۆ رێکخستنی بودجەکە. هەروەها سوپاسی وەزارەتەکان و پسپۆڕەکانی دارایی لە وەزارەتەکان کە کاتێکی زۆری خۆیان سەرف کردووە، بودجەیەکی زۆر چاکیان ئامادە کردووە. من ئێستا قسەی برادەرێک دەکەم کە پێم وایە هێشتا نەیکردووە، کاک محەمەد حەسەن باڵەتە پێی گوتم، وتی ئەگەر بودجەکە وا باش و رێک و پێک نەکرابایە ئێمە نەمان دەتوانی بە چوار رۆژ ئیشی خۆمان تەواو بکەین. ئەمە قسەی ئەوە بەڵام چونکە زۆر بە رێک و پێکی کراوە هەر چەندە ئێمە زۆر بە بەردەوامی ئیشمان کرد بەڵام توانیمان ئامادەی کەین. من بە بۆچونی خۆم زۆربەی زۆری ئەو قسانەی کە لێرە کرا پەیوەندی بە بودجە نەبوو، وە ئەگەر ئێمە تەنیا ئیشە سەرەکیەکانی خۆمان کردبایە کە بودجە بوو ئەوا ئێستا نزیکی تەواو بوون بووین، هەندێ قسە کران پێویستیان بە پرۆژە هەیە، بۆ هیچ ئەندامێکی پەرلەمان نییە لەناو پەرلەمان پرسیار ئاراستەی وەزیری بکات، ئەبێ بە نووسین بێ، لەرێگای سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە بنێردرێ، و وەزیر خۆی ئامادە بکات، و لە جێگای کاک شەوکەت دابنیشێ، و وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان بریاریان داوە لەناو دڵی خۆیان کە یەک قسەی خێر نە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و نە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی بکەن. بە پێچەوانەوە خەریکن گومان بخەنە سەر هەموو شتێک ئەمەش پێم وایە لە ئەنجامی ئەم دیموکراتیەتەیە، مافی خۆیانە و با هەر ئەوها بن، بەڵام با شتی چاک بڵێین و ئێنجا بێنەوە سەر باسی خراپەکان.

وەزارەتی دارایی و کابینەی سێیەم پابەند نییە مووچەی سلێمانی و کەرکووک بدات، چونکە

یەکێک لەبرادەران گوتی پابەندە، نەخێر ئەو کات پابەندە کە داراییەکانی ئەویٚ هاتن بۆ ئێرە. بۆ نموونە، ئێمە باسی بودجە دەکەین دەڵێین ئەم وەزیرو ئەو وەزیر ئامادەنەبووە، ئەمە پەیوەندی بە کاری ئەمڕۆی ئێمە نییە. یان تاقیکردنەوەکان و ئەنجامی تاقیکردنەوەکان چاک بووە، یاخود خراپ بووە. ئەمە ئەبووایە بەنوسین ئاراستەی وەزیر بکرێت و ئەویش خۆی ئامادە بکات و پسپۆڕەکانی خۆی ئامادە بکات و بە تیرو تەسەلی وەڵام بداتەوە و بیسەلمێنێ کە چاکترە.

بەڕێز د. ڕۆژ، زۆربەی قسەکانی منی کرد، و ئەگەر من بیکەم ئەوا زیادەیە، سەبارەت بە زیادەی پەرلەمان، ئەو کاتەی کە داوای زیادەی پەرلەمانمان دەکرد نەک هەر ئەوەبوو، حکومەتی هەرێم ئەو کاتەش خەریک بوو زەوی بدات بە خەڵک، چونکە پارە نەبوو. دەیان گووت هیچ نەبێت لەبەر ئەوەی پارەمان لەبەر دەست نییە ئەوا زەویان پێ ئەبەخشین، تاوەکو ژیانی خۆیان پێ دابین بکەن. ئەو کاتەی کە ئێمە بریارمان دا بەهەموو جۆرێک خەرێکی ئەوەبوون کە هەوڵێک بدەن بژێوێک بۆ خەڵک پەیدا بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس ئەکەم سەبارەت بە تێبینیەکانی، کە ئێمە گوتمان (الطاقات الأنتاجية) مەبەستم ئەوەیە ( التي فيها جدول الاقتصادية) وە بۆ (التنفيذ المباشر) کەنەدرێت بە بەڵێندەر(مقاول)، مەبەستمان وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی و بەشەکانی ئەندازیارییە لە زانکۆکان. ئەوەندەی بکرێت با لە ڕێگای جێ بەجێکردنی ڕاستەوخۆ بێت(التنفيذ المباشر). ئەگەر نەکرا ئەوا پاشان بدرێت بە بەڵێندەر(مقاول).

بۆ نموونە هەندێک وەزارەت وەکو وەزارەتی ئەوقاف کە بەشی ئەندازیاری نییە ئەوە ئەتوانێت بەرێگای مەقاول بکات، من لەم ڕووەوە لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانم. بەڕێز د. جەرجیس فەرمووی من ڕازی نابم بە بەراورد و بەڕێزیان ڕاست دەکات، چونکە باری پەروەردە لەساڵی ۱۹۹۳و ۱۹۹٤ شەڕ و ئاژاوە بوو نێوان کارمەندانی وەزارەت. وە ئەو کاتەی کە پارتی چوو بۆ شەقڵاوە، هەر تووشی شەڕو ئاژاوە هاتین. ئێستا وەزارەت بە ڕێگایەکی یاسایی کاردەکات، ومن پشتگیری بەڕێز د.جەرجیس ئەکەم کە لە لایەنی بەڕێوەبەرایەتی ئێمە ناتوانین بەراوردی بکەین، بەڵام لەلایەنی دارایی مافی لیژنەی ئابووریە کە ئەم بەراوردە بکات، لەساڵی ۱۹۹۳ کۆی بودجەی هەرێمی کوردستان («۰۰۰ ۰۰۰ ۲٤۲و ۱»یەک ملیارو دووسەدو چل و دوو ملیۆن) بوو کە ئەو کات وەزارەتی پەروەردە لە بودجەی گشتی ٪ ۱٥ی وەرگرتبوو، وە ئێستا کە بوو بە

(سێ ملیـارو هەندێک) هەمـان ڕێژەی وەرگـرتووە کـە ٪۱٥، لەلایەنی دارایی هەمـان ڕێژەی وەرگرتووە.
بەڵام لەلایەنی بەڕێوەبەرایەتی من لەگـەڵ بەڕێز د. جـەرجـیس دام کـە نابێت بەراورد بکرێت. سەبارەت بەو چەند پرسیـارەی کە بەڕێز ئیبراهیم سەعـید کردی، بۆ لیـژنەی دارایی و ئابووری، یاسای وڵات بەخۆی بەروبومەکانی بەشێوەیەکی یاسایی ئەپارێزێت، واتە پێویست بە یاسایەکی تایبەت ناکات. وە سەبارەت بە قسەکەی کە دەڵێت لە ئەنجامی ئەم شەڕە دەوڵەمەندی زۆر پەیدا بوون، بەڕێز ئیبراهیم سەعـید یاسای باجی عێراقی ئەوەی ئێمە لەسەری ئەڕۆین هەر لەخۆیدا (تصاعدي)یە واتە ئەوەی زۆری قازانج کردووە یان زۆر دەوڵەمەند بووە ئەوا ڕێژەیەکی زیاتر باجی لێ ئەسێندرێت، وە ئەمیش بەپێی یاسا دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس بۆ کاک جەمیل، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محـەمـەد حـەسـەن باڵـتە:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

هەرچەند ئێمە لە گفتـوگۆ لەسەر بابەتی بودجە دەرچووین وە من دووپاتی قسەی کاک فرەنسۆ ئەکەم، و من سەرۆکی لیژنەی یاسام و ئەندامی لیژنەی دارایی و ئابووریم، هیچ کاتێک بودجە بۆ پەرلەمـان نەهاتووە. لەگەڵ ئەوە من ئەڵێم کاتەکەی دواکەوتووە، بەڵام بەر لە ساڵی دارایی بوە. ئێمە لە لیژنەی دارایی زۆر ماندوبووین توانیمان ئەم بودجەیە بەچوار ڕۆژ تەواو بکەین، و ئەمەش مـانـای ئەوەیە کـە وەزارەتی دارایی و ئابووری زۆر مـاندوبووە و بودجـەکـە زۆر بەڕێک و پێکی هاتووە و هیچ هەڵەیەکی تیایدا نەبووە، لە هیچ لایەنێک.
ئەمەش جێگای ڕێز و سوپاسە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری، وە سێ تێبینیمان هەبوو ئەیخەینە بەردەم بەڕێزتانەوە، لەوانـەیە ڕاست بێن لەوانەیە هەڵەبێن. بەڵام بەر لـەوە یەک بەدوواداچوونم هەیە لەسەر قسەکانی کاک ئیبراهیم و کاک ئەمین مەولود، کە ئەڵێت(تنفـيـذ المشـاريع عن طريق التنفيذ المباشر) ئەوەش پێشنیارێکە ئێمە پێشکەشی ئەکەین و حکومەت پێیوە پابەند نییە. و هەروەها بەڕێز د. ڕۆژ ڕوونی کردەوە، کە ئەڵێین (التنفيذ المباشر) جێ بەجێ کردنی ڕاستەو خۆ لایەنی چاک و لایەنی خراپی هەیە وڕەوانە کردن بۆ (مقاول) ئەویش لایەنی چاک و خراپی هەیە، هەڵسـەنگاندنی ئەمـە هەمـووی ئەگـەڕێتەوە بۆ حکومـەت من ناتـوانم هەڵی بسـەنگێنم، و ئـیـتـر سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس بۆ کاک محەمەد، دێینە سەر پرۆگرامی بودجە، خودی ژمارەکان، «باب»ی دوو دەست پێ ئەکات، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب الثاني(رئاسة مجلس الوزراء حسب الاقسام).

١- ديوان رئاسة مجلس الوزراء «٠٠٠ ٨٥٩ ١٠٢ »دينار.

٢- جامعة صلاح الدين «٠٠٠ ٠٩٧ ٥٨ »دينار.

٣- جامعة السليمانية «٠٠٠ ٧٥٧ ١٧ »دينار.

٤- جامعة دهوك «٠٠٠ ٢٥٢ ٢١ »دينار.

٥- المعهد الفني ـ أربيل «٠٠٠ ٢٦١ ٧ »دينار.

٦- المعهد الفني ـ السليمانية «٠٠٠ ٧٠٩ ٥ »دينار.

٧- المعهد الفني ـ دهوك «٠٠٠ ٤٧٧ ٢ »دينار.

٨- مديريات الأحصاء «٠٠٠ ٦٧٤ ١ »دينار.

٩- دائرة القبول المركزي «٠٠٠ ٥٠٤ ١ »دينار.

١٠- رئاسة هيئة المعاهد الفنية «٠٠٠ ٧٨٨ ١ »دينار.

١١- مطبعة جامعة صلاح الدين «٠٠٠ ٧٥٦ ٤ »دينار.

١٢- مؤسسة الشهيد« ٠٠٠ ٠٤٢ ١٢٣ »دينار.

مجموع الباب «٠٠٠ ١٧٦ ٣٤٨ »دينار، وە هیچ تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، چ تێبینییەک هەیە، تەنها کاک د. ڕزگار، فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تێبینی ئەم ژمارانە بکەین کە هاتوون و سەیری بکەین، ئەبینین کەوا زانکۆی دهۆک و پەیمانگای دهۆک ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ زانکۆو پەیمانگای هەولێر ئەوا سێ یەکی ئەوان دەرئەچێت. لەگەڵ ئەوەی زانکۆی دهۆک زانکۆیەکی ساوایە تازە دەستی پێ کردووە و هەمووشتەکانی تازەن و پێویستی بە خەرجی هەیە، وە زۆر بەشی نوێتر کراونەتەوە پێویستیان بە ئامێرو کەل و پەلی نوێ و تازە هەیە و زیاد لەمەش تاقیگەکانیان لە سفرەوە دەستی پێ کردووە، ئێستا لەوانەیە تاقیگەیەک بە بنەمای زانستی نییە لە دهۆک. بۆیە ئەگەر خەرجی زیاتر نەکرێت لەوانەیە پێشکەوتنی ئەم زانکۆیە زۆر بەسستی بێت،ئەم برە پارەیە بۆ زانکۆی دهۆک کەمە بۆیە من پێشنیار ئەکەم بری پارەکە زیاد بکرێت، تاوەکو ئەم زانکۆیەش بتوانێت پێشکەوێت و پەرەبسێنێ و بتوانێ زیاتر خزمەتی قوتابیان و خزمەتی زانست بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، من یەک تێبینیم هەیە بۆ گشت برادەران لەوانەیە ئەم بابەتەی د. ڕزگار باسی کرد لە زۆر جێگای تریش دووبارە ببێتەوە. ئێوە لەیادی مەکەن پلانی (إستثماری)یش هەیە وە بودجەی پلانیش (میزانیة الخطة)یش هەیە، و ئەگەر بکرێت بەشێک لەمانە پێویستی بوو ئەوا ئەوان ئەتوانن لەوێ بیگوازنەوە، ئەم هەموو ژمێریاریە کراوە لێرە شتێک دانراوە و لە جێگایەکی تر شتێکی تر هەیە، فەرموو بەڕێز وەزیری دارایی بۆ وەڵام دانەوە.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە پرسیارەکەی کاک د. ڕزگار، هەروەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی ئاماژەی بۆ کرد، کە لە پلانی ساڵانە بڕی «١٠ ٠٠٠ ٠٠٠، دە ملیۆن» دینار ڕەچاو کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەو بەراوردەی کاک د. ڕزگار باسی کرد نێوان هەردوو زانکۆی سەلاحەددین و زانکۆی دهۆک، بەراوردەکە بەم شێوەیە ناکرێت. چونکە ئەم بڕەی (٥٨ ٠٩٧ ٠٠٠)ملیۆنەی زانکۆی سەلاحەددین لەوانەیە لە٧٥٪ زیاتر تەنیا مووچەکان بێت وە خەرجی ناو زانکۆ بێت. زانکۆی سەلاحەددین گەورەترین زانکۆی هەرێمە و گەورەترین ژمارە فەرمانبەری هەیە، گەورەترین ژمارە قوتابی هەیە وگەورەترین بڕی پارەی پێویستە بۆ ئەوەی کاروباری خۆی بەڕێوە ببات.

زانکۆی دهۆک ژمارەی فەرمانبەرانی کەمە و ژمارەی قوتابیانی کەمە و خەرجیە سەرەکیەکانی خۆی کەمە. بەڵام ئەگەر بێتو ئێمە بێین سەیر بکەین چیمان بۆ پرۆژەکان داناوە، بۆ زانکۆی دهۆک بەرامبەر بە زانکۆی سەلاحەددین لەوانەیە بەشی دهۆک زیاتر بووە وگرنگی و بایەخ دان ئەگەر بێتو بەراوردی بکەین لەوانەیە زیاتر بەر زانکۆی دهۆک کەوتووە، بۆیە بەراورد بەم شێوەیە ڕاست نییە. وە هەروەها سەبارت بە پەیمانگای دهۆک پەیمانگایەکی زۆر بچووکە، بەڵام پەیمانگای تەکنیکی هەولێر زۆر گەورەیە. بۆیە ئەگەر بەچاو سەیری ئەم ژمارانە بکرێت بەشی زۆری بۆ مووچەو خەرجیە سەرەکیەکان ئەچێت ئەو کات ئاشکرا ئەبێت کە مافی هیچ لایەک نەخوراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د. ڕزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ بۆچونی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری دارایی، بێگومان مەبەستمان لەم بەراوردە نییە، بەڵکو داواکاری من ئەوەیە کە ئەو برە پارانەی کە دانراوە بۆ زانکۆی دهۆک کەمە. چونکە دام و دەزگاکانی زانکۆی دهۆک پێداویستە زانستیەکانی زۆر کەمە، و دووبارەی ئەکەمەوە ئەو برە پارانەی کە تەرخان کراوە بۆ زانکۆی دهۆک من مەبەستم ئەوە نەبوو کەوا برێکی کەم دانراوە، بەڵام زانکۆی دهۆک زیاتر لەمەی پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو بەڕێز کاک شەوکەت وەڵامی ئەداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەوەی کاک د. ڕزگار گووتی، برای بەڕێز کاک د. ڕۆژ وەڵامی دایەوە بەتەواوی، بەڵام شتێکی تر هەیە ئەبووایە کاک د. ڕزگار ئەمیشی باس کردبایە، ئەویش ئێمە وەکو پارتی چەند پشتگیری ئەم زانکۆیەمان کردووە. ئەمە لە لایەک وە لەلایەکی تریش من ئاماژەم بۆ کرد کەوا پارەی پێویستی بۆ تەرخان کراوەو نزیکەی (٧٠٠٠٠٠٠ حەوت ملیۆن) دینار لە «باب»ێکی تر ڕەچاو کراوە و ئەگەر بەڕێزیان بڕوا ناکەن دیسان داوا لە کاک ڕەشید ئەکەم ڕوونکردنەوەی پێویست بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، باوەڕکەم لای د. ڕزگار ڕوون بووەوە، سوپاس، ئەم خاڵە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە... ؟ کێ لەگەڵ نییە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب الثالث (وزارة التربية).

١- ديوان الوزارة «٢٥٠٨٧٠٠٠»دينار.

٢- المديريات العامة للتربية في المحافظات «٤١٧٣٥٢٠٠٠»دينار.

٣- مطبعة وزارة التربية «١٠٩٨٤٠٠٠»دينار.

مجموع الباب «٤٥٩٨٥٣٠٠٠»دينار، وە هیچ تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینیەک هەیە؟ کاک ئەکرەم عاشور، کاک عەلی حسێن کەمال و کاک د. ناسح، دەیانەوێ قسە بکەن. فەرموو کاک ئەکرەم.

**بەڕێز ئەکرەم عاشور عەودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکی تەکنیکی مان هەیە، نوسراوە (المبالغ)، چونکە هەمانە دینار وە هەمانە دۆلار، بۆیە بەڕای من بنوسرێت ( المبالغ بالدینار) لەسەر هەموو بابەتەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەمە دووایی چاک ئەکرێتەوە، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردە، (٤١٧ ٣٥٢ ٠٠٠ملیۆن) نازانم ئەم برە پارانە ئەگەر لە تواناداب‌یٚ زیاد بکرێت و ئەگەر بێتو وەزارەتی پەروەردە ئەو کەم و کوڕیەی هەیە لە قوتابخانەکانی شاری هەولێردا بەتایبەتی کورسی دانیشتن(رحلە) و سوتەمەنی، ئەگەر بکرێت ڕەچاوی ئەمەیان کردبێت ئەوا شتێکی زۆر باشە، وە ئەگەر ڕەچاو نەکرابێت ئەوا بۆی بکەن. چونکە لەگەڵ برای بەڕێز کاک سەعید پێش ماوەیەک سەردانی چەند قوتابخانەیەکمان کرد لە چەند جێگایەک لە شاری هەولێردا، بەڕاستی قوتابی لەسەر زەوی دانیشتوون، نیوەی ساڵە سووتەمەنی دابەش نەکراوە، جا ئەگەر چارەسەری ئەم گرفتە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک حسێن، فەرموو کاک د. ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بەڕێوەبەریەتیە گشتیەکان( المدیریات العامة) وا هەست ئەکەم ئەم برە پارەیە لەوانەیە کەم بێت، چونکە بەڕاستی گیروگرفتی پەروەردە وەکو باس کرا گیروگرفتی زۆریان هەیە، ئەگەر ئەم برە پارەیە زیاد کرابووایە خراپ نییە. سەبارەت بە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپخانەیەکی کۆنە پێویستی بە چاککردنەوە هەیە من وا هەست ئەکەم ئەم «١٠ ٠٠٠ ٠٠٠ملیۆن »دینارەی کە دیاری کراوە بۆ چاپخانە برێکی کەمە، بۆ نموونە (٨ ٠٠٠ ٠٠٠)هەشت ملیۆن پەرتوک پێویستە بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن وە لەوانەیە ئێستا (٤ ٠٠٠ ٠٠٠) چوار ملیۆن پەرتوک بوونی نەبێت واتە پێویستە چوار ملیۆن پەرتوک لە چاپ بدرێت، وە چاپ دانی ئەم هەموو پەرتوکە پێویستی بە برێکی زۆری پارە هەیە، بۆیە تکام وایە ئەگەر هەندێکی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەگەر بەڕێز وەزیری پەروەردە چ بەدواداچونێکی هەیە، فەرموو کاک د. جەرجیس.

**بەڕێز د. جەرجیس حەسەن/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من سوپاسی هەردوو بەڕێزان ئەکەم وە سوپاسی کاک د. ناسح ئەکەم، بەڕاستی برادەرانی ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی دانیشتوون و بودجەکە زۆر بەرێک و پێکی دانراوە ئێمە گەیشتین بەو ڕادەیەی کە ئەگەر هەر شتێک زیاد بکرێت ئەوا گرفت ئەخاتە بودجەی گشتی. لەبەر ئەوە ئێمە بە بودجەی خۆمان ڕازین و سوپاسی وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەکەین کە ئەوەندەشی بۆ تەرخان کردووین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەر لەوەی بەڕێز وەزیری دارایی وەڵام بداتەوە سەرەتا ڕوونکردنەوەیەکی کرد پێم چاکە دووبارەی بکاتەوە کە بۆ دانانی ئەم بودجەیە لەگەڵ وەزارەتەکاندا دانیشتون و هەموو وەزارتەکان ئامادەبوون وخۆیان دانیشتون و خۆیان گفتوگۆیان کردوە لەگەڵ پسپۆرەکانی خۆیان و دوای چەندو چۆنێکی دوور و درێژ گەیشتونەتە ئەم ژمارانە، و وابزانم لیژنەی دارایی ئێمەش لە بەشێکی زۆری ئەم گفتوگۆیانە ئاگادارن، من لەڕێگای ئەوان و لەڕێگای وەزیری داراییەوە هەندێک زانیاریم هەیە لەسەر ئەم بابەتە. بۆیە ئەو برادەرانەی کە گفتوگۆ لەسەر ژمارەکان ئەکەن با ئاگاداری ئەم بارەبن، فەرموو کاک شەوکەت.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش هەمان تێبینیم هەبوو دەم ویست دووبارەی بکەمەوە، سەبارەت بە وەزارەتی پەروەردە هەروەک لە ڕاپۆرتەکەش ئاماژەمان بۆ کرد (٣٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دینار لەبەر چاوگیراوە لە پلانی ساڵانەی ١٩٩٨، تەنها «٩٠ نەوەت»ملیۆن دینار بۆ کەل و پەل و ئامێرەکانی چاپخانە لەبەر چاو گیراوە «٢٠٠دووسەد»ملیۆن دیناریش بۆ پەرتوک وە «١٠دە» ملیۆن دیناریش بۆ باڵەخانە،

ئینجا ئەم برە پارەیە بەش ئەکات ئەگەر یەزدانی مەزن پشتیوان و هاوکارمان بێت ئەوا بێگومان هەموو گیروگرفتەکان چارەسەر ئەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری دارایی، تێبینیەکان تەواو بوون، ئەیخەینە دەنگدانەو، کێ لەگەڵ «باب»ی سێیەمە ....؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە ....؟ سوپاستان ئەکەین، بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب الرابع ( وتزارة الاشغال والاسكان).

١-د يوان الوزارة(٠٠٠ ٠٧٨ ٨)دينار.

٢- تێبینیەکمان هەیە سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەشغاڵ، مادەی سێ کە (صیانة الطرق والجسور)کە سەیرمان کرد بینیمان کەمە بۆیە ئەگەر هەموار بکرێت وەک ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەناو خشتەکانی ئێمەدا هەیە، (صیانة الطرق) وەزارەت بەخۆی (٠٠٠ ٠٠٠ ١٢ملیۆن)ی داواکردووە، وەزارەتی دارایی نازانم (٠٠٠ ٢٠٠و ١)ی دەست نیشان کردبوو، ئێمە وَامان بە چاک زانی دوایی دانیشتن لەگەڵ هەردوو وەزارەتدا وە گرنگی بەڕێوەبەرایەتی (صیانة الطرق) زۆرە بۆیە ببێت بە (٠٠٠ ٠٠٠ ١٢ملیۆن)دینار، لەگەڵ ئەمەشدا کۆی گشتی ئەبێتە (٠٠٠ ٠٨٠ ٣٠)دینار.

٣- (مدیریات الطرق) هەوەکو خۆی ماوە دەستمان لێی نەداوە(٠٠٠ ٢٣٠ ٢١)دینار، کۆی گشتی ئەکاتە(٠٠٠ ٣٨٨ ٥٩)دینار دووای ئەو گۆڕانکاریە، وە هیچ تێبینی ترمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک جەمیل، ئەوانەی ئەیانەوێ قسە بکەن، کاک د. ڕزگار، کاک ئیبراهیم سەعید، فەرموو کاک د. ڕزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی سوپاسی بەڕێز وەزیری دارایی ئەکەین کە بەڕاستی بایەخێکی زۆری داوە بەم لایەنە، چونکە ڕێگاو بانەکانی هاتوچۆی کوردستان دیارە چ بایەخێکی پێدراوە، وە ئێمە پشتگیری لە تێبینی لیژنەی دارایی ئەکەین. چونکە بەڕاستی و بەتایبەتی ئەم ڕێگایەی وەکو سەرچاوەی ژیانە نێوان دهۆک و هەولێر و ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر ئەم بڕە پارەیە بکرێت ئەوا بێگومان ئەم ڕێگایە چاککردنەوەی باشتری تیادا دەکرێت و کار ئەکاتە سەر هاتوچۆی هاووڵاتیان، وە دووبارە داوا لەوەزیری دارایی ئەکەم ئەگەر ڕەزامەندی بفەرموێت لەسەر ئەم هەمووارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. ڕزگار، فەرموو کاک ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە پرۆژەی ڕێگای دهۆک ـ هەولێر، وە ئێستا ئەو ڕێگایەی کە ئێمە پێیدا دێین ڕێگایەکی درێژە، ئەم پرۆژەیە ڕێگاکە زۆر کورت ئەکاتەوە، وە ئەوەی من گوێم لێ بووە لە «ئێفرازەوە تا گردە سینە» ، ئەگەر وەزارەتی ئەشغال بۆمان روون بکاتەوە، چونکە دوو سێ ڕێگای تری کورت لەهەمان ڕێگادا هەیە کە لە«دهۆک» دەردەچی بۆ «زاویتە»و دێیە «پێدە» بۆ «ئەتروش» ،ئەوا ڕێگاکە کورت ئەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە ئێوە پشتگیری لە پێشنیاری لیژنەی دارایی و ئابووری ئەکەن؟

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئێمە پشتگیری لە پێشنیاری لیژنەی دارایی و ئابووری ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس، کاک یونادم ئەگەر ڕوونکردنەوەی هەبێت بۆ برادەران فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاسێکی بێ پایان بۆ هەموو برادەران و بەتایبەت بەڕێز وەزیری دارایی و هەموو برادەران کە یارمەتیەکی زۆریان داوین وە ئێمەش توانیمانە ئەو ئەرکەی لەسەر شانمانە جێ بەجێی بکەین. سەبارەت بە بودجە من تەنها تێبینیەکم هەیە ئاراستەی بەڕێز کاک شەوکەت ئەکەم.

ئەم بودجەیە لەم ڕۆژەیەی کە ئامادە کرا وەکو بەڕێزیان ئاماژەی بۆ کرد لە مێژووی ٦/٣٠ وابزانم پشت ئەستوور بوو بە نیوەی ساڵی یەکەم، لێرەدا ئەمەوێ ڕوونکردنەوەیەک بکەم بۆ برادەران، ئێمە لە مێژووی ٦/٣٠ دوو کارگەی قیرتاومان هەبوو کاری ئەکرد، ئێستا هەشت کارگەمان ئیش ئەکات. دوای ئەمە یەک تەن قیرتاو نەمابوو لەناو «جفرە»کانی کوردستاندا ئێستا هەمووی پڕن لەقیر.

کاتی ئیش ئەتوانم بڵێم لەنیوەی تێپەڕ ببوو ئەوجا ئێمە دەستمان بە ئیش کرد لەبەر ئەوە پسپۆران لەوەزارەتی دارایی سەیری ئەمەیان کردووە، وە ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە نەمان توانی ئەو کات ئیشێکی ئەوها بکەین ئەویش لەبەر نەبونی قیر و کارگەکان، لەبەر ئەوە نەوەک لێرە بەڵکو لە شوێنی تر هەندێکی تریان هێنایە خوارەوە وە من ئومێدەوارم ڕازی بن لەسەر ئەم پێشنیارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری ئەشغاڵ و نیشتەجێ کردن، جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری فەرموو.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئێمە ڕاوبۆچونی تایبەتمان هەبوو لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمان، پێشەکی زۆر سوپاسی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم لەسەر ئەو هەڵسەنگاندنەی کە لەسەر بودجەی پێشنیار کراوی ساڵی ١٩٩٨یان کردووە، ئەمەی خوارەوە وەڵامی ئێمەیە لەسەر ئەو گۆڕنکاریانەی کە داوایان کردووە لەسەر بودجەدا بکرێت:

سەبارەت بە پێشنیاری لیژنەی دارای و ئابووری لەسەر وەزارەتی ئەشغاڵ و نیشتەجی کردن واتە

بەشی دووەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەشغاڵ فەسڵی چوارەم، مادەی سێیەمی پاراستنی ڕێگاو پرد ئەمەی خوارەوە وەڵامی ئێمەیە:

یەکەم ـ بۆ پاراستنی ڕێگاو پرد، ئەم برانەی خوارەوە لە وەزارەتی ئەشغاڵ و نیشتەجێ کردن تۆمارکراوە:

١ـ بڕی(٠٠٠ ٢٠٠ ١یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار)لە بەڕێوەبەرایەتی یەکانی ئەشغال.

٢ـ بڕی(٠٠٠ ٢٠٠ ١یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار)لە بەڕێوەبەرایەتی یەکانی ڕێگا.

واتە بەگشتی بڕی(٠٠٠ ٤٠٠ ٢دوو ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار بۆ ئەم بابەتە لە هەردوو بەشی «٢و٣»ی وەزارەت تۆمار کراوە.

بۆ ئاگاداری بەڕێزتان لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بەگشتی(٠٠٠ ٦٥٠ ١یەک ملیۆن و شەش سەد و پەنجا هەزار دینار) بۆ ئەم مەبەستە دانراوە، ئێمە دوای گفتوگۆ کردن لەگەڵ بریکاری وەزارەت و پسپۆرانی دارایی و بەڕیوەبردنی وەزارەتی ئەشغال بە ڕەزامەندی هەردوو لا گەیشتینە ئەم ڕێکەوتنە کە ئەم بڕە پارەیە بکرێتە(٠٠٠ ٢٠٠ ١ یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی و ئابووری پەسند ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەم «بابە» ئەخەینە دەنگدانەوە، بە زیادەبوونی پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی و ئابووری، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاستان ئەکەین، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب الخامس « وزارة الزراعةوالري » :

١- ديوان الوزارة(٠٠٠ ٥٧٧ ٣)دينار.

٢- المديرية العامة لزراعة-أربيل(٥٠٠ ٦٦٧ ٢٤)دينار.

٣- المديرية العامة لزراعة-السليمانية(٠٠٠ ٤٧٨ ٣٢)دينار.

٤-المديرية العامة لزراعة- دهوك«تێبینیەکمان لەسەر فەسلی شەش مادەی دوو هەیە کە ئەویش(التعويضات)ە، لەم بەشە یاخود بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ داوای(٠٠٠ ٢٠٠) دوو سەد هەزار دیناری کردبوو کە مافی خەڵکە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ، بەداخەوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی ئەمەی کوژاندۆتەوە، وە داواکاری لیژنەی دارایی و ئابووری ئەم بڕە پارەیە بگەڕێتەوە، بەم شێوەیە کۆی گشتی فەسلی شەشەم ئەبێتە (٠٠٠ ٢١٠دووسەد و دە هەزاردینار) وە کۆی بەش ئەبێتە

(٠٠٠ ٧٩٣ ٩)دینار، واتە تەنیا (٠٠٠ ٢٠٠ دووسەد هەزاردینار) کە بۆ قەرەبۆکردنی (تعويض) خەڵک بگەڕێتەوە.

٥- المديرية العامة لزراعة- كركوك (٠٠٠ ٩٠٤ ٨)دينار.
٦- المديرية العامة للتبوغ (٠٠٠ ٧٤٣ ٣).
٧- شركات حفر الأبار (٠٠٠ ٨٩٤٣).
٨- المديرية العامة للري والبذل (٠٠٠ ١٨٤ ٨).
٩- المديرية العامة للبيطرة والثروة الحيوانية (٠٠٠ ٨٤٩ ٨).
١٠- المديرية العامة للخدمات الزراعية (٠٠٠ ٣٠٠ ٢).

به زێدەكـردنی ئەم (٠٠٠ ٢٠٠ دووسەد هەزار دینار)ە ئەگەر بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری ڕەزامەندی لەسەر بكات و ئەندامانی پەرلەمان پەسندی بكەن ئەوا كۆی گشتی وەزارەتی كشتوكاڵ ئەبێتە(٥٠٠ ٤٣٨ ١٠٩ ١)وە هیچ تێبینی ترمان نییە، سوپاس.

**بەڕێزی سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، لەسەر ئەمە كێ ئەیەوێ گفتوگۆ بكات، كاك محەمەد، كاك ئەمین مەولود، كاك د. ڕزگار، فەرموو كاك محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێزی سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕوونكردنەوەكەی من تەنیا لەسەر ئەم (دووسەد هەزار دینارە)یە،كە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵی دهۆك داینابوو، و وەزارەتی دارایی لای برد، ئەوە سێ بڕیاری دادگاكان هەیە لە كاتی خۆیدا من پێشكەشم كرد بە بەڕێز وەزیری دارای و بەڕێز د. ڕۆژ لە دهۆك لە نووسینگەی پەرلەمان. ئەوە بڕیاری دادگایە دەرچووە و جێ بەجێ كراوە و مافی هاولاتیانە ساڵی پار من گەڕامەوە لای كاك ڕەشید بۆ ئەمە، گوتی ئەمە لە بودجە دانەنراوە، ئەم ساڵ چوومە بەڕێوەبەرایەتی كشتوكاڵ ئەم (دووسەد هەزار دینار)ە كە خۆی لەڕاستیدا(٠٠٠ ١٨٠ سەد و هەشتا هەزار دینار)ە، دایان نابوو بۆ ئەوەی بڕیارەكانی دادگای پێ جێ بەجێ بكەن، بۆیە تكام وایە لەجەنابی وەزیری دارایی ڕەزامەندی لەسەر ئەمە بكات، سوپاس.

**بەڕێزی سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێزی سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم (٠٠٠ ٢٠٠ دووسەد هەزار دینار)ەی كە كاك محەمەد باسی كرد، بەڕاستی ئەگەر لەهەولێر و شارەكانی تریشدا بابەتی ئەوها هەبێت باشتر وایە لاببرێت و لەهەموو پارێزگاكاندا بەیەك بڕیار چارەسەر بكرێت و من پشتگیری بۆچوونی وەزارەتی دارایی ئەكەم. دووەم لە برگەی شەشدا، ئەوەی ڕاستی بێت لەكۆنەوە ڕژێم زۆر هەوڵی دا كەوا بایەخی دەزگای توتن كەم بكاتەوە، ئەوەبوو لەكاتی خۆیدا دەزگایەك بوو بەسترابوو بە وەزارەتی كاروباری باكوور بەناوی (إدارة إنحصار

التـبـوغ)، وه ڕژێم بۆ کەم کردنەوەی بایەخی توتن کە بەرهەمێکی نەتەوایەتیە هەوڵی دا کە ناوەکەی بگۆڕی و ئەگەر ئێستا ئێمە بگەڕێینەوە سەر ئەوە، ئەوا بەڕاستی بە شتێکی ڕاستی نازانم و پێشنیار ئەکەم کە ناوەکەی بگۆڕدرێتەوە بۆ ناوەکەی پێشووی، چونکە کاتی خۆشی هەر دەزگایەکی تایبەتی بوو بە توتن. پەیوەندیەکی گەورەی هەیە بە ژیانی ئابووری جوتیارەکانەوە و بۆ دوواڕۆژیش لام وایە بایەخێکی ئەوتۆی ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، کاک ئەمین ئەگەر پێشنیارێک بکەن بۆ ئەم مەبەستە چونکە ئەمە پەیوەندی بە (هەیکەلی) وەزارەتی کشتوکاڵەوە هەیە ئێمە ئەم پێشنیارە ئەنێرین بۆ حکومەت، و ئەگەر پەسندیان کرد ئەوا ئەگۆڕدرێت، مەبەستم ناو گۆڕینەکەیەتی چونکە کاک ئەمین داوای ناو گۆڕین ئەکات و ئەمە پەیوەندی بە بودجەکەی وەزارەتی کشتوکاڵەوە نییە، سوپاس، کاک د. ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێشەکی سوپاسی کاک محەمەد ئەکەین کە ڕوونکردنەوەی پێ بەخشین دەربارەی ئەم (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار دینارە، بەڵام هەر چەندە وەزیری کشتوکاڵ ئامادە نییە، نازانم لێرەدا پرسیاری ئێمە ئایا لە (١٠٩ ٢٣٨ ٥٠٠) دینار ناتوانێت (دووسەد هەزار دینار) بدات بەم بابەتانەی کە بڕیاریان پێ دەرچووە لە دادگا؟ سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری فەرموو.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین /وەزیری دارایی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لە ڕاستدا هەروەکو ووتم ئەمە دووبارەیە چونکە ئەو گفتوگۆیانەی کە کردومانە لەگەڵ وەزارەتەکان، ئەوا ئێمە گەیشتوینەتە ئەنجام. ئینجا ئێمە هێناومانە سەر بودجەی بنەڕەتی کە پێشکەش بە بەڕێزتان بکرێت، و لەوێ ئێمە گفتوگۆمان کرد، خۆیان ڕازی بوون کە ئێمە ئەم (دووسەد هەزار دینار)ە تۆمار نەکەین، لەبەر ئەوە کردنەوەی ئەم دەرگایەش لەوانەیە گیروگرفتی بەدواوە بێت، وە ئێمە بە بەرژەوەندی نازانین وە ئومێدەوارم کەلێمان ڕازی بن، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژ نوری شـاوەیس/ سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڕای من نەئەبووایە بابەتێکی ئەوها بخەینە ناو بابەتی بودجە، ئەمە بابەتێکە لەوانەیە وەزارەتی

کشتوکاڵ خۆی بەپێی ئەو برە پارانەی کە هەیەتی و بەپێی بڕیاری حکومەت ئایا بیکا یان نەیکات، وە ئەمە بابەتێکی فراوانترە، وە چەند جار گفتوگۆی لەسەر کراوە، بۆیە بەڕای من ئەم (دووسەد هەزار دینار)ە بەتایبەت نەخرێتە ناو بودجە بەڵکو بۆ وەزارەت خۆی بمێنێتەوە، لەکاتێکی دیاری کراودا ئەگەر بەچاک زانرا ئەوکات چارەسەری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل ئەگەر ئەم پێشنیارە ئەکێشنەوە چونکە بەڕاستی بڕی پارەکەش زۆر کەمە، و بابەتێکی زیاتر پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی هەیە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ بەڕێزان د. ڕۆژ و کاک شەوکەت، بەڵام ئەمە نەوەکو ئێستایە بەڵکو ئەم بڕیارە پابەندە و وەزارەت پابەندە بەم بڕیارە، واتە ئێستا داداگا ئەتوانێت دەست بەسەر بودجەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی دهۆکدا بگرێت، وە ئەمە ئەم ساڵ یاخود «١٠» ساڵی تر ئەبێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د. ڕۆژ فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی کاک محەمەد ئەم بابەتەی خستە ڕوو کە (دووسەد هەزاردینارە) بەڵام لای ئێمە تەنیا (دووسەد هەزار دینار)نییە «باب»ێکی گەورەیە بابەتی زۆر فراوانی پێوە بەستراوەو دەرگایەکی گەورەمان لێ ئەکاتەوە، ئەبێ ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ووردبینەوە لێی، بەڕاستی ئێمە ئەمانەوێ دەرگای ئەم جۆرە«باب»انە لەخۆمان نەکەینەوە کە خۆمان ناتوانین بچینە ژێر باڵیەوە، و ئەمە بابەتێکی تایبەتە وەکو پێشنیارم کرد با لەنێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی دارایی گفتوگۆی لەسەر بکرێت و وەزارەتی کشتوکاڵ ئەگەر بە چاکی زانی ئەوا با ئەمساڵ بیدات وە ئەگەر بەچاکی نەزانی ئەوا با دووای خەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ خۆی ئامادە نەبووە وە بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری ئەڵێت ئێمە ڕیکەوتنمان لەگەڵی کردووە، ئەوا ئێمەش هیچ لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد حەسەن فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕای خۆم ئەم زیادەیە ئەکەمە پێشنیار و ئەخەمە بەردەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی دەنگدانی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام با ڕوونی بکەینەوە کاک محەمەد، بڕی پارەکە زۆر کەمە، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەم ئەکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، چونکە بڕی پارەکە زۆر کەمە و بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز وەزیری دارایی لەسەر ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەکانیان ئەکەن، وە لەبەر ئەمە ئەبێتە (٥٠٠ ٢٣٨ ١٠٩ ٠٠)دینار، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئێمە پێشنیارەکەی خۆمان کێشایەوە، ئەوا بەشی چوارەم ئەبێتە(٩ ٥٩٣٠٠٠) دیناروە کۆی گشتی ئەبێتە (٥٠٠ ٢٣٨ ١٠٩ ٠٠)دینار وە هیچ تێبینی ترمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەیخەینە دەنگدانەوە «باب»ی پێنج، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاستان ئەکەین، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب السادس (وزارة الداخلية):

١- ديوان الوزارة (٢٥ ٠٠٩ ٠٠٠)دينار.

٢- الأدارات العامة في المحافظات (١٨ ١٣٩ ٠٠٠)دينار.

٣-الأدارات المحلية في المحافظات (٢٢ ٤٧٦ ٠٠٠)دينار.

٤- المديرية العامة للأسايش (٦٣ ٩١٢ ٠٠٠)دينار.

٥- المديرية العامة للجنسية والأحوال الشخصية (٧ ٥٤٥ ٠٠٠)دينار.

٦- المديرية العامة للشرطة (٠٠٠ ١٩٠ ١٢٥)دينار.
مجموع الوزارة(٠٠٠ ٢٦٢ ٢٦٢)، وە لیژنەی ئابووری هیچ تێبینی نییە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر «باب»ی شەشەم؟... کەواتە ئەگەر نەبێت ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە ...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە....؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاستان ئەکەین،فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب السابع (وزارة البلديات والسياحة):

١-المديرية عامة للديوان، لیژنەی ئابووری تێبینی هەیە لەسەر فەسڵی شەشەم مادەی هەشت ( منحة البلديات حيث درجت ٨٠ ثمانون مليون دينار، وتوصي لجنتنا بتنزيلها وجعلها ٣٠ ثلاثون مليون دينار أسوة بالسنة السابقة علماًأن المصروف لغاية ١٩٩٧/٦/٣٠كانت ٤٨٧ ٣٥٠ ثلاثمائةوخمسون ألف وأربعة مئةو سبعةوثمانون دينار فقط و لذا يكون مجموع القسم حسب رأي لجنتنا بعد هذا التغيير ٠٠٠ ٩٧٠ ٣٢ دينار.

٢- مديريات السياحة (٠٠٠ ٧٨٤ ١) دينار.
٣- مديريات العامة للبلديات (٠٠٠ ٣٤٧ ٣) دينار.
٤- المديرية العامة للماء والمجاري (٠٠٠ ٥٩٣ ٤٤)دينار.
٥- المديرية العامة للتخطيط العمراني (٠٠٠ ٤٨٣ ١)دينار.
کۆی وەزارەت لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریە ئەکاتە (٠٠٠ ١٧٧ ٨٤)دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لەسەر ئەو پێشنیارەی لیژنەی دارایی و ئابووری ئەگەر جەنابی وەزیری دارایی چ وەلامێکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکوو بەڕێزتان ئاگادارن لە بودجەی پەسند کراوی ساڵی ١٩٩٣ (٠٠٠ ٠٠٠ ٥٠) پەنجا ملیۆن بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرابوو، وە لەساڵی ١٩٩٧ دا بڕی پەسند کراو بریتی بوو لە (٠٠٠ ٠٠٠ ٣٠) سی ملیۆن دینار، وە پاش گەڕانەوەو دەست بەکاربوونی (٣٣)سی وسێ شارۆچکە(ناحیە) لەسەردەمی کابینەی سێیەمدا شارەوانیش دادەمەزرێن هەر چەند شارەوانیەکان خاوەن سیستەمێکی تایبەتی نین بەڵکو داهاتی خۆیان هەیە، بەلام سەرەڕای ئەمەش بەچاوێکی

تایبەت سەیری شارەوانی کراوە تاوەکو خزمەتی چاکتر پێشکەش بەهاولاتیان بکات، چونکە کابینەی سێیەم کابینەی خزمەتگوزاریە، بۆیە داواکارین ئەم برە پارەیە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، بەلام ئەگەر لیژنەی دارایی و ئابووری هەر سوور بێت لەسەر کەم کردنەوەی ئەم برە پارەیە ئەوا بەرای ئێمە لە پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەکرێت لەبەر هۆیەکانی سەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری، دوو پێشنیارمان هەیە، یەکیان پێشنیاری لیژنەی دارایی و ئابووری و ئەوەی تر رای وەزارەت، لەبەر ئەمە با بگەڕێینەوە سەر رای وەزارەت، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو بەڕێز وەزیری دارای ئاماژەی بۆ کرد شارەوانیەکان سیستەمی تایبەتی خۆیان هەیە وە ئەبێ هەر شارەوانیەک بە خۆی خۆی بژێنێت، بۆ نموونە: هەر شارەوانییەک یا هەر ئەندازیارێک یا بەڕیوەبەری شارەوانی بە ئارەزووی خۆی، و بە هەرزانی «گۆڕەپانی دوکانەکان » بەخەڵکی بدات، و لە کۆتای دا داوا لە خەزێنەی دەوڵەت و لە وەزارەتی دارایی و ئابووریەوە بکات، ئەمە جێگای مەترسیە. ئێمە کوورت هێنانی بوودجەمان (عجز الميزانية )هەیە ، بۆ نموونە دەڵێم، گۆڕەپانێک بەپێی بریاری وەزارەتی شارەوانی بۆ یەک ساڵ بە کرێ ئەدرێت، بەلام گۆڕەپان هەیە ئێستا بۆ پێنج ساڵ بە کرێ دراوە .چوونکە خۆی کرێکەی ،ئەبێ لە نیو ملیۆن زیاتر بێت، بەلام بە پەنجا هەزار دینار دراوە. ئایا گازینۆی گوزاری «سیاحی» کە پانتاییەکەی زیاتر لە هەزار مەتر بێت و گۆڕەپانەکانی دەوروبەری لە «٥٠٠٠ »مەتر زیاتر بێت ،ئایا کرێی ساڵانەی«٢٠٠»دینارە؟ ئایا شارەوانی ئەبێ کاری وا ئەنجام بدات ؟ چ دوکانێک هەیە مانگی بە «٢٠٠»دینار؟ دەکرێ ساڵێکی تەواو ئەو گازینوبە بە «٢٠٠» دینار دابنرێت؟ ئاساییە ئەوکات پارە بۆ شارەوانی نامێنێت، لەو کاتەدا داوا لە کێ دەکات؟ ئاشکرایە داوا لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات. لەبەر ئەوەی ئەوپارەی کە ئێمە پێشنیارمان کردووە «٣٠»ملیۆن دینارە لە لایەکەوە زۆرە، لە لایەکی ترەوە لە بریاری ٩٨٦ ، پارەیەکی زۆر بۆ وەزارەتی شارەوانی و بۆ وەزارەتی گەشت و گووزار تەرخان کراوە لە هەرێم. لە شەش مانگی یەکەم «٢٠ ملیۆن» دۆلار، لە شەش مانگی دووەم دا «٢٠ ملیۆن» دولاری تر، لەشەش مانگی سێیەم «١٦ ملیۆن »و«١٠٠هەزار دۆلار»، کۆی گشتی دەکاتە «٥٦ ملیۆن دینار» و «١٠٠ هەزار دۆلار» .ئەمەش پارەیەکی زیادەیە، نەلە سەر ئەستۆی وەزارەتی شارەوانیە و نە لەسەر ئەستۆی وەزارەتی دارایی و ئابووریە. بەڵکوو هەمووی لە بریاری ٩٨٦ دابین دەکرێ. سەرە رای ئەوەش ئەگەر زاڵ نەبن بە سەر کارەکانی خۆیان دا، یا بۆ بەرژەوەندی کەسایەتی خۆیان بەکاری بێنن، ئەوکات هیچ پارە لە خەزینە نامینێت. من باسی دوو نموونە دەکەم لە شارەوانی زاخۆ ،بە پێی ئەنکێتەکان (استمارات) ،بۆ چاککردنی

ئامێرەکان (مکائن ) ،«٥٠٠،٠٠٠» دینار خەرج کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا«٥» دیناریش خەرج نەکراوە ،یا «٧٠٠،٠٠٠» هەزار دیناریان خەرج کردووە بۆ چاککردنی ئامێرەکان(مکائن)، بەڵام «٧٠» دیناریشیان بۆ خەرج نەکردووە. زۆر ئاساییە پارە نەمێنیت، لە کۆتاییش داوا لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەن، کەواتە دەبێ زیاتر چاودێری لە سەر وەزارەتی شارەوانی هەبێت، ئەم پارەیە من بە زۆری دەبینم. چوونکە لە شەش مانگی ساڵی ١٩٩٧ بڕی «٣٥٠٤٧٨»دیناریان بۆ خەرج کراوە. سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شەوکەت.

**بەڕێزشەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پاش ڕوونکردنەوەی بەڕێزان لە لیژنەی دارایی و ئابووری ئەنجوومەن، لاریمان نییە لە سەر پێشنیارەکەیان وڕەزامەندیمان هەیە لە سەری، سوپاس .

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن: ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێی لە گەڵە... ؟سوپاس، کێی لەگەڵ نییە.... ؟ سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

«باب»ی هەشت ،وەزارەتی گوواستنەوەوگەیاندن:

١- دیوانی وەزارەت :چووار ملیۆن و سەدو دووانزە هەزار دینار ، ( ٤،١١٢،٠٠٠ ).

٢- بەڕێوە بەرایەتی کارەباو ئاو: بیست و دوو ملیۆن و حەوت سەدو حەفتا و چووار هەزار دینار، ( ٢٢،٧٧٤،٠٠٠ ).

کۆی گشتی وەزارەت : بیست و شەش ملیۆن و هەشت سەدوو هەشتاو شەش هەزاردینار، (٢٦،٨٨٦،٠٠٠).

ئیمە وەکوو لیژنەی دارایی هیچ تێبینیەکمان نیە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێوەبەرایەتی کارەباو تەلیفۆنی دهۆک، لە ڕاستیدا هیچ کەم تەرخەمیەکی نەکردووە لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی خۆی، بەو توانایەی کە لە بەر دەستی دایە. لەکاتی ڕاپەڕین دەزگای «١٠هەزار ژمارە»ی دهۆک تێک چوو، ئایا هیچ پارەیەک بۆ چاککردنەوەی تەرخان کراوە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک د. حەمید ئاکرەیی فەرموو.

**بەڕێز د.حەمید ئاکرەیی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە «کاک ئیبراهیم »ئاماژەی بۆ کرد لە ڕاستیدا ئێمە زۆر جار ڕەچاومان کردووە، بەڵام تا ئێستا لە کوردستان ئێمە پسپۆڕی وامان نییە کە بتوانێ چارەسەری «بەداله»ی دهۆک بکات، بەڕای من و زۆربەی پسپۆڕەکانیش، کاتێ ئەو بەداله چاک ئەبێتەوە، کەکۆمپانیاکەی خۆی بێتە کوردستان، و لە ژێر چاودێری ئەوان چاک بکرێتەوە، ئەویش لە کاتێکدایە کە گەمارۆی ئابووری لە سەر عێراق لابچێت، کە ئەمەش جارێ ناکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر «باب»ی هەشت؟.. نییە. کەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە.... ؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە .....؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«باب»ی نۆ، وەزارەتی ڕۆشنبیری:

١- دیوانی وەزارەت :چووار میلۆن و شەش سەدوو حەفتاو نۆ هەزار،(٤,٦٧٩,٠٠٠).

٢- دەزگای چاپەمەنی (دارالطباعة):پێنج ملیۆن و شەش سەدوو پەنجاو هەشت هەزار، (٥,٦٥٨,٠٠٠).

٣- ڕاگەیاندن: نۆ ملیۆن و دوو سەدوو بیست و حەوت هەزار،(٩,٢٢٧,٠٠٠).

٤- ڕۆشنبیری و هونەر: پانزە ملیۆن و سێ سەدوو حەفتاو دووهەزار،(١٥,٣٧٢,٠٠٠).

٥- وەرزش: دە ملیۆن و سێ سەدوو نەوەدوو سێ هەزار ،(١٠,٣٩٣,٠٠٠).

٦- بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار: چوار ملیۆن و دوو هەزار ،(٤,٠٠٢,٠٠٠).

کۆی گشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری : (٤٩,٣٣١,٠٠٠)چل و نۆ ملیۆن و سێ سەدوو سی و یەک هەزار. ئێمە وەکوو لیژنەی دارایی هیچ تێبینیەکمان نییە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئایا کەس تێبینی هەیە لەسەر«باب»ی نۆ؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە......؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە.....؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا،سوپاس، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«باب»ی دە، وەزارەتی تەندرووستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:

١ـ دیوانی وەزارەت: حەوت ملیۆن و شەش سەدوو پەنجاو چووار هەزار ، (٧،٦٥٤،٠٠٠).

٢ـ دەزگا خزمەت گووزارییەکانی تەندرووستی: چووار سەدوو بیست ودوو ملیۆن و دووسەدو پەنجاو سی هەزار،(٤٢٢،٢٥٣،٠٠٠).

٣ـ بەڕێوە بەرایەتی گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی: چووارده ملیۆن و چووارسەدوو نۆزده، (١٤،٤١٩،٠٠٠).

٤ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و زامن کردنی کۆمەڵایەتی(العمل والضمان الاجتماعي): سێ ملیۆن و دوو سەدوو پانزه هەزار و شەش سەد، (٣،٢١٥،٦٠٠).

٥ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چارەسازی (الاصلاح )کۆمەڵایەتی :(٣،٢١٩،٠٠٠).

کۆی گشتی وەزارەت : چووارسەدوو پەنجا ملیۆن و حەوت سەدوو شەست هەزارو شەش سەد، (٤٥٠،٧٦٠،٦٠٠).

ئێمە وەکوو لیژنەی دارایی هیچ تێبینیەکمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەرچەنده بەڕێز «کاک کەمال» لێره نییه ،بەپێی زانیاری من، له پرۆگرامی نەتەوەیەکگرتووەکان هەر شەش مانگ جارێ، ٤٨ ملیۆن دۆلارتەرخان کراوه بۆ کوردستان (به خووارده‌مەنیشەوە)، کۆی گشتی ساڵ ونیوەکه ئەکاته١٣٢ملیۆن دۆلار. ئایا ئەم پاره تەرخان کراوه ،پەیوەندی هەیه به دەرمان وخزمەت گووزاربیه گشتیەکان یاپەیوەندی پێوه نییه؟ به بڕوای من ئەمه پارەیەکی یەجگار زۆره. هەمیشه ڕێکخراوه مرۆیەکان، و پرۆگرامی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕەچاووی وەزارەتی تەندرووستیان کردووه و یارمەتییان داوه، کەواته ڕێژەی پارەکه یەجگار گەورەیه کەله بڕگەی دوو ئاماژەی بۆ کراوه .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرمووکاک شەوکەت.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت به وتەکانی بەڕێز «کاک یونادم یوسف»،بڕی «٢٠٠ ملیۆن » دینار لەبەر چاو گیراوه و پێویستە کەله بەردەست بێ، ئەویش بۆ ئەوەیه ئەگەر هاتوو گرفتێک هاته پێش له جێ بەجێ

کردنی بڕیاری ٩٨٦، ئێمە ئەودەسەڵاتەمان هەبێ کەئەوکات پێداویستیەکانیان دابین بکەین، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە .....؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین، فەرموو کاک د. ڕۆژ.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر جار باسی بڕیاری (٩٨٦) دەکرێ، لەوانەیە زۆربەشتان بزانن ،ئەوەی کە تا ئێستا لەبڕیاری (٩٨٦) جێبەجێ کراوە، تەنها بابەتی خواردەمەنییە . هەرچەندە ئەو خواردەمەنیەش لە کات و ساتی خۆیدا ناگات. ئەو شتانەی کەدێت بەشێکی بچووکی ئەو بڕیارەیە، هەرچەندە ناو بەناو گوێمان لە ژمارەی زۆر مەزن دەبێت، بەڵام بێ گومان، هەمووی نەهاتووە، زۆر جار تووشی کێشەبووین. بۆنموونە سەبارەت بە دەرمان وئاو ئاوەڕۆ، تووشی کێشە بووین. ئێمە ئەوەمان ڕەچاوکردووە کە ئەم شتانە هەمووی لە کاتی خۆی دانراوە، کەواتە ئێمە ئەو ڕێژە پارەیەمان پێویستە بۆ ئەو وەزارەتانەی کە بڕیارەکە، دەیان گرێتەوە، کاتێ کە بڕیارەکە جێ بەجێ نەکرا، ئەوا ناچار حکومەتی هەریم بۆیان دابین بکات. جا لە بەر ئەو هۆیانە من لەگەڵ «کاک یونادم یوسف» نیم، چونکە ئەوەپارانە ،دیاری کراو نییە وکاتەکانیشی هەر دیاریکراو نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«باب»ی یانزە، وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە گەشە پێدان:

١- دیوانی وەزارەت : سێ ملیۆن و شەش سەدووشەست هەزار ،( ٣,٦٦٠,٠٠٠ ).

٢- بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدان کردنەوە و گەشە پێدان : بیست و پێنج ملیۆن و نۆسەدوو شەست و پێنج هەزار ،( ٢٥,٩٦٥,٠٠٠ ).

کۆی گشتی:بیست و نۆ ملیۆن و شەش سەدوو بیست و پێنج هەزار، ( ٢٩,٦٢٥,٠٠٠ ) .

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی هیچ تێبینیەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر بابی یانزە، ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لە گەڵە....؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە......؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جـــــەمــــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

«باب»ی دووانزەهەم، وەزارەتی هاوکاری و مرۆڤایەتی:

کۆی گشتی ئەم وەزارەتە چوارده ملیۆن ودووسەدو پانزه هەزار، (١٤،٢١٥،٠٠٠). ئێمە هیچ تێبینیمان لە سەری نییە .

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم «بابە» ؟ کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی پێویستیان بەدۆلار هەیە. کە بوودجەیان بۆ دیاری بکرێ بە دۆلار، ئەو پارەی کەتەرخان کراوە بۆ وەزارەت بە ڕای من کەمە، سوپاس .

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، کاک شەوکەت فەرموو.

**بەڕێز شـــەوکـــەت شـــێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

چوونکە هەموو ژمێریاری «حسابات»ی بوودجە بە دینارە، کەواتە پێویست ناکات بە دۆلار بێت. سەبارەت بە کەمی و زۆری پارەکە بە بڕوای ئێمە کەم نییە، سوپاس .

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، ئەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە....؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە.....؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جـــــەمــــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن .**

بابی سیانزەهەم ،وەزارەتی ئەوقاف و کارو باری ئیسلامی:

١- دیوانی وەزارەت: پانزه ملیۆن و چوارسەدوو چل و دوو هەزار،(١٥،٤٤٢،٠٠٠).

٢- ئەوقاف هەولێر:پانزه ملیۆن و چوارسەدوو شەست ودوو هەزار(١٥،٤٦٢،٠٠٠).

٣- ئەوقاف سلێمانی: پانزه ملیۆن و چوار سەدوو شەست و دوو هەزار ، (١٥،٤٦٢،٠٠٠).

٤- ئەوقاف دهۆک : شەش ملیۆن و سێ سەدوو پەنجاو شەش هەزارو پێنج سەد ، (٦،٣٥٦،٥٠٠).

٥- ئەوقاف کەرکووک: دوو ملیۆن و دوو سەدوو دووانزە هەزار و پێنج سەد ،

( ٢,٢١٢,٥٠٠ ) .كـۆی گـشــتی: دەكـاتە، پەنجـاو چوارمـیلۆن نۆ سـەدوو سی و نۆ هەزار، (٥٤,٩٣٩,٠٠٠) .

لیژنەی دارایی وئابووری هیچ تێبینی لەسەر نییە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم «باب»ە ؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە ،كێ لە گەڵە.....؟ سوپاس،كێ لە گەڵ نییە......؟ سوپاس، بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا، سوپاستان ئەكەین، فەرموو كاك جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

«باب»ی چووارده ،وەزارەتی دارایی و ئابووری :

١- دیوانی وەزارەت : شەش ملیۆن و شەش سەدوو نەوەدوو پێنج هەزار، ( ٦,٦٩٥,٠٠٠ ).

٢- بەڕێوە بەرایەتی گـشــتی داهاتەكـان: چل وهەشت ملیـۆن و نۆسـەدوو پەنجـاو نۆ هەزار، ( ٤٨,٩٥٩,٠٠٠ ).

٣- بەڕێوە بەرایەتی دارایی گشتی : شەش سەدوو شەست و چووار ملیۆن ، (٦٦٤,٠٠٠,٠٠٠).

٤- بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی گشتی : هەشتاو نۆ ملیۆن و هەشت سەدوو هەشتاو نۆ هەزار، ( ٨٩,٨٨٩,٠٠٠ ).

٥- سەرۆكایەتی دادگایی گومركی : سێ سەددو پەنجاوشەش هەزار ،( ٣٥٦,٠٠٠ ).

٦- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی گومرك : بیست و یەك ملیۆن و چووارسەددو چووارده هەزار، ( ٢١، ٤١٤,٠٠٠ ).

٧- بەڕێوەبەرایەتی گـشـتی بازرگـانی: نۆزده ملیـۆن و هەشت سـەددو نەوەدوو چووار هەزار دینار، ( ١٩,٨٩٤,٠٠٠ ).

٨- كۆمپانیای دابینكردن (شركات التامين ): نۆسەدوو نەوەد هەزار دینار ، ( ٩٩٠,٠٠٠ ).

كـۆی گـشـتی : هەشت سـەدوو پەنجـاو دوومليـۆن و سـەدوو نەوەدوو حـەوت هەزاردینار ، (٨٥٢,١٩٧,٠٠٠).

لیژنەی ئابووری هیچ تێبینی لە سەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

هیچ تێبینیەك هەیە لەسەر ئەم «باب»ە ؟ فەرموو كاك شێخ یەحیا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئاوارەكـان ،هەروەكـوو بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـوومـەنی وەزیران ئاماژەی بۆ كـرد، كـە هەوڵ ئەدرێ ڕێگاچارەیەكی بنەڕەتی بۆ ئاوارەكـانی كـەركـووك، سلێـمـانی بدۆزرێتـەوە، لە «فـەصلی

حەوت» دا تەنها لە جێگایەک ئاماژەی بۆکردووە. «راپۆرتی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری شایانی ئاماژە پێ کردنە کە ئاوارەکانی کەرکووک سلیمانی ڕۆژ لە ڕۆژ لەزیاد بوون دایە، سەرەڕای ئەوانەی کە ناوچەکانی خۆیان بە هۆی کاولکاری و وێران کاری تیروریستانی پەکەکە، بە جێ هێشتووە و خەرجییەکانی ئەم دەرکراوانە لەم فەصڵە دابین دەکرێ »،تکام وایە ئەگەر بکرێ بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری پارەیەکی دیاریکراو بۆ ئەم ئاوارانە دەستنیشان بکات، وەکوو بابەتەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شەوکەت.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا ئێمە لەسەر ئەم بابەتە، تاوتوێیەکی زۆرمان کرد، من لە گەڵ ڕای بەڕێز «شێخ یەحیا» نیم و ناکرێ ئەم دەرگایە(باب)، بکەینەوە. وە بە پێی یەدەگەکانمان «احتیاطات» ئێمە ئەم بابەتە چارە سەر ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لە سەر بابی چواردە ؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە....؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە.....؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«باب»ی پانزە: وەزارەتی پێشمەرگە: کۆی گشتی وەزارەتەکە، (١٩٨،١٦٠،٠٠٠ )سەدوو نەوەدوو هەشت ملیۆن و سەدوو شەست هەزار دینار، لیژنەی دارایی و ئابووری هیچ تێبینی لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ڕووداوەکانی ئێستا و پێشان سەلماندیان کەوا هەر پێشمەرگەیە دەسکەوتەکانی گەلەکەمان دەپارێزێ. من داوا لە بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری دەکەم، ئەگەر سەرچاوەی تر هەیە بۆ داهات، ئەوا من ئەو پارەیەی تەرخان کراوە بۆ پێشمەرگە بەکەمی دەزانم وباشتر وایە کە بۆیان زیاد بکریت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شیخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەگەر وا لەیەک بدەینەو ئێمە بیست هەزار پێشمەرگە مان هەیە، و ئەو پارەیەی کە ئەیدرێتێ بە هەموو شتێکیەوە، ناگاتە «٧٥٠» دینارلە مانگێک دا، کە کۆ ی گشتی ساڵانە دەکاتە، نزیکەی «١٨٠» ملیۆن دینار. کە بە ڕاستی ئەمە زۆر کەمە، بە تایبەتی ئەو هەموو شەڕانگێزییە هەیە دژ بە ئەزموونەکەمان لەلایەن «ینک» و تیرۆریستانی «پەکەکە»، و دەیان پیلانی تر، بەڕاستی ئەم پارەیە زۆر کەمە بۆیە داوا دەکەم کەوا زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شەوکەت فەرموو.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی هەستی هەردوو بەڕێز دەکەم سەبارەت بە هەڵوێستیان بەرامبەر بەپێشمەرگە، لەڕاستیدا هەرچی بۆ پێشمەرگە بکرێ هێشتا هەر کەمە، و مافی خۆیانە. بارودۆخی ئێستای داراییمان لەوانەیە ئەو دەرفەتەمان پێ نەدا کەوا بە ئاسانی بتوانین ئەم بڕیارە بدەین. لەلایەکەوە داوای زیادەی پەرلەمانمان لی دەکەن، لە لایەکی ترەوە داوای ئەو بڕیارانەمان لێ دەکەن کە تا ئێستا ماوەتەوە، باشتر وایە جارێ ئەم بابەتە بهێنی، ئەگەر بڕیار وابووکە مووچە زیاد بکەین، ئەوا ئەوکات مووچەی برا پێشمەرگەیش زیاد دەکەین، وبێ گومان برا پێشمەرگەی قارەمان ڕەچاووی بارودۆخی ئێستای کابینەی سێی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکا، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە.....؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«باب»ی شانزدەهەم: وەزارەتی پیشەسازی و وزە:

١- دیوانی وەزارەت: شەش ملیۆن و شەش سەدوو حەفتاو چووار هەزار دینار ( ٦,٦٧٤,٠٠٠ ).

٢- بەڕێوەبەرایەتی «المسح الجیولوجی»: پێنج ملیۆن و هەشت سەد هەزاردینار، (٥,٨٠٠,٠٠٠).

٣- بەڕێوە بەرایەتی پۆلیسی کارەبا: دوو ملیون و پێنج سەدو حەفتاو سێ هەزار دینار، ( ٢,٥٧٣,٠٠٠ ).

کۆی گشتی :پانزده ملیۆن و چل و حەوت هەزار ،(١٥,٠٤٧,٠٠٠ ). ئێمە وەکوو لیژنەی دارایی و ئابووری هیچ تێبینیەکمان لە سەری نییە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەرکاری نامرۆڤانەی «ینک» لە بڕینی کارەبا لەشاری هەولێر و دەورو بەری، و چاککردنی هێڵی کارەبای «هەولێر ،کەڵەک» ، «هەولێر ،ئاڵتوون کۆپری» ، زۆر پێویستە و بێگوومان ڕزگارمان دەکات لە کێشەی بێ کارەبایی، کە ئێستا تێی داییین. ئایا چ پارەیەک بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک د. ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەم پرسیارە ئاراستەی وەزیری پیشەسازی و وزە دەکەم، ئایا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کارەبا ، نابێ لەسەر بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی بێت، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس،کاک شەوکەت فەرموو.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بابەتی کارەبا زۆر گرنگە بەلای« حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە». بەڕێزتان باش ئاگادارن کەوا کاری بۆدەکرێ، بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ بدۆزینەوە،و بەردەوام کاریشی بۆ دەکرێ. هێنانی هێڵی کارەبا پارەیەکی یەجگار زۆری پێویستە. وەزارەتی پیشەسازی و ووزە پێویستە بەردەوام بێت لە هەوڵ دانی خۆی، بەڵکو بتوانێ کەڵک وەربگرێت لە بڕیاری ٦٨٩. هەروەها لەگەڵ برای بەڕێزم «کاک فرەنسۆ» لەگەڵ ڕێکخراوەکان خەریکین، بەیارمەتی خوا ئاکامی باشی دەبێت. بە پێویستی ئەزانم کەبەڕێز وەزیری پیشەسازی و ووزە تێبینیەکی هەبێت، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

لەڕاستیدا پارە دابین کراوە ،ئەگەر تەماشای بوودجەی ١٩٩٨بکەین. سەبارەت بە گەیاندنی کارەبا لەشاری «دبس» وە بۆ «هەولێر» ئێمە لە گەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان قسەمان کردووە. کەلە بڕیاری ٩٨٦ لە قۆناغی دووهەم وسێهەم پارە بۆ ئەو هێڵە دیاری بکرێ کە باسکرا. بەڵام چارەسەر کردنی کێشەی کارەبای هەولێر و دهۆک لە ڕاستیدا کاتێک دەبێت کە هەر پارێزگایەک بۆ خۆی ئێستگەیەکی بەرهەم هێنانی کارەبای خۆی هەبێ، ئەوەش لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە، چونکە بە ملیۆنەها دیناری تێ دەچێ. کە بوودجەی ئێمە توانای ئەوەی نییە، بەڵام دەبێ لە ڕێگای ڕێکخراوی بازاری هاوبەشی ئەوروپی، یا لە ڕێگای بڕیاری ٩٨٦ چارەسەر بکرێ، هەوڵیشمان بۆ داوەو بەردەوامیشین، سوپاس .

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە....؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە.......؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

«باب»ی هەڤدەهەم: وەزارەتی داد:

١- دیوانی وەزارەت: چوار ملیۆن و نۆسەدوو چل و چوار هەزار، (٤,٩٤٤,٠٠٠).

٢- دادگاکان: هەژدە ملیۆن و نۆسەدو بیست و شەش هەزار،(١٨,٩٢٦,٠٠٠). بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوو بەرە (تسجيل عقاري) :شەش ملیۆن و شەش سەدووچل ونۆ هەزار، (٦,٦٤٩,٠٠٠).

٤- بەڕێوەبەرایەتی «رعايةالقاصرين» :یەک ملیۆن و پێنج سەدوو پەنجا هەزار ، (١,٥٥٠,٠٠٠).

کۆی گشتی: سی ودووملیۆن و شەست ونۆ هەزار، (٣٢,٠٦٩,٠٠٠).

ئێمە وەکوو لیژنەی دارایی وئابووری هیچ تێبینیەکمان نییە، سوپاس.

**بەبڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەوەی من دەزانم ئەو پارەیەی کە بۆ وەزارەتی داد دانراوە زۆر کەمە، ئەوپارەیەی کە لە وەزارەتی داد بۆکەل وپەلی نووسین ( قرطاسية)، خەرج دەکرێ، لە هیچ وەزارەتێکی تر ناکرێ، پاشان

« رعاية القـاصرين » ١٠ملیۆن دینار قـەرزارە ئەو پارەش هی هەتیـو و دەست کورتەکانە، لە بەر ئەوە پێشنیار دەکەم لە کۆی گشتی دا « ١٠ ملیۆن» دینار زیاد بکرێ، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، کاک محەمەد حەسەن فەرموو.

**بەڕێـز مـحـەمـەد حـەسـەن باڵـەتە:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ «ئیبراهیم دۆغرەمەچی » ، وەزارەتی «داد» خۆی ئەم پارەیەی داناوە بۆ خۆی، واتە خـۆی پێـویسـتی خـۆی دەزانـێ، چۆن دەبی وەزارەتی دارایی یا لیـژنەی ئابووری زیادی بـکات. سـەبارەت بە« اموال القـاصـرین » ، ئێمە وەکوو لێژنەی دارایی ئەو کێشەیەمـان خستە بەر دەست جەنابی وەزیر، جەنابی چەند هۆیەکی گـرنگی ئاراسـتەی ئێـمە کـرد ، کە ئیـمـە پەسـەندمـان کـرد . وەزارەتی دارایی و ئابووری لەو بابەتە ئەکـۆڵنەوە و ڕەچاوی دەکـەن. لەڕاسـتیـدا ئەوان (رعـايـة القاصـرین ) قەرزاری «حکومەتی ناوەندی»ین، و ئەوپارەیە چووەتەوە بۆ بەغدا. وەزارەتی دارایی پڕۆگرامی داناوە کەبگاتە ئاکامێکی باش، سوپاس .

**بـەڕێـزسـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، کاک یوونادم فەرموو.

**بەڕێـز یونـادم یوسف کنا / وەزیری ئەشـغـال:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ئەم ساڵ پێشنیـار کرابوو کە «المجمع العدلي » کۆمـەڵگای دادگایی دروست بکرێ، کەلێرە باسی لێوە نەکرا. دەبووایە لە پلانەکە «خطە» باس بکرایە، دیارە ئەو بابەتە لە نێوان ئێمەو وەزارەتی داد وون بووە، نە لای ئێمە پەسەند کرابوو، نە لە لای وەزارەتی داد، من لە بیرمە نزیکەی بیست ملیۆن دیناری تێ دەچێ، نازانم ڕای سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران چیيە لەو بارەیەوە؟ سوپاس .

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس،کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێـز جـەمـیـل عـەبـدی سنـدی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

سـەبارەت بە تـەلاری وەزارەتی داد بە پێی ئەو پەیڕەوەی کـە لە عـێـراق دایە ، زۆربەی بینـایەکـان دەکەویتە ئەستۆی وەزارەتی ناوخۆ و «ئیداراتی محلي» . ئەوانن کە بەو کارە هەڵدەسن، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د. ڕۆژ.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیاری تەلاری وەزارەتی داد لەسەر پێشنیاری، وەزارەتی داد، لیژنەی تایبەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دراوە کەبکرێ، وەئەمە بە بڕوای ئێمە لە بوودجەی وەزارتی دارایی و ئابووریە، و لە هەمان کات دا واتای ئەوە نابەخشێ کە وەزارتی ئەشغال و نیشتەجێ، کردن ئەگەرپلانێکی بۆ ئەو مەبەستە دارشت، ئەوا ڕەزامەندی لە سەر ئەکرێ بەڵکوو دەبێ ئێمەش تاوتوێ لەسەر بکەین، و بە ووردی لێی بکۆڵینەوە، و ئەبێ بزانین کێ باشتر جێ بەجێ ی دەکات. پارەکە ئامادەیە، لەوانەیە ئێمە ئەو بینایە بە چەند قۆناغێک تەواو بکەین، پاشان لەسەر ئەوەش ماوەتەوە کە بیدەین بە کام وەزارەت، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەیخەینە دەنگدانەوە، «باب»ی حەڤدەیەم، کێ لە گەڵە....؟ سوپاس،کێ لە گەڵ نییە......؟ سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارم کرد کە« ١٠ ملیۆن» دینار زیاد بکرێت بۆ وەزارەتی داد؟

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

من وای بۆ دەچووم کەروونکردنەوەی لیژنەی ئابووری و وەزارەت و لیژنەی یاسایی بڕوایان بە جەنابت هێنابێت. کەواتە پێشنیارەکەت هەڵ دەگرین بۆ دووای، ئەوکاتە ئەتوانی دەری ببڕی، ئێستا خەریکی بوودجەین، سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کۆی گشتی هەموو بابەکان، کەدەکاتە بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٩٨دەکاتە، ( ٣,٠٣٦,٣٢٤,١٠٠ )سێ میلیار و سی و شەش ملیۆن وسێ سەدوو بیست و چوار هەزارو سەد دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ کاک بورهان جاف تێبینیت هەیە لەسەری؟ فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی لە بنەڕەت دا کۆی گشتی بوودجەکە، ( ٣,٠٣٦,٥٢٤,١٠٠ )سێ میلیار و سی وشەش ملیۆن

و پێنج سەدوو بیست و چووار هەزار و سەد دینارە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوپێشنیارەیان کرد کە ڕێژەی دووسەد هەزار (٢٠٠,٠٠٠)،دینار تەرخان بکرێ بۆ وەزارەتی کشتووکاڵ. داوا ئەکەم کە ڕەچاووی ئەم بابەتە بکەن، کە ئەم پارەیە دەرئەچێ لەو بودجەیەی کەئێستا لە بەردەستان دایە وخۆمیش ئاماژەم بۆی کرد، واتە ئێستا بوودجەکە کردیە، سێ میلیارو سی و شەش ملیۆن و سێ سەدوو بیست وچوار هەزارو سەد دینار، (٣,٠٣٦,٣٢٤,١٠٠)، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بوودجەی ساڵی ١٩٩٨ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەیخەینە دەنگدانەوە ،کێ لە گەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کوورتەی بوودجەکە دەخوێنمەوە، بە پێی بابەکان و بەشەکان:

١- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران: پانزە ملیۆن ،(١٥,٠٠٠,٠٠٠).

٢- زانکۆکان و پەیمانگەکان: یانزە ملیۆن ،(١١,٠٠٠,٠٠٠).

٣- وەزارەتی پەروەردە: سێ سەد ملیۆن،(٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠).

٤- وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن: چل و هەشت ملیۆن ،(٤٨,٠٠٠,٠٠٠).

٥- وەزارەتی کشتووکاڵ و ئاودێری: هەشتاو سێ ملیۆن وشەش سەدوو هەشتا هەزار، (٨٣,٦٨٠,٠٠٠).

٥- وەزارەتی ناوخۆ: یانزە ملیۆن :(١١,٠٠٠,٠٠٠).

٦- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار: نۆ ملیۆن،(٩,٠٠٠,٠٠٠).

٧- وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن: شەست وحەوت ملیۆن:(٦٧,٠٠٠,٠٠٠).

٨- وەزارەتی ڕۆشنبیری : نۆ ملیۆن وپینج سەد هەزار ،(٩,٥٠٠,٠٠٠).

٩- وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو بووژانەوە: نەوەدو چووار ملیۆن و سەد هەزار، (٩٤,١٠٠,٠٠٠).

١٠- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی: نۆ ملیۆن و پێنج سەد هەزار ،(٩,٥٠٠,٠٠٠).

١١- وەزارەتی دارایی و ئابووری: بیست وپینج ملیۆن ،(٢٥,٠٠٠,٠٠٠).

١٢- وەزارەتی پیشەسازی و ووزە: نەوەدو پێنج ملیۆن و دووسەدو پەنجا هەزار ، (٩٥,٢٥٠,٠٠٠).

کۆی گشتی ئەکاتە : حەوت سەدوو حەفتاوهەشت ملیۆن و سی هەزار ، (٧٧٨,٠٣٠,٠٠٠).

لیژنەی ئابووری هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە، وەبەپەسەندی دەزانێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جیاوازی نێوان «موازنە الخطە» و«موازنە الجاری» ،چەند خاڵێکە،«موازنەی جاری» بۆ ساڵێکە، «موازنەی خطە» لەوانەیە ساڵێک بێ و زیاتر بیت، «موازنەی جاری» ،حکومەت پابەند نییە، کە هەموو پارەکە خەرج بکات، بەڵام لە بوودجەی پلان «خطە» ،حکومەت کە ژمارەکان «ارقام» دادەنێت پابەندە بە خەرج کردنی ئەو پارانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ کاک ئیبراهیم سەعید، «موازنەی خطە»ی ئێمە بۆ ساڵێکە.«موازناتی خطە»ی پێنج ساڵی مان نییە. چونکە داهاتوو لە ئێمە زۆر دیارنییە وروون نییە، و ئەوەندە پارەی دانراو لە بانکی ئێمە نییە کە بتوانین بۆ پێنج ساڵ «موازنەی خطە» دانەین. بە پێچەوانەی «موازنەی جاری» ، چونکە هەموو مووچەکان لەوێیە، ئەگەر وەزارەت قەرزیش بکات دەبێ مووچەی مووچەخۆران بدات، بەڵام لە«میزانەی خطە» زۆر جار دەبینین کەوا دەولەت تووشی شەرێک دەبێت کە ناتوانێت پلانەکەی «خطە»کەی جی بەجێ بکات، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کتابی بوودجەی عێراقدا هاتووە، لە بوودجەی جاری دا مووچە پابەندە «ملزم »ە. بەڵام بێجگە لە مووچەکان هیچ ملزم نییە. بەڵام پلان «خطە» هەموو پارەکەی پابەندە «ملزم»ە. ودەکرێ بۆ یەک ساڵیش بێت، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ڕاستیدا نەبوودجەی ئێمە ئاساییە، نە پلانی «خطە»ی ئێمە ئاساییە، لەبەر ئەوەی سەرچاوەیەکی ئابووری دیاریکراوی نییە، سەرچاوەکەی لە سەر داهاتێک وەستاوە کەوا دیاریکراو نییە، بەڵام بارودۆخی ئێمە نائاساییە و دەبێ برادەران ڕەچاوی ئەو بابەتە بکەن لە تاوتوێکردنی بابەتەکاندا، هەرچەندە ئەو بابەتانە زۆربەیان زانستین، بەڵام بارودۆخی ئێمە جیاوازە ودەبێ پەسەندی بکەین، فەرموو کاک یونادم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

تێبینیەکم هەیە ئەویش ئەوەیە کە، ئێمە وەکو وەزارەتی ئەشغال زۆر هەوڵماندا لە گەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان کە بڕیاری (٩٨٦) ئێمەش بگرێتەوە، هەرچەندە ئەوان بەڵێنیان دا، بەڵام دیار بوو کە وا ڕژێمی مەرکەزی پەسەندی نەکرد، چونکە خۆی سەرچاوەکانی قیر و پیشەسازی هەیە، نەی هێـشت وەزارەتی ئەشــغــال کــەڵک لەو بڕیارە وەر بگرێت. لێــرەدا ڕەچاوی ئەوەدەکــەم، کەوەزارەتەکانی تر وەکو کشتوکاڵ، یەک ملیارو سەدوو چل وچوارملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە کەساڵێکی تر، دەبێ بۆی خەرج بکرێ ،سەرەڕای ئەوەش، هەشتاو سێ ملیۆن دینار بۆ پلانی «خطه»ی وەزارەتی کشتوکاڵ دانراوە. یا وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە نەوەدوو چوار ملیۆن دیناربۆی تەرخان کراوە، لە لایەکی ترەوە نزیکەی پێنج سەد ملیۆن دیناری لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بۆ تەرخان کراوە، کە دەکاتە شەش سەد ملیۆن دینار. ئێمە وەکوو وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجی کردن پلانێکی «خطه»یەکی گوونجاومان داناوە، نزیکەی حەفتاو نۆ ملیۆن دینارە، بەڵام بیست و نۆ ملیۆنی لێ دەرکرا، کە بووەتە پەنجا ملیۆن، پێشنیار دەکەم کە ئەو پارەیە بگەڕێتەوە و وەکوو خۆی لێ بێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێـز فــــــرەنـســـــــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

«کاک جەمیل» پەنجا ملیۆنی لە وەزارەتی شارەوانی کەم کردەوە، من پێشنیار دەکەم کەئەو پارەیە بگەڕێتەوە، و بدرێتەوە بە وەزارەتی شارەوانی، سوپاس .

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، کاک ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بڕیار ی٩٨٦ هیچ بابەتێکی پێ گەیاندن (تنمیە)ی، تێدا نییە. هەموو دەزانن ئەو پیلانەی «خطه»یەی کەئێمە دامان ناوە جیاوازە. واتە بابەتی پێ گەیاندن دەگرێتەوە، تکایە با تێکەڵ نەکرێ. ئێمە چەند جار دانیشتووین لە گەڵ نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێمانیان وتووە، هیچ پارەیەک دابین و دیاری ناکری بۆ بابەتەکانی پێ گەیاندن (واتە تنمیە)، بۆ نموونە ئێستا لە قۆناغی یەکەم بۆکارەبا (١٣) ملیۆن دۆلار تەرخان کراوە ئێمە بەو پارەیە تەنها ئەو کەل و پەلانەمان دابین کردووە کە بۆ پاراستنی ئێستگەکان کەڵکی لێ وەر دەگیرێ، هەروەها چاککردنی هێڵەکان. داوای ئەوەمان کرد کە هێڵی هەولێر و دهۆک پێکەوە گرێ بدرێ، وتیان ئەمە بە

«تنمیه» دەژمێردرێ وناکرێ، یابۆ نموونه ناتوانین بۆ گووندێک کارەبا ڕاکێشین چونکه ئەوان به «تنمیه» تێ دەگەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ نموونه ئاماژەم بەوە کرد کە، وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە پێنج سەد ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، ئەوە بۆ قوتابخانەیە بۆ نەخۆشخانەکانەیە، ئەمانە ئاوەدان کردنەوەیە. سەبارەت بەکارەبا دەڵێین کەتەنها دەبێ پاریزگاری لێ بکرێت، نەک بەرهەمی بهێنرێت .بۆ نموونه «رێکخراوی هابیتات»، زۆر ئیشی کردووە لە دروست کردنی خانوو و، نەخۆشخانەو قوتابخانە، و دەیان شتی تر کە ئەمانە بە ئاوەدان کردنەوە دەژمێردرێ، و هەموو پرۆژەکانی خۆی جێ بەجێ کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کارەکانی وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن جێگەی سەربەرزی ئێمەیە، بوودجەی ئاسایی وەزارەتی ئەشغال پەنجا ملیۆن دینارە، ئێمە بوودجەی هیچ وەزارەتێکی ترمان (بوودجەی ئاسایی )زیاد نەکردووە تەنها بۆ وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن نەبێ چوونکە ئێمە ڕەچاوی ئەوەمان کرد کە ئەو زیادەیە زۆر پێویستە بۆ چاککردنی ڕێگاوبان وپردەکان، کەڕێژەکەی دەملیۆن و هەشت سەد هەزار دینارە. «بوودجەی خطە» جیاوازە لەگەڵ «بوودجەی ئاسایی»لە وەزارەتی ئەشغال. بوودجەی ئاسایی زۆر پێویست بوولە بەر ئەوە، لیژنەی ئابووری و وەزیری دارایی و ئابووریش پەسەندی کرد، و ئەندامانی پەرلەمان یش بڕیاریان لە سەردا، بەڵام بوودجەی پلان «میزانیەالخطە» زۆرجیاوازە، من بە بەڕێز «وەزیری ئەشغال»م ووت کەدەبووایە پێش دوو مانگ جەنابت سەردانی وەزارەتی دارایی و ئابورییت بکردایە، بۆ ئەوەی بوودجەکەتان بۆ زیاد بکەین و لەبەر ئەوەی جەنابت، نە لە ئەنجوومەنی وەزیران و نەلە وەزارەتی دارایی و ئابووری هیچ تێبینیەکت نەبوو، ئێمەش وەکوو لیژنەی ئابووری لە پەرلەمان تێبینیمان نییە. ڕاستە وەزارتی ئەشغال زۆر ئیش کەرە، بەڵام ئەم برە پارەیەش ئەوان دەتووانن کەڵکی لێ وەر بگرن و ئیشی پێ بکەن، ژمارە ( أرقام) زۆر گرنگ نییە، گرنگ ئیش کردنە. ئێمە گوومانمان لەوە نییە کە وەزارەتی ئەشغال دەتووانێ کارەکانی خۆی بە ڕێک و پێکی ئەنجام بدات، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، كاك سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

وەزیری پیشەسازی ئاماژەی بەوە كرد، كە نەتەوەیەكگرتووەكان دەرفەتی ئەوە نادات كە «مولدات» بگاتە كوردستان، من پێش ئیستا لە ڕۆژنامەی خەبات بلاكراوەیەكم خوێندەوە كە باسی ئەوەی دەكرد، كە «٥٢»، «مولدەی ٢٥٠ كەیڤی» دەگاتە هەولێر. حەزئەكەم بەڕێز وەزیری پیشەسازی بۆمانی ڕوون بكاتەووە كە ئەمە چۆنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، كاك ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەوانە كەل وپەلی پاراستنی دەزگاكانی كارەبایە (مواد صیانة الكهرباء)،بەلام ناتوانین بەهۆیانەوە كارەبا بەرهەم بێنن، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، كاك د. ڕۆژ فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

پرسیارەكەی كاك سەعید لە جێگای خۆیەتی، جەنابیشت (سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانی)، پێش ئێستا ئاماژەت بۆكردو داوای ڕوونكردنەوەت كرد. لە ڕاستیدا بڕیاری (٩٨٦) بڕیارێكی نائاساییە «طارئ» و پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوە هەیە. یەكێك لە داواكارییەكانی ئێمە، وەكوو حكومەتی هەرێمی كوردستان، بۆ گۆڕینی ناوەڕۆكی بڕیاری (٩٨٦) ئەوەیە، كە تەنها بۆ بابەتی نائاسایی «طوارئ» نەبێت، بەڵكوو بیگۆڕن بۆ بووژاندنەوە، ئەوكات لەوانەیە هەموو وەزارەتەكان بگرێتەوە.

بەتایبەتی سەبارەت بە كارەبا، جەختمان لەسەری كرد كە كارەبا پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی هەیە بە ژیانی مرۆڤەوە. كاتێ كە یەكێتی كارەبای لە شاری هەولێر دەبڕێ دەبێتە هۆی پەك خستنی نەخۆشخانەكان، قوتابخانەكان، و هەروەها زیادبوونی تاوان لە شەوانەدا، وە لە هەمووی گرنگ تر نەبوونی ئاو كەژیان و گووزەرانی خەڵكی دەشێوێنێ. ئیمە جەختمان لیبیان كرد كە ئەگەر ناتووانن ڕێگاچارەیەك بدۆزنەوە، ئەوا لە ریگای بڕیاری (٩٨٦)چارەسەری بكەن. جا چ لە ڕێگای كڕینی «مولدات »بۆ شارۆچكەو «ناحیە»و قەزاكان بێ یاكڕینی «مولدات » ی گەورە بۆ شاری هەولێر بێ،یا خوود لە ڕێگایەكی ترەوە كارەبامان بۆ بەرهەم بێنن. تا ئێستا بڕیاری (٩٨٦) بڕیارێكە

کەوا بۆ بواری مرۆڤایەتی بە کاری ئەهێنن نەک بۆ بوژاندنەوە «تنمیە». هەرچەندە تووانیومانە هەندێک کاریگەریمان هەبێ لە سەریان لەم ڕووەوە، و هیوامان وایە کە لە داهاتوو دا ئەمە بچەسپێ. بۆ خۆشیان سەلمێندراوە کە ئێستا کارەبا بۆ دوو مەبەست بەکار ئەهێنرێت، یەکەم بۆ «استفزازی سیاسی»، و دووهەم بۆ ئازار گەیاندن بە خەڵکی، کە خۆشیان ئەمانە بە چاووی خۆیان دەبینن و هەستی پێ ئەکەن. ئێمە هەر بەردەوامین وە دەس بەردار نابین و هیواشمان زۆرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ،بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیەی جەنابت، بەڵام ئەوە ڕای وەزارەتی داراییە ئەڵێن ئەوەی تەرخان کراوە بۆ هەردوو وەزارەت لەم بارودۆخە باشە، وئەگەر توانا هەبوو خەرج کرا لە ئایندەدا لەوانەیە لە بەشێکی ترەوە بۆیان بگوازرێتەوە، وابزانم کاک یونادم وکاک فرەنسۆ پێشنیارەکەی خۆیان راکێشاوە، مادام وایە بابی خودی پوختەی بودجەی پیلانی ١٩٩٨ ئەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان ئەکەین، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بودجەی پلانیش کۆتایی هات، ئێستاش ئێمە دێنە سەر بودجەی(التمويل الذاتي) ئەویش دوو بەشە، یەک بودجەی فابریکە و کارگە و فەرمانگەکانی(ممول ذاتي) سەر بەوەزارەتی پیشەسازی و وزە و، بەشەکەی تریش بانکی ناوەندی وبانکەکانی بازرگانی وبەبانکەکانی تایبەتمەند(پسپۆری)، ئێستاش بەڕێز بورهان جاف بڕیاردەری لیژنە، بەش بەش دەخوێنێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خلاصة موازنة المصانع والمعامل والدوائر الممولة ذاتياً والتابعة لوزارة الصناعة والطاقة لعام ١٩٩٨:

| | |
|---|---|
| ١- معمل النسيج في أربيل | ٦٦٫٣٨٥٫٠٠٠ |
| ٢- معمل المرمر في أربيل | ٣٫٢٤٨٫٠٠٠ |
| ٣- معمل الغاز في أربيل | ٣٣٫٤٩٠٫٠٠٠ |
| ٤- معمل السكاير في أربيل | ١٢٣٫٩٦٧٫٠٠٠ |
| ٥- مديرية توزيع كهرباء أربيل | ٣٦٫ ٤٣٧٫٠٠٠ |
| ٦- معمل استخراج المرمر في أربيل | ٧٫٢٤٤٫٠٠٠ |

| | |
|---|---|
| ٧- مديرية الخطوط (تۆڕەکانی هەرێم) | ١١ر٣٠٠ر٠٠٠ |
| ٨- مديرية توزيع كهرباء دهوك | ٦٥ر١٦٨ر٠٠٠ |
| ٩- مديرية توزيع النفط في أربيل | ٢٧ر٤٣٧ر٠٠٠ |
| ١٠- مديرية توزيع النفط في دهوك | ٢٠ر٢٧٧ر٠٠٠ |
| ١١- معمل الالبسة النسائية/ السليمانية | ٢٧ر٧٠٠ر٠٠٠ |
| ١٢- معمل السكاير في السليمانية | ١١٤ر٧٧٥ر٠٠٠ |
| ١٣- معمل آبار خيلان في السليمانية | ٢ر٧٤٣ر٠٠٠ |
| ١٤- معمل معجون الطماطة في كويسنجق | ٢ر١٩٤ر٠٠٠ |
| ١٥- معمل السمنت في السليمانية | ١٢٢ر٧٠٥ر٠٠٠ |
| ١٦- مشروع سد دربنديخان | ٧ر١٢٥ر٠٠٠ |
| ١٧- مشروع سد دوكان | ٧ر٩٦٠ر٠٠٠ |
| ١٨- مديرية إنتاج وضخ الطاقة الكهربائية/ سليمانية | ١٠ر٢٠٥ر٠٠٠ |
| ١٩- مديرية توزيع كهرباء السليمانية | ٣٠ر٠٤٨ر٠٠٠ |
| ٢٠- مديرية إستخراج حجر المرمر في بازيان | ٨ر٧٩٠ر٠٠٠ |
| ٢١- مديرية توزيع كهرباء كركوك | ٩ر٦٥٠ر٠٠٠ |
| ٢٢- مديرية استخراج المرمر في السليمانية | ٢ر٤٠٠ر٠٠٠ |
| ٢٣- معمل كفري لتنقية الصوف | ٧ر٥٢٠ر٠٠٠ |
| ٢٤- معمل توزيع النفط في السليمانية | ٤ر١٥٦ر٠٠٠ |
| المجموع | (٧٥٢ر٩٢٤ر٠٠٠) |

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ئێمە وەکو لیژنەی دارایی هیچ تێبینیەکمان نییە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم خاڵەش خوێندرایەوە لیژنەی ئابووری چ تێبینیەکی لەسەری نییە، برادەران کێ تێبینی لەسەر هەیە؟ مامۆستا مەلا تاهیر، کاک ئیبراهیم سەعید، کێی تر ئەو دوو برادەرە و کاک سیروان کاکەیی، کەسی تر نییە، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنها تێبینیم لەسەر بڕگەی ژمارە(١٣)یە کە دەڵێ(معمل آبار باني خيلان في السليمانية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(ماء) دیارە بەهەڵە هاتووە، فەرموو مەلا محەمەد تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
(میاه معدنیة) وهەقە بلێی( في دربندیخان) نەک (في سلیمانیة).
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ڕاستە، فەرموو مەلا محەمەد تاهیر.
**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
چونکە ناوچەکە بەناوی کرکووک کراوە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ڕاست ئەکەی سەر بەوە، فەرموو.
**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
(ئاوی معدنی وغازات) جا ئەگەر بلێی دربندیخان باشترە لەگەڵ ڕێزم، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەوە لەچاپ بەهەڵە هاتووە ڕاستی ئەکەنەوە سوپاس. کارگەی ئاوی بانی خیلان لەدربندیخان هەقی خۆیەتی، باشە بانی خیلان سەربە دربندیخانە، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.
**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەڕاستی ڕوونکردنەوەکم دەوێ لەبارەی وەزارەتی پیشەسازی و وزە، (موازنة التمويل الذاتي) نووسراوە(٠٠٠ر٩٢٤ر٧٥٢)، لەشوێنێکی تر (الموازنة الجارية) (٠٠٠ر٤٧٠ر١٥)، (موازنە الخطە)(٠٠٠ر٢٥٠ر٩٥) بەشداری کردن لەداهات(٠٠٠ر٠٠٠ر٢٧)، لەشوێنێکی تر لە ڕاپۆرتی جەنابی وەزیر ژمارە(١٠) داهاتی ئەم وەزارەتە نووسراوە(٠٠٠ر٣٦٢ر٢٢ر١) نازانم ئەم ژمارانە چنە، چۆن بۆمان لێک ئەدەنەوە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
داهاتی وەزارەت، داهاتی وەزارەتی پیشەسازی یەک ملیارە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەڵێ ڕەنگە جیاواز بن، بەڵام نازانم لێی تێبگەم.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ڕاستە فەرموو کێ ڕوونی ئەکاتەوە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

قسەکانی بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید زۆر وایە، ئێستا وەڵامی ئەدەمەوە، دەربارەی ئەوەی وەزارەتی پیشەسازی لە(الميزانيه الجاری)(٠٠٠ر٠٤٧ر١٥) ئەمە وەزارەتی دارایی دەیگرێتەوە، ئەمەی لێرە (تمويل ذاتيه)(٠٠٠ر٩٢٤ر٧٥٢) خۆی لەخۆیدا هەر کارگەیەک بەرگەی ئەو خەرجییەی خۆی دەگرێ، بودجە ـ پلان زۆربەی لەسەر بنەمایی بڕیاری(٩٨٦) نەتەوەیەکگرتووەکان دەگەڕێتەوە، دەربارەی ئەم هەمووە پارانە وەزارتی پیشەسازی تەنیا(٠٠٠ر٠٠٠ر٢٧) بەشداری ئەکاتن ئەوە چی دەمێنێتن بۆ چوونەکانی بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە بۆ نموونە سەد ملیۆنە، دوو سەد ملیۆنە یان (٠٠٠ر٠٠٠ر٥٠) ملیۆنە، چەند قازانج دەکەن، چەندە بەپێی یاسای کۆنی پاشایەتی لە(٦٥ ٪) بۆ وەزارەتی داراییە، بەڵام بڕیاری تازە پاش شەڕی(قادسية) و، شەڕی کەنداوی دووەم، نەڕۆیشتنی نەوتی عێراق بۆ دەرەوە حکومەتی عێراق ناچار بوو ئەم یاسایە بگۆڕێ ئەم رادەیە لە(٦٥ ٪) بکاتە(٨٥ ٪)، واتە(٨٥ ٪) قازانجەکە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و(١٥ ٪) بۆ دەمێنێتەوە ئەو(٠٠٠ر٠٠٠ر٢٧) ئەو(٨٥ ٪) کە مەزەندە دەکات ئەم وەزارەتە قازانج بکات، هەروەک بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

سوپاس بۆ کاک جەمیل بۆ ئەو روونکردنەوەیە، باشە چ تێبینی تر نییە؟ ئەو خاڵە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان ئەکەین.

**بەڕێز بـورهـان عـــــەلـی جـــــاف:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئێستاش: موازنة البنك المركزي والبنوك التجارية والبنوك الاختصاصية ذات التمويل الذاتي لعام ١٩٩٨:

| الأقسام ـ البنوك التجارية | |
|---|---|
| ١ـ البنك المركزي | ٠٠٠ر٣٧٧ر٢ |
| ٢ـ بنك الرشيد/ فرع أربيل | ٠٠٠ر١٥٤ر١ |
| ٣ـ بنك الرافدين/ فرع آراس | ٠٠٠ر٠٤٥ر١ |
| ٤ـ بنك الرافدين/ فرع سفين | ٠٠٠ر٣٢٧ |
| ٥ـ بنك الرافدين/ فرع سوران | ٠٠٠ر٦٣٩ |
| ٦ـ بنك الرشيد/ فرع جامعة صلاح الدين | ٠٠٠ر٢٩٠ |
| ٧ـ بنك الرافدين/ فرع پيرمام | ٠٠٠ر٥٥٠ |
| ٨ـ بنك الرشيد/ فرع شقلاوة | ٠٠٠ر٥٧٧ |

| | |
|---|---|
| ٩- بنك الرافدين/ فرع كويسنجق | ٥٢٨ر٠٠٠ |
| ١٠- بنك الرافدين/ فرع دهوك | ١/٢٩٥ر٠٠٠ |
| ١١- بنك الرشيد/ فرع خبات | ٢٨٢ر٠٠٠ |
| ١٢- بنك الرافدين/ فرع العمادية | ١٦٧ر٠٠٠ |
| ١٣- بنك الرشيد/ فرع عقرة | ٣٢٥ر٠٠٠ |
| ١٤- بنك الرشيد/ فرع رزگاري | ٦١٠ر٠٠٠ |
| ١٥- بنك الرشيد/ فرع زاخو | ٥٢٨ ر٠٠٠ |
| ١٦- بنك الرافدين/ فرع سەرسەنگ | ٣٤٥ر٠٠٠ |
| ١٧- بنك الرافدين/ فرع السلام | ١ر٢٥٥ ر٠٠٠ |
| ١٨- بنك الرشيد/ فرع برايتي | ٣٥٦ر٠٠٠ |
| ١٩- بنك الرشيد/ فرع السليمانية | ٧٦٨ر٠٠٠ |
| ٢٠- بنك الرشيد/ فرع أزمر | ٥٤٤ر٠٠٠ |
| ٢١- بنك الرشيد/ فرع رانية | ٤٦٠ر٠٠٠ |
| ٢٢- بنك الرشيد/ فرع دربنديخان | ٢٨٧ر٠٠٠ |
| ٢٣- بنك الرشيد/ فرع كفري | ٢٨٧ر٠٠٠ |
| ٢٤- بنك الرشيد/ فرع چمچمال | ٥٠٦ر٠٠٠ |
| تابع الموازنة البنوك ذات التمويل الذاتي لعام ١٩٩٨ | |
| الاقسام - البنوك الاختصاصية | |
| ٢٥- المصرف العقاري/ فرع أربيل | ٨٥٠ر٠٠٠ |
| ٢٦- المصرف العقاري/ فرع دهوك | ٣٢٢ر٠٠٠ |
| ٢٧- المصرف العقاري/ فرع السليمانية | ٤٥٧ر٠٠٠ |
| ٢٨- المصرف الزراعي/ فرع أربيل | ٣٠٥ر٠٠٠ |
| ٢٩- المصرف الزراعي/ فرع دهوك | ٢٠٠ر٠٠٠ |
| ٣٠- المصرف الزراعي/ فرع السليمانية | ٣١٧ر٠٠٠ |
| ٣١- المصرف الصناعي/ فرع أربيل | ١٣٩ر٠٠٠ |
| ٣٢- المصرف الصناعي/ فرع السليمانية | ١٤٠ر٠٠٠ |
| المجموع لموزانة كافة البنوك والمصارف | (١٨ر٢٣٢ر٠٠٠) |

بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن، ئێمە وەكو لیژنەی دارایی، هیچ تێبینیەكمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، لیژنەی دارایی وئابووری چ تێبینیەكی لەسەر نییە، چ تێبینیەك هەیە لەلایەن بەڕێزانەوە؟ كاك سەعید یەعقوبی؛ فەرموو كاك سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ پرسیارێک لەبەڕێز وەزیری دارایی بکەم، لەبارەی (صندوق التوفیر)، زۆر قوتابی و فەرمانبەر هەیە کە بڕێک پارەی بۆ خۆی کۆکردتوەوە، کۆی هەموو لەکوردستاندا ناگاتە(٣) ملیۆن دینار، تائێستا چ چارەیەکیان بۆ دانراوە. زۆربەیان سەردانی ئێمە لەپەرلەمان دەکەن وداوامان لێ دەکەن کە ئێمەش لای خۆمان سەردانی وەزارەتی دارایی بکەین، بەڵکو بتوانین شتێکیان بۆ جێبەجێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

سوپاس، کاک سەعید وابزانم ئەوە لەراپۆرتی جەنابی وەزیری دارایی وەڵام درایەوە و وەبڵێنی دا کە لەبودجەدا تەرخان کراوە خەرج ئەکرێ بۆیان، روونە وابزانم وانییە؟. جەنابی وەزیر ئەگەر چ تێبینی ترت هەیە، هەر ئەوەیە بەڵێ لەراپۆرتەکەی جەخت کرا لەبودجەی ئەم ساڵە ئینشائەڵلا بۆ ئەوانە خەرج ئەکرێت، سوپاس کاک سەعید ئەم خاڵە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟... سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش پوختی بودجەی فابریکە وکارگە و فەرمانگەکان و(تمویل الذاتي) ومەسەرەفەکانی (تمويل الذاتي):

| | المبالغ بالدينار |
|---|---|
| ١ـ المصانع والمعامل والدوائر الممولة ذاتياً التابعة لوزارة الصناعة والطاقة | ٧٥٢,٩٢٤,٠٠٠ |
| ٢ـ البنوك والمصارف الممولة ذاتياً | ١٨,٢٣٢,٠٠٠ |
| المجموع النهائي للموازنة الممولة ذاتياً | ٧٧١,١٥٦,٠٠٠ |

ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەم برگەیە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک لەسەر ئەم خاڵە نییە، وەکو پێشان دەنگمان داوە لەسەری بۆیە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان ئەکەین ئێستاش دەروازی بودجە و هەر(٣) بودجەکەش تەواو وەدەنگتان لەسەردا، دێنەوە سەر خودی یاسای بودجە، بەڕێزان لیژنەی یاسا یەکێک بفەرموێت بۆ ئێرە سوپاس بۆ لیژنەی دارایی وئابووری بۆ ئەو ماندووبوونە و زەحمەتەیان کێشا وەخوا پاداشتیان بداتەوە، فەرموو د. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم هەموو بودجەکەش دەبێ دەنگدانی لەسەر بدەین، چونکە ئەمە یەک بەیەک دەنگمان لەسەردا، بەلام بەگشتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلێ ئێستاکە لەسەر یاسایەکەیە ئێمە کەدێینە سەر یاسایەکە بڕەپارەکان هەموو جێگیر کراوە بەداهات و بەکۆی گشتیەوە، فەرموو کاک د.ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە بەش بەش دەنگمان لەسەردا هەمووشی بەتێکڕا دەبێ دەنگدانی لەسەر بدەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەیخەینە سەری، ئەوە دەنگدانی لەسەر دراوە تەواو بووینە، ئێستا ئێمە لەسەر گشتی بودجە لەگەڵ داهاتیش لەگەڵ بودجەی ئەنجوومەنی وەزیران کە پەسەند کراوە هەموو لە کۆتایی ئەنووسرێت، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە من دەیخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دیارە دانیشتنی دەوێ.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

نەخێر کاک جوهر دانیشتنی ناوێ تەواو بوو.

قرار

استناداً لأحكام الفقرة(١) و(٥) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير المالية والاقتصاد ووافق عليه مجلس الوزراء، شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق ـ القانون الأتي:

قانون موازنة أقليم كوردستان العراق

لعام ١٩٩٨ القانون رقم( ) لسنة ١٩٩٧.

المادة الأولى:

أـ يرصد النفقات الجارية للمجلس الوطني لكوردستان العراق والوزارات وإدارات الاقليم لعام ١٩٩٨ مبالغ مجموعها(٠٠ر٨٢٠ر٠٧٤ر٣) وەزارەتی کشتوکاڵ ڕازی نەبوون لەسەر کۆی

برەپارەکـــە(١٠٠ر٨٢٠ر٧٤ر٣) دینار ئەوە بوو پاشـــان دوو ســـەد هەزار دیناری وەزارەتی کشتوکاڵمان لێ کەم کردوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەوە لای بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان لەوانەیە ژمارەکە دووسەد هەزارەکەی لێ کەم کرابێتەوە، کە ئێستا پەسەندمان کرد(٠٠ر٨٢٠ر٧٤ر٣) دینار سوپاس بەڵێ فەرموو.

**بەڕێـز مـــحـــــەمــــــەد حــــەســــــەن باڵـەتە:**

ب - يرصد لموازنة المعامل والمصانع للدوائر والشركات والمصارف التجارية والأختصاصية ذات التمويل الذاتي لعام ١٩٩٨ مبالغ مجموعها(٠٠٠ر١٥٦ر٧٧١) دينار.

ج - يرصد لموازنة الخطة لعام ١٩٩٨ مبالغ مجموعها(٠٠٠ر٠ر٧٧٨). ببـورە، (١٨٠) هەزار دۆلار أمریکی دەخەینە سەر ئەو مادەیە.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

مەبەستت مادەی یەکەمە.

**بەڕێـز مـــحـــــەمــــــەد حــــەســــــەن باڵـەتە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڵێ:

المادة الثانية:

تخمن إيرادات أقليم كوردستان العراق بمبالغ مجموعها (٠٠٠ر٧١٥ر٢٤٧ر٢) دينار لعام ١٩٩٨.

المادة الثالثة:

تتولى وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة.

المادة الرابعة:

لرئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالمجلس.

المادة الخامسة:

يخول وزير المالية والاقتصاد صلاحية المناقلة بين أعتمادات الباب الواحد بأستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولايجوز النقل منه.

المادة السادسة:

لوزير المالية والاقتصاد إجراء المناقلة بين أعتمادات أبواب الميزانية لأغراض توفير امكانيات الصرف للإدارات التي يتقرر فك أرتباطها من وزارة والحاقها بوزارة أخرى.

المادة السابعة:

يخول وزير المالية والاقتصاد إضافة الاعتمادات الاجمالية المصدقة لميزانية عام ١٩٩٨

نسبة(١٪) من اجمالي الاعتمادات المصدقة للميزانية للاغراض التالية:

١- اعتماد المبالغ اللازمة لميزانيات الادارات المستحدثة خلال العام المذكور أعلاه.

٢- اضافة أعتمادات جديدة في ميزانيات الوزارات والادارات للحالات الطارئة والتي يقررها مجلس الوزراء.

المادة الثامنة:

تتولى وزارة المالية والاقتصاد إعداد مفردات ملاكات جميع الوزارات لاقليم كوردستان العراق للعام ١٩٩٨ والمصادقة عليها وعلى ضوء كلف الرواتب المصدقة في الميزانية.

المادة التاسعة:

على وزير المالية والاقتصاد إصدار التعليمات اللازمة لتحديد صلاحيات الصرف للإدارات الحكومية خلال فترة لاتتجاوز أسبوعين من تأريخ إصدار هذا القانون.

المادة العاشرة:

لوزير المالية والاقتصاد إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الحادية عشرة:

ينفذ هذا القانون بتأريخ ١/١/١٩٩٨ وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوە خوێندنەوەی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بوو، ئێستاش وەک هەموو جار مادە بەمادە ئەیخوێنینەوە گفتوگۆی لەسەر دەکەین ودەیخەینە دەنگدانەوە مادە یەک.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ.

المادة الأولى:

أ- يرصد للنفقات الجارية للمجلس الوطني لكوردستان العراق والوزارات وإدارات الاقليم لعام ١٩٩٨ مبالغ مجموعها(١٠٠ر٨٢٠ر٧٤ر٣) دينار مع (١٨٠) الف دولار امريكي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(ب)یش بخوێنەوە چونکە یەک مادەیە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

بەڵێ.

ب - يرصد لموازنة المعامل والمصانع للدوائر والشركات والمصارف التجارية والاقتصادية ذات التمويل الذاتي لعام ١٩٩٨ مبالغ مجموعها(٠٠٠ر١٥٦ر٧٧١) دينار.

ج - يرصد لموازنة الخطة لعام ١٩٩٨ مبالغ مجموعها(٠٠٠ر٣٠٠ر٧٧٨)، ئەوە مادە یەک.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەم مادەیە ئەگەر چ تێبینیەک لەسەر نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

تخمن ايرادات أقليم كوردستان العراق بمبالغ مجموعها(٢ر٢٤٧ر٧١٥ر٠٠٠) دينار لعام ١٩٩٨.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٢) چ تێبینیەک نییە؟ نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

تتولى وزارة المالية والاقتصاد لأقليم كوردستان العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة. ئەو مادە تەواو بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مادە(٣) چ تێبینیەک نییە؟ نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

لرئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق باجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالمجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٤) چ تێبینیەک نییە؟ نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

يخول وزير المالية والاقتصاد صلاحية المناقلة بين أعتمادات الباب الواحد بأستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل من واليه ولايجوز النقل منه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٥) چ تێبینیەک نییە؟ نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان ئەکەین.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

لوزير المالية والاقتصاد إجراء المناقلة بين أعتمادات أبواب الميزانية لأغراض توفير امكانيات الصرف للإدارات التي يتقرر فك أرتباطها من الوزارة والحاقها بوزارة أخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٦) چ تێبینیەک نییە؟ نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان ئەکەین.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

يخول وزير المالية والاقتصاد إضافة الاعتمادات الاجمالية المصدقة للميزانية لعام ١٩٩٨ بنسبة(١٪) من إجمالي الاعتمادات المصدقة للميزانية للأغراض التالية:

١. أعتماد المبالغ اللازمة لميزانيات الادارات المستحدثة خلال العام المذكور أعلاه.

٢. إضافة اعتمادات جديدة في ميزانيات الوزارات للحالات الطارئة والتي يقررها مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٧) چ تێبینیەک نییە؟ نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

تتولى وزارة المالية والاقتصاد إعداد مفردات ملاكات جميع الوزارات لاقليم كودرستان العراق للعام ١٩٩٨ والمصادقة عليها وعلى ضوء كلف الرواتب المصدقة في الميزانية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مادە(٨) چ تێبینیەک نییە؟ نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

على وزير المالية الاقتصاد إصدار التعليمات اللازمة لتحديد صلاحيات الصرف للإدارات الحكومية خلال فترة لاتتجاوز أسبوعين من تأريخ إصدار هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مادە(٩) چ تێبینیەک نییە؟ نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نیپە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة:

لوزير المالية والاقتصاد إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(١٠) چ تێبینیەک نییە؟ نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێ محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة:

ينفذ هذا القانون بتأريخ ١/١/١٩٩٨ وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(١١) چ تێبینیەک نییە؟ فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە (ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ ١/١/١٩٩٨)، چونکە بتأریخ ١/١/١٩٩٨ لەو کاتەوە دەستی پێ ئەکرێ جێبەجێ ئەکرێ نازانم ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسا، بۆمان روون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەقە یاسایەکەیەتی، بزانن برادەران چی دەڵێن.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وترا بتأریخ ١/١/١٩٩٨ واتا هەرچی تێدایە لە ١/١/١٩٩٨ جێبەجی دەکرێ، بەڵام اعتبارا من ١/١/١٩٩٨ هەتا کۆتایی ساڵ، وانییە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ، مامۆستا مەلا تاهیر ئەگەر لە لایەنی زمانەوانییەوە هاوکاریەکمان بکات.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هیچ جیاوازی نییە لەنێوان اعتبارا لە ١٩٩٨/١/١ یان بڵێی من ١٩٩٨/١/١، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک محەمەد چ تێبینیت هەبوو؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مادە(١١) ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

وەکو یاسا، ئێستاش یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٩٨ بەگشتی ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ یاساکە پەسەند کرا سوپاستان ئەکەین. وەدانیشتنەکەمان لێرەدا کۆتایی پێ دێ، سوپاسی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و برا وەزیرەکان وە جەنابی وەزیری داراییش ئەکەین، بۆ ئەو ئەزیەتەی کێشایان وهەروەها سوپاسی بەڕێزان لیژنەی دارایی و لیژنەی یاساش ئەکەین بۆ ئەو ماندووبوونەی کە کێشایان. سوپاس بۆ ئێوە هەمووتان سوپاستان ئەکەین، فەرموو کاک دکتۆر.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاویس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا شایەنی ئەوەیە سوپاسێکی گەرمتان ئاراستە بکەم بۆ گفتوگۆیەکانی ئەمڕۆ، ئەم گفتوگۆ چڕە کە هەمووی لە ڕوانگەی خزمەتی گەل و نیشتمانەکەمان بووە بۆ ئەوەی یاسا بەر قەرار بێ و داهاتی ئەم هەرێمە دەسنیشان بکرێ ئەم داهاتە بەشێوەیەکی ڕێک وپێک و ڕاست و یاسایی لەخزمەتی میللەتەکەمان سەرف بکرێ بۆ پشتگیری کردن لەبەرنامەی خزمەتگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێرەدا حەزدەکەم دووبارە سوپاسی بەڕێز وەزیری دارایی و هەموو برا وەزیرەکان بکەم بۆ هاوکاریان و ئیش کردنیان بەشێوەیەکی ڕێک وپێک لەم ماوەی پێشوودا، بەتایبەتی بۆ ئامادە کردنی پرۆژەی ئەم بودجە سەرکەوتووە، وهیوادارم پێکەوە تێکڕا بە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە هەمیشە هاوکار بین وکار کردنمان بەو شێوەیە بێ. تا خزمەتی کێشەی گەل و نیشتمانەکەمان بکەین بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا کە پیلانی دوژمنان یەکجار زۆرە و بەتایبەتی کە هەموو ڕۆژێک چاویان لەوەیە کە دەست کەوتەکان ودەستکەوتەکانی حکومەتی

هەرێم و ئەم ئەزموونە زیاد ئەکات پیلانی ئەوانیش بەرامبەر بەوە زیاد ئەکا ، لێرەدا بەردی بناغەی سەرکەوتنی ئەزموونە دیموکراسیەکەمان هاوکاری وکارکردنێکی رێک وپێکە لەنێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دووبارە سوپاس و سەرکەوتن بۆ هەموو لایەکتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران داوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک ئەکەین، بێگومان ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان هەر لە سەرەتایی کابینەی سێیەمەوە ئەو بەڵێنەی داوە کە ئەوەی پێی بکرێ لەهاوکاری و کۆمەک و پشتگیری بۆ سەرخستنی ئیشەکەیان دریغی نەکەن و إنشاء الله هەر لەسەر ئەو رێبازە بەردەوام ئەبین سەرکەوتنی ئەو هەردوو دەزگایە سەرکەوتنی ئەم ئەزموونەیە، سەرکەوتنی ئەم ئەزموونەش بێگومان سەرکەوتنی میللەتەکەمانە، خوا هاوکارو پیشتوانی هەموو لایەکەمان بێت، مانگی رەمەزان و ساڵی تازەش جارێکی تر پیرۆز بێ، إنشاءالله بەخۆشی وشادی پێشوازی لێ ئەکەین بەیانی کاتژمێر(٩) ئەندامانی پەرلەمان لێرە ئامادە بن بۆ یەک کاتژمێرو پاشان خواحافیزیان بێت، حەز دەکەین ئەندامانی پەرلەمان هەموویان لێرە بن، لەبەر ئەوەی کۆتایی ساڵە بۆ هەندێ وردەکاری خۆمان، زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئامادەبوونتان، دانیشتنەکەمان لێرەدا تەواو بوو ، سوپاس.

**شێروان ناسح عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# یاسای ژماره (١٤)ی ساڵی ١٩٩٧
# یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی ١٩٩٨

**مادەی یەکەم:**

أ – بڕی (١٠٠ر٨٢٠ر٠٧٤ر٣) دینارو (٠٠٠ر١٨٠) دۆلاری ئەمەریکی بۆ بودجەی خەرجی ڕۆژانەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەرێم بۆ ساڵی ١٩٩٨ تەرخان کرا.

ب – بڕی (٠٠٠ر١٥٦ر٧٧١) دینار بۆ بودجەی کارگەو فابریکەو فەرمانگەو کۆمپانیاو بانکە بازرگانی و تایبەتمەندییە خۆ بژێوەکان «ذات التمویل الذاتی» بۆ ساڵی ١٩٩٨ تەرخان کرا.

ج – بڕی (٠٠٠ر٠٣٠ر٧٧٨) دینار بۆ بودجەی «پلان»ی ساڵی ١٩٩٨ تەرخان کرا

**مادەی دووەم:**

داهاتی هەرێمی کوردستانی عێراق بە بڕی (٠٠٠ر٧١٥ر٢٤٧ر٢) دینار مەزەندە دەکرێ بۆ ساڵی ١٩٩٨.

**مادەی سێیەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق ئەرکی پێدانی «حساباتی» وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەرێم، بەپێی داهاتی دارایی بەردەست ئەگرێتە ئەستۆ.

**مادەی چوارەم:**

سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بۆی هەیە گواستنەوە «المناقلە» لە چوارچێوەی بودجەی تایبەتی ئەنجوومەندا بکات.

**مادەی پێنجەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری، سەر پشکە لە گواستنەوەی «المناقلە» لە نێوان

«اعتمادات» له یەک دەروازەدا، تەنها بڕگەی مووچە نەبێ کە دەکرێت بۆی بگوازرێتەوەو نابێ لێی بگوازرێتەوە.

**مادەی شەشەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە هەڵسێ بە جێبەجێ کردنی گواستنەوە «المناقلە» لە نێوان «اعتماداتی» دەروازەکانی بودجەدا بەمەبەستی پاشەکەوتی کردنی بوارەکانی خەرج کردن بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە بڕیاری پەیوەندیی پچڕانیان لەگەڵ وەزارەتێکەوە دەدرێ و بە وەزارەتێکی ترەوە دەلکێندرێت.

**مادەی حەوتەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری سەر پشکە لە زیادکردنی کۆی «اعتماداتی» بودجەی پەسەندکراوی ساڵی ۱۹۹۸ بەڕێژەی ۱٪ لە کۆی اعتماداتی بودجەی پەسەندکراو بۆ ئەم مەبەستانە:

۱- دانانی بڕە پارەی پێویست بۆ بودجەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە لەماوەی ئەم ساڵەی سەرەوەدا لە نوێ دادەمەزرێن.

۲- زیادەکردنی «اعتمادات»ی نوێ لە بودجەی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان بۆ بارە نائاساییە کتوپڕییەکان، کە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

**مادەی هەشتەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەرکی ئامادەکردن و پەسندکردنی یەکەکانی «مفردات»، میلاکەکانی سەرجەم وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی ۱۹۹۸ لە ئەستۆ ئەگرێ، لەسەر رۆشنایی بڕی ئەو مووچە پەسەندکراوانە لە بودجەدا.

**مادەی نۆیەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری دەبێ رێنمایی پێویست دەربکات سەبارەت بە دیاری کردنی توانای خەرج کردن بۆ بەڕێوەبەرایەتییە حکومییەکان لە ماوەی دوو هەفتەدا لە رۆژی دەرچوونی ئەم یاسایەوە.

**مادەی دەیەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسان کردنی ئەنجامدانی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**مادەی یانزدەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوەو لە ١ / ١ / ١٩٩٨ـەوە کاری پێ دەکرێت.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ــ عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧)

چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٣١

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٧)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٣١

***کاتژمێر (٩) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٣١ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری دانیشتنی کۆتایی پێهێنانی خولی دووەمی، ساڵی (١٩٩٧)ی خۆی بەست.***
***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***
***بەرنامەی کار:***
***١ - تەواوکردنی گفتوگۆ لەسەر دەرکردنی خێزانە کوردەکانی کەرکوک وشوێنانی تر.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە ڕاستیدا دەبوایە بەڕێزان ئەندامان لێرە ئامادە بوونایە، بەڵام وادیارە وەک هەموو جار هەندێ لە برادەران دواکەوتوون، ئێمە لەم بارەیەوە زۆر جار ئاگادارمان کردونەتەوە. لەدانیشتنی ئەمڕۆماندا یەک دوو خاڵ هەبوو هەروەک لەدانیشتنی ڕابردوو بڕیاری لەسەر درا کە دەربارەی باری ئاوارەکان شتێ ئامادە بکەین، لە ڕاستیدا ئێمە لەم بارەیەوە ڕاپۆرتێکمان ئامادە کردبوو لەگەڵ لیژنە ڕاسپێردراوەکە، کە بۆ ئەم بابەتە داندراوە تاوتوێمان کرد. دواتر ئەم شێوەیەی وەرگرتووە کە ئێستا کاک شێروان بۆتان دەخوێنێتەوە ئەگەر چ تێبینییەکی لەسەر نەبوو ئەوە دەبێتە صیغەیەکی کارپێکراو. گومان لەوەدا نییە کە ئەم دەقەش هەروەک لە لیژنەکەش لەسەری کۆک بوون وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی ئینگلیزی و کورت دەکرێتەوە، چونکە بەو درێژیە نابێ، هەروەها لە زمانەکەشدا جیاوازی هەیە. ئێستا کاک شێروان با ئەوە بخوێنێتەوە ئەگەر زەحمەت نەبێ گوێی لێ بگرن، فەرموو کاک شێروان.

بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:

بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.

*مذكرة من المجلس الوطني لكوردستان العراق الى:*

* السيد السكرتير العام للامم المتحدة كوفي انان المحترم
* السيد رئيس مجلس الامن الدولي المحترم
* السادة ممثلي الدول الخمس دائمة العضوية في مجلس الامن الدولي
* السيد ڤان دير شتويل المكلف بمراقبة اوضاع حقوق الانسان في العراق
* لجان حقوق الانسان في العالم وخاصة

Amnesty Internatioal Human Rights Watch- middle-east Watch

بعد التحية والاحترام،

من المعلوم ان المعاناة الانسانية، افراداً او جماعاتٍ، من الاضطهاد والحرمان والمعاملة الوحشية كانت السبب في اصرار المجتمع الدولي على ضرورة تحريم انتهاك حقوق الانسان الاساسية وضمان مستوى من الاحترام لتلك الحقوق في جميع المجتمعات البشرية، وقد تكللت جهود المجتمع الدولي بقيام الجمعية العامة للامم المتحدة باصدار الاعلان العالمي لحقوق الانسان في ١٠/كانون اول/١٩٤٨. ذلك الاعلان الهام الذي انضمت اليه اغلب دول العالم ومنها الدولة العراقية، وبذلك اصبحت ملزمةً بالتقيد ببنودها وعدم الخروج عليها سواءٍ في قوانينها الداخلية أم في قراراتها واجراءاتها. ولكن الحكومات العراقية المتعاقبة خرقت بوضوح واصرار ذلك الالتزام الدولي وخاصة في سلوكها تجاه الكورد كأفراد او كجماعة أثنيه متميزة، والمجتمع الدولي على علم بالكثير من تلك الخروقات السابقة، لذلك،فاننا سنتطرق هنا الى أحدث خرق ارتكبته السلطات العراقية، بحق المواطنين الكورد في المناطق الكوردية، غير المشمولة، بالحماية الدولية المُوفرّة في اعقاب حرب الخليج عام ١٩٩١لجزء كبير من كوردستان العراق (جنوب خط العرض «٣٦»)، والتي

تتعرض منذ عشرات السنين لحملات تهجير لسكانها من الكورد خاصة بهدف تغيير وضعها الديموغرافي، تلك الحملات التي شملت احياناً التركمان والآشوريين ايضاً.

لقد استأنفت الحكومة العراقية في الآونة الاخيرة محاولات تعريب المناطق الكوردية الواقعة تحت سيطرتها، واجبرت قطاعاً كبيراً من السكان الكورد على تغيير هويتهم القومية الى القومية العربية، وتهجير من يرفض منهم تغيير قوميته، الى جنوب العراق او طردهم الى المنطقة المحمية من كوردستان العراق. وفي هذا السياق فهي مستمرة وبشكل منظم وتدريجي بحملة تهجير جديدة شملت لحد الآن المئات من العوائل الكوردية من مناطق خانقين وجلولاء و كركوك وشيخان... الخ. واخيراً تم مصادرة جميع الاراضي الزراعية ضمن قضاء مخمور والبالغة مساحتها (١٧٠ر١٧٠ر١) مليون ومائة وسبعون الف دونم زراعي بعد منع جميع الفلاحين الكورد من حقوقهم التصرفية واحلال عشائر عربية محلهم. وتصل يومياً العشرات من تلك العوائل الى المناطق المشمولة بالحماية الدولية من كوردستان العراق وخاصة الى مدينة اربيل (عاصمة الاقليم)، بعد ان استولت على مساكنهم وبيوتهم، وجردتهم من اموالهم وممتلكاتهم، ولم تسمح لهم بحمل شيء يذكر من امتعتهم الشخصية، وهناك الالوف من العوائل الكوردية الاخرى تنتظر نفس المصير. وتشهد على ذلك منظمات الـ (UN) والمنظمات الانسانية في المنطقة.

ان هذه الاجراءات تشكل خرقاً واضحاً لروح ونصوص البنود التالية من الاعلان العالمي لحقوق الانسان:

١ـ البند السابع منه القاضي بحق الناس «من التمتع بحماية متكافئة امام القانون«دون اية تفرقة» وحقهم في حماية متساوية ضد اي تمييز يخل بهذا الاعلان».

٢ـ البند الثاني عشر منه الذي يحرم اي تدخل تعسفي في حياة (الفرد) الخاصة او اسرته او بسكنه...

٣- البند الثالث عشر - فقرة (أ) منه التي تضمن «لكل فرد حرية التنقل واختيار محل اقامته داخل حدود كل دولة».

٤- البند السابع عشر الفقرة (٢) منه التي تحرّم «تجريد احد من ملكه تعسفاً».

٥- البند الثلاثين منه الذي ينص على انه «ليس في هذا الاعلان نص يجوز تأويله على انه يخول لدولة او جماعة او فرد اي حق في القيام بنشاط او تأدية عمل يهدف الى هدر الحقوق والحريات الواردة فيه».

هذا وان قيام الحكومة العراقية بتهجير تلك العوائل يشكل اخلالاً فاضحاً بمنطوق القرار رقم ٦٨٨ لمجلس الامن الدولي الصادر في ٦/نيسان/١٩٩١ والذي ينص (على وجوب الايقاف الفوري لقمع السكان المدنيين وخاصة الكورد منهم، من قبل الحكومة العراقية...) ويعرقل عملية تنفيذ القرار رقم ٩٨٦ الصادر في ١٤/٤/١٩٩٥.

لما تقدم فان پرلمان اقليم كوردستان العراق يناشدكم التدخل الفوري للضغط على الحكومة العراقية من اجل:

١- الايقاف الفوري لحملة تهجير السكان من مدينة خانقين وجلولاء وكركوك ومخمور وشيخان ومن اية منطقة اخرى.

٢- السماح بعودة المهجرين الى اماكنهم واعادة ممتلكاتهم ومساكنهم واراضيهم وبإشراف ممثلي الـ (UN) في العراق.

٣- تعويض هؤلاء عن الاضرار التي لحقت بهم جراء هذه الاجراءات القسرية.

ولحين تحقيق ذلك فاننا نرجوكم الايعاز الى منظمات الامم المتحدة ووكالاتها وكذلك المنظمات الخيرية وغير الحكومية المتواجدة في العراق، لتقديم المعونة العاجلة لهؤلاء المدنيين، كالطعام والمأوى والدواء والمعالجة الطبية الضرورية لتجنب حدوث هجرة واسعة الى دول الجوار والعالم وتكرار كارثة انسانية اخرى.

***مع خالص تقدير واحترامنا***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوە دەقی ئەو یاداشتە بوو کە ئامادە کرابوو، ئەگەر هەر تێبینییەک هەیە گوێمان لێ بێ خراپ نییە! با بە تێبینی برا وەزیرەکان دەست پێ بکەین، چونکە ئەوان پەلەیانە، لەوانەیە هەر (٥ـ ٦) دەقەی تریان لەبەر دەست بێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وام زانی هەر وەکو بەیانێک دەردەچێ ئاراستەی کەس ناکرێ، بەڵام ئاراستە کراوە، حەق بوو ئاراستەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراقی بکرێت وێنەش بدرێ بەم شوێنانە کە لە یاداشتەکەدا هاتووە، ئەوە یەک. دووهەم: وشەی (مع الأسف) لە شوێنێک کە دەڵێ(مع الاسف) ئەو ناوچانەی کە نەکەوتوونەتە ژێر پاراستنی نێودەوڵەتی وشەی (مع الاسف) پێم وایە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە راستیدا ئەم تێبینیە لە لیژنەکەش هەبوو، بەڵام بەزۆرینە باشترە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووەم (ان هذه الاجراءات) کافیە، (قمعیة) بەرای من زیادە، من وای دەبینم تۆزێک نەرم بێ لە خودی داڕشتنەکەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش لەگەڵ ئەو رایەم، تاکو نەرم بێ لە داڕشتنەکەدا باشترە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە ئاماژە بەبریاری (٦٨٨)ی (UN) دەکرێ، عێراق دانی بەم بریارە دانەناوە لای پەسەند نییە، من پێم وایە رای دکتۆریشە لەجیاتی وشەی (تهجیر) لە هەموو یاداشتەکەدا وشەی (ترحیل) دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینییانە کاک فرەنسۆ، کاک دکتۆر فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

زۆربەی تێبنییەکانم کاک فرەنسۆ هێمای بۆ کرد. من تێبینیم زیاتر لەسەر وشەی (تهجیر) بوو کە دەشێ (ترحیل وتهجیر) هەردووکیان بەکار بێنین، چونکە (ترحیل) زیاتر بەهێزو زۆرە ملێ دەبێ، لایەنێک کە دەستەڵاتی بەدەستە دەتوانێ خەڵک راگوێزێ.

(تهجیر) لەئەنجامی ئەوە دەبێ کە خەڵکێ لەشوێنێک ئاسودە نییە راوەدوو دەندرێ ومامەڵەی خراپی لەگەڵ دەکرێ، ئەو شوێنە بەجێ دەێڵێ زیاتر بەو مانایە دێ...

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

واتە (ترحیل)ەکە بەهێزترە؟

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

(ترحیل وتهجیر)، چونکە هەندێ کەس هەیە گوشاریان لەسەرە لەئەنجامی ئەم گوشارە خۆی شوێنەکە بەجێ دێڵێ، هەندێ کەسیش بەزۆرە ملێ رادەگوێزرێن.

سەبارەت بە گۆڕینی بنەمای نەتەوایەتی، زۆر کەس هەیە کوردە ولەسەر ژمێرییدا بەزۆر بەعەرەبی دەنووسن، ئەوە هیچ لە یاداشتەکە باسی لێوە نەکراوە، دەبێ ئەمەش بگوترێ.

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

ئەمەشی تێدایە، ئەگەر مۆڵەت بدەی بۆتی بخوێنینەوە (لقد استأنفت الحكومة العراقية في الآونة الاخيرة محاولة تعريب المناطق الكوردية الواقعة تحت سيطرتها، واجبرت قطاعاً كبيراً من السكان الكورد على تغيير هويتهم القومية الى القومية العربية أو تهجيرهم) ـ وەکو کاک فرەنسۆ دەڵێ (ترحيل من يرفض منهم تغيير قوميته).

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

جگە لەوەش خەڵکی عەرەب دێنن لەجێگای ئەواندا نیشتەجێیان دەکەن، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

تەعریبەکە ئەوە ئەگرێتەوە، کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشــــغــــال:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

لەوانەیە من تێبینی خۆمم داوە وشوێنی خۆی گرتووە، بەڵام یەک دوو تێبینی بچوکم هەیە، یەک:

لەسەرەتا یاداشتەکە ئەڵێ (حقوق الانسان الاساسیة)، وابزانم (حقوق الانسان مطلق)ـە، بەرای من بەبێ ئەساسی بێ باشترە، چونکە (حقوق فردیة للانسان) پێشێل دەکرێ، رستەی دووەم کە دیسان تێبینیم لەسەری هەبوو، بەڵام دیسان تێبینیم لەسەری هەیە، ئەڵێ (حقوق الانسان الذي انضمت الیه معظم دول العالم) بەرای من بگوترێ (الذي صادقت علیه معظم دول العالم) وابزانم بەهێزترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەڵێ ئەوە دیسان ئەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەو بابەتە کە یاساناسەکان شارەزاییان هەیە لەیاسای نێودەوڵەتیدا، جاڕدانەکە کاتی خۆی وەکو جاڕدانێک راگەیاندرا، خەڵک هات، هەر وڵاتێ هاتوو پەیوەندی پێوە کرد رازی بوو لەسەری.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با ئەوە بمێنێتەوە بۆ برا یاساییەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەکو گوتم ئەوە کلێشەیەکە رێکخراوەکە خۆیان بەکاری دێنن، ئێمە دەسکاریمان نەکردووە.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چۆنێ بێ برا یاساناسەکانمان باشتر دەزانن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە گرفت نییە.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی کۆتایی لەیاداشتەکە دەڵێ (هدم الحقوق) ئەگەر (هدر الحقوق) بێ بەهێزترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر (هدر) بێ لەجیاتی (هدم)، لەوانەیە هەڵەیەکی ئیملائی بێ.

(صادقت ) بێ یان(وافقت) بێ یان ( انظمت) بێ هیچ لە واتاکە ناگۆڕێ، فەرموو کاک شێخ یەحیا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو دوو خاڵەی کە هاتووە، یەک وەستانی ڕاگوازینەکە، دوو گەڕانەوەی خەڵکەکە بۆ شوێنی خۆیان، ئەگەر تێبینی بکەین لەشوێنێکی وەکو ناوچەی مەخمور خەڵکێکی کورد لە شوێنی خۆیان ماون، بەڵام زەویەکانیان دەستی بەسەردا گیراوە ئێستا دەیچێنن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ نووسیومانە (تعريب وترحيل).

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڵێ (إعادة ممتلكاتهم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورە قسەکەشت دەبڕم، لێتان ناشارمەوە من بڕگەیەک تۆزێ دەستکاریم کرد، بەڵام لەبەر خاتری لیژنەکە حەزم نەکرد، دوایی گەڕاندمەوە دۆخی خۆی، لەگەڵ کاک شێروانیش گفتوگۆیەکمان لەم بارەیەوە کرد. ئەوەی مەخمور زەق و بەرچاوە هەرچی ڕێکخراوی ئێرەشە پێی ئەزانن، ڕووبەرەکەی لەوانەیە لە (غزة و قطاع) زۆرتر بێ ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، لەوانەیە ئەو زەویەی ئەو ناوچەیە دەیگرێتەوە بە قەد میرنشینێکی خەلیجیەکان بێ، ئەوەندە دۆنەمەیە، هەر دۆنەمێکیش، (٢٥٠٠)مەتری چوار گۆشەیە.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەوە بکرێتە خاڵێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەوەم پێ باش بوو، چونکە ئەوەی مەخمور زۆرە (٧٣) دێیە وەکو گوتم ئەگەر لێکی بدەی ڕووبەرەکەی لەوانەیە بەقەد میرنشینێک دەرچێ، ئەتوانین چارەی کەین، ئەوە گرفت نییە. کاک(د.قاسم) د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم یاداشتەکە باسی ئەو ناوچانە دەکات کە لە باشووری هێڵی پانی (٣٦)دان وابزانم هەندێ ناوچە هەن لە باکووری هێڵی پانی (٣٦)شن ئەوە یەک. دووەم، وەکو

کاک شێروان خوێندیەوە واتێگەیشتم کە زۆر ناوچە (لا تقع ضمن المنطقة الآمنة) کە چی زۆر ناوچە هەنە ئێستا راگوێزراون لە ناو ئەو ناوچە پارێزراوەدایە. هەروەها ئاماژە بەوە نەکراوە کە حکومەتی ناوەندی فعلا زەویەکانیانی داگیر کردووە، بەتایبەتی ناوچەی ئیزدیاتی، من بە باشی دەزانم وشەی تایەفەی ئیزدی لە ناو یاداشتەکە باس بکرێ، چونکە حکومەتی ناوەندیی لەم دواییە ئیجرائاتێکی دەرکردووە زۆربەی زۆری زەویەکانی لێ زەوت کردوون، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستەواژەیەکم بەر چاو کەوت دەڵێ (الاضرار التي لحقت بهم)، بەرای من لە جیاتی ئەوە بگوترێ (الاضرار التي تکبدوها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، ثالثاً: (تعويض هؤلاء عن الاضرار اللاحقة بهم).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ببێتە (الاضرار التي تکبدوها) لە یاداشتەکەدا، هەروەها تێبینیم کرد، نەگوتراوە وێنە بدرێ بە کۆمەڵەی ولاتانی عەرەبی ( جامعة الدول العربية) بەباشی دەزانم بە کۆمەڵەی ولاتانی عەرەبییش بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ لێرە نووسیومانە، چونکە ئەوە ناونیشانەکەیەتی هەر یەکەی بە پۆستی خۆی دەڕوات، پێویست ناکات ئەوە بنووسین (الانسان) کێمان بوێت دەینێرین، ناوەکەی ئەخەینە سەری ئەوە لیستێکمان لایە ئەگەر کۆک بووین لەسەری ئەوە بە ناوی خۆیەوە ئەڕوات، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە هۆڵەکەدا باسمان کرد کە ئەم یاداشتە دەبێ بۆ کۆمەڵەی ولاتانی عەرەبی (الجامعة العربية) بنێردرێ، وابزانم کاک رەجەبیش پشتگیری پێشنیاری منی کرد، ئەوە پێشنیاری منە ومامۆستاش ئاماژەی بۆ کرد، ئەگەر ئەو ناونیشانە لە یاداشتەکەدا بێ پێم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس فەوزیە خان، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاشکرایە سەرۆک کۆماری عێراق لە زۆر بۆنەدا دەنازێ کە بەیانی (١١)ی ئازاری بۆ کورد دەرهێناوە. ئەگەر ئێمە سەیری سنووری ناوچەی (الحکم الـذاتـي) ئۆتۆنۆمی بکەین لە کاتی جاڕدانی بەیانی(١١)ی ئازاردا، قەزای مەخمور تەواوی سەرجەم سنوورەکانی لەو سنوورەدا بوو.

پاش گەز بوونەوەی حکومەتی ناوەندی لە دان پێدانانی بە مەخمور وەک بەشێک لە ناوچەی کوردستان ئێستا بە چ لێک دەدرێتەوە؟ ئەوە یەک. دووهەم سەبارەت بە کۆنگرەی ئیسلامی پێم وایە کەرکووک، خانەقین و. سنجار و، مەخموریش، خەڵکەکەی ئیسلامن. کۆنگرەی ئیسلامی پێویستە وێنەیەکی بدرێتێ.

سێهەم: لە بابەتی گەڕانەوەی سەروەت وسامان پێم باشە باسی زەوی کشتوکاڵیش بکرێ، چونکە دەتوانم بڵێم ئەو شوێنانە بەر شاڵاوی بەعەرەب کردن کەوتووە، نەک ملیۆن، بەڵکو (٤) ملیۆن دۆنمیش دەبێت، ئینجا بۆیە پێویستە وشەی زەوی کشتوکاڵی بەزەقی تێدا دیاری بکرێتن، چونکە فەلەستینییەکان رۆژێکیان داناوە بە ناوی (یـوم الارض) هەموو گەلی فەلەستین جەژن دەکەن، بیرەوەری دەکەنەوە، کۆنگرەی بۆ دەبەستن، کۆڕی بۆ دەبەستن.

بۆیە پێویستە وشەی (الاراضي الزراعية) هێمای بۆ بکرێ، چونکە داهاتی ئێمە دوای نەوت زەوی کشتوکاڵییە کە داهاتێکی هەمیشەییە. داوا بکرێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە داوا لە حکومەتی عێراقی بکا ئەو بڕیارانە یان ئەو ئیجرائانە هەڵوەشێنێتەوە، چونکە ئێستا عێراق لەژێر چەپۆکی (UN)ە، لەژێر دەستی ئەوانە ئینجا ئەم جۆرە دەست درێژیانە لە کورد دەکات، لە کاتێکیشدا پاراستنی (پرۆڤاید کۆنفورت) بۆ کورد دانراوە، ئیجرائاتی حکومەتی عێراقی تەنانەت لەگەڵ دەستوری عێراقیشدا هاودژە، لە دەستوری عێراقیش هاتووە دەڵێ دەبێ مرۆڤ سەرو ماڵی پارێزراو بێ. من پشتگیری قسەی کاک فەرەنسۆ دەکەم، کە دەڵێ: پێویستە وێنەیەک بدرێتە ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراقی، چونکە ئەوە پێشێلکاریە بۆ دەستوری عێراقیش لەگەڵ رێزو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەکبەر فەرموو.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم لە کۆنگرەی (١١)ی پارتیشمان (مەندەلی وبەدرە و جەسان) لە جوگرافیای کوردستان

دەستنیشان کراون جا من نازانم بۆ ناوی مەندەلی و بەدرە و جەسان، نەهاتووە لە یاداشتەکەدا؟ ئەوان پێش هەموو کەسێ (ترحیل) دەرکراون، بەوانەوە دەرکردن دەستی پێکرد، حەز دەکەم ئەوەش لە یاداشتەکە باس بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە لە دیباجەی ئەم یاداشتەدا نووسیومانە (أخر حملة قامت بها الحكومة العراقية)، هەروەها لە پێشەوە نووسیومانە کاری ڕاگواستن، بەعەرەب کردنی کوردستان لە مێژەوە دەکرێ، حکومەتەکانی یەک لە دوایی یەک کردوویانە وکۆمەڵگای نێودەوڵەتیش ئاگای لەمە هەیە ئەوە تەواو بوو، تەنها مەبەستمان لەوە کردارەکەی ترە، ئەوەی کە ئێستا کە بەردەوامە، دانیشتنەکەش لەسەر ئەوە بوو، ئەوە داخوازی کرا کە دانیشتنێک و یاداشتێک ئامادە کەین لەسەر ئەو کردارەی کە ئێستا دەکرێت بۆ نموونە: کە لە ناوچەی مەخمور خەڵک ڕاگوێزراوە، وابزانم ئەو برادەرانەی کە ویستیان لەوە قسە بکەن؟ کاک سیروان(سەرتیپ)، کاک ئیبراهیم، بوون کاک سەرتیپ فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە قسەکەی کاک د. ئیدریس کە باسی وشەی (تهجير وترحيل)ی کرد، من پێم وایە هەردوو وشە چ (تهجير) چ (ترحيل) لە زمانی عەرەبیدا ئەو (تاء)ـەی کە پێش وشەکە کەوتووە بەو مانایەیە کە کارەکە لەلایەن خەڵکێکی ترەوە ئەنجام دەدرێ، جا چ وشەکە (تهجير) بێ یان (ترحيل) بێ ئەو ئیشە ئەکات (قصداً أو إجباراً) بەرامبەر بەخەڵکێکی تر، ئەوە یەک.

دووهەم تێبینیم لەسەر ئەو(الاضرار اللاحقة بهم) کاک محەمەد حەسەن باسی کرد (تكبدوا)، زۆر جار ئەو وشەیە بۆ نموونە (تكبدت القوات الفلانية خسائر فادحة) ئەوە زیاتر لە مفهومێکی سەربازیەوە دێت ولەو مفاهیمانەش دێت کە ئەگەر لایەنێک خۆی لە شەڕا واتە خۆی بچێ بە گژ خەڵکێکاو (تكبدت خسائر)، بەڵام ئەمە (الاضرار اللاحقة بهم جراء إجراء قسري).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە لەلایەنی داڕشتنەکەیەوەتی منیش لەگەڵ ئەوەم بۆ؟ هەر ئەبێ بنووسرێ (تعويض عن الاضرار التي لحقت بهم) لە (لاحقة)کە ڕاستترە ئەوەی ڕاستی بێت (لاحقة)کە لەلایەنی زمانەوانی یەوە ڕاست نییە، مامۆستاش لێرەیە نوسراوە (تعويض هؤلاء عن الاضرار التي لحقت بهم) ئەوە ئەم گرفتی (تكبد) ش چارە دەکات، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبـــراهیم مــحـــمــەد ســەعــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

قسـەکەی منیش هەر دووبارە بوونەوەی برادەرانە، باسی ناوی شـارەکـان بوو، (شنگار)ی تێدا نەبوو من هەر ئەوە بوو، بەڵام جەنابت پرسیارێکت پرسیبوو کێ لە دۆنم و کیلۆمەترات دەزانی؟ کیلۆ مەترێکی دوجا (٤٠٠) دۆنمە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کاک کانەبی، ئەوەی مەخمور رووبەرەکەی چەندە؟ ملیۆنێک و سەدو حەفتا هەزار دۆنم چەند کیلۆ مـەتر دەکـات، ئەگەر بیکەینە کلیۆ مـەتر؟ لە راسـتـیدا ئەوەی مـەخـمور زەق و زۆر بـەر چاوە ئەو تێبینیەی کـاک د. رزگاریش وتوویەتی زۆر لە جێگەی خۆیەتی هەندێکیش لە باکووری هێـڵی (٣٦)ی پانییەوەیە، ئەوە برا یەزیدیەکانیشمان دەگرێتەوە، ئێمە ئەوەمان باس نەکردووە، زیادی دەکەین، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز ســـەفـــەر مـــحـــەمـــەد حـــســـێن:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

یاداشتەکە بیرۆکەیەکی زۆر رێکو پێکە. سوپاس بۆ برادەران و بۆ دەستەی سەرۆکایەتی، ئەو رۆژە بەڕاستی کە گفتوگۆی کرد برادەرێک گوتی هەندێ برادەران موزایەدە دەکەن ئەوە مەبەستی من بوو، بەڕاستی وابزانم ئێمە لەو ئاستە بەرزترین کە موزایەدە بکەین.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەمە لە دانیشتنەکەدا نەگوتراوە، بۆیە ئەم بابەتە دەخەینە نێو دانیشتنەکەوە.

**بەڕێز ســـەفـــەر مـــحـــەمـــەد حـــســـێن:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمە موزایەدە لەسەر خۆمان ناکەین، چونکە شتێکی زۆر نەنگە ئێمە موزایەدە لەسەر خۆ بکەین. شتێکی تریش هەیە، هەر بۆ شـتێکی گشـتی کە ئێـمـە ئازاد بین لە بیرو باوەڕ لێرە کە گفـتوگۆ ئەکـەین، دانیـشتن دەکـەین دواتر لە ناو هۆڵ بـێـتـە یاداشـتـنامـە لە دەزگـاکـانی راگـەیاندن بڵاو بکرێتەوە ئەو شـتـەکە پەیوەندی بە جەنابتـان و دەستـەی سـەرۆکـایەتی یەوە هەیە، ئەوەی باشـە دابندرێت بڵاوبکرێتەوە، چ شـتێک باشە بیـخـەینە یاداشتنامـەکە و چ شت باشـە لە دەزگاکـانی راگەیاندن بێنینە خوارێ، ئەوە قۆناغی دووەمە جیاوازە وابزانم لە بۆ دوا رۆژیش بەڕاستی شتی وا

بووه. دەستەی سەرۆکایەتی و لایەنی تر ڕەچاوی ئەو شتە دەکەن کە چ شت بڵاوبێت و بچێتە دەرەوە یان بگاتە هەموو لایەنە بەرپرسەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ملیۆن و سەدو حەفتا هەزار دۆنم ئەکات دوو ملیارو نۆ سەدو بیست و پێنج ملیۆن مەتر دووجا، بەڵام بەکیلۆمەتر دووجا هەر کیلۆمەترێکی دووجا ئەکاتە دووهەزارو نۆسەدو بیست و پێنج کیلۆ مەتر دووجا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە بەلایەنی کەمەوە هێندەی «قەتەر»و «دوبەی» دەبێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵام بە دۆنم لەهەمووی چاکترە، وەبە شێوەیەکی گشتی زەوی کشتوکاڵی بە دۆنم ئەنووسرێ، یەک کیلۆمەتر دووجا ئەکاتە دووهەزارو نۆسەدو بیست و پێنج مەتر چوارگۆشە، واتە نزیکەی سێ هەزار مەتری چوارگۆشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئەوە ئەم خاڵەش تەواو. چەن تێبینیەک زیاد دەکەین ووەکو کاک فرەنسۆش ئەڵێ وێنەیەکی ئەم یاداشتە ئەنێرین بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقی، من لەگەڵیدام، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ڕازی نیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە، بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراقی ئەنێرین، پێیان ئەڵێین کاکە واتان کردووە!.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من ناردنی بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراق، واتا هەر لە پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ ئەوێ، ئەوە هەر بۆ خۆی شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە جێگەی خۆیەتی بیری لێ دەکەینەوە ومەرج نییە بە رەسمی بێ، برادەران زۆر ئەچن بۆ ئەوێ بەدەستی یەکێ دەینێرین سوپاس، کاک مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر محەمەد تاهیر زین العالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئەڵێین بەرچاو خستنێکە بۆ نموونە: مرۆڤ بێگومان زۆر هەجری لەیەک نەبێ ئەوە یەک، و دووەمیش بەڕاستی سکالاکەی ئێمە لەدەستی ئەوانە، واتە حەق وایە (مدعی علیه) بەوە بزانێ کەوا چی بەرامبەر ئەگوترێ، واتە ئەوەی کە ئەو ئەیکات حەق وایە پێشەکی خۆی بزانێ کەوا چییە؟ وە هەڵەکەی لە کوێدایە بەڵکو خۆی لێی بگەڕێتەوە ولەوانەیە خۆی وازی لێ بهێنێ من پێم وایە شتێکی باشە ئەگەر بۆیان رەوانە بکرێ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر چۆنێ بێ ئەگەر بەکەسی نەدەین دەیدەینە کۆمەڵەی دەوڵەتانی عەرەبی (جامعة الدول العربية). پێیان ئەڵێین کاکە تەنها ئەوەیە (مخمور)ە، ئێمە باسی دەکەین، کە پێش (٣) مانگ ئەوەندە بووە. بێگومان ئەوەی کە کراوە سێ جار بەقەدەری بەحرێنە و بێ گومان دوو سێ میرنشینی تریش بخەینە هێشتا سەری کەمە. لە راستیدا زۆرجار ژمارە زۆر باشە، با ئەندامانی پەرلەمان هەمیشە هەوڵ بدەن ئەو شتانە لە مێشکیان جێگیر بێ.

ئێستا ئەوەی بەدەستی ئێمەوەیە هەرێمی کوردستان ئەو جێگەی بابلێین دەکەوێتە سەرەوەی هێڵی(٣٦) ئێستاکە بەقەدەری (٣.٢) دەوڵەتی گچکەیە، لەوانەیە لە سنووری بیست و قسور دەوڵەت لەم جیهاندا هەبێت کە لە کوردستانی ئازاد گچکە تر بن. بەڵام بەداخەوە ئێمە تەقدیری ناکەین کە چیمان هەیە، کە لەوانەیە بەقەدەری (٣.٢) دەوڵەت بێ لەو وڵاتانەی کە ئێستا ئەندامن لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڵام خەڵک دەبێ خۆی تەقدیری بارودۆخ و کێشی خۆی و جێگاو ڕێگای بکات.

ئێستا خەریکی شتێکم لەسەر فیدراڵیەت، لە هند دەڤەری وا هەیە (١٥٠) هەزار کەسن، دەڤەری واش هەیە (٥٠) هەزار کەسن کە چی جۆرێک لە فیدراڵیەتیان هەیە. ئێمەش کە باسی فیدراڵیەت ئەکەین لێرە لەناو خۆماندا کەرتێکی زۆر هەیە بەگوناهی ئەزانێت. وڵاتی ئێستا دەڤەری هەیە لە نێوان حوکمێکی سەربەخۆی زاتی تاکو فیدراڵیان هەیە، خەڵکەکەی (٥٠) هەزار کەس نابن، ئینجا ئەوە لەوانەیە لەبەر لایەنی دینییەکە بێ، هەیە تەنها مەزهەبەکەی جیاوازە، یان زمانی، یان شێوازی دیالێکتی جیاوازە، چونکە هند کۆمەڵێ شێوازو، زمانی زۆری تێدایە،

لەسەر تەنها زمانەکەی دابەش کراوە. ئۆردوگای دارەتو لەوەیە (٥٠ـ٦٠) هەزار کەسی تێدابێ. ئۆردوگای بنەسڵاوە لەوانەیە نزیکەی (٧٠ـ٨٠) هەزار کەسی تێدا بێ، ئەگەر (١٠٠) هەزار کەسی تێدا نەبێ. ئەو تێبینیانە بۆ حاڵەتی وەک ئەوەی ئێمە باشن، پەنابەخوا ئامادەی دەکەین وپاشان پاک نووس وبەپێی توانا تەسەروفی پێوە دەکەین و بەو شێوەیەی کە باسمان کرد.

بێینەوە سەر خاڵی دووەم: باسی ئەو لیژنانەیەمان کرد وتمان لیژنەکان بەیاساکاندا چوونەتەوە پاشان ئەوەی کە بڵاوکرایەوە بەسەرتاندا ئەنجامی کۆکردنەوەو یەکخستن، وجیاکردنەوەیەتی و، وتمان تەماشای بکەن، پرسیارەکەش ئەوەیە کە چی لێ بکەین؟ ئەوە بەنووسراوێ لە دەستەی سەرۆکایەتیەوە رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانی بکەین، یان وەزارەتە تایبەتەکان بۆ ئەوەی لێبکۆڵنەوە، یان بۆ لیژنەکان بێنێتەوە؟!. ئەوە دەبێ ئێمە لەخولی ئایندەدا بیکەینە بەرنامەی کارمانەوە. هەر هەفتەی وەزارەتێ لەو وەزارەتانە بەپێی ئەو پەیرەوە کۆنەی کە هەمان بوو لەسەری برۆین، ئینجا پێمان باش بوو بریارێکی لەسەر بدەن بۆ ئەوەی ئێمەش بزانین لە دەستەی سەرۆکایەتی چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەین و، بێگومان ئەبێ هەڵبگرین بۆ خولی ئاینده و، ئەبێ ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگەدار کەینەوە، هەلێکی باشە دوومانگ بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن، جا پێمان باش بوو ئێوە شتێ بلێن بۆ ئەوەی ئێمەش لەسەری برۆین، باناوەکان بنووسین، کاک ئەحمەد سالار، کاک جەعفەر، کاک شێخ عەفان، کاک محەمەد، د.رزگار، کاک رەجەب. کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی ئەو راپۆرتانە ماوەیەکی زۆری بەسەردا رابردووە رەنگە هەندێ گۆرانکاری لەو شتانەدا کرابێ کە ئاماژەیان بۆ کراوە، رەنگە پێویست بە چاو پێخشاندنێک بکاتەوە. بۆ یە پێشنیار دەکەم ئەگەر لەسەر شێوازەکەی پێشو رۆژانی سێ شەممە یان هەر رۆژێکی دی بۆ بانگکردنی وەزیران تەرخانکرێ، هەر جارە راپۆرتی لیژنەیەک بەرامبەر وەزارەتی پەیوەندار، بۆ ئەوەی لە دەست پێکردنەوەی خولی نوێ وە دەست بەکاربین، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد، فەرموو د.قاسم.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە بۆچوونی من دانەیەک لەو پوختەیە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران رەوانە بکرایە، ئەنجوومەنی

وەزیرانیش بەسەر وەزارەتەکاندا بڵاوی بکاتەوە، تا لەوانەیە ئەو دوومانگە دەڕوات زۆرشت جێبەجێ بکرێ کە لە خولی ئایندەدا دێینەوە دووبارە هەڵی سەنگێنینەوە بزانین چەند جێبەجێ کراوەو چەند جێبەجێ نەکراوە، دواتر دەیخەینە بەرنامەی گفتوگۆی دانیشتنێک و گفتوگۆی دەکەین لەوانەیە بگەینە رای هاوبەش و گرفتەکە چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک د.قاسم، فەرموو کاک شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو سێ تێبینیم لەسەری هەیە، یەکەمین تەمەنی کابینەی سێیەمساڵێکە سەرەڕای ئەو هەموو پێکدادانەی ناحەزان دژی ئەزموونەکەمان، لەبەر ئەوە ماوەکە کەمە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایانە. دووەمین: ئەم بڕیارانە دوو جۆرن من کە قسە ئەکەم زیاتر سەبارەت بە یاساکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێرییەوەیە، جۆرێکی تریان پەیوەندی بە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێرییەوە هەیە، کە ئەمە لەوانەیە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بێ، ناکرێ لەساڵێکدا جێبەجێ بکرێ بۆ نموونە، مادە (٢) برگە (٣) ئێستا (تخطيط الموارد المائية في الأقليم و إنشاء السدود و المشاريع الاروائية و اصطلاح الأراضي و استغلال المياه السطحية و الجوفية) ئەمە زۆر فراوانە ماوەیەکی زۆری ئەوێ، واتە دوو جۆر لەم یاسایە هەیە. ئەمە جۆرێکە لەو یاسایانەی کە کاتی ئەوێ، بەڵام جۆرێکی تریان بڕیار یان یاسایەک کە هاتووە خۆیان داوایان کردووە یان وەزارەتێ یان ئەنجوومەنی وەزیران داوایان کردووە دیارە ئەو بڕیارە یان ئەو یاسایە پێویستییەکی کاتی دیاری کراویان پێ بووە بۆ ئەوەی زوو جێبەجێ بکرێت داوایان کردووە. ئەمە حەقە لەسەری ڕابوەستین، بۆ نموونە هەر لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ(١٠) بڕیاری ژمارە (٤) لە ١٩٩٢/٧/٢٩(تخويل وزارة الري في الأقليم بتشكيل لجنة من القانونيين و الخبراء لاعادة النظر في التشريعات النافذة وإعداد مشاريع القوانين بشأنها) ئەمە وەکو ئەو خاڵانەی تری نییە پێویستی بە توانایەکی زۆر ناکا. دیارە ئەمەش پێویستە بۆیە داوایان کردووە بڕیارێکی تایبەتی بۆ دەرچووە، جا من لەگەڵ ئەوەدام کە ئێمە ئەوە بنێرینەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئەویش بیداتەوە بە وەزارەتەکان، چونکە هەر یاسایەک یان هەر یاسای وەزارەت و ئەوانی تر پڕە لە کۆمەڵێ گرفتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەوێشدا جگە لەوەی کەوا وەزیر یان بریکاری وەزیر دای ئەنێ لیژنەیەک دروست بکەن. ئەو لیژنەی کە لەو وەزارەتەدا دروست دەکرێ لەگەڵ لیژنەی بەرامبەری لە پەرلەمان دا لە پەیوەندی کردن دابن لەکاتی کۆبوونەوەی ئەوانا ئێمە بچین لەگەڵیان دابنیشین بزانین

گیروگرفت و پێویستییەکانیان چییە؟ ئەو کاتە، یان تێکرا راپۆرتێکی هاوبەش دروست کەین، یان ئەگەر نەگەیشتین بە ئەنجامێک ئەو کاتە هەریەک بیدا بە ئەنجوومەنی وەزیران و لە کۆبوونەوەی هەفتانەیاندا بانگ بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک شێخ جەعفەر، کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی سەبارەت بە لیژنەی پەروەردەو فێرکردنەوەیە بە بڕیارێک لەو بڕیارانەی کە وتوومانە جێبەجێ نەکراوە، ئێستا جێبەجێ کرا ئێمە وای بۆ ئەچوین یەک بڕگەی تر جێگیر کراوە، بەڵام ئەو نووسراوەی کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ وەزارەتی دارایی رەوانە کراوە بەگشتییە، هەموویەتی. جگە لەوە بڕیارێک لە بڕیارەکانی کە پەیوەندارە زیاتر بە پەروەردەوە ئەویش زیادەی پەرلەمانە ئەوە ئێمە نووسیومانە، بەڵام لێرە لەسەر وەزارەتی پەروەردە نەنووسراوە، جگە لەوانە ئێمە پێمان باشە ئێستا سەرلەنوێ وەکو یاداشتێک ئاگاداری وەزارەتی پەروەردە بکەینەوە، چونکە هەندێ لەو شتانە ئەوان وای بۆ دەچن جێبەجێیان کردووە، بەڵام نەکراوە! بۆ نموونە ئەو هاتووچۆیەی مامۆستایان کە خۆیان پارەکەی ئەدەن ئەوان حسابیان ئەکەن بەو ماوەیەی کە ئێستا ئێمە ناومان لێناوە مادەی (٢٩) پێی ئەڵێین مادەی (٢٩) لە ١٩٩٣/٥/٢٧(٥٠) دینار بۆ مامۆستایان ئەو پەنجا دینارەی ئێمە سەرفی دەکەین لە هاتوچۆی مامۆستایانەوە، بەڵام بەم شێوەیە نابێت، دەبێ هەموو مامۆستایان ئوەری گرن نەک ئەو مامۆستایانەی کە ئەچنە مصیف صلاح الدین و ئەگەڕێنەوە. جا لەبەر ئەوە حەز دەکەین ئەو روونکردنەوەیە لەوەزارەتی پەروەردەوە بۆمان بێت، بۆ ئەوەی دڵنیابین لە کارەکانی ئەوان تا بزانین چیان کردووە، جگە لە هەیکەلی وەزاری کە وادانراوە ئەوان شتێکیان پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە بۆ گۆڕانکاریەکەی ئەویش بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی تورکمانە بەو واتایەی لە هەیکەلی وەزارەتەکەیاندا نییە، و دوای ئەوە لە بارودۆخێکدا دروست بوو کە شەرعیەت لە هەولێردا نەبوو، بەڵام هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە لەسەری و هەردەم ئیشی خۆیان دەکەن. وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی، ئەڵێ ئێمە داوامان کردووە کە بڕیاری لەسەر بدرێ لە پەرلەمان، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتۆتە پەرلەمان، ئەوە بابەتێکی ترە. جا حەز ئەکەین دیسانەوە ئاگادارێکی وەزارەتی پەروەردە بکرێ بۆ ئەوەی دیسان ئەوانیش ئاگەدارمان بکەن و بۆمان روون بکەنەوە بڵێن ئەو شتانە بەو شێوەیەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک محەمەد حەسەن فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رایەکەی من کاک د.ڕزگار باسی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە سوپاس، کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە یاداشتنامەیەک بدرێت بە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەویش هەر یەکەی با لە ڕێگای خۆیەوە بیدات بە هەموو وەزارەتەکان، ئەگەر قەناعەتیان هات، ئێمە دەیکەینە پرسیارو لە خولی دووەمدا لێی دەکۆڵینەوە و هەروەها لەبەر ئەوەش بووکە بەڕێز کاک شێخ عەفان گوتی، کە یەکێ لەو ماددانە جێبەجێ کراوە دەربارەی زیادەی مووچەی مامۆستایان سەبارەت بە یاسای وەزارەتی پەروەردە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، واتە ئێمە بیکەین بە ڕاپۆرتێک و بیدەین بە ئەنجوومەنی وەزیران، واتا وەکو خۆی بینێرین بۆیان واداوا بکەین کە لێی بکۆڵنەوە و خۆیان ئامادەکەن بۆ خولی ئایندە بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی لەسەر بکەین یان بابزانین چ وەڵامێکیان هەیە بۆمانی بنێرنەوە، ئەوە ناوەڕۆکەکەیەتی. د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم خاڵێکی گرنگ هەمووومان لە بیرمان کردووە ئەویش پەیوەندی بە پەیڕەوەوەیە. تاکو ئێستا حکومەتی هەرێم لە ماوەی کابینەی یەکەم و کابینەی دووەم و کابینەی سێیەمدا پەیڕەوی نییە. من دێتە بیرم هەر لەکاتی خۆی کە یاسای وەزارەتی پەروەردەمان ئامادەکرد، بە ژمارە چوارەمین یاسایە کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند کراوە، هەروەها پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆمان بۆ وەزارەتی پەروەردە ئامادە کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ خۆی ئەنجوومەنی وەزیران پەیڕەوی ناوخۆی نەبوو بۆیە ئەو پەیڕەوە تاکو ئێستا وەکو پرۆژە ماوەتەوە پەسەند نەکراوە بۆیە تکام وایە، ئەوە ڕەچاو بکرێ و

ئەو تێبینیەش بنووسرێ ئەوە پەیوەندی بە هەموو وەزارەتەکان و بە ئەنجوومەنی وەزیرانیشەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەحوکمی ئەوەی یەکێ بووم لەو کەسانەی کە دانرابووم بۆ هەماهەنگی کردنی راپۆرتی لیژنەکانی پەرلەمان، تێبینیەکم هەیە وتم باپێشکەشی برادەرانی بکەم. ئەو راپۆرتە گشتگر نییە، بۆ هەموو ناوەرۆکی قسەی هەموو لیژنەکان. هەندێ شت هەبوو پرسیار بوو کە پێویستە برادەرانیش خۆیان ئامادە بکەن لەماوەی ئەو دوو مانگەدا بیکەنە پرسیار ئامادەی بکەن بۆ خولی داهاتوو، هەروەها هەندێکیش پێشنیار بوو، پێشنیارە دەیانەوێ هەندێ یاسا هەموار بکەن یان هەندێ پرۆژە هەموار بکەن. ئەو دوو مانگە پێم وایە ماوەیەکی باشە بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن کە خولەکە دەستی پێکرد پێشکەشی پەرلەمانی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینییە گرنگانە، ئێستا روونە لاتان. ئەیکەین بە یاداشتنامەیەک و ئەیدەین بە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانیش چ تێبینی و شتێکیان هەبوو یان وەلامان بدەنەوە، یان وەکو وتمان ئێمە ئاماژە بەوە دەکەین کە ئەمە بۆ خولی ئایندەیە و کاتەکەی زۆر دەباو ئێمە حەز دەکەین زوو تەواو بین، چونکە برادەران پێش نیوەڕۆ لەوانەیە بڕۆن، ئەم بابەتەش وابزانم بەم شێوەیەکۆتایی پێدێت. ئەگەر برادەران چ تێبینییەکی تریان هەبێت بە تایبەت ئەوانەی ئەڕۆنەوە با پێمان بڵێن با ئەم بابەتە لێرە دا کۆتایی پێ بێنین، چونکە وابزانم هەندێ شت هێشتا ماوە.

ئەوە ئەمساڵ تەواو، ئەم خولەشە ئەمڕۆ دوارۆژیەتی، دوو مانگمان پشوو لە پێشەو خولی ئایندە پەنا بەیەزدان لە مانگی ئازار دەست پێ دەکات .لەم خولەدا شتی باشمان کردو، بە تەئکید پەرلەمانی کوردستان توانی لە زۆر لەو بوارانەی کە هاتە پێشەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەستێت، گومان لەوە نییە هێشتاکە خەڵک چاوەڕوانی شتی زۆرتر دەکات، ئەرکی ئێمە هێشتا گرانترە. ئەوەی کە پێویستە بکرێت هێشتا زۆر زۆرە وپێمان ئەکرێت، ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان هێشتا بەکارترو هێشتا کاریگەرتربین لە بەرەنگار بوونەوەی ئەم واقیعە تاڵەی کە میللەتەکەمانی تێدا ئەژی. من ناڵێم کەمتەرخەمیمان

کردووه، ڕێزم بۆ هەمووتان هەیە بەڵام لەوەیە هەندێ لە برادەران هیشتاکە وای بۆ بچن کە ئێمە هیچمان پێ ناکرێت یان وای بۆ دەچن بارودۆخەکە بەو شێوەیەیەو ئیتر ئەبێ ئێمە چاوەڕێی ئەو بارودۆخـە بکەین، ئیـتـر چ ئەبێ با ببـێت، من لەو باوەڕەدا نیم ئەمـە بۆچوونێکی ڕاست بێت.

یان زۆر لەبرادەران هەن ئەڵێن ئەگەر فلان بابەت باس بکەین ئەوە کار لە ئەزموونەکەمان دەکات و، ئەگەر فلان بابەت باس بکرێ کار لە فلان کەس دەکات ئەوانە هەمووی لە پیادەکردنی عەمەلیدا ڕاست نین، چونکە مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆشیا گفتوگۆ دەکات، مرۆڤ لەگەڵ (ئەستەغفیر الله)لەگەڵ خوای خۆشیا بیرلە زۆر شت ئەکاتەوە تاکو لەو یاسا ئەزەلیانەی خودای خۆی، کە نێردراونەتە خوارەوە بۆ مرۆڤ ڕای جیا جیا پەیدا بووە، ئەگینا ئەو هەموو مەزاهبەو، ئەو هەموو ڕێگایەو شتە نە ئەبوو، کە لەوانەیە هەر خۆی لە خۆیدا نهێنێکی گەورەیی خوا بێت کە بۆ ئادەمیزاد دایناوە، بۆ ئەوەی ژیان بەرەو پێشەوە ببات:

(جمود) خەسڵەتی مرۆڤ نییە، خەسڵەتی زیندەوەر نییە، تەنها مرۆڤ کە مرد تووشی(جمود) دەبێ، دیسان ئەگەڕێمەوە مردنیش خۆی لە خۆیدا زیندوو بوونەوەیەکی تری لە دووە و هەموومان بڕوامان بەو شتە هەیە. لێتان ناشارینەوە گلەییەکی زۆرمان لەسەرە وەکو پەرلەمان ولە هەموو لایەنێکەوە، لەناو خەڵک لە حزبەکانەوە، تەنانەت لەناو چوارچێوەی حزبی خۆمانیش ئەگەر یەکێک لە ئێمە لە چوارچێوەی حزبێکی دیاریکراو ئیش بکات، لێتان ناشارمەوە لەوانەیە من لە زۆر لە برادەرانی ئەندامانی پەرلەمانەوە گوێم لە گلەیی بووە لە هەندێکیان، بگرە مرۆڤ هەتا لە ناو ماڵ و منداڵی خۆشی تووشی گلەیی دەبێت، بۆ؟ چونکە گیروگرفت زۆرە، خەڵک ڕای بە ئێمە داوە، یاسا مافی بە ئێمە داوە و مومارەسەکردنی ماف ئەرکی سەرشانمانە، بەڵام وابزانم لە چوارچێوەی ئەم واقیعەی کە هەمانە (لایکلف الله نفساً إلا وسعها) ئەوەی کە لەسەر شانمانە ئێمە ئەبێ بیکەین، ئەوەی پێویستە ئێمە ئەبێ بیکەین، ناکرێ ئێمە خۆمانی لێ گێل بکەین.

مەسەلێکی کۆن هەیە ئەڵێن (گوایە ئافرەتێک منداڵێکی بەنازی هەبوو هەر بەنازی کردووە، هەر بەنازی کردووە، هەتا بۆتە دزێکی بەناوبانگ. ڕۆژێک لە ڕۆژان دزییەکی گەورەی کرد گیراو بڕیاری لەسێدارەدانی درا. پێش ئەوەی لەسێدارەی دەن پێیان وت ئاواتت چییە؟ وتی دەمەوێ دایکم ببینم. کە دایکیان بۆ هێنا، داوای لە دایکی کرد گوتی دەمەوێ زمانت ماچ بکەم، کاتێ دایکی زمانی هێنا ماچی کا، بە ددانەکانی زمانی دایکی

بڕی، پرسیاریان لێ کرد هۆی ئەوە چی بوو کە وات لە دایکت کرد؟ وتی ئەگەر ڕۆژی خۆی کە یەکەم دزیم کرد بەو زمانە لۆمەی بکردمایەو، لە دەستی بدامایە منیش قەت تووشی ئەم گیروگرفتە نەدەهاتم. ئێمەش بەش بە حاڵی خۆمان کۆمەڵێ یاساو کۆمەڵێ بڕیارمان هەیە و ئەوە ئەرکی ئێمەیە، کە لە جێبەجێ کردنیان بکۆڵینەوە ئێمە ئەو شتانەی کە بە هەقی ئەزانین و بە ئەرکی ئەزانین. ئەبێ لە چوارچێوەی ئەو مەنتیقەی کە بارودۆخ بوارو یارمەتیمان ئەدات چاو نەپۆشین لە هەندێ شت، لەبەر ئەو بارودۆخەی کە باسم کرد، ئێمە ئەزموونێکی مێژوویمان هەیە، ئێمە دەسەڵاتێکی یاسادانین و بەرامبەرمان دەسەڵاتێکی جێبەجێ کردن هەیە هەر لە خۆمان. بەرامبەرمان دەسەڵاتێکی دادگاییە لە خۆمانە، سێ دەسەڵات لەم وڵاتەدا هەیە هەمووی هی خۆمانە هەر کەم و کوڕیەک کە ئێمە ئەیبینین ئەگەر ئامـاژەی بۆ بکەین، ئەوە بۆ تانە لێدان نییە، نیشانەی بەکەم زانین نییە، بەڵگەی بێ ئەمنیەتی نییە، ئامانجی هەموو لایەکمان وەکو دوێنێش جەختمان لەسەر کرد سەرخستنی ئەم ئەزموونەیە، ئەگەر ئێوە دەنگ نەکەن، ئەی کێ دەنگ بکات؟ . شت هەیە باشترە لێرە باسی بکەین، بیکەین بە بڕیار، ئەوە باشترە لەوەی کە لە ناو شەقام و لە ناو خەڵک پڕوپاگەندەی خراپ ودوژمنانەی لەسەر بکەن و گومان بخاتە ئەزموونەکەمانەوە و ئەزموونەکەمان لاواز بکەن، هەرگیز ناکرێ هەموو ڕەخنەیەکیش وای بۆ بچین کە ڕووخێنەرە(هەدام) ە، وابزانم ڕەخنەی ڕووخێنەر یاخود بڕیاری خراپیش کەس قەبووڵی ناکات بەتایبەتی ئێوە کە هەست  بە بەرپرسیاریەتی خۆتان دەکەن. وەکو گوتم تەنها ئەرکی ئێمە ئەوەیە، کە خزمەتی خەڵک بکەین، ئەو خەڵکەی کە دەنگی بە ئێمە داوە بۆ ئەمە دەنگی بە ئێمە داوە.

بۆیە من هیوادارم لە دوو مانگی داهاتوودا بیر لە زۆر شت بکەنەوە، بە گوڕو تینێکی ترەوە خۆتان ئامادە بکەن بۆ خولی ئایندە، ئێمە ئەتوانین لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا پێکەوە زۆر شتی باشتریش بکەین، ئێمە ئەتوانین لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری خۆماندا کە دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە زۆر شتی باشتر بکەین، لە ڕاستیدا ئامانجیشمان هەر ئەوەیە کە ئەم ئەزموونە پرشنگدارتر بکەین، ئەم ئەزموونە بەهێز تر بکەین،  هەموو جارێکیش دووپاتی ئەکەمەوە کە ئەم ئەزموونە سامانی ئەم چەند کەسە نییە بە تەنها، بەڵکو ئەمە سامانی گەلی کوردە، ئەمە ئەمێنێتەوە.

زۆر جار من دووبارەم کردۆتەوە، کۆماری مەهابادی ئێمە تەمەنی(١١) مانگ بوو بە دەها

کتێب و لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا، خۆمان یەکێکین لەوانەی کە لەوکورەیە هەمیشە خۆمان و نەوەکانمانیشی پێی گەرم ئەکەینەوە. ئێمەش ئەوە ساڵی شەشەمینیش لە تەمەنی ئەم ئەزموونە تەواو دەکەین، شەش، حەوت ساڵ زۆرە، دەستکەوتێکی گەورەیە، ئەزموونێکی دەوڵەمەندە، دیسان دووبارەی ئەکەمەوە ئێمە شتێکی گەورەمان لە ئەستۆ دایە، بەڵام باوەڕ بکەن هێشتاکە ئێمە وەکو کورد ڕێزی ئەوە ناگرین، ئەوەی لەبەر دەستماندایە بە قەدەر(دەیان) وڵاتی گچکە گچکە دەبێ، چ لە رووی نفوسەوە، چ لە رووی رووبەرەوە، چ لە ئیستراتیجی بارەکەوە، خەڵکیش ئەگەر خۆی ئیش بۆ خۆی نەکا دڵنیابن دونیاش کۆبێتەوە نابێ بەهیچ، دونیاش کۆبێتەوە، نایکەن بە هیچ، خوا خۆی فەرموویەتی: (حەرەکەت لە تۆ بەرەکەت لە من)، ئەگەر ئێمە جوڵە نەکەین خۆ بەموعجیزە هەندێ شتمان بۆ دروست ناکات، ئەوە تەمەڵی خۆمانە، ئەوە ساردی خۆمانە، کە دووبارە ئەبێتە مایەی تێکچوون ولە ناوچوونی بەری خەباتی چەند ساڵەمان، ئەگەر خوانەخواستە ئەم ئەزموونە بوو چ بێت و نەگات بەو ئاکامەی کە گەلی کورد چاوی تێ بڕیوە.

إنشاالله خولی ئایندەی بێتەوە، ئەبێتە خولێکی جیددی وخولێکی ئیش، بۆ؟ چونکە ئەبێ ئێمە وا بیر بکەینەوە ئەمە دوا خولی ئێمەیە، خوا ئەزانێ درێژی دەکەینەوە یان نا، هەڵبژاردن ئەبێ یان هەڵبژاردن نابێ! لە راستیدا دەبێ وا بیر بکەینەوە کە ئەوەی لە پێشماندا ماوەتەوە هەتا وەکو ئەو رۆژەی بڕیارێک ئەدەن بۆ درێژ کردنەوەی ئەم خولە ئێمە یەک خولمان ماوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئیشمان زۆر ماوە، شتمان زۆر ماوە، ئەرکی گەورەمان زۆر ماوە، کە بیکەین، بۆیە هیوادارم بۆ خولی ئاینده خۆتان ئامادە بکەن، وپێداچوونەوەش باشە بۆ مرۆڤ ئەگەر بە خۆیدا بچێتەوە. بەڵام زۆر پێویستە ئێمە لە خۆمانەوە دەستی پێ بکەین، ئەگەر رەخنەیەکیشمان هەبێ پێویستە مرۆڤ لە خۆیەوە دەست پێ بکا، ئێمە وای بۆ دەچین هێشتا ئەتوانین زۆر شتی باشترو نایاب تر بکەین، دیسان دووپاتی دەکەمەوە: ئەو بارەی ئێمە لەسەری ئەدوێین، هەموو ئامانجەکەی بۆ بەهێزکردنی ئەم ئەزموونەیە، دەستێکیش ئەگەر شەرع بیبڕێ خوێنی نییە، رەخنەیەکیش ئەگەر شەرعی بوو هیچ گلەیی لەسەر نییە.

بۆ لیژنەکانی پەرلەمان، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی چەند جار ئاماژەمان پێکردووە گلەییمان زۆر لە لیژنەکانی پەرلەمان هەیە، زۆر لەو لیژنانە بەڕاستی بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵناستن، بە سەدەها پێشێلکاری ئەبینن وچاویان لێپۆشیوە، کە بەشێکی لەوەیە

لای ئێمـه شەوە دیار بێ کـە چییـە، وبەشێکی لەوەیە ئێمـە لەبەر چاوی بگرین لەوانەیە بارودۆخەکە تەحەمولی نەکا، بەڵام بەشێکی زۆریش وەک ئەرکێکی سەرشانی ئەو لیژنانەیە کە بیکەن، ئەندامی لیـژنە، بەرپرسیـاری ئەو لیـژنەیە ئەگەر لە لیـژنەیەکی دیـاریکراودا ئەو ئیشـەی پێ ناکرێ و ناتوانێ بچێتە ناو ئەو گۆرەپانەوە با رێگا بکاتەوە بۆ برادەرێکی تر، بۆ ئەندامـێکی تر کـە ئەو هەسـتـەی هەیە، ئەو توانـایەی هەیە، ئەو وزەیەی هەیە بـا ئەو ئیشەکە بکات.

لە راستـیـدا رەوا نییـە ئێمـە لە بارودۆخی ئەمـڕۆی کوردستـاندا پێشـێلکاریەکی یەکجـار یەکجـار زەق ببـینین ولیـژنەی تایبـەتمەند لێی کـرپێت و دەنگ ناکـات، کـە پێشی ئەڵێی، ئاماژەشی بۆ ئەکەی هێشتاکە خۆی لێ دوورە پەرێز دەگرێ، هەم بۆ خۆی هەم بۆ لیژنەکە، لە راستـیـدا ئـەم بابەتانە زۆر زۆر گـرنگن بۆ ئێـمـە، من داخـوازی لە ئەندامـانی لیـژنەکـانی پەرلەمـان بەتایبـەتی دەکـەم کە زۆربەتان ئەگەر هەمـووشتـان نەبن، ئەندامن لە لیژنـەکاندا، وەکـو لیـژنە لە یەکـەم کـۆبوونەوەی خـۆتان پێداچوونەوەیەکی خـۆتان بکەن تا بزانن چیـتـان کردووە.

هەندێ لیژنە هەیە جێگەی رێزە ئێمە شەرمەزارین بەرامبەریان ئەوەندە خۆیان مـاندو ئەکەن، ئەوەندە شـتـمان بـۆ ئەکەن، بەڕاستـی نابێ بە یەک چاو سەیری هەمووليـژنەکان بکرێ، وەکـو لیژنە نابێ دابنیـشن تا بزانن واقیعـەکەی، ئەو مەیدانەی کە ئەو لێی بەرپرسیـارە خـۆی چی لێ دێت، بەڵکو دەبێ بگەرێ وبزانـێ پێـشـکەش کـردووە، وکـەمـتـەرخـەمی لە کـوێدایە؟ دابنیشن ئەو کەمتەرخەمیانەی هەیە بۆمان چارەسەر بکەن، ئەگەر پێیان چارە ناکرێ، ئێمە وەکـو سەرۆکـایەتی ناچار ئەبین بێـینە نـاو بابەتەکەوە، چونکە یاسـا مـافی بە ئێـمـە داوە، یەکـێک لە ئەرکـی سـەرۆکـایەتی ئەوەیە کـە چاودێری جێـبـەجێ کـردنی پەیڕەوی نـاوخـۆ و یاسـاکـان بکـا، ئێمە بەش بەحاڵی خۆمـان بەقەدەری ئەوەی کە بـارودۆخ یارمەتیـمان بدات، ئێـمە ئیـشی خـۆمـان ئەکەین، وهیـوادارم ئەمەش خـاڵێکی سەرەکی بێت و، من حەز ئەکەم لێـرەدا تەئکیـد بکەم نە لەسـەرۆکـایەتیـەوە، نە لە هیـچ کـەسـەوە هیچ لیـژنەیەک بەزۆر دانەنـدراوە، هیـچ سـەرۆک لیـژنەیەک بەزۆر دانەندراوە، هیچ ئەندام لیـژنەیەکـیش بەزۆر دانەندراوە، هیـچ دەسـتـەیەکی سـەرۆکـایەتی لیـژنەیەکـیش بەزۆر دانەندراوە، پێـرەو ئەڵێت دەبێ ئێـمـە لە هۆڵـی پەرلەمـان بە هەڵبـژاردن ئەو کـەسانە دابنێین، ئێـمـە ئەو کـەسـەی خـۆی دەپالێـوی ناوەکـان پێـشـکەش ئەکـەین پاش پێـشـکەش کـردنی ناوەکـان دەنگدانی لەسـەر

ئەکرێ، ئەگەر کەسێکی تریش هەبێ خۆی بپاڵێوێ بۆ ئەو لیژنانە ئازادن، پاش ئەوەی کە بە دەنگدان جێگیر دەبێ، ئەو لیژنەیە لە نێوان خۆیاندا دائەنیشن سەرۆک بۆ خۆیان دیاری دەکەن، جێگر بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن. هەروەها بڕیاردەریش بە هەڵبژاردنێکی ئاسایی ئەوانە هەڵدەبژێرن، بۆیە حەز ئەکەم ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن ئەوە کاک شێروان لێرەیە وکاک(فەرسەت)یش پێش ئێستاکە لێرە بوو و، ئاگادارن هەموومان دوور یان نزیک هەر لە بنەڕەتەوە ئاماژەمان بەوە نەکردووە کە ئەم کارە بە شێوەیەکی تر ئەنجام بدرێ، من بەش بەحاڵی خۆم لەوە زۆر زۆر توندم لەگەڵ خۆمدا، چونکە یاسا، ئەبێ مرۆڤ پێش وەخت تەماشای ئەو بارە بکا، بۆیە حەز ناکەم هیچ ئەندامێکی لیژنە وابیر بکاتەوە کە ئەوانە سەپێندراون، یان سەرۆکی لیژنە سەپێندراوە یان جێگرەکەی سەپێندراوە، یان بڕیاردەری سەپێندراوە، نەخێر، هەر لیژنەیەک وەکو گوتم دەبێ پاش ئەوەی جێگیر ئەکرێن لەنێوان خۆیاندا هەڵبژاردنی خۆیان ئەکەن. وەتەنها ئێمە یەک تێبینیمان هەبووە، و ئەوە زۆر گفتوگۆمان لەسەر کردووە لەگەڵ برا یاساییەکانیش، لەبەر زۆری ژمارەی خۆمان، ئێمە داوامان کردووە سەرۆک وجێگرو بڕیاردەری لیژنە دووپات نەبێتەوە لە دوو لیژنەی هەمیشەییدا، چونکە پێی ناکرێ، من لە هیچ پەرلەمانێکی جیهان نەم بینیوە ئەندامێکی پەرلەمان سەرۆکی دوو لیژنە بێت، یان بڕیاردەری دوو لیژنە بێت، یان جێگری دوو لیژنە بێت، ئەمە وەکو بڵێین، یا وەکو یاساییەکان ئەڵێن دەرئەنجامە(تحصيل حاصل) ـە چونکە وەکو دەبینرێ، لەوانەیە بەقسە پێی بکرێ بەڵام بەکردەوە ئەوە نابێت، باشە گریمان لە یەک کاتدا پێویست بوو هەر دوو لیژنەکە کۆ ببێتەوە و ئەو سەرۆکی هەردوو لیژنەکەیە، ئایا ئەو کاتە چۆن بڕیاری خۆی ئەدا؟ لەکوێ دائەنیشێ؟ لەگەڵ کێ دابنیشێ؟ بۆیە ئێمە لە سەرۆکایەتی تەنها ئەو تێبینیەمان هەبوو، لەلایەن هەموو ئەندامانی پەرلەمانیشەوە پەسەند کرا. بۆ لیژنەکان، خولی داهاتوو بە تەئکید ئێمە هەموو خولێک پێداچوونەوەیەک ئەکەین لەسەر ئەم بابەتە ولەسەر پێشنیارەکانی ئەندامان و چ پێویست بێت ئێمە ئەوە ئەکەین، لیژنەکانی پەرلەمانیش لەخولی ئایندەدا ئەو لیژنەیەی دەیەوێ ئاڵوگۆڕ بکا ئازادە، ئەوەی دەیەوێ هەڵبژاردنی خۆی بکا ئازادە، ئەوەی دەیەوێ بەرپرسیاریەتی خۆی بکا ئازادە، هیوادارم کەس وا بیر نەکاتەوە، دیسان ئەوە دووپات دەکەمەوە کە نابێ کەس وا بۆی بچێت کە شتەکە سەپێندراوە، ئێمە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە ئامادەین بڵێین ئێوە خۆتان سەپاندووتانە، وە ئەگەر دیاردەیەکی وا هەبووە لە لیژنەیەکی

دیاریکراودا حەز ئەکەین پێمان بڵێن کێیە ئەوەی سەپاندوویەتی؟ ئێمە بەڕاستی لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی پابەندین بە جێبەجێ کردنی پەیڕەوی ناوخۆوە، پەیڕەوی ناوخۆ سەپاندنی تێدا نییە، بەڵام لەوانەیە ڕێکخستن هەبێ وهەر لیستەیەکی پەرلەمانیش بۆی هەیە ئەندامانی خۆی دابەش بکا بەسەر لیژنەکاندا، ئەم ئەندامە بۆ ئەوێ باشە، ئەو بۆ ئەوێ باشە ئەمە بابەتێکی ترە، بەدەرە لە دەسەڵاتی ئێمە.

ئێمە بۆ ئەم یاداشتنامەیە چەند برادەریان دەستنیشان کرد بۆ ئەوە ڕۆژێک دیاری بکەن سەردانی ئەو لایەنانە بکەن، وابزانم ناوەکانمان لا هەیە، لەوانەیە سێ چوار برادەر راسپێرین بۆ بردنی ئەم یاداشتنامەیە بۆ ئەو لایەنانە، دوایی ئێمە لەگەڵ برادەران باسی دەکەین، وابزانم خاڵەکانی دەستەی سەرۆکایەتی لێرە تەواو بوو، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز ئەکەم مۆڵەتمان بدەن ئێمەش وەکو ئەندامانی پەرلەمان، پیرۆزبایی ساڵی تازەو ڕەمەزانیش لە دەستەی سەرۆکایەتی و لە برادەران بکەین، ئەو خولەش بەجێ دەهێڵین هەندێ شت هەیە حەز ئەکەم بوارم بدەن.

باوەڕ ناکەم ئەندامانی پەرلەمان کەسیان گومانیان لە سوور بوونی جەنابت لەماوەی ئەم چەند ساڵە هەبێ، بەڵام حەز ئەکەم مرۆڤ دڵخۆش بێت بەم ماوە کەمە. لەماوەی ئەم ساڵەدا شتی کەم نەکراوە بەڕاستی ئەگەر مرۆڤ سەیر بکا پرۆتۆکۆڵەکان چاپ دەکرێ ودابەش دەکرێ بەسەر ئەندامەکان، بڵاو ئەبێتەوە وەکو کەلتوورێکی پەرلەمانی بەڕاستی ئەمە شتێکی مایەی دڵخۆشکەرە.

سەبارەت بە لیژنەکانیش جەنابت زۆر بە ڕێک وپێکی بۆی دوایت وفەرمووت، بەڵام بەڕاستی هەر کەسێک لەو لیژنانە بەپێی ئەوەی کە جەنابت دیارت کرد، خۆی لە لیژنە باشەکە ئەژمێرێ، ئومێد ئەکەین لەمەودوا ئەگەر شتێکی تریش لەوە پێش نەکرابێ لەمەودوا باشتر بکرێ، هەروەها داوا ئەکەین کە تەبایی نێوان پەرلەمان وئەنجوومەنی وەزیراندا لە پێشو زیاتر بێ، بۆ ئەوەی کارەکان باشتر بڕوا، بەڕاستی مرۆڤ ناتوانێ بەبێ (تملق) ئەوەی کە کراوە لەم ماوە یەدا پێم وایە شتی باش کراوە. پەرلەمان دەوری خۆی باش بینیوە لەو پرۆژانەی کە لەوەو پێش باس کراوە، پێم وایە پەرلەمان دەریخست کەوا ئازادی خۆی هەیە، لە ڕا دەربڕین ئازادە، قسە کردن ئازادە، بۆ بەرژەوەندی دوا ڕۆژی خۆی بۆ مێژووی خۆی، پێم وایە هیچ ئەندامێک درێغی لەوە نەکردووە.

سەبارەت بەم ڕاپۆرتە ئەمە پاشماوەی جێبەجێ نەکردنی کابینەی سێیەم نییە بە تەنها بەڵکو

هەندێک لەم شتانە لە کۆنەوە جێبەجێ نەکراوە لەکاتی کابینەی یەکەم ودووەمەوە جێماوە، ئێستا لەم کاتەدا ئێمە داوا بکەین، بەڵام هەندێک شت هەیە جەنابی کاک شێخ عەفان هێمای بۆکرد هەندێک گۆڕانکاری بووە لەم بارەوە، ئێستا بۆ نموونە ئەگەر چاوپێخشاندنێک بەوەی خوێندنی باڵا بکرێ بە هەندێک خاڵ لەوانەیە هەڵبوەشێتەوە (مسح) بکرێ پێشکەش نەکرێ، چونکە شتەکە باوی نەماوە بۆ ئەوەی باس بکرێ. داوای ئێمە لە ئێوە ئەوەیە کە ئەو یاداشتنامەی کە ئەدرێ ئەو شتانەی جێبەجێ نەکراون ئاماژەیان پێ بدرێ لە یاداشتنامەکەدا لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریەی کە تێدا کراوە، ئەوەی کە ماوەتەوە چاوی پێ بخشێنرێ خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا إنشاالله باشتر جێبەجێ بکرێ. داوای سەرکەوتن دەکەین بۆ جەنابتان و بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێم إنشاالله تەبایی زیاتر دەبێ لەنێوان هەردوو دەزگایەکەدا بۆ خزمەت کردنی ئەم گەل و ئەم وڵاتە، إنشاالله لە دونیاش بەروویەکی سوور ئەژین، کاتێکیش کە مردین خوا زۆر تۆژینەوەمان لەگەڵ نەکا لێمان ببوورێ و بەشێک لە عێراقمان بداتێ ئەگەر بە هەشتیشمان نەداتێ، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا مەلا تاهیر. فەرموو کاک عەبدولخالق.

**عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوا ئەو خولەش تەواو دەکەین، بە تەمەنێکی درێژ بۆ گشت لایەک، وە ئومێدەوارم پەرلەمانەکەمان وەک چۆن هەتاکو ئێستا ڕۆیشتووە هەر نەبێ پەرلەمانێکی دیموکراتی بێ لە هۆڵەکە.

هەست ئەکەم لەم ماوەیەی رابردوو نەختێک هەوڵدان هەیە بۆ کەم کردنەوەی پەیڕەو کردنی ئازادی لەناو هۆڵی پەرلەمان، بە(مصطلحات)ێک کە ئەوە مەزاتەو ئەوە گومان کردنە ئەوە زیاد لە هەقەو، لەگەڵ ڕێزمدا هەر پەرلەمانتارێک مافی هەیە ئەو ڕایە بدات، من پێم خۆشە وەک چۆن هۆڵەکەمان لە یەکەم ڕۆژەوە لە سایەی سەرۆکی پەرلەمان وئەندامانی پەرلەمانەوە هۆڵێکی دیموکراتی بووە هەرواش بمێنێ، وە مافی هەر مرۆڤێک کە حەصانەتی هەیە ئەو ڕایانە بدا زۆر بەڕاستی و بە جەسارەت (جرأة) وە گشتیش بۆ بەرژەوەندی گشتییە، وەک چۆن جەنابت لە قسەکانت دا زۆر بە وردی ئاماژەت پێ کرد ئەوە یەک.

تێبینی دووەم: بەڕاستی دەبێ پەرلەمان زیاتر دەوری کاریگەری هەبێ بۆ چاودێری وبەدواداچوونەوەی زۆر شت، بۆ نموونە یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی پەرلەمان ئەوەیە وەزیرێک

شەش مانگ وەزارەتی بەجێ بهێڵێ، هەق نییە پەرلەمان پرسیار بکا بۆ چی؟ ئەم شتانە بەڕای من مافێکی سروشتی پەرلەمانە، چاودێری پەرلەمان بۆ ئیش وکاری ئەنجوومەنی وەزیران وبۆ وەزارەتەکان ئەرکێکی سەرەکیە، لەبەر ئەوە هیچ وەزیرێک، یان هیچ برادەرێک نابێ دلگیر بێ ئەگەر دوو قسە بکرێ بە دلی نەبوو.

سێیەم: کێشەی لیژنەکان، بەڕای من وەکو وتت بەڕاستی دەبێ دەوری زیاتری هەبێ لە ئیش وکارو بەدواداچووندا، خۆم لە دوو لیژنەدام لە هەردوو لیژنەکە هەڵبژاردن نەبووە، هەردوو لیژنەکە واتە لیژنەی رۆشنبیری ولیژنەی پەیوەندییەکان هەتا وەکو ئێستا تەنها لە یەکەم خولی پەرلەمان کردمان ئەویش لەسەر ئەو ئەساسە کرا ئەگەر وەزیر پارتی بوو ئەبێ سەرۆکی لیژنەکە یەکێتی بێ وە بەپێچەوانەوە، ئەوەش سیستەمێکی هەڵە بوو وە ئێستاش سەبارەت بە خۆم لە دوو لیژنەم لە یەکەم رۆژەوە هەر لەم دوو لیژنەیەدام، زیادم نەکردووە بۆ هیچ لیژنەیەکی تر نەڕۆیشتوومە بەداخەوە، ئەوە پێنج ساڵە من نەم دیوە هەڵبژاردن بکرێ، نە بۆ سەرۆک لیژنە، نە بۆ جێگرەکەی نە بۆ بڕیاردەر گشتیان بە دامەزراندن بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا پرسیارەکەی ئێمە لە جەنابت ئەوەیە، کێ دایمەزراندووە کاک عەبدولخالق؟ ئێوە. بەڕاستی من ئەو رۆژەش باسم کرد، ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان لە سەرۆکایەتی پشت دەبەستین بەو لیستەی کە لە لیژنەکانەوە بۆمان دێتەوە، کە لە لیژنە دێ بۆ ئێمە دەڵێ فلان سەرۆکەو ئێستا مسوودەکەشمان لایە بە ئیمزاوە، بەڵام ئەگەر لە لیژنەیەک یان دوو لیژنە نەکراوە، ئەبوایە جارێ پێش هەموو شت جەنابت قبووڵت نەکردبایە، چونکە پەیڕەوی ناوخۆ ئەڵێ بە هەڵبژاردنە، ئەکرا بڵێین نارازین ئێمە دەمانەوێ بە هەڵبژاردن بێ، زۆر جار دەبێ دوو سێ برا رێک دەکەون دەڵێین با فلان ببێ بە سەرۆک، زۆر جار شتی وا دەبێت لە لیژنەیەک حەوت یان پێنج کەسن رێک دەکەون ئەوەش خۆی لەخۆیدا جۆرە هەڵبژاردنێکە، بەڵام ئەگەر جەنابت وا بۆی دەچی کە ئەوە نابێ، ئەوە بەڕای من لە خولی داهاتودا هەموو لیژنەکان با بە هەڵبژاردن بکرێن، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ئەنجوومەن دێین سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی لیژنەکان ئەکەین، فەرموو کاک ئەحمەد.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وابزانم پێش پتر لە دوو مانگ لەسەر فەرموودەی بەڕێز شێروان حەیدەری سکرتێری ئەنجوومەن، بۆ ئەوەی لە لیژنەکان هەندێ بۆشایی هەبوو داوا کرا لە هەندێ برادەر بۆ پڕ کردنەوەی وەبۆ ئاڵوگۆڕ کردن، ئەوە بوو نووسراوێکمان بڵاو کردەوە ئەو رایەمان گەیاندە هەموو برادەرەکان کە

کێ نارەزایی هەیە و ئەیەوێ گۆڕانکاری بکا کۆببنەوەو ئاگادارمان بکەنەوە لە ئاکامەکەی بەتایبەتی بەلایەنی ئەو لێپرسراوییەوە لە لیژنەکان، ئەوە بوو یەک دوو لیژنە رایان داو رایەکانمان ناردەوە بۆ جەنابی سکرتێرو، ئەوانەی کە بێ دەنگ بوون واتە رازی بوون، تەنها ئەوەندەم هەبوو، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئێمە لە خولی ئایندەدا بە تەئکید ئەو خاڵە پێش چاو ئەخەین و بەپێی پەیرەوی ناوخۆ هەڵسوکەوت ئەکەین، ئەگەر کەم وکوڕیەکیش هەبوو لە هەندێ لیژنە من دیسان ئەگەڕێمەوە و زیاتر ئەیخەمە سەر ئەستۆی ئەندامانی ئەو لیژنەیە خۆیەوە، چونکە پەیرەوی ناوخۆ روونە، کە تۆ داوای جێبەجێ کردنی یاسا ئەکەی، ئەوە یاسایە بەڕاستی، ئەگەر کۆمەڵێک برادەر حەز ئەکەن لیژنە بە هەڵبژاردن بکرێت، إنشاالله خولی ئایندە ئێمە پێش وەخت ئەم بابەتە چارە ئەکەین و دووبارە لیژنەکان بەسەر دەکەینەوە، فەرموو کاکە شێخ.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای لێبووردن دەکەم، من باسی هەڵبژاردنی لیژنەکان دەکەم، من لە دوو لیژنەدام هەردوو لیژنەکان بە هەڵبژاردن بوون، کاروباری پێشمەرگە سەرۆک وجێگرو بریاردەری لیژنەکە بە هەڵبژاردن بوو، هەروەهاش لە لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێریدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەرێک لە لیژنەیەکی ترە ئەڵێ ئەمە لەوێ بووەو، ئەگەر کەم وکوڕیش نەبێت گفتوگۆ ناکرێ، دیارە لە هەندێ لیژنەدا هەڵبژاردن بووە، هەندێ لیژنە لەنێوان خۆیاندا رێک کەوتوون، بۆ جێگیر کردنی لیژنەکان ئەم جارە ئێمە بە تەئکید پێدا ئەچینەوە، دووبارە دووپاتی دەکەمەوە هەر لیژنەیەک وا بۆی دەچێ هەڵبژاردن نەبووە ئاگادارمان بکاتەوە ئێمە خۆمان وەکو سەرۆکایەتی دێین سەرپەرشتی ئەو هەڵبژاردنە دەکەین و دائەنیشین لەگەڵیاندا و، هیچ کێشەیەکیش نابێت لەسەر ئەم بابەتە روو بدات ئێمە ئەمانەوێ لیژنەکان چالاکتر ئیشی خۆیان بکەن.

ئەم خولە کۆتایی پێ هات وەکو گوتمان، داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین، ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە سوپاسی ماندوو بوونتان ئەکەین بە گشتی و، شتی باشمان کرد وەکو لەسەرەتاوە باسم کرد و، جێگەی دەستتان بە تەئکید دیارە، بە ئومێدی ئەوەین کە ئەم خولەی بێتەوە هێشتا چالاکترو باشتر ئێمە روو بەڕووی رووداوەکان ببینەوە و لە ئیش وکارەکانماندا سەرکەوتوو بین، حەز ئەکەم ئەمە لەیادی هەمووومان بێ هەردەم، ئێوە یەکەم پەرلەمانی هەڵبژاردەی کوردستانن، لە بیر

نەکەن ئەم راستییە، ئەمە خۆی لەخۆیدا بەڕاستی شەرەفێکی یەکجار یەکجار گەورەیە کە بەئێوە بەخشراوە، ئەمە بەرپرسیاریەتی تایبەتمەندی خۆشی هەیە، هەرچی بکەن لێرە ئەبێتە رابردوویەکی یاسایی، رابردوویەکی پەرلەمانتاری، لەوانەیە دوارۆژ خەڵکی تر بێن ولەجێگای ئێمەدا.

إنشاالله ئەم ئەزموونە هەتاکو ماوە بەردەوام بۆ پێشەوەتر ئەچێ وگەورەتر ئەبێتەوە، بەڵام ئێوە وابیر بکەنەوە هەر شتێک ئەکەن رابردوویەک جێگیر ئەکەن، خەڵکێکی تر دوای ئێمە دێن، بۆ ئەوەی خەڵکێکی تر کە هات بەیانی دووبەیانی، دوای ئێمە هەر هیچ نەبێ بە چاوێکی رەزامەندییەوە سەیری ئیشەکانی ئێمە بکەن، نەڵێن نەیانزانیوە، نەیان کردووە، با بۆ ئەوەیان کرد؟ ئێمە بەردی بناغەی سیستەمێکی پەرلەمانیی ئەم میللەتەین وەکو گوتم شەش ساڵ زۆرە و، إنشاالله وا پێ ئەخەینە ساڵی حەوتەمی ئەم ئەزموونەوە، جارێکی تریش سوپاستان ئەکەین و رەمەزانتان پیرۆز هیواداریین پشوودانێکی خۆش بەسەر ببەن خوا هاوکاری هەمووماں بێت و بەیەکتر شاد ئەبینەوە إنشاالله.

دانیشتنەکەمان و، خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٧یشمان لێرەدا کۆتایی، تا سەرەتای خولی ئایندە بەخواتان دەسپێرین و هەر سەرکەوتووبن لە خزمەت کردنی گەل و وڵاتدا.

**شێروان ناسح عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**